16

# رۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری رۆژنامەنووسی

# 111

1898/4/22

- یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان.
- دەستپێشخەری ئاکاری رۆژنامەنووسیی راستیتان پێ دەڵێ.

# دەستپێشخەری ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی*

◢ **فەرهاد عەونی**

لەژێـر چەتری فیدراسـیۆنی ڕۆژنامەنووسـانی نێودەوڵەتـی (IFj)دا ١٢٢ سـەندیکا و ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی جۆراوجۆری وڵاتانی سەرتاسەری جیهان کۆبوونەتەوە کە ژمارەی ئەندامەکانی بە شەش سەد هەزار ڕۆژنامەنووسە، لە ڕۆژانی٨ - ٢٠٠٩/٢/٩، لەشاری (**دوبەی**) کۆنگرەیەکی بەرفراوانی ئەنجام دا تێیدا سـەرجەم سـەندیکا و یەکیەتی و کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسـانی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و جیهانـی عەرەبی و ئێران بەشـدارییان تێداکرد کە تایبەت بوو بەو دەستپێشـخەرییەی کە پار لە شـاری (**کازابلانکا**)ی مەغریب بانگەشـەی بۆ کرابوو و ماوەی چەند مانگێک دواتریشـی بۆ گفتوگـۆ و دەوڵەمەندکردنی ئەو دەستپێشـخەرییە تەرخان کردبوو کە لەبنەڕەتدا بەمەبەسـتی هێنانە کایەوە و دروسـتکردنی بناغەیەکی بەهێز و پتەو بۆ کاری ڕۆژنامەنووسـی لەو وڵاتانەی کە هەمیشە کێشـەی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی تیا یەکلا نەبووەتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش ململانییەکی بەرچاو لەئارادایە کە تێیدا ڕۆژنامەنووسـان و ئازادی ڕۆژنامەنووسـیی چەندین لەمپەر و ئاستەنگیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە لەئاکامدا ناتواندرێ پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنوسان ڕابگەیندرێ کە دیسان لە هەندێ لایەنی مەسـەلەکەدا هەندێ لە ڕۆژنامەنوسـانیش پشکی بەرپرسـیارەتییان بەردەکەوێ کە لەئەنجامدا (**دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی**) چارەسەرێکی گونجاوە بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بواری ڕۆژنامەنوسی (**کە دەقەکەی لە ل** (٢٨-٥٠)ی **ئەم ژمارەیەدا دەخوێننەوە**).

ئەمسـاڵ لە ٢٢ نیسـاندا (١١٠) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی تێدەپەڕی ماوەی ڕابوردوش تەنها قۆناغی پاش ڕاپەڕینی بەهاری سـاڵی ١٩٩١ نەبێت کاری ڕۆژنامەنووس بەم شـێوە بەرفراوانـە و لـە کـەش و هەوایەکـی ئازادیدا نەژیاوە بەڵام دیسـان سـەرەڕای ئەو شۆڕشـەی کە لەبواری ئەم کارە هاتۆتە کایەوە لە کوردستانیش ڕوبەڕووی هەندێ کێشە بووینەتەوە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسـان هەمیشـە خەریکی بەیاسـاکردنی ئـەم بوارەیە بەشـێوەیەک کە هەمـوو لایەکمان، دەسـەڵاتی سیاسـی و ڕۆژنامەنووسان و لایەنە سیاسییەکان، ڕێز لە یاسا و ڕێسای ئەم بوارە بگرین کە هۆکاری چەسـپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسـی و دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووسـان و ڕێزگرتنی کۆمەڵگا و ئەزموونی گەلی کوردستانە کە هەر هەمووومان لە پێناویدا، کەم یا زۆر، هەوڵی بەرەوپێش بردنی دەدەین کە تێیدا میقداد مەدحەت بەدرخانی بەهەشـتی پێشـەنگی ئەو پرۆژە نەتەوەییە بوو کە ئێمە ئێستاکە لە بەشێکی ئەو کوردستانە گەورەیەی ئەو خەونی پێوە دەبینی لە ڕیزی ئەو کاروانە داین کە ڕۆژنامەنووسـان وەکو بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە بەشدارییەکی تەواوی تێدا دەکەن.

---

* ئەو سـەروتارەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسـانمان بەناوونیشـانی: (**مبادرة الصحافة الاخلاقية**)، بۆ هاتبوو، نووسەرەکەیشی سەرپشکی کردبووین لەدانانی ناوونیشانەکەی بەزمانی کوردی، ئێمەش لە (**ڕۆژنامەنووس**)دا ئەو ناوونیشـانەی سـەرەوەمان بەپەسـند زانیوە، دیارە بابەتەکەی (**ئایدان وایت**)یش کە هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان بەناوونیشـانی (**دەستپێشـخەری ڕۆژنامەنووسـی ڕەوشـتکار**) لە لایـەن هاوکارمان (**تاریق کارێزی**) وەرگێردراوە و لێـرەدا بڵاوکراوەتەوە جۆرێک لـە تێکـەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزی دروسـت دەکات بۆیە داوا لەپسـپۆڕان دەکەین ئـەو لایەنەمان بۆ سـاغ بکەنەوە و کە کام دەسـتەواژە باشـترە بەرامبەر (**ئیتیـک**)ی ئینگلیزی دێت، دیـارە ئێمە بۆ زمانی کوردی(**ئەخلاق**)ەکەمان لەو وشـە بێگانەکە پێ باشـترە. ئاگاداری خوێنەرانیش دەکەینەوە کە مامۆسـتا (**جەمال عەبدول**)یش لە کتێبی (**ڕاگەیاندن**)دا دەستەواژەی (**ئاکار**)ی لە جیاتی هەموو وشەکانی دیکە بەکارهێناوە.

# کوردی ئەردەن و کاری ڕۆژنامەنووسیی

د. محەمەد عەلی سوێرەکی[*]
و: باوکی ڕاستی

لەوەتەی میرنشینی ئەردەن دامەزراوە، زۆر لە نووسەر و وێژەوانانی کورد پشکیان لە ژیانی ڕووناکبیری ئەو وڵاتەدا هەبووە، وەک نووسین و بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن، جێ پەنجەیان لەو بوارەدا درەوشاوەیە.

لە ساڵی ١٩٤٧ سەعد جومعە "ڕۆژنامەی ئەلحەق"ی دەرکردووە، کە مۆرکێکی سیاسی ڕووناکبیری هەبوو، بەڵام هەر لە دوای دەرچوونی ژمارەی یەکەمی وەستا، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕەخنەی گاڵتەجاڕیانەی لە هەندێ بەرپرس لەخۆ گرتبوو، هەر لەبەر ئەوەش خرایە زیندانەوە.


ئەوڕەحمان کوردیش گۆڤاری "ئەردەنی نوێ"ی لە ساڵی ١٩٥٠ لە عەمان دەرکردووە، کە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی بووەو داوای دادی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەت و پشتگیری کردنی ئافرەت و ناساندنی ئەدەبی جیهانی دەکرد، بەڵام تەنیا شازدە ژمارەی لێ دەرچووەو چەندین نووسەری ئەردەنی لەخۆی کۆ کردبۆوە.

لێرەدا کورتەیەک لە بارەی سەعد جومعەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی (ئەلحەق) دەنووسین: دەوڵەتی مامۆستا سەعد محەمەد جومعە ئەیوبی، سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئەردەنییە، بیریار و وێژەوان و سیاسەتمدارە، لە ساڵی ١٩١٥، لە شاری (تۆفیلەی باشووری ئەردەن لە دایک بووە، دایکی لە کوردەکانی دیاربەکرە، خوێندنی دواناوەندی لە خوێندنگای دواناوەندی سەڵت لە ساڵی ١٩٢٩ تەواو کردووە، بڕوانامەی مافی لە زانکۆی دیمەشق لە ساڵی ١٩٤٥ز وەرگرتووە.

لە وەزارەتی ئیشغال لە ئەربەدو عەجلیون، لە ساڵی ١٩٢٩ کاری نووسەری کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥لە بەشی پێداویستییەکان لە وەزارەتی دارایی نووسەر بووە، کارگێری گشتی چاپەمەنی و پەخش بووە لە ساڵی ١٩٤٨، سەرۆکی هۆبەی سیاسیی بووە لە وەزارەتی دەرەوە ١٩٤٩-١٩٥٠، لە سەرۆکایەتی وەزیران ١٩٥٠-١٩٥٤ سکرتێر بووە، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بووە تا ساڵی ١٩٥٧، پارێزگاری پایتەخت بووە ١٩٥٤-١٩٥٨، بریکاری وەزارەتی دەرەوە بووە ١٩٥٨-١٩٥٩، باڵیۆزبووە لە ئێران و سوریاو ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٦٥ وەزیری دەرباری پاشایەتی هاشمی بووە.

دوو جاران لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ سەرۆکایەتی وەزیران هەڵبژێردراوە، بەڵام ماوەکەی کورت بووە، ئەویش بەهۆی شەڕی حوزەیران لەگەڵ ئیسرائیل دەستی لە کارکێشایەوە. دوای ئەوە بەبالیۆزی بەریتانیا دامەزراوە، پاشان بۆ پتر لە خولێک بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵان (پیران) دامەزرا تا لە ١٩٧٩/٨/١ز کۆچی دوایی کرد.

سەعد جومعە لە پیاوە ناودارەکانی ئەردەنە لە بواری سیاسەت و ویژەو هزر و ڕۆژنامەوانیی و وتاردان، لەوانە بووە شارەزای نهێنییەکانی سیاسەت بووەو ببووە مایەی سەرنجی زۆر کەس بە هۆی هەڵوێستی بوێرانەو بیروبۆچوونی ڕوونی لە ناوەوەو دەرەوەی ئەردەندا.



زۆر وتاری سیاسی و ئەدەبی بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆی و عەرەبییەکاندا بۆ بەجێهێشتووین، دانراوەکانی: خود یان کاولکاری ١٩٧٢، ڕۆڵەی مارەکان ١٩٧٢، پیلانگێڕان و شەڕی چارەنووس ١٩٦٩، کۆمەڵی بێزلێکراوان ١٩٧٢، کۆمەڵی بەهاکان "دەستنووسە.

بەدرێژایی ژیانی تا ماڵئاوایی کردنی سەرۆکی شانازی کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەدینی ئەیوبی کوردان بووە[1].

ئەمەش پوختەیەکی ژیاننامەی ئەورەحمان کوردی دامەزرێنەری گۆڤاری "ئەردەنی نوێ".

ئەوڕەحمان کوڕی عەلی کوردییە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لەدایک بووی شاری عەمان لە ساڵی ١٩٢٥، سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەکانی عەمان و سەڵت خوێندووە، پاشان چۆتە زانکۆی مەلیک فوئادی یەکەم لە قاهیرە، بەکالۆریۆسی لە ئابووری لە ساڵی ١٩٤٩ز لەوێ وەرگرتووە.

ماوەیەکی کورت لەدام و دەزگای حکومەت کاری کردووە، پاشان ڕووی لە بواری کەرتی تایبەتی کردووە، لە بواری بڵاوکردنەوەو بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کاری کردووە. بەپێشەنگانی ڕۆژنامەوانی دادەندرێت لە ئەردەن، لە ساڵی ١٩٥٠ گۆڤاری "الأردن الجديد - ئەردەنی نوێ"ی دەرکردووە یەکەمین خانەی بڵاوکردنەوەی لە ئەردەن

دامەزراندووە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٧. پاش ئەوە لە بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کاری کردووە.

مامۆستا ئەورەحمان کوردی نووسەر و رۆژنامەنووس، وتاری جۆراوجۆری زۆرن، کە لە رۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆ و عەرەبییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەو بوو هونەری کاریکاتێری خستە نێو گۆڤارەکەی لە ئەردەن. دوو کتێبی دەرکردووە، "دۆڵی ئەردەن جیاوک و پرۆژەکانی - وادی الاردن و امتيازاته و مشروعاته) لە ساڵی ١٩٤٩ لە قاهیرە بڵاوی کردەوە، تێیدا تیشک دەخاتە سەر ئەرکی ئەو نێردە ئابوورییە ئەمریکاییەی کە ئەو سەردەمە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئابووری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نێردرابوون، هەروەها کتێبی (خۆشەویستی دوای مردنی تەواوەتی - الحب بعد الموت كاملا) لە ساڵی ١٩٨٧ لە بەیروت بڵاوکراوەتەوە، کتێبێکی دەستنووس و کتێبخانەیەکی نایابیشی هەیە[٢].

وا لە خوارەوە گرنگترین ئەو بارودۆخ و پەرەسەندنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی ساڵی ١٩٥٠ دەخەینە بەرچاو، هەروەک گۆڤاری ئەردەنی نوێ کە خاوەنەکەی ئەورەحمان کوردی بوو خستبوویە روو.

## پێناسەی گۆڤارەکە

گۆڤاری ئەردەنی، نوێ گۆڤارێکی هەفتانەیە، یەکەمین ژمارەی لە ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٥٠ دەرچووە، ماوەی دەرچوونەکەی چوار مانگ بوو و ژمارەی لاپەڕەکانیشی ٨ تا ٢٤ لاپەڕەبوو.

هەروەک پێناسەی خۆی کردووە گۆڤارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووی بووە، لە ژمارەی یەکەمی بەسەردێڕی "وتەی ژمارە یەک" بە ئیمزای دەستەی نووسەران، نووسیویە کەوا "رۆژنامەوانی وەک ئێمە تێیدەگەین ئامرازێکە بۆ وێنەگرتنی واقیعیانەی کۆمەڵ تا ئەو ئەندازەی کە پێویستە بیروخێنێ و یارمەتی نەمانی بدەین، ئەوەی دەبێ بمێنێتەوە یارمەتی گەشەپێدان و لەسەر بنیاتنانەوەی بدرێت "ئەوەش وێنەیەکمان لە سروشتی چاکسازی رەخنەی بنیاتنەرانە دەداتێ. خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی مامۆستا ئەورەحمان عەلی کوردییە، هانی خەیری پارێزەریش نووسەری کۆمەڵایەتی و محەمەد نور عەکاش بەڕێوەبەری کارگێری بوو، بەڵام ودمەکەی لە دوادوای دەرچوونی دراوەتە محەمەد عەلی

"مامۆستا ئەورەحمان کوردی نووسەر و رۆژنامەنووس، وتاری جۆراوجۆری زۆرن، کە لە رۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆ و عەرەبییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەو بوو هونەری کاریکاتێری خستە نێو گۆڤارەکەی لە ئەردەن.."

کـوردی برای ئەوڕەحمان کوردی، سەرنووسەرەکەشـی ڕاتـب دەروزەی پارێـزەر و بەڕێوەبـەری کارگێڕیشـی ئەحمەد عوری بووە.

گۆڤارەکـە ژمارەیـەک نووسـەرو ڕووناکبیـری وەک ئەوڕەحمـان شـقیر، هانی خەیر، حوسـنی فریز، مەحمود موتلـەق، زەیفوڵـڵا حمـود، شـوکری شەعشـاعە، ڕاتـب دەروزە، عیسـا ناعوری، ئیبراهیم حەبیبی، وەرکس کوڕی زاید عەزیزی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە.

ئـەوەی وتـار و ڕاپۆرتەکانـی گۆڤارەکـە بەسـەر بکاتـەوە، سروشـتی پێشـکەوتنخوازانەی گۆڤارەکـەی بـۆ دەردەکەوێـت، کاتـێ داوای ئـازادی بڵاوکردنـەوە، پتەوکردنی بنەما دەسـتوورییە دیموکراتییەکان، بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی، دەکات. ئەوەی جێی سەرنجە سروشتی نەیارێکی بەرپرسـانە هەبووە کە خۆی لـەو ڕەخنەگرتنە زۆرانە دەبینێتەوە کە لە بارودۆخی باوی ئەو سەردەمەی وڵاتـدا لە گۆڕێدا بوو، لەگەڵ خسـتنەڕووی چارەسـەری پێشـنیارکراو لە پێنـاو ڕزگاربوون لـە ناتەواوییەکان بۆ ئەوەی بەلای باشەیدا ببرێ.

دەکـرێ لەمیانـەی سـەروتاری سـەرنووسـەرەکەی ئەورەحمان کـوردی لە ژمارەی یەکەمدا سـۆراخی ئەمە بکـەی، کاتێ کە لـە بارەی سـەرکەوتنی پارتـی وەفد لە هەڵبژاردنەکانـی میسـر دواوەو ئاماژەی بۆ ئـەو هۆیانە کـردووە کـە وای کردووە ئـەو پارتە سـەر بکەوێت، کە گرنگترینیـان، پارێزگاریکردنـی دیموکراتییەتی پەرلەمان بە سروشـتە میللییەکەیەوە، سەلماندنی مافی کرێکاران لە پێکهێنانـی سـەندیکا و دابین کردنی خوێنـدن بە خۆڕایی بـۆ قوتابیـان، بەخشـینی مافـی دەنگـدان بە ئافـرەت لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها پەیرەوکردنی هەندێ ڕێوشوێنی سۆشیالیسـتی لە فەرمانڕەوایەتیدا، لە کۆتایی وتارەکەیدا ڕووی قسـەکانی دەکاتـە پاڵێوراوانـی هەڵبژاردنەکانـی نوێنەران لە ئەردەن لەو سەردەمەدا "ئەگەر دەیانەوێ لێرە گـەل چەپڵەیان بۆ لێبدات، هەروەک چۆن خەڵک لەمیسـر چەپڵەیان بـۆ وەفد لێدا، ئەوا دەبـێ لەبەرنامەکانیاندا ئەو بەڵێنـە بەخەڵک بدەن کـە وەفد بەڵێنیان بـە خەڵک دابوو یـان لەوێ بۆ خەڵکیان بەدی هێنابوو. هەڵبژارنی نوێنەران لەسـاڵی ١٩٥٠ لـە ڕۆژگاری دەرچوونـی گۆڤارەکەدا، لە سـەر ئاسـتی وڵات ڕووداوێکی گرنگ بوو، بایەخەکەشی لەوەدابـوو، ئـەوە یەکەمیـن هەڵبـژاردن بـوو کـە لەژێر

**"پـارێـزگـاریـکـردنـی دیموکراتییەتی پەرلەمان بە سروشتە میللییەکەیەوە، سـەلـمـانـدنـی مـافـی کرێکاران لە پێکهێنانی سەندیکا و دابین کردنی خوێندن بە خۆڕایی بۆ قوتابیان، بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەت لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها پەیرەوکردنی هەندێ ڕێوشوێنی سۆشیالیستی لە فەرمانڕەوایەتیدا.."**

سـایەی یەکپارچەیی هەردوو کەناردا بەڕێوە دەچوو، کە هەر ئەو پەرلەمانەیە دواتر بڕیاڕی یەکێتی وڵات پەسـەند دەکات. گۆڤارەکـە بایەخێکـی گـەورەی بـە هەڵبـژاردن دابوو، سـەروکاری هەمـوو وردەکارییەکانی هەڵبژاردنی کـردووە، بە دەرخسـتنی پاڵێوراوەکان، ئەوە سـەرەڕای ئەو وتارانەی کە لە بابەتی هەڵبژاردن دەدوان لە گۆشەی هۆشـیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ سـەبارەت بە مافی هەڵبـژاردن، کـە پێویسـتە دەنـگ بدرێتە ئـەوەی تواناى خزمەتکردنی وڵاتی هەیە، هانی هاووڵاتیانی داوە بەشداری لە هەڵبـژاردن بکەن کە بـە لەبەرچاوگرتنـی هەڵبژاردنی کەسـی شیاو، ئەوەش لەو ئاگادارییە دەردەکەوێت، کە بۆ ئەو مەبەسـتە بڵاوی کردۆتەوە، بەسەردێڕی "بانگەواز بۆ هاووڵاتیانـی ئەردەنـی" داوای لە هاووڵاتیـان کردووە کە مافـی پیرۆزی خۆیان لە هەڵبـژاردن پەیڕەو بکەن، دەنگ بۆ ئەو کەسـە بدەن کە شـەریفانە خزمەتی خەڵک دەکات، تاکو نوێنەرەکان ئەو ئەمانەتەی سـەر شـانیان بە خراپ بەکار نەهێنن، هەروەهـا گۆڤارەکە لەو مەرجانەش دواوە کە دەبێ هەبن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە پاک و بابەتی بێت، پاشـان لە ئەنجـام و دەرەنجامەکانی ئـەو هەڵبژاردنانەی بەسەر کردۆتەوە.

هەڵبژاردنەکە لەژێر سـایەی یاسـای بەرگریدا بەڕێوە چووە، هەرچەندە ئەوکاتە سەرۆکی وەزیران رایگەیاندبوو حکومـەت هەڵوێسـتی بێلایەنە، بە ئامانجـی ئەوەی کەش و هـەوای ئـازادی فەراهەم بێـت لەکاتـی بەڕێوەچوونی کـرداری هەڵبـژاردن، گۆڤارەکـەش خۆشـحاڵی خۆی بۆ ئـەو راگەیاندنەی سـەرۆکی وەزیـران دەربڕیـوە، بەڵام گومانیشـی دەربڕیوە، چونکە "نەیتوانی خۆی بەو ئازادییە رازی بکات کە سـەرۆکی وەزیران بەڵێنـی دابوو، چونکە کۆت و بەندی سانسۆر و دام و دەزگای بەرگری خرابووە بـەردەم"، هەر ئەوەش د.ئەورەحمان شـقیری، کە یەکێکە لە دیارترین نووسـەرانی گۆڤارەکـە، لە وتارێکیدا بەناوی "نوێنەرایەتـی وەک مـن تێیگەیشـتووم" وروژاندوویە، لە مەرجەکانی نوێنەرایەتی "لە کەش و هەوایەکی سەربەستی کە بە ئەحکامی عورفی و یاساکانی بەرگری ناکاوی کۆت نەکرابێـت"، تێیـدا نووسـیویە هەروەهـا گۆڤارەکە پەنجە بـۆ مەسـەلەی نەبوونـی دادپـەروەری لە دابەشـکردنی کورسـییەکانی نێوان ناوچە جیاجیاکانی هەڵبژاردن درێژ دەکات، کـە لەگەڵ ژمـارەی دانیشـتوان ناگونجێت، وەک

**- پێویستە دەنگ بدرێتە ئەوەی توانای خزمەتکردنی وڵاتی هەیە..**

**- دەنـگ بـۆ ئـەو کەسـە بـدەن کـە شـەریفانە خزمەتـی خەڵـک دەکات، تاکـو نوێنـەرەکان ئـەو ئەمانەتەی سـەر شانیان بە خراپ بەکار نەهێنن..**

**- مەرجەکانی نوێنەرایەتی «لـە کـەش و هەوایەکی سەربەستی کە بە ئەحکامی عورفی و یاساکانی بەرگری ناکاوی کۆت نەکرابێت».**

نموونــە نووســیویە ئەو کورســیانەی بۆ هــەر لیوایەکی باکــوور و ناوچەی کەرک دانداروون وەک یەکە، ئەگەرچی جیاوازییەکــی زۆر لــە ژمــارەی دانیشــتواندا هەیــە، بــۆ بەرژەوەندی لیوای باکوور، کەوا پێدەچێت ئەو مەســەلەیە بووەتــە جێــی بایەخــی زۆری خەڵک، بۆیــە گۆڤارەکە لە گۆشەیەکی دیکەیدا بەناوی گۆشەی "لە وتەکانیان" لەسەر هەمــان بابەتــی نووســیوە کە لــە ڕۆژنامەیەکــی دیکەی وەرگرتووە بەناوی (المیثاق).

هەروەهــا گۆڤارەکە ئاماژە بە هەنــدێ خراپەکاری و کون و کەلەبەری یاســای هەڵبژاردن دەکات، گرنگترینیان بەکارهێنانی سزا یاساییە سەبارەت بە بەکارهێانی فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن لە کرداری هەڵبژاردندا ، بەڵام مەسەلەی تانووت دان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا لەگۆڕێ دانەبوو، ئــەوەش مانــای وایــە ناتوانرێــت نوێنەرایەتــی پووچەڵ بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر سەلمێندراش کەوا فێڵی کردووە، لەو بارەیەوە مەحموود موتلەق لەوتارێکیدا سەبارەت بەو بابەتە لەگۆڤارەکەدا، ئاماژە بەوە دەکات پێویســتە دەقێک لە یاســادا هەبێت، ڕێ بە هەڵوەشــاندنەوەی نوێنەرایەتی نوێنــەری بدات"، هەبوونی ئەو دەقەی بەزامنێکی گەورەی هەڵبژاردن" داناوە، گۆڤارەکە لەوتارەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا پێویســتە دەســەڵاتی فراوان بدرێتە نوێنەرەکان بۆ ئەوەی بتوانــن لێپێچینەوە لە ڕەفتارەکانی حکومەتــدا بکەن، هەروەهــا پاڵێوراوەکان مافــی ئەوەیان بدرێتێ سەرپەرشتی سندوقەکانی دەنگدان بکەن، پێویستە نوێنەر خوێندەوارو دەســتپاک بێت و داکۆکی لە مافەکانی گەل بکات.

> **پاڵێوراوەکان مافی ئەوەیان بدرێتێ سەرپەرشتی سندوقەکانی دەنگدان بکەن، پێویستە نوێنەر خوێندەوارو دەستپاک بێت و داکۆکی لە مافەکانی گەل بکات.**

گۆڤارەکە بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە لەڕێڕەوی کرداری هەڵبــژاردن دەدوا، ئەویــش بەخســتنەڕووی دیارتریــن ســیماکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی دیموکراتی پێشکەوتوو، کە خۆی لە هەبوونی فرە پارتی دەبینییەوە، بەجۆرێ گەل لەســەر بنەمای پارتایەتی دەچوونــە مەیدانی هەڵبژاردن، لەوەشــدا پاڵاوتــن بۆ هەڵبــژاردن بەندبوو بــە لێهاتوویی کەســی بەبێ هیچ لایەنی مادی یان وەجاهی، وای دانابوو کە لە وڵاتدا هیچ چالاکییەکی ڕاست و دروست نییە، چونکە "نە بەرنامەو نە پارت و تەنانەت پروپاگەندەش نییە".

مەسەلەیەکی دیکە جێی بایەخ و بەدواداچوونی گۆڤارەکە بووە، ئەویش مەسەلەی کڕینی دەنگی دەنگدەران بووە بە پــارە، لەلایــەن پاڵێوراوانی باکوور، نرخی دەنگ گەیشــتە

دوو جونەیـە، مەحموود موتلەق لە یەکێـک لەوتارەکانیدا ئەو دیاردەیەی بۆ بڵاوبوونەوەی نەزانی و نەخوێندەواری و نەبوونـی هۆشـیاری و بڕوابوون بـە قەدەریەتی رەها، ترسان لە هەر شتێکی نوێ لە کۆمەڵدا، گەڕاندۆتەوە.

سـەبارەت بە بەدواداچوونی هەڵبژاردنەکان، گۆڤارەکە لەگۆشـەیەکی تایبەتی بەسـەر نـاوی "کەسـایەتییەکانی هەڵبژاردن" پێناسەیەکی پاڵێوراوە هەرە دیارەکانی کردووە، گۆڤارەکە زانیاری لەبارەی (٣٠) پاڵێوراو لە پاڵێوراوەکانی کەنـاری خۆرهەڵات نووسـیوە، لەوانـە (١٣) پاڵێوراویان سەرکەوتوون، ئەوەی جێی سەرنجە لەو بەرچاوخستنەدا ئەوە دەرەخات کە بەلای کەسایەتییە خوێندەوارەکان بووە ئەوەی کە پشـت بە روومەتی تایبەتی کەسەکە بەستووە، نەک پشـت بەستن بە دەسـەڵات یان پلەو پایە، دیارترینی ئەوانــەی کــە گۆڤارەکە باسـی کـردوون و بەختیان یار نەبــووە لە هەڵبژاردنەکان زەیفوڵڵا حمودی پارێزەر بووە، کە گۆڤارەکە وا پەسنی دابوو پشتی بەزانست و رابردووی خۆی بەسـتووە، هەرچی رکابەرەکانی بوون پشـتیان بە خزمایەتی و سـامان و پارە دەبەست، مەحموود موتلەقی پارێـزەر ئـەوی وا دانابـوو "ئەگـەر لەو وڵاتـە نەبا ئەوا دەبووە شتێکی ناو بەدەرەوە" ئاگادارییەکی هەڵبژاردنی بۆ بڵاودەکاتەوە تێدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەو، پاڵێوراوی چینـی کرێکارانە. زیائەدینـی زەعیتەری پارێزەر هەروەک گۆڤارەکە وەسفی دەکات، یەکەمین پاڵێوراوە لە عەمان کە بەرنامەیەکـی رێک و پێکـی هەڵبژاردنی دانابوو، هەروەها دوکتۆر سۆران ئیتمیزان، یەکەمین ئەرمەنی ئەردەنی بوو، خۆی وەک هاووڵاتییەکی ئەردەنی پاڵاوتبوو "ئەو پێی وایە نوێنەرایەتـی پایەیەکی پیرۆزەو پێویسـتە ئەوانەی دەنگی دەنگدەران بە کڕین بەپارە پیس نەکەن".

هەروەها گۆڤارەکە بواری بۆ هاووڵاتیانیش رەخساندبوو کـە راوبۆچوونـی خۆیان لە میانەی گۆشـەیەک دەربڕن بەناوی "رای خوێنەران" کە دەکرێ لەچۆنیەتی بەدەنگەوە هاتنـی خەڵـک لەگـەڵ هەڵبژاردنـەکان و داواکارییـەکان ئاگاداربن، هاووڵاتییەک ئاماژە بەوە دەکات کەوا پێویستە "پارتی خاوەن بیروباوەڕی چاکسازی پێشکەوتنخوازانەی پتەو و پەیامی بەرز و سیاسەتی دیاریکراو و دەستوورو بنەمـای بەرزو پتەو هەیە" هەرچـی هاووڵاتییەکی دیکەیە پێی وایە نابێ بە رواڵەتی پاڵێوراوان هەڵبەخەڵەتێین، بەڵکو جەخت لەسـەر کرۆک و نـاوەرۆک بکرێت، چونکە "وڵات

**دوکتۆر سۆران ئیتمیزان، یـەکـەمـیـن ئـەرمـەنـی ئەردەنی بـوو، خـۆی وەک هاووڵاتییەکی ئەردەنی پاڵاوتبوو «ئەو پێی وایە نوێنەرایەتی پایەیەکی پیرۆزەو پێویستە ئەوانەی دەنگی دەنگدەران بە کڕین بەپارە پیس نەکەن»**

**«وڵات پێویستی بەو پیاوانە هەیە کە دوورن لە ئینتهازییەت»**

پێویستی بەو پیاوانە هەیە کە دوورن لە ئینتهازییەت".

پاشان گۆڤارەکە رووبەرێک بۆ دوان سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەرخان دەکات، کە تا چ ئەندازەیەک پاک بووەو سروشتی نوێنەرە دەرچووەکان لە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو، بە باشی لە کۆمەڵێ نوێنەر دواوە وەک نوێنەری رووناکبیرو وریا دیارترینیان عومەر مەتەر نوێنەری عەمان و هەر سێ نوێنەری کەرک عەتاالله مەجالی و هانی عەکشەو ئەحمەد تراونەو عەبدوڵڵا حەلیم نەمر لە سەڵت و شەفیق رەشیدات و محەمەد حجازی و سلێمان خەلیل لە باکوور، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە (١٩) نۆزدە نوێنەر لە پەرلەمانی نوێ سەر بە زانکۆن، بەڵام پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەو گۆرانە کاریگەری نابێت لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیاو ماقوولان لەو ئەندامانەن کە پشت بە هێزی عەشایری و هێزی سامان و پارە دەبەستن.

دەکرێ هەڵوێستی گۆڤارەکە لەو هەڵبژاردنانەو بارودۆخی دەوروبەری لەو خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. داوای لە هاووڵاتییان کردووە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن بەو پێیەی مافێکی پیرۆزی خۆیانە.

٢. داواکردنی هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ئەندازەیەکی زۆرتری تێدابێتەدی ئەو مادانە بخرێتە سەر کە مافی تانووت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بدات، پاڵێوراوەکان مافی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانیان هەبێت، هەروەها پێویستی بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی کورسییەکان لەنێوان ناوچە جیاجیاکانی هەڵبژاردن، بە جۆرێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان بگونجێت.

٣. داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی بەرگری کردن بۆ ئەوەی ئازادییەکانی پتر بۆ کرداری هەڵبژاردن مسۆگەر بکرێت.

٤. جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە پێویستە نوێنەر مەرجی تایبەتی تێدابێت بەجۆرێ وای لێ بکات ببێتە جێ بڕوای خەڵک، گرنگترینیان دەست پاکی و لێهاتوویی و خوێندن و ناوبانگی باش و پشت بەستوو بە لێهاتوویی کەس نەک لەسەر پایەو شوێن یان دەسەڵاتی بە میرات بۆ ماوە.

٥. بوونی پارتی بەهێزی خاوەن بەرنامەی رێک و پێک بۆ سازدانی ژیانی سیاسی زۆر پێویستە وەهەبوونی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز گرنگە، بەو مەرجەی کە نەیارییەکە لەسەر هەڵوێستی دیاریکراو بێت.

٦. ئەگەرچی داوای هەموارکردن و چاکسازی لە دەستووردا کراوە بە جۆرێ لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا بەرجەستە بێت و وەزارەت لە بەرانبەر ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرس بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گۆڤار داوای کردووە کە رێز لە دەستووری ئەو کاتە بگیرێت و زێدەڕۆیی لەسەر نەکرێت بەو پێیەی تاکە چوارچێوەی بۆ گەڕانەوەیە.

## بارودۆخی چینی کرێکار

ئەگەرچی چینی کرێکار لە ئەردەن ئەو سەردەمە قەوارەی بچووک بوو، بەڵام ببووە جێی بایەخی زۆری گۆڤارەکە، چونکە کرێکاران دووچاری بارودۆخێکی زۆر سەخت بوونەتەوە هیچ یاسایەکی باشی کار نەبووە، سەندیکای نەبووە بەسەر بەرژەوەندییەکانیان رابگات، ئەمەش وایانی لێ دەکات ببنە نێچیری تایبەتی چەوساندنەوە لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانی خاوەن ئیمتیازو دەسەڵاتی فراوان، کە سانسۆرێکی بە کردەوەی لەلایەن حکومەتەوە لەسەر نییە، بەجۆرێ کرێکارەکان دووچاری دەرکردن دێن بەبێ ئاگادارکردنەوە یان قەرەبووی ئەو بێکارییەی کە تووشی دێن، ئەو بێکارییەی کە "لای ئێمە وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی

دواکەوتووین، شێوەیەکی سەرەوخواری لە کاری تەواو گرتووە، دارمانی ئاستی گوزەران و خۆکوژییەکی لەسەرخۆی لە برسانە"، هەروەک سەرنووسەر وەسفی دەکات، نموونەیەک لە بڵاوبوونەوەی ئەو بێکارییە دەهێنێتەوە، کە کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ئەردەن لە (٥٠٠) کرێکار تێنەدەپەڕی، دوای ئەوەی پێش چەند مانگێک (٣٠٠٠) کرێکار بووە، بێ ئەوەی حکومەت ئاوڕ لەوە بداتەوە.

گۆڤارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر کۆمپانیای تابلاین وەک نموونە لە ئیمتیازاتی بیانی، هەروەها نموونەی ئەوە بووە کە چینی کرێکار دووچاری دەهاتن، گۆڤارەکە وا وەسفی کۆمپانیای تابلاین و ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکات کە ئیمتیازەکەی پێ وەرگیراوەو لە (٨)ی ئابی ١٩٤٦ مۆرکراوە، ئەوا "لەگیانی ئەو ئیمتیازاتانە دەرناچێت کە پێشتر کۆمپانیا ئیستیعمارییەکان بە دەستیان دەهێنا لەو سەردەمەی کە دەوڵەت لەبن سێبەری ئینتیداب بووە"، گۆڤارەکە ئەو برگانەی دەرخستووە کە مافی ئەردەنی پێشێل کردووە لەو ڕێککەوتننامەیە لەلایەنی بەخشینی کۆمپانیایەکە لە باجی گومرگ کە تەنیا ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەدات و بڕەکەی تەنیا شەست هەزار جونەیهە، کە حکومەت داوای کردووە دەسکاری بکرێت، بەو جۆرەی لای کەم لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆمپانیاکە لە سوریا لە ساڵی ١٩٤٧ مۆری کردووە بگونجێت، مافی گرنگ بە سورییەکان دەبەخشێت کە دیارترینیان حکومەتی سوریا و سورییەکان لە دامەزراندنی کۆمپانیا لە پێشەوە بن، جگە لەو بەندانەی کە زۆر پێشکەوتووترن لەو برگانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ ئەردەن مۆرکراوە لە بواری ڕەفتاری کۆمپانیاکە لەگەڵ کرێکارە ئەردەنییەکان، گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمپانیای تابلاین ئاگادارییەکی بەسەر شوفێرە ئەردەنییەکاندا دابەش کردووەو ئاگاداریان دەکەنەوە ئەوان بۆ ماوەی سێ مانگ کاردەکەن، لەژێر ئەزموونندا دەبن و دواتر لە خزمەتی هەمیشەیی دەچەسپێن، کۆمپانیاکە مافی لەکار دەرکردنی هەیە بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەکی دەستنیشان بکات و بەبێ ئەوەی هەق دەستیان بۆ خەرج بکرێت، گۆڤارەکە هەر لە دەروازەی "ڕای خوێنەران"دا نامەی کرێکارێکی کۆمپانیاکەی نیشان داوە کە تێدا نووسیویە کە خۆی و دوو لە هاوڕێکانی دووچاری دەرکردن بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی هەق دەستیان بۆ ببژێرنەوە یان یارمەتی بدرێن، لە کۆتاییدا پرسیار دەکات "تا کەنگی بەرپرسان هەروا بایەخ بە حاڵ و باری هاووڵاتیانی کرێکار نادەن کە کۆمپانیا ئیستیعمارییەکان دەیان هاڕن دوای ئەوەی کارو ئەرکیان دەکەوێتە نێوان کەڵبەی بێکاری و برسیەتی"، لە ژمارەی دواتریش نووسیویە کرێکارێک داوایەکی قەزایی لەسەر کۆمپانیاکە تۆمارکردووە و داوای کردووە قەرەبووی یان بگەڕێتەوە سەرکار، ئەوەی بە پێشینەیەک داناوە کە یەکەمجارە لە بەرانبەر قەزای ئەردەنیدا ڕوودەدات.

هەروەها داوای کردووە کرێکارەکانی دیکەش یارمەتی بدەن و پشتگیری بکەن، لە ئاکامی کەمی بواری کارکردن و بڵاوبوونەوەی بێکاری، ئەوا کرێکاران خەریکە ڕوو لە دەرەوە دەکەن بۆ کارکردن، بۆیە داوای لە حکومەت کردووە بەر لەو دیاردەیە بگرێت، لەبەر ئەوەی کارکردن سامانێکی بەنرخترە لە دراوی قورس، ئەویش لەڕێی دابین کردنی بارودۆخی کاری گونجاو. لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سەختەی کە ڕووبەڕووی کرێکاران دەبۆوە گۆڤارەکە زۆر داوای کردووە مافی کرێکاران نەخورێ و مافەکانیان مسۆگەر بکرێت، لەو پێناوەدا چەند ئامرازێکی خستۆتە ڕوو کە پێی وایە چارەسەرە بۆ ئەو گیروگرفتە، گرنگترینیان پێویستی دانانی

یاسایەکی پێشکەوتنخواز بۆ کار کە کەمترین رادەی کرێی بۆ دابنێت، بارودۆخی کار کردن باش بکات، نابێت کرێکار بەبێ ئاگادار کردنەوە یان قەرەبووکردنەوەی تەواو لە کار دەربکرێت، هەروەها ڕێدان بە دامەزراندنی سەندیکا وەک مافێکی پیرۆز بەو پێیەی کە تاکە چارەسەرە، دەکرێت کرێکاران لە زوڵم و ستەم بپارێزێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوەبکات.

## ئاستی گوزەران

گۆڤارەکە ئەوەی روون کردبۆوە کە وڵات دوای شەڕ و بەکارتێکردنی شەڕ دووچاری بارودۆخێکی سەخت ببۆوەو هۆی هەڵکشانی ئاستی گوزەران بە هەڵکشانی نرخی کاڵا سەرەکییەکان بە شێوەیەکی بێ ئەندازە، کاروبارەکە خراپتر بوو و بارودۆخەکەی بۆ سەر کێشەی پەنابەران گرانتر کردووە، ئەوەش سەری بەلای بارودۆخی سەختی گوزەران دەبردەوە، کە هاووڵاتییان دووچاری بووبوون بەتایبەتیش ئەو فەرمانبەرانەی پشتیان بە مووچەی دیاریکراویان دەبەست، ئەویش لە ئەنجامی هەڵئاوسان هێزی کڕینی زۆر لەدەست دابوو، گۆڤارەکە روونی کردۆتەوە، لە ئاکامی ئەو بارودۆخە حکومەت رایگەیاندووە بەنیازە سەرمووچە بداتە فەرمانبەران بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات تا بتوانن خۆ لەبەر گرانی بگرن، پاش چەند مانگێک چاوەڕوانی، حکومەت بڕیاریدا سەرمووچەیەک بە ئەندازەی ٢٠-٢٥٪ لە ئەسڵی سەرمووچەی پێشوو بدات، ئەوەش فەرمانبەرانی بێ ئومێد کرد، چونکە ڕێژەی زیادکردنەکە کەم بوو، لەکاتێکدا سانسۆر لەسەر کەلوپەلی سەرەکی نییە، ئەوەش بەلای گۆڤارەکە بەس نەبووە بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی فەرمانبەران، سەرنووسەر وتارێک لەبارەی ئەو بابەتەوە لەژێر ناوی "سەرمووچە کێشەکە چارەسەر ناکات" نووسیوەو تێیدا ئازاری فەرمانبەرانی دەرخستووە، کە مووچەکانیان تێری پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان ناکات، بۆیە داوای کردوە ئاستی راستەقینەی گوزەران بەرز بکەنەوە نەک هەر پارە زێدە بکرێت بۆ فەرمانبەر، بۆ ئەوەش پێشنیارێکی کردووە کە بە چارەسەرێکی گونجاوی داناوە بۆ ئەو کێشەیە، ئەویش بریتییە لە دانانی پێڕەوی دڵنیایی تەندروستی، بۆ ئەوەی لە دژی مەترسییەکانی کارکردن و نەچوونە سەر کار یان مردن و یارمەتی

"نابێت کرێکار بەبێ ئاگادار کردنەوە یان قەرەبووکردنەوەی تەواو لە کار دەربکرێت، ڕێدان بە دامەزراندنی سەندیکا وەک مافێکی پیرۆز بەو پێیەی کە تاکە چارەسەرە، دەکرێت کرێکاران لە زوڵم و ستەم بپارێزێ و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوەبکات.."

فەرمانبـەران بدرێـت تا بتوانن خانوو بکڕن و پاشـان بە قسـت نرخەکان مانگانە لـە مووچەکانیـان بگێڕدرێتەوە، لە هەمان کاتدا پێویسـتە سانسـۆرێکی ورد بخەنە سـەر کەرستەی بەکاربردن لە نرخی کۆو فرۆشتنی بە خەڵک و زامـن کردنی ئەو مافانە، بەمـەش فەرمانبەران دڵنیا دەبن و کارگێڕی بەگشـتی ڕێک و ساز دەبێت ئەو بەرنامەیەش دەبێتـە کرۆکـی بەرنامەیـەک کـە هەمـوو هاووڵاتییـان بگرێتەوە.

## رۆڵی گەشەسەندووی بازرگانان

بەهـۆی کاریگەریـی شـەڕو کەمبوونـی کەرسـتەی خـۆراک لە ئاکامـی ئەوە گۆڤارەکە باسـی ئـەوە دەکات حکومەت لەسەردەمی شەڕدا دەرگای هێنانی کاڵا بەرووی بازرگانان بخاتە سەرپەشـت بـۆ قەرەبووکردنەوەی هەر کەم و کورتییەک کە لە کەلوپەلە سەرەکییەکان روودەدات، ئەمـەش لـەدوای جەنـگ دیـاردەی زۆری لـێ پەیدا بوو دیارترینیـان سسـتی بازرگانـی بـوو، ئـەوە سـەرەڕای کەڵەکەبوونـی سـامانی ژمارەیـەک بازرگان، بەدواشـیدا زێدەبوونـی دەسـەڵاتیان، تا ئەوەی ببوونـە چینێکی زۆر تایبـەت، بەجـۆرێ ئابووری بازرگانی لەسـەر حیسـابی ئابووری کشتوکاڵی گەشەی کردو بووە سیمای سەرەکی ئابووری وڵات، ئینجا لەبەر گرنگی ئەو بابەتانە، گۆڤارەکە رووبەرێکـی زۆری بـۆ تەرخان کـردووە، چ وەک هەواڵ یـان لێـدوان یان وتار، ئـەوەی تێبینی دەکرێـت رەخنەی توونـدی لەو بازرگانانە گرتووە، ئەوانی بە "دەوڵەمەندانی شـەڕ" ناوبردوون و بەرپرسـیاریەتی سسـتی بازرگانی خسـتۆتە ئەسـتۆی ئەوان، لێرەدا ئامـاژەی بەوە کردووە کە ئەوان پارەکانیان لە پرۆژەی پیشەسازی، یان پرۆژەی بەرهەمهێنانـی دیکـە خـەرج نەکـردووە، کـە کەڵکـی بۆ بەرژەوەندی نیشـتمان هەبێت، بەڵکو لەپرۆژەی بیناسازی و ئاوەدانـی خـەرج کـراوە، گۆڤارەکە رەخنـەی لە بردنە دەرەوەی سـامان بـۆ دەرەوەی وڵات گرتووە بۆ ئەوەی نرخـی هاوردە زۆرەکان بدەن و لە هەمانکات حکومەتیش بەشـێکی ئەو بەرپرسیارییەی لە ئەستۆیە کەوا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هاوردە پێکهێنابوو ئەندامەکانی بازرگان بوون، ئەوانەی پشـکەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشییەوە، ئەوەش دەبێتـە هـۆی قۆرخ کـردن و سـەروەت و کەڵەکەبوونی سـامان لە دەسـت کەمینەیەک، لەسـەر حسـابی زۆرینە،

> **"حکومەتیش بەشێکی ئەو بەرپرسیارییەی لە ئەستۆیە کەوا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هاوردە پێکهێنابوو ئەندامەکانی بازرگان بوون، ئەوانەی پشکەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشییەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی قۆرخ کردن و سەروەت و کەڵەکەبوونی سامان لە دەست کەمینەیەک، لەسەر حسابی زۆرینە.."**

گۆڤارەکە لەو بارەیەوە داوای کردووە یاسای تەنگژەکان دابندرێت بۆ ئەوەی بەپێی ڕێووشوێنە نووسراوەکان و پێوانە دیاریکراوەکان بازرگانەکان پۆلێن بکرێت، بەجۆرێ بەرژەوەندی و ئارەزووەکان دووربخەنەوە، هەروەها سیستەمی هاوردەی نوێ ڕێی لەهەر کەسێک گرتووە ناوی خشتەی هاوردەکان تۆمار نەکراوە کەلیژنەکە داینابوو بۆ ئەوەی کاری هاوردە بکات، ئەوەی کە گۆڤارەکە ڕەخنەی لێ گرتووە بەرجەستە بوونی قۆرخ کردنە، کە بۆ ئێمەو بۆ گەل باشە لەو وڵاتەدا کە حکومەت خۆی سەروکاری هێنانی شمەکی تەنگژە دەکات لە چوارچێوەی ئەو تەرخانە پێویستیانە تا ئەوەی دابەشکردنی ئەو تەرخانانە بدرێنە دەست ئەو سەرمایەدارە مشەخۆرانەی خوێنی گەل دەمژن"، لەو ڕووەوە پێشنیاری کردووە کرداری هاوردن بەجۆرێ ڕێک بخرێت کە بڕی هاوردە زێدەتر نەبێت لەوەی کە دەینێرێتە دەرەوەی وڵات و مافی هاوردنیش بدرێتە هەر کەسێ توانای هێنانی هەبێت تا قۆرخ کردن دروست نەبێت، لەو ڕووەوە گۆڤارەکە بابەتێک دەورووژێنێ کە سەروکاری ڕاستەوخۆی بەکارەکانییەوە هەیە، ئەویش هاوردنی کاغەزی پێویستە بۆ بڵاوکردنەوە، کە ڕێ بە گۆڤارو ڕۆژنامەکان نادەن بیهێنن، بەمەش تێچووکەی بەرزدەبێتەوە.

گۆڤارەکە داوای لەحکومەت کردووە هاوردن ڕێک بخات بە مەبەستی پاراستنی هەندێ پیشەسازی سادەی ئێستای لە وڵات هەن، بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان لە کێبڕکێی بێگانە، چونکە ئەو پیشەسازانە ڕۆڵیان لە بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی هەیەو گوزەرانی ژیانیان دەستەبەر دەکات، هانی خێر لەوتارێکیدا فەرمانگەی هاوردن ئاوا وەسف دەکات "وەکیلەکانی ئیستیعمارو بیرکردنەوەی دەوڵەمەندانی شەڕی سەرمایەداران دەستیان بەسەردا گرتووە"، گۆڤارەکە وەسفی بارودۆخەکە لەسەر ئەو ئاستەدا بە پێشکەش کردنی شیعرێکی درێژی وەرگێڕدراوی "گۆلد سمیث" دەخاتە بەرچاوی بەناوی (گوندی چۆڵکراو) ئەوەی ئەو شیعرە درێژە وێنەی گرتووە، لەسەر وڵات جێبەجێ دەبێت لەڕووی "سەرکێشی دەسەڵاتی پیاوانی بازرگان و پیشەسازو بەکاربردنی کەرستەی کۆمەڵی ئادەمیزاد".

"

**- کرداری هاوردن بەجۆرێ ڕێک بخرێت کە بڕی هاوردە زێدەتر نەبێت لەوەی کە دەینێرێتە دەرەوەی وڵات و مافی هاوردنیش بدرێتە هەر کەسێ توانای هێنانی هەبێت تا قۆرخ کردن دروست نەبێت...**

**- حکومەت هاوردن ڕێک بخات بە مەبەستی پاراستنی هەندێ پیشەسازی سادەی ئێستای لە وڵات هەن، بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان لە کێبڕکێی بێگانە، چونکە ئەو پیشەسازانە ڕۆڵیان لە بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی هەیەو گوزەرانی ژیانیان دەستەبەر دەکات.**

"

## بارودۆخی پارێزگاکان

گۆڤارەکە لەسەرەتاو بووژانەوەو پێشکەوتنی وڵات لەو



هەولێرنامەی کتێب

ماوەیەدا دواوە، ئەوەش خۆی لە پەرەسەندنی دیاردەکانی ژیان دەبینییەوەو ئەوەی جێی سەرنجە دیاردەی ئەو پەرەسەندنە بە تەواوی خۆی لە عەمانی پایتەخت دەبینییەوە کە بووژانەوەیەکی ئاوەدانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی بوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی پارێزگاکانی دیکە نەبوو، تایبەت لە باشوور کە دانیشتوانەکانی دووچاری بێکاری و هەژاری و فەرامۆش کردن ببوونەوە، دەکرێت تێبینی ئەوە لە هەندێ لە لێدوانەکانی گۆڤارەکە بکەین، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هاووڵاتیانی ڕۆڵەی پارێزگاکان لە گۆشەی "رای هەژاران"دا دەیاننووسی، تێیدا سکاڵایان لە بارودۆخی خراپی ناوچەکەیانەوە هەبوو، بۆ نموونە گۆڤارەکە باس لە نەبوونی رایەڵەی ڕێگاوبانی ڕێک و پێک دەکات کە بگاتە باشووری پایتەخت، رایەڵی شەمەندەفەرەکان کۆنن کەچی هاووڵاتییەک سکاڵا لە نەبوونی نەخۆشخانەیەکی نوێ دەکات لەو شارەی کە دووەمین گەورە شاری شانشینە، جگە لە نەخۆشخانەی خاچی سوور، کە جگە لە نەخۆشی مەترسیدار هیچی دی چارەسەر ناکات، هەرچی هاووڵاتییەکانی توفەیلییە دەپرسن" ئایا ئێمە ڕۆڵەکانی باشوور ئەوەمان بۆ نییە کە بۆ خەڵکانی شارانی دیکەی شانشینی هەیە، تا کەنگی ئەو چاکسازییانەی کە مافی هاووڵاتییان بەسەریاندا سەپاندوون، لەناومان دەبات، یەکێک لە هاووڵاتییان ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێک لە هاووڵاتیانی باشوور هیچ ژیانێکی بازرگانی لەناوچەکانیاندا نییە، بە بەراورد لەگەڵ عەمان، کەچی یەکێکی دیکە سکاڵا لەدەست نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی لە توفیلیە دەکات.

## بارودۆخی ڕۆژنامەوانیی

گۆڤارەکە بایەخێکی زۆر تایبەتی بە بابەتی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکانەوە داوە، وڵات لەو سەردەمەدا چالاکییەکی بەرچاوی لەو بارەیەوە بەخۆوە بینی، لە ژمارەکانی یەکەمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆژانە سێ ڕۆژنامەو چوار گۆڤاری هەفتانە دەردەچن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە ژمارەکانی دواتر باسی کردووە، کەوا وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی گۆڤارێکی گاڵتەئامێزی بەناوی "العصا-دار"ەوە داوە، دەکرێ ئەوە ناوبنێین بووژانەوەی ڕۆژنامەوانیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕۆژنامەوانیی لەژێر سایەی یاسای پەیڕەوکراوە لەو سەردەمەدا، لەلایەن کارگێڕی دەوڵەتەوە

**"ڕۆژنامەوانیی لەژێر سایەی یاسای پەیڕەوکراوە لەو سەردەمەدا، لەلایەن کارگێڕی دەوڵەتەوە دووچاری تەنگ پێهەڵچنین دەبۆوە.."**

دووچـاری تەنگ پێهەڵچنیـن دەبۆوە، نموونە بـۆ ئەمـەش ئـەو یاسـایەیە کـە حکومـەت دەریکـرد، بەکارنەهێنانـی کاریکاتێـر "بـە مەبەسـتی شـکاندنی ڕێزی پیاوانی حکومەت و دەستە و تاقمە ڕەسمییەکان"، گۆڤار ئەوەی بـە کۆسـپ دانـاوە لەبـەردەم ئـازادی ڕاو ڕادەربڕین، بـە نەختێ سـەمەرەوە ئاماژەی بەنـاوی ئەو یاسـایەی کاریکاتێـری کردووە کـە بەوێنـەی گەپـی گاڵتەئامێز ناوبـردووە، گۆڤـار ئامـاژە بـەوە دەکات کـە حکومـەت گۆڤـاری "الجیـل الجدیـد"ی کەمال ناسـری داخسـتووە، ئەوەی وەک نموونەی سەرکوت و خنکاندنـی ڕۆژنامەوانیی لـە ئەردەن باس کـردووە، هەروەهـا ڕووداوی گرتنی مونیب قازی داخسـتنی ڕۆژنامەی **(النسر-هەڵۆ)** کە کێشـەی ئەنجومەنی نوێنـەران و لیژنەیەکی پەرلەمانـی پێکهـات لەپێنـاو بەرەڵلاکردن و چارەسـەرکردنی کێشـەکە، سـەبارەت بـە بابەتی ئازادییە گشـتییەکان گۆڤارەکە ئاماژە بـە ئازادی ڕا دەکات کە لە دەسـتووردا باس کـراوە، بەڵام بەدی نایەت ئەگەر دەسـەڵات ئامرازەکانـی ڕادەربڕیـن ئامادەنـەکات و بـەر لە هەموو ئەو شـتانە بگرێـت، کە دەبنە کۆسـپی پەیڕەوکردنـی ئـازادی. زەیفوڵـڵا حمودیـش لەوتارێکیـدا ئاماژە بە پێویسـتی هەبوونی ئازادی کـردووە بۆ ڕۆژنامەوانیی، سـەرەڕای بـەرزی ئامانج و مەبەسـتەکانی تاکـو ئەرکەکانـی جێبەجـێ بـکات، وەک ئامرازێکی دەسـت پاک حکومەت لە سـکاڵای گەل و داواو ئاواتەکانیان لەپێناو پێشـکەوتن و گەشـەکردن، حاڵـی بکات. سـەبارەت بەو ڕۆڵـەی کـە ڕۆژنامەوانیـی دەبـێ هەیبێـت، عەبدولڕەحمـان شـقیر لەوتارێکیـدا بەناوی "ڕۆژنامەوانـی دەسـەڵاتی چـوارەم" ئامـاژە بەوە دەکات "دەسـەڵاتی چوارەم کاریگەریی کارای لـە ئاراسـتەکردنی دەسـەڵاتەکانی دیکـەدا هەیـە، هەڵەکانیان ڕاسـت دەکاتەوە، ڕۆژنامەوانیی دەبـێ دەربڕی ئێش و ئازاری هاوواڵتیـان بێت و ئەوەشـی ڕوونکردۆتەوە ئەگەر ڕۆژنامەوانی ئەوەی نەکرد ئەوا دەبێتە **(ئامرازێکی دەسـتەمۆی ئیسـتیعمارو تاقمی حوکمڕانی)** یان لە هەڵفریواندن و سـڕکردنی گەل بەشداری دەکات".

**سەرچاوەکان:**
**لە ئەسڵی وتارەکە بە عەرەبی دابنرێ.**

*** یەکێتی نووسەر و ئەدیبانی ئەردەن - عەمان.**



هەواڵنامەی کتێب

„16"

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

kurdistanjournalists.com govar111@yahoo.com



خاوەن ئیمتیاز
- فەرهاد عەونی

سەرنووسەر
- عەبدوڵڵا زەنگەنە

جێگری سەرنووسەر
- خالید بەکر ئەیوب

سکرتێری نووسین
- دوکتۆر ئازاد عوبێد

دەستەی نووسەران
- ڕەفیق ساڵح
- موسەدەق تۆفی
- هەژار حاتەم
- هێرش ڕەسول

پیتچنین و نەخشەسازی
- ئەیوب محەمەد بابەکر
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- عومەر شەهاب



ناونیشان: هەولێر– شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەکی زانیاری

**Tel: +964 66 255 8111**
**Mobile: +964 750 456 8886** سەرنووسەر

## بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەوان


| | | |
|---|---|---|
| – دیاریی ژمارە.................................... | کوردێکی یەکڕەنگ | ٣ |
| – مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا........................ | کارزان محەمەد | ١١ |
| – دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار........ | ئایدان وایت/ و. تاریق کارێزی | ٢٨ |
| – ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی مەعروف جیاووک........ | دوکتۆر ئازاد عوبێد | ٥١ |
| – ڕیکلام لە گۆڤاری «نزار»دا........................ | عومەری مام ڕەمەزان | ٦٩ |
| – ڕۆژنامەگەریی لە مەخموور......................... | بەختیار پاڵانی | ٩١ |
| – یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان............. | هێرش ڕەسوڵ | ١٠٢ |
| – ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی.......................... | تاژان دڵشاد | ١٠٩ |
| – پێشمەرگە................................................ | باوکی شامەم | ١١٩ |
| – کتێبی: بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی.... | ڕێناس نەورۆزی | ١٢٧ |
| * ویستگەی ڕۆژنامەوان .......... | ............................................ | |
| – یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان............. | ............................... | ١٣٧ |
| – ئایا (بەلاغ)ـەکان دەچنە........................... | باوکی شانوو | ١٥٠ |
| – دەنگی کورد................................................ | جووتیار تۆفیق هەورامی | ١٥٣ |
| – ڕۆژنامەگەریی بێ بەرامبەر.......................... | خالید بەکر ئەیوب | ١٥٧ |
| – ساخڵەتێن نڤیسین........................................ | خدر دۆملی | ١٦٦ |
| – ببە خانمە ڕاگەیاندنکار.............................. | علیا فیاض/ و. ڕابەر ڕەشید | ١٧٠ |
| – دواڕۆژ بۆ کامەیانە.................................... | محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری | ١٧٦ |
| – گۆڤاری (نجم بيث نهرين).......................... | وەلیم تیۆدۆر | ١٨٤ |
| – لە ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی......... | ئیسماعیل عەلی | ١٨٩ |
| – ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا....... | دوکتۆر سەپان | ١٩٩ |
| – نوێترین بنەمای ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی....... | و. پشدەر قەڵادزەیی | ٢٠٤ |
| * پاشبەندی دیاریی ژمارە | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠٥ |
| (خەبات، شەهید لەیلا، باوەگوڕگوڕ)............... | ماوەی لاپەڕە ٣–٩ | |
| * هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا.................... | ............................................ | ٢٦١ |
| – ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی......... | ............................... | ٢٩٥ |
| – (ڕێشمە)کەی زامدار.................................. | عەبدوڵڵا زەنگەنە | ٣١٤ |


ڕیزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەواڵنامەی کتێب

# دیاریی ژماره

**◪ کوردێکی یەک ڕەنگ**

بەدرێژایی ڕۆژگاری سەدەی بیستەم، هەر حیزب و کۆمەڵە و ریکخراوێک لە کوردەواری سەری هەڵدابێ، هەوڵی داوە بڵاوکراوەیەکی هەبێت، دیارە ئەو بڵاوکراوانە هەریەکە شاهیدی قۆناغێکی مێژووی نەتەوەی کوردن، میللەتێکیش دەسەڵاتدارانی لێنەگەڕابن بە ئازادی گۆڤارو ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت باشترین سەرچاوەی مێژوویان ئەو بڵاوکراوانە دەبێت، بۆیە ئێمە لە **(ڕۆژنامەنووس)** دا ئەوەندەی بۆمان بکرێت و بلوێت هەوڵ دەدەین ئەم بڵاوکراوانە بێنینەوە بەردەست، جا خوای دەکرد ئەو بڵاوکراوانە سەر بە هەر دەستە و تاقم و لایەنێک دەبوون، بۆیەش سەرنجتان بۆ ئەم خاڵە ڕادەکێشین چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نەقیبی ڕۆژنامەنووسان جارێکی دیکە ئاگاداری کردووینەتەوە کە ئاگامان لەسەربەخۆیی گۆڤارەکەمان بێت. ئێمەش وا وەڵاممان دایەوە: ((**ئەوە عەرز و ئەوەش گەز با هەر کەس بێت بە دڵدارەکەی خۆیدا هەڵبلێ**)). ئەوە ڕێکەوتە هەندێ دیاریی ژمارەی هەندێ جارانمان بۆنی لایەنێکی دیاریکراوی پێوەبێ، بۆیەش ئەم قسەیە کرا لەم ژمارەیەوە دیارییەکان لەوە زۆرتربوون لەوەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، لەدواساتەکانی نەخشەسازی گۆڤارەکەمان ئێمە هەندێکیمان وەلاناوە، نەبادا قەبارەی گۆڤارەکەمانی لەوە گەورەتر بێت، فەرموون ئەوەش پێناسە و وێنەی ئەو چەند بڵاوکراوەیە دانسقە و دەگمەنەی قۆناغە ناسکەکانی مێژوومان:

**تا ٢٠٠٩/٤/٢٢**

**٤٩ ساڵ و ١٨ ڕۆژ (خەبات)ی بەردەوام**

ساڵیادی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەوێتە نیسانی هەموو ساڵێک، ئەم ساڵیش لە ڕۆژی شەمووی ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٤ دا یادی (٥٠) ساڵەی ئەم ڕۆژنامە ناوازەیە بوو، وەکو لەسەرەوە دەبینین لێرەوە ئێمە ساڵێکمان لێی دەرکردووە. دیارە ئەوەش هۆو هۆکاری خۆی هەیە. لە هەموو بۆنە و یاد و بیرەوەرییەکانمان بیرێکی لێ نەکراوەتەوە. فەرموون ئەوەش بیرکردنەوە لەسەر ئەم پرسە.

هەفتەیەک بەر لە بۆنەکە کارتی دەعوەتنامەمان بۆ نێردرابووە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - بە هەموو توانای خۆمان هەوڵمان دەدا بەشدارییەکی کارا لەم بۆنە پیرۆزەدا بکەین، لە ڕۆژی دیاریکراو خۆمان گۆڕی و جلە کوردییەکانمان لەبەرکرد، کە ئێمە دەمێکە کردومانە بە عادەت بۆ بۆنە تایبەتییەکان هەر جلی کوردی لەبەردەکەین، ماوەی نیو سەعات بەر لەکاتی دیاریکراو بۆ لای هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا شۆڕ بووینەوە، هەر ڕێگایەکی گرتمانەبەر دیاربوو نەک هەر کۆمەڵێک پاسەوانی لێ دانرابوو، بەڵکو هەندێ لە ڕێگاکانیش گیرابوون، دوای چەند جار ڕێگە گۆڕکێ نزیک هۆڵەکە بووینەوە. دیاربوو بۆ ماوەیەکی باش ئاپۆرەی ئۆتۆمبێلان ڕاگیرابوو، بەدەست خۆمان نەبوو دڵمان گوشرا، هەر ئەو دەمە بڕیارمان دا پێچ

بکەینەوە و بگەڕێینەوە نێو کاغەز و نووسین و لەبەرامبەر تەلەفزیۆن بـەدوای بابەتەکانی ئەم بۆنەیە بچین، دواتر بیخەینە سـەر کاغەز باشـترە لـەوە گوێ لـە هەندێ بروسـکە و پیرۆزبایی رابگرین، کـە هەندێکیان هی ئەوە نیـن بخرێنە نێـو لاپەڕەکانی مێـژوو، دیارە هەندێکیان پەیوەندییان بەم (٤٩ و ٥٠) ساڵەیە هەیە کـە لەسـەرەوە نووسـیومانە و لێرەدا سەرنجی خوێنەرانمان بۆ ئەو خاڵە رادەکێشین ئایـا (**خەبـات**) بەر لـە (٤٩) سـاڵ دەرچووە یـان (٥٠). ئەوەتـا زۆر لەو بروسـکانەی لە تەلەفزیۆن گوێمان لێی بوو ئەو چاوپێکەوتن و بابەتانەش کە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەیەی ئەمرۆ دەیانخوێنمەوە وا ئاماژەیان بۆ تەمەنی رۆژنامەکـە دەکـرد گوایـە پێش (٥٠) سـاڵ دەرچووبـێ کەچی لە راسـتیدا ئێمە کە یادی (٥٠) سـاڵە دەکەینەوە مانای ئـەوە ناگەیەنێ کە لەم رۆژی یادکردنەوەکەی (**خەبات**) (٥٠) سـاڵی بەسەر تەمەنیدا تێدەپەڕێنی، بەڵکو لەم رۆژەدا (٤٩) ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێنێ و بە درێژایی سـاڵی داهاتوو تا ٤/٤ /٢٠١٠ دەکات ساڵیادی رۆژنامەکە دەکاتە (٥٠) ساڵ.

ئەوەش کە لێرەدا دەیکەینە (**دیاریی ژمارە**) دانەیەکی دانسقە و دەگمەنی رۆژنامەکەیە کە لـە رۆژانی شۆڕشـی ئەیلـول و لاپەڕەکانی لـە نـاو ئەشـکەوت و لـە پەنا تاشـەبەردی شاخەکانی کوردستان تایپ کراوە، وەکو لە ل (٨)ی رۆژنامەکەش نووسـراوە ئەم ژمارەیە بۆیە وا چاپ کراوە چونکە گرفتێکی هونەری لـە چاپخانەکەیانـدا هەبـووە ئەگینا ئەوسـا (**خەبات**) نـەک هەر چاپخانەی خۆی هەبووە، بەڵکو کارمەندانی سەر چاپخانەکە و ئەوانەش کە بابەتەکانیان تایپ کردووە ئەوەندە دڵسۆز و ئاگاداری کارەکەیان بوونە وەکو (**عوسمان پیـرداود**)ی هاوکارمان هەندێ لەو ژمارانەی لە لامان بینیوەو پێی وایە:

رۆژنامەکانی ئەوسـا، بەم کەم توانایی و بەم هەمووە دەردی سـەرییەوە. تەکنیکەکانی کاری رۆژنامەنووسییان زۆر لەوانەی ئێستا باشتر تێدا بەکاربراوە.


خەبات
لسان الحزب الديموقراطي الكردستاني
العدد ٤٧٧ نيسان ١٩٦٥ الثمن (١٠٠ فلس)

خەبات/ ١٩٦٥


المجد والخلود لشهداء شعبنا الابرار بيوم الشهيد الخالد
خەبات
النضال
الافتتاحية

خەبات/ ١٩٧٤

ژمارەکەی دیکەی (**خەبات**) هی قۆناغێکی دیکەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیە، واتە لەساڵی (١٩٧٤)ی کۆتایی شۆڕشی ئەیلول بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەیە (**نەوزاد عەلی ئەحمەد**)ی هاوکارمان بەناوونیشانی (**قۆناغێکی فەرامۆشکراوی خەبات**) ئاماژەی بۆی کردووە، قۆناغەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی کردۆتە حەفت قۆناغ، بەڵام نەدەبووایە ئەو قۆناغەی بە (**فەرامۆشکراو**) دابنایە، چونکە ئەگەر خەڵکی دیکەش نەزانن کاکە نەوزادمان لە هەموو کەس باشتر دەزانێ چەندە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە بە پەرۆشین و دەتوانین بڵێین کەسێک شک نابەین ئەوەندەی ئێمە ئەو هاوکارەمان هان بدات تا لەدەرەوە هەموو ژمارەکانی (**خەبات**)مان بۆ بدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەوەتا کاکە (نەوزاد)مان وا ئاماژەی بۆ دەکات گوایە لەم قۆناغەدا (١٠) ژمارەی لێ دەرچووبێت، بەڵام ئێمە دەڵێین لەراستیدا (١١) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونەمان دەقی نمایشێکی ژمارە (٥٢٧)ی (**خەبات**)ە کە کاتی خۆی لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بەم دواییانە (**وریا جاف**)ی هاوکارمان لەسەر کاسێت چنگی کەوتبووەوە و پێشکەش بە ئێمەی کردبوو، ئێمەش بۆ (**ئازاد عوبێد**)ی هاوکارمان نارد، تا ئەویش بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی ڕۆژنامەکە لە دووتوێی نامەی ماستەرەکەی بەناوونیشانی (**کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی**) دابڕێژێ، دەکرێ هاوکارمان نەوزاد و خوینەران بەسەر لاپەڕە (٢٦٤)ی نامەی ناوبراودا بچنەوە کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە: لەوێدا ئازاد دەڵێ: **((ژمارە (٥٢٧) لەکۆتایی شوباتی ١٩٧٥دا دەرچووە بەڵام دوای نسکۆ، بەژمارە (٥٢٦) لە ١٩٧٦/٧/١ دەستی پێکردۆتەوە ژمارە (٥٢٧)یشی لە ١٩٧٦/٨/١٦ بووە، کەواتە دیسان هەڵەیەکی دیکە کەوتۆتەوە زنجیرەی ژمارەکانی (خەبات))، دیارە پێشتریش ئێمە لە (رابەری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) باسیمان کردووە و کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین**

**تێبینییەکی دیکەم لەسەر بۆچوونەکانی نەوزاد لەسەر قۆناغەکانی ناوبراو لەسەر ڕۆژنامەکە قۆناغی سێیەمە، کە ئەو وا ئاماژەی بۆ کردووە، گوایە: (هەردوو باڵەکەی پارتی لە ژمارە ٤٧٤ دەستیان بە دەرچوونی خەبات کردووە، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ باڵی بارزانی تێکەڵاو بووە. خەبات ـ ەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی وەستاوە و درێژە بە زنجیرەی ژمارەکانی خەبات ـ ەکەی باڵی بارزانی درا. دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە بریتییە لە ژمارە ٥١٦))**

هەرچەند بەسەرپێیش بێت ئێمە دەڵێین ئەو (**لە**)ی پێش ژمارە (٤٧٤)ەکەی سەرەوە لەوانەیە (**بە**) بووبێ و بە چاپ بووبێتە (**لە**)، بەڵام دەبێ هەموو لایەک بزانن ئەو ژمارە (٤٧٤)ی کاک نەوزادا ناوی لێناوە (**باڵی بارزانی**) لەساڵی ١٩٦٤ دا دەرچووە هەرچی ژمارە (٤٧٤)ەکەی ئەوەی ناوی لێ نراوە باڵی مەکتەبی سیاسی لە شوباتی ساڵی (١٩٦٦)دا بە زمانی عەرەبی دەرچووە و (**السنة الثامنة**) یەکیشی لەتەک نووسراوە. هەروا بێتەوە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (**خەباتی کوردستان**) وەکو دەورەی دووەم دەرکردووە و ژمارەیەکی ساڵی یەکەمی لە مارتی (١٩٦٦) دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها باڵەکەی مەکتەبی سیاسی تا ساڵی (١٩٦٨ یان ١٩٦٩) تەنیا (١٠) ژمارەیان لەژێر ناوی (**خەبات**) دەرکردووە، دواتر کە ئیمتیازی ڕۆژنامەی (**النور**) یان وەرگرتووە هەردوو ڕۆژنامەکەیان راگرتووە. کەواتە (**خەبات**)ەکەی ئەم باڵە هیچ پەیوەندییەکی بە تێکەڵ بوونەوە نییە بەڵکو باروزروفێکی سیاسی ئەوێ ڕۆژێ وای کردووە ڕۆژنامەکە بەم ناوە رابگیرێت.

بابەتێکی دیکەی جێی هەڵوەستە لەسەر کردن هاوکارمان (**فەلەکەدین کاکەیی**) لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (K21)ی ساڵی ٢٠٠٩ بەناوونیشانی (خەبات فی حیاتی) و بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

هاوکارمان لە ل (٤٩٥)دا نووسیویە (**أذ يذكر ان الصدور اليومي للتأخي باللغة**

**العربية، مع ملحق اسبوعي بالكوردية، قد جاء ثمرة من ثمار إتفاقية ٢٩ حزيران ١٩٦٦وكانت الأتفاقيه تخول الحزب الديمقراطي الكردستاني اصدار جريدة يومية، أرادها الحزب ان تكون استمرارية لجريدة (خەبات) و بنفس الاسم، لكونها كانت لسان حال الحزب، إلا ان تعذر ذلك قانونيا أنذاك، لان امتياز (خەبات) كان مسجلا باسم استاذ أخر لم تشأ اعادة حقه الى الپارتي و هكذا اضطر الحزب الى البحث عن اسم مناسب أخر مكان (التآخي).**

لە شوێنێکی دیکەشدا دەنووسێ:

**((و كانت (التآخي) خلال ١٩٦٧ ـ ١٩٧٤ بديلا و استمرارا ل (خەبات) و إذاعة صوت كردستان))**

نووسەر دوای ئەوەی پاساو بۆ ئەو بۆچوونەی دێنێتەوە ئینجا دەڵێ:

**(مامعنا ان جريدة (التآخي) صدرت عام ١٩٦٧ بديلا لجريدة (خەبات) و استمرارا لها، كذلك للأذاعة... علما ان (التآخي) لم تذكر رسميا، ولم تسجل في صدر صفحتها الأولى بأنها لسان حال اى حزب (مع ان الجميع يعرفون ان الپارتي يصدرها):**

بەڕاستی لای من نەک هەر بە گوناهێکی گەورە بەڵکو بەتاوانیش دادەنرێ لێ بگەڕێم یەکێکی وەکو هاوکارمان فەلەکەدین کاکەیی وەکو خۆی دەڵێ ماوەی (٥٠) ساڵ بێ لەگەڵ (**خەبات**) بەردەوامی هەبووبێ و ماوەیەکیش (**سەرنووسەر**)ی ڕۆژنامەکە بووبێ و کە ئێستاکەش تامی (**الحلاجيات**)ی گۆشەی (**التآخي**) سەرەتای حەفتاکانی لەسەر یەکێکی وەکو من مابێ لای من نەک هەر گوناهێکی گەورەیە بەڵکو تاوانە لێ بگەڕێم هەر ئاوەها تێبپەڕێ، بۆیە دەڵێم براکانم: بەهیچ شێوەیەک (**التآخي**) جێگرەوەی (**خەبات**) نەبووە، بەڵکو لەو کاتەی (**التآخي**) لەبەغدا دەرچووە (**خەبات**) هەرگیز نەوەستاوە بەڵکو لە شاخ هەر بەردەوام بووە. پاشان ئەو (**استاذ**)ە کە ئێوە بە بێ ناوهێنانی ئاماژەی بۆ دەکەن گوایە ئیمتیازی ڕۆژنامەکەی نەداوەتەوە خاوەنەکەی کە (**پارتی**) بووە، ئەوا لێرەدا بەڕاشکاوی دەڵێم: ئەو لە ساڵی (١٩٦٠) و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی ئەو حزبە لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان بە هەموو لایەک بڕیاریان داوە (**پارتی**) ڕۆژنامەیەک بەناوی(**خەبات**) دەربکات و مامۆستا (**ئیبراهیم ئەحمەد**)یش داوا لە وەزارەتی ئیرشاد بکات ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیان بۆ بکاتە (**کوردستان**) ئەوەبوو دواتر ئەو داوایە جێبەجێ کرا. مامۆستا (**برایم**) لەیەک کاتدا بە (**سەرنووسەر**)ی (**خەبات**) مایەوە و خاوەنی ئیمتیازی (**کوردستان**)یشی وەرگرت کە (**سەرنووسەر**)ەکەی (**جەلال تاڵەبانی**) بوو و تاوەکو ئەمڕۆ ئەوەی زانراوە (٥) ژمارەی لێ دەرچووە، هەروا بێتەوە حکومەت ئیمتیازی (**التآخي**) نەداوە گوایە ڕۆژنامەکە بە عەرەبی بێ و (**ملحق**)ێکی بەزمانی کوردی بێت، پێم وایە لە قانوون و ڕێسای هیچ حکومەتێکیش نییە، ئەگەر حکومەت بێ، خوای دەکرد ئەو حکومەتە هی هەر ڕژێمێک دەبوو، ئیمتیازی ڕۆژنامەیەک بدات بە زمانێک بێ و (**ملحق**)ەکەیشی بەزمانێکی دیکە بێت، براکانم چ ئیمتیازی ڕۆژنامەی (**خەبات**)ی ساڵی ١٩٥٩ و چ ئیمتیازی (**التآخي**) ساڵی ١٩٦٧ وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی و عەرەبی بووە، خوێنەران دەتوانن بۆ وردەکاری ئەم جۆرە بابەتانە بگەڕێینەوە سەر لێکۆڵینەوەی (**دەبێ ڕۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەک ١٩٦٧/٥/٦ ساڵیادی ڕۆژنامەی (برایەتی بێ..!!)** کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) ٢٢ ی نیسانی ٢٠٠دا بڵاوکراوەتەوە.

دیارە چەندەی قەڵەم بەسەر کاغەزدا بهێنین ئەوەندە ڕاست کردنەوەی هەڵەت و پەڵەتەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بۆیە زۆر بەپەلە ئەو چەند خاڵەتان بۆ ڕادەگوازم کە کاتی خۆی بە ئیمزای (ع ـ ز ـ ڕەفیق ساڵح) لە ل (١٤٠ ـ ١٤١)ی ژمارە (١١ ـ ١٢)ی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکراوەتەوە کەتیایدا هاتووە:

**خەبات النضال: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە.**

**خاوەنــی ئیمتیاز و ســەرۆکی نووســین:** ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر
**چۆنیەتــی دەرچــوون:** ماوەیــەک پچڕپچــڕ، دواتر، رۆژانە
**پێوانــە:** (٢٨،٥×٤٢،٥)ســم و (٤×١٦) لاپەڕە، (٣٧×٤٩) سم و (٤ ـ ٨) لاپەڕە (٤٤×٥٦،٥)سم و (٤ ـ ٦) لاپەڕە.
**چاپخانــە:** (نجاح، بغداد، التمــدن، الرای العام، صلاح الدین).
**شوێنی دەرچوون:** بەغداد
**زمــان:** عەرەبی، کــوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو)
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:** ٤٦٢ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە
ژمارە ١ی، ســاڵی ١ لە شەمەی ١٩٦١/٤/٤دا بڵاوکراوەتەوە.
ژمــارە ٤٦٢ی لــە ٢٨ مارتــی ١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە.

**(جەبــار جەبــاری)** لــە کتێبــی مێــژووی رۆژنامەگــەری کــوردی دا لــەو بارەیــەوە نووسیویە:

**(رۆژنامەیەکی رامیاری رۆژانەیە).**

خاوەن و ســەرۆک نووســەری: ئیبراهیم ئەحمــەد بوو بــە زمانی کــوردی و عەرەبی لــە بەغدا دەری دەکرد، **(یەکــەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیــە لــە رۆژی ٧ی نیســانی ١٩٥٩ بە شێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە).**

پاشان نووسویە:

(لــە ســاڵی ١٩٦٠ خاوەنــی رۆژنامەکــە پارێزەر ـ ئیبراهیم ئەحمەد ـ درا بە ئەنجومەنی عورفــی لەســەر وتارێک کــە پەیوەنــدی بە مادەی (٣)ی دەســتوری کاتی عێراقەوە بوو، وە لــە ئەنجامــی مەحکەمە کردنیــا لە رۆژی ١٩٦٠/١٢/١١ بریــاردرا کە رۆژنامەی خەبات لەو ووتارە کە لەسەری درابووە دادگا تاوانبار نییە و بیروڕاکەی دروســتە و لە چاوگەیەکی خاوێنەوە هەڵقوڵاوە.

دوای تێکۆشــانێکی دووســاڵی نزیکــەی (٤٤٢) ژمارەی بەرێک و پێکی وە بە ئاشــکرا دەرچوو. وە لەنیوەی یەکەمی ســاڵی ١٩٦١دا بــە یەکجــاری داخــرا و چاپخانەکەیشــی **(چاپخانــەی صلاح الدین)** لەلایــەن میرییەوە، دەستی بەسەردا گیرا و زەوت کرا).

**(جەمال خەزنەدار)**یش پێی وایە:

**(خاوەنــی ئیمتیاز و ســەرۆک نووســینی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بووە).**

**(عەلائەددین ســەجادی)**یش لــە بارەیەوە نووسیویە:

**(رۆژنامەیەکــی پیلانــی رۆژانــە بــوو، لــە بەغــدا لــە چاپخانــەی ـ النجــاح ـ یەکــەم ژمارەی لــە (١٩٥٩/٤/٤)دا دەرچووە. خاوەن و سەرنووســەری ئیبراهیــم ئەحمــەد بووە، دواژمــارەی لــە رۆژی ١٩٦١/٣/٢٨دا دەرچــووە، تێکڕای ٤٦٢ ژمــارەی دەرچووە، ئەوەنــدە هەبــووە لــە ژمــارە ١٤ بــەم لاوە بەزمانی عەرەبی دەرچووە لەپاڵ ووشــەی ـ خەبات ـ دا وشەی ـ النچال ـ نووسراوە).**

(د. کەمال مەزهەر)یش نووسیویە:

**(ئۆرگانــی ئاشــکرای ـ پارتــی دیموکراتی کوردســتان ـ بوو، ســەرەتا چەند ژمارەیەکی کەمــی بەکوردی و عەرەبــی دەرچوو، دوایی هەمــووی بــووە عەرەبــی بێ ئــەوەی ناوی بگــۆڕێ ـ تا داخســتنی (٢٨ ی مارتی ١٩٦١) ٤٦٢ ژمــارەی لێ دەرچوو، ســەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینــەوەی زۆر رووی مێژووی کورد)**

(حەمە ساڵح فەرهادی)یش نووسیویە:

**«بــە زمانــی کــوردی و عەرەبــی بڵاوکراوەتەوە.**

**زمانــی ئاشــکرای پارتــی دیموکراتــی کوردستان بووە.**

**مێــژووی ماوەپێدانــی: لــە ١٩٥٩/١/١١ ماوەی دەرچوونی دراوەتێ**

**مێــژووی داخســتنی: لــە ١٩٦١/١٠/٢٨ بەڕەسمی داخراوە»؟**

**(وریــا جاف)**یــش لــە کتێبــی **(مێــژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان)** دا نووسیویە:

**(ئۆرگانــی رەســمی پارتی بــوو، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووســەری پارێــزەر ئیبراهیم ئەحمەد بوو)** ئینجا نووسیویە:

(لەسەرەتادا ١٤ ژمارەی بەزمانی کوردی

**لێ بڵاوکراوەتەوە).**

سەربارى ئەو زانیارییانەى لەسەرەوە نووسیومانە، بە پاڵپشتى بابەتى (**دادگایى کردنى خەبات**) کە لە ژمارە (٢، ٣، ٤) ى (**رۆژنامەڤانى**)دا بڵاوکراوەتەوە دەکرێ بنووسین:

١. بەر لەدەرچوونى ئەم رۆژنامەیە لە ١٩٥٩/٤/٤ (**پارتى دیموکراتى کوردستان**) رۆژنامەیەکى دیکەى بەناوى (**خەبات**) دەرنەکردووە. واتە ناوى (**رزگارى**) یەکسەر نەبۆتە (**خەبات**) بەڵکو (**خەباتى کوردستان**) بووە.

٢. سەرەتا پارتى دیموکراتى کوردستان بەرەسمى هیچ پەیوەندییەکى بەم رۆژنامەیەوە نەبووە، بەڵکو ئیمتیازەکەى بەناوى ئیبراهیم ئەحمەد بووە و هەر خۆیشى سەرنووسەرى بووە.

٣. دواى ئەوەى پارتى بەرەسمى مۆڵەتى کارکردنى پێدراوە، ئینجا ئیمتیازى رۆژنامەکە خراوەتە سەرناوى خۆى، (**ئیبراهیم ئەحمەد**) یش سەرنووسەرییەکەى لە ئەستۆ بووە.

٤. (**خەبات**) لەسەر ئەو وتارە دراوەتە دادگا کە لەبارەى مادەى (٢)ى دەستوور نووسرابوو، کە دەڵێ (**العراق جزء من الامة العربیة**)، نەک لەسەر مادەى سێیەم کە عەرەب و کوردى لە عێراق بەهاوبەشى داناوە.

٥. (**خەبات**) سەرەتا (٥) ژمارەى بە کوردى لێ دەرچووە و دواتر (٢) ژمارەى بە عەرەبى و (٢)ى دیکەى بە کوردى و جارێکى دیکە بە زمانى عەرەبى و پاشان یەک لەدواى یەک رۆژانە (١٠) ژمارەى بە کوردى دەرچووە، هەر بەم شێوەیە تا ژمارە (١١٢) پێداچووە، وەکو خۆم حیسابم کردووە ٤٢ ژمارەى بەزمانى کوردى لێ دەرچووە، نەک وەک ئەوەى هەندێ لە نووسەران و تەنانەت ئەو (**مام سەفەر**)ەش، کە کاتى خۆى لە چاپخانەى رۆژنامەکە کارى کردووە، گوتویەتى (١٤) ژمارەى بەزمانى کوردى لێ دەرچووە، دیارە ئەو زانیارییانەى دیکە هەمووى هەڵەى زەقن.

٦. لە شۆڕشى ئەیلول دا جارێکى دیکە رۆژنامەى (**خەبات**) بە ژمارەى (٤٦٥)ى لە نیسانى ١٩٢٦ دەست بەبڵاوکردنەوەى کراوەتەوە، لێرەدا ئێمە پێمان وایە یان کاتى خۆى دوا ژمارەى ئاشکراى (**خەبات**) ٤٦٤ بووە، یان ئەوەتا هەڵەیەکى دیکە لەزنجیربەندى رۆژنامەکە کراوە، ئەم جۆرە هەڵەیەش زۆر لە رۆژنامەنووسیى کوردیدا دووبارە بۆتەوە.

٧. دواى دووبەرەکییەکەى ساڵى ١٩٦٤دا، پارتى بەسەرۆکایەتى مەلا مستەفا و ئەوانەش کە بەناوى مەکتەبى سیاسى لێى جیابوونەوە، هەر لایە رۆژنامەیەکى بەناوى (**خەبات**) وەک ئۆرگانى خۆى بڵاودەکردەوە، بۆ نموونە ژمارە (٤٧٤)ى کە بەسەرۆکایەتى مەلا مستەفا بووە لە ١٩٦٤دا بڵاوکراوەتەوە، هەرچى لایەنەکەى دیکەیە ژمارە (٤٧٤)ى لە ١٩٦٦دا بڵاوکراوەتەوە.

هەر بەم شێوەیە رۆژنامەکە (١٠) ژمارەى لێ بڵاوکراوەتەوە.


٨. دوا ژمارەى (**خەبات**) لەسەردەمى شۆڕشى ئەیلوول دا (٥٢٧) بوە، کە لە شوباتى ١٩٧٥دا بڵاوکراوەتەوە.

٩. دواى نسکۆى شۆڕشى ئەیلوول جارێکى دیکە (**خەبات**) بە ژمارە ٥٢٦ لە ١٩٧٦/٧/١ دەست بە بڵاوکردنەوەى کراوەتەوە، کەچى ژمارە (٥٢٧) لە ١٩٧٦/٨/١٦دا دەرچووە، کەواتە جارێکى دیکەش هەڵەیەک لە زنجیربەندى رۆژنامەکە کراوە.

١٠. ئەو کاتەى (**خەبات**) دراوەتە دادگا، (**ئیبراهیم ئەحمەد**) تەنیا سەرنووسەرى رۆژنامەکە بووە، نەک خاوەن ئیمتیازى.

**شەهید لەیلا**

پێم وانییە پێشتر لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسى ئەو بڵاوکراوەیە کرابێ، ئەگەر هاوکارمان ئازاد عوبێد لە نامەى ماستەرەکەى ئاماژەیشى بۆى کردبێ لەو بڕوایەدام نە گۆڤارەکە و نەهیچ سەرچاوەیەکى لەبەردەست نەبووە، وادیارە هاوکارمان رەفیق ساڵح بەم دواییانە یان فۆتۆى یان ژمارەیەکى ئۆرژینالى چنگ کەوتووە، بەم دواییانە کە چوومە (**بنکەى**




**ژین)** و لەگەڵ هاوکارانم لەسەر سیدییەکانی بنکە بۆ د. مارف خەزنەدار بەدوای هەندێ رۆژنامەی کۆپیکراوی ساڵانی شەستەکان دەگەڕاین، بە رێکەوت ئەو بڵاوکراوەشیان بۆ خستینە سەر **(فلاش میمۆری)**یەکەمان وادیارە لەگەڵ مامۆستا رەفیق لەبەرامبەر ئەو ناوە نووسیومانە:

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیرییە، ئۆردوگای شەهید لەیلا دەری دەکات.

**جێگا:** ئۆردوگانی شەهید لەیلا
**چاپ:** تایپ و رۆنیۆ
**پێوانە:** فولسکاب
**زمان:** کوردی **(کرمانجی باشوور)**
**رێنووس:** عەرەبی
**ژمارەکان:** ژمارە ١، ساڵی یەکەم ١٩٧٤

ئەوەی شایانی باسە، **(خەبات)**ە فەرامۆشکراوەکەی هاوکارمان نەوزاد عەلی ئەحمەد لە لاپەڕە یەکیدا لەژێر ناوونیشانی **(الطغمة البعثية الحاكمة تنفذ حكم الاعدام خمسة من رفاق حزبنا)** بڵاوکردۆتەوە.

لەوێدا دەزانین پێنج شەهیدەکەی ئەوسا ئەوانە بوون:

جگە لە لەیلا قاسم، کە لەوێدا ناوی باوکی بە حەسەن تۆمارکراوە، ئەو شەهیدانەش ناویان هاتووە:

نەریمان فوئاد مەستی، ئازاد بایز سلێمان میران، جواد مراد هەمەوەندی، حەسەن حەمە رەشید


ئەوەی شایانی باسە یەک لەو دوو کەسەی لەسەرەوە ناویان هاتووە کاتی خۆی لەو چاپخانەیەی (سەلاحەدین)ە کاری کردووە کە (خەبات)ی پێ چاپ کراوە.


### باوەگوڕگوڕ

لە ژمارە (١٥)ی (رۆژنامەنووس)دا ژمارە (١)ی گۆڤارێکمان بەناوی (باباگوڕگوڕ) بڵاو کردۆتەوە، لەوێدا نووسیومانە ژمارە (٢)یشی گوایە لە ساڵی ١٩٧٤دا لە تەوێڵە دەرچووە، هەرلەوێدا ئومێدمان خواستبوو نەوزاد عەلی ئەحمەدی هاوکارمان کە دەچێتەوە سوید گفتەکەی خۆی بەجێبێنێ و ژمارە (٢)کەیمان بۆ بکاتە **(دیاری ژمارە)** بەراستی خۆشە کە ئەو هاوکارەمان زوو بە زوو گفتەکەی خۆی هێنایە دی، بەڵام هەقتانە بپرسن چۆن؟

ئەوەتا ئەو بڵاوکراوەیەمان ژمارە (٣)یە نەک (٢) وەکو پێشبینیمان کردبوو هەروەها ناوەکەی (باوەگڕگڕ)ە نەوەک **(باباگوڕگوڕ)** کە لەسەر سینگی ژمارە (١) نووسراوە، لەلایەکی دیکەوە دەمەوێ ئەوە بەبیر خوێنەران بێنمەوە کە لەژمارە (٢)ی گۆڤاری **(نەوشەفەق)**ی ئایاری (٢٠٠٣)دا ئێمە لەژێر ناوونیشانی **(شەفەق و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردی لە کەرکووکدا)** بڵاوکردۆتەوە و لەوێدا نووسیومانە باباگوڕگوڕ سەرنووسەری زاهیر رۆژبەیانی سەرنووسەری بووە. بەقسەی سەرنووسەر (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە قەوارەی بەتاڵ بووە، دیارە ئەو ژمارە (١٠)یەمان لەسەرەوە نووسراوە دەبێ هەڵەی چاپ بووبێ و لەئەسڵدا ژمارەکە (٥) بووبێ کە لەسەرچاوەکەمدا وا نووسراوە و سەرچاوەکەشم ژمارە (٤)ی باوەگوڕگوڕی ئاداری ١٩٩٧ بووە.

بەڵام دواتر هاوکارمان **(وریا جاف)** دڵی بەم




زانیارییانەی ئێمە ئاوی نەخواردۆتەوە و زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوە لە ژمارە(٥)ی گۆڤاری (نەوشەفەق)ی تەموزی ٢٠٠٤دا لەبارەی ئەم بڵاوکراوەیەی (باباگوڕگوڕ) ئێمەشی بەسەر چیغ بردووە، کاتێ دەنووسێ:

((بەهەر حاڵ چونکە باش ئەو ڕۆژانەمان لەبیرە و لەنزیکەوە ئاگاداری دەرچوونی ئەم گۆڤارە بووین تەنانەت (٢) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە نەزۆر نەکەم.

لەژمارەی یەکەمی کاک زاهیر ڕۆژبەیانی بەشداربووە بەڵام لە ژمارە (٢) بەشداری نەکردووە چونکە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو کەرکووکی بەجێهێشت و لە سنووری لقی (٣) بوو کاک محەمەد عەزیز لەساڵی ١٩٧٣ تا نسکۆکەی ١٩٧٥ بەرپرسی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوو))

پاشان دەنووسێ

((ئەبێ ئەوەش بڵێم لە ئازاری ١٩٧٤ شارەکانمان بەجێهێلا و چووینە ناو شۆڕشی ئەیلوول بەڕابەرایەتی بارزانی نەمر لقی کەرکووکی ی.ق.ک لەنێوان چەمچەماڵ - ئاغجەلەر - ڕانییە لەمانگی ئابی ئەو ساڵەدا لە (تەوێڵە) دامەزرا تا نسکۆکە من کاتبی لق بووم. بڕیار درا ژمارە (٣)ی گۆڤاری باباگوڕگوڕ بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە هەرچی هەبوو کۆکرایەوە و من چوومە کرماشان (ستنسڵ)م کڕی و ئامادەی چاپ کردنی بووین بەڵام لەبەر هۆیەکی مەوزوعی بڵاونەکرایەوە جارێکی تریش دووپاتی ئەکەمەوە گۆڤاری باباگوڕگوڕ تەنیا و تەنیا (٢) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە)) لێرەدا ئەوەندە دەڵێم لەبەرامبەر ئەو نووسینە و ئەو چاکەیەی کە هاوکارمان نەوزاد عەلی ئەحمەد لەگەڵی کردووین حەپەساوم.

ئەوەی شایانی باسیشە ناوەکەی بە (باوەگوڕگوڕ)ی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە بەڕەنگی (سوور) نووسراوە.

بۆ زیاتر زانیاری و دەقی ئۆریژناڵەکانی ئەم بڵاوکراوانەی کە لێرە باسیان کراوە، لە لاپەڕە (٢٠٥-٢٦٠)ی ئەم ژمارەیەی (ڕۆژنامەنووس) بخوێنەوە.

سوپاس بۆ هاوکارمان (عوسمان پیرداود)، کە ئەو بڵاوکراوانەی بۆ سکان کردووین.

# مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا

## (چەمک، مێژوو، یاسا و ئاکارەکانی)



**کارزان محەمەد***

**پێرستی توێژینەوەکە**

**بەشی یەکەم: چەمکی خاوەندارێتی و مافی دانەر**
١-١: لەڕووی زانستی زمانەوانی
١-٢: لەڕووی زانستی یاسایی
١-٣: لەڕووی زانستی ڕۆژنامەنووسیی

**بەشی دووەم: مافی خاوەندارێتی لە ئینتەرنێتدا**
٢-١: پەیدابوونی ئینتەرنێت
٢-٢: کورتەیەکی مێژوویی مافی خاوەندارێتی
٢-٣: پێشێلکاری مافی خاوەندارێتی لە ئینتەرنێتدا

**بەشی سێیەم: نەهێشتنی پێشێلکاری مافی خاوەندارێتی**
٣-١: یاسا و ئیتیکە خۆجێییەکان (کوردستان بەنموونە).
٣-٢: یاسا و ئیتیکە دەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان (عیراق، ئێران، کوەیت و ئەردەن بەنمونە)
٣-٣: یاسا و ئیتیکە نێودەوڵەتییەکان .

## بەشی یەکەم: چەمکی خاوەندارێتی و مافی بەرهەم

١-١: لەڕووی زانستی زمانەوانی
١-٢: لەڕووی زانستی یاسایی
١-٣: لەڕووی زانستی ڕۆژنامەنووسیی

مەبەســت لــە چەمکی مافی خاوەندارێتــی یاخود مافی خاوەندارێتــی (Property Rights In media) لــە ڕاگەیاندنــدا، بەگشــتی دەربــارەی ئــەو مەســەلانەیە کە پەیوەندییــان بە خاوەندارێتی هەموو چەشــنە بەرهەمێکی ئــەو بوارەوە هەیە، لەســەر ئــەو بنەمایە مافێــک بۆ زادە و خاوەنــی بەرهەمەکــە دەستنیشــان دەکات کــە هەموو تاکەکانــی کۆمەڵــگا و ئامرازەکانی ڕاگەیانــدن (**ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت**) ناچارن ڕەچاوی بکەن.

زۆرینەی ئەو وڵاتانەی یاســای تایبەت بەڕاگەیاندنیان هەیــە، بــۆ ڕەچاوکردنی ئــەم مافــە لەلایــەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنــەوە، یاســای موڵکایەتــی یاخــود خاوەندارێتی بەرهەمیــان هەیــە کە تا بەرلــە پەیدابوونــی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی نێتــۆرک (Network) شــیاوی پراکتیزە کردن بوو، بەڵام ئەمڕۆ مافی خاوەندارێتی لە بواری ئینتەرنێتدا، ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆتەوە.

لــەم کورتــە توێژینەوەیــەدا، ســەرەتا پێناســێکی مافــی خاوەندارێتــی، مێــژووی پەیدابــوون و هــۆکاری گرنگییەکەی دەکەین، پاشان ئەم مافە لە بەڵگەنامە و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا شــرۆڤە دەکەین کە هەوڵی تایبەتکردنی مافی خاوەندارێتی بۆ خاوەنەکەی دەدەن.

> - **زۆرینــەی ئــەو وڵاتانەی یاسای تایبەت بەڕاگەیاندنیان هەیە، بــۆ ڕەچــاوکــردنــی ئەم مافە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگــەیــانــدنــەوە، یاسای مــوڵــکــایــەتــی یــاخــود خاوەندارێتی بەرهەمیان هەیە.**

> - **ئەمڕۆ مافی خاوەندارێتی لە بــواری ئینتەرنێتدا، ڕووبــەڕووی چەندین کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆتەوە...**

### ١-١: لەڕووی زانستی زمانەوانی:

مافی خاوەندارێتی لە زانســتی زمانەوانی هاوچەرخدا، چەندین پێناسی جۆراوجۆری بۆکراوە، بەومانایەی زانستی زمانەوانی کە زادەی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، لەهــەر وڵاتێکدا بەجۆرێک و بەشــێوازێک شــرۆڤە کراوە، لەهەمانکاتدا چەندین ئینســایکلۆپیدیا (encyclopedia)و فەرهەنگ هەن کە لەسەر ئاستی جیهان، جێگەی بایەخن و هەر پێناس و شرۆڤەیەکی دووتوێی ئەو ئینسایکلۆپیدیایانە، جۆرە خەسڵەتێکی گلۆباڵیانەشیان وەرگرتووە.

لەو وڵاتانەی ئینگیزی تیایدا زمانی ڕەســمییە زاراوەی لەبەرگرتنــەوە (Copy Right)، لــە ئەڵمانیــا زاراوەی (urheberrecht) کە بەمانای (**مافی نووســەران**) دێت و لــە فەرەنســاش زاراوەی (droit dauteur) کــە بەمانای خاوەندارێتــی بەرهەم دێت، لەبری مافــی خاوەندارێتی لە دەزگاکانــی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت و ئاماژەیە بۆ ئەو مافــەی کە کەســێک یاخود لایەنێکی مەعنەوی ســەبارەت بەبەرهەمێکی خۆی هەیەتی[١].

ئینسایکلۆپیدیای ناسراو بە ویکیپیدیا بەم چەشنە پێناسی کــردووە: مافەکانی بەرهــەم دەگەڕێتەوە بۆ دانەرەکەی و ســەرجەم مامەڵەکردنێکیــش لەگەڵ بەرهەمــدا تەنیا مافی


ڕۆشنبیری

دانـەرە[٢]، هەروەهـا لە پەیڕەونامەی ڕێکخـراوی جیهانی خاوەندارێتی فکـری (WIPO) کە بەڕێکخراوێکی گڵۆباڵی هەژمار دەکرێت، بەم چەشـنە ئاماژە بە بواری زمانەوانی خاوەندارێتـی و دانەری بەرهەم کردووە: ئەو وشـەیە کە گوزارشت لەو مافە یاساییە دەکات کە دەدرێت بەکەسێکی خاوەن بەرهەم بەهۆی ئـەو چالاکیە فکرییانەی لە بواری پیشەسازی، زانستی، ئەدەبی، هونەری و. ئەنجامی داوە و بەرهەمێکی هێناوەتە ئارا[٣].

هەروەهـا هـەردوو پرۆفیسـۆر (**مالـۆر ئەسـتین و نیکلیل سـینا**) لە ئینسـایکلۆپیدیای (**میدیـای نوێی جیهان**) دا نووسـیویانە: مافـی دانـەر و موڵکایەتـی نووسـین بریتییـە لەبەخشـینی مافـی قۆرخکردنـی بەرهەمێـک بە خاوەنەکەی[٤].

لەهەمانکاتـدا (**عەلیـرەزا ئەکبـەری**) لـەو بارەیـەوە نووسـیویەتی: مەبەسـت لـە مافـی دانـەر و موڵکایەتـی نووسـین لەسـەرجەم ئامرازەکانی راگەیانـدن (**رۆژنامە، رادیـۆ، تەلەفزیـۆن، ئینتەرنێت**) بریتییە لە کۆمەڵێک یاسـا و بڕیـار کە لەو وڵاتەی بەرهەمەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، پراکتیـزە دەکرێت. بەواتایەکیتر، ئەم یاسـا و بڕیارانە ئەو مافە دەستنیشـان دەکات کە چ کەسانێک خاوەنی چ جۆرە مافێکـن و تا مـاوەی چەند ئـەو مافـی خاوەندارێتییەیان هەیە[٥].

ئەمـرۆش لەگەڵ گەشـەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ئامرازەکانـی بڵاوکردنـەوەدا، چەمکـی مافـی دانەر کە لەبەردەم هەڕەشـەی (**کۆپی ڕایت** Right Copy)دا زیاتر لەژێر فشـار دایە، لەڕووی پێناسی زانستی زمانەوانییەوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو تەنیا شێوەی مامەڵەکردنی تەکنەلۆژیاکانـی بڵاوکردنەوە لەگەڵ چەمکی مافی دانەر و خاوەندارێتی بەرهەمدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لێرەدا کە مەبەستمان لە ئینتەرنێت (Internet)ە،

> **ئـــەمــــرۆش لـــەگـــەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ئامرازەکانی بـڵاوکـردنـەوەدا، چەمکی مافی دانـەر کە لەبەردەم هـەڕەشـەی (کـۆپـی ڕایت Right Copy)دا زیاتر لەژێر فشار دایە...**

**١-٢: لەڕووی زانستی یاسایی:**

لەگەڵ هاتنەئارای نووسین لە چاخە کۆنەکاندا کە سەرەتا بە خەتی هیروگلیفی و بزماری دەسـتی پێکرد، هەڕەشـەی گواسـتنەوەی بیرۆک و بەرهەم یاخـود بەمانا نوێیەکەی ئەمـڕۆ (**کۆپـی ڕایـت** Copy Right) هاتۆتەئاراوە، واتا دەکرێ بڵێین لەگەڵ سـەرهەڵدانی نووسـین و خوڵقاندنی بەرهەمەکاندا، ئەم کێشەی کۆپیکردنەش لەدایک بووە.

یەکەمیـن ئەزموونی تۆمارکراوی مێـژووش لەبارەی ئازادی بیروڕا و گواستنەوەی بیرۆکەوە، لە دەوڵەتشاری یۆنان(CITE **یان** CITY **شـار**)دا بوو، ئەم دەوڵەتشـارە

نزیکەی (٢٥٠٠)هەزار ساڵ بەرلەئێستا، لەئەسینای ناوەندی وڵاتی یۆنان لەسەر دانیشتوانێکی نزیکەی(٣٠٠)هەزار کەسدا پیادەکراوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان گواستنەوەی بیرۆکە و زانست و بەرهەم، هێمایەک بووە بۆ پێشکەوتن و یاسا ڕێگای پێداوە چونکە لەو بڕوایەدا بوون هزر و زانست لەژینگەی ئازاددا پەروەردە دەبێت نەک لە ژینگەیەکی نەگونجاوی سەرکوتکەرانە و دیکتاتۆریدا[٦]. گەلێک سەرچاوەی دیکەی مێژوویی هەن کە تا بەرلە دەرکەوتنی ڕۆژنامە وەک یەکەمین ئامرازی ڕاگەیاندن، یاسای نووسراوی تایبەت بە مافی خاوەندارێتی و بەرهەمیش نەبووە.

لەهەمانکاتدا یەکەمین یاسای نووسراو کە بەشێوەیەکی زانستی لەڕوانگەی یاساییەوە جەختی لەسەر پاراستنی مافی دانەر و خاوەندارێتی بۆ خاوەن بەرهەم کردبێتەوە، بریتییە لە یاسای مافی دانەر یاخود یاسای ناسراو بەشاژن کە لە ساڵی (١٧١٠) لە بەریتانیا دارێژرا[٧]، لە بەندی یەکەمی ئەو یاسایەدا هاتووە کە بەرهەم موڵکی دانەرە و هەرجۆرە لادانێک لەو یاسایە، سزای یاسایی لەگەڵدایە.

هەروەها لە دەستوری ئەمریکاشدا بەم چەشنە پێناسی مافی دانەر کراوە ((**جۆرە پشتیوانییەکی یاساییە لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە ڕەسەنەکان بۆ خاوەنەکەی**))[٨]. لێرەدا مەبەست لەم پێناسەیە، پاراستنی هەموو مافێکی بەرهەمە بۆ دانەر یاخود خاوەنەکەی و پشتیوانی یاساییانەش بۆ پارێزگاری لەم مافە دەستنیشان کراوە.

د. محەمەد مشیریان لەو بڕوایەدایە کە مافی دانەر و خاوەندارێتی بریتییە لە ((**دانەر هەموو دەسەڵات و ئیمتیازاتێکی بەسەر ئەو بەرهەمەوە هەیە کە موڵکی خۆیەتی یاخود بەرهەمی هێناوە**))[٩].

لەهەمانکاتدا تێروتەسەلترین پێناس لەڕووی زانستی یاساییەوە بۆ مافی دانەر و خاوەندارێتی نووسین و بەرهەم خرابێتەڕوو، بریتییە لەو بەیاننامەی کۆتاییەکەی کە لە (٢٥) بیستوپێنجەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی دەزگاکانی چاپ و پەخش لە ساڵی (١٩٩٦) لە بارسلۆن بڵاوکرایەوە، بەپێی ئەو بەیاننامەیە مافی دانەر و خاوەندارێتی نووسین لەسەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (**ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت**) بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت:

**١- مافی مەعنەوی دانەر:** وەک مافی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی نووسین و بەرهەم، مافی قۆرخکردنی بەرهەم لەلایەن خاوەنەکەیەوە، بانگەشەکردن بۆ خاوەندارێتی بەرهەم لەلایەن خاوەنە ڕەسەنەکەیەوە، مافی گۆڕانکاریی لەهەرجۆرە دەستەواژە و پێکهاتەیەکی بەرهەمەکەدا، مافی کۆکردنەوە و لەناوبردنی بەرهەم لەلایەن خاوەنەکەیەوە.

**٢- مافی ماددی:** وەک مافی کۆپی ڕایت (Copy Right) بەهەرشێوەیەک بێ واتا بەشێوەی هەمیشەیی یاخود کاتی، مافی ڕێگەدان بەدەستڕاگەیشتن بەبەرهەمەکە، مافی دابەشکردن، مافی گواستنەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکە.

لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مافی دانەر بەشێکە لەکۆی ئەو مافانەی بەسەر بەرهەمێکەوە هەن، هەڵسوڕێنەرانی چاپکردن و دەزگاکانی چاپ‌ءپەخشی بەرهەمەکەش، بەپێی ڕێککەوتنامەیەکی ئیمزاکراو لە نێوان دانەر و دەزگای پەخشکاردا، مافەکانی هەردوولا دەستنیشان دەکرێن[١٠].

یاسای (**پشتیوانی مافی دانەر**)ی عیراقی ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٧١)یش هەر لە بەندی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم یاسایە پشتیوانی لە مافی دانەر دەکات لە بوارەکان ئەدەب، هونەرەکان و زانستەکانیتردا[١١].

لەکۆی ئەم نمونە و پێناسانەی لەڕووی یاساییەوە بۆ مافی دانەر لەهەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کراون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەروەک چۆن لە بوارەکانی وەک ماڵومولک، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا خاوەندارێتی و موڵکایەتی تایبەت هەیە و یاسا پشتیوانی لە خاوەنەکەی دەکات، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا بە

مۆدیلە نوێیەکەی، مافی دانەر لە نووسین و بەرهەمدا بەپێی هەڵکەوتەی یاسایی ئەو وڵاتەی تیایدا دەژی، بەمافێکی پارێزراو هەژمار کراوە.

**١-٣: لەڕووی زانستی ڕۆژنامەنووسیی:**

دەرکەوتنی بواری ڕۆژنامەنووسیی و فۆرمەڵەبوونی شێوازە زمانێکی تایبەت بەو مەیدانە، لەهەر وڵاتێکدا زادەی ئەو ڕێزمان و شێوازە زمانەوانییە بووە کە لەناوچەکەی یاخود لەوڵاتەکەی خۆیدا باو بووە.

هەروەک چۆن ستراکتوری یاسایی، سیستەمێک بە ژیانی کلتوریی و کۆمەڵایەتی دەبەخشێت، بڕیار و یاساکانی پەیوەندیدار بە مافی دانەریش بۆ ئۆرگانیزەکردنی شێوازی بڵاوکردنەوەیە، بەبێ بوونی یاسایەک بۆ پارێزگاری لە مافی خاوەندارێتی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، ئیدی داهێنان دەچێتە بازنەی چەقبەستنەوە، چونکە بەرهەم نابێتە موڵکی دانەر و ئەم بێ سیستەمییە، هێزی داهێنەرانەی مرۆڤ کەمتر دەکاتەوە(١٢).

بەومانایەی کرۆکی زۆرینەی ئەو دەستەواژە ڕێزمانییە ستانداردانەی پەیوەندیدارن بەمافی دانەر و خاوەن بەرهەمەوە، لەسەر ئەو گریمانەیە داڕێژراون کە ئەو بیروباوەڕە نوێ و هزرە داهێنەرانە کاتێک لەلایەن نووسەران و ڕۆژنامەنووسانەوە دادەهێنرێن کە دانەرەکانیان بتوانن لەڕووی داراییەوە سوود لە کارەکەی خۆیان وەربگرن، مافی کۆنترۆڵی کۆپیڕایتی بەرهەمەکەی خۆیان هەبێت(١٣).

لە فەرهەنگی زمانەوانی (**وایپۆ** (WIPO)(١٤) دەربارەی مافی مۆنۆپۆڵی بەرهەم یاخود خاوەندارێتی بەرهەم (Copy right)دا بەم چەشنە پێناس کراوە کە: ماف بریتیە لە موڵکایەتییەک کە دەدرێتە کەس و لایەنێک لەبەرئەوەی بۆتە زادەی ئەو موڵکایەتییە یاخود بەجۆرێک لەجۆرە شیاوەکان، موڵکایەتیەکەی بەدەستهێناوە(١٥).

لەکۆی ئەو پێناسانەی لەبارەی مافی موڵکایەتی و خاوەندارێتی بەرهەم لە زانستی ڕۆژنامەنووسیدا خراونەتەڕوو، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەرجۆرە مامەڵە، دەستوەردان و گۆڕانکاری، ئاڵوگۆڕکردن، دارشتنەوە بە مافێکی ڕەوای تایبەتیانەی خاوەن بەرهەمەکە دادەندرێت، هەرجۆرە پێشێلکردنێکی ئەم مافانەش لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (**ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت**) یاخود شێوازەکانیتری بڵاوکردنەوەدا، ئەوا ڕووبەڕووی سزای یاسایی و ڕەخنەی ئیتیکیانە دەبێتەوە، بڕی ئەم سزا یاسایی و ئیتیکییەش وابەستە بەو شوێن و وڵاتەی پێشێلکارییەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت.

## بەشی دووەم
## مافی خاوەندارێتی لە ئینتەرنێتدا

**٢-١: پەیدابوونی ئینتەرنێت**

**٢-٢: کورتەیەکی مێژوویی مافی خاوەندارێتی**

**٢-٣: پێشێلکاری مافی خاوەندارێتی لە ئینتەرنێتدا**

پەیدابوونی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەپێناو ئاڵوگۆڕی زانیاری و دروستکردنی پەیوەندی (communication) لەنێوان مرۆڤی ژینگە جیاوازەکاندا، زۆر قۆناغی گرنگی بڕی و دوای پەیدابوونی ئینتەرنێت (Internet) جیهان بووە گوندێک، واتا سنوورە سروشتی و دەستکردە مرۆییەکانی تێکشکاند، لەهەرکوێیەک هێڵی ئینتەرنێت هەبوو ئەوا جیهانیش هێندەی ماوسی کۆمپیوتەرەکەت بچووک دەبێتەوە و دەتوانی بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەکدا دروست بکەیت.

میدیای ئەلیکترۆنی بەکۆمەڵێک سیفاتی نایابەوە هاتە مەیدانەوە، گرنگترین ئەو سیفاتانەش بریتی بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی شوێن و پانتایی، تێکشکاندنی سانسۆر، بەزاندنی سنوورەکان، هەرزانی لە نرخدا، ئاسانی لە پەیوەندیدا، ئەمانەش هەموو ئەو مەسەلانەن کە پێشتر بە گەورەترین کەموکوڕی میدیای چاپکراو دادەندران، بەڵام میدیای ئەلیکترۆنی بەباشترین شێواز لەڕێگەی ئەم خەسڵەتانەوە کەموکوڕییەکانی چارەسەر دەکرد.

هەرچەندە لەسەرەتای بەشی یەکەمدا ئاماژەیەکی تەواومان بۆ چەمکی خاوەندارێتی لەسەر هەرسێ ئاستی زمانەوانی، یاسایی و رۆژنامەنووسیی کرد، بەلاّم دەکرێ بلّێین کە لەسەرەتای سەرهەلّدانی ئینتەرنێت (Internet) لە سالّی (١٩٦٩)دا، گۆڕانێکی تەواو بەسەر مەسەلەی ماف و خاوەندارێتی دانەریشدا هات.

**١-١: پەیدابوونی ئینتەرنێت**

ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت دەناسرێت، مێژووەکەی بۆ سالّی (١٩٦٩) دەگەڕێتەوە کە هەردوو زانکۆی ستانفۆرد (Stanford) و زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس (UCLA) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەربازییەکان بەیەکترەوە بەسترانەوە[١٦].

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە لەوسەردەمەدا کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان (personal computers-PC) هێشتا دانەهێنرا بوون و مینی کۆمپیوتەرە یەکەمینەکان لەدوادوای دەیەی (١٩٧٠) لە زانکۆکان و ناوەندە فێرکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکارهێنران.

ئاژانسی پرۆژەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان (Advanced Research Project Agency) کە بەکورتی بە (ARPA) ناودەبرا، لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکادا ئەنجامدانی ئەم کارەی لەئەستۆدا بوو. لەم ڕووەوە یەکەمین تۆڕی زانیاریی بەناوی (**ئەرپا نێت** Arpanet) ناوزەد کرا[١٧].

ئەرپانێت لەپێناو ئەم مەبەستەدا داهێنرا کە بتوانێ ئەو کۆمپیوتەرانەی لەلایەن سوپا، بەلّێندەران و زانکۆکانەوە بەیەکترەوە ببەستێتەوە کە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکایان بەئەنجام دەگەیاند.

ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەرپانێت نەماوە، بەلاّم ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ دروستکردنی تۆڕی سایتی بازرگانی و نابازرگانی کە ئەمڕۆ پتر لە نیو میلیارد کەس لە دانیشتوانی جیهان سوودی لێ وەردەگرن. ئەمڕۆ خەلّک دەتوانن کۆمەلّە زانیارییەکی جێمەبەستی خۆیان لەسەرتاسەری جیهاندا دەستەبەر بکەن. لەم ڕووەوە ئەمڕۆ ئینتەرنێت دیاردە و میدیایەکی نوێی پرۆسەی پەیوەندییە مرۆییە جیهانییەکانە.

لە مانگی ئاداری (١٩٨٩) (**تایم بیرنێرس لی** Tim Berne>s Lee) کە خەلّکی بەریتانیا بوو و لە سویسرا کاری دەکرد، کۆمەلّە دەرفەتێکی هێنایەئارا کە خەلّک بتوانن بابەت و وێنە بۆ یەکتر بنێرن[١٨].

بەمشێوەیە لە کانوونی یەکەمی سالّی (١٩٩٠)

**ئەمڕۆ خەلّک دەتوانن کۆمەلّە زانیارییەکی جێمەبەستی خۆیان لەسەرتاسەری جیهاندا دەستەبەر بکەن. لەم ڕووەوە ئەمڕۆ ئینتەرنێت دیاردە و میدیایەکی نوێی پرۆسەی پەیوەندییە مرۆییە جیهانییەکانە...**

ئینتەرنێت چالاکییەکانی خۆی بەشـێوەی تۆڕێکی جیهانی (World Wide Web) دەسـتپێکرد کـە نموونەیەکـە لە شـاری زانیارییەکان بۆ چوونە نێـو (**کۆمەڵگەی زانیاری** Information Society).

لـە سـاڵی (١٩٩٥)دا نزیکـەی (٩) نۆ ملیـۆن کەس و لە سـاڵی (٢٠٠٠)دا پتـر لە (١٢٢) ملیۆن کـەس بە تۆڕە جیهانییەکانەوە پەیوەست بوون کە ئەم ژمارەیەش ڕۆژانە لەزیادبووندایە[١٩].

بەپێـی ئامـارە بڵاوکراوەکانـی دامەزراوەی نیلسـۆن (Nielsen)، لـە مانگـی نیسـانی (٢٠٠٣)دا پتـر لە (٤٠٨) ملیۆن کەس واتا (٤٠٨,٧١٥,٨٧١) کەس مانگانە ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە کە گەشەکردنەکەی بەرامبەر بە (١,٦١٪)بووە بەبەراورد لەگەڵ مانگی نیسانی (٢٠٠٣)دا[٢٠].

بەپێی ئامارەکانی ئەم دامەزراوەیە، هەر بەکارهێنەرێک لەماوەی مانگێکدا (٢١) جار سـەردانی سایتەکانی کردووە و (٥٤) جار سـەردانی دۆمێنۆس (domains)ی کردووە. لە مانگی نیسـانی (٢٠٠٣)دا هەر بەکارهێنەرێک سـەیری (٨٦٥) لاپـەڕەی کـردووە و هەرجـارەی (٤١) لاپـەڕەی کردۆتـەوە. ئـەو ماوەیـەی کـە هـەر بەکارهێنەرێک لەم مانگـەدا بـۆ ئینتەرنێتی تەرخان کـردووە (١١) کاتژمێر و (٢٢) خولەکە و هەمووجارێکیش پتر لە (٣٢) خولەک کاتی بۆ تەرخان کردووە.

ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە لە مانگی نیسانی (٢٠٠٣)، ئـەو ماوەیەی هـەر بەکارهێنەرێک بۆ بینینـی لاپەڕەیەک تەرخانی کردووە بەرامبەر بە (٤٧) چرکە بووە.

لەمانگی نیسـانی (٢٠٠٣)دا، لەناو مۆتۆڕەکانی گەڕاندا (search engines) سـایتی یاهـۆ (Yahoo) پتـر لـە (١٢٠) ملیۆن کەس واتا (١٢٠,٤٩٣,٥١٤)کەس سەردانیان کردووە کە لەناو سایتەکاندا لەپلەی یەکەمدایە[٢١].

بڵاوکـراوە ئەلیکترۆنییـەکان دەتوانرێ لـەڕووی ئەو دەرفەتەی کە بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکەن، بۆ سـێ دەستەی سەرەکی دابەش بکرێت:

**١. ڕۆژنامەی چاپکراو بەشـێوەی وێنەیی** (Portable Document Format –PDF)

لەم شێوەیەدا، دەقی ڕۆژنامەی چاپکراو سکان (scan) دەکرێت و لەسـەر سایتەکە دادەندرێت و توانستی گەڕان (search) بۆ بابەتە تایبەتییەکانی تێدا نییە.

**٢. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان کە شیاوی بەدواداگەڕانن**

شـێوەی ئـەم ڕۆژنامانـە لـە سـایتەکانی ئینتەرنێتدا جیاوازییـان لەگەڵ ڕۆژنامەی چاپکـراودا هەیە، زۆرینەی ڕۆژنامـە ئەلیکترۆنییـە دەرەکییـەکان بـەم چەشـنەیەو

**لە ساڵی (١٩٩٥)دا نزیکەی (٩) نۆ ملیۆن کەس و لە ساڵی (٢٠٠٠)دا پتر لە (١٢٢) ملیۆن کەس بە تۆڕە جیهانییەکانەوە پەیوەست بوون ئەم ژمارەیەش ڕۆژانە لەزیادبووندایە...**

بەگشتی هەموو کاتژمێرێک بەبابەتی نوێ دەگۆڕدرێت.

**٣. ئاوێتەی هەردوو شێوازی ناوبراو.**

هەندێ لە ڕۆژنامەکان، نیوەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە چاپکراوەکەی خۆیان بەشێوەی وێنەیی و پاشماوەی لاپەڕەکانیتری خۆی بەشێوەی نووسراو یاخود بەشێوەیەک کە شیاوی بەدواداگەڕان بێت، دەخەنەڕوو.

### ٢-٢: کورتەیەکی مێژوویی مافی خاوەندارێتی

مافی دانەر و خاوەندارێتی پرسێکی نوێیە. لە ساڵی (١٦٩٠ز) (جۆن لۆک) لە پەرتوکی (**دوو نامە**)دا لەهەمبەر حکومەتی مەزهەبی هەوڵیدا کە خاوەندارێتی بەرهەم بۆ خودی داهێنەری بەرهەمەکە بگێڕێتەوە[٢٢]، بەڵام یەکەمین یاسا کە هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازیی چاپدا بۆ پشتیوانی دانەر و خاوەن بەرهەمەکان لەهەمبەر مەسەلەی کۆپی ڕایتی ڕێگەپێنەدراو داندرا، بریتی بوو لە (یاسای ئان the statute of Anne) لە ساڵی (١٧١٠ز) لەلایەن پارلەمانی بەریتانیاوە پەسەند کرا کە دانەر یاخود خاوەن بەرهەم بەخاوەنی بەرهەمەکەی خۆی دەناسێنێت و مافی کۆپی ڕایت و چەندین جۆر مافیتری بەڕەسمی ناساند[٢٣].

پاشان فەرەنسا بە فەرمانی لویسی شانزدەهەم لە ساڵی (١٧٧٧) و لە ئەمەریکا لەگەڵ دانانی یاسای ناوچەیی لە ساڵی (١٧٨٣) مافی دانەر بڕیاری پەسەندکردنی درا، فەرەنسا لەساڵی (١٧٨٩) بەتەواوەتی پرەنسیپێکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی دانەر پەسەند کرد.

بەم چەشنە مافی دانەر و خاوەندارێتی بە وڵاتانیتری جیهاندا بڵاوبۆوە، تەنانەت بووە بەشێک لە دەستور و یاسای وڵاتان، یاخود دەکرێ بڵێین لەڕێگەی بەستنی پەیماننانە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، شێوازێکی گڵۆباڵیانەی بەخۆوەگرت.

### ٢-٣: پێشێلکاری مافی خاوەندارێتی لە ئینتەرنێتدا

یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە مافی دانەر و ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی ئەو مافە، لە (**٩ی ئەیلولی ١٨٨٦**) لە (بۆرن) بەسترا و بڕیاری لەسەردرا کە بە (**بەڵێننامەی بۆرن بۆ پشتیوانی لە مافی دانەر**) ناوزەد کرا. ئەم بەڵێننامەیە لەلایەن دامەزراوەی جیهانی خاوەندارێتی فکریی (wipo) لە جنێڤ جێبەجێ کرا.

بەپێی ئەم بەڵێننامەیە، دانەر جگە لە مافە ئابوورییەکەی خاوەنی (**مافی مەعنەوی**) یشە، واتا دانەر لە مافی موڵکایەتی بەرهەمەکەی خۆی و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگاکان لەبارەی هەرجۆرە دەستکاری و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی بێ پرسی خۆی لە سەرجەم دادگاکانی ئەوروپادا هەیە.

لەهەمانکاتدا هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ دانانی یاسایەک لە بواری خاوەندارێتی بەرهەمدا، ڕەهەندە مێژووییەکەی بۆ بەندی (٢٧)ی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨ز) دەگەڕێتەوە، لەم بەندەدا هاتووە: ((**هەموو کەسێک ئەم مافەی هەیە کە ئازادانە لە کلتوری کۆمەڵگاکەیدا بەشدار بێت و سوود لە هونەرەکان وەربگرێت و لە پێشڤەچوونی زانستی و خەسڵەتەکانیدا پشکدار بێت، هەموو کەسێک ئەم مافەی هەیە کە سوودمەند بێت لەو بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییانەی بەهۆی بەرهەمی هونەری، ئەدەبی یاخود زانستییە کە خۆی دایهێناوە**))[٢٤].

لەهەمانکاتدا لەگەڵ بەرەوپێشڤەچوونە تەکنەلۆژی و بازرگانییەکان، بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی بڵاوکردنەوە جێهێشت، هەربۆیەشە چەندین یاسای تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی دیاردە نایاساییەکان لە ئینتەرنێتدا هاتەئاراوە.

بەراییەکانی دانانی یاسا بۆ کۆنترۆڵکردنی مافی خاوەندارێتی لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیادا، پەیماننامەی مافی دانەر (WCT) و پەیماننامەی پاراستنی نووسین و دەنگ (WPPT) بوو کە لە ساڵی (١٩٦٠) لە ئەمەریکا پەسەند کرا، لە پێشەکی هەردوو پەیماننامەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرابۆوە

کە مافی موڵکایەتی و خاوەندارێتی بۆ خودی خاوەنەکەی پارێزراوە[٢٥].

گرنگترین بەندەکانی ئەم دوو پەیماننامەیە چەند خاڵێکی هاوبەش بوون کە بریتی بوون لە:

**١. گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ پاراستنی مافی دانەر لە سیستەمە دیجیتاڵییەکاندا.**

**٢. دەستنیشانکردنی سزا بۆ سەرپێچیکاران و زەوتکردنی مافی خاوەندارێتی.**

**٣. پشتیوانی یاسایی لە مافی دانەر. ئێستا بەگشتی**

## بەشی سێیەم

## نەهێشتنی پێشێلکاری مافی خاوەندارێتی

بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان (ئینتەرنێت Internet) وەک کەناڵێکی نوێی بڵاوکردنەوەی بەرهەم، هەژموونی خۆی بەسەر سەرجەم ڕێگاکانیتری بڵاوکردنەوەدا زاڵ کردووە. لەگەڵ هاتنەئارای کەناڵی ئەلیکترۆنیش، چەندین ئاستەنگ بەشێوەی پرسیار هاتنەئارا کە ئایا بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت تا چ ئەندازەیەک ڕێگەیان پێدراوە کۆپی رایت وەک یەکێک لە شێوازەکانی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان بەکاربهێنن؟ هەندێ بەرهەم بەبێ پرسی دانەر کە لە ئینتەرنێتدا هەیە، ملیاردەها جار کۆپی دەکرێن تەنانەت خاوەن بەرهەمەکە بچوکترین قازانجی ماددیی لەم بازرگانییەشدا ناکات[٢٦]؟. ئەگەرچی کێشەی کۆنترۆڵکردنی بەرهەم بۆ خاوەنەکەی هەروەک چۆن لە کەناڵە ئەلیکترۆنییەکانی بڵاوکردنەوەدا هەیە، لە میدیای چاپکراویشدا هەر لەئارادایە، بەڵام بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان لەبەرئەوەی هیچ جۆرە ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ بەکارهێنەر و سایتی ئینتەرنێتییەکەدا نییە، لەوانەیە چەندین جار و بەئامانجی جۆراوجۆر بەرهەمی دانەرەکان کۆپی رایت بکرێن. هەموو بەکارهێنەرێک بە کۆمپیوتەر و چاپکەرێن و هێڵێکی ئینتەرنێتەوە، دەتوانێ کۆپی رایت ئەنجام بدات و مافەکانی دانەر پێشێل بکات، هەربۆیەشە لێرەدا ئاماژە بەسێ ئاست دەکەین کە هەوڵی داڕشتنی یاسا یان بۆ پاراستنی مافی دانەر و جڵەوگرتنی پێشێلکارییەکان داوە.

**٣-١: یاسا و ئیتیکە لۆکاڵییەکان (کوردستان بەنموونە)**

دیاریکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و ئیتیکی تایبەت بە نەهێشتنی پێشێلکاریی و دەستنیشانکردنی ماف و سزا بۆ ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا، بەهۆی نەبوونی ئەزموونێکی سەربەخۆوە، نەهاتۆتە ئارا یاخود لەئاستی نەبووندا بووە.

ئەگەر وەک توێژەر هەرێمی کوردستانی عیراق بەنموونە وەربگرین، لە (١٩٩١/٣/٥) ەوە کە ئەزموونێکی کوردی لە کوردستانی عیراقدا دامەزرا، دەبینرێ کە سەرەڕای دامەزراندنی پارلەمانی کوردی کە سەرچاوەی سەرەکی بڕیار و یاساکانە بە بواری ڕۆژنامەنووسیشەوە، بەڵام هەر کار بەیاسای ڕۆژنامەنووسیی عیراق دەکرا.

گرنگترین تەوەرەی تایبەت بە مافی دانەر لە ڕۆژنامەنووسیدا کە ئەمڕۆ بەکارە، بریتییە لەو یاسا ڕۆژنامەنووسییەی کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنێکی ورد یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان پەسەند کردو بوو بە بنەمایەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان.

پێشتر پرۆژەی ئەو یاسایە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لەپسپۆڕانی یاسایی ئامادەکرابوو، ئەویش پاش هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی یاسایی لەم بوارەدا، ئامانجیش لەو یاسایە ئەوەبوو کە پانتایی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی بە یاسا زیاتر بەرفراوان بکرێت و لە ئاستێکدا بێت کە هاوشانی یاسایەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بێت.

دیارترین دەستکەوت و پڕ ماناترین ماددەی نێو ئەم یاسایە ئەوەیە کە جارێکی

تر رۆژنامەنووس، بە هیچ شێوەیەک لەسەر کاری رۆژنامەنووسیی و پیشەکەی دەستگیر ناکرێت، هەروەها جگە لە نەهێشتنی ئاداب و سیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و قەدەغکردنی داخستنی رۆژنامە.

ئەم یاسایە لە (١٥) ماددەی سەرەکی و چەند خاڵێکی لاوەکی پێکهاتووە، لە بەندی (٥)ی ماددەی دووەمدا هاتووە کە (**بەنهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵە دەستکەوتووەکان سەبارەت بەو داوایانەی دراونەتە دادگا، مەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری پێچەوانەی ئەوە بدات**)[٢٧].

هەرچەند لەم بەندەدا باس لە نهێنی هێشتنەوەی سەرچاوەی زانیاری دەکات، بەڵام بەدیوێکیتردا دەتوانرێ وا لێکبدرێتەوە کە رۆژنامەنووس یاخود مافی موڵکایەتی ئەو هەواڵ و زانیارییە بەدەستهاتووەکاندا هەیە، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دادگا بڕیارێکی پێچەوانەی ئەوە بدات، یاخود مافی موڵکایەتی ئەو زانیاری و هەواڵەی بەدەستی هێناوە، ئەگەر ژێدەری بەدەستهێنانەکەی بۆ دادگا ئاشکرا بکرێت ئەوا قازانج بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت.

لەهەمانکاتدا دەکرێ تانەی ئەوە لە یاسای کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا بدرێت کە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی وردەکارانە بۆ مافی دانەری تێدا نییە، هەربۆیەشە ئێستا دوو پرۆژەیاسای پەیوەندیدار بە پرۆژەی کاری راگەیاندن و پرۆژەی پاراستنی خاوەندارێتی لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە ئامادە کراوە، ئێستا هەردوو پرۆژەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە[٢٨].

تائێستاش پرۆژەئیتیکێکی کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، تا مامەڵە لەگەڵ زۆر مەسەلەی پەیوەندیدار بە رۆژنامەنووسیی هەروەک مافی دانەر و خاوەندارێتیدا بکات.

**تائێستاش پرۆژەئیتیکێکی کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، تا مامەڵە لەگەڵ زۆر مەسەلەی پەیوەندیدار بە رۆژنامەنووسیی هەروەک مافی دانەر و خاوەندارێتیدا بکات...**

**٣-٢:یاسا و ئیتیکە دەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان (عیراق، ئیران، کوەیت و ئەردەن بە نموونە)**

- عیراق: دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی عیراقی لە (١٨٦٩/٦/١٥) لەژێرناوی (زورا)، سەرەتای پەیدابوونی زەرورەتی یاسا و ئیتیکی تایبەت بە رۆژنامەنووسییە، چونکە لەبنچینەدا هەردووکیان بۆ ئۆرگانیزەکردنی رۆژنامەنووسییەکانە بەپێی ئاراستەیەک کە وێڕای گەیاندنی پەیامەکەی خۆی بەهەموو چەشنەکانییەوە، زیانیش بە بەرژەوەندی گشتی و مەسەلەی هەقیقەت نەگەیەنێت، لەهەمانکاتدا بەهۆی گرنگی نەدان بە ئازادی

هەواڵنامەی دیتین

رۆژنامەنووسـیی لـە عیراقـدا، لـە مێژووی ئـەم وڵاتەدا دەبینـرێ کـە هەر بەپێی یاسـاکانی تـاوان مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان و ماف و چوارچێوەکانیاندا کراوە.

گرنگترین یاسـا بۆ پشـتیوانی لە مافی دانەر، یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (١٩٧١)ە کە لە (٥٢) مادەی یاسـایی پێکهاتووە، لەم یاسایەدا بەتێروتەسەلی باسی لە مافەکانی دانەر و دەستنیشـانکردنی سـزا بۆ ئەو کـەس و لایەنانە کـردووە کە ئەم مافە پێشـێل دەکەن، هەربەم یاسـایەش کە بۆ هەمـوو ئامرازەکانی راگەیاندن داندراوە، دەتوانرێ مامەڵـە لەگەڵ پێشـێلکارانی مافی دانەر لە ئینتەرنێتیشـدا بکرێت.

لە مادەی یەکەمدا هاتووە کە ئەم یاسـایە بۆ پشتیوانی لـە دانەر و خـاوەن داهێنانەکان لە ئـەدەب و هونەرەکان و زانسـتەکاندایە[٢٩]. بەپێـی ئـەم مـادە یاسـاییە، هەموو داهێنانێـک یاخـود خوڵقاندنی بەرهەمێک، سـەرجەم مافە جۆراوجۆرەکانـی دەگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی، ئەم مادە یاسـاییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافـی دانەر و موڵکایەتی لـە بـواری رۆژنامەنووسـیش هـەر ڕاسـتە، چونکـە لە مادەی دووەمدا، **(دە)** بواری دەستنیشـانکردووە کە بەپێی ئـەم یاسـایە مافی دانەرێتـی دەبێ تیایدا پارێـزراو بێ و بوارەکانیـش رۆژنامـە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سـەرجەم ئامرازەکانیتری بڵاوکردنـەوەش دەگرێتەوە. بەتایبەت کە لـەدوای پەیدابوونی ئینتەرنێت لە عیراقدا، ئەم یاسـایە بۆ پاراستنی مافی دانەریش لە ئینتەرنێتدا دەستبەکار بوو.

لـە مـادەی (٤٥)ی ئـەم یاسـایەدا هاتووە کە سـزای پێشـێلکردنی مافـی دانـەر وێـڕای ئـەوەی دەبـێ داوای لێبوردن و پۆزش بکرێت، پێشـێلکار بە سزای دارایی سزا دەدرێـت بەمەرجێ لـە (١٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (١٠٠) دینار زیاتر نەبێ[٣٠].

لەهەمانکاتدا هیچ جۆرە ئیتیکێکی کاری رۆژنامەنووسی لە عیراقدا و تایبەت بەم وڵاتە گەڵاڵە نەکراوە، بەڵکو تەنها یاسا کارە رۆژنامەنووسییەکانی عیراقی ڕێکخستووە.

**-ئیران:** ئەم وڵاتە لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئیرانەوە، هاوکات لەگـەڵ گەشـەکردنی ئامرازەکانی راگەیاندنـدا، پارلەمانی ئیران بڕیاری لەسـەر یاسـای نوێی رۆژنامەنووسیش دا، بەڵام لەگـەڵ پەیدابـوون و بڵاوبوونـەوەی ئینتەرنێت لە ئیراندا، یاسـای رۆژنامەنووسـی نوێی ئیران لە **(نیسـانی ٢٠٠٠)** پەسـەند کـرا کە تائێسـتا بەکارە بـۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن بە ئینتەرنێتیشەوە.

ئەم یاسـایە لە (٨) فەسڵ و چەند مادەیەک پێکهاتووە، لـە مـادەی (٢٣)ی ئـەم یاسـایەدا هاتووە: هەرکەسـێک

**لـەهـەمـان کـاتـدا هیچ جـۆرە ئیتیکێکی کاری رۆژنـامـەنـووسـی لە عیراقدا و تایبەت بەم وڵاتـە گـەڵاڵـە نەکراوە، بەڵکو تەنها یاسا کارە رۆژنامەنووسییەکانی عیراقی ڕێکخستووە...**

بەرهەمێکی پشتیوانیلێکراوی ئەم یاسایە، بەبێ پرسی خاوەن بەرهەم بەناوی دانەرێک یاخود ناوێکیترەوە چاپ بکات یاخود بیخاتەڕوو، بە **(٦مانگ تا ٣ ساڵ)** زیندانی دەکرێت. لە شوێنێکیتر و لە مادە (١٩)دا دەڵێت: هەرجۆرە لادان یاخود گۆڕانێک لە بەرهەمێکی پشتیوانیلێکراوی ئەم یاسایە، بەبێ پرسی دانەر قەدەغەیە و پێشێلکار بە سزای ماددی و دارایی سزا دەدرێت[٣١]. هیچ جۆرە ئیتیکێکی کاری ڕۆژنامەنووسیی نییە تا ڕۆژنامەنووسان کاری لەسەر بکەن.

- **کوەیت:** لەم وڵاتەدا یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٩٩) تایبەت بە مافی دانەر لە کوێت دەرچوو کە بریتییە لە (٤٩) مادە و (جابر ئەلئەحمەد ئەلسەباح)ی ئەمیری کوێت ئیمزای کردووە.

لە مادەی یەکەمدا سەبارەت بەهۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، ئاماژە کراوە کە بۆ پشتیوانی لە مافی دانەر لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زانستەکاندایە، لە مادەی دوودا (١٢) بواری دەستنیشان کردووە کە هەموو جۆرە مافێکی دانەر بۆ خودی دانەرەکەیە.

سزای پێشێلکردنی مافی دانەریش بەپێی قەوارەی پێشێلکارییەکەیە، بەڵام لەهەموو بارێکدا نابێ سزاکە لە (١) ساڵ زیندانی و سزای دارایی (٥٠٠) دینار تێپەڕێت[٣٢]. لەهەمانکاتدا لەم وڵاتەدا هیچ جۆرە ئیتیکێکی کاری ڕۆژنامەنووسیی نییە تا ڕۆژنامەنووسان کاری لەسەر بکەن.

### ٣-٣: یاسا و ئیتیکە نێودەوڵەتییەکان

تۆڕی جیهانی بەربڵاو (world wide web) کە ئەمڕۆ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هێدی هێدی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیش گەشەی کردووە، لەکاتێکدا هیچ یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا لەو وڵاتانەدا گەڵاڵە نەکراوە یاخود لەئاستی پێویستدا نییە، هەرچەندە ویلایەتەیەکگرتووەکان و سەرجەم وڵاتانی ئەورووپا، بەندەکانی پەیماننامەی (بۆرن) یان پەسەند کردووە، لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی و ئیتیکی نەبنەوە، ناچاربوون بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە بکەنە بنەمای مامەڵەکردنیان لەگەڵ مافی دانەر و خاوەندارێتی بەرهەم، بەڵام کێشەی گەورە لەوەدایە کە هێشتا هیچ کام لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو پەیماننامەیان پەسەند نەکردووە و ئەمەش فاکتەری سەرەکی پێشێلکردنی مافی دانەر و مافی خاوەندارێتی و موڵکایەتییە لەو وڵاتانانەدا[٣٣].

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چەندین ڕێککەوتنامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی دانەر و ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی ئەو مافە بەستراوە، گرنگترینیان بریتین لە:

#### ١- کۆنڤاشیۆنی بێرن

ئەم کۆنڤاشیۆنە بۆ پارێزگاری لە مافی دانەر و خاوەندارێتی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لە ساڵی (١٨٨٦) لە شاری بۆرن ئیمزا کرا، پاشان لە ساڵی (١٨٩٦) لە پاریس، (١٩٠٨) لە بەرلین، (١٩٢٨) لە بۆرما، (١٩٤٨) لە برۆکسل، (١٩٦٧) لە ستۆکهۆڵم و لە ساڵی (١٩٧١) لە پاریس پەسەند کراوە تا بکرێتە بەرنامەی کار لەو مەیدانەدا[٣٤].

لەم کۆنڤاشیۆنەدا هەردوو مافی ماددی و مەعنەویی بۆ دانەر دەستنیشان کراوە[٣٥].

#### ٢. کۆنڤاشیۆنی جیهانی مافی دانەر لە جنێڤ

دووەمین کۆنفرانسی گشتی یونسکۆ لە ساڵی (١٩٤٧)دابەمەبەستی تێروتەسەلترکردنی کۆنڤاشیۆنەکانیتر و بەگڵۆباڵکردنی یاسای پشتیوانی لە مافی دانەر، بەسترا.

لە ساڵی (١٩٥٢)دا ڕێکخراوی یونسکۆ بڕیاری لەسەر پەسەندکردنی پرۆژەی پشتیوانی لە مافی دانەر کرد، ڕاستەوخۆش لەلایەن (٣٦) وڵاتەوە ئیمزا کرا[٣٦] پاشان لە ساڵی (١٩٩٠)دا، گۆڕانکاری لەم کۆنڤاشیۆنەدا کرا و چەمکی ئینتەرنێتیش بۆ ئەو ئامرازی

پەیوەندی و ڕاگەیاندنانە کرا کە ئەگەری پێشێلکردنی مافی دانەریان لێدەکرێت.

**٣. کۆنڤاشیۆنی جیهانی بۆ بنەبڕکردنی تاوانە ئینتەرنێتییەکان**

پێشێل کردنی مافی موڵکایەتی و خاوەندارێتی بەرهەمە ڕۆژنامەنووسیی، ئەدەبی و هونەرییەکان و پەرەسەندنی دیاردەی نایاسایی کۆپی رایت (Copy Right) لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بووە مایەی دامەزراندنی ئەم کۆنڤاشیۆنە.

سەرەتای دامەزراندنیشی دەگەڕێتەوە بۆ **(٢٣ی تەشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١)** کە لە بۆداپۆست بەئیمزای (٢٦) وڵات پەسەند کرا، لە دووتوێی پەیماننامەی ئەم کۆنڤاشیۆنەدا هاتووە کە پێشێلکردنی مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا، هەمان سزای دەزگاکانیتری ڕاگەیاندنی دەبێت[٣٧].

لەڕووی ئیتیکی میدیاییەوە کە لەسەر ئاستی جیهان هاتوونەتەئارا، لە بڕگەکانی هەندێ لەو ئەو ئیتیکانەدا ئاماژە بە پاراستنی مافی دانەر و موڵکایەتی کراوە.

د.دیڤید رنداڵ کە بەدانەری ئیتیکی نوێی بەریتانی دادەندرێت، لەبارەی پاراستنی مافی دانەر لە ئیتیکی میدیادا دەڵێت: ((**ڕۆژنامەنووس هەمیشە دەبێ شتەکان وەک خۆیان بگوازێتەوە**))[٣٨].

لێرەدا مەبەست لەوەیە کە خودی ڕۆژنامەنووس لەهەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن کار بکات، دەبێ هەر لە وتە و پەیڤەوە تا دەگاتە نووسین، بەئامانەتەوە وەک خۆیان بگوازێتەوە تا مافی پەیڤەر یاخود نووسەر پارێزراو بێت.

ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، نوێترین بنەمایە (**ئیتیکی ڕۆژنامەوانی**)ی بڵاوکردەوە کە دەکرێت بەسەرمەشقی کاری ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکە. ئەم بنەمایە کە لە (١٧) خاڵ پێکهاتووە، ئێستا لەلایەن سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکانی ئەوروپاشەوە پەسەند کراوە کە ببێتە پرۆگرامێکی ئیتیکیانەی سەرجەم ئەو ڕۆژنامەسء کارمەندانەی کار لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەکەن.

ئەم پرۆژە ئیتیکییە گرنگییەکەی لەوەدایە کە تائێستا نزیکەی (٢،٤٠٠) سەرنووسەر و بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن لە (٣٨) وڵاتی جیهاندا ئیمزایان لەسەر پەیڕەوکردنی کردووە، لە بەندی (١٣)ی پرۆژە ئیتیکیەکەدا سەبارەت بە پاراستنی مافی دانەر هاتووە کە: ((**لەکاتی زیادکردن یا لابردنی بەشێکی بابەتێک، ئەوا مافی خودی دانەرەکەیەتی**))[٣٩].

ئەم پرۆژەیە کە بە بەرفراوانترین کاری ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیی دادەندرێت، هەموو جۆرە مافێکی بەرهەمێک بە موڵکی خودی دانەر دادەنێت.

## دەرەنجام

مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا کە گشت ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیشی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی ئینتەرنێتدا گرنگی و بایەخی خۆی پەیدا کرد، بەڵام ئەوەی لە کورتەی ئەم توێژینەوەیەدا دەستەبەرمان کردووە، ئەو هەقیقەتەیە کە سات بەساتی گەشەکردنی ئینتەرنێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەبێ یاسای نێودەوڵەتیانەش بۆ جڵەوکردنی دیاردە ریزپەڕ و نایاساییەکان بهێنرێتەئارا، تەنانەت خودی ڕۆژنامەنووسانیش پێوەی پابەند بن.

گرنگترین ئەو شێواز و ڕێبازانەی کە دەکرێ بۆ پاراستنی مافی دانەر و کەمکردنەوەی ڕێژەی پێشێلکردنی ئەو مافە لە ئینتەرنێتدا بگیردرێتەبەر بریتین لە:

١. گەڵاڵەکردن و پەسەندکردنی یاسای نێودەوڵەتی تا دەگاتە هەرێمایەتی، ئەویش لەپێناو دیاریکردنی چوارچێوە، ماف، سزا و بنەما و بنچینەکانی پەیوەندیدار بە مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا.

٢. پێویستە پرۆژەی نوێی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیی لەسەر ئاستی جیهاندا گەڵاڵە بکرێت، خاوەنی سایت و بلۆگفا ئینتەرنێتییەکانیش لەپێناو خزمەتکردنی شیاوانە بە بوارەکەی خۆیان، ئەو پرۆژانە پەسەند بکەن تا ڕووبەڕووی لادانی یاسایی نەبنەوە.

٣. بەگلۆباڵیکردنی یاساکان، واتا لەکاتێکدا ئینتەرنێت (Internet) تۆڕێکی جیهانی و گلۆباڵیانەیە، پشت بە یاسای خۆجێ ببەستین بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکاری و تاوانە ئینتەرنێتییەکان.

٤. ئەو کۆمپانیا پەیوەندیانەی کە کاری مۆڵەتبەخشین و تەرخانکردنی پێگەی ئینتەرنێتی دەبەخشن، دەبێ پابەند بکرێن بە یەکێک لەو یاسا و ئیتیکانەی کە لەسەر ئاستی جیهان پەسەند کراون و خزمەت بە مافی دانەر و موڵکایەتی دەکەن.

## پەراوێزەکان:


١. گر باود، الفبای حقوق پدید آورنده ، غلامرضا لایقی،چاپ اول (انتشارات خانه کتاب،١٣٨٠)،ص٥٠

٢. بنۆڕە سایتی (www. wikipedia.org)

٣. بنۆڕە سایتی (http://www.state.gov/)

٤. فصلنامە رسانە، «رسانە های نوین جهانی و سیاستگذاری ارتباطات» مالورا استین و نیکیل سینا، ترجمە لیدا کاووسی، سال پانزدهم، شمارە٢، شمارە پیاپی ٥٨، تابستان١٣٨٣. ص (١٢٥)

٥. فصلنامە کتاب، «حق مولف در اینترنت» علیرضا اکبری، شمارە ٦٥، بهار ١٣٨٥. ص ١٠٠

٦. د.عەباسعەلی سەحافیان: ئاشنابوون بەدیموکراسی، وەرگێرانی کارزان محەمەد، چاپی دووەم، لا(١٢).

7. Dryden, John,(2007).>> Information Society Government and Security Issues>>. OECD, Conference of postal sector and the Information Society.

8. Copyright Basics , library of congress , Copyright office , Washington D.C www.loc.gov/copyright.

٩. مشیریان ، محمد ، حق مؤلف و حقوق تطبیقی ، چاپ اول ( انتشارات دانشگاه تهران ، تهران ١٣٣٩) ، ص ١٥

١٠. رضایی شریفآبادی، سعید. «مالکیت معنوی در عصر الکترونیک«. فصلنامه کتاب، دوره ٨، شماره ٣، پاییز ١٣٧٦. صص ٢٥-١٨.

١١. قانون حماية حق المؤلف، رقم (٣) لسنة ١٩٧١، مصدر (WWW.LAW.COM)

١٢. فصلنامە کتاب، «حق مولف در اینترنت» علیرضا اکبری، شمارە ٦٥، بهار ١٣٨٥، ص(١٠٢)

١٣. فصلنامە رسانە، «رسانە های نوین جهانی و سیاستگذاری ارتباطات» مالورا استین و نیکیل سینا، ترجمە لیدا کاووسی، سال پانزدهم، شمارە٢، شمارە پیاپی ٥٨، تابستان١٣٨٣. ص (١٢٥)

١٤. فەرهەنگی زمانەوانی وایپۆ (ڕێکخراوی جیهانی خاوەندارێتی فکری)یەوە ئامادە کراوە و وشەی وایپۆش کورتکراوەی ئینگلیزی ئەو ڕێکخراوەیە، واتا فەرهەنگەکە بەناوی کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوەکەوە ناوزەد کراوە.

15. http://www.irost.org/persian/ip/aboutus.asp?code=2

16. Ronald De Wolk, Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information, Boston: Allyn and Bacon, 2001, p, 6.

هەروەها بنۆڕە:

دکتر کاظم معتمدنژاد، «یونسکو و مسائل حقوقي بینالمللي ارتباطات الکتروني»، گزارش شرکت و ارائه مقاله در دومین کنگره بینالمللي یونسکو درباره «اخلاق اطلاعات: چالشهاي اخلاقي، حقوقي و اجتماعي فضاي سیبرنتیک»، مونتکارلو: یکم تا سوم اکتبر ١٩٩٨ (٩ تا ١١ مهرماه ١٣٧٧)، تهران: انتشارات یونسکو، خرداد ١٣٧٨.

17. Barry M. Leiner, et al., «A Brief History of the Internet,» Internet Society, retrieved from World Wide Web, June 6, 2003; also see:
http://www.isoc.org/internet/history/brief.shtml
http://www2.epic.org/cda/cda_decision.html

http://wwwinfo.cern.ch/pdp/ns/ben/TCPHIST.html
http://www.w3.org/TR/WD–html 40/intro/intro.html
http://www.wdvl.com/WDVL History of the Internet and the World Wide Web.
18. De Wolk, p.6.
19. Larry Pryour, «A Century Closes, A Century Opens,» in Roland De Wolk, Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information, Op. Cit., p. 22.
20. Nielsen – Net Ratings The global standard for digital media measurement and analy–sis,» retrieved from world Wide Web, June 4:
http://www.nielsennetratings.com/news.jsp?section=dat_gi
21. Ibid
٢٢. فصلنامه کتاب، «حق مولف در اینترنت» علیرضا اکبری، شماره ٦٥، بهار ١٣٨٥، ص(١٠٢)
٢٣. حمایت از حق مولف؛ قوانین ملی و مقررات بین المللی، تهیه و تدوین مرتضی شفیعی شکیب، تهران: خانه کتاب اردیبهشت ١٣٨١. ص (٢٢)
٢٤. حمایت از حق مولف؛ قوانین ملی و مقررات بین المللی، تهیه و تدوین مرتضی شفیعی شکیب، تهران: خانه کتاب اردیبهشت ١٣٨١. ص (١٣–١٤)
٢٥. سەرچاوەی پێشوو لا (٣٧–٤٠)
٢٦. سەرچاوەی پێشوو، لا (١١٨)
٢٧. ٢٧. بۆ خوێندنەوەی یاسای رۆژنامەنووسی پەسەندکراوی هەرێمی کوردستان، بنۆڕە سایتی پارلەمانی کوردستان:
http://www.kurdistanjournalists.com/PROJAI%20KARI%20ROJNAMANUSI.htm
٢٨. بنۆره:
http://www.islamicgroup.net/print.aspx?Jimare=39&Babet=Didar
٢٩. بنۆره
www.arablaw.org/Download/Copyright_Law_Iraq.doc
٣٠. بنۆره سەرچاوەی پێشوو.
٣١. قانون مطبوعات، انتشارات سروش، ضاث اول ١٣٧٩.
32. www.arablaw.org/Download/Copyright_Law_Kuwait.doc –
٣٣. فصلنامه رسانه، «رسانه های نوین جهانی و سیاستگذاری ارتباطات» مالورا استین و نیکیل سینا، ترجمه لیدا کاووسی، سال پانزدهم، شماره٢، شماره پیاپی ٥٨، تابستان١٣٨٣، ص (١٢٨–١٢٩)
٣٤. روزنامه همشهری: آشنايي با تاریخچه کپیرایت، شمارةی ٩ آذر ١٣٨٧
٣٥ احمد دلیمی: کپی رایت و حقوق مرتبط از برن تا تریپس، فصلنامه فقهه، شماره (٤٩)، ص (٥)
36. http://www.ccwmagazine.com/Issues/Issue14/sepehr/copy–right.ASP
٣٧. روزنامه همشهری: آشنايي با تاریخچه کپیرایت، شمارةی ٩ آذر ١٣٨٧
٣٨. دیوید رندال: روزنامەنگار حرفەای، ترجمة: علی اکبر زادة، انتشارات روزنامة ایران، چاپ اول ١٣٨٢، ص (٢١٧)
٣٩. بنۆره (www.mondiploar.com)

* سەرچاوە کوردییەکان
– کتێب
١. د. عەباسعەلی سەحافیان: ئاشنابوون بەدیموکراسی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، چاپی دووەم، لا (١٢)
– سایتی ئینتەرنێتی
1. http://www.kurdistanjournalists.com/PROJAI%20KARI%20ROJNAMANUSI.htm
2. http://www.islamicgroup.net/print.aspx?Jimare=39&Babet=Didar

* سەرچاوە عەرەبییەکان
– سایتی ئینتەرنێتی
1. www.arablaw.org/Download/Copyright_Law_Iraq.doc
٢–قانون حماية حق المؤلف، رقم (٣) لسنة ١٩٧١، مصدر (WWW.LAW.COM)
3. www.arablaw.org/Download/Copyright_Law_Kuwait.doc

*سەرچاوە فارسییەکان
– کتێب

١. دیوید رندال: روزنامهنگار حرفةای، ترجمة: علی اکبر زاده، انتشارات روزنامه ایران، چاپ اول ١٣٨٢.
٢. دکتر کاظم معتمدنژاد، «یونسکو و مسائل حقوقي بينالمللي ارتباطات الکتروني»، گزارش شرکت و ارائه مقاله در دومين کنگره بينالمللي یونسکو درباره «اخلاق اطلاعات: چالشهاي اخلاقي، حقوقي و اجتماعي فضاي سيبرنتيک»، مونتکارلو: یکم تا سوم اکتبر ١٩٩٨ (٩ تا ١١ مهرماه ١٣٧٧)، تهران: انتشارات یونسکو، خرداد ١٣٧٨.
٣. گر باود، الفبای حقوق پدید آورنده ، غلامرضا لایقی،چاپ اول (انتشارات خانه کتاب،١٣٨٠)،ص٥٠
٤. محمد مشيريان، حق مؤلف و حقوق تطبيقی ، چاپ اول ( انتشارات دانشگاه تهران ، تهران ١٣٣٩)
٥. قانون مطبوعات، انتشارات سروش، ضاث اول ١٣٧٩.
٦. مرتضی شفیعی شکیب: حمایت از حق مولف؛ قوانین ملی و مقررات بین المللی، تهران: خانه کتاب اردیبهشت ١٣٨١.

– ڕۆژنامە و گۆڤار
١. احمد دلیمی: کپی رایت و حقوق مرتبط از برن تا تریپس، فصلنامه فقهه، شماره (٤٩).
٢. سعید رضایی شریفآبادی: «مالکیت معنوی در عصر الکترونیک«. فصلنامه کتاب، دوره ٨، شماره ٣، پاییز ١٣٧٦.
٣. علیرضا اکبری:فصلنامه کتاب، «حق مولف در اینترنت»، شماره ٦٥، بهار ١٣٨٥.
٤. مالورا استین و نیکیل سینا: فصلنامه رسانه، «رسانه های نوین جهانی و سیاستگذاری ارتباطات»، ترجمه لیدا کاووسی، سال پانزدهم، شماره٢، شماره پیاپی ٥٨، تابستان١٣٨٣.

هەولێرنامەی ئەتیر

* سەرچاوە ئینگلیزییەکان
– سایتی ئینتەرنێتی

1. www.wikipedia.org
2. http://www.state.gov
3. Dryden, John,(2007).>> Information Society Government and Security Issues>>. OECD, Conference of postal sector and the Information Society.
4. Copyright Basics , library of congress , Copyright office , Washington D.C )www.loc.gov/ copyright(.
5. http://www.irost.org/persian/ip/aboutus.asp?code=2
6. Ronald De Wolk, Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information, Boston: Allyn and Bacon, 2001, p, 6.
7. Barry M. Leiner, et al., «A Brief History of the Internet,» Internet Society, retrieved from World Wide Web, June 6, 2003; also see:
8. http://www.isoc.org/internet/history/brief.shtml
9. http://www2.epic.org/cda/cda_decision.html
10. http://wwwinfo.cern.ch/pdp/ns/ben/TCPHIST.html
11. http://www.w3.org/TR/WD–html40/intro/intro.html
12. http://www.wdvl.com/WDVL History of the Internet and the World Wide Web.
13. Larry Pryour, «A Century Closes, A Century Opens,» in Roland De Wolk, Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information, Op. Cit., p. 22.
14. Nielsen – Net Ratings The global standard for digital media measurement and analy–sis,» retrieved from world Wide Web, June 4, 2003:
15. http://www.nielsennetratings.com/news.jsp?section=dat_gi
16. Ibid
17. http://www.ccwmagazine.com/Issues/Issue14/sepehr/copy–right.ASP
18. www.mondiploar.com

دەق:

# دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار تا ڕاستیتان پێ بڵێ

ئایدان وایت
و/ تاریق کارێزی

هەواڵنامەی کتێب

**بەرایی:**
لە سەردەمی تاریکیدا خەڵک پێویستییان بە ڕووناکی دەبێت، ڕۆژنامەگەریی نایابیش دەتوانێت ئەو ڕووناکییەیان پێ بدات.

ئەو چیرۆکە هەواڵانە بە شێوازێک دەخرێنە ڕوو، کە گوزارشت لە بەهاری ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی بکەن، یارمەتیی خەڵک دەدەن بۆ ئەوەی سەبارەت بەو جیهانە جەنجاڵەی تیایدا دەژین، تێگەیشتنی باشتر بەدەست بهێنێ. هەر ئەم شتەش لە خەیاڵی یەکێتی و کۆمەڵەکانی ڕۆژنامەنووسیدا بوو کە دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەری ڕەوشتکارییان خستە ڕوو، کە وەک هەڵمەتێکی جیهانی بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەنووسان، لە پێناو گرێدانەوەیان بە ئەرکەکەیان.

لە بەرەنگار بوونەوەی تەنگژە قووڵەکەی گەردووندا – پاشەکشەی ئابووری، تیرۆر و ململانێ، گۆڕانی کەش، هەژاری و نەخۆشی – زیاتر پێویستە ڕۆژنامەگەری دەست بە ڕووخاندنی دیواری بڕیاری پێشوەختە و نەزانی و کەم دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری، کە ببێتە چاودێر بەسەر حکومەتەوە، بکات.

لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، هەرگیز ئەو ئەرکە هێندە ئاسان نییە، کاتێ چەمکێ بەدی ناکەین ناوی هەواڵی لۆگاڵ بێت. هەر لەگەڵ ئەوەی پەنجەت بە ماوس کەوت، ئیدی شتی لاچەپیش دەبێتە جیهانی. خەڵکی لە ڕێی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە بە شێوازی ئەوتۆ بە یەکەوە بەندن، کە بەر لە چەند ساڵێکی کەم هەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات.

هەرچەندە پێویست وایە کە خەڵکی بتوانن بە ئاسانی بگەنە ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانەی کە واتایەک دەبەخشێتە ئەو ڕووداوانەی ژیانیان پێکدەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی هەرە زۆری تەکنیک و داهێنراوەکان، بە دەست باری قورسی ناوەڕۆکی پووچ و خراپ وچڵێسەوە دەناڵێنن.

تەکنیکی گەیاندن و بەدواداچوونی هەواڵ، شێوازی کار کردنی ڕۆژنامەنووسانی گۆڕیوە. ئەوەی لە ڕابردووشدا نموونەی بازرگانییەکی بە قازانج بوو، لەم ڕۆژگارەدا هێندە داهاتیان نییە. لە کەشێکی لەم جۆرەدا، بەکارهێنەران دەست بە کەم کردنەوەی خەرجی دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی شوێنی کار ژینگەیەکی بەدەر لە ئاسایش بێت، بە جۆرێ کە پرسی پاراستنی پێوەری بەرزی

ڕۆژنامەنووسیی، دەبێتە ئەرکێک کە بەردەوام زەحمەتتر دەبێت. ئەمەش لە لای خۆیەوە ئەو بڕوایە دەخاتە ژێر گوشارەوە، کە پێی وایە میدیا پەیوەندی بە بنەمای ڕەوشتەوە هەیە.

لە هەندێ بەشی جیهاندا، بازاڕی میدیا لە گەشە کردن دایە، ئەویش بەهۆی جیهانگەری و زۆربوونی ژمارەی خوێندەواران کە گوێگری نوێ دێنێتە بەرهەم. بەڵام لە بەرامبەردا، لە ئاکامی ئەو کاریگەرییەی بەرژەوەندیی ئابووری یان سیاسی دەینوێنێ، ئەم ڕەوتە ئەرێنیانە بێ بەهرە دەکرێن، ئەمەش دەبێتە مایەی سست بوونی ڕۆژنامەگەری و دروست کردنی بۆشاییەکی ڕەوشتی و پێوەری یەکجار کلۆڵانەی لێ پرسینەوە.

هەر بۆیە، سەیر نییە کە ڕۆژنامەنووسان هەر خۆیان کەوتنە ڕێکخستنی خۆیان تا داکۆکی لە بەرژەوەندیی خۆیان بکەن و تا پەرژینێک لە نێوانی خۆیان و میدیایەکی دەستکرد و چەواشە کار و سەگوەڕ دابنێن. هەڵوێستی ئەوان لە پێناوی شکۆی ڕۆژنامەگەرییە کە پشت بە بەهاوبەرپرسیارییەتیی کۆمەڵایەتی دەبەستێت.

ڕۆژنامەگەری بەرەو ڕووی ئاستەنگی سەیری ڕەوشتانە دەبێتەوە. هەر ڕۆژنامەنووسێک وەک کەسێک، بەرپرسە لە پاراستنی پێوەری باشی کارەکەی. هەڵبەت میدیا ئەرکێکی دەستە جەمعییە، کاری هەر ڕۆژنامەنووسێک بە جۆرێ دەگونجێندرێ و دەکرێتە بەرهەمێک، کەوا باوە دوایین شێوەی ئەو بەرهەمە دەکەوێتە بەر بڕیاری کار گوزەران یان ئەنجوومەنگەلی بەڕێوەبردنی حکوومی.

نائارامییەکی ئاسایی لە نێوانی بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار لە لایەک و هەوڵی کۆمپانیاکان بۆ بەدەست هێنانی قازانج و گوشاری بەڕێوەبەرانی نا ڕۆژنامەوان، یان خاوەنی میدیاکان لە لایەکی دی، لە ئارادایە. لێرەدا هەبوونی پەخشنامەی ڕەفتاری دەستە جەمعی و کەرەستەی دەستە جەمعی بۆ چاودێری کردنی ئەو پەخشنامانە دەبێتە شتێکی پێویست. ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسان پێگەیەکی نموونەییان هەیە لە سەرکردایەتی پرۆسەی گەڵاڵە کردنی پەیماننامەی کار و کردەی ڕەوشتکارانە، هەروەها ئەو گفتوگۆیەی لە بارەیەوە دەکرێ و چاودێری کردنی پیادەبوونی.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارانە، بەرەو ڕووی هەندێ لە ئاستەنگی دیاریکراو دەبێتەوە، کە لە گەشە کردنی ڕەگەزپەرستی یان ململانێی ئایینی یان کلتووریدا، بەرجەستە دەبێت. بانگەوازێکە بۆ نوێکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەگەرییەی پشت بە بەها دەبەستێت، لەنێو تێکڕای گۆڕەپانی ڕاگەیاندندا و پەیامێکی سادەی پێیە لەنێو ڕۆژنامەگەریی ڕیکلامکردن نییە، بەرهەمی میدیاش هەر تەنیا دەروازەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو بەهایەک دەخاتە سەر دیموکراسی، ژیانی خەڵکیش باشتر دەکات. هەندێ پاساوی ماقووڵی بازرگانی هەن بۆ ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارانە. ڕۆژنامەگەری جۆرەکییانە متمانە دروست دەکات. لە دنیای ڕۆژنامەگەریشدا، متمانە نیشانەیەکی دیارە و یارمەتیدەرە بۆ بەدەست هێنانی بەش لە بازاڕدا، هەروەها پەیوەست بوونی گوێگرانیش بەدەست دەهێنێ. ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار لەسەر هەقە، نەک هەر لەبەر ئەوەی بە بەرژەوەندیی گشتیدا کار دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ڕێگایەکە بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی درێژخایەن بۆ کەرتی میدیا.

ئەم کتێبە سەبارەت بە بنچینەی دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارانە، پێشینەیەکی دوورودرێژ پێشکەش دەکات. هەروەها ئەو نەریتە ڕەوشتییانەش دەدۆزێتەوە، کە کاری میدیا و ڕۆژنامەنووسان پشتی پێ دەبەستێ. هەروەها ئەم کتێبە نیگایەک ئاراستەی هەمەلایەنی بەرپرسایەتیی ڕەوشتییانەشی دەکات لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخدا.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارانە هانی ڕۆژنامەنووسان و پیشەکارانی میدیا و داڕێژەرانی سیاسەت و کۆمەڵگای مەدەنی دەدات، تا بەدوای

ڕێگایەکدا بگەڕێن بۆ ڕەگاژۆکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەگەری لە کلتووری میدیای هاوچەرخدا. بە شێوەیەکی سادە، ئەم پرنسیپ و بنەمایانە ئەمانەن:

**بنەمای یەکەم/ گووتنی ڕاستی:**

پێگیری لەسەر وردیی ڕاستییەکان، پێداچوونەوە و دیسان پێداچوونەوە، لە کارامەیی لە مەزەندە کردنی ئەگەری هەڵە. چەسپاندنی ڕاستگۆیی لە ڕێی پرسیار و لێپرسینەوە ئامادە بێت بۆ سەلماندنی هەڵە و ڕاست کردنەوەی. درک کردن بەوەی کە ناکرێ ڕاستیی شاراوە ئاشکرا بکەیت، تەنیا بە پشکنینی سەخت نەبێت، هەروەها بە دیمانەی قووڵ و تێگەیشتنی باش لەو پرسانەی لێیان دەکۆڵێتەوە.

**بنەمای دووەم/ سەربەخۆیی و دەستپاکی:**

بریتییە لە تەواوی چیرۆکەکان، بە بێ ون کردنی ڕاستیی گرنگ، چاوی لەوەیە لە لایەنگیری بەدوور بێت، زاراوەی زبر ڕەت دەکاتەوە، بوارێک بۆ جیاوازیی لۆژیکییانە و پاساودا دەدات، ڕووبەرێک دەداتە ئەو کەسانەی هێرشیان کراوەتە سەر تا ڕای خۆیان دەربڕن، خۆی ناداتە دەستی ملکەچ بوون بۆ کاریگەریی بەرژەوەندیی بازرگانی یان سیاسی.

**بنەمای سێیەم/ مرۆڤایەتی و هاوکاری:**

نابێ زیانی بە ئەنقەست و ڕاستەوخۆ بە ئەوانەی دی بگەیەنێت، کەم کردنەوەی ئازار، عەقڵییەتێکی کراوە و خاوەن بیرکردنەوە، ڕەچاوکردنی مافی گشتی و هەل و مەرجی ڕەوشتییانەی خودی ڕۆژنامەگەری.

ئەمانەن خاڵەکانی دەستپێکی دەستپێشخەریی ڕۆژنامە گەریی ڕەوشتکار. لێرەدا هەندێ ڕۆشنایی دەخرێتە سەر هەندێ لەو ئاستەنگە کردەییانەی بەرەو ڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە، چ لە جیهانی سیاسەت یان یاسا، یان لەو لایەنانەوە کە لە ململانێی کۆمەلایەتی و کولتووریدان، یان لە لایەن کۆمپانیای گەورە و فەرمانبەری پەیوەندیی گشتی ئەوانەوە. یان لە پەشێویی ناوخۆوە، کە بەرەنجامی داڕووخان و تازەبوونەوەی سەردەمی ئەو گۆڕانانەی پێشتر ڕوویان نەداوە.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارانە درک بەوە دەکات، کە ڕۆژنامەگەریی باش ئەوەیە ڕۆشنایی بدات نەک داکۆکی بکات. هەروەها بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بگرێتە ئامێز کە لە دانایی و ئازایی و دەست پاکیدا خۆی دەنوێنێ.

هەروەها هەندێ نموونەش هەن کە دەری دەخەن، کە چۆن ڕۆژنامەنووسان و سەندیکاکەیان دەچنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەمەش وا باوە لە هەلو مەرجی سەخت و مەترسیداردا دەبێت. سەندیکا و کۆمەڵەکان دەکەونە داکۆکی کردنی چالاکانە لە ڕۆژنامەگەری و لە کۆمەڵێ بەهای دیموکراسی – ئازادیی ڕاگەیاندن، ئازادیی گردبوونەوە، ڕێز گرتن لە شوێنی کاردا، ڕەت کردنەوەی هەموو شێوەیەکی گەندەڵی، دانانی سنوورێک بۆ یاساکان، یان ئەو هەڵسوکەوتە ئیداری یان ئاڵۆزییانەی، دەبنە لەمپەر لەبەردەم ئازادیی گەیشتن بە زانیاری، کە هەرچەندە پشت بە نییەت پاکیش ببەستێت، ئەوە ناگۆڕێت کە گێلە، نا سەرکەوتووە، لەم سەردەمەی تیایدا دەژین، ئاکامی پێچەوانەی دەبێت.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، بانگەوازێکی لە ڕۆژنامەنووسان و یەکێتییەکانیان، بۆ داگیرساندنی ڕەوشتی ئەرێنی لە پێناو پیشەکەدا. هەروەها دەستپێشخەرییەکە بۆ بەڕێوەبەران و هاوکارانی میدیاکارانی پیشەکە و داڕێژەرانی سیاسەت، هەروەها کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی، تا بێتە نێو گفتوگۆوە، دەربارەی ئایندەی میدیا و دەربارەی دیدێک لەپێناو ڕۆژنامەگەریدا. ئێمە دەڵێین دەبێ لە ژێر چاودێریی ڕاستیدا بێت و پێیەوە پەیوەست بێت، هەروەها بەرامبەر بە ستەم هەستەوەر بێت، پەرۆشیی سەربەخۆیی خۆشی بێت، لە

سەرووی هەموو شتێکەوە، پاڵەوان بێت و داکۆکی لە بەرژەوەندیی گشتی بکات.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار لەچاو تێبڕینەوە بۆ کار کردن:

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار ئامانجی ئەوەیە پشتیوان و هاندەر بێت بۆ نایابی لە ڕۆژنامەگەریدا، سەرباری پتەوکردنی پەیوەست بوون بەو و بیرۆکەیەی کە میدیا پەیامێکی هەیە. ئەوە هەڵمەتێکە، بۆیە بریتییە لە دانانی ئامانج و بەجێ گەیاندنی ئەنجام، و ڕێکخستنی چالاکیی کردارییانە. بە کردەنی واتە بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، بریتییە لە هاندانی گفتوگۆ و گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ زۆر لەو پرس و گرفتانەی بەرەو ڕووی میدیای نوێ دەبێتەوە. دەرفەتێک بۆ هەموو ئەوانە دەڕەخسێنێت کە لە بواری هەواڵی پیشەسازیی میدیادا کار دەکەن، کە نەریتی ڕەوشتییانەی ئێمە پەیڕەو بکەن، هەروەها دووبارە مەشخەڵی بڕواهێنان بە بەهاکانی هاوکاران و مرۆڤایەتی لە ڕێی ڕۆژنامەگەرییەکی شەرەفمەندانەوە، دابگیرسێنێتەوە.

ئەو چەند لاپەڕەیەی دادێن، چەندین پرسیار و پێشنیار و پێشکەی دەگرنە خۆ، کە تێکڕا ئەو هێڵە پان و ناوونیشانانە گەڵاڵە دەکەن، کە هەڵمەتی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار چارەسەریان دەکات، ئەم هەڵمەتە پێشنیار دەکات لە هەر وڵاتێکدا چالاکی ئامانجدار بەڕێوە بچێت، هەروەها لە چ هەلومەرجێکدا کاری ڕۆژنامەنووسی بەڕێوە دەچێت.

ئەو پێشنیار و بیرۆکانەی لێرەدا هاتوون،هەموو ئەگەرەکان نییە، بەڵام چاوتێبڕینی ڕۆژنامەنووسان لە هەر شوێنێکدا دەخاتە ڕوو، کە لە کولتوور و نەریتی جیاجیاوە هەڵێنجراوە، پێکەوە هاوکار دەبن بۆ داڕشتنی دیدێکی هاوبەش دەربارەی کاری ڕۆژنامەنووسیی بۆ هەموو پیشەگەران.

دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، پرسیاری سادە دەخاتە ڕوو، کە وەڵامدانەوەیان پلانێکی پتەو دەهێنێتە پێش، ئەو پلانەش پشتیوانی لە ڕۆژنامەگەری دەکات و ئامادەی دەکات تا بتوانێ بەرەو ڕووی ئاستەنگی تازە ببێتەوە لەنێو ژووری هەواڵ و دەرەوەیدا لە گۆڕان لە هەلومەرجی کار، گوشاری پەرەسەندووی بازرگانی، هەڕەشەی بەردەوامی هەژاری، گەندەڵی، و کاریگەریی ملهوڕانەی سیاسەت بەسەر میدیاوە.

تا دێ بڕوای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانیان زیاتر دەبێت بەوەی ناکرێ بەرەو ڕووی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە، بە بێ ئەوەی دیدێکی نوێ بگرینە بەر، لەبارەی هاوبەشایەتی جڤاکی و دەستپێکردنی گفتوگۆی تازە لەگەڵ حکوومەتەکان و کۆمەڵگای مەدەنی بە جۆرێ کە گفتوگۆ جەخت بکاتە سەر دیاریکردنی بنەماکانی کاری دروست و بڕوادار بە پێشنیاری کردەنی کە بتوانن ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەری و ئیداری میدیا چاکتر بکەن، و پەیوەندی نێوان میدیا و کۆمەڵیش بەهێزتر بکەن.

دەست پێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە کۆنگرەیەکدا بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسی لە ئەورووپا و ئاسیادا، ڕاگەیاندرا.

کارنامە بنەڕەتییەکەی دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، کە لە لایەن یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانییانەوە ڕێک خراوە، ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی:

**١. چالاکی لە پێناو بەهێز کردنی ڕۆژنامەگەریی جۆرەکییانە و میدیای ڕەوشتکاران:**

دەست پێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، لەوەی ئێستا لە ئاستی نیشتمانیدا پیادە دەکرێت، ورد دەبێتەوە، بە مەبەستی برەودان بە ڕۆژنامەگەریی جۆرەکی و هەڵسوکەوتی دروست، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کەمینەکان و چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ حاڵەتەکانی ململانێوە هەیە. پشتیوانیش لە

پرۆژەکانی کار لە ناوخۆی میدیاش دەکات کە دەخوازن سەربەخۆیی لە نووسین و ئیدارەی رەوشتکارانە و شەفەوییەت و دامەزراندنی سیستمێک جێی متمانەی رێکخستنی ناوخۆ، بەدەست بهێنن.

**٢. دەستپێکردنی گفتوگۆی ناوخۆ و جیهانی دەربارەی پێویستیمان بە رۆژنامەگەرییەکی رەوشتکارانە:**

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا – لە ناوخۆی میدیا و لە دەرەوەیدا – پشتیوانی لە گفتوگۆ دەکات، تا هۆشیاری دەربارەی رۆژنامەگەریی جۆرەکییانە بڵاو بکاتەوە. هەروەها هەلومەرجی کار کردنی کارمەندانی میدیا و رەوشی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ، دەخاتە ناوجەرگەی ئەو پرۆگرامانەی دەخوازن ململانێ چارەسەر بکەن، دیموکراسی بنیات بنێ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووریش بەهێز بکەن.

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، فۆکس دەخاتە سەر دیاری کردنی بنەماکانی کاری دروست، و بڕوادان بە پێشنیاری کردن کە بتوانێ ناوەڕۆکی رۆژنامەگەری و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی میدیا، و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان میدیا و کۆمەڵ باشتر بکات.

**٣. بابەت بۆ رۆژنامەنووسان و نووسەران و بەرنامەسازان:**

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی پەلاتۆکی ئەوتۆ، کە رۆشنایی دەخەنە سەر چاکترین هەڵسوکەوتی رەوشتکارانە، و رێنمایی گەلێک کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتنی بە بڕیاری دروست، کە پشت بە تێگەیشتنێکی قووڵ دەبەستێت لە ژووری هەواڵدا. ئەو پەلاتۆکانە جەخت دەکەنە سەر شێوازی چارەسەر کردنی گرفتی رەوشتی رۆژنامەنووسان و نووسەران، چۆن بتوانن هەڵسوکەوت بکەن، لەتەک پەشێوی نێوان گرووپگەلی جیاجیای کۆمەڵێ، لەگەڵ تەنگژەی کۆمەڵایەتی و لەکاتی کار کردن لە گۆڕەپانی ململانێیدا. هەروەها ئەو پەلاتۆکانە کار بۆ پەرەپێدانی رێنمایی گشتی دەکەن، کە یارمەتی دەزگاکانی میدیا و کەرتی راگەیاندن دەدات بۆ دامەزراندنی رچەگەلی وا کە کرانەوە و شەفافییەتی میدیا و توانای ملکەچ بوونی بۆ لێپێچینەوە دەستەبەر بکات.

**٤. تۆڕی زانیاری:**

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، دەکەوێتە بەکارهێنانی ژێدەرگەلێک کە ئێستا هەن، ئەویش لەرێی پێکەوەنانی هاوبەشایەتی بۆ ناساندنی چالاکی کردنی کە پەیوەندیی بە رۆژنامەگەریی جۆرەکییەوە هەیە، کە لە ئێستادا لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوی رۆژنامەنووسانەوە کاریان پێ دەکرێت. ئیدی بەم جۆرە سەکۆیەک دادەمەزرێنێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەربارەی پرسەکانی گفتوگۆی شارستانییەتەکان و رایەڵی پەیوەندی بۆ رۆژنامەنووسانیش دەستەبەر دەکات، کە داتا و ژێدەری تێدایە، لە نێوانیانیشدا ژێدەری جێ متمانەی هەواڵ و زانیاری.

**دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، ئەم شتانە دەکات:**

– بڵاوکردنەوە و بەهێز کردنی ئەو پەیامەی دەڵێ! رۆژنامەگەریی رەوشتکار لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدایە.

– پشتیوانی کردن لە مافی هەموو ئەوانەی لە میدیادا کار دەکەن و مافی کار کردن بە گوێرەی ویژدان بدرێتە رۆژنامەنووسان.

– پشتیوانی کردن لە سیستمی جێ متمانە بۆ خۆرێکخستن و پشتگیری کردنی.

– پێکەوەنانی هاوپەیمانی لەنێو میدیادا بۆ داکۆکی کردن لە رۆژنامەگەریی جۆرەکییانە.

– هاندانی گفتوگۆی گشتی دەربارەی ئایندەی رۆژنامەگەری. لەکاتی داڕشتنی سیاسەتی میدیا چ لە تێکڕایی ئاستەکاندا، کار بۆ پێشاندانی رۆڵی میدیای سەربەخۆ و بەهاکانی راژەی گشتی بکرێت.

هەولێرنامەی کتێب

- کۆت و بەندی ئازادیی رۆژنامەگەری لابدرێت و پشتیوانی لە ماف زانین بۆ خەڵکی بکرێت.

**٥. مەشق لەسەر رەوشت لە رۆژنامەگەریدا:**

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، پشتیوانی لە پرۆگرامی مەشق کردنی دەکات سەبارت بە رێساکانی رەوشت لە رۆژنامەگەریدا، بەشێوەیەکی تایبەتیش جەخت دەکرێتە سەر ئەو دەستەیەی راپۆرتی تایبەت بە کلتووری جیاجیا و جەنگ ئامادە دەکەن. ئەم دەستپێشخەرییە هەوڵ دەدات پشتیوانی لە تیمە کاری هاوبەشی رۆژنامەنووسانێک دەکات کە سەر بە کلتوور و وڵات و پاشخانی جۆر بەجۆرن. هەولێش دەدات ئاسانکاری لە بواری گۆڕینەوەی بابەتی رۆژنامەوانی و سەردانەکار بۆ ئەو رۆژنامەنووسانە بکات، کە لەو دەزگایانەدا کار دەکەن، کە بەشداری هەڵمەتەکەن.

**٦. چاودێری کردنی پێشێلکاریی رۆژنامەوانی و ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی پرسی گرنگی رەوشت:**

دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، هاوبەشی لەگەڵ دەزگا لە کاردا، هەوڵ دەدات چاودێریی ئەو پێشێلکارییانە بکات، کە دەرهەق بە پێوانەکانی رەوشت دەکرێن، ئەو پێوانانەی پشت بەو بنەمایانە دەبەستن، کە لە لایەن دەستپێشخەری و پەیماننامە پیادەکراوەکانی شەرەفی رۆژنامە نییە و گەڵاڵە کراون. ماڵپەڕی هەڵمەتەکەشی دەبێتە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە.

**٧. رۆژنامەگەریی کتێبخانەی بیرمەندان:**

لەسەرووی هەموو شتێکەوە، دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، کار بۆ بڵاوکردنەوەی گفتوگۆی نوێ و کارا بە تیژی تۆکمەوە دەکات، سەبارەت بە پێویستی فرە چاکیی بەرز و دەستەبژێرانەی بیر، لە پرۆسەی گەڵاڵە کردنی بڕیاری نووسینکاریدا. ئەم کارە دەبێتە کتێبخانەیەکی بیرمەندان بۆ خزمەتی رۆژنامەنووسان، هەروەها رووبەرێکیش بۆ رامان و فێربوون. هەروەها سەکۆی گفتوگۆ لە ئینتەرنێتدا دەکرێتەوە، هەروەها دەرفەت بۆ پێکەوەنانی گرووپی گفتوگۆ لەنێوان هاوکارانی پیشە.

**بەرەو ژینگەیەکی رەوشتانەی کار لیستێک چالاکی کردەنی**

**یەکەم: یاسا و سیاسەت:**

ناکرێ رۆژنامەگەرییەکی بەردەوام و چەسپاوی رەوشتکار یان جۆرەکی هەبێت، تەنیا ئەگەر لەو کاتەدا نەبێت کە دەوڵەت بنەماکانی ئازادیی رۆژنامەگەری بپارێزێ. مافی دەستووری هەر تەنیا رووکارێک نییە بۆ نمایش کردنی دیموکراسی. بەڵکو دەبێ پەیوەست بوونی کردەنیشی هەبێت.

ئەو هەڵمەتانەی بۆ داواکردنی ئەو مافانە و داکۆکی کردن لێیان دەکرێن – لە نموونەی ئەو هەڵمەتەی لە چوارچێوەی ئەم دەست پێشخەرییەدا دەکرێ و هەڵمەتی «شکاندنی کۆت و بەند» لە لایەنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا پێویستیان بە چاودێرییەکی ورد هەیە، چ لە ئاستی نیشتمانی یان هەرێمایەتی، بەسەر یاسا خراپەکان و چۆن بە کردەنی بۆ دەمکوت کردنی رۆژنامەگەری بەکاردەهێنرێن. هەروەها پێویست دەکات کە چالاکی ئەوتۆ بکرێت بە مەبەستی رەت کردنەوەیان و یاسای دیکەیان لەجیاتی دەربکرێ، کە پاراستنی رۆژنامەنووسان مسۆگەر دەکەن.

گەلێ لەو پرسیارانەی دواتر دەخرێنە روو، رۆڵێک پێشنیار دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ماف و ئازادییانە، کە وەڵامدانەوەی هەندێکیان پێویستی بە گفتوگۆ و مشتومڕ هەیە، بۆ نموونە ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە کوفر و سوکایەتی کردنەوە هەیە، سەبارەت بە پیادەکردنیان لەسەر زەویدا، هەروەها کە ئاخۆ پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە و گوزارشتی لێ دەکەن. هەندێکی دیکەشیان پێویستیان بە

وەڵامی خێرا و کتوپڕە، بۆ نموونە نەهێشتنی حاڵەتی دەربازبوونی ئەو کەسانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر رۆژنامەنووسان لە سزا و پاراستنی ئازادیی مەدەنی لە هەڕەشەی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەروەها لە یاسای ئەمنی و سیاسی.

هەروەها وا پێویستە کە ئەم پرسیارانە لە ئاستی جیاجیادا بخرێنە روو. دەکرێ گفتوگۆ دەربارەی پرسێکی وەک پەرەپێدان و هێنانە دیی حکومەتێکی کراوە لەڕێی سەکۆیەکی گفتوگۆی جەماوەر و رۆژنامەنووسانەوە بکرێت. دەبێ ژمارەیەکی زۆر لەو جۆرە پرسیارانە لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە وەک گرووپ بکرێن، چ لەڕێی سەندیکاوە یا لە رێی رێکخراوەکانی ئازادیی رۆژنامەنووسی و هی دیکەوە. کاتێ رۆژنامەنووسان ئەم جۆرە پرسیارانە دەکەن، ئیدی رێ بۆ دروستبوونی هاوپەیمانی خۆش دەبێت، کە گوشار دەکەن بە ئاراستەی گۆران بۆ باش کردنی هەلومەرجی کار لەپێناو میدیایەکی کاراو سەرکەوتوو.

**چەند پرسیارێک:**

– ئایا یاسا میدیا لە دەستێوەردان دەپارێزێت؟، هەروەها رێ لە هەموو جۆرە سانسۆرێکی حکوومی یان سانسۆری دەوڵەت دەگرێ؟

– ئایا پێداچوونەوەیەکی سەراپاگیری لەسەر ئاستی نیشتمانیدا کراوە بۆ دیاری کردنی ئاستەنگە یاساییەکانی بەردەم رۆژنامەگەری؟

– ئایا دەوڵەت ئەو ئەرکانەی خۆی بەجێ دەگەیەنێ کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا هاتوون؟، کە دەبێ ئازادیی میدیا بپارێزێت. هەروەها راوەدووی ئەو کەسانە بێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر رۆژنامەگەری و دەبێ رۆژنامەنووسان بپارێزێت؟

– ئایا یاسا بە تەواوی مافی رۆژنامەنووسان دەپارێزێت، تا بتوانن پارێزگاری لە متمانەی ژێدەری زانیاری خۆیان بکەن، کە بە مەرجی نهێنی بوون بەدەستیان هێناوە؟

– ئایا ئەو برگە تاوانکارییانە لادراون کە سووکایەتی و جنێودان و تانە و تەشەر لە یاساکانی سزادانا؟

– ئایا پێویست بە پێداچوونەوە هەیە بەو یاسایانەی تایبەتن بە کوفر یان لەکەدار کردنەوە هەیە؟

– ئایا یاسای کارا هەن بۆ پاراستنی فرەیی لە میدیادا، هەوەها بۆ رووبەروو بوونەوەی چڕبوونەوەی موڵکایەتیی هۆیەکانی راگەیاندن لەدەستی چەند کەسێکی کەمدا؟

– ئایا میدیای حکوومەت بە گوێرەی پێوانەکانی راژەی گشتی، کە خۆی لە سەربەخۆیی نووسین و شەفافییەتدا دەنوێنێ کار دەکات؟، هەروەها ئایا ئەو میدیایە بە شێوەیەکی کردەنی لە زاڵبوونی سیاسەت بەسەریدا پارێزراوە؟

– ئایا یاسایەک هەیە بۆ ئازادیی گەیشتن بە زانیاری؟

– ئایا حکوومەتێکی کراوە هەیە؟

– ئایا هاووڵاتیان و رۆژنامەنووسان دەتوانن لەڕێی بەردەست بوونی خزمەتی گشتیی بەردەوام و کردەنی و پشتیوانی لێ کراو بەشێوەیەکی گونجاو، زانیاریی گشتی بەدەست بهێنن؟

– ئایا پاراستنێکی یاسایی بۆ رۆژنامەگەری پەیدۆزکار و مافی جەماوەر لە زانین هەیە؟، هەروەها ئایا بە شێوەیەکی کردەنی ئەو مافانە دەپارێزرێن؟

– ئایا یاساکانی ئاسایش و یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە کاریگەرن بەسەر کاری رۆژنامەنووسان و ئازادیی رادەربڕین؟

– ئایا هاوسەنگییەکی ورد لەنێوان پاراستنی تایبەتمەندی و مافی رۆژنامەنووسان لە ئارادایە؟

**چالاکی بۆ پیادە کردن:**

– جووڵانەوە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەو پرسانە، وا پێویست دەکات رێکخراوێکی کارا هەبێت، کە خاوەن پانتاییەکی نیشتمانی بێت و لەنێو رۆژنامەگەریشدا خاوەن پێگەیەکی پتەو بێت. یەکێتییەکانی رۆژنامەنووسان بجەستەی هەرە گونجاو بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم کارە. لە هەموو حاڵەتێکیدا نابێ هیچ دەرفەتێک

له دەست بدرێت بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانی، کە تیایدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوانەی بایەخ بە ئازادیی بنەڕەتی و کۆمەڵگای کراوە دەدەن، کە دێنە پاڵ یەک.
- ئەگەر لەم ماوەیەدا، نەکرا پێداچوونەوەیەکی سەراپاگیری یاسایی بکرێ، هەوڵی پیادەکردنی بدەن. ئەو یاسایانەی پتر زیان بە رۆژنامەنووسان دەگەیێنن، دەست نیشانیان بکەن، هەروەها جێگرەوەیان بۆ ئامادە بکەن. ئەمە پێویستی بە زمانێکی روونی یاسایی هەیە، کە بێ تەم و مژ پێناسە بۆ مافەکان دیاری دەکات، ئەو ئەرکانەش روون دەکاتەوە کە لە ئەستۆی دەسەڵاتدان، کە پاراستنی هاووڵاتیان و کەرتی راگەیاندن بگریتە ئەستۆ.
- دامەزراندنی گرووپێکی کار، کە هاوبەشانی هەمەجۆرییان تێدابێت، لە یاسا ناساندن، کۆمەڵگای مەدەنی، کەرتی میدیا، هەروەها سوود وەرگرتن لە بابەتی سوود بەخش و پەیوەندیدار، کە لە رێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی پشتیوانی کردن لە میدیا دەستەبەری دەکەن، لە نێوانیاندا رێکخراوی ماددەی (١٩) و تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری دەربارەی ئازادیی دەربڕین.
- پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی بەرپرس — حکوومەت، دەزگای پۆلیس، هەروەها سوود لە کەسانی سوود بەخش و هاوسۆز لەگەڵ میدیا لەنێو کۆمەڵگای سیاسیدا، وەربگرن. کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوانی سەندیکاکان و کارمەندانی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومی و پەرلەمانتاران، بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی خواستی دیاریکراو.
- ئازادیی گەیشتن بە زانیاری، گرتنە بەری رێ و شوێنی بەرەنگار بوونەوەی هەڵاتنی کەسانێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر رۆژنامەنووسان لە سزا. یاسا دەربارەی راژەی گشتی هەندێ یەکێتی هەن، لە نێو پەرلەماندا گرووپی راوێژکاریی نیشتمانییان دامەزراندووە، کە لە رۆژنامەنووسانی پێشوو، پیشەکارانی میدیا پێکهاتووە، تا یارمەتیدەر بێت بۆ بەجێ گەیاندنی گوشار لەپێناوی گۆڕاندا.
- گرێدان یان پەرەپێدانی پەیوەندی لە نێوان رۆژنامەنووسان و کۆمەڵگای مەدەنی، دەزگاکانی مافی مرۆڤ، چالاک دانانی لۆکاڵ، سەندیکاکانی کرێکاران، گرووپگەلی لە ژنان، نوێنەرانی گرووپگەلی، کەمینەکان، لە پێناو پێکەوەنانی پشتیوانییەکی فراوان بۆ باش کردنی هەلومەرجی یاسایی. رێ بە نەیاری وەک ناکۆکی لەگەڵ یەکێتییەکانی رۆژنامەنووسانی دیکەوە مەدەن، کە ببێتە لەمپەرێک لە بەرەم چالاکییەکی کارای هاوکارانە.
- ئامادەکردنی کەرەستە و ئامێری میدیا (پۆستەر، پالاڤۆک، ماڵپەڕ، تۆڕی کۆمەڵایەتی)، بۆ بەکارهێنانی لە چالاکیی پەیوەندیدار بە رووداوی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی، وەک رۆژی جیهانی بۆ ئازادی دەربڕین (٣/ئایار). کارکردن بۆ ناردنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیدارن بە چالاکییەکان، بۆ تۆڕگەلی نێودەوڵەتی.

**دووەم: رەوشت و رۆژنامەنووس:**

ئەندام بوون لە گەلاڵەیەکدا، رێکارێکی گرنگە بۆ پێناسە کردنی رۆژنامەنووس و جیا کردنەوەی لە خەڵکانی دی. رێکاری دیکەش هەن، وەک ئەوەی رۆژنامەنووس پشت بە خۆی ببەستێ بۆ پەیدا کردنی بژێوی خۆی، یان بەشێکی گەورەی، لە رێی کاری رۆژنامەنووسییەوە یان پسوولەیەکی پشت پێ بەستن لە جەستەیەکی ددان پێدانراوی رۆژنامەنووسیدا بەدەست بهێنێ: سەندیکا یان کۆمەڵەیەکی رۆژنامەنووسی، یان دەزگایەکی متمانەداری رۆژنامەنووسی.

ئەمانە نیشانەی گرنگن لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، لەو کاتەی کە رای بێ پارێز هەن و دەڵێن کە «هەموو کەسێک رۆژنامەنووس و وەشانگەرە». ئەم لێدوانانە لە لایەن ئەو کەسانەوە دەدرێن، تێکەڵەیەک دەکەن لە نێوانی توانای روو لە سەر رێی پەیوەندی کردن و هاوپەیوەندی و ئەرکی رۆژنامەنووسی سەبارەت بە بەرهەمهێنانی زانیاری بە

جۆرایەتییەکی دیاری کراو. لە خۆرا ئینتەرنێت وایە کە پێوەرگەلێک نین، کە لە بارەیانەوە ڕێککەوتن کرابێت، بۆ مسۆگەر کردنی وردی و هاوسەنگی، ڕەوشت. ئەم پێوەرانە لە ڕۆژنامەگەریدا هەن. گەڵاڵەنامە و پەیماننامە گرنگن، بەوەی دەستکەوتن بۆ ڕۆژنامەگەریی جۆرەکی و ڕێنماییەکیشن کە لە ئەزموونەوە هەڵێنجراون. بە هەرحاڵ، پەیماننامە هەر تەنیا سەرەتایەکە. بەڕاستی پێویست بە ڕێنمایی ورد هەیە، بۆ پێناسە کردنی مەرجی بابەتییانە و ئەو بەهایانەی پەیماننای سوودبەخش و کردەنی، پشتیان پێ دەبەستێت. بۆ نموونە: چۆن پێناسەی ناتەبایی بەرژەوەندییەکان دەکەین. یان ئەو هەڵسوکەوتە ناوخۆییانە چین؟، کە دەبێ لەکاتی سەرهەڵدانی حاڵەتێکی سەرگەردانیی ڕەوشت لە گەرمەی کاردا، کە دەبێ بیانکەین.

دەبێ سەبارەت بەم ڕێنماییانە، بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ دەستەی نووسیندا ڕێککەوتن هەبێت دەکرێ ئیدارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەندیکاکان، پەیماننامەی نووسراو دابنێن، کە بە ڕوونی ماف دیاری بکەن. ئەم کارە لەگەلێ وڵاتی ئەورووپادا کراوە، بۆ نموونە: مافی ڕۆژنامەنووسان لە بەجێ گەیاندنی کارەکانیان، بەو جۆرەی ویژدانیان دەستنیشانی دەکات، ئەم شتە بەشێکە لە ڕێککەوتنی دەستەجەمعی. سەرباری ئەوەی لە فەرەنسادا ڕۆژنامەنووسان مافی ئەوەیان هەیە کارەکەی خۆیان بەجێ بهێڵن و قەرەبووی گونجاویشیان پێ بدرێ، کاتێ موڵکایەتی دەزگایەکی میدیا دەگۆڕێ.

بڵاوکردنەوەی هەواڵە بابەت، ئەوانەی بەلای پرسی کلتوورەکانە، ئەتنیک، کۆچ، ئاییندا دەچێت و پێویستیان بە بایەخ پێدانی تایبەت هەیە. گەلێ دەزگای میدیا هەن، کە ڕێنمایی ناوخۆیان پەیڕەو کرد یان «نموونەی دەزگا»، تا یارمەتیدەر بێت لە دوورکەوتنەوە لە بەکار هێنانی زاراوەی هەڵە یان نەگونجاو. پێویستیمان بە مەشق و گفتوگۆ هەیە، بۆ دڵنیا بوون بۆ بردنە ژوورەوەی ئەم ڕێنماییانە، تا ببنە بەشێکی ئۆرگانی لە کاری کردەنییانەی ڕۆژنامەنووسان.

کلێشە و یەک ڕێتمی بە سەختترین دوژمنی پێکەوە بەندیی باشە. ئەوە بە شێوەیەکی تایبەت ئەو کاتە زیانبەخشە، کاتێ ڕاپۆرتی تایبەتی بە پرسی هەستەوەر یان دەربارەی توێژی بێ دەسەڵاتان ئامادە دەکرێت. ئەم جۆرە ڕێتم بەندییە وا باوە کە ڕاستیی ئەوە دەخاتە ڕوو، ڕۆژنامەنووس نەیتوانیوە بگاتە ژێدەری باش. پەیوەندیی بەدەنگی ڕاستەقینەی کەمینەکان یان توێژگەلی بێ دەسەڵاتەوە نەکردووە، بۆیە ڕۆژنامەنووسان و ژوورەکانی هەواڵ پێویستییان بەوەیە پەرە بە پەیوەندییەکی باش لە ئاستێکی فراواندا بدەن، لەگەڵ سەرچاوەی جیاجیا، تا پاراستنی پێوەری پیشەگەری مسۆگەر بێت.

**پرسیار:**

– ئایا نووسراوێکی ڕەفتار لە ئارادایە کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ددانی پێدانرابێت و خرابێتە واری پیادە بوونەوە، یان کۆمەڵە بنەمایەکی ڕەوشت کە لە شێوەی گەڵاڵەنامەیەکی نووسیاراندایە؟

– ڕێنمایی ورد هەن دەربارەی پیادەکردنی پەیماننامەی شەرەف، پاشان ئایا ڕۆژنامەنووسان گفتوگۆ دەربارەی ئەو ڕێنماییانە دەکەن و بەشێوەیەکی دەوری پێیدا دەچنەوە؟

– ئایا ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی کردەنی، مافی پەیڕەوکردنی بانگەوازی ویژدانیان هەیە؟

– ئایا ڕۆژنامەنووسان دەتوانن نووسیری دەزگا هەڵدەبژێرن، پاشان گەر گۆڕانێک بێ ڕاوێژەی ئەوان، لە سیاسەتی نووسیاریدا ڕوویدا، ئایا ئەوان مافی خۆیان بەدەست دەهێنین؟

– ئایا ڕێنمایی تایبەت بە گواستنەوەی هەواڵەکانی هەڵبژاردنی هەیە.

– ئایا پێداچوونەوەی دەوری بە ڕاپۆرتە هەواڵ و ئەو چیرۆکانەدا دەکرێن کە بڵاوکراونەتەوە، بۆ دەست نیشانکردنی ئەگەری گرفتگەلی ڕەوشتانە؟

هەولێرنامەی کتێب

- ئایا هیچ رەچاوکردنێکی تایبەت لە ئارادایە، سەبارەت بە نووسینی هەواڵی تایبەت بەمندالاَن، کەم ئەندامان، کەمینەکان، گروپگەلی پەراوێزکەوتەی دانیشتووان و توێژی بێ دەسەلاَتی کۆمەلاَیەتی؟

**چالاکی بۆ پیادەکردن:**

- ئەگەر پەیماننامەیان نووسراوێکی رەفتاری پیادە کراو نەبوو، دەست بە دارشتنی یەکێکیان بکەن و دەست بەگفتوگۆ بکەن دەربارەی چۆنیەتی پیادەکردنی لە نێو دەزگای میدیای خۆتاندا. رەنگە وەک خاڵی دەستپێک، بەیاننامەی شەرەفی تایبەت بە یەکێتی نێودەولەتی رۆژنامەنووسان سوودبەخش بێت. هەڵبەت بە سەدان پەیماننامەی دیکە هەن، کە دەکرێ گولبژێرییان تێدا بکرێ. پەنا بۆ تۆڕی یەکێتی نێودەولەتی رۆژنامەنووسان ببە، تا بە ئەزموونانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا، ئاشنا بێت. مێزگردێکی ناوخۆی گفتوگۆ رێک بخەن. هانی گفتوگۆ بدەن لەگەڵ هاوکاران و رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی دیکەی میدیا، دەربارەی بنەما بنەڕەتییەکانی رۆژنامەگەری و ئاخۆ چۆن دەکرێ بەکردەنی پیادە بکرێن.

- ئەو جارنامە کردەنیانە و رێنماییانەی ناوخۆ کە دەزگاکانی میدیا پەیڕەویان دەکەن، رەهەندێکی کردارەکی دەبەخشنە ئەو هیواو خواستانەی لە پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەوانیدا هاتوون. دەکرێ ئەو رێنماییانەی چڕ بێ یان درێژدادڕ بێ ئەمەش لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی دی دەگۆڕێ (جارنامەی کردارەکی و رێنمایی کردارەکی ناوخودی BBC و نیویۆرک تایمز، لە ماڵپەڕەکانیاندا هەن).

- ئێستا وا پێویست دەکات بەرێوەبەرانی نووسین و رۆژنامەنووسانی پێکەوە دابنشینین، تا رێساکانی کاری نووسیاری دارێژن، بە چەشنێ کە راستەوخۆ بن و لە چوارچێوەی هەلومەجی نیشتمانیدا باس لە رووداوی کۆمەلاَیەتی و پیشەیی بکەن.

- یەک لە ئامانج کردەییەکان، دەکرێ کارکردن بێت بۆ رزگار بوون لە هەلسوکەوتی بێت کە هاندەری گەندەلییە. وەک حالی گەلێ لە ولاَتانە کە رۆژنامەنووسان ناچارن (زەرفی بۆر) قبوڵ بکەن، کە برە پارەیەکی وەک دیاری تێدایە، بۆ پڕ کردنەوەی (کرێی هاتووچۆ) یان هەر خەرجییەکی دیکە، وەک قەرەبوویەک بۆ مووچەی کامیان، ئامانجێکی دیکەی کردەنی، خستنە رووی چەمکی وەک راوێژکردن لە نێو ژووری هەوالدا، بۆ بەهێزکردنی هەلسوکەوتی دیموکراسی.

- بلاَوکردنەوەی هەواڵی کەمینە و گرووپەکان پێویستی بە هۆشیارییەکی تایبەتی پیشەکاران هەیە، چونکە زۆرجار ئەو هەوالاَنە بەشێوەیەکە دەوری لە میدیادا بە ریتمکاری و بڕیاری پێش وەختە، دەشێوێندرێن. هەولدان بۆ دانانی بەرنامە بۆ دیدارەکانی نێو ژووری نووسیاری، بۆ پێداچوونەوەی هەلسوکەوتی پیشەییانە و دارشتنی هەواڵەکان، رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو گرفتانە. هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئامادەکردنی لیستێک بەناوی ئەو ژێدەرانەی لەم بوارەی جێی متمانە سوودبەخشن. بۆ نموونە، یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەلجیکا، بەر لە چەند سالێ کتێبێکی لەسەر ئاستی نیشتمانی ئامادە دەکرد، لە ژێدەرە و سەرچاوەی بۆ رۆژنامەنووسان تێدایە.

- دانانی لیستی چۆن یەک، بەمەرجی بەردەوام نوێ بکرێتەوە، بەردەست کردنی لە رێی تۆڕەکانی ناوخۆی ئینتەرنێت، رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ بەرهەم هێنانی راپۆرت و چیرۆکی گەلێ قووڵتر — ئامادەکردنی رێنمایی تایبەت بەشێواز، کە لیستێکی زاراوەگەلی باو دەخاتە بەردەست، لە نێویاندا پێناسەی نێونەتەوەیی زاراوەی وەک ((داواکەری پاراستن)) و ((پەنابەر)). هەروەها کار کردن لە پێناو ورووژاندنی پرسیاری دیاریکراو. بۆ نموونە کەی دەگونجێ کە رواڵەتی کەسێک باس بکەیت؟ ئەمانە کەرەستەی گرنگن بۆ رووبەڕووبوونەوە بڕیاری پێش وەختە و لایەنگیری لە راپۆرتی رۆژنامەوانیدا.

- گەلێ بابەتی سوودبەخش بەر دەست هەن،

ڕۆژنامەنووسیش دەتوانێ پەیدایان بکات. فۆڵدەری هەر چەشنێ هەیە کە وێستگەکانی پەخشی ئەوروپا کە بۆ تۆڕەکانی پەخش گەلاڵەی کرد ئەو فۆڵدەرە نموونەیەکی باشە لەم چوارچێوەیەدا. ڕێنمایی نووسیاری و ڕێنمایی بۆ دەستەکانی نووسین پێشکەش دەکات.

– ڕێکخستنی کۆبوونەوەی تایبەت، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کارکردن لەکاتی هەڵبژاردن و دانانی ڕێنمایی لەم بارەیەوە. ئەمە ئەو کاتەیە کە گوشاری سیاسی واتایەکی نوێ دەگرێتە، خۆی وا باوە کە دۆخەکە مانۆڕی ڕۆژانەی سیاسی هێزگەلی سیاسی تێدەپەڕێنێ. وەرزی هەڵبژاردنیش هەڵگری ئەگەری مەترسیدارە بۆ ڕۆژنامەگەری، ڕەنگە پەیڕەوکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ بەدواداچوونی هەواڵ لەم کاتانەدا بەمەبەستی مسۆگەر کردنی هەواڵدەرییەکی پاک، سوودێکی گەورەی هەبێت.

**سێیەم: ژینگەی میدیا:**

بەرپرسیارێتی هەڵسوکەوتی ڕەوشتییانە هەرتەنیاناکەوێتەئەستۆیرۆژنامەنووسانەوە. تێکڕای کارمەندانی دەزگاکانی میدیا، هەر لە ژووری نووسیارانەوە بیگرە تا دەگاتە گەراجی ئۆتۆمبیلەکان، لە وەبەرهێنانی ڕەوشتییانەو ئابوورییانەدا – هاوچەشن ڕۆڵیشیان هەیە لە بەخشینی بەهایەک بەکارەکەیان و لەجۆری بەرهەمی میدیاییاندا.

بۆیە دەبینین باشترین ئیدارەی میدیا و وەبەرهێنەران، نەک هەر تەنیا بایەخ بە پەیوەندی بەندیی باش بەقازانج دەدەن، بەڵکو لەوە بەولاوەتر دەچێت و دەخوازێ بەرهەمێکی ناوەڕۆک فرەباشی هەبێت، کە پەیامی میدیاییانەی دەزگاکە بگەیەنێ، کە ئامانج و بەهاکانی دەگرێتەوە، گەلاڵەکردنی دیدێکی ڕوون دەربارەی بایەخدانی بەرێزگرتن لە ماف و پێوەرو بەهای دیموکراسییانە، ئەمەش دەبێت مایەی قووڵ کردنەوەی پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕۆژنامەگەری و یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی متمانەی جەماوەر بەو.

دەکرێ بەچڕی ئاماژە بەو دیدە بکەین، وەک شێوازی نیویۆرک تایمز: (هەموو هەواڵێک کە بۆ بڵاوکردنەوە دەشێ، یان ئەوانەی دەکرێ درێژەیان پێ بدرێت). بەچاو پۆشین لە قەبارەی پەیامەکە درێژ بێت یان کورت ڕوونکردنەوەی پەیامە ئەرکی دەزگا، هەمیشە بەکارێکی سوودبەخش دادەنرێ.

جێی ئاماژەیە کە ئەو پێوەرانەی دەزگای میدیا پەیڕەویان دەکات، دەبێ بەسەر هەموو کارمەندانی دەزگاکەدا پیادە بێت، لەوانە بەڕێوەبەرانیش، نەک هەر تەنیا ڕۆژنامەنووسان بگرێتەوە. ڕەنگە پێویست بێت جیاکارییەکی ڕوون لە نێوانی ڕیکلام و ناوەڕۆکی نووسیاراندا، ڕەنگە پێویستییەک بێت کە بە ڕوونی ڕۆژنامەنووسان لێی حاڵی بن، بەڵام ئایا ئەم شتە بۆ ئەوانەش ڕوونە کە ئەرکییان بەڕێ کردنی ڕووبەری ڕیکلامە، یان ئەو بەڕێوەبەرانەی بەرامبەر بە تەماحی داهاتی داراییدا دەڕووخێن، لە حاڵەتێکدا کە خاوەن ڕیکلام بتوانێ ڕووبەرەکانی نووسینی یان بەشەکانی هەواڵ داگیر بکات؟.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە وێستگەکانی ڕادیۆی هەندێ دەوڵەتدا کار دەکەن، وەک کۆلۆمبیا. وا پێویستە لەسەریان ڕیکلام بۆ وێستگەکانیان بەدەست بهێنن، بەرلەوەی لە ئاسمانداکات و بواریان پێ بدەن. لە هەندێ وڵاتی دیکەشدا، «ڕیکلامی نووسیاری» پەسند دەکرێت، (وتاری ڕاگوزەر کە بە حاڵ ڕووپۆشی بەرژەوەندیی کارگوزارانی لۆکاڵ یان خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتی دەنوێنێ): بەوەی بەشێکن لە کردەی نووسیاری. لە هەندێ وڵاتی دیکەشدا، سیاسەتمەدار پارە دەدات لە بەرامبەر بەوەی لە بەرنامەی گەرماوگەرمدا بەشداربن.

هەرچەندی پارەو دارایی لە ڕۆژنامەگەریدا ببێتە پێشینە، دەست لە سەربەخۆیی هەڵدەگیرێ و دەکرێتە قوربانی، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆرەملێیانەی هەیە بۆ سەر پێوەری ڕۆژنامەوانی.

ئەگەر دید یا ویستی بەشێوەیەکی هەواڵی کاروباری دارایی و بازرگانی خەڵکانی دی بڵاو بکاتەوە، ئەوە پێویستە خودی دەزگاکانی

هەواڵنامەی کتێب

میدیـا نموونــەی شــەفافیەت بـن، بەتایبەتی لــەوەی پەیوەندی بە موڵکایەتی و پشــتیوانی داراییانــەی چالاکــی ڕۆژنامەوانــی ئــەوەوە هەیە. لە باســکردنی ڕەوشــی خۆیاندا، دەبێ دەستپاکی بنوێنن. بەدەر لە بەجێگەیاندنی ئەو شــتە، ئیدی دەزگاکانی میدیا بەدەست کەمیی ڕاستگۆییەوە گیرۆدە دەبن، کاتێ گەندەڵی یان هەڵسوکەوتی بەدڕەوشتان لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی گشتیدا دەردەکەوێت.

پێویســتە ئیــدارەی دەزگاکانــی میدیــا و یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسان، بە شێوەیەکی دەوری بــە پێداویســیتەکانی کەرتــی میدیادا بچنەوە، ئــەو پێداویســتیانەی بۆ پاراســتنی پێوەری جۆرەکییانەی نووســیاری پێویستن، لە نێویاندا نووسین و مەشق و ڕێسای ناوخۆ بــۆ چۆنیەتی هەڵســوکەوت لەگەڵ ســکاڵای خوێنەر و بینەر و گوێگر.

هەمووشــیان مەســەلەی هەســتەوەرن بۆ پاراستنی متمانەی گشتی.

هاوپەیوەنــدی لەگــەڵ هاووڵاتیــان مەســـەلەیەکی گرنگە. ئــەوەش هەر ئەوە نییە قەناعەت بە خەڵکی بکــەی بەرهەمی میدیایی بکڕن، یــان چاو بە ماڵپەڕێکدا بخشــێنن، یان تەماشــای وێســتگەیەکی پەخش بکەن، بەڵکو ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەو بۆشاییەی لەنێوانی میدیــاو کۆمەڵیشــدا هەیــە، پــڕ بکرێتــەوە. هاووڵاتیــان وا دێنە پێش کــە ڕازی نابن ببنە بینەری نەرێنی. بۆیە پێویســتە میدیا بەدوای ڕێکاری تازەو داهێنەرانەدا بگەڕێ، بۆ هاندانی بەشــداربوونی هاووڵاتیــان. ئەگــەر خێراتــر هەڵەکان چارەسەر کران و ئەگەر هاووڵاتیان ئازادییەکــی زیاتریــان هەبــوو لــە گەیشــتن بــە ژووری هەواڵ، ئیدی هەســت دەکەن کە لەهاوپەیوەندیدایە لەگــەڵ میدیادا، ئەمەش لە قازانجی ڕۆژنامەگەریدایە.

**پرسیار:**

– ئایـا میدیا پەیامێکــی گرنگ و ڕوونی هەیە کە یەکدەنگیشی لەسەرە؟

– ئایا ڕێسا یان پەیماننامەی ڕەوشتیانە هەن کە تێکەڵ بە پیادەکردنی پیشــەییانەی تێکڕای کارمەنــدان، لەوانــە فەرمانبەرانــی ئیدارەش دەبێت؟

– ئایــا هەیکەلــی ناوخــۆ هــەن کــە کاری نووســیاری لــە فەرمانگەی بازاڕگــەری جیا دەکاتەوە؟

– ئایا شەفافیەتی گشتی دەربارەی موڵکایەتیی دەزگاکانــی میدیــاو پشــتیوانی داراییــان لە ئارادایــە، کە دوور لەوەی لە یاســادا هاتووە، دەچێت؟

– ئایا بەشێوەیەکی دەوری ڕاپۆرت دەربارەی ئەدای میدیاو ڕۆژنامەنووسان لە ئامادەکردنی هەواڵــی ئەو پرســە گشــتییانەی بــۆ کۆمەڵ گرنگن، ئامادە دەکرێت؟

– ئایــا مەشــق بــۆ ڕۆژنامەنووســان لــە ئارادایە، دەربارەی هەڵســوکەوتی کردارەکی و پەیماننامەی شــەرەف، نەمــازە دەربارەی بابەتی دیاریکراوی وەک: هەواڵەکانی ململانێ و کۆچ، هەڵســوکەوتی لەتەک ڕەگەزپەرستی و تۆقاندنــی بیانییــان، هەواڵەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵ دەربارەی مافی مرۆڤ؟

– ئایا ســتراتیژی ڕاکێشــان پەیڕەوکراوە، کە مەبەستەکەی وەگەڕخستنی پیشەکارانێکە کە بیــروڕای هەمەجۆریان هەیە، تــا لە ژووری هەواڵ و لە دەزگاکانی میدیادا کار بکەن؟

– ئایــا پەیڕەوگەلــی ناوخۆ هەن ســەبارەت بــە چۆنیەتــی هەڵســوکەوت کــردن لەگــەڵ ناتەبایی بەرژەوەندییەکان و یەکدەنگییەکیش لەبارەیانەوە هەبێت، جــا ئەو بەرژەوەندییانە چ لــە بواری ئابووری یان سیاســی یان هەر بوارێکی دیکەبێت؟

– ئــەو ڕێوشــوێنانە چین کــە پەیڕەوکراون بــۆ مســۆگەر کردنــی نووســینی گونجاو و بیرکردنــەوەی قووڵ لەلایەنی ڕەوشــتییانەی کاری نووســیاری، کــە ئامانجەکــەی دابیــن کردنــی کەمتریــن ئاســتی پێوانەســازی، کە وردی و جۆرەکایەتی دەپارێزێ؟

– ئایــا میکانیزمێک هەیە بۆ بەئاکام گەیاندنی پێداچوونەوەیەکــی ناوخــۆ و ســەربەخۆ بــە کاری نووســیاری، ســەرباری ڕاســت کردنــەوەی هەڵــەکان و هەڵسوکەوت کردن

لەگەڵ سکاڵادا؟

**چالاکی بۆ پیادەکردن:**

گرێدانی کۆبوونەوە لەنێوانی ئیدارەو سەندیکا بۆ دامەزراندنی پەیکەرانێک بۆ گفتوگۆ. دەبێ ئەو کۆبوونەوانە هەمیشەیی بن کە کارنامەی هەبێت و ڕێکەوتنی لەبارەوە هەبێت، کار بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامی مەشق و پەرەپێدانی کاری نووسیاری بکات. ئەمەش بریتییە لە توانای پێداچوونەوەی سیاسەت و کردەی نووسیاری، بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی شێوازی نووسیاری لە هەر بەرژەوەندییەکی بازرگانی، هەروەها لەپێناو دەستەبەرکردنی سەرچاوە بە ئەندازەی پێویست بۆ چالاکی نووسیاری.

دامەزراندنی شێوازێکی ڕوون و ڕەوانی سەرکردایەتی، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەکاری نووسیارییەوە هەیە. دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکانی نووسیاری لەلایەن نووسیاری ڕاست و ڕۆژنامەنووسانی گونجاوەوە دەدرێن.

پێداچوونەوە بە دەستەی ئێستای میدیاکار و ڕێوشوێنی پەیڕەوکراوی دامەزراندندا بکرێت. دڵنیابوون لەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتانە ناجیاکارن و دەرفەتی یەکسان دەداتە هەموانیش. ئایا دەکرێ ئامانج دانبدرێ و هەنگاوی ئەرێنی بندرێ بە ئاراستەی پێکەوەنانی هەمەڕەنگی لە ژووری هەواڵدا؟

پێداچوونەوە بە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا بکرێت و بیر لە ڕێگای وا بکرێتەوە بۆ باش کردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا. دەکرێ ئەم شتە بکرێ، بۆنموونە لە ڕێی ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەربارەی دەزگاکەو چالاکییەکانی.

بەرهەمهێنانی پەڵاڤۆک و بابەتی ڕۆشنبیرکردن، بۆ پشتیوانی کردن لە ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار و جۆرەکیی. کار بۆ ئامادە کردنی سکاڵا بکرێت کە پشتیوانی لە هەڵمەتی نیشتمانی دەکەن وەک: یاسایەکی دیاریکراو بگۆڕدرێ، یان ڕۆشنایی بخرێتە سەر زوڵمێکی دیاریکراو یان داوا دەکەن سنوورێک بۆ دەربازبوونی تاوانباران لە سزا. ئامانجی هەموو ئەو چالاکییانە پتەوکردنی هۆشیاریی خەڵکە کە ڕۆژنامەنووسان و میدیا لەتەک مافی هاووڵاتیان و دیموکراسیدا دەوەستن.

**چوارەم: خۆ ڕێکخستن.**

ڕاستگۆیی بە کاری باش دروست دەبێت، هەروەها بە کرانەوە بە ئاراستەی ئەو هەڵانەی دەیکەن، هەروەها بە توانامان لە قبووڵ کردنی ڕەخنەو بەدەنگەوەچوونی.

گەلێ شێوەی لێپرسینەوە هەیە، هەر یەکەیان خاڵی بەهێز و خاڵی بهێزیان هەیە. بەڵام پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕێوشوێنی بدۆزنەوە کە پشتیوانی دەکەن لە بیرۆکەی، کە لە کاری پیشەییدا دیسپلین هەیە و پێوەریش هەیە پەیڕەو دەکرێت، ئەمانەش لەگەڵ پێداویست و بنەماکانی دیموکراسیدا گونجێنی. هەموو ئەو شتانە لە پێناو ئەوەی خەڵکی متمانەیان هەبێت، کە ڕۆژنامەگەری و میدیا دەکەونە بەر لێپرسینەوەی ڕاستەقینە.

باشترین لایەن کە چاودێریی میدیا بکات، جەستە سەربەخۆکانی پشتیوانی کردنە لە میدیا، کە بەڕێوەبەرانی خاوەنی هەمان پلەی سەربەخۆیین لە بەرژەوەندیی سیاسی یان تایبەت، کە لە ڕۆژنامەگەریی چاوەڕوان دەکەن.

ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسی نموونەی هەرە بڵاو و بە تەمەنترین خۆ ڕێکخستنە لە کەرتی ڕۆژنامەدا. زۆربەی دەزگاکانی پەخش ملکەچی سانسۆرێکی گەورەتر و کۆنترۆڵێکی گەلێ توند و تیژترن. وا باوە کە ئەم شتە لە ڕێی دەزگای حکوومەییەوە دەکرێ.

زۆربەی ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن ڕێکخراوەکانی میدیاوە دامەزراون، وەک شێوازێک بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی یاسای میدیایی لەلایەن دەزگای حکومییەوە. هەندێ لەو ئەنجوومەنانە بەسەر ئاوانی دیکەدا زاڵ و پێشکەوتووتر دەبێ، بەڵام چاکترینیان ئەوانەن کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و پیشەکارانی میدیاوە بە هاوکاری لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە نێویاندا نوێنەرانی کەمینە و توێژگەلی بێ دەسەڵاتەوە، ڕێک دەخرێن. هەڵبەت خراپترینیان ئەوانەن کە کۆمەڵێ بەڕێوەبەری میدیایی جێبەجێکار، بەسەریدا زاڵن، کە ڕۆڵی خۆیان لەوەدا دەبینن، کە داکۆکیکاربن لە بەرژەوەندیی تەسکی نازناویان و لە بەرژەوەندیی بازرگانیی دەزگاکانی میدیایان.

کارێکی گەلێ زیندووە کە ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەوانی بە بریکاریی گشت و پیشەکار بکەن، هەروەها ئەوان بۆ ئەوە دروست نەبوون کە تا مولّکداران لە ڕەخنەو لە چاودێریی ڕەوشتییانە بپارێزن.

وا باوە، دەزگای جۆربەجۆر هەن بۆ چاودێری کردنی پێوانەی نووسیاریی دەزگاکانی پەخشی گشتی. دەکرێ ئەو دەزگایانە ئاڵۆزبێ. بۆ نموونە، سیستەمێکی یاسایی هەیە کە (بی بی سی) پەیڕەوی دەکات و دەخوازێ، سەربەخۆییەکی نووسیاری بداتە بەڕێوەبەرانی نووسین. هەرچەندە بەگوێرەی یاسا ڕۆنراوە، بەڵام ڕوونە کە ئامانج خۆ ڕێکخستنە، وەهاش نەخشەسازی کراوە کە (بی بی سی) لە کۆنترۆڵی حکوومەت بپارێزێ.

مشتومڕێکی بێ پسانەوە دەربارەی ڕۆڵی یاسا لەم چوارچێوەیەدا لە ئارادایە. زۆربەی دەزگاکانی میدیاو یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسان پێداگیربن لەسەر ئەو بیروبڕوایەی خۆیان، کە هەمیشە خۆ ڕێکخستن لە یاسا چاکترە، بۆ بڕیاردان لە بارەی هەڵسوکەوتی نووسیاری لە ڕۆژنامەگەریدا، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە چاکترین نیەت لە پشتی کۆنترۆڵی یاساییانە بەسەر میدیاوە هەبێت، کەوا باوە ئەوە ڕێگایەکە بۆ تەفروتووناکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی. وێڕای ئەوە زۆرینە هەندێ کۆت و بەندی یاسایی قبووڵ دەکەن و بۆ نموونە پێیان باشترە لە لێدوانی ڤیناوی، یان ئەو بابەتانەی هانی کەمینەی ئەتنی یان ئایینی دەدەنن.

بە هەرحاڵ، پێویستییەک لە ئارادایە بۆ گۆڕینی چۆنیەتی ئەنجامدانی لێپرسینەوەی گشتی لەسایەی بنیاتە تازەکانی زانیاری، کە دنیای میدیا پێک دەهێنن. لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاژەو پەخشی ئەلیکترۆنی و ماڵپەڕ و هی دیکەدا، ئەو هێڵە دابڕانەی لەنێوانی ڕۆژنامەگەریی چاپ کراو و وێستگەکانی پەخشرابوون، سڕدرانەوە. لەسایەی ژینگە تازەکەی تەواوکاری میدیاییدا، ڕەنگە بکرێ کە دەزگایەکی ڕێکخەر بۆ کاری میدیا هەبێت، یان گورزەیەک یاسا هەبن، کە بەر لە نانی نیوەڕۆ چاودێریی ناوەرۆکی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی بکەن (مەبەست بەر لە نانی نیوەڕۆ، کاتێکە کار دەگاتە ناردنی بابەت بۆ ماڵپەڕ یان بەشداری کردن لە ئامادە کردنی ڕۆژنامەکە). هەروەها هەمان ناوەرۆک بخرێتە بەر دەزگایەکی ڕێکخستن تەواو جودا، کە بەرپرسە لە ڕێکخستنی کار لەپاش نیوەڕۆدا، کاتێ هەمان ناوەرۆک دووبارە دەهێندرێتەوە بەرهەم، تا لە شێوەی بەرهەمێکی بیستراو یان بینراو پەخش بکرێت.

پێویستمان بە هەندێ تەواوکاریی بنەماکانی ڕێکخستنی پیشەکە هەیە، شاراوەش نییە کە پێناسە کردنی قەبارەو ئاستی ملکەچ بوونی میدیا بۆ لێپرسینەوە، ئاستەنگێکی سەرەکییە.

لەم سەروبەندەدا، زۆر پێویستە کە هەموو پسپۆرایەتییەکانی میدیا پەیوەست بوونی خۆیان بە بەهاکانی ڕاژەی گشتی، دووبارە بکەنەوە، پێویستی لە ئارادایە بۆ پشتیوانی کردنی دارایی لە دەزگاکانی پەخشی گشتی، هەروەها دەبێ ئەو پشتیوانییە ئاستێکی فراوانتر لەنێو کەرتی میدیا بگرێتەوە، تا سەکۆی هەمەجۆری میدیا بگرێتەوە، چونکە ئەمە فرەیی مسۆگەر دەکات، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کەرتی تایبەتی جێی هێشتوون. هیچ بوارێک نییە بۆ داکۆکی کردن لەو پشتیوانییەی حکومەت لەو دەزگایانەی پەخشی سەر بە حکومەتی دەکات، تەنیا مەگەر پەیوەستییەکی ڕاستەقینە لە ئارادابێت، کە ئەو دەزگایانە دەبنە بنکە بۆ ڕۆژنامەگەرییەک کە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا کار دەکەن، نەک پەخشەزوڕنابن بۆ

پشتیوانی کردن لە حکومەت.
لە هەمان کاتدا، تا ئێستا نەزانینیەکی زۆر و بەدحاڵی بوونێک لە ئاستی رۆژنامەگەری و رۆڵی میدیا لەنێو کۆمەڵ و لەنێو بنیادی دەوڵەت لە ئارادایە. گەلێ پێویستە فەرمانبەرانی فەرمی فێر بکرێن و بەرچاویان روون بکرێتەوە، سەبارەت بە رایەڵی نێوان ئازادیی میدیاو دیموکراسی.

**پرسیار:**

- ئایا روانگە سەربەخۆ یان گرووپی دیکە هەن، کە بە شێوەیەکی کارا چاودێری کاری میدیا بکەن و راپۆرت دەربارەی ئەوان بڵاوبکەنەوە؟
- ئایا فەرمانبەرانی گشتی یاساکانی تانەوتەشەر یان هی دیکە بەکار دەهێنن، بۆ کۆت و بەندکردنی بەدواداچوونی کاروباری گشتی (سیاسی، پۆلین و پرسی یاسایی، کەرتی کار، کەرتی کات بەسەربردن)؟
- ئایا هیچ ئەنجوومەنێکی رۆژنامەوانی یان ئەنجوومەنێکی میدیایی یان هەر سیستەمێکی جێی متمانە هەیە، خۆ رێکخستنی میدیا بەرێوە ببات و نوێنەرانی رۆژنامەنووسان و کەرتی میدیاو کۆمەڵی تێدابێت؟
- ئایا پشکنەرێکی ناوخۆ، یان نووسیارێک بۆ کاروباری خوێنەران، یان میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ راستکردنەوەی هەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ سکاڵا و پەیوەندی بەندی لەگەڵ کۆمەڵ لە کاروبارێ کە پەیوەندی بە لێپرسینەوە لەسەر ئەدا؟
- ئایا هەیکەلگەلێک بۆ گفتوگۆ هەن کە دەکرێ لە رێی ئەوان پەیوەندی بەندی لەگەڵ کۆمەڵدا بکرێ، تا دەربارەی ماف و بەرپرسایەتیی رۆژنامەنووسان گفتوگۆ بکرێ و بۆ کارکردن لە یاسادانەران و حکومەت بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئازادیی میدیا؟
- ئایا میدیا (چ تایبەت یان گشتی) بە ئەندازەی پێویست لە کاریگەریی سیاسی و بازرگانی لە هەردوو ئاستی تیۆری و کرداردا سەربەخۆیە؟
- ئایا پرۆگرامی میدیایی هەن بۆ رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگای مەدەنی؟
- ئایا پرۆگرامی میدیایی هاوشێوە هەن بۆ رۆشنبیرکردنی کارمەندانی فەرمی، لە نێویاندا پۆلیس و دەزگای دادوەر؟
- ئایا هیچ هەیکەلی فەرمی هەن بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتی میدیاییدا، بە جۆرێ ئەو هەیکەلانە پەیوەندی لەنێوان کەرتی میدیاو رۆژنامەنووسان و کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵات گرێ دەدات؟

**چالاکی بۆ پیادەکردن:**

لەحاڵەتێکدا سیستەمێک نەبوو کە کاری چاودێری کردنی کارکردنی میدیابێت، بیر لە دامەزراندنی ئەم جۆرە سیستەمە بکەنەوە، تۆڕی نێودەوڵەتیی سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی ئازادیی رادەربڕین، گەلێ لەم جۆرە گرووپانە دەگرێتەخۆ. گەلێ نموونە هەن دەکرێ بخرێنە بەر پشکینەوە لە «پاکی و وردی لە هەواڵدا» (فێر) لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، تا دەگاتە «ئەلهوت» ئەو رێکخراوەی چاودێری ئینتەرنێت دەکات لە دەوڵەتی باشووری ئەفریقادا.

بیر لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی رۆژنامەنووسی بکەنەوە، هەروەها بە سوود و بەهای ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسیدا بچنەوە لە حاڵەتێکدا کە هەبێت. نزیکەی ٦٥ ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسی لەجیهاندا هەن، بەڵام لە رووی ئەو کارەی کە دەیکەن و لە رووی کاراییەوە، لە یەکدی جودان. چاکترینیان ئەوەیە کە پێشتر دیاریمان کرد، هەر ئەویشە کە رۆژنامەنووسان و پیشەکارانی میدیاو کۆمەڵگای مەدەنی پێوەی پەیوەست دەبن، بۆ کارکردن لەپێناو میدیایەکی کاراو رەوشتیاردا، کە پاراستنێکی راستەقینە بۆ کۆمەڵ دەستەبەر دەکات. هەروەها پشکنینی توانا لە پیادە کردنی پێداچوونەوە بە کارکردنی هاوکاران لەنێو پیشەکەداو توانای هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی لە هاوکاران دەکرێت. گرێدانی کۆبوونەوە بە مەبەستی دامەزراندنی پەیرەوی ناوخۆ کە هانی کولتووری قبوڵ کردنی لێپرسینەوە لەلایەن هاوکارانی نێو

ڕۆژنامەگەری دەدات.

**پێنجەم: هەلومەرجی کار بۆ ڕۆژنامەنووسان**

یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسان، بەوەی کە یەکەمین داکۆکیکارن لە ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار، پێداگری دەکات کە مەحاڵە مەزندەی بەدەستهێنانی بەرهەمێکی ئاست بەرزی میدیایی بکەین، ئەگەر وەزیفەی بەڕێز و هەلومەرجی گونجاوی کار لە ئارادا نەبێت.

نائارامی و کاری کەم داهات، باری مەعنەویی نێو ژووری هەواڵ تێک دەشکێنێ و لە متمانەی پیشەیی کەم دەکاتەوە و توانای خۆدانە دەست مەترسی کەم دەکاتەوە. هەموو ئەو شتانە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری، لەوەی ئەرکی چاودێرانەی خۆی بەجێ بگەیەنێت، لە بەین دەبات.

بە ئەندازەیەکی فراوان ئەو بۆچوونە پەسند دەکرێت، کە دەڵێ چاک کردنی هەلومەرجی کار، ئامرازێکە بۆ باشکردنی جۆر لە میدیادا و نەهێشتنی گەندەڵی لەنێو ڕۆژنامەگەریدا.

ئەم شتە لەلایەن سیاسەتمەداران و ڕێکخراوگەلی نێودەوڵەتییەوە، مایەی پەسندکردنە. وێڕای ئەوە، دەبینین کە بەکاربەران کە کۆمپانیاکانی میدیا لە ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کە دەڕوانن ئیدی دەزگاکانی بازرگانیان چی دیکە دەرفەتێک نین بۆ پەیداکردنی پارە، دەکەونە کەمکردنەوەی کارمەندان و پێوانەکانی جۆر لە بازنەکانی نووسیاریدا.

تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە کەرتی میدیا فراوان دەبێت، کێبڕکێی دژوار وای کرد لەگەرمەی شەڕ لەپێناو بەدەست هێنانی بەشێ لە بازاڕ، بنەماکانی ڕەوشت وەلا بندرێن.

هەر دەبێ گۆڕان بکرێ، بەڵام دابڕین و لێکردنەوەی هەستەوەرانە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا، بۆ نموونە پشکنەرانی ڕاستی، هەڵەچنان، یان پڕکردنەوەی ڕووبەرەکانی هەواڵ بە بابەتگەلێ کە لە بەشەکانی پەیوەندی گشتییەوە وەرگیراون، یان لەپێناو ورووژاندن و کاری هەستەکیدا، دەستبەرداری هەستی مرۆیی بکرێت. هەموو ئەو شتانە ڕاستگۆیی میدیا لە چاوی خەڵکی کەم دەکاتەوە. جگە لەوەی ئەم بڕیارانە لە ڕووی بازرگانییەوە کورتبینانە و گێلانەن، ئەگەر خەڵکی متمانەی خۆیان بە ڕۆژنامەگەریی جۆرەکییانە لەدەستدا، ئیدی هیچ هۆیەک نامێنێ کە لایەنگیری خۆیان بپارێزن. لە مەودایەکی دووردا، کەمکردنەوەی جۆرایەتی لە ژووری هەواڵدا، خۆکوشتنێکی بازرگانی و پیشەییە.

ناکرێ کاری ڕۆژنامەنووسان و کاری چاودێران و شیکارانی شارەزاو پڕ مەشق، بە کەسانی ئارەزوومەند و ناشارەزا بگۆڕینەوە. هەروەها هیچ قسەیەکیش دەربارەی «ڕۆژنامەگەریی هاووڵاتیان» ناتوانێ ئەم ڕاستییە بگۆڕێ. هەر بۆیە سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان سوورن لەسەر ئەوەی، کە پەیوەست بوون بە بەهای پیشەیی، پرسێکی پێویستە بۆ پاراستنی ئایندەی میدیای جێ متمانە ئەمە هەر بەڕاستی دەمێنێتەوە، وێڕای جۆری ئەو گۆڕانە تەکنیکییەی بەسەر کاری ڕۆژنامەنووسدا زاڵ دەبێت.

**پرسیار:**

– ئایا مەرجەکانی دامەزراندن هەموو پێوەرە بنچینەییەکانی کار دەگرێتەوەو هەموو کارمەندانیش دەگرێتەوە، لەنێوانیاندا ئەوانەی بەشە فەرمانێکیان لە ئەستۆدایەو ئەوانەی بە پارچە «فریلانس»یش کار دەکەن؟

– ئایا گرێبەستەکانی کار یان ڕێککەوتننامەی دەستەجەمعی، بەندی ئەوتۆیان تێدایە دەربارەی بەرپرسایەتیی ڕێزگرتن لە پێوەرەکانی ڕەوشت؟

– ئایا چوارچێوەگەلێ هەن کە ئیدارەو سەندیکا لەنێو دەزگاکاندا کۆ دەکاتەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرسەکانی ڕەوشت؟

– ئایا چ جۆرە سیاسەت و چالاکییەک هەیە، کە پڕوپاگەندە بۆ ئاسایش و سەلامەتیی دەستەی کارمەندان؟

– لە حاڵەتێکدا کە کۆمپانیاکان لە پتر لە وڵاتێکدا کاریان دەکرد، ئایا کۆمپانیاکە سیاسەتێکی

گشتی هەیە، کە باس لە کەمترین ئاستی هەڵسوکەوتی ڕەوشتکارانەی کارمەندان و ئیدارە بکات، کە هەموو لقەکانی کۆمپانیاکە بگرێتەوە؟

– ئایا بەڕێوەبەرانی نووسین و کارمەندان، کۆمەڵگای میدیایی و تێکرای خەڵک دەکەنە هاوبەشی خۆیان لەو کارەی کە دەیکەن؟

– ئایا پەیوەست بوونێکی کرداریان لەلایەن دەزگاکانی میدیاوە هەیە، سەبارەت بە بەخشینی رووبەرێک بە نووسیاران بۆ بەئاکام گەیاندنی توێژینەوەو پەیوەست بوون بە ڕۆژنامەگەریی پەیدۆزکارەوە؟

**چالاکی بۆ پیادەکردن:**

کارکردن بە ئاراستەی ڕێکخستنی دیدار لەنێوان سەندیکاکان و ئیدارەکان، بۆ داکۆکی کردن لە پەیوەندیگەلێکی دادوەرانە، کە بە گوێرەی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە: ناسینی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان و ڕێککەوتننامەی دەستەجەمعی و هەیکەلی ناوخۆ بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پرسی جیاجیای ڕەوشتی و پیشەیی.

دەست پێکردنی گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەربارەی پرسی هەبوونی بەندی تایبەت بە بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەو پێوەرانەی ڕێککەوتنیان لە بارەوە کراوە، لەنێو بەندەکانی گرێبەستەکانی کاری هەمیشەیی یان بەشکی. دڵنیابوون لەوەی کە ئەو بەرپرسایەتی و پێوەرانەی ڕێککەوتنیان لە بارەوە کراوە، بەسەر چالاکی ئیدارەو کاری ڕۆژنامەنووسیانیشدا پیادە دەبێت. نابێ پەیماننامەکان بۆ تەنگ هەڵچنین بە ڕۆژنامەنووسان یان بە قوربانیدانیان بەکاربێن.

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەندیکایانەی خوێنەرایەتی گرووپەکانی دیکەی کارمەندانی نێو کەرتی میدیا دەکەن، لەپێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانییان، لەکاتی داواکردن لە ئیدارە بۆ پەیوەست بوون بە پێوەرە بنەڕەتییەکانی کار و بنەمای سەربەخۆیی نووسیاری.

ئەگەر کۆمپانیاکە لە زیاتر لە دەوڵەتێکدا کاری دەکرد هەوڵ بدرێ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی گەڵاڵە بکرێ، هەروەها تۆڕی کار لەگەڵ ئەو گرووپی ڕۆژنامەنووسانەدا پێکبهێنێ کە لەو وڵاتانەدا کە کۆمپانیاکە کاریان تێدا دەکات.

**شەشەم: سەندیکاکان و ڕۆژنامەنووسیی ڕەوشتکار**

بەو سیفەتەی پیشەنگ و داکۆکیکاری ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارن، یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە پێداچوونەوەی ئەدای خۆیان. زۆربەیان تۆمارێکی تایبەت بە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەوانییان هەیە. واش باوە کە ئەو تۆمارە لەلایەن دامەزرێنەرانی ئەو یەکێتییانەوە گەڵاڵە کراون، بەڵام بەدەگمەن دەبنە بابەتی گفتوگۆ لەنێو ئەو یەکێتییانەدا، بەڵکو بە زۆری پرسی نان و فەرمان و مووچە بەسەر کارنامەی سەندیکاکاندا زاڵن. گەلێ یەکێتی هەن کە داوا دەکەن ڕێزی زیاتر لە بنەمای پیشەیی بگیرێ و پڕوپاگەندەش بۆ چاکیی ڕۆژنامەگەریی جۆرەکی دەکەن. ئەو پرسەی لێرەدا لە مەحەکدایە، هەر تەنیا مافی کارکردن نییە، بەڵکو ئایندەی خودی ڕۆژنامەنووسیشە.

یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسان بە پەیماننامەکانیاندا دەچنەوە و بەو جۆرەی لەگەڵ گۆڕانی کەشی میدیاییدا دەگونجێ، تازەیان دەکەنەوە. هەندێکی دیکەیان بۆ ئەو مەبەستە کار دەکەن، کە ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار بخەنە نێو کارنامەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە، وەک دەستپێشخەریی «هەڵوەستەیەک لەپێناوی ڕۆژنامەگەریدا» کە ساڵانە لەرێی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپاوە لە ٥ی تشرینی دووەمدا جێبەجێ دەکرێت. ئەم هەڵمەتە دژی دابڕین و کەمکردنەوەیە لە کەرتی میدیادا، کە بەشێوەیەکی کاریگەر هەڕەشە لە جۆرەکایەتی لە میدیا دەکات و پیشەکەش وێران دەکات.

پێویست وایە هەموو ڕۆژنامەنووسان پەیوەست بن بە پەیماننامەکانەوە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی پێوەری پیشەیی بەکاربێن،

نەک وەک ئامرازی سزادان. ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە هەلومەرجێکە، کە تێیدا بتوانن بە پەیماننامەی شەرەف پەیوەستبن، نەک ناچاربن «فەرمانبەرداربن» پێویستی بە چەند بڕگەیەک هەیە کە پەیوەستن بە ویژدانەوە، کە لە یاسای کار پێکردندا چەسپابن و بوار بە ڕۆژنامەنووسان دەدات کە بەرهەمهێنان یان کارکردن بۆ ئامادەکردنی بابەتگەلێک ڕەت بکەنەوە، کە پەیماننامەی شەرەف دەشکێنێ، یان بەشێوەیەکی کە پەیماننامە بە ناڕەوشتانەی دادەنێت هەروەها دەبێ یەکێتییەکانی ڕۆژنامەنووسی دڵنیابن لە دروستیی سیاسەتگەلی تایبەت و هەڵسوکەوتی کردارییانەی خۆیان، هەروەها بەلای کەمەوە لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا جووتن، کە ئەوان داوا دەکەن، خەڵکانی دی پێیان پەیوەستبن.

**پرسیار:**

– ئایا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پەیماننامەیەکی شەرەفی گرتووەتە ئەستۆ؟ ئایا هەوڵ دەدات لەنێو ئەندامانیدا بڵاوی بکاتەوە؟

– ئایا سەندیکا ڕۆشنایی دەخاتە سەر پرسگەلی ڕەوشت، لەنێویشیاندا مافی هەڵسوکەوت کردن بەو جۆرەی ویژدانی پێی دەڵێ، لە کاتی دانوستانی تایبەت بە گرێبەست و ڕێککەوتننامەی دەستەجەمعی؟

–سەندیکا دەتوانێ چی بکات بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسی لە بەرژەوەندیی تایبەتی سیاسی و ڕۆشنبیری؟

– ئایا سەندیکا گفتوگۆیەکی لەگەڵ خاوەن دەزگاکانی میدیا لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕێکخستووە، تا ئەرکی هاوبەش بەجێ بگەیەندرێ، وەک داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار و ڕۆژنامەگەریی جۆرەکی؟

– ئایا سەندیکا ئەرکی کێشاوە بۆ لە ئەستۆگرتنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، کە ئەو پرسانە لەنێو ئەو کۆمپانیایانەی میدیا کە لە زیاتر لە دەوڵەتێکدا کار دەکەن، دەگرێتەوە؟

– ئایا سەندیکا هەڵمەت بەڕێوە دەبات، کە ئامانجی بەدیهێنانی دان پێداهێنانی زیاترە بە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری، هەروەها هۆشیاری زیاتر سەبارەت بە پێویستی داکۆکی کردن لە میدیای جۆرەکی، ئەویش لەڕێی، بۆ نموونە: برەودان بە خەڵاتی ڕۆژنامەوانی و چالاکیی گشتی، بۆ ڕێزگرتن لە ئەفراندنی ڕۆژنامەوانی؟

– ئایا سەندیکا پشتیوانی لە گفتوگۆی گشتی دەکات لە بارەی کاری ڕۆژنامەنووسان و بەدواداچوونی میدیایی بۆ پرسگەلێکی پەیوەندیدار، بۆ نموونە بە لێبوردەیی، یان ئایینی، یان سیاسەتی ئاسایش، یان مافی کەمینەکان، یان هەواڵی تایبەت بە گرووپگەلی بێ دەسەڵات؟

– ئایا سەندیکا پێداچوونەوەیەکی ناوخۆ بە بنیادی خۆیدا دەکات. هەروەها بەسیاسەتی لەراکێشاندا و بە چالاکیی گشتی خۆیدا بچێتەوە، بۆ دڵنیا بوون لەوەی هەموو گرووپگەلی کارکەر لە ڕۆژنامەگەریدا دەگرێتەوە و بۆ مسۆگەر کردنی ئەوەی کە پەیوەستە بە پێوەرەکانی شەفافیەت و سەربەخۆیی؟

**چالاکی بۆ جێبەجێ کردن:**

دوایین پرسیار هەموو شتەکانی تێدا چڕ دەبێتەوە. دەبێ پێداچوونەوەیەکی سەراپاگیر بکرێت و هەمووان تێیدا بەشداربن، بۆ پشکنینی کارکردنی سەندیکاو شێوەی کارکردنی، هەروەها چیش پێشکەش بە ئەندامانی دەکات، لەرووی داکۆکی کردن لە پێگەی پیشەییان، یان برەودان بە ڕۆژنامەگەری و ڕەوشت.

یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە هەرێمییەکانی فرە زانیارییان هەیە دەربارەی ئەزموون لە دەوڵەت و ناوچەکانی دی، بەڵام ئەو خاڵەی کە دەبێ فۆکسی بخرێتە سەر، ئەوەیە کە دەبێ ئەو ئەرکە لە وڵاتەکەدا جێ بەجێ بکرێت.

**کارنامەی هەڵمەتێک لە پێناو پەیامی ڕۆژنامەگەریدا:**

یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ساڵانێکی دوور و درێژە بە چالاکییەکی زۆرەوە کار دەکات بۆ برەوپێدانی ئەفراندن لە ڕۆژنامەگەریدا.

ئێستاش، لەم کاتە زەحمەتەدا کە ڕۆژنامەنووسان ناتوانن ئازادیی پیشەیی خۆیان و ئازادیی بە هەناری شیرین بووی دەربڕین مسۆگەر بکەن، یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، دەستی داوەتە پەرەپێدان و ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی نوێ بەوەی دەخوازێ لەرێی «هەڵمەتی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار»ەوە متمانەیەکی زیاتری تێکڕا بە ڕۆژنامەگەریی بنیات بنێ، هەروەها هاندانی ڕاگەیاندنی گفتوگۆی فراوانتر و قووڵتری کۆمەڵایەتی لەنێو کەرتی میدیادا، دەربارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری.

تۆڕە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژنامەگەری، کە لەبواری هەمەڕەنگی و لێبوردەییدا کار دەکەن، دەچنە نێو هەندێ دەستپێشخەری ئەرێنییەوە، کە پەیوەندییان بە دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکارەوە هەیە:

- یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتێکی سەراپاگیری لەسەر ئاستی ئەوروپا ئامادە کرد، دەربارەی دەستپێشخەریی میدیایی، بۆ پتەوکردنی جۆری ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانەی دەربارەی هەمەڕەنگین.

- یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان پەرەی بە هەندێ نیشانەی پیشەیی دا، دەربارەی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی پەیوەندیدار بە هەمەڕەنگی و کەمینەکانەوە.

- یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە سریلانکادا، خەڵاتێکی ڕۆژنامەوانیی بەکارهێنا، بە مەبەستی برەودان بە ئەفراندن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دەربارەی گرووپگەلی بێ دەسەڵات، هەروەها جێ بەجێ کردنی پرۆگرامێکی مەشق لە بواری مافی مرۆڤدا لە ٢٠٠٨/٢٠٠٩دا.

ئەم چالاکییە بەپێی ئەزموونێک ڕۆنراوە، کە لە چالاکییەکی هاوشێوە، کە لە ماوەی ٢٠٠٢/٢٠٠٣دا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا جێبەجێ کرا.

- یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، هەڵمەتێک لە ئەمریکای لاتینی جێ بەجێ دەکات، بۆ باشکردنی جۆری ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانەی پەیوەندییان بە مافی مرۆڤ و مافی ژن و منداڵ.

ئەو چالاکی و پرۆژانە ڕەهەندی نیشتمانی و هەرێمایەتییان هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان لە پرسەکانی ڕەوشت و خۆڕێکخستنی پیشەیی لە باکووری ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتە ئەستۆ، بەوە پرسانێکی خاوەن بایەخی تایبەتن سەبارەت بەکاری یەکێتی لە ناوچەکەدا، یارمەتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی بەحرێنیشی دا، بۆ ڕاگەیاندنی پەیماننامەی شەرەفی تایبەتی بە کۆمەڵەکە «ڕۆژنامەنووسان دژ بەتایەفەگەرین»، بەشداریش بوو لە ڕاگەیاندنی گفتوگۆ لەپێناو پەیماننامەی نوێ بۆ ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی و یەمەن لە ڕێی سەندیکاکانی نیشتمانیی خۆیانەوە.

ئەمە درێژەدان بە چالاکییاکانە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا، یەکێتی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە پەرەپێدانی هەردوو ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسیی بۆسنەو بولگاریا، ڕاوێژی پێشکەش کرد، لەکاتی ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی فراواندا بۆ ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار لە ناوچەکەدا، پروپاگەندە کردن بۆ پێوەری پیشەیی، ڕووبەرێکی فراوانی ئەو هەڵمەتە دەگرێتەوە.

بایەخێکی گەورە بە پرسەکانی دانانی پێوەری پیشەیی بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەندییان بە پرسگەلی دیاری کراوەوە هەیە، وەک بابەتی هەستەوەری تەندروستی، وەک ئەو هەڵمەتەی کە فۆڵدەری جیهانی بۆ نووسینی دەربارەی ئایدزی تێدا هاتە بەرهەم، تا یارمەتی ڕۆژنامەنووسان بدات و ڕێنماییان بکات، سەبارەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی پەیوەندیدار بە قەیرانی تەندروستییەوە، لەپێناوی ئەوەی کاری باشی ڕۆژنامەنووسی بخرێتە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکارییەوە.

**رووبەڕوو بوونەوەی رەگەزپەرستی و نالێبوردەیی:**

ئەزموونی یەکێتی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان سەبارەت بە ڕێکخستنی خەڵات و ئاهەنگی رۆژنامەوانی، ئەزموونێکی یەکلاییکەرەوە بوو بە ئاراستەی پاڵدان بەرەو رۆژنامەنووسیی رەوشتکار. سوود لەم چالاکییانە وەرگیرا بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنانی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی نالێبوردەیی و رەگەزپەرستی و دژایەتی کردنی بیانییانە. یەکێتی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان لەنێوانی ١٩٩٥-٢٠٠١ لە ئەوروپادا «خەڵاتی لێبوردەیی» راگەیاند، بۆ رێزگرتن لە چاکترین ئەو بەرهەمە رۆژنامەنووسییانەی بە هەستەوەرییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکانی هەمەڕەنگی دەکەن.

هەروەها ڕێکخستنی «خەڵاتی لێبوردەیی» لە نێوانی ٢٠٠٣-٢٠٠٥دا لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتیندا. ئەم خەڵاتانە هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی گفتوگۆی هەرێمایەتی سەبارەت بە پرسان، بەخشران.

دەستپێشخەریی دیکەی پیشەیی هەن، لەوانە پەرەپێدانی کتێبێکی رێنمایی دەربارەی ئامادەکردنی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی پەیوەندیدار بە جیاکاریی رەگەزپەرستی و نموونەی مەشق بۆ خوێندکارانی رۆژنامەگەری. بەم جۆرە دەستپێخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار، پەرەی بە چالاکیی پێشووتر دا، وەک ئەو چالاکییانەی «گرووپی کاری میدیای نێودەوڵەتی دژ بە رەگەزپەرستی و تۆقاندنی بیانی (ئیمراکس)» کردی، ئەم گرووپە لەنێوانی ١٩٩٥-٢٠٠٢دا کۆڕێکی دیالۆگی لەسەر ئاستی ئەوروپادا هێنایە ئاراوە، کە تێیدا یەکێتییەکانی رۆژنامەنووسان و پەیمانگاکانی مەشق و وەشانگەرانی ئەوروپاو یەکێتی ئەوروپا بۆ پەخشکاران و ئەنجوومەنی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا بەشداربوون. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو هەڵمەتە، کە پەیوەندیدار بوو بە دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکارەوە ئەمانەبوون:

-دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسی کەمینەکان.

- پەرەپێدانی رێنمایی تایبەتمەند دەربارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵ لەبارەی کەمینەکانەوە.

- پەرەپێدانی شێوازگەلی مەشق دەربارەی هەمەرەنگی، تا لە کۆلیژەکانی رۆژنامەگەریدا بەکاری بێنی.

- پەرەپێدانی کۆرێکی ناوونیشان و گەیاندن بۆ ئاخێوەرانێک بەناوی کەمینەکانەوە لەنێو ئەو گرووپەدا.

پەرەپێدانی گفتوگۆ لەگەڵ دەزگای سیاسی دەربارەی رۆڵی میدیا لە ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی لێبووردەیی.

یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لەساڵی ٢٠٠٦ دا

دانیمارک، پاش ئەوەی دانوستانی لەگەڵ گریگترین یاریزانی ئەو کەرتەو لەگەڵ ڕێکخراوەگەلی پیشەی کرد، سەبارەت بە راگەیاندراوێکی هاوبەش، کە بنەماکانی ئازادی دەربرین دووپات دەکاتەوە، لە کاتێکدا داواشی کرد، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت بەپرسی کەلتوور یان ئایینی، پێوەری باشتر پەیرەو بکرێت.

یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان پشتیوان لە گفتوگۆ دەکات: لەگەڵ سەندیکاکانی رۆژنامەنووسی عەرەب، سەبارەت بە بابەتی رەوشی پیشەیی، رۆڵی ئەو سەندیکایانە لە داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و برەودان بە پەیوەست بوون بە پێوەرەکانی پیشەییەوە. ناوچەکەش دەست پێشخەری رۆژنامەگەری رەوشتکاری گرتە ئەستۆ، تالەرێی بەرنامەیەکی کارەوە پیادەی بکات.

**هێنانە ئارای ئاشتی نەک شەڕ:**

دەستپێشخەری رۆژنامەگەری رەوشتکاری کار بۆ گەرم کردن گفتوگۆی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا دەکات، بۆ زیاد کردنی هۆشیاری سەبارەت بە بایەخی رۆڵی بیرکردنەوەی رەوشتیانە، لە

هەڵبژاردنی رێچکەی گونجاو نووسیاری لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتێ کە رەنگە چارەنووسی خەڵک بریاری بدات، ژیان یان مەرگیان، وەک: تەنگژەکانی مافی مرۆڤ یان شەر و ململانێی ناوخۆ. هەروەها روون دەبێتەوە کە تاچەند مەشقی پیشەیی و گفتوگۆی پیشەیی لە نێوان رۆژنامەنووسێکدا پێویستە، کە جاری وا هەیە لەم بەرو لەو بەری ململانێیەکەدان، کە تێگەیشتنێکی تەواو جودا یان دەربارەی رەوتی رووداوەکان و مێژووش هەیە. ئەم دەستپێشخەرییە پشت بە تاقیکردنەوەیەک دەبەستێت، کە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەجێ هات، کاتێ یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان کۆبوونەوەی دەوریی بۆ رۆژنامەنووسان و نووسیاران و هەڵسووڕێنەرانی پەخش رێک خست، بەشداران نوێنەرایەتی هەموو لایەنانی بەشداربووی ئەو شەرەیان دەکرد کە باڵی بەسەر بەشێکی گەورەی یوگسلافیای پێشوو دا کێشابوو. ئەم ئەزموونە چاوگێکی دەوڵەمەندی خستە بەردەست بۆ حاڵی بوون، کە لەراگەیاندنی دەستپێشخەریی هاوشێوەدا سوودی لێ وەردەگیرێ، بۆ کردنەوەی رۆژنامەنووسان لە تەنگژەی دیکەدا، وەک = ئەفغانستان، پاکستان، عیراق، فەلەستین. بەجۆرێ کارنامە دەبنرێ، کە گوزارشت لە بەهای هاوبەش و پێویستی هەبوون هاوکات لە نێوان رۆژنامەنووساندا، کە دەبێ لەسەرووی هەلوو مەرج و بەرژەوەندیی دیاری کراوی سیاسیدا بن.

**پرۆگرامی یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بۆ ساڵی ۲۰۰۸:**

لە ئەفغانستان پرۆگرامی رۆژنامەنووسان لە پێناو هێنانەدی ئاشتیدا جەختی کردە سەر رۆڵی میدیا لە کۆمەڵگای دیموکراتدا، هەروەها پێوەرەکانی ئازادیی رۆژنامەنووسی و بەدواداچوونی هەواڵەکان هەڵبژاردن، سەرباری رۆشنایی خستە سەر بایەخی بەها گەلی هاوبەش و دەست پێکردنی گفتوگۆ. هەروەها یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بەرنامەیەکی تایبەتی مەشقی جێ بەجێ دەکات، سەبارەت بە هەستەوەریی ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵی پەیوەندیدار بە ململانێ.

هەندێ دەستپێشخەری دیکەش هەن کە یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان جێ بەجێی کرد، کە لە ساڵی ۲۰۰۳ دا فۆڵدەرێکی بۆ رۆژنامەنووسانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا هێنایە بەرهەم سەبارەت بە نووسینی راپۆرتی رۆژنامەوانی دەربارەی مافی مرۆڤ.

بەهەمان شێوە لە ساڵی ۲۰۰۵ دا، یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان راپۆرتی لەرێی ئاشتیدا: ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی ململانێ و هەمەرەنگی کۆمەڵایەتی لە سریلانکادا هێنایە بەرهەم ئەویش راپۆرتێکی رێنمایی و چەند توێژینەوەیەک دەخاتە بەردەست، دەربارەی ئامادەکردنی راپۆرتی رۆژنامەوانی تایبەت بە ململانێ و هەمەرەنگ. دوای ئەویش بەدوو ساڵ، راپۆرتێکی دی گەڵاڵە بوو، دەربارەی رۆژنامەگەری پەیدۆزکار و ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی گەندەڵی لە سریلانکادا.

**مافی جۆری کۆمەڵایەتی:**

سەرباری کارنامەکانی ئاشتی، یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان چەند هەڵمەتێکی دەربارەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی رێک خست، لە نێوانیاندا چەندین کۆنگرە لە ناوچەکانی جیهاندا، لە پێناوی ئەوەی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان، ستراتیژی نیشتمانی و هەرێمەیاتی بگرنەبەر بۆ پشتیوانی کردن لە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر).

ئەنجوومەنی جیهانی جۆری کۆمەڵایەتی، کەسەر بە یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و لە ساڵی ۲۰۰۰ دا دامەزراوە،لە ساڵانی دادێ دەبێتە پشتیوانێک بۆ کاری دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی و رەوشتکاری، هەروەها کارکردن لەو چوارچێوەیەدا پەرەی سەندووە و خەریکە دەبێتە هەڵمەتێکی راستەقینەی جیهانی.

- لە ئەورووپا دا ڕێوشوێنی پێداچوونەوەی کۆتایی هات، دەربارەی شێوازی بەدواداچوونی میدیایی بۆ ژنانی کایەی سیاسەت. ئەم پێداچوونەوەیە بووە مایەی گەڵاڵەبوونی فۆڵدەرێک بۆ پێناسەکردنی جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر) بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەنووسان و دروستکەرانی فلیمی میدیایی. توێژینەوەیەکی فراوانیش دەربارەی یەکسانیی جۆری کۆمەڵایەتی لە وڵاتان یەکێتی سۆڤیەت پێشوو دەست پێکرا، کە لەدانیشتنێکی تایبەتی هەرێمایەتی دەربارەی جۆری کۆمەڵایەتی، لە کاتی گرێدانی کۆنگرەی جیهانی یەکێتی ڕۆژنامەنووساندا لەساڵی ٢٠٠٧ لە مۆسکۆ ڕاگەیاندرا.

- ڕۆژگارەشدا هەڵمەتێکی هەرێمایەتی تایبەت دەربارەی خانمانی ڕۆژنامەنووسی و سەرکردەگەلی سەندیکایی لە نێو سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا. هەروەها چەند چالاکییەکی دیاری کراویش هەن، لە ئیماراتی یەککگرتووی عەرەبی و جەزائیر و عیرق و فەلەستیندا جێ بەجێ دەکرێن.

هەروەها گرووپی کاری جۆری کۆمەڵایەتی سەر بەکۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئێران، پەرەی بە فۆڵدەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە پێناسە کردنی ئافرەت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

- یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان هەڵمەتێکی فراوانی نیشتیمانی لە هیندستاندا ڕێک خست، بۆ پشتیوانی کردن لە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لە نێو ژووری هەواڵ لە سەندیکاکاندا. هەروەها یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان،پرۆگرامێکی مەشق دەربارەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر) لە سریلانکا جێبەجێ دەکات.

- لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە ئەفریقیادا، پێداچوونەوەیەکی هەرێمی دەربارەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی کرا. لەپاش ئەو پێداچوونەوەیەش، هەڵمەتێک بەڕێوە چوو بۆ هاندانی سەندیکاکانی نیشتمانی، بۆ پەیرەوکردنی ستراتیژەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی.

- لە ئەمەریکای لاتینیشدا، پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی هەڵمەتێکی هەرێمەیاتی کرا بۆ یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی، ئەویش لە کۆنگرەیەکی هەرێمەیەتیدا کە لەساڵی ٢٠٠٨ گرێ درا.

**سەلامەتی پیشەییانەی ڕۆژنامەنووسان:**

ڕۆژنامەنووسیی ڕەوشتکار دەبێ لە پرسی سەلامەتی بۆ کەرتی میدیا و ئەوانەی لە بوارەکەدا کار دەکەن، دەست پێ بکات.

یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان هەڵمەتێکی هەمیشەیی بەڕێوە دەبات، بۆ دانانی سنوورێک بۆ دەرباز بوونی بکوژانی ڕۆژنامەنووسان لە سزا.

هەروەها بۆ ئەوەی لایەنی حکومەت و دەزگاکانی ئاسایش، کەڵک لە چاوگی زیاتر وەربگرن، بۆ لێکۆڵینەوە لەو هێرشانەی دەکرێتە ڕۆژنامەنووسان.

لەو دەیەیەی لە (١) ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨دا تەواو دەبێت، هەزار ڕۆژنامەنووس کوژراون.

لەسەدا ٩٥ی حاڵەتەکانی هێرشی کراوەتە سەر ڕۆژنامەنووسان یان کوژراون، بکوژان لە دەستی ڕاوەدوونان ڕزگاریان بووە. مافی ڕۆژنامەنووسان داوا دەکات پاراستنیان مسۆگەر بکرێت، هەروەها ڕاڤەیەک بۆ کەمی ئاستی پاراستنیان لەم کاتەدا.

هەڵبەت لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو مەترسیانە کەم بکرێنەوە لەسەر زەویدا بەرەو ڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە، بۆیە ئەم شتە پاڵ بە یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانەوە نا کە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست بە چەند جموجۆڵێک بکات.

لەوانە ڕێکخستنی مەشقی سەلامەتی پیشەیی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە شوێنی شەڕدا کار دەکەن، هەروەها دەرکردنی فۆڵدەری مانەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان بە زمان و دامەزراندنی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ سەلامەتی هەواڵدەری (ئەنسی) هەروەها ڕێکخستنی هەڵمەتی جیهانی لە پێناو

سەلامەتی لە رۆژنامەگەریدا.

**هاوکاری و خۆ پاراستن:**

ئەو مەترسیانەی بەرەو رووی رۆژنامەگەریی رەوشتکار دەبنەوە زۆری توندو تیژی، زیدەرۆیی لە یەکالاکردن، چڕبوونەوەی مولکایەتی ئامرازەکانی میدیا، کەم کردنەوەی ژمارەی کارمەندان، پروپاگەندەی سیاسی و زاڵبوونی کۆمپانیاکان، گەندەڵی لە هەموو گۆشەیەکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو رۆژنامەگەریدا بڕوایەک هەیە، کە ئەگەر هەلومەرجی دروست بێتەپێشەوە، ئیدی میدیا دەتوانێ بەشداری بکات لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر، ئەویش لە رێی گەشەکردنی رۆژنامەگەریی بە هاوکاری. دەستپێشخەریی و رۆژنامەگەریی رەوشتکاری بەشێکە لە دیدێکی جێگرەوە. بەڵام هەر تەنیا هیوا ناتوانێ شتێک بەدی بهێنێ. دەستپێشخەری رۆژنامەگەریی رەوشتکاری میکانیزمێک بۆ گۆڕان دەخاتە روو، پێویست وایە لە هەموو شوێنێکدا رۆژنامەنووسان بهێنە سەر ئەو بڕوایە، کە ئەو کارەی ئەوانی دەیکەن گرنگە و شایانی ئەوەیە خەباتی لە پێناودا بکرێت.

سەرکردەی رۆژنامەنووسان و خەڵکی دیکەش کە پشتیوانی لە دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکار دەکەن، ناتوانن قەناعەت بە پەیامنێران و رۆژنامەنووسان بهێنێ، کە دەبێ دڵسۆز بن بۆ پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی، یان نابێ ناپاکی لەگەڵ هیوا و خواستی پیشەیی خۆیان بکەن.

بەڵکو ئەم شتە تەنیا بە تەنیا بە پەیوەست بوونی خودی یەکەکان بەو پەیماننامەیەوە دێتەدی.

ئەوەی کە دەبێ سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان و رێکخراوەکانی دیکەی پیشەیی بیکەن، بریتیە لە پشتگیری کردن لە هاوکارەکانیان و کۆ پاراستنیان دایم بکەن و ئەو ئەتمۆسفییەش بپارێزرێ کە عەقڵی بیرمەندی لە ئامێز گرتووە و گفتوگۆی رەوشتیانەو رۆژنامەگەریی بەهاگەر.

کاتێ ئەم بەرپرسیاریەتییە بەجێ دەگەیەنن، ئیدی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی دەربارەی هەڵسوکەوتی دروست، دەستەبەر دەکات، کە توانیویەتی بۆ پتر لە ٢٠٠ ساڵ مانەوەی رۆژنامەگەری بپارێزێ، هەروەها تا ئێستاش بەشێکی لە پێویستییەکانی ئایندەی.

**دەست پێشخەریی رۆژنامەگەریی رەوشتکاری**
**یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان**

**ناوونیشان بە زمانی ئینگلیزی بەم جۆرەیە:**

International Press Center
Residence Palace، Block C 155 Rue de la loi
B 1040 Brussels
Tel 0032 2 235 2200
Fax 0032 2 235 2219
Email: ifj@ifj.org

**یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، دەنگی جیهانی رۆژنامەنووسانە.**
**یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە، ئەمڕۆش گەورەترین رێکخراوی جیهانی رۆژنامەنووسانە.**
**لە هەموو بوارەکانی میدیادا کاردەکات و نوێنەرایەتی ٦٠٠،٠٠٠ کارمەندی میدیاکان دەکات، کە ئەندامن لە سەندیکا و کۆمەڵەی رۆژنامەنووسان لە ١٢٠ دەوڵەتدا.**

# ڕۆڵی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی مەعروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨



د. ئازاد عوبێد ساڵح

**ڕێو ڕەچەلەک و ژیانی:**


مەعروف کوڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کوڕی حاجی مەولوود ئەسعەد بەدیع ئەلزەمانە، لەساڵی ١٣٠٢ک (١٨٨٥ز)، لەبەغدا لەدایک بووە[١]، بەڵام لەدایک بوونی وەک د. ئیسماعیلیش لەپەراوێزی ژ(١) نووسیوە، کەوا فاروق عەلی عومەر ساڵی لەدایک بوونی بە(١٨٨٤)ی داناوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەک بکات[٢].

بەپێی درەختی بنەماڵەی جیاووک، بەر لە هەشت سەدساڵ، چوار برا لەهۆزی باڵەکی[٣]، ئەو هۆزەی لەناوچەی ڕەواندزو دەوروبەرییەوە تا ناوچەی هەکاری داگرتووە، لەقەدپاڵی ئەو چیایەی نزیک گەڵی عەلی بەگ، لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆ ڕێزان- شانەدەر- بارزان دەچێت، لەشوێنێک بەناوی (**سرێشمە**) گوندێکیان ئاوا کردۆتەوە ئەمەش ناویانە:
١-ماڵە باس (**عەباس**). ٢- ماڵە لاس(**ئەلیاس**). ٣- ماڵە مووس(**موسا**). ٤- ماڵە حەسەن کەبە پاشناوی (**جیاووک**) واتە(**المعتزل**) بە عەرەبی، ناسراون، دواتر خەڵکی دیکەی غەوارەیان تێکەڵ بوونە بەناوی (**ماڵە خوباسک**) و (**ماڵە موریک**) و ژن و ژنخوازیان لە نێواندا بووەو بەشێکیان لەگوندی سرێشمە باریان کردوەو لە گوندەکانی نزیک هەولێر نیشتەجێ بوونە، لەوانەش گوندی بەرحوشتر[٤].

وشەی جیاووک: لە (**جیا- جودا- جیاواز- جیابوونەوە**) هاتووە، هەروەک لەدرەختی بنەماڵەشدا بەعەرەبیش مەعروف جیاووک (**المعتزل**)ی عەرەبی بۆ بەکارهێناوە[٥]. هەروەها مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش (١٩١٢-٢٠٠١) لەوتاری چلەیدا نووسیوە: « وان تفارق هژە الدنیا الدنیئە وانت الملقب بالمفارق (جیاووک)» واتە: «**ئەتۆ وا لەو دنیا پووچە جیا دەبیەوە، پاشناویشت جیاووک**»ە[٦].

ئەم وشەیە بەچەند شێوەیەک بەکارهاتووە:

عەلا ئەدین سەجادی، جیاووگ[٧]، گیوموکریانی،جیاووگ و جیاووک[٨]، مەسعود محەمەد (**جیاوۆک**)[٩].



عومەر عەلی شەریف[١٠] و چاپی دووەمی دەزگای ئاراسی کتێبی (**مأساة بارزان المظلومة**)[١١] ڕەفعە عەبدولرەزاق[١٢] و مەلوود بێخاڵی[١٣] و (**ئیسماعیل شوکر**)[١٤]، (**چیاووک**)، ئەگینا خەڵکانی دیکە هەموویان (**جیاووک**) یان بەکارهێناوەو لەهەمووشی گرنگتر مەعروف جیاووک لەژیانی خۆیدا هەر (**جیاووک**)ی بەو شێوەیە بەکارهێناوە، وەک دەزانین، ئەو زۆر پەرۆشی بەکارهێنانی ڕێنووس و ناوی کوردی بووە، کە لەشوێنی خۆی باسیان دەکەین، خۆی ئەو سەردەمەش پیتەکانی (چ. پ. ژ. ڤ) دارێژرابوون و ئەگەر (چ) با، بێ گومان ئەگەر جیا لەو ناوە شتێکی دیکە بوایە، بەکاری دەهێناو ئاماژەی پێدەکرد.

بەڵام ئەوەی لەهەمووان گرنگترە راوبۆچوونی (**ئیسماعیل شوکر**)ە، کە لەپەراوێزی (A)ی تۆژینەوەکەیدا لەسەر زاری ئەحمەد جەمال جیاووک و شوکرییە عەلی ئەکبەر، نووسیوویە: «**چیاووک دێیەکە لەنزیک سرێشمەی سەر بە ناوچەی خەلیفان، چیاووک بچوککراوەی وشەی (چیا)یە، ئەم دێیە لەقەد پاڵی ڕەوەزە شاخێک دروستکراوە، لەشاخەکانی دەوروبەری نزم ترەو دانیشتوانی ناوچەکە بە(چیایۆکە)ی ناو دەبەن و دێیەکەش بەم ناوە ناونراوە**»[١٥].

سەبارەت بەهەبوونی دێیەک بەناوی (**چیاووک**)، لەرۆژی ٢٣ی تەمووزی ٢٠٠٦ تۆژەر سەردانی دێی (**سرێشمە**)ی کردو لەگەڵ مەلا عەبدولفەتاح تاهیر محەمەد ئەمین دانیشتووە ناوبراو خوێندەوارەو مرۆڤێکی بەئاگاو وریایەو ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوەکانی ناوچەکەشە، گووتی: لێرە هیچ دێیەک و هیچ شوێنێکیش بەو ناوەوە نییە، بۆ ناوی(**جیاووک**) دوو بۆچوون هەیە:

أ- حوسێن قادر پیربال خەڵکی سرێشمە بوو، بەر لەحەفتاکان کۆچی دوایی کردووەو باپیری خۆی (**پیربال**) ی دیتبوو قسەکانی لەو وەرگرتوون، کەوا لەو گوندە (**سرێشمە**) چوار تایفە بران: ١- موسا، ٢- لاس. ٣- باس، ٤-جیا، ئەوجیایە لەهەموویان بچووکتر بووەو ژنی هێناوە ماڵی خۆی کردووەو (**جیا**)بۆتەوە. نەوەکانی ئەوانە واتە:

موســاو لاس و باس و جیا، مــاون لەگوندی (**سرێشمە**) و ئەو وشــەیە تورکییەو بەواتای (**کەڕو لال**) دێت و دێیەکی خۆشەو شوێنێکی بڵندو دڵگیری هەیە.

ب- گونـدی جاوکـە لەناوچـەی ڕوسـت هەیە، گوایە حاجی مەولوود چۆتە کوێسـتان لەوناوچەیـەو وەک هاوینەهـەوار وایـەو تەنانەت (**سرێشــمە**)ش لەوێ هەیە، کەســەر بەقــەزای چۆمانە، هەر لەدرێژەی قســەکانی (**مــەلا عەبدولفەتاح**)دا،باسـی ئـەوەی کـرد (**حاجی مەلوود**)ی باپیری مەعروف جیاووک خوشـکێکی بەنـاوی (**گوڵـە کـوڕ**) هەبووە، لەمازووکرندا زێڕی دۆزیوەتەوە لەشــوێنێک ئێســتاکەش پێـی دەڵێن (**چەقــەری خەزێنە**)، دوای دۆزینەوەی ئەوخەزێنەیە، چۆتە هەولێر و لەمزگەوتی خانەقا گیرساوەتەوە[١٦]. کەچی یەکێکی دیکـە دەڵێت: لەکاتی جـووت کردندا بـووە، بۆ چاندنـی بەیـار (**ڕەزی مێو**)، کوپە لێرەیان دۆزیوەتەوە[١٧].

هــەر لەپەیوەنـدی بەبابەتـی دۆزینەوەی خەزێنــەوە، خەڵکی گوندەکـە، دیتنەوەی ئەو خەزێنەیـان لا ئاسـاییە. بۆ نموونە لە سـاڵی ١٩٩٢، هەندێک لەدانیشتوانی گوند لەشوێنێک کە ئێستا (**بەردی خەزێنە**) ی پێدەڵێن، لەکاتی دروست کردنی خانوودا زێڕیان دۆزیوەتەوە. تەنانــەت ئەو ماڵەی ئێمە لەوســەردانەدا لێی میوان بووین، ماڵی تەقییەدین عومەر ئەحمەد شــابازی ناوبوو، خۆی هەنـدێ لەو زێڕانەی دۆزیبـۆوەو وەک دەڵێـت: وێنــەی پیاوێکـی بەســەرەوە بـووە، تیروکەوانی بەدەسـتەوە بووەو ناوی ئەسکەندەر مەقدۆنی بەسەرەوە بـووە، وەک زانـراوە- پـارەی سـەردەمی ئەسکەندەری مەکدونی (٣٥٦-٣٢٤ز)ی ناودار بـە (**ذي القرنين**)ی گەورە بووە کە لەشــەڕە گەورەکـەی کوکامیـلای لای هەولێـر لە٣٣١ پ.ز بەسەر دارادا سەرکەوتووە[١٨]. هەروەها لەکاتـی نۆژەنکردنـەوەی مزگەوتی گوندیش لەنەوەدەکانـدا، کوپەی بچووک دۆزراوەتەوە نووسـینی لەسـەر بووە بێ ئەوەی چی تێدا بێت[١٩].

هەمان ئەو زانیارییانەی مەلا عەبدولفەتاح، حەمەدەمین حاجی عەبدوڵلاش پشـت ڕاستی کـردەوە، ئـەو پتریش گووتـی: دوای چوونە هەولێر ژنی لەبنەماڵەی چیچۆ هێناوە، پاشان چۆتە موسـڵ. لە بارەی دێی (**جاوک**) ی لای گوندی (**ڕوســت**)یش گووتـی: هیچ پەیوەندی بەو(**جیــاووک**)ەی بەرەبابـی جیاووکــەوە نییە[٢٠].

لەبارەی ئــەو دێ بچووکەی لای گوندی ڕوست بەناوی (**جاوکە**)، ئەوا بێگومان ئەگەر ئەوبا، مەعروف جیـاووک، چۆنە وەک خۆی ئاوای بەکاردەهێناواتە(**جاوکە**)نەک(**جیاووک**)، چونکـە ئێمـە ســەرنجمان داوە مەعــروف جیــاووک لەهەموو نووســینەکانیدا وشــەی (**جیاووک**)ی بەیەک شـێوە بەکارهێناوە،بۆیە بێ دوو دڵی (**جیاووک**) ڕاسـت و دروسـتەو تەواو بەمانای جیابوونەوەیە(٢١).

بەپێـی درەختی بنەماڵــەی جیاووک، ماڵی حەسەن جیاووک بەوە ناسراون کە ژمارەیەک زاناو داناو وێژەوانیــان لێ هەڵکەوتوون(٢٢) بەو شێوەیە:

ماڵە حەســەن جیاووک، فەقێ داود- مەلا مــە ولوود-مــەلا وەلی - زانای گــەورە مەلا عەبدوڵلا- فەقێ سولێمان - فەقێ ئیمام- فەقێ وەلی و حاجی مەلوود ئەسعەد، لەهەندێ شوێن (**سەعدی**)، کەبە (**بديع الزمان**) بەناوبانگ بووە. (**حاجی مەولوود**) لەســاڵی ١٢٢٦ ک (١٨١١ز) لەدایـک بـووەو لەســاڵی ١٣٠٦ک (١٨٨٨ز) لەموســڵ کۆچی دوایی کردووە(٢٣) و یەکێ لەزانـا ناودارەکانی باشـووری کوردســتان بــووە، لەریــزی زانایانی نــاوداری مێژوویی وەک قائانی(٢٤) و زەهاوی (٢٥)و ئالووســی (٢٦). یەکـێ بووە لەوانــەی دووجاران چۆتە شــەڕ لــەدژی ڕووس (٢٧). حاجـی مەلوود کتێبی دەستنووسی هەبووە بەزمانی عەرەبی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە(٢٨).

وەک مەعــروف جیــاووک خــۆی دەڵێت: باپیــری فەقــێ وەلــێ(٢٩) جیاووک لەگــەڵ منداڵەکانی لەســاڵی ١٢٥٢ک (١٨٣٦ز) هاتۆتە هەولێــر(٣٠)، پــاش ئــەوەی دەســەڵاتدارانی عوســمانی محەمەد پاشــای (١٧٨٨-١٨٣٧ز) میــری ســۆرانیان گرتــووە، لەهەولێــرو

دەوروبەری بوونەتە خاوەن خانوو و زەوی و زارو گوندو حەسار، لەوانە گوندی دارەتوو[٣١] و کاریزی تەیمور بەگ و خانووی کورتەک[٣٢] و هەندێکیان ئی نەوەکانیانە، ئەو حەسارەی نزیک مەزاری عوزێر پێغەمبەر، کە نەخۆشخانە بوو، موڵکی حاجی داود جیاووک بووە[٣٣].

حاجی مەولوود لەدامەزراندنی قوتابخانەی روشدییە لەمووسڵ بەرێوەبەر بووە[٣٤]، لەبەغدا ژنی هێناوە[٣٥].

**حاجی مەلوود ئەم منداڵانەی هەبووە:**

١- زانای ناودار عەلی ئەسغەر ئەفەندی، کەلەسەردەمی عوسمانییەکاندا بە (**خزمەتکاری شەریعەت و هەژاران**) ناوی دەرکردبوو[٣٦]، وانەبێژو پێشنوێژ لەسوپای عوسمانی و وەکیلی ئۆردوو بووە لەهەموو دادگاکاندا[٣٧]، لەئامادەیی روشدییەی سەربازی و پاشایەتی مامۆستای زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بووە،، لەساڵی ١٩٢٦ز لەموسڵ کۆچی دوایی کردووە[٣٨].

عەلی ئەسغەر دانراویشی هەبووە، بەبەڵگەی ئەو دەستنووسەی کەبەناوی (**الفوائد المعروفية في علم النحو واللغة العربية**)، لە ١٨٩٥ لەبەغدا نووسراوە. دەستنووسەکە (١٢٢) لاپەڕەیەو لەلاپەڕە(١)دا ئاماژە بەوە دەکات ئەو نامەیە پوختەو هەموو شتی تێدایەو لە خۆشەویستی (**مەعروف**)ی کوڕی ناوی لێناوە (**الفوائد المعروفية**)[٣٩] بۆ ئەوەی خودا بیکاتە زانایەکی خاوەن کردار. ئێمە فۆتۆیەکەمان بینووەو لەئەسڵدا بەئامێری سکانەر وێنەی تەواوی لاپەڕەکان گیراوە [٤٠].

٢- عەلی ئەکبەر: ئەفسەر بووە لەسوپای عوسمانی.

٣- حوسێن: چۆتە حیجاز و نەگەڕاوەتەوە.

٤- زانای ناودار مەلا محەمەد ئەمین.

ئەمە وێڕای ئەم کچانە:

١-نەسیمە هاوسەری یوسف پاشای عەلەوی.

٢- سەفییە هاوسەری یەکێک لەپاشاکانی ئەلبانیا بوو.

٣- خەدیجە.

٤-حوسنییە.

٥- ئامینەڕەش [٤١].

بەهۆی کاری (**ئیمام تابووری**) لەسوپای عوسمانی، لەسەردەمی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩ز) بەپێی یەکە سەربازییەکان شوێنیان دەگوازرایەوەو لەوکاتەی کەلەسلێمانی بووە، لەبنەماڵەی بابانەکان، ژنی هێناوە[٤٢]و ژنەکە ناوی (**رەحمە خانی بابان**) بووەو دوو کوڕیان بووە، (**مەعروف و عارف**)،مەعروفیان نۆبەرە بووەو بەناوی (**شێخ مەعروفی کەرخی**) [٤٣]، کراوە[٤٤]. بەپێی درەختی بنەماڵەش کوڕێکی دیکەشیان بەناوی (**عرفان**) هەبوو، بەبچووکی مردووە[٤٥]. مەعروف جیاووک حەوت خوشکی هەبووە (زەینەب، عەنبەر، دروسن، نەزیرە، سەعدیە، ئەمینە، دایکیشیان (**رەحمە بابان**) لەساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە[٤٦]. مەعروف عەلی ئەسغەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، لەتەک خوێندنی ئایینی لەسەردەستی باوکی وچەند زانایەکی ئایینی، باوکی مامۆستای فارسی و تورکی بۆ گرتووە، خوێندنی سەرەتایی و روشدییەی لەبەغدا، لەساڵی ١٩٠٢دا، بەسەرکەوتوویی بڕیوە[٤٧]. پاشان مەعروف جیاووک و رەشیدعالی گەیلانی (١٨٩٨-١٩٦٥)و نوری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨)، هەرسێکیان پێکەوە بەسواری وڵاغ چوونەتە ئەستەنبۆل بۆ تەواوکردنی خوێندن، رەشید عالی گەیلانی ومەعروف جیاووک لەکۆلیژی ماف وەرگیراون و نوری سەعیدیش لەکۆلیژی سەربازی[٤٨]. وادیارە لەگەڵ خوێندن چۆتە نێوکاری میریشەوە[٤٩].

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مەعروف جیاووک لەئەستەنبوڵ خوێندنی تەواوکردووە[٥٠]، بەڵام وادیارە زۆربەی ئەوانەی لەبارەی مەعروف جیاووکیان نووسیووە،زانیاری پێش خۆیان نووسیوەتەوە، بەمەش هەموویان هەڵەی یەکدیان دووبارە کردۆتەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە

لەئەستەنبۆل بۆی تەواو نەکراوە، ئەویش لەبەر بارودۆخی دوای بزووتنەوەی دەستووری (**٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨**) مەعروف جیاووک «**لەکۆتایی ساڵی ٣٢٤ رومی (١٩٠٨) چۆتە ئەستانە**»، کە ئەو سەردەمە ئەستانە «**بۆنی خۆێنی لێهاتووە**»(٥١). بەهۆی هەڵوێستی دژ بەئیتحادییەکان، لەئاکامی رووداوی ٣١ی مارتی ١٣٢٥ رۆمی (**١٣ی نیسانی ١٩٠٩ز**)(٥٢)، زۆر بەزەحمەت توانیویەتی خۆی لەدەستیان رزگار بکات(٥٣)، دوای ئەوەی رایان کێشاوەتە بەردادگا، لەدوای یەکەم دانیشتنی دادگا خۆی ون کردووەو لەماڵی یوسف پاشای عەلەوی میری(**زەفار**) خۆی شاردۆتەوەو لەمردن رزگاری کردووە، ناوبراو مێردی نەسیمەی پووری مەعروف جیاووک بووەو دوای سێ مانگ و دە رۆژ، واتە لە ١٠ی تەمموزی ١٣٢٥ی رۆمی بەرانبەر (٢٣ی تەمموزی ١٩٠٩ز)، کە رۆژی دەرکردنی لێبوردنی گشتی بووە، بۆ ئەوانەی لەناو ئەستەنبۆڵ مابوون، مەعروف جیاووک گەڕاوەتەوە بەغدا(٥٤). بۆ پتر دڵنیابوون لەسەرگەڕانەوەی لەئەستانەو تەواونەکردنی خوێندن، خۆی ئەوەتا دەڵێت: ((...**خوێنەر تێدەگات من لەوکاتەدا هەستی دانیشتن لەسەر کورسی نوێنەرایەتیم بۆ پەیدا بوو، بەڵام رووداوێکم لێ قەوما، کەلەخەیاڵمدا نەبوو، ناچار بووم ئەستانە جێ بهێڵم...**))(٥٥).

دوای گەڕانەوەی لەئەستەنبۆل کراوەتە بەرێوەبەری ناحیەی (**دیر الزور**) لەسوریەو لەوێ ژنی یەکەمی هێناوەو کچێکی بەناوی پاکیزە لەو ژنە هەیە(٥٦). لە١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٢ لەبەغدا رۆژنامەی (**الحقوق**)ی بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی دەرکردووە(٥٧). بەهۆی لێهاتوویی، لەساڵی١٩١٣ وەزارەتی مەعاریف دەیکاتە یاریدەدەری بەرێوەبەری خانەی مامۆستایان لەبەسرە(٥٨).

لەگەڵ راگەیاندنی شەڕی یەکەمی جیهان، لە ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤، لەبەسرە بووەو دوای شەڕی (**کوت الزین**)(٥٩) وگرتنی بەسرە لەلایەن ئینگلیزەوە، بەدیلی بردوویانەتە (**تات میو**)ی سەر بە رانگون لەبورما(٦٠)، لەوێ نەخۆش دەکەوێ تا هاتنەوەی بۆ بەغدا لە بەهاری ساڵی ١٩١٩(٦١). پێنج (٦٢) ساڵ لەوێ ماوەتەوەو دووچاری نەخۆشی (**الحمی الدماغیة**) بووەو دووساڵ لەنێو جێگادا لەنێوان ژیان و مردندا بووە، پاشان چاک دەبێتەوەو بەلاشەیەکی لەڕو لاواز دەگەڕێتەوە بەغدا، لەسەربازگەی هنێدی (**رەشیدی ئێستا**) دەدرێتەوە کەس و کاری، بەڵام دایک و باوکی سەرەتا نایناسنەوە، تەنانەت خەریک بووە بگەڕێنەوەو بەجێی بێڵن، ئەگەر خۆی ئەوانی نەبینی باو بە زمانی کوردی هاواری لێ نەکردبان، ئیدی بەرەبەرە تەندروستی بەرەو باشی دەچێت(٦٣). ئەوەش نزیکەی ساڵێکی خایاندووە(٦٤).

دوای ئەوەی تەندروستی دێتەوە سەرەخۆی و دەست دەکاتەوە بەخوێندن و بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەوسەروبەندەدا، کەبەغدا لەبن دەستی بەریتانیادابوو، دەسەڵاتی سەربازی بەریتانیا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و رێکخستنەوەی دام و دەزگاکانی، پێویستی بەدادوەرو ژمارەیەکی زۆر یاساناس هەبووە، بۆیە دەبوا، (**فێرگەی ماف**) سەر لەنوێ لەسەر بنەمایەکی تازەوە دابمەزرێتەوە، دوای راوێژو پرسکردن بە شارەزایانی ئەو بووارە، ئاگادارییەک بۆکردنەوەی فێرگەی ماف لەبەغدا لە ٣١ی/تەمموزی/١٩١٩، لەلایەن مێجەر (**هێ. ئەی. بۆمن**)، بەرپرسی مەعارفی گشتی بەکردنەوەی دوو پۆل راگەیاندراوە، پۆلێک بۆ ئەوانەی لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان لای کەم ساڵێک یان دووساڵیان لەفێرگەی ماف لەبەغداو ئەستەنبۆل خوێندووەو بەهۆی شەڕەوە بۆیان تەواونەکراوە، دەتوانن بەڵگەنامەکانیان پێشکەش بکەن بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان. دیارە مەعروف جیاووکیش یەکێک لەوانە بووە، بۆیە دوای چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە، ناوی(٤٥) چل وپێنج فێرخواز کە (٢٥)بیست و پێنجیان لە (**پۆلی بەرز**) وەرگیراون، لەبەر ئەوەی دوو ساڵیان لەفێرگەی مافی پێشوو خوێندووە. لەلیستی ناوەکاندا، کەناوی (٢٠) بیست فێرخواز لەوسەرچاوەیەدا

تۆمارکراوەو بە(**عبدالجبار ال الجمیل**) دەست پێدەکات و بە(**صالح مراد**) کۆتایی هاتووە، ناوی (**معروف علی اصغر**) یش یەکێکە لەوانە و زنجیرەی (١١) یازەدەمینە. لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ خوێندن بەرێک و پێکی دەست پێدەکات و خوێندنەکە ئێواران بووەو تا مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ بەردەوام بووەو تاقیکردنەوەش زارەکی (**شفهی**) بووە. ئیدی لەئێوارەی ڕۆژی ١٨ی تەمموزی ١٩٢٠ ئاهەنگی دەرچووان بەڕێوەچووەو (٢٠) بیست فێرخواز دەرچوونەو بڕوانامەی فێرگەی مافیان پێبەخشراوە، کە(**مەعروف عەلی ئەسغەر**)یش یەکێکە لەوان(٦٥). هەروەها مەعروف جیاووک وەک خۆی دەڵێت: لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانی هاوڕێی خوێندن بوونە، کاتێ لەفێرگەی ماف لەیەک پۆل بوونە، کە ((**لەئەستانەوە هاتمەوە لایان و چوومە پۆلی دووەم**))(٦٦).

لەدوای تەواوکردنی خوێندنی ماف لە ١٨ی تەمموزی ١٩٢٠ بۆ ماوەیەکی کورت خەریکی پارێزەری بووە(٦٧)، لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٣ چۆتە ناو فەرمانی میرییەوە(٦٨)، کراوەتە دادوەری دادگای ڕێککەوتن (**صلح**)ی کەرکووک، لەتشرینی دووەمی ١٩٢٣ دەست بەکاربووە(٦٩).

پاشان دەبێتە دادوەری بەرایی هەولێر لە ساڵی ١٩٢٤و دادوەری ڕێککەوتنی دیوانییە لەساڵی ١٩٢٥ و پاشان بەپێی سەرچاوەکان لە ئابی ١٩٢٦ دادوەری سزای موسڵ بووە، گوازراوەتەوە دادوەری ڕێککەوتنی دەلتاوەو(٧٠) لەکانوونی یەکەمی ١٩٢٦یش گوازراوەتەوە دادوەری ڕێککەوتنی ئەلحەی لەلیوای کوت(٧١). وەک دادوەرێکی دیاریش،هاتن و چوونی لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە(٧٢). بۆ موسەیب لەساڵی ١٩٢٧و لە ساڵی ١٩٢٨ بەنوێنەری هەولێر هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان لە ١٩ی مایسی ١٩٢٨(٧٣). ئەوە تاکو ٢١ی مارتی ١٩٣٠ خایاندووەو(٧٤) دووجاری دیکەش خەڵکی هەولێرو کەرکووک داوایان لێ کردووە خۆی بپالێوێ، یەکەمیان لەسەردەمی وەزارەتی ناجی شەوکت(٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢-١٨ی ئاداری ١٩٣٣) و دووەمیشیان لەسەردەمی وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمان (**٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٣٦-١٧ی ئابی ١٩٣٧**)، بەڵام بێ ئاکام بووە(٧٥).

لەکاتێکدا خەریکی مامەڵەی خانەنشینی بووە(٧٦)، جارێکی دیکە مەعروف جیاووک دەگەڕێتەوە ناوکاری میری بەپێی فەرمانی شاهانەی ژمارە(٢٧٠) لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ بەدادوەری شارستانی لەعێراق دامەزراوەو بەفەرمانی شاهانەی ژمارە (٢٩٣)ی ڕۆژی ٢١ی تشرینی یەکەم بەدادوەری تاک (**حاکم منفرد پلەیەک**)ی کەربەلا دامەزراوە(٧٧)، کە ئەمەیان لەسەر داوا و پێداگری مەلیک فەیسەل (١٩٢١ – ١٩٣٣) بووە(٧٨).

لەساڵی ١٩٣٣ بەدادوەری بەرایی کەرکووک و پاشان لەساڵی ١٩٣٤ بەجێگری یەکەمی سەرۆکی دادگای بەرایی کەرکووک دامەزراوە(٧٩)، و لەساڵی ١٩٣٦ یش بەپشکنەری دادوەری وجێگری سەرۆکی دادگای بەرایی حیللە هەر لەو ساڵەدا. لەساڵی ١٩٣٨ بەپشکنەری داواکاری گشتی و لە ساڵی ١٩٤١یش بە دارێژەری یاسایی (**مدون قاونی**) و دواتریش بەئەندامی دادگای پێداچوونەوە لەساڵی ١٩٤٢(٨٠). لەئابی ساڵی ١٩٤٤ دەکرێتە موتەسەریفی سلێمانی و لەمارتی ١٩٤٦ خۆی دەست لەکاردەکێشێتەوە(٨١). بەڵام مستەفا نەریمان نووسیوویە: «**میری دوابراو لە بزێوی وچالاکی جیاووک نارەزا بوو تەقاعودیان کرد**»(٨٢).

لەئابی ساڵی١٩٤٦، جارێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ فەرمانی میری و دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتی ئینحساری توتن، تا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ بەیەکجاری واز لەکاری میری دەهێنێ و خەریکی پارێزەری دەبێت(٨٣).

مەعروف جیاووک لەساڵی ١٩٥٣، هێزو توانای لاشەی بەرەو کزی چووە، تەندروستی باش نەبووە، بۆیە بۆ چارەسەری لەگەڵ بۆتانی کوڕی چۆتە لەندەن و (٢٤) بیست و چوار ڕۆژ لەوێ ماونەتەوەو نەشتەرگەری


لەلای ڕاستەوە:
مەلا مستەفا، مەعروف جیاووک

بۆ کراوەو جارێکی دیکە جەستەی بەگوڕ هاتۆتەوەو گەڕاوەتەوە بەغدا، دوای ماوەیەکی دیکە نەخۆشییەکەی سەری هەڵداوەتەوەو لە دوا مانگی ساڵی ١٩٥٧، ژیانی کوڕی بردوویەتییەوە (**لەندەن**)، لای دکتۆر(**مۆرگان**)، ئەو پزیشکە پێی گوتووە: (**باوکت سێ مانگ و دە ڕۆژی لەژیاندا ماوە**) ئەویش یەکسەر هێناویەتەوە بەغدا[٨٤]. لەکاتژمێر چوارو نیوی ڕۆژی سێشەمەی ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨، لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردووەو هەواڵەکە لەئێستگەو ڕۆژنامەکانی ئەوسەردەمە ڕاگەیاندراوە[٨٥]. لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەیان هێناوەتەوە هەولێر، هەرلەبەغداوە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی لەگەڵ هاتووە تا جەلەولاو لە کەرکووکیش هەروا تاپردێ و لەهەولێریشەوە بەوجۆرەو تالەنیوەشەودا گەیاندوویانەتەوە هەولێرو لەبەیانی ڕۆژی پێنجەشەممە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ بەئامادەبوونی سەدان کەس لەخەڵکی هەولێرو موتەسەریفی ئەوکاتەی هەولێر[٨٦]و سەرۆکی فەرمانگەکان لەگۆڕستانی شێخی چۆلی بەخاک سپێردراوە[٨٧].

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بەبۆنەی کۆچی دوایی مەعروف جیاووکەوە وتارو شیعری شاعیرانیان بەو بۆنەیەوە بڵاوکردۆتەوە، لەوانە گۆڤاری (**هەتاو**) لە شاری هەولێر، وێرای بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی، دوو وتاریشی بڵاو کردۆتەوە، گیوموکریانی (١٩٠٢-١٩٧٧): (**بەهەشتی معروف بەگ جیاووگ**)[٨٨] و(**چلەی بەهەشتی معروف جیاووک**)[٨٩]. بشیر مشیر (١٨٩٣-١٩٦٣) : (**چلەی بەهەشتی معروف جیاووک**)[٩٠].

سەرچاوەکان سەبارەت بەلایەنی خێزانی مەعروف جیاووک جیاوازن، بەلای د. ئیسماعیل شوکرەوە (١٢) دوازدە ژنی هێناوە، دووی یەکەمی خەڵکی شاری ماردین و یەکێکی ئەلبانی و چواری عەرەب و چواریشیان کوردی باشووری کوردستان و خەڵکی هەولێر بوونەو دوانزە کوڕو شەش کچی هەبووە[٩١]. هەرچی مستەفا نەریمانە،

دەڵێت: گوایە (١٠) ژنــی هێناوە، بەڵام ئاماژە بەهەشت ژن و دە کوڕو چوار کچ دەکات.

ئیـدی بـەو جـۆرە مەعـروف جیـاووک، ژیانێکـی پـڕ سـەرەوەری و شـکۆمەندی بەسـەربردووەو لەبـەردەم ناگـوزوری و نەهامەتییەکانی رۆژگار بوێرانە خۆی گرت و چۆکی بۆ سـامانی دنیاو ژیانی بەباق و بریق دانـەدا، ئەوەتا لە کـۆڕی ماتەمینەکەیدا، زۆر بەبەرزی وەسـفی گەورەیی جیاووک کراوە، بەڵام مخابـن ئەو پیاوە گەورەیـە بەتەواوی مانای وشـە لەهەموو هەوارەکانی ژیاندا هەر بەسـادەو سـاکاری ژیاوەو هیچ پلەو پایەک خۆی لێ نەگۆڕی، نوێنەرایەتی، موتەسەریفی، بەرێوەبەری گشتی، سەرۆکی دادگا، دادوەر، نە ناسـیاوی لەگەڵ گەورە بەرپرسـانی ئەو رۆژگارە، وەک نوری سـەعیدو رەشید عالی گەیلانی و بنەماڵەی سویدی، ئەوانی دیکە.

کـە مـردووە، تەنیـا خانووێکـی لـەدوا بەجێمـاوە، کـە لەکاتـی خـۆی زەوییەکـەی لەشاعیری میللی عێراق مەلا عەبودی کەرخی کڕیبوو و تاسـەرەتای پەنجاکان نەیتوانیبوو بیکاتە خانوو،ئەویش بەقەرد حەسەن رەفعەت (١٩٢٧-١٩٩٩)ی ئەندازیـار بـۆی دروسـت کردووە[٩٢].

سـەبارەت بەنەداری مەعـروف جیاووک، لـەدوا سـاڵەکانی ژیانـی، مـەلا جەمیـل رۆژبەیانی (١٩١٢-٢٠٠١) ئاماژەی پێکردووە، کاتـێ دەڵێت، پارەی سـەفەر کردنـی نەبوو بۆچارەسـەری بچێت[٩٣]. هەروا عەبدولمەجید لوتفیش (١٩٠٤-١٩٩٢) بەراشـکاوانە دەڵێت: تەنیـا خانووێکـی هەبوو کە بۆ چارەسـەری فرۆشـتی و قـەرزش بەرۆکـی گرتبـوو و مووچەی خانەنشینەیەکەشی بەشی پێویستی کەسێکی نەخۆشی نەدەکرد، بۆیە داوا دەکات کەیارمەتـی خێزانەکـەی بدرێـت بـۆ ئەوەی بتوانـن قـەرزەکان بدەنـەوە، چونکـە مافـی جیاووک بەسـەر ئەو نیشتمانەوەیە، یارمەتی بدرێت[٩٤].

**مەعروف جیاو وک و هەوڵی رۆژنامەنووسیی**

مەعـروف جیـاووک لـە کتێبـی **(نیابتی)** دا، سـەرەتای دەسـت دانە قەڵەمی بۆ کاری رۆژنامەنووسـی دیاری کـردووە، بەتایبەتی لەبەشـی یەکەمی ئەو کتێبەدا بەناوی **(کەنگی ویسـتم ببمە نوێنـەر؟)**، لەوێدا نووسـیوویە، لـە کۆتایی سـاڵی ١٣٢٤ ی رۆمـی (١٩٠٨ز) گەیشـتۆتە ئەسـتەنبوڵ لـە دوای کۆدەتـاو دەسـتپێکی سـەردەمی دەسـتووری، دوای ئەوەی چاوی بە هەنـدێ نوێنەر دەکەوێت و لەجارێک پتریش لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنـەران ئامـادە دەبێت و گوێـی لە گفتوگۆ توندەکان بووە، ئارەزووی بوون بەنوێنەری لـەلا دروسـت بووە، بـەڵام ئـەم کارەش بێ چوونـە ریـزی پارتی دەسـەڵاتدار زەحمەت بـووە، بەڵام نەیتوانیـوە بچێتە ناو ئەو پارتە، چونکە دژ بە ئازادی بووە، بۆیە بریاری داوە، لەرۆژنامەکان بنووسێت و راو بۆچوونەکانی خـۆی دەرببڕێـت و ئـەو رێگایانـەی دەبـێ نوێنـەر پێیانـدا بـڕوات، روون کردۆتـەوە، بەتایبەتـی ئەو نوێنـەرەی تەنیا بەرژەوەندی نیشـتمان و پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی مەبەست بێت، بـەڵام بۆ یەکێکی وەک ئەو، کە پێشـتر ئـەو رێگایەی نەجربانـدووە چ بکات و چۆن بنووسـێ و لەکوێ بنووسـێ و بە چ زمانێک بنووسـێ، بۆیە، لـەو گێژاوەدا بریـار دەدات کـە دەسـت بداتـە قەڵەم و پشـت بـە خۆی دەبەستێ و هانی خۆی دەدات، یەکەمین وتار بە ناوی **(ئەگەر نوێنەر بام؟)**ی نووسـیووەو بۆ رۆژنامـەی **(المیزان)**ی ناردووە کە موراد بەگی مێژوونووسی ناودارو دانەری مێژووی گشـتی بەزمانـی تورکـی، بڵاویدەکـردەوەو زەکـی بەگیش تێیـدا دەینووسـی، ئەو زەکی بەگـەی قەڵەمەکەی بـە گوللەیەکـی ئیتحادو تەرەقی خامۆش کـرا، لەبەر ئەوەی وتارێکی توندی لەدوای کوشـتنی **(حەسـەن فەهمی بەگی)** نووسـەری رۆژنامەی **(سەربەسـتی)** بڵاوکردبووە[٩٥].

ئـەوە سـەرەتای کاری رۆژنامەنووسـی مەعـروف جیاووکـە، بەداخـەوە، وێـرای هەوڵـدان، ئـەو وتارانەمان دەسـت نەکەوت،

ئاخۆ چەند بوون و ناوەرۆکیان چ بوون، خۆشی لەو بیرەوەرییەکانیدا بەناوی **(حیاتی)** [٩٦] نووسیوویە، کەوا لەوێ بەدووروودرێژی باسی کردووە، بەداخەوە ئەو دەستنووسەشی دیار نییە و هەوڵێکی بێ وچانماندا، بەڵام دەست نەکەوت، کە بێگومان زۆر لایەنی نەزانراوی بۆ روون دەکردینەوە.

وا دیارە بڵاوبوونەوەی ئەو وتارەی لەرۆژنامەیەکی بەرچاوی ئەو رۆژەی ئەستەنبوڵ بەتایبەتیش کە لەو سەردەمەدا زۆر رۆژنامەو گۆڤار بڵاوبوونەتەوە، چونکە زۆربەی گەلانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەو هەناسەیەی ئازادی لە سەرەتای راگەیاندنی دەستوور لە تەمموزی ١٩٠٨، هاتە ئاراوە، کەوتنە خۆ، ئەویش وەک بەرهەمی تاوسەندنی هەستی نەتەوایەتی.

عەباس عەزاوی مێژوونووسی عێراق، سەبارەت بە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، ئاماژە بەوە دەکات، دیارترین دیاردەی رووداوی کۆمەڵ کە بایەخی شیاوی پێدراوە، لەعێراقیش لە ناوچە جۆربەجۆرەکانییەوە، بێ ئەندازە سەرهەڵدانی رۆژنامە، بەتایبەتیش لە بەغدا، هەر کەسەو تێیدا دەنووسی، ئەوەی توانای لەخۆی بەدی کردبا، رۆژنامەی دەردەکرد[٩٧].

بەر لە ساڵی ١٩٠٨ لەعیراق جگە لە سێ رۆژنامە کە کاربەدەستانی تورک دەریان دەکرد، هیچ رۆژنامەیەکی دیکە نەبوو، بەڵام دوا بەدوای شۆڕشی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ، ئازادی رۆژنامەنووسی درا، ئەوەش سەرەتای گۆڕانێکی ناکاو بوو لە رۆژنامەنووسی عێراقدا، لەنێوان ١٩٠٨- ١٩١٤ ژمارەی رۆژنامەکان دەگەیشتە (٦٩) رۆژنامەو (١٧) گۆڤار[٩٨].

هەر لە دەستپێکی ساڵی ١٩١٠ وە تاکو ساڵی ١٩١٤، پەرەسەندنێکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسی عێراقدا هاتەدی، ئەوەش نیشانەی سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ بوو، ئەوەبوو لەجیاتی شەش رۆژنامەی لاواز کە لە مەڵبەندەکانی وڵایەت دەردەچوون، دەوروبەری (٥٠) رۆژنامەی جۆراو جۆرو هەمەڕەنگی دیکە، بە زمانی عەرەبی و تورکی دەرچوونە[٩٩].

مەعروف جیاووکیش بە قۆزتنەوەی ئەو هەڵەی رەخساوەو ئەو ئەزموونەی لەبوواری نووسین لەئەستەنبوڵدا مشتۆمالی کردبوو، وەک خولیاو ئارەزوویەکی رۆژنامەوانیی و نووسین و کارکردن لەبوواری رووناکبیری و رۆژنامەوانیی، هاتووە رۆژنامەیەکی بەناوی **(الحقوق)** دەرکردووە، هەر وەک**(لغة العرب)** دەنووسێت: «**الحقوق: رۆژنامەیەکی رۆژانەیە لەبەغدای**[١٠٠] (دار السلام) **بڵاودەبێتەوە، بەڵام هەنووکە هەفتانە دەردەچێت و** (راستی خۆش دەوێت و خزمەتکاری راستییە – محبە للحقیقة وخادمة للحق) **زۆربەی ناوەڕۆکی بەزمانی تورکییەو نزیکەی ستوونێکی بەزمانی عەرەبییە، ژمارەی یەکەمی لە ٢٨ی موحەڕەمی ١٣٣٠ رێککەوتی ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ دەرچووە و لەچاپخانەی شابەندەر چاپ دەکرێت و خودان و بەڕێوەبەری بەرپرسی ئەسغەر زادە مەعروف ئەفەندی و نووسەری یەکەمی {سەرنووسەر} مەعروف ئەفەندییە**»[١٠١].

هەرچی عەبدولرەزاق ئەلحەسەنییە، وێرای پشت راستکردنەوەی مێژووی سەرەوە هەروەک دەڵێت: «**رۆژنامەیەکی سیاسی عەرەبی – تورکییە، لەبەغدا مەعروف ئەفەندی (عەلی ئەسغەر) دەریکردووەو ژمارە یەکی لە١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٢ز دەرچووە تا ژمارە (٣٠) بەرێک و پێکی بەردەوام بوو پاشان بزر بوو**»[١٠٢].

(**زاهدە ابراهیم**)یش نووسیوویە، «**رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسییە، خاوەنی مەعروف ئەفەندی** (عەلی ئەسغەر)**ە، لەبەغدا، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١١**[١٠٣]، (ئەلحەسەنی دەڵێت) **لەساڵی ١٩١٢ دەرچووەو دوای ژمارە (٣٠) وەستاوە**»[١٠٤].

(**فائق بگی**)یش نووسیوویە: « لە ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ دەرچووە خاوەنی مەعروف عەلی ئەسغەرەو رۆژنامەیەکی سیاسی حەفتانە بووە بە زمانی عەرەبی و تورکی»[١٠٥].

لێرەدا بەپێی لێکدانەوەی ئێمە، ئەگەر هەفتانە بووبێ وەک گۆڤاری (**لغة العرب**) نووسیوویەو بەرێک و پێکی تا ژمارە(٣٠) دەرچووبێت، وەک (**الحسنى**) نووسیوویە، ئەوا تا کۆتایی مانگی تەمووزی هەمان ساڵ بەردەوام بووە، بەڵام دیارە ودم(**امتیاز**)ەکەی رۆژانە بووە، وەک گۆڤاری (**لغة العرب**) نووسیوویە، بەڵام بۆ ئەو رۆژە، زەحمەت توانرابێت رۆژانە دەرچووبێت. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی بڕیاری ئیتحادییەکان کە لە زمانی رۆژنامەکانی ئەو رۆژەی عێراق نارازی بوون، بۆیە یاساییەکی چاپەمەنیان دەرکردوە، کەئازادی رۆژنامەوانیی سنووردار کردوە، بۆیە لە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆدا، وەک گۆڤاری (**لغە العرب**) بەسەر دێری «**لەناوبردنی رۆژنامەکانی بەغدا- القضا و علی صحف بغداد**» نووسیوویە: ئەو رۆژنامانەی کە ودمیان وەرگرتووەو تا ٥ی مارت ( **ئاداری رۆمی**) بڵاویان نەکردۆتەوە یان خاوەنەکانیان چەند ژمارەیەکیان لێ بڵاوکردووەتەوە (پاشان تا ئەو رۆژە دەرنەچوون، ئەوا خاوەنەکانیان بۆیان نییە دوای ئەوە بڵاوی بکەنەوە، چونکە لەدوای ئەو رۆژی (٥)ی ودمەکەیان نامێنی، جا ئەو رۆژنامانەی کە کەوتوونەتە بەر ئەو زەبرە کوشندەیە لە وڵاتی ئێمە ئەوانن ئەوەی هیچ ژمارەیەکیان لێ دەرنەچووە، خاوەنەکانیان ودمیان بۆ دەرکردنیان وەرگرتووە، لەنێو دوو کەوانە دامان ناون، ئەمانیش ئەمانەن: «**سیف الحق، الحقوق، (الریاحین)...هتد**»[١٠٦].

لێرەدا رۆژنامەی (الحقوق) یش کەوتۆتە بەر شاڵاوی ئەو بڕیارەو وەستاوە، بەڵام ئەوەی گرنگە گومان لەدەرچوونی نییە، چونکە وێڕای زانیارییەکانی دی، ئەوا نەخراوەتە ناو کەوانە. بۆیە ئەگەر هەر لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت لە دوو مانگ پتر تەمەنی نەبووە واتە رۆژێک نا رۆژێک دەرچووبێت، ئەمەش ساخکردنەوەی دژوارە تا ئەو رۆژەی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە دەست بکەون و ئەم زانیاریانە ئاشکرابن.

بێ شک دەرچوونی ستوونێکی ئەم رۆژنامەیە بە زمانی عەرەبی جێی بایەخە بۆ ئەو رۆژە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە زمانی خوێندن و نووسین بەپێی دەستووری بنەڕەتی زمانی تورکی، زمانی رەسمی بووە[١٠٧].

مەعروف جیاووک، وەک نووسەرێک وتارو بابەتی بۆ رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارەی خۆی نووسیوە، لە ژمارەیەک گۆڤارو رۆژنامەی ئەو سەردەمە وتاری بڵاو کردۆتەوە، بەتایبەتی لە بارەی دۆزی کوردەوە، کەبە زۆری وەک وەڵامدانەوەی ئەوانەیە کە لەبارەی ئەم دۆزەوە نووسیوویانە، وتارەکانیشی بەناوی جیا جیا نووسیووە، (مەعروف عەلی ئەسغەر- مەعروف جیاووک، بالکی سرێشمە، جیاووک، م. ع. ا، جیاووک الکردی، شمالی بازان دشتک، بالکی سریشمەناسراو، سریشمەوی بۆتان، اربیلی بیژنک..) لە رۆژنامەکانی وەکو (**العراق، المفید**[١٠٨]، **الاستقلال**[١٠٩]، **اللسان، البلاد، صدی العهد، صوت الجمهور، العالم العربی...هتد)**[١١٠]، هەر وەها لەرۆژنامەی (**الزمان**)یش[١١١].

وادیارە وتارەکانی جیاووک جێ بایەخی کۆڕو کۆمەڵو رۆژنامەکان بووە، ئەوەتا رۆژنامەی (**پێشکەوتنی سلێمانی**) لە ژمارە(١١٥- ١١٦) رۆژانی ٦ جولای ١٩٢٢ و ١٣ی جولای ١٩٢٢ وتارێکی جیاووکی کردۆتە کوردی لەبارەی (**مسئلەی کردی – مەسەلەی کورد**) بە دووبەش لەو دوو ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە تێدا وەڵامی (**شێخ زادەی رەواندزی** ) داوەتەوە، وتارەکە بە ئیمزای (اوقات –پاریزەر- مەعروف عەلی ئەسغەر، لە (**العراق**)ەوە بڵاو کراوەتەوە[١١٢]، هەروەها رۆژنامەی (**ژیانەوە**)یش وتارێکی لە( **العالم العربیة**)یەوە بەناوی (**هاواری کورد**) وەرگێڕاوەو بڵاوکردۆتەوە، کەلەزوڵم و ستەمی تورک دەرهەق بەکورد لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتی دەدوێت[١١٣].

وێڕای ئەم وتارانەی کە دواتر بۆنەتە کتێبێک بەناوی (**القضیة الکردیة**) بە دوو چاپ لە ١٩٢٥و ١٩٣٩، بڵاوی کردۆتەوەو تێدا، لە سنووری کوردستان و مێژووی کوردو کوردستان و دۆزی کوردو شۆڕشی کورد لەباکووری کوردستان..هتد»[١١٤]دواوە.

مەیدانی ڕۆژنامەنووسی جیاووک هەر بەوەندە ناوەستێ، بەڵکو لەشوێنی دیکەش کاری کردووە، ئەوەتا لە گۆڤاری (**القضاء**)ی نەقابەی پارێزەران لەبەغدا کە دوومانگ جارێک دەرچووە، جیاووکی داڕێژەری یاسایی (**المدون القانوني**) وەک نوێنەری وەزارەتی داد لەدەستەی لێژنەی دەرکردنی گۆڤارەکە دابووە[١١٥].

لەبواری ڕۆژنامەوانیی، چاپ و ئازادی چاپەمەنی لایەنێکی گرنگی کارەکەیە، چونکە بێ چاپ ڕۆژنامە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی زۆر سەختە. لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٨ ئەنجومەنی نوێنەران، خاڵی دووەمی گفتوگۆی ئەو ڕۆژەی جیاووک لەبارەی چاپ و چاپەمەنی ئازاد دواوە، هەرچەندە دەنگ بەرز بۆتەوە کە ئەوە دەرچوون بووە لەبابەتی گفتوگۆ، بەڵام جیاووک ڕاشکاوانە داوای ئازادی چاپەمەنی دەکات و پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات کەبەداخەوە نەک هەرلەعێراق، بەڵکو لەزۆر شوێنەکان ئازاد نییە، ئەگەرچی زۆریش بانگەشە بۆ ئازادی چاپەمەنی کراوە، بۆیە داوای هەندێ ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی بکرێت[١١٦].

هەر سەبارەت بەبابەتی چاپەمەنی، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢٨، جارێکی دیکە دێتە وەسەری، کاتێ مادەی (٢٣)ی یاسای چاپەمەنی خراوەتە بەر باس. لەو کۆبوونەوەیەدا جیاووک دێتە قسەو دەڵێت: بەپێی بیردۆزەکانی مافیایەتی (**النظريات الحقوقية**). دەبێ چاپەمەنی ئازادی تەواوی هەبێت، چونکە زمانی خەڵکە و ئامرازی نێوان خەڵک و حکومەتە، بۆ ئەوەی لەلایەک کاروکردەوەکانی حکومەت بەخەڵک بناسێنێ و لەلای دیکەشەوە حکومەت لە ئەو کارو پێداویستییانەی خەڵک ئاگادار بکاتەوە، وەک جیاووک خۆی دەڵێت، ئەو یەکەمین کەس بووە، لەگەڵ کردنەوەی ئەنجومەن، ڕاپۆرتی سەبارەت بەچاککردنی چاپەمەنی داوە، نەک بەتەنیا مادەی (٢٣)ی هەموار کراوە، بەڵکو مادەکانی دیکەش، بەلای جیاووکەوە واباشە لەڕێی دادگاوە لێپرسینەوە لەو ڕۆژنامەیە بکرێت کە وتاری وای بڵاوکردەوە کەزیان بەئاسایشی گشتی یان حکومەت بگەێنێ، ئەوا بەرپرسی ڕۆژنامەکە بدرێتە دادگاو ئەگەر دادگا بڕیاری بێتاوانی دا ئەوا ڕۆژنامەکە دەربچێت، ئەگەر بەرپرسەکەش حوکم درا، ئەوا بەتەواوی ڕابگیرێت و (**ودم- امتياز**)ێکی دیکەی نەدرێتێ، داوا دەکات ڕاپۆرتەکەی بدرێتە حکومەت تاسەرنجی لێ بدەن[١١٧].

پەراوێزەکان:

(١) شجره بیت یڵ جیاووک، عبدالمجید فهمی حسن، تأریخ مشاهیر الالویه العراقیه، ج١، مگبعه الزمان، بغداد، ١٩٤٧، ص٥٩؛ الحکومه العراقیه، جدول کبار موڤفی الدوله لسنه ١٩٤٤، ص١٣؛ معروف جیاووک، أقراوا الحقائق الپابته فی کراسه فخامه السید نوری السعید، مگبعه الجامعه، بغداد، ١٩٤٨، ص٥؛ ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامە نووسی مەعروف چیاووک، «ڕۆژنامەنووس» (گۆڤار)، هەولێر، ژ(٣)، ٢٠٠٥، ل٣٢؛ علا والدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ١٩٧١، ل٥٩٨.

(٢) د. ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی..، ل٣٢–٣٨. بەڵام بەڕای توێژەر (فاروق عەلی) پشتی بەمیر بەسری بەستووە لەکتێبی (اعلام الکرد)، کە لە نامەی ماستەری فاروق عەلی عومەردا بەزمانی عەرەبی،

نـــاوی هاتووە، بەڵام لەوەرگێڕانە کوردییەکەدا، وادیـــارە لەبیرکراوە. فاروق علی عمر، الصحافه الکردیه فی العراق- البدایات-١٩١٤-١٩٣٩، رساله ماجســتیر (غیر منشوره)، کلیه الاداب، جامعه بغداد، ١٩٩٩، ص٥٥، ١٥٣؛ فـــاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا- بەرایـــیەکان- ١٩١٤-١٩٣٩، و: تاریق کارێزی، عەبدوڵڵا زەنگەنە دەقە ڕۆژنامەوانییە کوردییەکانی ساغ کردۆتەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠١،لێرە ناوی میر بەســری نەهاتووە. ئەو ساڵەی کۆچی (١٣٠٢)ی کە ســاڵی لەدایک بوونی مەعروف جیاووکەو ئاماژەی پێکراوە، بەرانبەر بەتشــرینی یەکەمی ١٨٨٤ز دێتەوە. بڕوانە: گ . س. فریمان- گرێنڤیل، ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شــڤان، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ز(٦) سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٥. بەڵام هەروەک لەرەگەزنامەکەیدا نووسراوەو لەهەموو سەرچاوەکانی دیکەشدا هەرساڵی (١٨٨٥ز) بەســاڵی لەدایک بوونی تۆمارکراوە هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە. مامۆستا سەجادی ساڵی بوون و مردنی دروســت نووسیووە، بەڵام لەشوێنەکان بەهەڵە چووەو نووسیوویە: (لەباڵەک هاتۆتە دنیاوەو لەبەغدا نێژراوە). عەلائەددین سەجادی، ە. س.

(٣) عەبـــاس عەزاوی، کە دیارە بەئاگاداری (مەعروف جیاووک) خۆشـــی بووە، کاتێ ناوی مەعروف جیاووک دەهێنـــێ، دەڵێت: ئەو هۆزە لەگەڵ هۆزی باڵەک ئامۆزان، هۆزی باڵەکی هۆزێکی گەورەیە، زێدی ڕەســـەنیان نزیـــک مەلاتییەیە، تا لیوای بۆتـــان لە باکووری کوردســـتان درێژ دەبێتەوە، بە هۆی ڕوودانی کێشـــەیەک بەشـــێکیان هاتوونەتە دەوروبەری ڕەواندزو لە دەوروپشـــتی (گەلی عەلی بەگ) نیشـــتەجێ بوونە، ئەمانەش گوندەکانیانن:

١- سەرگەلی. ٢- هەودیان، شوێنی مەلا یوسفی سەرۆکی هەموویانە. ٣- بادلیان. ٤- سرێشمە، سەرۆکەکەیان کوێخا عەباســـە. لەوگوندەدا چوار بنەماڵە هەن، ماڵە موســـا، ماڵەباس، مام لاس، ماڵەجیاووک، مەعروف جیاووک لەو بنەماڵەیەی دواییانە. ٥- دەربەندۆک. ٦- باڵەکیان بارزان...

٧-بالکیان. ٨-دیاوزە {دێلزیان}.

گوندوبەشی دیکەشـــیان زۆرن لەشوێنی جیاجیا وەک: ١- بەرحوشتر. ٢- دارەتوو٣- دارەبەند {دارەبەن} هەر هەموویان ســـەر بەهەولێرن. بڕوانە: عباس العزاوی، عشـــائر العراق الکردیه، مگ المعارف، بغداد، ١٩٤٧، ص١٤١-١٤٢.

(٤) م. ن. بەرحوشـــتر: گوندێکە ســـەر بەناحیەی (خەبات)ە لەقەزای هەولێر. بڕوانـــە: د. عەبدوڵڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان، گوندەکانی باشووری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ١٩٧٧، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە (٤٠٦)، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٥٤.

(٥) شجره بیت ال جیاووک، ص١.

(٦) مستەفا نەریمان، یانەی ســـەرکەوتنی کوردان (١٩٣٠-١٩٦٢)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی: ئازاد هیدایەت دەلۆ، ١٩٩٤، دەســـتنووس، ل٧٨. لای ئامادەکار پارێزراوەو دواتر بەچاپێکـــی هەژارانە و تیراژێکی کەم چاپ کرا.

(٧) یادی کۆچی امین زکی، لەســـەر ئەرکی عەلائەدین ســـەجادی لەچاپ دراوە، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٤٨، ل١٦.

(٨) گیو موکریانی، بەهەشتی معروف بەگ جیاووگ، «هەتاو» (گۆڤار)، هەولێر، ژ ١٢١، ٣١ کانوونی دووەمی ١٩٥٨، ل٤ .

(٩) مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٢٨٠.

(١٠) عمر علی شـــریف، احداث ومواقف فی حیاه معروف چیاووک ١٨٨٤-١٩٥٨، «خەبات» (جریدە)، هەولێر، العدد ١٩٨٥، ٢١تموز ٢٠٠٠.

(١١) معروف جیاووک، مأساه بارزان المظلومة، گ٢، مؤسسه اراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠١.

(١٢) رفعه عبدالرزاق محمد، معروف چیاووک، « العراق» (جریده)، بغداد، ٣١ تموز، ٢٠٠١.

(١٣) مەولوود قادر بێخاڵی، هەولێرم وادیوەو. بیستوە،هەولێر، ١٩٩٧، ل٣٣.

(١٤) ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢.

(١٥) د. ئیسماعیل شوکر رسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٨پ.

(١٦) دیدار لەگەڵ مەلا عەبدولفەتاح تاهیر محەمەد ئەمین، سرێشـــمە ڕۆژی ٢٣/تەمووزی/ ٢٠٠٦، لەدایکبووی ســـاڵی ١٩٣٦، گوندی سرێشـــمەیە، لەتاییفەی (باس)ەو خوشـــکی باپیری بەناوی (خەدیجە) خێزانی حاجی مەولوودی باپیری (مەعروف جیاووک)ە .

(١٧) دیدار لەگەڵ خالیدە ئیبراهیم چیچۆ، هەولێر لەڕۆژی ٥/ شـــوباتی/ ٢٠٠٧. (لەدایک بووی بەغدا-١٩٣٤، مەعروف جیاووک کوڕی خاڵی باوکییەتی).

(١٨) المنجد اللغة والاعلام، ط٢٣، دار الشروق، بیرت، ١٩٧٥، ص٤٣.

(١٩) دیدار لەگەڵ تەقیەدین عومەر ئەحمەد شاباز، لەسرێشمە لەڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، ئەو سەردانەمان بەهاوڕێتی ئیسماعیل ڕەفیق عەبدولرەحمان بوو بۆ ئەو گوندە.

(٢٠) دیدار لەگەڵ حەمەدەمین حاجی عەبدوڵلا، سرێشـــمە لـــەڕۆژی ٢٣/تەمووزی/٢٠٠٦، (لەدایک بووی ١٩٢٨ سرێشـــمەیەو باپیری ئامۆزای حاجی مەولوودی باپیری مەعروف جیاووکەو زۆریش لەگەڵ مەعروف جیاووک بـــووەو زۆر لێ‌ نزیک بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشـــی و لەســـەرجێگا کەوتنی نەمانتوانی، وەک پێویســـت بیدوێنین، پاش ماوەیەکیش کۆچی دوایی کرد).

(٢١) هەرلەبارەی(جیـــاووک)ەوە، جەمال بابان دەڵێت: جیاووک ناوی داپیری مەعروف جیاووک بووە و زۆری مارف خۆشویستووە: بڕوانە: جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شڤان، سليمانيە، ٢٠٠٦، ص٨٢٠.

(٢٢) وێڕای هەوڵی زۆرمان بۆ دەســـت خســـتنی دەستنووس و نووســـراوەکانیان، بەتایبەتی پەیوەندیمان بە محەمەد عەلی قەرەداغی شـــارەزای ئەو بوارەمان کردو گووتیشـــی کە دەستنووسی لەو جۆرە هەیە، بەڵام بۆی نەدۆزرابۆوە، ئێمەش نووسراوەکانی ئەو هادیکەشمان پشکنی، بەڵام هیچمان دەست نەکەوت.

(٢٣) شـــجره بيت آل جيـــاووک، ص١-٢؛ جياووک الكـــردي، القضية الكرديه، ط٢، مطبعـــة النجاح، بغداد ١٩٣٩، ص١٠١، لەوســـەرچاوەیەدا لەجیاتی (ماڵەموس، ماڵەیوس) نووسراوە، کەپێم وایە هەڵەی چاپ بێت، هەرچەندە چاپی دووەمیشـــە، بەڵام ڕاســـت نەکراوەتەوە؛ عەباس العزاوی، م.س، ص١٤١-١٤٢: لێرەش لەباتی ماله لاس، (مام لاســـە) و(ماڵەجیاووک) بەتەنیا نووســـراوە بێ‌ ناوی (حەســـەن)، وەک نووسەر نووسیوویە «زانیارییەکانی لەمامۆستای بەڕێز مەعروف جیاووک وەرگرتووە کە خۆی لەبنەماڵەی (جیاووک)ە».

(٢٤) قائانی (حەبیب الله) لە ١٨٥٤ کۆچی دوایی کردووە، شـــاعیرێکی ئێرانییە لەشیراز لەدایک بووەو لەتاران مردووە، کتێبی (پەرێشـــان) و دیوانێکی شیعری هەیە. بڕوانە: المنجد في اللغة والاعلام، ط٢٣، دار الشروق، بيروت (ب. س)، ص٥٤٠.

(٢٥) زەهـــاوی: محەمەد ئەمین فەیزی (موفتـــی زەهاوی) لە ١٧٩٧ لە (زهاو) لەدایک بـــووە، خوێندنی ئایینی لەســـابڵاخ لەتەمەنی بیست ســـاڵی تەواوکردووەو لەساڵی ١٨٥٠ چۆتە بەغداو لەســـاڵی ١٨٥٤ بۆتە موفتی، پتر لە شـــەش هەزار قوتابی لای ئەو خوێندوویانە، زانایەکی گەورەی ســـەردەمەکەی بووە، لە ١٩ی کانوونی یەکەمـــی ١٨٩٠ لەبەغدا کۆچی دوایی کـــردووە. بڕوانە: الدكتور محمد على الصويركـــي، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، مءسسة حمدي، بنكەی ژین لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانيه، ٢٠٠٥، ص٥٨٧.

(٢٦) ئالووســـی: بنەماڵەیەکی عێراقین چەنـــد زانایەکیان لێهەڵکەوتووە، لەوانـــە: مەحموود کوڕی عەبدوڵلا (١٨٠٢-١٨٥٤) باپیریان بووەو مەحموود شوکری (١٨٥٦-١٩٢٤)، نەوەی بووە. بڕوانە: المنجد فی اللغه الاعلام، ص٥.

(٢٧) بۆزانیاری پتر بڕوانە: شجره بيت يڵ جياووک، ص٢؛ عبدالمجيد فهمی حسن، م. س، ص٥٩. لەو ماوەیەدا ئەم شـــەڕانە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووســـیادا هەڵگیرساون ١٨٢٨-١٨٢٩و ١٨٥٣-١٨٥٦و ١٨٧٧-١٨٧٨. بڕوانە: د. كمال مڤهر احمد، كردســـتان فی ســـنوات الحرب العالميه الاولی، ترجمـــە: محمد الملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧، ص٤٣ هامش.

(٢٨) دیدار لەگەڵ گیب حەسەن حوسێن جیاووک، خەلیفان لەڕۆژی١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، ناوبراو هەر لەساڵی ١٩٥٧ەوە چۆتە بەغدا بۆخوێندن و لەماڵی مەعروف جیاووک ژیاوەو ئاگاداری لەوبارەیەوە زۆرەو خۆی کتێبی دەستنووسی ئەوی بینیووە؛ دیدار لەگەڵ خالیدە ئیبراهیم چیچۆ لەڕۆژی ٥ی شوباتی ٢٠٠٦.

(٢٩) فەقێ وەلی باوکی باپیری (مەعروف جیاووک)ە.

(٣٠) مســـتەفا نەریمان. (١٩٢٥- ١٩٩٥)، دەڵێت: لەدوا ساڵەکانی ســـەدەی ڕابوردوو (حاجی مەلوود)ی باپیری

مەعروف لەئاوایی سرێشـــمەوە هاتۆتە بەغدا. یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥. ئەمە نەختێک هەڵوەستەی دەوێت، چونکە پێشتر گوتمان حاجی مەولوود هاتۆتە هەولێر، لێرەش مەعروف جیاووک دەڵێت، فەقێ وەلی واتە باوکی باپیری، ئێمە زانیاری پترمان نییە.

(٣١) دێیەک بوو لەنزیک هەولێر، ئێستا بۆتە شارۆچکە.

(٣٢) کورتـــەک، بەگەڕەکانی خوارەوەی هەولێر گوتراوە کەئەمانـــەن: عەرەب، تەعەجیلی جولەکە، تەعجیلی موســـلمانان، خانەقا. بڕوانە: اسماعیل شکر رسول، اربیل دراسه تأریخیه فی دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩–١٩٥٨، ط٢، السليمانيي، ٢٠٠٥، ص٢٥.

(٣٣) جیاووک الكردی، القضية الكردية، ط٢، ص١٠١.

(٣٤) ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری وڕۆژنامەنووسی..، ل٣٨.

(٣٥) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥.

(٣٦) شجره بيت آل جیاووک، ص٢.

(٣٧) عبدالمجيد فهمی حسن، م. س، ص٥٩.

(٣٨) : د. ئیســـماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی.. ل٣٢، ٣٨؛ د. ئیسماعیل شوکر بەپشت بەستن بەقسەی شوکرییە عەلی ئەکبەرو ئەحمەد جەمیل جیاووک دەڵێت: لەموسڵ (ئیمام تابوور) بووە، پاشتر گوێزراوەتەوە بەغداو لەوێ ماوەتەوەو هەمان وەزیفەی بینیوە تاکو بەر لە هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆچی دوایی کردووە. کەبەلای ئێمەوە ئەوەی درەختی بنەماڵە راســـترە، بەتایبەتی کە لەبەر بیرەوەرییەکانی مەعروف جیاووک خۆی ئامادەکراوە. هەروەها بڕوانە: شجره بيت ئێل جیاووک، ص٢.

(٣٩) الامـــام على اصغر جیـــاووک، الفوائد المعروفية في علم النحو و اللغـــة العربية، حرر فی بغداد ١٨٩٥، (دەستنووس)، ص١؛ لای رزگار جیاووک پارێزراوەو ئێمەش دانەیەکمان لەبەرگرتۆتەوە.

(٤٠) ئەم ناونانەش لەمێژووی ڕووناکبیری کوردیدا پێشـــینەی هەیە، لەرۆژگاری خۆیدا شێخ مەعروفی نۆدەیی (١٧٥٣–١٨٣٨ز) ســـیپارەیەکی بەناوی (ئەحمەدی) بەعەرەبی و کوردی لەساڵی ١٧٩٥ز بۆ کاک ئەحمەدی شێخی (١٧٩٣–١٨٨٧) کـــوڕی بەهۆنراوە هۆنیوەتەوە، کە تەمەنی ســـێ ســـاڵ بووە، بۆ فێربوونـــی زمانی عەرەبی و لەساڵی ١٩٣٦ لەبەغدا چاپکراوە. بڕوانە: محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٧٨، ٨٧، ٩٨، ٩٩.

(٤١) شجره بيت ئێل جیاووک، ص٢.

(٤٢) بشـــير اســـماعيل چیچو، معروف جیاووک، حياة حافلة بالعطاء خدمة لقضية شعبه، «خەبات» العدد (٨٠٢)، ٩تشرين الپانی ١٩٩٦.

(٤٣) شـــێخ مەعروفی کەرخی: لە(٨١٥ز) کۆچی دوایی کردووە، ســـۆفییەکی گەورەو لەخواترس بووە، لەکەرخ لەدایک بووەو لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: المنجد فی اللغة والاعلام، ص٥٨٦.

(٤٤) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥؛ عبدالمجيد فهمی حسن،م. س، ص٥٩.

(٤٥) شجره بيت ئێل جیاووک، ص٢.

(٤٦) دیدار لەگەڵ خالیدە ئیبراهیم چیچۆ لەرۆژی ٥/ شـــوباتی/٢٠٠٧؛ هەروەها لەگەڵ تەیب حەســـەن حوسێن جیاووک، لەرۆژی١٧/حوزەیرانی/٢٠٠٧ ناوی خوشکێکیان نەزانراوە.

(٤٧) میر بصری،اعلام الكرد، دار رياچ الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص١٨٥؛ ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢.

(٤٨) طارق جامباز، حزبی هیوا لەلیوای هەولێر، لەچاپکراوەکانی گۆڤاری یاساپارێزی (١٤)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٣.

(٤٩) رفعت عبدالرزاق محمد، معروف چیاووک، «العراق» ٣١/تموز/٢٠٠١.

(٥٠) بڕوانـــە: عبدالمجيد فهمی حســـن، م.س، ص٥٩؛ میر بصری، م. س، ص١٨٥؛ مســـتەفا نەریمان، یانەی

سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥؛ گارق جامباز، س.پ، ل٧٤؛ ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢...، هتد.

(٥١) معروف جیاووک، نیابتی، ص٦.

(٥٢) لە نیوەشەوی ٣١ی مارت (١٣ نیسان)، لە (گاش قشلە) سەربازانی (ئا وجی گابوری)، کە خۆیان پاسەوانانی مەشر وتە (دەستووری) بوون و ما وەیەکی کەم بوو لەسلانیکەوە ئیتحادییەکان ناردبوونیانە ئەوێ، یاخیبوون و ئەفسەرەکانی خۆیان لە ژ و ورەکان، زیندانی کرد و ڕژانە گۆڕەپانی (سوڵتان ئەحمەد)، کە بەیانیش داهات، کە وتنە تەقەی هە وایی، بەمەش ترسیان خستە دڵی خەڵک و ها واریان دەکرد: شەریعەتمان دە وێ! ئەو جوولانەوەیە سوڵتان عەبد ولحەمیدی د و وەمی بێ گوناهبار کرا، بەڵام وا نەبوو، ئیدی ئەوە کرا بە پاسا و بۆ لادانی سوڵتان. بۆ زانیاری پتر بڕ وانە: اورخان محمد علی، السلگان عبدالحمید الپانی حیاتە واحداپ عصرە، مگبعە الخلود، الرمادی، ١٩٨٧، ص٣٢٢.

(٥٣) عبدالمجید فهمی حسن، م.س، ص ٦٠.

(٥٤) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٦؛ عبدالمجید فهمی حسن، م.س، ص٦٠، جێی گوتنە دەڵێت: لەماڵی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی عەلی غالب بەگ بووە، کە دیارە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە نووسیومانە. بۆ دڵنیایی بڕوانە: شجرە بیت یڵ جیاووک، ص٢. هەروەها لەسەرچاوەیەکی دیکەشدا دەڵێت: شەش مانگ ناچاری خۆشاردنەوە بووە و ئەو کەسەشیان بەنوێنەری حیجاز داناوە. بڕوانە: فرج محمد بکر، فی ژکری المرحوم معروف جیاووک، «التأخی» (جریدە) بغداد، العدد٧٦٦، ٢٣/ حزیران/ ١٩٧١.

(٥٥) معروف جیاووک، نیابتی فی ١٩٢٨ – ١٩٣٠، مگبعە الزمان، بغداد، ١٩٣٧، ص٨ جیاووک ئاماژەی بەرووداوەکە نەکردووە.

(٥٦) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥، ١٣٢؛ بەپێی سەرچاوەی دیکە لەساڵی ١٩١٢ بۆتە بەرێوەبەری ناحیەی (تدمر) لەسوریا، بڕوانە: فرج محمد بکر، م.س.

(٥٧) لغة العرب»، مجلة شهریة ادبیة علمیة تأریخیة، بغداد، المجلد الاول– الجزء (٨)، عن صفر١٣٣٠– شباط ١٩١٢، ص٣٢٥.

(٥٨) خالص عزمی، ادب القضاە: (٨)،www.elaph.com الحوار المتمدن، العدد: ١٥٨٨–٢١/حزیران/٢٠٠٦ (معروف جیاووک)

(٥٩) کوت الزین: ناوچەیەکە سەر بە بەسرەو سەربازگەی عوسمانییەکانی لێبووە، لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان لەنێوان ئینگلیزو عوسمانییەکان، شەڕی تێدا ڕوویدا، عوسمانییەکان شکان و ئەمەش سەرەتای داگیرکردنی میسۆپۆتامیا بوو. ستیفن همسلی لونکریک، العراق الحدیپ، من سنە ١٩٠٠ الی ١٩٥٠، ج١، منشورات الفجر، مطبعة حسام، بغداد ١٩٨٨، ص١٣٥هامش.

(٦٠) ئەو کات (بورما) یەکێک لەموستەعمەرەتەکانی بەریتانیا بووە.

(٦١) معروف جیاووک، اقرأوا الحقائق الثابتة...، ص٥٥–٥٧؛ ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی....، ل٣٢؛ ئیسماعیل حەقی شاوەیس (١٨٩٦ – ١٩٧٦)، کە هاوڕێی دیلیەتی مەعروف جیاووک بووە، لەشوباتی ١٩١٩ هاتۆتەوە، کەواتە ڕەنگە جیاووکیش هەر لەو ماوەیە هاتۆتەوە . بڕوانە: دیاری کوردستان (١٩٢٥–١٩٢٦)، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم (١٠٧)، سلێمانی ٢٠٠١، ل٨١.

(٦٢) سەرچاوەی دیکە چوار ساڵیان نووسیوە. بڕوانە: گیو موکریانی، بەهەشتی معروف بەگ جیاووگ، «هەتاو»، ژ ١٢١، ٣١/ کانوونی دووەمی/ ١٩٥٨؛ خاڵص عزمی، م.س .

(٦٣) فرج محمد بکر، م.س ؛ معروف جیاووک، نیابتی...، ص٨.

(٦٤) معروف جیاووک، أقرأوا الحقائق الثابتة...،ص ٥٧.

(٦٥) عبدالرزاق الهلالي، تاريخ التعليم في العراق في عهد الاحتلال البريطاني ١٩١٤–١٩٢١، مطبعة. المعارف،

بغـداد، ١٩٧٥، ص ١٨٩–١٩١، ١٩٣–١٩٦، لێرەدا هەموو ئەوانەی لایان وابوو لە ئەسـتەنبۆل تەواوی کردووە بەهەڵەداچوون کە زۆربەن، ئەو ڕاسـتییەش دەسەلمێنێ کەزانیارییەکانیان لەیەکدی وەرگرتووەو دووبارەیان کردۆتەوە. تەنانەت ئەوانەی د. ئیسماعیل شوکریش دیداری لەگەڵ کردوون و نزیکی مەعروف جیاووک بوونە، وەک شـوکرییە عەلی ئەکبەر ١٩١٨– وئەوانی دیکە؛ عبدالمجید فهمی حسـن، م.س، ص ٥٩؛ مستەفا نەریمان، یانەی سـەرکەوتنی کوردان...، ل٣٥،.. هتد، بەڵام ئەوانەی ڕاسـتی بۆچوون، فرج محمد بکر، م.س؛ بشـیر اسـماعیل چیچو، م.س، بەڵام ئەوەی دووەمیان وایزانیوە بەر لەجەنگی یەکەمی جیهان بووە؛ رفعه عبدالرزاق محمد، م.س.

(٦٦) معروف جیاووک، نیابتی...، ص١٢. جێی ئاماژە پێکردنە ڕەشید عالی گەیلانی لەو فێرگەیەی کەلەبەغدا کراوەتەوە، ماوەیەکی کورت مامۆستا بووە، بڕوانە: نجم الدین السهروردي، التاریخ لم یبدأ غدا، ط٢، مطابع دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٢.

(٦٧) خالص عزمی، م.س، ص١.

(٦٨) معروف جیاووک، نیابتی..، ص٨. لەسـەرچاوەیەکی دیکەدا، نووسـراوە لە ساڵی١٩٢١ چۆتە نێو کاری میرییەوە، بڕوانە ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢.

(٦٩) «نجمة» (جریدة)، کرکوک، العدد ٨٦٦، ٢٦/ تشرینی الپانی/ ١٩٢٣.

(٧٠) «العراق» (جریدة)، بغداد، العدد ١٩٢٨، ٣١ /اب /١٩٢٦.

(٧١) العراق، العدد ٢٠٣٠، ٢٩/ کانون الاول/ ١٩٢٦.

(٧٢) العراق، العدد ٢٠٣٢، ٣١/ کانون الاول/ ١٩٢٦.

(٧٣) میـر بصـری، م.س، ص١٨٥؛ معروف جیاووک، نیابتی...، ل٩، ١٩، ٢٧. میر بەسـری (٩ی حوزیرانی) نووسیوەو نووسەرانی دیکەش دوای ئەو دووبارەیان کردۆتەوە.

(٧٤) معروف جیاووک، نیابتی..، ص٢٣٦.

(٧٥) بۆ زانیاری پتر بڕوانە، م.ن، ص ٢٣٩–٢٤٠.

(٧٦) معروف جیاووک، مأساه بارزان المظلومة، ص١٤١.

(٧٧) «الوقائع العراقیة» (جریده)، بغداد، العدد(١٠٤٥)، ١٥/ تشـرینی الاول/١٩٣١؛ العدد(١٠٥٦)، ٣/تشـرین الپانی/ ١٩٣١؛ العدد (١٠٦٢)، ٧/کانون الاول/ ١٩٣١. بەڵام خۆی نووسوویە: «١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ فەرمانی دامەزراندنم دەرچووە وخۆم هۆکاری ڕاسـتەقینەی دامەزراندنەکەم دەزانم» بڕوانە: معروف جیاووک، مأساه بارزان المظلومة، ص١٤٢. وادیارە مەبەستیان دوورخستنەوەو بێ دەنگ کردنی بووە، هەر ئەمەش هۆی ڕاستەقینەی دامەزراندنی بووە.

(٧٨) معروف جیاووک، مأساه بارزان المظلومة، ص١٤٢.

(٧٩) «القضاء» (مجلة)، بغداد، (وزاره العدل)، العدد٤، ایلول١٩٣٤، ص٢٧.

(٨٠) عبالمجید فهمی حسن، م.س، ص ٦١؛ میر بصری، م.س، ص ١٨٦.

(٨١) عبدالمجیـد فهمی، م.س، ص ٦١؛ د. ئیسـماعیل شـوکر ئـەو کارەی بەدوا وەزیفەی زانیـوە. بڕوانە د. ئیسماعیل شوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢.

(٨٢) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٤٨.

(٨٣) میر بصری، م.س ؛ گیوموکریانی، بەهەشـتی معروف بەگ جیـاووگ، «هەتاو»، ژ ١٢١، ٣١/کانوونی دووەمی/ ١٩٥٨، ل٢.

(٨٤) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٦١.

(٨٥) گیو موکریانی، س.پ، ل٢. لەوتارەکەی گیوموکریانی (١/١٢) نووسـراو، کەدیارە هەڵەی چاپە، مستەفا نەریمان، ه.س.

(٨٦) موتەسەریفی ئەوسەردەمە خالید نەفشبەندی (١٩١٥–١٩٦١)، بووە.

(٨٧) گیوموکریانی، ه.س، ل٢–٣. لەدیدارەکانی د. ئیسـماعیل شـوکر لەگەڵ نزیکەکانی مەعروف جیاووک،

وادیارە ناوبراو بەر لەمردنی، دەستنیشـــانی شـــوێنێکی تایبەتی کردبوو لەسەر ڕێگای هەولێر– شەقڵاوە، بۆ ئەوەی بکرێتە گۆڕســـتانی تایبەتی بنەماڵەکەی بەناوی گۆرســـتانی جیاووک و خۆشـــی لەوێ بنێژرێ، بەڵام ڕاســـپاردەکەی جێبەجێ نەکراوە. بڕوانە: د. ئیسماعیل شـــوکر، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٨پ. تۆژەر لە کاتژمێر٣ی ڕۆژی ٩/نیســـانی/٢٠٠٧ بۆ جاری دووەم ســـەردانی گۆڕســـتانی شێخ چۆلی کردەوەو کە جـــاری یەکەم وێڕای ماندووبوونێکی زۆر بۆی نەدۆزرابۆوە، لەســـەر گۆڕەکـــەی بەچیمەنتۆ بنمیچێک کراوەو لەســـەر بەردێکی مەڕمەڕ چەند دێڕێک هەڵکەندراوە، گۆڕەکە بەچیمەنتۆ هەڵنراوە، شوێنەواری دووکەلی ئاگر بەبنمیچەکەیەوە دیاربوو، ئەمەش دەقی نووسینە هەڵکەندراوەکەیە: «الفاتحە معروف جیاووک لێرە نێژراوەو ئەلی ئەی کورد بەخووی چاک و زانستی و یەکیەتی کامەران ئەبی و بەکاروان ئەگەیی. لەساڵی ١٨٨٥ لە دایک بووە و لەساڵی ١٩٥٨ لەڕۆژی سێ شەممە کە ٢١ مانگی کانوونی دووەم ئەکا گیانی بەخاک سپاردووە»

(٨٨) گیو موکریانی، س.پ، ل٢–٤، ١٨.

(٨٩) گیوموکریانی، چلەی بەهەشتی معروف جیاووک، «هەتاو»، ژ ١٢٤، ٢ی شوباتی ١٩٥٨، ل٤.

(٩٠) بشیر مشیر، چلەی بەهەشتی معروف جیاووک، «هەتاو»، ژ ١٢٧، ٣١ی مارتی ١٩٥٨

(٩١) ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل٣٢.

(٩٢) سەبیحە عەزیزی دواخێزانی جیاووک، پلکی حەسەن ڕەفعەت بووە. حەسەن ڕەفعەتیش خەڵکی سلێمانییە، ماســـتەری لە ئەندازیاری هەبووە، چەندین پلەو پایەی لەدەوڵەتی عێـــراق وەرگرتووە دواهەمینیان وەزیری ئەشغال و ئیسکان بووە لەحکومەتی عەبدولکەریم قاسم ١٩٦٠. لەئەمریکا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مژكرات علی کمال عبدالرحمن، تقدیم: جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١، ص١٥٧.

(٩٣) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، ل٦٤.

(٩٤) ە. س، ل٧٩، ٨٣.

(٩٥) معروف جیاووک، نیابتي...، ص ٦–٧.

(٩٦)م. ن، ص ٧.

(٩٧) عباس العزاوي، تاریخ العراق بین الاحتلالین، ج ٨، بغداد، ١٩٥٩، ص١٦٨.

(٩٨) عبدالرزاق الحســـني، تاریخ الصحافة العراقیة، ج١، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٧، ص ٤٩–٦٠؛ غســـان العطیة، العراق نشأة الدولة ١٩٠٨–١٩٢٤، تقدیم: حسین جمیل، ترجمة: عطا عبدالرحمن، لندن، ١٩٨٨، ص ٨٩.

(٩٩) لونکریک، العراق الحدیث، ج١، ص ٨٢– ٨٣؛ فیصل محمد الارحیم، م.س، ص١٤٣.

(١٠٠) ســـەبارەت بە شوێنی دەرچوونی، مستەفا نەریمان کەوتۆتە هەڵەوە کاتی نووسیوویە «هەر لەو شارە» مەبەســـتی (بەسرە)یە، ئەو ڕۆژنامەیەی دەرکردووە، بڕوانە: مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل ٣٥.

(١٠١) لغة العرب مجلة شـــهریة ادبیـــة علمیة تاریخیة بید الاباء الکرملیین المرســـلین، صاحب امتیازها: الاب انســـتاس مـــاري الکرملي، المجلد الاول، الجزء الثامـــن عن صفر ١٣٣٠ = شـــباط ١٩١٢، ص ٣٢٥؛ عبدالرزاق الحســـني، تاریخ الصحافة العراقیة، ج١، ص ٥٨– ٥٩؛ جیـــار جباري، تاریخ الصحافة الکردیة في العراق، مدیریة الثقافة الکردیة العامة، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ص١١٠؛ زاهدة ابراهیم، م. س، ص ٩٢. سەرچاوەکان لەدیاری کردنی ڕۆژو ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەکە جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە (عبدالکریم العلاف) نوسیوویە: «الحقـــوق» ڕۆژنامەیەکی سیاســـی عەرەبیە لەبەغدا مەعروف ئەفەندی دەریکـــردووە، ژمارە یەکەمی لە ٢٨ی کانوونی دوووەمی ســـاڵی ١٩١ {وەک خۆی}، نووســـیووە، بڕوانە: عبدالکریم العلاف، بغداد القدیمة (١٨٦٩– ١٩١٧) مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٠، ص١٦٥؛( فلیب دی گرازی) یش کەوتۆتە هەمان هەڵەو (١٩١١)ی نووسیووە، بڕوانـــە ( فلیب دی گـــرازی، تاریخ الصحافة العربیـــو، ج٣، مطابع دار صادر، بیـــروت، ١٩٦٧، ص ٧٨. د. ئیسماعیل شـــوکر نووســـیوویە: « بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دادەنرێت لەکوردستانی باشووردا، هەرچەندە ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردیش نەنووسرابێتەوە، بەتایبەتی کە نووسەر داکۆکی لەسەر مافی نەتەوەکەی کردووە،

مێژوونووســـی عێراق عبدالرزاق ئەلحەسەنی تاکە کەسە کە باس لەم ڕۆژنامەیە دەکات» بڕوانە د. ئیسماعیل شوکر ڕەسول، ڕۆڵی ڕامیاری و ڕۆژنامەنووسی...، ل ٣٣– ٣٨.
پێـــم وانییە، ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕۆژنامەیەکی کوردی دابنرێت، چونکە هەر ســـتوونێکی عەرەبی بووەو ئەوەی دیکەشی بە تورکی، پاشـــان د. ئیسماعیل چۆن زانیویە کە» داکۆکی لەسەر مافی نەتەوەکەی کردووە» چونکە هەر خۆی لە پەراوێزی (G) دا دەڵێت:» وێرای هەوڵ و تەقەلای بۆ دەســـت خستنی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەو دەستنووســـەکان بێ ئاکام بـــووە، هەروەها وەک ئاماژەمان پێکرد، هەرگیز ئەلحەســـەنی «تاکە کەس» نییە باســـی لەم ڕۆژنامەیە کردبێت، هەروەک پێشـــتر ڕوونمان کردۆتەوە. پاشـــان دەقەکەی ئەلحەسەنی نازناوی {چیـــاووک – جیاووک}ی تێدا نییـــە، چونکە لەدەقەکەدا تەنیا مەعروف ئەفەندی (عەلی ئەســـغەر)ە. بڕوانە: عبدالرزاق الحســـنی، تاریخ الصحافة العراقیة، ص ٥٨– ٥٩. سەرچاوەیەکی دیکەش دەڵێت: لە ١٩٠٩ لەبەغدا دەری کـــردووە، بڕوانە فرج محمد بکر، « فی ژکری المرحوم معروف جیاووک، «التاخی»، العدد ٧٦٦، ٢٣ی/ حزیران/ ١٩٧١.
ســـەرچاوەش هەیە دوودڵە لەدەرکردنی ڕۆژنامەیەک لەلایەن جیاووکەوە بەو ناوەوە دەرچووە. بڕوانە: رفعە عبدالـــرزاق محمد، معروف چیاووک، «العـــراق»، ٣١/ تموز/ ٢٠٠١. هەروەها ســـەرچاوەیەکی بەروومەتیش نووســـیوویە: (بەزمانی عەرەبی دەری کـــردووە، لەو کاتەی کە هەموو ڕۆژنامەکانـــی بەغدا بە زمانی تورکی دەردەچوون) بڕوانە: عبدالمجید فهمی حســـن، م.س، ص٦٠؛ بەڵام هەر وەک گووتمان ســـتوونێکی بە عەرەبی و ئەوەی دیکەی بە تورکی بووە.
(١٠٢) عبدالرزاق الحسنی، م. س، ص ٥٨–٥٩.
(١٠٣) بەپێی لێکدانەوەی ساڵی کۆچی و زایینی مێژووی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٢ بەرانبەر (٢٨)ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٣٠)ە. بڕوانە:گ. س. فریمان – گرێنڤیل، ڕۆژ ژمێرەکانی کۆچی و زایینی، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.ل٦٦.
(١٠٤) زاهدە ابراهیم، م. س، ص ٩٢.
(١٠٥) فائق بطي، الموســـوعة الصحفیة العراقیة، الادیب البغدادیة، بغداد، ١٩٧٦، ل ٢٨، ئەوەی جێ سەرنجە هەر (فائق بطي) لە ســـەرچاوەیەکی دیکەیدا دەڵێت: تەنیا ( ٦) ڕۆژ ژیاوە، بڕوانە: فائق بگی، صحافە العراق تاریخها وکفاح اجیالها، مگبعە الادیب البغدادیە، بغداد ١٩٦٨، ص٢٧.
(١٠٦) لغة العرب، الجزء الحادي عشر، جمادي الاولی ١٣٣٠= نیسان {ایار. ڕاستترە چونکە هەڵەی گۆڤارەکەیەو لەژمارەی دواتر ڕاست کراوەتەوە}، ١٩١٢ ص٤٥٥– ٤٥٦.
(١٠٧) توفیق علی برو، م. س، ص٨١.
(١٠٨) المفید: ڕۆژنامەیەکی سیاســـی ڕۆژانە بووە، خاوەن و بەڕێوەبەری بەرپرسی ئیبراهیم حیلمی ئەلعومەر بوو لە ١١ی نیسان ١٩٢٢ تا ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دەرچووە. بڕوانە: زاهدە ابراهیم، م.س، ص٢٢٨.
(١٠٩) الاســـتقلال: ڕۆژنامەیەکی سیاســـی ڕۆژانە و پاشان هەفتانە بوو، خاوەنی عەبدولغەفوور بەدری بوو لە ٢٨ ی ئەیلوولی ١٩٢٠ لەبەغدا دەرچووە. بڕوانە: زاهدە ابراهیم، م. س، ص٣٠.
(١١٠) جیاووک الکردي، القضیة الکردیة، ط٢، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٩.
(١١١) «ژین»، ژ ٧٨٥، ١٠/مایس/١٩٤٥.
(١١٢) پێشـــکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠– ١٩٢٢، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ– عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی، پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٥٣٧– ٥٣٨، ٥٣٩– ٥٤٠.
(١١٣) هاواری کورد، «ژیانەوە» (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ ٢٦، ١٤مایس ١٩٢٥، ل٢١.
(١١٤) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: جیاووک الکردی، م.س.
(١١٥) «القضـــاء» (مجلّة)، بغداد، گۆڤارێکی مافپەروەرییە، دوو مانـــگ جارێک، نەقابەی پارێزەران لە بەغدا دەری کردووە، العدد، (١)، کانون الپانی ١٩٤٢؛ زاهدە ابراهیم، م س، ص٤٦٦.
(١١٦) معروف جیاووک، نیابتـــی...، ص١٠١؛ الحکومة العراقیة «محاضر مجلس النواب» ، الدورة الانتخابیة الثانیة، اجتماع سنة ١٩٢٨ ، ص٨٩٨.
(١١٧) معروف جیاووک، نیابتي...، ص١٣٤–١٣٥.
(١١٧) معروف جیاووک، نیابتی...، ص١٣٤–١٣٥.

# ڕیکلام لە گۆڤاری "نزار"دا

١٩٤٩/٢/١٥ - ١٩٤٨/٣/٣٠



عومەری مام ڕەمەزان

پاش ڕمانی ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانی، ئینجا دابەشکردنەوەی کوردستان و گرێدانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقەوە، خەباتی سیاسی وبەتایبەت نهێنی، دواتر خەباتی چەکداری لەڕیزی پێشەوەی ئەرکەکانی کوردبووە، ئەم دیاردەیەش کۆنترۆڵی کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی کردووە، هەروەها کە سەرمایەداری لە ڕێی داگیرکەرانەوە دەربازی کوردستان بوو، نەیهێشت بە ئاسایی لە دایک ببێت، بەڵکو کە ڕەسی وگەشەی کرد نابەکام بوو، بە تەواوی بە خۆیەوە گرێیدا، ئەم ڕەوشە بوو بەهۆکاری ئەوەی کە پیشەسازی لە کوردستان بە گشتی، لە باشوور بەتایبەتی لە ئاستێکی هەر زۆر نزمدا بێت، کاڵاوکەلوپەلی بەرهەمهێنراوی نیشتمانی کوردستانی فرە کەم بێت، هەروەها لەسۆنگەی ئەوەی کە ڕیکلامی بازرگانی گرێدراوی کاڵاوکەلوپەلە، لەدایکبووی سەرمایەدارییە، ئەوا ڕیکلامیش لاواز وبێ کاریگەرە، ئەوەی بەرچاو دەکەوێ بۆکاڵای بیانیی بووە.

پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و

بەرقەرارکردنی ڕژێمی کۆماری، هەتا ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لە(ئاداری ١٩٩١)دا ڕیکلامی بازرگانی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کورددا زۆر دەگمەن ولاوازە، بەڵام پاش ڕاپەڕین وکرانەوەی بازاڕەکانی کوردستان بەڕووی کاڵاوکەلوپەلی بازرگانی بیانیدا پێشبڕکێ وکێبەرکێی دروستکردووە، لێرەوە پێویستێتی بابەتیانەی ڕیکلام قوت بۆتەوە، لە کەناڵەکانیدا (بینراو، بیستراو، خوێنراوە) جێگای خۆی کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ڕیکلام نەبۆتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ ئەو کەناڵانە چونکە ڕاگەیاندنی پارتایەتی زاڵە، باکی فرۆشتنیان نییە، بە شوێن سەرچاوەی داراییشدا ناگەڕێن، هەروەها لەڕووی شێوازی تەکنیکی پێشکەشکردنیشیەوە توانای دواندنی هەست وسۆزی جەماوەریان نییە، کاریگەرییان کەمە، ناتوانن وا لەکڕیار بکەن کە بێتە سەر ئەو ڕایەی ئەو کاڵایە بکڕێت.

ڕیکلام پایە وسەرچاوەیەکی بنەڕەتی دروستبوونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیە، بەبێ سەر چاوەی دارایی سەربەخۆیی دروست نابێت، ئازادی بیروڕا گەشە ناکات، هەر لەو دیدەوەیە کە قسە کردن لەسەر ڕەهەند، لایەنە جۆرا و جۆرەکانی ڕیکلام گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕاگەیاندن بەگشتی، بەڵام بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی تایبەتێتییەکی فرە سەراپاگیرە، چونکە هەتا ئێستا لە ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ و دوور لە گرێدراویی بێ بەشین، زۆر دەگمەنە، ڕیکلامیش دەبێت بە یەکێک لەپایەکانی بەرقەرار بوونی ئەم جۆر و شێوازە. گۆڤاری نزار بە یەکێک لە گۆڤارە سەرکەوتووەکانی کورد دەژمێردرێت، بەپلەی یەکەم ڕاپەرموەتە سەر سەرچاوە داراییەکانی خۆی کەڕیکلام لەپێش هەموو ئەو سەرچاوانەوەیە، هەر ئەمەش نهێنی مانەوە وخۆڕاگرتنی بووە لە بەرانبەر هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرانەی لەبەردەمیدا قووت بوونەتەوە.

## کورتەیەکی مێژویی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلام

مرۆڤ لەسەردەمێکی زۆر زووەوە ڕیکلامی زانیوە، کاری پێکردووە گەر بەشێوە و شێوازی ئەمرۆش نەبوو بێت، بەڵام ئەشێ بگووترێ کە جاڕدان لە ڕێی جاڕچییەوە (Criers) یەکەم جۆری ڕیکلام بووە، کەمرۆڤ ئەنجامی دابێت بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی هان بدات بۆئەنجامدانی کارێک یا بانگەشە بۆبیروهزرێکی تایبەت بکات، ئەم جۆرەی ڕیکلام تاسەدەی شانزەیەم بەردەوام بوو، هەروەها بەشێوە وشێوازی تریش ڕیکلام کراوە، بۆ نموونە: سوود لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی هونەری بیناسازی بینراوە وەک: ئەهرامەکانی میسر، باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، شورای گەورەی چین، ئەمانە هەموو ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕاستی ئەدەن کە دەشێ لەمەدا چڕ بکرێتەوە : ویستویانە لەو ڕێگایەوە بەشان وباڵی ژیار و پێشکەوتنی بیناسازیاندا هەڵبدەن، جاڕی بۆ بدەن(1)، ئینجا شێوازی تر دەرکەوت، نووسین لە ڕیکلامدا جێگای خۆی گرت.

میسرییە کۆنەکان ڕەنگە یەکەم کەس بووبن کە نووسینیان لەڕیکلامدا بەکارهێنابێ، ئەمەیش لەڕێگای ئەو ڕیکلامەوە دەڵێین کە لەبەردەستدایە،لەسەرپارچەکاغەزێکی(**بردی**) زەلە، میرێکی میسری نوسیوویەتی: ئەو کۆیلەیەی کە لە دەستم ڕایکردووە، هەر کەسێ بیگرێ، بیهێنێتەوە پاداشت دەکرێ. هەروەها لە هەندێ شوێنی جیاجیای ئیتاڵیا چەند پارچە ڕیکلامێک دۆزراونەتەوە کە لەسەر کاغەزی زەل نووسراون، سەبارەت بە یاداشت، یاکەلوپەلن بۆ فرۆشتن، ئینجا نووسینی لافتە دەرکەوت،هەروەها ڕیکلامەکان لەسەر دیواری کۆگا بازرگانییەکان، ماڵەکان هەڵدەکەندران بەڵام لەئینگلیزستان جۆرێکی دیکە دەرکەوت کە پێی دەگووترا (Siquis)، باشترینیان لە هۆبەی ناوڕاستی کەنیسەی قەدیس پۆلس لە لەندەن هەڵدەواسرا. هەروەها پیشەوەرە ئاسیایی و ئەوروپییەکان چەندین ئارم ونیشانەی جۆراوجۆریان

لەســەر کاڵا بەرهەمهێنراوەکانیان هەڵدەکەند یان بەکاڵاکەوە چەسـپیان دەکرد، ئەو جۆرە هەڵکەنـدن و پێوەچەسـپاندنە بـە جۆرێک لە نیشـانەی بازرگانی (**شـەقڵ**) (**علامة تجارية**) ناودەبـران کـە ناوونیشـانی خـاوەن کاڵاو بەرهەمهێنەرەکانی بوو، ئەم ڕەوشە بەردەوام بـوو تا ئەو کاتـەی ڕیکلام لـە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، لە سـاڵی (١٦٣١ز)دا ڕۆژنامەی (**لاگازیـت دی فرانس**) دەرچـوو، لە ژمارە(٦) یـەوە ئیتـر بڵاوکردنەوەی ڕیکلامـی کرد بە نەریتێـک*، هەرئەمەش بوو بە خاڵێکی گرنگ وسەرەتای دەرکەوتنی ڕیکلامی نوێ[1].

شۆڕشـی پیشەسـازی بـوو بـە هـۆی دەرکەوتنـی کاڵای زۆر ونـوێ کـە لـە گەنجینەکانـدا کەڵەکـە ببـوون و مابوونەوە، پێویست بوو کڕیاریان بۆ هان بدرێت، لەلایان شیرین بکرێن تا چیدی نەمێننەوە و بفرۆشرێن، ئیتر ئا لێرەوە توانا، هێز و دەسـەڵاتی ڕیکلام دەرکەوت، بەتایبەت لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، بەشێکی زۆری لاپەڕەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکـرد، گرنگی زۆریان پێـدا، ئاژانس و دامەزراوەی تایبەتیان بۆ پێکهێنا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەرەتای سـەدەی هـەژدەدا یەکەم ئاژانسـی ڕیکلامی تێدا دروستکرا، بەرخورد وتوانایەکی زۆریان بۆخسـتە بەردەسـت، لەودیدەوەی کە هونەر و زانسـت لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، ئیدی دوای ئـەوە ئاژانسـی دیکـە ڕیـکلام لەزۆر شـوێنی جیاجیای دنیا دامەزرێنـران[2]. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پێشـکەوتنانەی کە ڕیکلام وچالاکییەکانی ڕیکلام بە خۆیەوە بینی، کەچی خاڵـی وەرچەرخـان وپێشـکەوتنی گەورە لە گـەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنامەگـەری جەماوەری (Popular News Paper) لە ئەمریکادا بە دەستهات.

دەرکەوتنـی ئـەم تـەرزە ڕۆژنامەگەرییە گرێدراوی هـۆکارە ئابووری و ڕامیارییەکان بوو، یەکـەم ڕۆژنامەی جەمـاوەری بەناوی (ڕۆژ / SUN) لە سەردەسـتی (**بنیامین دای**) لە کۆتایی سـاڵی (١٨٨٣) دەرچوو، نرخەکەی تەنیـا یەک سـەنت بـوو، بە هۆی ئـەوەی لە داهاتیـدا ڕا دەپەرمووە سـەر ڕیـکلام، بۆیە بە هەرزان دەفرۆشـرا. ئەم جۆرە ڕۆژنامانە پێیـان دەگووتـن (پێنـی پرێـس penny– press) بـە مانـای ڕۆژنامـەی یـەک پێنی، بەهـۆی هەرزانییـەوە زۆر زوو بڵاوبووەوە، تیراژی زۆر زیادی کرد[3].

ئاژانـس ودامـەزراوەکان، بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، باشکردن و بەرەوپێشەوەبردنی ڕێگاکانـی هاتووچـۆ و هەروەهـا دەرکەوتن و بڵاوبونـەوەی گۆڤـار و ڕۆژنامەیەکـی زۆر و فرەهـەرزان، پێشـکەوتنی شـێوازی دابەشـکردنیان...هتد، ڕۆڵێکـی فـرە گرنگ و پـڕ بایەخیان هەبوو لە بەرەو پێشـەوەبردنی ڕیکلامدا، چی لـەڕووی چۆنێتییەوە بوو بێت یان لە ڕووی شێوازی پیادە کردنیەوە.

ڕادیۆ لە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابردوودا دەرکـەوت، بە زوویـی وەک دەسـتاوێژێکی ڕاگەیانـدن بڵاوبـووەوە و جێـگای خـۆی گـرت، بـەلام لـە سـەرەتادا بەکارهێنانی لە بواری ڕیکلامدا بەرتەسـک بوو، وەلێ دواتر و بەتایبـەت لەدوای جەنگـی جیهانی دووەم، ئـەو بوارە فراوان و فراوانتربوو، هەروەها لە شەسـتەکانی هەمان سەدەدا تەلەفزیۆن وەک دەسـتاوێژێکی دیکـە نوێ دەرکـەوت، توانی سـەرکەوتنێکی بـاش و بەرچـاو بە دەسـت بهێنـێ و ببێت بە یەکێک لەسـێ دەسـتاوێژە گرنگەکەی ڕیکلام[4].

شانۆ و سینەما بەهەمان شێوە بۆ ڕیکلام کردن بەکار هێنراون، بەڵام ئاستی بەربڵاوییان زۆر فـراوان نەبـووە و نییـە، بەهۆی ئەوەی هەردوو لە هۆڵ و بە تایبەت لە ناوەندی شار و شـارۆچکەکاندا بوون و هـەن. هەرچەندە سـینەمای گـەڕۆک هەبووە، بـەڵام ڕیکلامی بازرگانـی لـەم ئامێـرەوە سـنووردار بووە، زیاتر پڕوپاگەندەی ڕامیاری پێکراوە.

دەرکەوتنی دیاردەی جیهانگیری (**العولمة**) ڕیکلامی لە قۆناغێکەوە گواستەوە بۆ قۆناغی ڕیکلامی دیـار، بووە دەسـتاوێژێکی کارا بۆ بەخێرایـی گەیاندنـی جیهانگیـری، چونکـە ڕیکلام بەها، مانا، سیمبول،...ی ئایدۆلۆژیەتی جیهانگیری لەخۆدا بەرجەستە دەکات[5].

بەڵام من وای بۆ دەچم کە ڕیکلام وەک زانست وپیشە لە ئەنجامی دەرکەوتن و پێشکەوتنی چینی بۆرژواز و خۆ داکوتانی سەرمایەداری وەک سیستەمێکی بەرهەمهێنان لە دایک بوویێت، ڕاستە لەقۆناغ وسەردەمەکانی دیکە بەرهەمهێناندا جۆرێک لە ڕیکلام هەبووە، بەڵام لەجاران و هەندێ کاری هونەری بەولاوەتر نەبووە، کالایەکی زۆریان نەبووە تاهەوڵ بدەن کڕیار بۆلای خۆیان ڕابکێشن.

## ڕیکلام وەک چەمک و پراکتیک

**١/ پێناسە:**

ڕیکلام وەک لقێکی سەر بە زانستی ڕاگەیاندن پێناسە کردنی هەروا ئاسان نییە، ناکرێ پێناسەیەکی بکەین کە پراوپڕی قۆناغ وسەردەمە جیاجیاکان بێت یاخودنێت و تەبا بێت لە گەڵ دیدوهزری کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، بەم هۆکارەوەیە کە زۆر کەس و لایەن لە کاتی جیا جیادا پێناسەیان کردووە، لە سەریان نووسیوە، وەک:

* ڕیکلام بریتییە لەبەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێگاوهۆکار بۆ ناساندنی دامەزراوێکی بازرگانی یا پیشەسازی، پیاهەڵدان و شیرین کردنی بەرهەمەکانیان[٦].

* دەستاوێژێکی کۆمەڵییە بۆ پێشکەشکردن وپیاهەڵدانی هزر یا کالا یا خزمەتگوزاری لە ڕێی لایەنێکی دیاروئاشکراوە بەرامبەر بە کرێیەک[٧].

* ڕیکلامی بازرگانی بریتییە لە پێشبینیکردن و ئامادەکردنی پەیامەکانی بیستن و بینین کە بە هۆی دانی پارەیەک لە بەرانبەر بڵاوکردنەوەیدا لە لایەن یەکێک یا چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوەو دەگەیەنرێتە خەڵکی.

* پەیام یان ڕیکلامی بازرگانی بریتیە لە هەرجۆر و شێوەیەکی ناساندن بۆ بیرۆکەیەک، کالایەک، خزمەتگوزارییەک لە بەرانبەر پارەدا کە بەهۆی کەسێک یان دام و دەزگایەکی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێت[٨].

**٢/ ئەرکەکانی ڕیکلام:**

بە گشتی ئەرکی ڕیکلام لە دوو ڕەهەنددا بەرجەستە دەبێت :

* هاندانی کڕیار بۆ کڕینی کالا وکەلوپەلەکان یا خزمەتگوزارییەکان.
* ئامادەکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ بڕواپێهێنانی کڕیارەکان بەوەی کاتێک ئەو کالا و کەلوپەل یا خزمەتگوزاریانە دەکڕن تەواو خاترجەمن[٩].

**٣/ کارکەرانی بواری ڕیکلام:**

چەند کەس ولایەن پەیوەندییان بەڕیکلامەوە هەیە، هەروەها لەو بوارەدا کار دەکەن:

**١/٣ ڕیکلامیار:**

خاوەنی بیرۆکە، بەرهەمهێنەری کالا، پێشکەشکەری خزمەتگوزاری ئینجا تاک بێت یا دامەزراوە، دەچنە ئەم خانەیەوە، بەڕیوبەری ڕیکلام بە هاوکاری لێژنەیەکی تایبەت نەخشە وسیاسەتی دامەزراوە ڕیکلامیەکە دادەنێن.

**٢/٣ ئاژانسی ڕیکلام:**

ئاژانسی ڕیکلام کۆمپانیا یا دامەزراوەیەکی تایبەتکارە لە پرۆسەی ڕیکلامدا چی لە ڕووی نەخشە دانانەوە یا جێبەجێکردنییەوە، ئەم هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕیکلام پاش کۆکردنەوەی زانیاری تەواو، ئامار، پێویستی،... ئەم هەڵدەستێ بە دارشتنی سیاسەت، نەخشەسازی،...ی ڕیکلام، بەدواداچونی هەڵمەتی ڕیکلام، دیاری کردن، دۆزینەوەی لاوازییەکانی.

**٣/٣ بڵاوکەرەوە:**

ئەم خاوەنی هۆکانی ڕاگەیاندنە، دەشێ ڕۆژنامە یا ڕادیۆ یا وێستگەی تەلەفزیۆن بێت، هەروەها دەشبێت کەسێک یا دامەزراوەیەک

یا دەوڵەتێک بێت[١٠].

**٤/ جۆرەكانی ڕیكلام:**

بەگشتی جۆرەكانی ڕیكلام لە دوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنیدا بەرجەستە دەبن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ڕەهەندی یەكەمیان بكرێت، كاركەرانی بواری ڕیكلام خۆیان لە پیاهەڵدانی كاڵایەک لە سەر حسابی یەكێكی دیكە بپارێزن.

هەروەها لە چەند ڕوویەكەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبن:

**١/٤ ڕیكلام لەڕووی ئەركی هەناردنەوە:**

لەم ڕووەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەكرێت:

**A. ڕیكلامی فێركاری (التعلیمي):**

ئەم جۆرە زیاتر بۆ كاڵا و كەلوپەلی نوێ دەكرێ كە تازە بەرهەم هێنرابێت، پێش ئەوە هیچ ڕیكلامی بۆ نەكرابێت، تازە هێنرابێتە بازاڕەوە، یا بۆ كاڵایەكی كۆنی ناسراوە كە لایەنی دیكە بەكارهێنانی نوێی دۆزراوەتەوە، هێشتا لە لای كڕیار ئاشكرا نەبووە و نەیزانیوە.

**B. ڕیكلامی ڕێنمایی:**

ئەم جۆرە بۆكاڵایەكی نوێ، خزمەتگوزاری، بیروهزر، دامەزراوە یەكی ناسراو ئەنجام دەدرێ، زانیاری نوێ، لایەنی دیكە نوێ دەربارەیان پێشكەش دەكرێ، كە خەڵكی لەوەوبەر نەیانزانیوە و پێی ئاشنا نەبوون. بەكورتی كاری ئەم جۆرە لەوەدا بەرجەستە دەبێت كە جەماوەر زانیاری و ڕێنماییان سەبارەت بە ڕیكلام بۆكراوەكە دەست دەكەوێ لە كورتترین ماوەدا، بەكەمترین ماندووبوون، بەرانبەر بە كرێیەكی كەم. ئەمانە سەر باری ئەوەی كە ڕێنمایی جەماوەری تێدا دەكرێ چۆن پێویستییەكانی دەستەبەر بكات.

**C. ڕیكلامی بیرهێنانەوە:**

گرێدراوی ئەو بابەتانەیە كە جەماوەر دەیزانن، لەوەوبەر پێی ئاشنا بوون. ئامانج لەم جۆرە ئەوەیە كە جەماوەر بابەتەكان لە بیر نەكەن، لە بیریان نەچێتەوە، هەروەها ببێتە یارمەتیدەرێک بۆئەوەی بتوانن پێویستییەكانیان جێبەجێ بكەن.

**D. ڕیكلامی میدیایی (ئیعلامی):**

ئەم جۆرە بە مەبەستی بە هێزكردن وبەرەوپێشەوەبردنی جۆرە پیشەسازییەک یا جۆرە كاڵایەک، خزمەتگوزارییەک،...ئەنجام ئەدرێت، ئەویش بە هۆی پێشكەشكردنی جۆرە زانیاریەكە، كە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی لە ناو جەماوەردا، هەروەها بۆئەوەی پەیوەندی نێوان ئەوان و ڕیكلام بۆكراوەكە بەهێز وتوند بكات، یا بۆ ئەوەی دید و بۆچوونێكی تایبەت لە لای جەماوەر دروست بكات، یا هەڵە لەیەک تێگەشتنێک ڕاست بكاتەوە كە ببێتە هۆی ژیاندنەوەی بڕوای بەرانبەر سەبارەت بە كاڵا، خزمەتگوزاری، دامەزراوە،...سان. ئەم جۆرەی ڕیكلام بە یەكێک لە شێوازەكانی پەیوەندی گشتی لە قەڵەم دەدرێ.

**E. ڕیكلامی كێبەركێیی:**

ئەم جۆرە بۆ ئەو كاڵاوكەلوپەلە یا خزمەتگوزارییە ئەنجام دەدرێ كە لە بازاڕدا جێگای خۆی كردۆتەوە وناسراوە كەچی كێبەركێی كارێكی بۆ پەیدا بووە كە هەوڵدەدا جێگای پێ لێژبكات وشوێنی بگرێتەوە، جێگای ئاماژەیە كە كاڵا نوێیەكە خاوەن هاوسەنگیەكە لەڕووی جۆر، بەها، بەكاربردن، تایبەتێتی،.. وە[١١].

**٢/٤ ڕیكلام لە ڕووی تایبەتكارییەوە:**

لەم ڕووەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەكرێت:

**ا. ڕیكلامی ئەهلی – گشتی:**

ئەم جۆرە بابەتەكەی بەرهەم یا خزمەتگوزارییە، لەسەر ئاستی هەموو دەوڵەت دابەش دەكرێت، هەروەها ئەو كەناڵەش بەكاردێت كە لە سەر ئاستی گشتی دابەش دەكرێت وەک : ڕۆژنامەی ڕۆژانەی گشتی، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ڕادیۆ وتەلەفزیۆن.

**II. ڕیکلامی ناوخۆ:**
بۆ ئەو بابەتانە دەکرێت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دابەش دەکرێت، ڕیکلامەکە بۆ ئەو کڕیارانە ئاڕاستە دەکرێت کە لەو ناوچەیەدان، ئەو کەناڵانەش بەکاردێت کە لە ناوچەکەدا باون و بەزۆری بڵاون، وەک: تابلۆی سەر ڕێگاکان، سینەما، ڕادیۆی ناوخۆ،...

**III. ڕیکلامی پیشەیی _ هونەری:**
بۆ ئەو بەرهەمانە بەکاردێت کە بەکەس ولایەنێکی دیکە دەفرۆشرێن، ئەوانیش لە بەرهەم هێنانی کاڵای دیکەدا بەکاری دەهێننەوە، ئەم جۆرەش بەوە جیا دەکرێتەوە کە کڕیارەکان دیار و ناسراون، ڕیکلامکەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ، لە ڕێی کەناڵە جۆراو جۆرەکانەوە پەیوەندییان پێوەبکات، بەتایبەت ئەوانەی کە گرێدراوییان بەوانەوە هەیە، وەک : گۆڤارە هونەری و پیشەییەکان، پێویستە ڕیکلامەکە هەموو زانیاری، ڕەهەند و لایەنە هونەری و پیشەییەکانی تێدا بێت.

**IV. ڕیکلامی بازرگانی:**
بۆ ئەو جۆرە کاڵا و بەرهەم و خزمەتگوزاریانە بەکاردێت کە بە هۆی بریکارەکانەوە دەگاتە دەستی کڕیار،ئەمان دەیفرۆشن. دەبێت شێوازی ڕیکلامەکە هەموو زانیارییەکی پێویستی تێدا بێت، کە پێویستییان پێی هەیە، چونکە ئەمانە بازرگانن وبەدوای قازانجەوەن. کەناڵی باوی ئەم جۆرە گۆڤاری تایبەت، پۆستی ڕاستەوخۆیە.

**V. ڕیکلامی پیشەیی (حرفی):**
ئەم جۆرە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانە پێشکەش دەکرێت کە خاوەن پیشەیەکی دیاری کراون، زانیاری تەواویان دەربارەی ئەو کاڵایە دەدرێتێ، ئەوان بەکاری دەهێنن، بەڵام کەسانی دیکە ڕا دەسپێرن کە بیکڕن، بۆ نموونە : پزیشکەکان سەبارەت بە داوودەرمان ڕیکلامیان پێشکەش دەکرێت، بەڵام ئەمان نەخۆشەکانیان ڕادەسپێرن کە بیکڕن، باشترین کەناڵ بۆئەم جۆرە ڕیکلامە گۆڤاری هونەری وزانستی، پۆستی ڕاستەوخۆیە.

**٣/٤ ڕیکلام لەڕووی بابەتەوە :**
سەبارەت بە بابەت و ناوەڕۆکی ڕیکلام جۆراوجۆر و فرەن، بەڵام باوترینیان بریتین لە:

**١. ڕیکلامی میری:**
هەموو ئەو بڕیار، ئاگاداری، فەرمان، پرس،..انە دەگرێتەوە کە لەدام ودەزگاکانی میرییەوە دەردەچن،جێگای ئاماژەیە کە ئەم جۆرە لە ڕۆژنامە،گۆڤارە ڕەسمی و ڕۆژانەکان بڵاودەکرێنەوە.

**٢. ڕیکلامی ڕووناکبیری:**
هەموو ئەو هەواڵ و باس و خواسانە لە خۆ دەگرێ کە بە هۆیەوە سەرنجی تاک ڕادەکێشرێ بەلای بابەتێک یا چالاکییەکی زانستی، ڕووناکبیری، هونەری،...ئەم جۆرە ڕیکلامە پێویستییەکە، کە ناکرێ لە هیچ کات و شوێنێکدا فەرامۆش بکرێت، چونکە کۆمەڵانی خەڵک هان دەدا کە بەشداری لە چالاکیە جەماوەرییەکاندا بکەن، بەمانای زیاتر دەستاوێژی هاندانە وەک لەوەی بۆ قازانج بێت.

**٣. ڕیکلامی کۆمەڵگە:**
هەموو ئەوهەواڵ و بابەتانە دەگرێتەوە کە لە سۆنگەی بڵاوکردنییەوە سەرنجی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ لای ڕوداوێک، کارەساتێک، بۆنەیەک،...ڕادەکێشرێ، وەک : مردن، زەماوەند، لەدایک بون،.. هتد.

**٤. ڕیکلامی ڕێنمایی:**
هەموو ئەو ڕیکلامانە دەگرێتەوە کە لایەن و دامەزراوە تایبەتکارەکان بڵاویان دەکەنەوە، هاوولاتیان هان دەدەن بۆ بەرەو پیرەوە چوونی کارێکی هەرەوەزی، هەڵمەتی خوێن بەخشین، پاکژکاری،... کە بە شێوەیەکی گشتی لەخزمەت هاوولاتیان خۆیاندایە.



هەولنامەی کتێب

**٥. ڕیكلامی بازرگانی:**
هەموو ئەو دەستاویژ و شێوازانە دەگرێتەوە كە بە هۆیەوە خەڵكی دەزانن كاڵایەك هاتۆتە بازاڕەوە، هانیان دەدا كە بچن، بیكڕن[١٢].

**٥/ نامە ڕیكلامییەكان:**
كڕیار پێویستی بە زانیاری ڕوون وسادەیە، پێش ئەوەی دەست بكات بە گیرفانیدا، پارەكەی ئامادە بكات بۆ كڕینی كاڵاكە دەبێت شارەزایی وزانیاری تەواوی دەربارەی كاڵاكە یا خزمەتگوزارییەكە دەست بكەوێ،ئەمەش لە ڕێگای نامە ڕیكلامیەكانەوە بە ئەنجام دەگات.

**١/٥جۆرەكانی نامە ڕیكلامییەكان:**

**a. نامەی ڕاڤەیی (Reason why copy):**
نامەكە لەم جۆرەدا بە شێوەیەك دادەڕێژرێت كە زانیاریەكانی شێوازی ڕاڤە كردن و فێر كردن لە خۆبگرێت، لایەنە جۆراوجۆرەكانی كاڵاكە ڕوون بكاتەوە، سوودەكانی دیاری بكات. ئەم شێوازە بۆ ئەو كاڵاوكەلوپەل وخزمەتگوزاریانە بەكاردێت كە هێشتا جەماوەر تەواو بڕوای بە لایەنە چاك و باشەكانی نییە، ئالێرەوەیە كە دەشێ بگوترێ ئەم جۆرە هێندە زانیاری تێدایە كە گومان لە لای جەماوەر ناهێڵێ، كڕیار دێتە سەر ئەو ڕایەی كە كاڵاكە بكڕێ.

**b. نامەی پیاهەڵدان(Descriptive):**
نامەكە لەم جۆرەدا بە پلەی یەكەم لەسەر پیاهەڵدان، هەڵنانی كاڵاكە و تایبەتمەندێتیەكانی، چۆنیەتی بەكارهێنانی، بوارە جیاوازەكانی سوودلێ بینینی وەستاوە.

**c. نامەی سادە:**
ئەم نامانە سادەیی وساكاری لە خۆدەگرن بە جۆرێك كەناوی كاڵا و تایبەتمەندێتییەكانی زۆر بە سانایی و بە شێوەیەكی هونەری پێشكەش دەكرێت، كە كاریگەری خۆی بە جێ دەهێڵێ، بە شێوەیەكی گشتی ئەم جۆرە بۆ كاڵای سادە جێبەجێ دەكرێ، وەك : ماست، پەنیر، شوكولاتە، كەلوپەلی ناوماڵ،.. هتد.

**d. نامەی بەڵگەدار [Testimony]:**
نامەكە گەواهی كەسێكی ناسراو و دیاری تێدادەكرێت بە بەڵگە كە ئەوكەسە بە كاڵاكەدا یا ئەوخزمەتگوزاریەدا هەڵدەدا بەڵام كاریگەری ئەم تەرزە گرێدراوی چالاكی، ئاستی ناسراوی، دەمپاراوی كەسەكەیە.
بۆنموونە: بەكارهێنانی پاڵەوانێكی تۆپی پێ بۆ ڕیكلام كردن دەربارەی مەكینەی ڕیش تاشین.

**e. نامەی دیالۆگ [Dialogue]:**
ئەم جۆرە نامانە شێوازی دیالۆگ وەردەگرن،لە نێوان دووكەس یا زیاترە، ئەم جۆرە بە زۆری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكاندا بە ئەنجام دەگەیەنرێ، چونكە جۆرێك لە جوولە و چالاكی دەدات بە ڕیكلامەكە.

**٦/٢ هەڵمەتی ڕیكلام Advertising Campaign:**

**١/٦/٢ پێناسە:**
* لە بەرنامەیەكی تایبەتی ڕیكلامدا بەرجەستە دەبێت كە ئامانج و مەبەستی ئاشكرایە، نموونە: پیاهەڵدانی كاڵایەكی نوێ، كێبەركێ یان ڕووبەڕووبونەوەی دابەزینی ئاستی فرۆشتن، دیاریكردنی نرخی شتومەك،دروستكردنی لایەنگیر بۆ جۆرەماركەیەكی بازرگانی تایبەت یان ئایدۆلۆژیاو ڕێكخراوێكی دیار....كە بۆكڕیارە چاوەڕوانكراوەكان دەنێردرێت،دەشێ نامەیەك یا گوژمێك بێت كەهەر نامەیەی ئامانجی تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام مەرجە كە لەناو یەك بازنەی گشتیدا بێت، هەر یەكەیان ئەویتر تەواو بكات هەروەها دەشێ بۆ تەنیا یەك جاربێت یا بۆ ماوەیەك بەردەوام بێت، ئینجا هەڵمەتەكە ئاڕاستەی چین و توێژ، تەمەن، ڕەگەزی

جیاجیا دەکرێت[١٣].

### ٢/٦ بەرنامە:

بەرنامەی گشتی هەڵمەتی ڕاگەیاندن چەند ڕەهەندێک لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:

**١. ئاڕاستە:**

پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەو چین وتوێژانەی ڕیکلامەکەی ئاڕاستە دەکرێ دیاری بکرێن.

**٢. ئامانج:**

پێویستە زۆر بە وردی ئامانجی ڕیکلامەکە دیاری بکرێ، دەبێت شیاوی پێوانە و ئەژمارکردن بێت تا ئەنجامدەرانی بتوانن ئاست وپلەی سەرکەوتنی دیاری بکەن.

**٣. خەرجی:**

پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەو بڕە پارەیەی کە دادەنرێ بۆ هەڵمەتەکە دیاری بکرێت، شێوازی خەرجکردنی بەوردی دابەشبکرێت بەسەر مانگ، وەرز، ساڵدا، تا هەڵمەتەکە سەرکەوتن بە دەست بهێنێ.

**٤. کەناڵ:**

دەبێت بەوردی ئەو کەناڵە دیاری بکرێت کە بە باشترین و شیاوترینیان دەزانرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بگاتە جەماوەر.

**٥. نەخشەسازی (دیزاینی):**

ئەو نامە ڕیکلامییەی دەنێردرێت دەبێت بە شێوەیەک نەخشەسازی بکرێت کەلەگەڵ زەوق و بۆچوونی جەماوەردا بگونجێت تابە باشترین شێوە کاریگەری دابنێت، مەبەستی خۆی بپێکێ.

**٦. کات:**

پێویستە ئەو نامە ڕیکلامییە لە کاتێکی گونجاودا بێت، وابێت کە کاریگەری هەبێت[١٤].

بۆنموونە: لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکانی کوردستان، لە مانگی ڕەمەزاندا کە ڕیکلام بۆ چێشتخانە و کەبابخانەکان دەکرا دەکەوتە دوای بەربانگ ونزیک نیوەی شەو، ئەم کاتەش نەگونجاوە، چونکە ڕۆژووان وجەماوەر بەگشتی نانیان خواردووە، گەر بشیانەوێ بچن ئەوا دەیخەنە بەرنامەی ڕۆژێکی دیکەوە، بەڵام گەر لەپێش بەربانگدا بێت ئەوا ڕۆژووان هەر ئەو ڕۆژە دەچێت.

### ٣/٦ شێواز:

بۆئەوەی هەڵمەتی ڕیکلامەکە مەبەستی خۆی بپێکێ،کاریگەری تەواو لە سەر جەماوەردابنێت ئەوا دەبێت زۆر بە وردی نەخشەی بۆدابڕێژرێت،لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی بکرێت، شێوازی شیاو و لەبار هەڵبژێردرێت کە لە چەند جۆرێکدا بەرجەستە دەبێت:

**A. شێوازی نەخشەی بەردەوام Continuous plan:**

لەم شێوازەدا بە درێژایی هەڵمەتەکە ئەو ڕیکلامە دووبارە دەکرێتەوە کە دەشێ تەنیا یەک نامە بێت یا چەند نامەیەک لەخۆ بگرێت، ئەم شێوازە بۆ کاڵایەک باشە کە جێگای گرنگی دانی جەماوەر بێت بە گشتی.

**B. شێوازی نەخشەی کەرتی Wear out plan:**

ئەم شێوازە بۆ ئەو کۆمپانیایانە باشەکە ڕەچاوی چەمکی تایبەتکاری بازاڕ دەکەن، هەوڵدەدەن کە لەو ماوەیەدا ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن، دەکرێ کڕیارەکانیان بەسەر چەند توێژێکدا دابەش بکەن کە هەر یەکەیان خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیانن یا هاوبەشن لە دوو یا زیاتر لەو تایبەتمەندێتیانە.

**C. شێوازی نەخشەی تەواو The campaign plan:**

ئەم شێوازە لە سەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە چەند بیرۆکەیەک لە یەک کاتدا بە کار دەهێنرێت، هەریەکەیان بەشێک یا لایەنێکی مەبەستەکە بەدەست دەهێنێت، بەڵام هەر هەموویان دەچنە ناویەک چوار چێوەوە، کار

بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەڵمەتەكە دەكەن، بە مانای مەبەستی سەرەكی دابەش دەكرێت بۆ چەند لقێك، پێكەوە كار بۆ بە دەست هێنانی دەكەن[١٥].

### ٧/ كەناڵەكانی بڵاوكردنەوە:

كەناڵەكان فرە و هەمەجۆر و چەشنەن، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی بۆسێ گروپ دابەش دەكرێن:

### ١/٧ بینراو:

هەستی بینین بۆئەم دەستاوێژانە باڵادەستە، نموونە وەك :ڕۆژنامە،گۆڤار،تراكت، وێنە، وێنەی بەیانی،....

### A / ڕۆژنامە:

*** گرنگێتی:**

ڕۆژنامە بۆ بڵاوكردنەوەی ڕیكلام دەستاوێژێكی كاریگەرە، گرنگی ڕۆژنامە لە چەند خاڵێكدا بەرجەستە دەبێت:

**١. خێرایی بڵاوبوونەوە:** لەو سۆنگەیەوەی كە دەكرێ ئێوارە ڕیكلامێك بنێردرێت بۆ ڕۆژنامە بۆ بەیانی بڵاوببێتەوە.

**٢. هەرزانی :** ڕۆژنامەی گشتی هەرزانترین جۆرەكانی هۆكاری ڕاگەیاندنە.

**٣. بەربڵاوی :** ڕۆژنامە لەسەر ئاستێكی فراوان بڵاودەبێتەوە،دەگاتە دەست هەموو چین وتوێژەكانی كۆمەڵ.

**٤. ئاسانی بڵاوبوونەوە:** دەكرێ لە ڕێگای تەلەفۆنیشەوە بێت ڕیكلام بڵاوبكرێتەوە یان گۆڕانكاری تێدا بكرێت یاخود ڕابوەستێنرێ.

٥. بەرەنجامی خێرا: بڵاوبوونەوەی ڕیكلام لە ڕۆژنامەكاندا زووبەزوو ئەنجام بە دەستەوە دەدات، وەك: ڕیكلام بۆ مەزادكردنی كەلوپەل، تەندەری پرۆژەكان،...

**٦. دووبارەبوونەوە:** بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە بڵاودەبێتەوە دوبارەبوونەوەی تێدا بەرجەستە دەبێت، دەرفەتی زیاتر دەرەخسێت كە بگاتە دەست ژمارەیەكی زۆر لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە لە بیرەوەری خوێنەردا جێگیری دەكات.

*** لایەنە خراپەكانی:**

١. دەبێت ئەو كەسە خوێندەواری هەبێت.

٢. ڕۆژنامە جگە لە ڕیكلام گەلێ هەواڵی جۆراوجۆری ڕووداو وكارەسات،..ی تێدایە كە بیر وهۆشی خوێنەر پەرت دەكات، ئاگای ئەو لەسەر ڕیكلامەكە كەم دەكاتەوە[١٦].

### B/ گۆڤار:

گۆڤار گەلێ بەدواداچوون، وێنە، وتار،.. لە دوو توێیدا بڵاودەكرێتەوە، ئەركی گەیاندن وبڵاوكردنەوەی هەواڵ ناخاتە سەرشانی خۆی، بەڵام لێكۆڵینەوە، بە دواداچوون،.. لەسەر هەواڵە بڵاوكراوەكانی ناو ڕۆژنامەكان ئەنجام دەدات.

*** گۆڤارەكان لەچەند ڕوویەكەوە دابەشدەكرێن:**

*** لە ڕووی قەبارەوە:**

**١) قەبارەی ئاسایی:**

وەك قەبارەی ئەو گۆڤارانەی كە مانگانە دەردەچن نموونە : زانستی سەردەم، كەلەپووری كورد، ئایندە،...

**٢) قەبارەی ڕووكێش (المسطح):**

وەك قەبارەی گۆڤارە تایبەتەكان نموونەی نیوزویكی ئەمریكی،....

**٣) قەبارەی گەورە:**

وەك گۆڤاری چینی وێنەدار، هندی ئەمڕۆ، وێنەگری میسری،...

*** لەڕوی كاتی دەرچوونییەوە:**

بە پێی كات وماوەی دەرچوونیان پۆلێن دەكرێن، وەك : نیوهەفتەیی، هەفتەیی، دوو هەفتە جارێك، نیومانگی، مانگانە، دوومانگ جارێك، وەرزی، نیو ساڵی، ساڵانە، ناوبەناو،....

*** لەڕووی بابەتەوە :**

سەبارەت بە ریکلام گرنگترین جۆری پۆلێن کارییە، چونکە لەم رێیەوە هەڵسوکوتی خوێنەر وحەزی بەرامبەر جۆروچۆنێتی بابەتەکان دیاری دەکرێ، هەروەها دەتوانرێ لەم سۆنگەیەوە جۆری ریکلام وگۆڤارەکەش دیاری بکرێ.

لەم رووەوە دابەشدەکرێن بۆ:

**I. گشتی:**

گۆڤارە گشتیەکانن کە بابەتەکانیان هەمە جۆر و چەشنەن، بوارە جیاجیاکانی رامیاری، ئابووری، رۆشنبیری،.. لە خۆدەگرن.

**II. تایبەت :**

گۆڤارە تایبەتەکانن، کە جگە لەوبوارەی دیارییان کردووە، ئیتر خۆ لە بوارەکانی دیکە نادەن، تایبەتکارن وەک : کەلەپووری کورد، هەزارمێرد، ئۆلۆمپیک، تەوار،....

تایبەتمەندێتیەکانی گۆڤار سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ریکلام:

١) گۆڤار هەرچەشنێک بێت ئەوا جۆرە خوێنەرێکی تایبەت دەیخوێنێتەوە کەئەمەش هاریکاری زۆری ریکلامکەر دەدات کە زۆر وردتر و باشتر جەماوەری خۆی هەڵببژێرێت.

٢) بە کارهێنانی وێنەی رەنگاورەنگ، دابەشکارییەکی ورد لە مەڕ دارشتنی ریکلامەکە-وە.

٣) گۆڤار بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی پشوودانا دەخوێنرێتەوە، ئەمەش وادەکات کە وردتر سەیری ریکلامەکانیش بکرێت.

٤) گۆڤار ماوەیەکی زۆرلە ماڵ، شوێنکار، نووسینگە،...دەمێنێتەوە، ئەمەش دەرفەتی دووبارە بوونەوەی سەیرکردنی ریکلامەکان بۆ چەند جارێک دەرەخسێنێ.

٥) گۆڤار ماوەی بەردەم چاپکردن ودەرخستنی فراوانە ئەمەش دەرفەتی زیاتر ورد بوونەوە دەرەخسێنێ سەبارەت بە دارشتن، دەرهێنان، رەنگ[١٧]،..

*** لایەنەخراپەکانی ئەم دەستاوێژە :**

١) زۆری ژمارەی ریکلامە بڵاوکراوەکانی ژمارەیەکی گۆڤارێک وا لە خوێنەر دەکات کە گرنگیپێدانی بۆ هەندێکیان کەم ببێتەوە.

٢) مرونەی کەمتر تێدایە لەوسۆنگەیەوەی کە ماوەی بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک بۆ ئەویتر زۆرە.

٣) خەرجی زیاتری تێدەچێ وەک لە رۆژنامە[١٧].

*** چەشن و شێوازەکانی ریکلام لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا:**

**i. ریکلامی ستوونە جێگیرەکان:**

ئەو ریکلامانە دەگرێتەوە کە رۆژانە خوێنەر چاوەڕوانی دەکات، وەک ریکلامەکانی کار، ئاگاداری، پیرۆزبایی، سەرکەوتن، زەماوەند،....

**ii. ریکلامی نووسین:**

ئەو ریکلامانە دەگرێتەوە کە شێوەی نووسین دەگرێتە خۆی، خوێنەر سەرەتا نازانێت کە ئەمە ریکلامە، چونکە بە شێوە تێکەڵییەک دەنووسرێ، لە شێوەی بە دواداچوونی رۆژنامەگەریدا بەرجەستە دەبێت، نموونە سەبارەت بە کۆمپانیایەک بە دوا داچوونێک لە روی بەرهەم و جیاوازکارییەکانییەوە ئەنجامەدرێت، لێرەدا ریکلامیارلەناو دێرەکانی نوسینەکەیەوە ئاماژە بەولایەنانە دەدات، چەمکی ریکلامیان پێدەبەخشێ.

**iii. ریکلامی رووبەری (المساحە):**

ئەو ریکلامانە دەگرێتەوە کە لەسەر شێوەی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن، سنوور و قەبارەی ریکلامەکە لە رێگای (**ستون- سانتیمەتر**)ـەوە دیاری دەکرێت، ئەم جۆرە لە گەڵ نووسیندا دەبێت، خوێنەر کە بابەتەکە دەخوێنێتەوە دەکەوێتە ناو ریکلامەکەشەوە، ئەم جۆرە زیاتر بۆ مەبەستی بازرگانی،

توندکردنـــی پەیوەنـــدی توێژەکانی ناوکۆمەڵ بەکار دەهێنرێ.

**iv. ڕیکلامی کۆکراوە (المجمعة):**

بەڕێوبەرانـــی ڕیـــکلام لـــە ڕۆژنامەکانـــدا، بەهـــۆی بۆنەیـــەک یا بیرۆکەیەکـــی تایبەتەوە دروستی دەکەن، چەندشـــێوەیەکی تایبەت لە خۆدەگرێ:

١. **لاپەڕەی تایبەت**: دانانی لاپەڕەیەک یا زیاترە بۆ ڕیکلام کردن سەبارەت بە پێشانگە،ئاهەنگ، بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، وەرزش،...

٢. **پاشکۆکان:** ئەمانەش هەر لاپەڕەی تایبەتن بـــەڵام فراوانترن، وەک پاشـــکۆیەک و لە گەڵ ڕۆژنامەکانـــدا بـــە خۆڕایی دابـــەش دەکرێن، نموونە : پاشکۆی وەرزش،...

٣. **ژمـــارەی تایبـــەت:** ئـــەم جۆرە بـــە جیا لە ڕۆژنامەکـــە چاپ دەکرێ، هەروەها بە جیاش دەفرۆشـــرێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە، کە کڕیـــاری ئەم ژمارانە تایبەتن، ئەو کەســـانەن کە گرنگی بەو بوارە دەدەن.

٤. **هەڵمەتی هاوبەش:** ئەم جۆرەیان سەبارەت بـــە بیرۆکەیەکـــی تایبەتـــە کە مەبەســـت لێی بەدەســـتهێنانی ئامانجێکـــی هاوبەشـــە لـــە نێـــوان چەند کـــەس ولایەنـــی ڕیکلامیاردا کە دەشـــێ دەربـــارەی کاڵایەکی دیاریکـــراو یان کۆمپانیایەک یان.. بێت[١٨].

**C/ پۆستەر:**

ڕیکلامەکە لەسەر کاغەز، کارتۆن، نایلۆن،... چاپ دەکرێـــت، ئینجا بە پشـــتبەندێکی تەختە یا کانزا یان.. وە چەســـپ دەکرێ، لە شـــوێنە گشتیەکاندا دادەنرێت یا هەڵدەواسرێت.

**D/ تراکتـــی نەخشـــێنراو (Panted Display):**

بەشـــێوەیەکی هونـــەری وێنـــەی کاڵاکـــە، شـــوێنکارو خزمەتگوزارییەکانی، چێشـــتخانە وکەبابخانـــە،... وێنە دەکێشـــرێ، بە تایبەت لە ڕێگا گشتییەکان، سەردیواری تەیمانی شوێنە گشتییەکان،.. دروست دەکرێ.

**E/ لافتـــەی ڕووناکـــی (Electric Spectaculars):**

جۆرێکی گەلێک باش وســـەرنج ڕاکێشـــە، لـــەو جێگایانـــەدا دادەنرێـــت کـــە شـــەوانە قەرەباڵغیەکـــی زۆری لەســـەرە یـــان لەســـەر سەربانی ساختمانێک دادەنرێت بەمەرجێ بە شێوەیەک بێت کە لە دوورەوە ببینرێت.

**F/ پۆست:**

ئەمیش دەســـتاوێژێکی دیکە ڕیکلامە، نامە ڕیکلامییـــە چاپکراوەکـــە لە ڕێگای پۆســـتەوە دەنێردرێـــت بۆ کڕیارەکان، بـــەڵام مەرجە لە سنووری دەست بەسەرداگەیشتن تێنەپەڕێ، چونکە گەر وانەبێت گەر پۆستەکەشیان بگاتێ ئەوا کاڵاکەیان بە زەحمەت دەگاتە دەست[١٩].

**٧/ بیستراو:**

هەستی بیستن لێرەدا باڵا دەستە نموونەی ئەم دەستاوێژانەش : وێستگەی ڕادیۆ، نەوار، قەوانی لیزەر (C.D)،...

**A/ وێستگەی ڕادیۆ:**

لـــە وێســـتگەوە بابەتەکانـــی هـــەواڵ، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، کات بەسەربردن،... هتـــد لە یەک کاتدا بڵاودەکرێتـــەوە، لە هەمان کاتدا گوێگر وەریدەگرێ بەهۆی دەستاوێژی ڕادیۆوە،ئـــەم دەســـتاوێژە دەتوانرێـــت ببرێتە هەمـــوو جێگاوکوڕ و کۆمەڵێکەوە، دەتوانرێت بەرنامەکانـــی خۆی هەموو کاتێک پێشـــکەش بکات.

*** لایەنە باشەکانی ڕادیۆ:**

**١) بەکارهێنانی دەنگ:**

لـــە ڕادیۆدا ســـوود لەدەنـــگ دەبینرێ کە ڕەوشـــێکی تایبـــەت دروســـت دەکات، لایەنی ڕاســـتگۆیی، دڵســـۆزی،.. لە ناو وشـــەکانەوە چالاکی گوێگرتن دەدات بە گوێگر.

**٢) شێوازی گوێگرتن لە ڕادیۆ:**

گوێگرتن لەڕادیۆ بۆتە خویەکی جیهانی،لەم

سۆنگەیەوە دەشێ بگوترێ کە ڕیکلام دەگاتە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵ لەسەرتاسەری جیهاندا.

٣) **سوودبینین لە بەرنامەکان:**
ئەمەش لە ڕێگای گرێدانی ڕیکلام بە بەرنامەیەکی تایبەتەوە دەبێت، نموونە: ئەو ڕیکلامەی کە بەهۆی نواندنێکەوە یا بەرنامەیەکی تایبەتەوە پەخش دەکرێ.

٤) **بەکار هێنانی کات لە جیاتی ڕووبەر:**
دەشێ لە ڕۆژنامەدا چەند ڕیکلامێک لەیەک لاپەڕەدا بڵاوبکرێتەوە،ئەمەش جۆرێک لە کێبەرکێ لە خۆ دەگرێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، بەڵام لە ڕادیۆدا کات ئەو ڕیکلامە دیاری دەکات، هەر ڕیکلامە کاتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ ئەویتردا جیاوازە، تێکەڵ نابێت.
* **لایەنە خراپەکانی:**
١) کاتێک لە ڕادیۆوە ڕیکلامێک بڵاودەکرێتەوە ڕەنگە کەسانێکی زۆر سەرقاڵی کاری خۆیان بن وەک: لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، ناوماڵ ڕێکخستن... کە ئەمەش ئاگایی گوێگر پەرش و بڵاودەکاتەوە، ناهێڵێ هەموو هۆشی لای ڕیکلامەکە بێت.
٢) کەش وئاووهەوا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە باش وخراپی گەیاندنی نامە دەنگییەکە.
٣) ڕیکلام لە ڕادیۆدا هەندێ ڕەگەزی خۆی لە دەست دەدات، وەک : وێنەی کاڵاکە، قەبارەکەی،...

**٣/٧ بینراو – بیستراو:**
هەردوو هەستی بینین وبیستن ڕۆڵی تێدادەبینن،لەو هەر دوو جۆرەی ئاماژەمان پێدا بەهێز ترە، نموونە: تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، سینەما، شانۆ.

**A. تەلەفزیۆن:**
بە باشترین ئامێر ودەستاوێژ دەژمێردرێت چونکە لەیەک کاتدا نووسین، وێنە، دەنگ، جوولە، موزیک،...ی تێدا پێشکەش دەکرێت، دەگاتە هەموو سوچ وقوژبنێکی ئەم جیهانە، هەموو چین و توێژ، تەمەن،.. یێک دەتوانێ سەیری بکات، دەکرێ ماوەی پەخشکردنیش (٢٤ **کاژێر**) بێت، ئەمەش دەرفەتی دووبارە بوونەوە دەڕەخسێنێ، لەلایەکی تریشەوە مەودای پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان دەگاتە سەرتاسەری جیهان.

* **لایەنە باشەکانی:**
١) لەیەک کاتدا وێنە، دەنگ، ڕەنگ، جوولە، موزیک،.. پێشکەش دەکرێت.
٢) باشترین دەستاوێژە کە بەرجەستەی واقع بکات.
٣) دەشێ بابەتی جۆراوجۆری پێ پێشکەش بکرێت.
٤) ژمارەیەکی زۆر لە یەک کاتدا دەتوانن تەماشای بکەن.
٥) دەتوانری کاتی پەخش دیاری بکرێ، هەروەها بە پێی پێویست، داوا دووبارە بکرێتەوە.

**B. سینەما:**
سینەما دەستاوێژێکی گرنگی پەخشی ڕیکلامە، لەیەک کاتدا وێنە، دەنگ، جوولە، موزیک،.. پێشکەش دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شاشەی سینەما گەلێ گەورەیە.
ڕیکلام لە سینەمادا چەند شێوازێک لە خۆ دەگرێت لە وانە:
١. بە شێوەی پۆستەرێک دەهێنرێتە سەر شاشەکە، تەنها موزیکی لەگەڵدا پێشکەش دەکرێت.
٢. بە شێوەی فیلم کە لە یەک تا سێ خولەک دەخایەنێ.
شێوەی پێشکەشکردنەکەشی دەشێ لە :
١. سینەمای گشتیدا بێت، ئینجا پێش پەخشی فیلمەکە یان لەدوای پەخشەکەی.
٢. بانگهێشتکردنی کەسانێکی دیاریکراو بۆ بنکەی کۆمپانیا، دامەزراوە... پەخشکردنی ڕیکلامەکە[١٩].
٣. سینەمای گەڕۆک.

## گۆڤاری نزار
### (١٩٤٨/٣/٣٠ – ١٩٤٩/٢/١٥)

**١/ ناساندن:**

نزار گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی بوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرئەچوو، گۆڤارەکە لە سێ ڕەهەندا ماناکەی چێوە بەند کردووە:

١) ئەو ناودار و دارستانەی کە ڕۆیشتن پیایدا ئاسان نییە، مرۆڤ بە زەحمەت دەتوانێ بە ناویدا تێبپەڕێت.

٢) ئەو لوتکە شاخەی کە زۆر سەختە، مرۆڤ زۆر بە زەحمەت دەیگاتێ.

٣) جێگا و شوێنی بەر ڕۆژ[٢٠].

وێنەی بەرگی ژمارەکان بەرجەستەی ئەو بۆچوونانە دەکەن، گۆڤارەکە کراوەتە ئەو ڕێگایەی کە ئاسانکاری پێشکەش دەکات، دەگاتە ناو ئەو دارستان ولێڕەوارە، وەک لە وێنەی بەرگی ژمارەکانی(١،٢،٣،١١،١٢،١٣،١٥) دا دیارە، بەڵام ژمارەکانی تر جگە لە ژمارە (٧،٨،٩) نەبێت کە پێرستی بابەتەکانی لەسەرە ئیتر ئەوانیتر وێنەی لوتکەی چیاکەن کە تیشکی هەتاو لێیداوە. وێنەکان بە گشتی لە لایەن هونەرمەندی خوالێخۆشبوو بەدیع باباجانەوە کێشراون.

بەڵام مانای نزار لەم فەرهەنگە کوردییانەدا بەم شێوەیەیە:

* <u>خاڵ:</u> شوێنی نسێ لە شاخ، نسێ: نسرم: شوێنێکە کە هەتاوی تێناکەوێ.

* <u>هەنبانە بۆرینە:</u> لەڕولاواز،کز، لێڕەوار، جێگەیەک لە بەرزی شاخ وکێودا کەبەر سێبەرە، کەمتر تاولێیدەدا.

* <u>کوردی – ئینگلیزی:</u> نسار، نسێ، دیوی سێبەری شاخ.

* <u>الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة:</u> خاکێکە خۆر بەکەمی لێی دەدات.

* <u>کوردستان :</u> خۆرنەوەزان، نسار، نسرم.

* <u>مەردۆخ:</u> نسار،نسرم، سێوەر، خۆرنەوەزان.

بەو پێیە ڕوون دەبێتەوە کە [نزار] مانای [بەرڕۆژ] ناگەیەنێ، بەڵکو بریتیە لە دیوی سێبەری شاخ کە هەتاو نایگرێتەوە[٢١].

کەچی لەم ڕووەشەوە (نزار) وەڵامی خۆی هەیە: ئێمە ئەزانین لە گەلێ شوێنی کوردەواریدا بەو شوێنە کە ڕووی لە هەتاوە پێی ئەڵێن (بەرڕۆژ) وە بەسێبەرەکەشی ئەڵێن نزار، بەڵام هەر لە شێوە قسەکردنی کوردەواریدا هەیە کەبەوشوێنە ڕووی لە هەتاوە ئەڵێن (نزار) وە هەر لەو شێوەدا ئەو شوێنە کە سێبەرە پێی ئەڵێن (**نسار، نسرم، نسێ**) هەر چەندە ئەو شێوانە زۆرترن کە بەبەری سێبەرەکە ئەڵێن (نزار)، بەڵام ئێمە وەکو لەکاتی مەعنادانەوەی وشەکەدا وتبوومان ئەمەمان بەلاوە چاکتر بوو کە نزار هەڵبژێرن بۆ ناوی گۆڤارەکە[٢٢].

* نزار لە بەرگی دەرەوەیدا بە کوردی **[گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی یە]**، ئینجابەعەرەبی (**مجلة اسبوعیة سیاسیة جامعة تصدر باللغتین العربیة والکردیة**)ی لێ نووسراوە، هەروەها لەیەکەم لاپەڕەی ناوەوەشی بێجگە لە کوردی وعەرەبی بە ئینگلیزیش نوسراوە:

NIZAR A Weekly Political Review Published in Baghdad in Arabic and Kurdish.

* قەبارەی گۆڤارەکە بە گشتی (٢٢،٥ × ٣٠ سم)، تێکست (١٧،٦ × ٢٢،٤ سم) ـە، هەر ژمارەیەکی (٢٤) لاپەڕەیە، بەشی (عەرەبی -کوردی) ژمارەکانی (١،٢،١٢،١٣) نەبێ کە یەک لە دوای یەک (١٢- ١٢) و(١٤-١٠) و(١٦- ١٠) و(١٦- ١٠) لاپەڕەن، ئیتر هەر هەژدە ژمارەکەی دیکە (١٦-٨) لاپەڕەن،واتە بەشی عەرەبییان ڕاست دوو ئەوەندەی بەشە کوردییەکەیە، لە ژمارە (١٣) بە دواوە پێرەوی ئەمە کراوە، پاساوی گۆڤارەکەش لەم ڕووەوە ئەمە بووە : مەبەس لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە زیاتر ئەوە بوو کە ناتەواوی و کەم و کورتیی کوردەواری بە زمانی حکومەتەکە بخرێتە پێش چاو، لەبەر ئەوە شوێنەکە کەم بوو، ئەم مەبەستە بە تەواوی نەئەهاتە دی ناچار هاتین لەم جارەوە دووبەش لە گۆڤارەکەمان

کرد به عەرەبی وە بەشێکیشی بۆ خزمەتکردنی ئەسڵی زمانەکە[٢٣].

* بڕیار وابووە کە نزار هەفتانە بێت هەر وەک لە ژمارە یەک دا ئاماژەیان پێداوە **(أعتذار – نعلن لقراء مجلة (نزار) الكرام بأن من المقرر أصدار هذه المجلة مرة واحدة في كل أسبوع إلا انه بالنظر لعدم اكمال بعض النواقص الآدارية و المطبعية لم نر بدا من جعلها نصف شهرية لمدة مؤقتة جدا وسنبذل قصارى جهدنا اكمال تلك النواقص بأقرب وقت ممكن) (پۆزش – ئاگاداری خوێنەرە بەڕێزەکانی گۆڤاری نزار دەکەینەوە هەرچەندە بڕیارمان وابوو کە ئەم گۆڤارە هەفتانە دەربچێت بەڵام لە بەر تەواونەبون وپڕنەبونەوەی کەم و کوڕیە کانی چاپ و بەڕێوەبردنی بۆ ماوەیەکی یەکجار کاتی دەیکەینە نیو مانگی، هەموو وزە و توانایەکمان دەخەینە کار بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەم وکوڕیانە)**[٢٤]. پێدەچێ دواتریش ئەو کەموکوڕیانەیان بۆ چارەسەر نەکرابێت، هەروەها سانسۆریش بۆتە سەربار، نەیانهێشتووە کە ببێتە هەفتانە.




* نزار بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەموو ناوەڕاست و سەری مانگێک دەرچووە تەنیا ژمارە (١٤)ی نەبێت کە هەفتەیەک دوا کەوتووە لە (٢٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨) دەرچووە.

* نرخی گۆڤارەکە (٤٠ – فلس) بووە، ئابوونەی ساڵانەی هاوبەشیکردن لەناو عێراقدا **(٢– دینار)**، بۆ دەرەوە **(٢,٥ دینار)** بووە،هەروەها سەبارەت بە ڕیکلام بۆ هەر گرێیەک (٢٠٠– فلس) وەرگیراوە.

* خوالێخۆشبوو عەلادین سەجادی **(کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدینە، ساڵی ١٩٠٧ ز لە دایک بووە، لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ڕێکەوتی ١٩٨٤/١٢/١٣ لە بەغا کۆچی دوایی کردووە)** خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین بووە، مەحمودسنەیی بەڕێوەبەری بەرپرسی بووە،ئەندامانی دەستەی نووسینی هەردوو بەشی کوردی و عەرەبی دەستنیشان نەکراون.

* نزار لە چاپخانەی **(المعارف)** چاپکراوە.

**٢– نموونەکانی ڕیکلام لە گۆڤاری نزاردا:**

نـزار هەر لـە قۆناغی خۆئامادەکردنییـەوە بیری لەوە کردۆتـەوە کـە سـەرچاوەی دارایی بۆخـۆی پەیدابکات، جێگای ئاماژەیە لەو سـەردەمەدا (**مدیریـة الدعایة العامة**) ڕیکلامی بەسـەر گۆڤـار و ڕۆژنامەکاندا دابەشـکردووە، بەڵام دادپەروەرانە نەبـووە، جیاوازی زۆری لە نێوانیاندا کردووە، ئەم ڕەوشە بەردەوام بووە تا دامەزراندنی(**جمعیة الصحفیین –کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان**) کە بەچاوی هیواوە لەم کۆمەڵەیەیان ڕوانیوە بەڵام ئەمیش لەسەرهەمان ڕیتم وئاواز خوێندوویەتی، نزار لەو سەرچاوەیە بێبەش کراوە، پەلەقاژە وهاواریشـی دادی نـەداوە[٢٥]. ئیتر ڕاپەرمووەتە سـەر خۆی، هەر لە ژمارە (١)ی یەوە، سـەرباری ئەوەی کە لەسـەر یەکەم بەرگی نـاوەوەی کرێی ڕیکلامی دیاری کردووە (**کرێـی ڕیکلام بۆگرێیەک لەهەرسـتونێکدا (٢٠٠ فلسـە)، بـەڵام سـەبارەت بەڕیکلامی هەمیشـەیی لەگەڵ ئیدارەخانەدا دەبڕێنرێتەوە**)، لەلاپەڕە(٤)یشدا ئاگادارییەکی بڵاوکردۆتـەوە کـە ئامادەیـی گۆڤـار پیشـان دەدات بۆبڵاوکردنەوەی ڕیکلام بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی (**ئاگاداری-ئیدارە خانەی گۆڤار ئامادەیە کە ڕیکلامەکانتان بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی،بەشێوازێکی هاوچەرخ وسەرنج ڕاکێش بۆ بڵاوبکاتەوە**)، ئەم ئاگادارییـە بـە بەردەوامی تا ژمارە (٨)، لە لاپـەڕەی جیاوازدا دووبارە کراوەتەوە.

ژمـارەی ڕیکلامەکانـی نـاو نزار تێکڕا (٥٣) دانەیە، جگە لە:





* ئارمێک بەناوی پیرەمەگرون، لەژمارە(١٦)ـەوە بە شـێوازی پرسـیار/ بـۆ ؟ بـە کـوردی و عەرەبـی بڵاوکراوەتـەوە، لەژمارە(١٩)وەڵامی داوەتەوە، ڕیکلامـە بـۆ جۆرێکی چای سـیلان، ئارمەکە نیشـانەی شاخەکەیە نەک وێنەی چا!.

* وێنەی براوەی یانسیبی خەسـتەخانەکانی عێـراق لەژمارەکانی (١٨تا٢١).

* وێنەی شووشەی براندی مارتیل کە لە ژمارە (١٩

تا ٢٢) بڵاوکراوەتەوە.




تەنها ئەم سێ ڕیکلامە وێنەیان لە گەڵدایە. ئیدی ئەوانیتر تەنها نووسین، وێنەیان لەگەڵدا نیە، بگرە زۆربەیان (**ئاگاداری، داوا، تکا**)ن کەمتر ڕیکلامی بازرگانین، ئەوەی جێگای سەرنجە لەڕووی دەرهێنانی هونەری، نەخشەسازییەوە گرنگی پێنەدراوە.




**ژمارە (٢):**

**١. لاپەڕە (٤):**

بانگەواز دەکرێ بەشێوەی ڕیکلام کردن بۆ بیر وهزر،پرس، دوز،.. ێکی تایبەت لە قەڵەم بدرێت،بە ناوی **(فریاکەوتن-لێبوردن)**ەوە بانگەوازی کەسایەتی، دەسەڵاتداران، سەرۆکی پارتەکان،هەموو گەلانی عێراق دەکات بۆ کارکردن،قایل کردنی مەلیک و وەلی عەهد بۆ واژۆکردنی لێبوردنێک بۆ بەرزانیەکان کەلەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆریان لە بەندیخانەکاندا بوون. بانگەوازەکە لە چوارچێوەیەکی سەرنج ڕاکێشدا نووسراوە، هەروەها سەردێڕەکەشی لەچوارچێوەیەکی دیکەدا، لە ناوەڕاستدا هاوسەنگ پێکراوە، ڕەچاوی جۆری خاڵ و گۆشەی کردووە، چوارچێوەی سەردێڕەکەی (**استغاثة و استعطاف**) لە جیاتی وێنە بەکار هێناوە.

**٢. دیوی ناوەوەی بەرگەکەی:**

سەرتاسەری لاپەڕەکە لەشێوەی تراکتێکدا کراوە بە دوو ڕیکلام بۆ یەک کۆمپانیا (**کۆمپانیای عەلی کەمال وعەلی حەیدەر**) بۆ دوو بابەتی جیاواز :

* نرخ دابەزاندنی کەلوپەل وکالا بۆ ماوەی مانگێک.

* تۆو شووتی لەجۆری تۆم وتسنی ئەمریکی.

هەردوو ڕیکلام بێ وێنەن، لەسەر

شێوەی تەرازووی ئاسایی نووسینەكە هاوسەنگ كراوە. هەمان ڕیكلام لە ژمارە (٣) دووبارەكراوەتەوە.

**ژمارە (٤):**

**١. لاپەڕە (١٢):**

ئاگادارییەک لە ژێرسەردێڕی ڕیكلامدا بۆ کۆمپانیای بەغای نوێ بڵاوکراوەتەوە کە تایبەتە بە ئاگاداری فرۆشتنی پارچە زەوییەک. نووسینەکە، بە زمانی عەرەبییە، بەشێوەی تەرازووی ئاسایی لاکێشەیی هاوسەنگ کراوە.هەمان ئاگاداری لە ژمارە (٧،٦،٥) دووبارە کراوەتەوە.

**٢. لاپەڕە (٢١) :**

چاپكراو سەردێڕی ئەو ڕیكلامەیە كە بۆكتێبی **(گەورە پیاوان)**ی شاكر فەتاح كراوە، وێنەی لە گەڵدا نییە، بە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**ژمارە (٥) :**

**١. لاپەڕە (٦) :**

**(شیرینی نایاب)** سەردێڕی ئەو ڕیكلامەیە كە بۆ كارگەی شیرنەمەنی ڕافیدەین كراوە، وێنەی لەگەڵدا نییە، بەزمانی عەرەبییە، نووسینەكە بە شێوەی تەرازووی ئاسایی دووسێ گۆشەی گۆشە بەرانبەر هاوسەنگ كراوە، هەروەها لەبەشی كوردی، لە لاپەڕە(٢١) دا دووبارە كراوەتەوە، بەڵام لێرە بەشێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**٢. لاپەڕە (١٤):**

مژدە/ سەر دێڕی ڕیكلامی كارگەی خشتی **(الصباح)**ـە، بەهەمان شێوە وێنەی لە گەڵدا نییە، بە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە. هەمان ڕیكلام لەژمارە (٧،٦) دا دووبارەكراوەتەوە.

**ژمارە (٨):**

بەرگی دواوەی سێ ڕیكلامی تێدا بڵاوكراوەتەوە:

١. بۆ پارێزەر **(قادر مستەفا)** یە كە داوا لە سلێمانی ودەرەوەیدا وەرئەگرێ، لە سەر شێوەی پسوڵە چاپ كراوە.

٢. ئاگاداری ئیدارەخانەی گۆڤارە سەبارەت بە ئامادەیی نیشاندان بۆ بڵاوكردنەوەی ڕیكلام بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی.

٣. لە شێوەی پسوڵەدا ڕیكلام بۆ چاپخانەی **(المعارف)** كراوە. ئەم ڕیكلامە لە ژمارە (٢١،١٩) دووبارە كراوەتەوە.

* هەرسێ ڕیكلام لە شێوەی پسوڵەدان بەڵام بە قەبارەی جیاواز.
* وێنەیان لە گەڵدا نییە.
* بە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**ژمارە (٩):**

**١. لاپەڕەی (٢٣):**

بە كوردی ڕیكلامێك بۆ چاپخانەی كوردستان لە هەولێر كراوە، بە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**ژمارە (١٠):**

**١. لاپەڕە (١٤):**

لە ژێر ناوونیشانی پرسەدا، نزار پرسە نامەیەكی قەدری جانی كە لە دیمەشقەوە بۆ هاتووە،بڵاوكردۆتەوە، سەبارەت بە كۆچی دوایی ئەمین زەكی بەگە، لەشێوەی پسوڵە دایە، بە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**٢. هەمان لاپەڕە :**

لەژێر ناوی ڕیكلامدا، ئاگادارییەك لە لایەن موتەسەڕیفییەتی بەغاوە بڵاو كراوەتەوە بۆ دابینكردنی (**١٠٠ دزداشە**) لە قوماشی خاكی، بە شێوەی تەرازوی ئاسایی لاكێشەیی هاوسەنگ كراوە.

**٣. لاپەڕە (٢٠):**

لە ژێرناوی ئابوونەدا بۆگۆڤار خۆی ئاگادارییەك بڵاوكراوەتەوە كەداوا لە

هاوبەشانی دەکات: ئابوونەکانی خۆیان بنێرن، بەشـێوەیەکی ئەدەبی زۆر جوان نووسراوە، بەشـێوەی تـەرازووی ئاسـایی لاکێشـەیی هاوسەنگ کراوە.

**ژمارە (١١):**

**١. لاپەڕە (٨):**

ڕیـکلام سـەردێڕی ئـەو ئاگاداریەیـە کە تۆمەتبارێکی پێ ئاگادار کراوەتەوە بۆ ئامادە بوونی لەبەردەم دادگای سەربازیدا،بە شێوەی تەرازوی ئاسایی لاکێشەیی هاوسەنگ کراوە. لە ژمارە (١٢) دووبارە کراوەتەوە.

**٢. لاپەڕە (١٦):**

ڕیـکلام سـەردێڕی کەمکردنەوەیەکـی ئاشـکرایە بۆدابینکردنـی (١٠٠ تـەن) جـۆ، ئاگادارییە کە ئیمزای موتەسـەریفییەتی لیوای بەغای پێوەیە، بە شـێوەی تەرازووی ئاسایی لاکێشەیی هاوسەنگ کراوە.

**٣. بەرگی دواوە :**

لە شـێوەی شـریتێک، لە ژێر سـەردێڕی **(گازینـۆ)** ڕیکلامێـک بۆ گازینۆکـەی حەمەی بەکر کراوە، بەڵام ناوونیشانی تێدا نییە.

**ژمارە (١٢) :**

**١. لاپەڕە (٢٥،٢٦) :**

بە کوردی، لە ژێر سـەردێڕی **(ئیعلان بۆ حاجیـەکان)** ڕیکلامێـک بڵاوکراوەتەوە، هانی حاجیان دەدات کە لەگەڵ کاروانی **(بریکارانی شـەرکەتی پاپـۆڕی پۆسـتەی خدێـوی شەریکایەتی میسر)** بڕۆن بۆ حەج، ڕیکلامەکە وێنەی لەگەڵدا نییە،لەسەر شێوەی تەرازووی یەکتربـڕی ئاسـۆیی و شـاقوڵی هاوسـەنگ کراوە، لە ژمارە (١٣) دا دووبارە کراوەتەوە.

**ژمارە (١٣) :**

**١. لاپەڕە (١٠) :**

**(ماء شـیرین)** ڕیکلامی ئەو دەرمانەیە کە ناهێڵێ قژ سـپی ببێـت. وێنەی لەگەڵـدا نییە، بە شـێوەی تـەرازووی ئاسـایی لاکێشـەیی هاوسـەنگ کراوە. هەروەها بەهەمان شـێوە، لـە لاپـەڕە (٢٤)دا، بەکـوردی جارێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە.لەژمارە (١٤،١٥،١٦،١٧،١٨) بە کوردی وعەرەبی دووبارە کراوەتەوە.

**٢. لاپەڕە (١٨) :**

لـە ژێـر سـەردێڕی **(ئوتێـل و چێشـتخانەی شـەهرزاد)** ڕیکلامێک بە کوردی بڵاوکراوەتەوە،ئـەم ئوتێلـە کەوتۆتە شـاری کەرکـووک، ڕیکلامەکـە بێ وێنەیە،لە سـەر شـێوەی تـەرازووی ئاسـایی لاکێشـەیی هاوسـەنگ کـراوە. لە ژمـارە (١٤،١٥،١٦) دا دووبارە کراوەتەوە.

**٣. لاپەڕە (٢٤):**

خانووکـردن: سـەردێڕی ئەوڕیکلامەیـە کـە بـۆ نووسـینگەی ئەندازیـار


ئابونە!

لەم ڕوژەدا کە ئەکو چەلەمەی چاپ لە هەموو شت زوورە ئەم گوڤارە هەموو جار لە وەختی خویا بە ڕیکوپیکی دەرچوە و گەیشتونە دەستتان .

مایەوە سەر ئەوە ئایا یەکێ بە دلیانابە بلیت : ئەمەچون دەرئەچی و بەچی دەرئەچی ؟

لام وایە هەموو کەس ئەوە ئەزانێ کە ڕوژنامەچیەتی لەم ڕوژەدا بەتیکرا لە زەرەر بەولاوە هیچی لێ ناکەوێ بە تایبەتی لای ئێمە !

ئەروا یەکەی یانەیەکەی تا ئیستە لەوەندە زەرەرمانیدا کردوە کە بە فروشتنی خوشمان پڕونە کرینەوە .

مایەوە سەر ئیستە ، ئیستەش تکا لە کەینەزو بە زو ئابونەکەمان بو بنیرن تابتوانین ایش بکەین .

هەواڵنامەی کتێب

**(عەبدولقـادر عەبدولـڕەزاق)** ناوێـک لـە سـلێمانی کـراوە، ڕیکلامەکـە بـە زمانـی کوردییـە، بـە شێوەی تەرازووی ئاسایی لاکێشەیی هاوسەنگ کراوە.لە ژمارە (١٤) دووبارە کراوەتەوە.




**ژمارە (١٤) :**

**١. لاپەڕە (٢٢) :**

رحلـە المنشـی البغدادی، سـەردێڕی ڕیکلامێکە بۆ کتێبەکەی گەشـتی ڕیچ، بێ وێنەیە، بەڵام پێرستی بابەتەکانی دیاری کردووە، بە شـێوەی تەرازووی ئاسایی لاکێشەیی هاوسەنگ کراوە.

**ژمارە (١٦) :**

**١. لاپەڕە (٧) :**

کـۆگای درومانـی کەشـاف، سـەردێڕی ڕیکلامێکی بـێ وێنەیە، بـۆ فرۆشـتنی قومـاش و دروونی جلوبەرگـی هەمـە جـۆر و ڕەنگ، بـە شـێوەی تـەرازوی ئاسـایی لاکێشـەیی هاوسـەنگ کـراوە، هەروەهـا بەکوردی بە هەمان شـێوە، لـە لاپەڕە(٢٤) دا جارێکی دیکـە بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (١٧،١٨،١٩) دووبارە کراوەتەوە.




**ژمارە (١٨)**

ئەم ژمارەیە بەهەڵە لێی نووسـراوە (١٩).

**١. لاپەڕە (٢٤):**

ڕیکلامی یانسـیبی دروسـتکردنی خەستەخانەکانی عێراق سەرتاسەری لاپەڕەکـەی گرتۆتـەوە، دوو وێنەی بچووکـی براوەکانی جاری یەکەمی تێدایە، وێنەکان لەگەڵ نووسینەکەدا بە جۆری گۆشە و خاڵ، لە شێوەی پیتـی (U)ی ئینگلیزی هاوسـەنگ کـراوە، لە ژمـارە (١٩) دا هەمان ڕیکلام دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

**ژمارە (١٩) :**

**١. لاپەڕە (٨) :**

لــە شــێوەی پســوڵەیەکی لاکێشــەیی ڕیکلامێــک بــۆ پارێزەر(ڕەشــیدباجەلان) بڵاوکراوەتــەوە : هەمــوو جــۆرە داوایەک لە خانەقین وەردەگرێت.

**٢. لاپەڕە (١٦ – ٢٢):**

ئاڕمــی پیرەمەگــرون، بە عەرەبــی وکوردی بــۆ مارکــەی چــای ســیلان، دووبــارە بڵاوکراوەتەوە.

**٣. لاپەڕە (٢٣) :**

براندی مارتێل، ســەردێڕی ڕیکلامێکە بۆ کۆنیاکــی فەرەنســی، وێنەی شووشەکەشــی لــە گەڵدایــە، بە جــۆری تەرازووی ئاســایی، لــە شــێوەی دوو لاکێشــەی بەرانبــەر یــەک هاوســەنگ کــراوە، لــە ژمــارە (٢٠،٢١،٢٢) دووبارە بڵاوکراوەتەوە

**ژمارە (٢٠) :**


**١. لاپەڕە (٢٤) :**

ڕیکلامــی یانســیبی دروســتکردنی خەســتەخانەکانی عێراقی تێدا بڵاەکراوەتەوە، سەرتاســەری لاپەڕەکــەی گرتۆتــەوە، دوو وێنەی بچووکی براوەی ڕا کێشــانی دووەمی لــە گەڵدایــە، وێنــەکان لەگەڵ نووســینەکەدا بە شــێوەی تەرازووی ئاســایی، لە شــێوەی لاکێشــەی لە ســەریەک هاوســەنگ کــراوە، هــەردوو وێنەکە بە شــێوەیەک دانــراون کە ســەرنجی خوێنــەر بۆ نووســینی لاکێشــەی ســێیەم ڕابکێشــن، هەمان ڕیکلام لــە ژمارە (٢١) دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

**ژمارە (٢١) :**

**١. لاپەڕە (٨) :**

تکا بۆ هاوبەشــە بەڕێزەکان، ســەردێڕی ئاگادارییەکــە کە تکایان لێدەکات بۆ ئەوەی پارەی هاوبەشــێتی خۆیان بنێرن، لەشــێوەی پسوڵەی لاکێشەییدا هاوسەنگ کراوە.



خانو کردن

ئەگەر ئەتەوێ پارەت بە فیڕرۆ نەڕوا وە بەدڵی خۆت لە خانوێکی تازە بابەت و جوانا دانیشی خێرا خۆت بگەیەنە لای مهندس « عبد القادر عبدالرزاق » لە سولەیمانی ، بەردەرکی سەرا لە شوێنەکەی علی عبدالقادر مصطفی . ئامادەیە بۆ رێکخستنی خەریتە لە سەر مودێلی تازە وە لە پێشەوە حسابی خانووەکەت بۆ بکا کە چەندی تێ ئەچێ وە چاو - ێریشی بکا تا تەواو ئەبێ . ئەمانە هەمو بە جۆرێکی عالی ئەوەك هەرزەنەبێ .

**پەراوێزەکان:**

١. فليح عبدالزهرة الزبيدى : فن البيع والاعلان، بغداد، ١٩٨٨، ص ٤٤.
٢. د. أحمد عادل راشد : الاعلان، بيروت، ١٩٨١، ص ١٠.
٣. مەلا بەهادین : ڕیکلامی بازرگانی، ڕایەن، ژمارە (١٢)، سلێمانی، ساڵی (٤) بەهاری ٢٠٠٤، ل١٢.
٤. محمد عبدالقادر : دور الاعلام في التنمية، بغداد، ١٩٨٢، ص ٩٠.
٥. فليح عبدالزهرة : فن البيع و الاعلان، مصدر سابق،ص ٤٥.
٦. إبراهيم سعيد : دورالاعلان في الصحافة الكردية، بحث مقدم الى مجلس قسم الصحافة في معهد الفنى في السليمانية،٢٠٠٠ – ٢٠٠١، ص ٨.
٧. إبراهيم سعيد : دور الاعلان في الصحافة الكردية، مصدر سابق، ص١٤.
٨. إبراهيم سعيد : دور الاعلان في الصحافة الكردية، مصدر سابق، ٩.
٩. محمدعبدالقادراحمد : دورالاعلام في التنمية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٢، ص٨٩.
١٠. د. أحمد عادل راشد : الاعلان، مصدر سابق، ٣٥.
١١. مەلا بەهادین : ڕیکلامی بازرگانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١ – ١٢.
١٢. د. أحمد عادل راشد : الاعلان، المصدر السابق، ص٤٦ ؛ و رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣، ص ١٩.
١٣. رستم أبورستم ومحمدأبوجمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص٢٣.
١٤. د. أحمد عادل راشد : الاعلان، المصدر السابق، ص ص ٤٦ – ٤٧ ؛ و رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص ص١٩ – ٢١.
١٥. رستم أبورستم ومحمدأبوجمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص٢٢.
١٦. ابراهيم سعيد : دورالاعلان في الصحافة الكردية، المصدر السابق، ص ٦.
١٧. د. أحمد عادل راشد : الاعلان، المصدر السابق، ص ١٥٠ ؛ و رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص١١٨.
١٨. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان المصدر السابق، ص٤١.
١٩. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان المصدر السابق، ص٤٢.
٢٠. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان المصدر السابق، ص٤٣.
٢١. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان المصدر السابق، ص٨٠.

٢٢. د. أحمد عادل راشــد : الاعلان، المصدر الســابق، ص ١٩٩؛ و رســتم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص٨٥.
٢٣. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة: الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص٨٥.
٢٤. د. أحمد عادل راشــد: الاعلان، المصدر الســابق، ص ١٩٧ ؛ و رســتم أبورستم و محمد أبو جمعة : الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص٨٢.
٢٥. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة: الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص ١٠٤.
٢٦. رستم أبورستم و محمد أبو جمعة: الدعاية والاعلان، المصدر السابق، ص ٨٤.
٢٧. نزار : معنى كلمة نزار، گۆڤاری نزار، ژماره (٣)، ساڵی (١)، بەغداد، نیسانی ١٩٤٨، لا ١٢.
٢٨. ڕەفیق ساڵح، گۆڤاری نزار، لێكۆڵینەوە وپێرستكاریی سدیق ساڵح، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٦٦.
٢٩. نزار: نزار و ڕەخنە، گۆڤاری نزار، ژماره (٥)، ساڵی (١)، بەغداد، مایسی ١٩٤٨، لا ٢٢.
٣٠. نزار: ئەم گۆڤارە، گۆڤاری نزار، ژماره (٣)، ساڵی (١)، بەغداد، نیسانی ١٩٤٨، لا ٢٣.
٣١. نزار: أعتذار، گۆڤاری نزار، ژماره (١)، ساڵی (١)، بەغداد، ئازاری ١٩٤٨، لا ٩.
٣٢. نزار: هذه المجلة و جمعية الصحفيين، گۆڤاری نزار، ژمارة (١٥)، ســاڵی (١)، بەغداد، تشــرینی یەكەمی ١٩٤٨، لا ٤.

هەواڵنامەی كتێب

## سەرچاوەكان :


### كوردی :
١) ڕەفیق ساڵح، گۆڤاری نزار، لێكۆڵینەوە وپێرستكاریی سدیق ساڵح، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢) ڕەفیق ســاڵح، ڕۆژنامەكانی سەردەمی حوكمی شێخ مەحمود، لەســەر نووسینی سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣) د. كەمال فوئاد، كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢، بەغدا، ١٩٧٢.
٤) نەوشــیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی كوردی ١٨٩٨–١٩١٨، بەرگی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٥) نەوشــیروان مســتەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی كوردی ســاڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی ١٩١٨ – ١٩٣٨، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٦) هەڤــاڵ ئەبوبەكر، چەندهەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووســی، پروپاگەندە و ڕای گشــتی، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

### عەرەبی :
١) د. أحمد عادل راشد، الاعلان، بيروت، ١٩٨١.
٢) رستم أبورستم و محمدأبوجمعة، الدعاية والاعلان، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣.
٣) عبدالاله مصطفى عبدالرزاق الخزرجي، تحليل لغة الدعاية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٤.
٤) فليح عبدالزهرة الزبيدي، فن البيع و الاعلان، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٨.
٥) محمد عبدالقادرأحمد، دور الاعلام في التنمية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٢.

### گۆڤار:
١) ژین، ژماره (١٨)، ساڵی (١)، ٨ ی مایس، ١٩١٩
٢) دیاری كوردستان، ژماره(١)، ساڵی (١)، چوارشەممە، ١١ی مارت، ١٩٢٥.
٣) گەلاوێژ، ژماره (٥– ٦)، ساڵی (١)، نیسان ومایس، ١٩٤٠.
٤) ڕایەن، ژماره)١٢)، ساڵی (٤)، بەهاری ٢٠٠٤.

### نامە:
١) دور الاعلان فى الصحافة الكردية للفترة من ١٩٩١– ٢٠٠١، إبراهيم سعيد فتح الله، بحث مقدم الى مجلس قسم الصحافة فى المعهد الفنى في السليمانية، ٢٠٠٠– ٢٠٠١.

# بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەری لەدەڤەری مەخموور (١٩٩١-٢٠٠٩)



بەختیار پاڵانی

بەرلەوەی باس لەیەکەمین بڵاوکراوەی دەڤەری مەخموور بکەم، دەبێ ئەوە بڵێین کە زۆرێک لە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی مەخموور لە سالانی حەفتاو هەشتاکان بابەت گەلێکی زۆریان بڵاوکردۆتەوە لە رووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا وەکو (کاروان، رەنگین، هاوکاری، پاشکۆی عێراق...هتد)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەلێک نووسەری باش هەبوونە، نەبوەتە هۆی ئەوەی کە بتوانن تەنیا بڵاوکراوەیەک لەو سنوورە دەربکەن، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کەمن بەدەستم گەیشتووە تاوەکو راپەرینی بەهاری ١٩٩١ هیچ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەک لە مەخموور دەرنەچووە.

دیارە دوای راپەرین هەلومەرجێکی وا ڕەخسا کە دەرگا لەبەردەم هەموو دەروازەکانی ژیان کرایەوە، سەرجەم چین وتوێژەکان کەوتنە کار بەتایبەت چین وتوێژی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، کەواتە راپەرین دەروازەیەک بوو بۆسەرهەڵدانی یەکەمین بڵاوکراوەی مەخموور، ئەگەر چی مەخموور تەنیا (٢٠) ڕۆژ ئازادی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بووە مایەی دەرچوونی یەکەمین بڵاوکراوە، ئەویش گۆڤاری (قەرەچووغ) بوو، لێرەدا ناوی سەرجەم ئەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامانەو گۆڤارانەی مەخموور دەخەینە روو، هیوادارم بتوانم خزمەتێکی بچووکی مێژووی ئەو دەڤەرەی کوردستان و رەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەم.

## گۆڤارەكان

### ١- قەرەچووغ




ژمارەی (١)ی لە تشرینی دووەمی ١٩٩١ دا دەرچووە، گۆڤارێكی رۆشنبیری وگشتی وسەربەخۆیە، سێ مانگ جارێك لە مەخمور دەردەچێت، لە لاپەرەی یەكەمی گۆڤارەكەدا نووسراوە (**قەرەچوغ مینبەرێكی ئازادە بۆهەموو نووسەرێكی كورد لە هەر كوێیەكدابێت**)، سەرنووسەری گۆڤاری قەرەچوغ بەرێز (**غەفوور مەخمووری**) بووە، كە جێگەی خۆیەتی لێرەدا باسی بكەین و ئاماژەی زیاتر بە ماندووبونی ئەو بەرێزە بكەین كە توانیویەتی بەیارمەتی چەند نوسەرو رۆژنامەنوسێك و بەیارمەتییەكی كەمی ماددی ئەو گۆڤارە دەربكات، جێگری سەرنووسەر(**عەبدولرەحمان بێلاف**) بووە، دەستەی نووسەرانی بریتی بووە لە (**جەمیل سنجاوی**) و (**سۆران قارەمان**).

گۆڤاری قەرەچوغ پەیامنێری لەسەرجەم شارەكانی كوردستان هەبووە بۆ نمونە پەیامنێری دهۆك(غیاث الدین نەقشبەندی)و، پەیامنێری سلێمانی (ئەحمەد عارف)و، پەیامنێری شاری كەركوك(ئازاد هەمەوەندی)بووە.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر یەكەمین بلاوكراوەی مەخموور وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كردووە ئەوا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ژمارە (١٣) گۆڤاری رۆژنامەنووس بەتێرو تەسەلی بابەتێك لەسەر ئەو گۆڤارە بلاوكراوەتەوە.

### ٢- گۆڤاری (قەرەچووغ)




دوای دابڕانێكی زۆر لە دەرچوونی یەكەمین بلاوكراوەی مەخموور بە ناوی (**قەرەچوغ**) جارێكی دیكە گۆڤاری (**قەرەچووغ**) دەرچۆتەوە واتە هەشت ساڵی تەواو ئەم گۆڤارە لەدەرچوون وەستاوە، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵە نە لەمەخموور و نە لە هیچ شارێكی دیكە هیچ رۆژنامەو بلاوكراوەیەك لەسەر مەخموور بلاونەكراوەتەوە. ئەم جارەشیان بەهیمەتی و ماندووبونی (**غەفوور مەخمووری**) گۆڤاری قەرەچووغ دەرچوتەوە، ژمارە (١) ی گۆڤاری قەرەچووغ لە بەهاری (١٩٩٩)دا دەرچووە، گۆڤارێكی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، هەرێمی قەرەچووغی یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان دەری دەكات، ژمارە یەكەمی لە بەهاری

٢٦٩٩ی کـوردی بەرامبەر ٢١-مارتـی-١٩٩١ دەرچووە، گـۆواری قەرەچـووغ (٩) ژمـارەی لـێ بڵاوکراوەتـەوە، بەڵام لە شـەش بەرگدا بەم جۆرەی خوارەوە: ژمارەکانی (١-٢-٥) بەجیا دەرچوونە، بەڵام ژمارەی (٣-٤) لەبەرگێکدا دەرچووە،هەروەها ژمارەکانی (٦-٧) بەیەکەوە دەرچووە، ژمـارەی(٨-٩) بەیەکـەوە لەبەرگێکـدا دەرچـووە کە دوا ژمارەیەتی.

ئەگەر سەیری ژمارەکانی قەرەچووغ بکەین لەبەر چەند هۆیەکـی دیاریکـراو لەبەر بەرژەوەندی نووسـەران هەتا ژمارە(٥) ناوی هیچ نووسـەر و ڕۆژنامەنووسێک دیاری نەکـراوە، بەڵام لە ژمارە(٥)ی کە لە بەهاری ٢٧٠٠(**سـاڵی** ٢٠٠٠) دەرچـووە، خاوەنـی ئیمتیـازی نووسـراوە کـە (**د.شـاخەوان خالید**)بـووە، سەرنووسـەرەکەی (**ڕێـکار مەخمووری**)بووە، بەسەرپەرشـتی (**هەنگاو قەرەچووغی**) بووە، دەستەی نووسەرانی نووسراوە (سەردار دیبەگەیی، فەرید مەخمـووری، ڕەوا بلباس، پەروەر پاڵانی)، یەڵام لە ژمـارەی (٨-٩)یدا هەندێ گۆرانکاری بەسـەر دەسـتەی نووسـین داهاتـووە، سەرنووسـەرەکەی بووەتـە (**ڕەوا بلباس**) و سکرتێری نووسینی بۆ زیادکراوە ئەویش(**پەروەر پاڵانی**)بووە، هەروەها دەسـتەی نووسەرانی بەم شێوەیە نووسراوە( **سـەردار دیبەگەیی، کەریم مەلا، بڵند قەراجی، سـیامەند قـادر**). ئەوەشـمان لەبیرنەچـێ ئـەم گۆڤـارە بەشـێوەیەکی وەرزی دەرچـووەو، دوا ژمـارەی(٩) لـە زستانی ٢٧٠٢کوردی ساڵی (٢٠٠٣) بڵاوکراوەتەوە.

**٣- قەراجی ئازاد (قراج حر)**


Qareji Azad
قەراجی ئازاد

قەراجی ئازاد، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە، لیژنـەی ناوچەی قەراجی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەری دەکات، ژمـارە (١)ی لـە ٩ی نیسـانی٢٠٠٧ لـە یادی رزگارکردنی شـاری مەخموور و دەڤەری قەراج بڵاوکراوەتەوە، بەزمانی عەرەبی و کوردی (کرمانجی خواروو، کرمانجی سەروو، بەڵام بەهەردوو ڕێنوسی لاتینـی و عەرەبی ) دەرچووە، ژمارە یەکی بە قەبارە بچوکـی تەنیا(٢٠)لاپـەرە بـووە، سەرنووسـەری (بەشدار حەسـەن چاوشین)، بەرێوەبەری نووسین (شـێرزاد هومەر مامەسێنی)، دەستەی نووسەرانی (مەحمـوود عەلی هەیاس، کۆمار وەلی فەقێ، کاوە عەزیز یەحیا، شـێرزاد سـەدرەدین، ئیدریس مەلا سـابیر). لە ژمارە یەکیدا لەدەستپێکدا دەربارەی ئـەم گۆڤـارە سەرنووسـەر دەڵێـت: ( قەراجـی ئـازاد بەهـاوکاری بیـرو هـزرو زانیاری و توانسـتی

هەموو دڵسۆزێکی دەڤەرەکە سەرەتا مانگی یەک جار بڵاودەبێتەوە، بۆیە لەم بۆنە پیرۆزە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو لایەک دەکەین و ژمارە یەکی گۆڤاری (قەراجی ئازاد)یش دیاریە بۆ ئەم بۆنەیە).

دواتر ژمارەیەکی دیکەی قەراجی ئازاد لەسەر شێوەی رۆژنامە دەرچووە، تێدا نووسراوە (بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتیء سیاسی مانگانەیە)، ژمارە (٢)ی لە تەمووزی ٢٠٠٧دا بڵاوکراوەتەوە. بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، تەنیا دەستەی نووسەرانی گۆرانکاری بەسەرداهاتووە نوسراوە (کۆمار وەلی فەقێ، کاوە عەزیز یەحیا، ئیدریس مەلا سابیر).

## رۆژنامەکان




### ١– مەخموور

رۆژنامەی (مەخموور) ژمارە(١)ی ساڵی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرچووە، لەلایەن قایمقامیەتی قەزای مەخموور بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانان دەرچووە، بە هەرسێ زمانی (کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی)، بەچوار لاپەرەی رەنگاورەنگ، ژمارە(٥)ی ساڵی یەکەم لە ١٧ی نیسانی ٢٠٠٤ بەرامبەر ٢٨ی نەورۆزی ٢٧٠٤ی کوردی دەرچووە، لەژمارە(٥)ی نووسراوە رۆژنامەکە بەخۆرایی دابەش دەکرێت، خاوەنی ئیمتیازی (عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی) قایمقامی قەزای مەخموور، سەرنووسەری ( کاپتن ئێدوارد لارکین)، بەرێوەبەری نووسین (محەمەد وەسمان).

دوای ماوەیەک دابڕان، بەتایبەت دوای رودانی تەقینەوەیەک لەشاری مەخموور، بوە هۆی هەندێ گۆرانکاری کارگێری ئەوەبوو جارێکی تر رۆژنامەی مەخموور دەرچوەتەوە، بەڵام بەشێوەیکی پچرپچر تەنیا بە زمانی کوردی لە ژمارە(٤٣) جارێکی دیکە دەرچووە، تێیدا نووسراوە خاوەنی ئیمتیازی ( بارزان سەید کاکە)، سەرنووسەری (سەدرەدین قەراجی)، ژمارە (٤٤)ی لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ بەرانبەر ١٩ی جۆزەردانی ٢٧٠٨ کوردی بڵاوکراوەتەوە، لە چاپخانەی شەهاب چاپکراوە، دوا ژمارەی (٥٠) لەساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە.

لێرەدا یەک خاڵ هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم زۆرم هەوڵدا بۆ ئەوەی بتوانم تەواوی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە کۆبکەمەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بوو بێ نەمتوانیوە، چەند جارێکیش پەیوەندیم بە بەرێز عەبدولرەحمان بێلاف

کردووە بۆ دەستکەوتنی تەواوی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بەداخەوە لە ئەرشیفی زۆر کەس گەڕاوم دەستم نەکەوت، هەرچەنـدە بۆدواجار بەڕێز عەبدولرەحمان بەڵێنی ئەوەی پێداوم کە ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە لە ئەرشیفی ئەوداهەیە، بـەڵام بەهۆی سـەرقاڵیەوە تەواوی زانیاری لەسـەر ئەو ڕۆژنامەیە دوادەکەوێت خوا یاربێت لە دەرفەتی تر باسـی لێوە دەکەین.

**٢- میرجان**


Mircan
میرجان
سەری ساڵی نوێتان پیرۆزبێت

بەمانشـێتی (ئێمە بەشێکین لەخاکی کوردستان، بۆچی نەگەڕێینەوە نێو باوەشـی کوردسـتان)، ژمارە(سـفر)ی بەشـێوەی بڵاوکراوە لە ١٠ی نیسـانی ٢٠٠٤ دەرچووە، ڕۆژنامەیەکـی ڕۆشـنبیری گشـتییە، لەلایـەن کۆمەڵێک لاوی مەخمـوور دەردەچێت بەسەرپەرشـتی (بەختیار پاڵانی)، ژمارە(١)ی لە(٢٦-مایسی-٢٠٠٤) دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی (شۆش خدر ئیبراهیم)،سەرنووسەری (بەختیار پاڵانی)، بەڕێوەبەری هونەری(محەمەد مستەفا خۆشناو)بووە، ئەم ژمارەیەی لەسەرجەم شارەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە بە چوار لاپەرە دەرچووە، ژمـارە(٢)ی ڕۆژنامەی میرجان بەم شـێوەیە خۆی ناسـاندووە (ڕۆژنامەیەکـی ڕۆشـنبیری گشـتییە، سـەنتەری ڕۆشـنبیری مەخموور دەری دەکات)، ئـەم ژمارەیەی دوا ژمارەیەتی لـە (١ی کانوونی دووەمـی٢٠٠٥) دا بڵاوکراوەتـەوە، خاوەنـی ئیمتیازی (عەدنان حاجی کاکە)، سەرنووسـەری (بەختیار پاڵانی)بـووە، بەهـۆی نەبوونی پاڵپشـتی و هاوکاری ئەم ڕۆژنامەیـەش وەک ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکانـی دیکـە نەیتوانیوە بەردەوام بێت لەجێگەی دەستخۆشی لێ کردن، ڕەخنـەی زۆری لێ گیراوەو نەیتوانیوە ئازادانە کاربکات و بەردەوام بێت.

**٣- ئازادی قەرەچووغ**


ئازادی قەرەچووغ
Azadi Qereçûx

سـاڵنامەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتی هەمەڕەنگـە، هەرێمـی قەرەچووغـی (yndk) سـاڵانە لـە یـادی ڕزگارکردنی شـاری مەخموور دەری دەکات، ژمارە (١)ی لـە( ١٠ی نیسـانی ٢٠٠٤)دا دەرچـووە، ئـەم ڕۆژنامەیە زیاتر گرنگی دەدات بە یادی ڕزگارکردنی شـاری مەخمـوور ودەوروبـەری، بەڕێوەبـەری ئەنجومەنـی کارگێڕی(جەمیل سنجاوی)، خاوەنی ئیمتیازی(شاخەوان خالید)، سەرنووسەری (خەلیل ئیبراهیـم)، ژمـارە(٢)ی لـە ١٠-نیسـانی-٢٠٠٥

دادەرچووە، ژمارە(٤)ی لە ١٠-نیسانی-٢٠٠٧ دا دەرچووە، ژمـارەی (٥)ی لـە١٠ی نیسـانی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتـەوە. هەموو سـاڵێک بەبەردەوامی لە یادی رزگارکردنی شاری مەخموورد دەردەچێت.


پەیامی قەرەچووغ
لە مانگێکدا چوار وەزیر سەردانی مەخموور دەکەن
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
لە مەخموور خزمەت بەبواری پەروەردە دەکات

## ٤- پەیامی قەرەچووغ

ژمارەی نۆبەرەی رۆژنامەی (پەیامی قەرەچووغ ) وەک پاشکۆی رۆژنامەی (بەدرخان) دەرچووە، بڵاوکراوەیەکی رۆشـنبیری گشـتی مانگانەیە، بەهاوکاری دەزگای چاپ وبڵاوکردنـەوەی بەدرخـان لە مەخمـوور دەردەچێت، ژمارە(١)ی بەرانبەر ژمارە (٧٣)ی رۆژنامەی بەدرخان لە رۆژی هەینی (٢٢-ئەیلوولی-٢٠٠٦)دا بڵاوکراوەتەوە، خاوەنـی ئیمتیـازی( دەزگای چـاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخـان)، سەرنووسـەری ( سـالار سـیامەند)، دەستەی نووسـەرانی ( جەمیل سنجاوی، موحسین شـوانی،قارەمان وولات، رزگار عومـەر، نەجمەدین مـەلا سـالح)بوونەو، پەیامنێرانیشـی (سـەدرەدین قەراجی، بەختیار رەشید)بوونە، پەیامی قەرەچووغ تەنیا یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## ٥- دەنگی مەخموور


دەنگی مەخموور
مەخموور چاوەڕوانە پەرلەمانی کوردستان ئاوڕێکی لێبداتەوە
١هەزار مەخمووری ماڵی دەنگدانیان هەیە
مەخموور چاوەڕوانی یەکەمین فیستیڤاڵی هونەرو رۆشنبیرییە
رۆشنبیرانی مەخموور خەنوون

رۆژنامەیەکـی رۆشـنبیری گشـتیە، لەمەخمـوور دەردەچێـت، بەشـێوەیەکی مانگانە، ژمـارە (١)ی لە ١٥ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٠٨ دەرچـووە، خاوەنـی ئیمتیازی (جەمیل سـنجاوی)، سەرنووسـەری (بەختیار محەمەد)، لە ناوەراسـتی هەموو مانگێک بـە (٨)لاپەرە، بەهەردوو رەنگی سـوورو رەش، (١٠٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرێت، لەچاپخانەی منارە چاپکراوە.

دەنگی مەخموور لەسەرجەم شارەکانی کوردستان بڵاودەکرێتـەوە، بەرێوەبـەری نووسـین (شـێرکۆ مەحمـوود)، دەسـتەی نووسـەرانی بریتیـن لـە ( موحسـین شـوانی، خەلیـل پاڵانـی، عەبدولرەحمان ئادەم)، پەیامنێرانی (ئەمیرخان مەلا رەسول، چریکە مەخمووری، جەلال خەیلانی)، دوا ژمارەی (٦)ی لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم رۆژنامەیـە یەکەمیـن رۆژنامەیـە لـە دەڤەری مەخموور بەشـێوەیەکی رێـک و پێک لەحاڵی ئێسـتا دەردەچێت، تائێسـتا تەنیا بە زمانی کـوردی دەردەچێت، بریاروایە لـە ئایندە لاپەرەی تایبەتـی بەزمانی عەرەبـی بڵاوبکاتەوە، هـەروەک لەدوا لاپەرەی هەموو ژمارەیەکی ئەو دەسـتەواژە نووسـراوە (صوت مخمور، جريدة ثقافية عامة، تصدر في مخمور).

## بڵاوکراوەکان

### ١- خۆری ئازادی


خۆری ئازادی
XORÎ AZADÎ

یەکەمین بڵاوکراوەیە لەدوای ئازادکردنی شاری مەخموور، ژمارە(سفر)ی لە ئەیلوولی ٢٠٠٣ دا دەرچووە، بڵاوکراوەیەکی ئەهلی هەمەڕەنگە،مانگێ جارێک لەمەخموور دەردەچێت، خاوەنی (مامۆستا خالید)، دەستەی نووسەرانی (پەروەر پاڵانی، یوسف مەخمووری، وولات بندیان، شەمال محەمەد، ناسک وەلید)، ئەم بڵاوکراوەیە (١١) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دوا ژمارەی (١١)، لە ئەیلوولی ٢٠٠٤ دا دەرچووەو دواتر لەکارکەوتووە.

بلاوکراوەی (خۆری ئازادی) لەسەرەتادا (٨) ژمارەی بە قەبارە(A4) دەرچووە، لەژمارە(٩)یدا بەشێوەی ڕۆژنامە دەرچووە دواتر لە ژمارە(١٠) ی بەهاوکاری دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی بەدرخان، تەنیا ژمارەیەکی بەشێوەیەکی جوان دەرچووە، دوا ژمارەی(١١) جارێکی دیکە لەسەر شێوەی بلاوکراوە(A3) دەرچۆتەوەو دواتر وەستاوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بڵاوکراوەیە بەسەرکەوتووترین ڕۆژنامە دادەنرێت، لەسەرجەم شاری مەخموور و زۆرترین خوێنەری هەبووە لەبەر ئەوەی بلاوکراوەیەکی هەمەڕەنگی ڕەخنە ئامێز بووە. زۆرترین نووسەر لە و بلاوکراوەیە بەشداریان کردووە، هەربۆیە خۆری ئازادی دەرگای واڵا کردبوو بۆ هەموو ئەوانەی ئارەزووی نووسینیان بووە لەبەر ئەمەش زۆرترین ڕەخنە وسکاڵای تێدا بڵاوکراوەتەوە هەرئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کەئەو بڵاوکراوەیە زۆرترین ڕەخنەی لەلایەن دەسەتداران لێ گیراوەو بوەتە هۆی ڕاگرتنی.

### ٢- تەبایی


تەبایی

بڵاوکراوەی تەبایی ژمارە(١)ی لە ١٦-نیسانی-٢٠٠٤ دا دەرچووە، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ناوچەی مەخموور دەری دەکات، لەلایەن نووسەرو ڕۆژنامەنووس (موحسین شوانی) سەرپەرشتی دەکرێت تا ئێستا دەردەچێت، لە ژمارە(٢٣)یدا بەم شێوەیە خۆی ناساندووە (بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە، لەمەخموور دەردەچێت)، ژمارە(٢٤)ی لە ئایاری ٢٠٠٧ دا دەرچووە، ژمارە (٢٥)ی لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دەرچووە،

ئەوەی گرنگە بیزانین دەربارەی بڵاوکراوەی

تەبایــی ئەوەیــە کــە مانگانە بەرێــک وپێکــی دەردەچێت، هەڵبەتە لەگەڵ نەبوونی ئیمکانیات و هاوکاری، بەڵام هەوڵ و ماندووبونی نووسەرو ڕۆژنامەنووس وشاعیر(موحسین شــوانی) پێوەدیارە کە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەناوەکەی بکەین.

### ٣- بازارگە

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا کە ڕۆژنامەی میرجان لە ژمارە (٢)یدا بەناوی ســەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور دەرچووە، بەڵام بەهۆی وەســتانی ئەو ڕۆژنامەیە، دواتر ســەنتەری ڕۆشــنبیری مەخمــوور کۆنفراســی خــۆی ئەنجامــداو بڵاوکراوەیەکــی بەناوی (بازارگە)دەرکرد، ژمارە(ســفر) ی لە ١١-نیســانی-٢٠٠٦ دا دەرچــووە، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشــنبیری کۆمەڵایەتی گشتییە، سەنتەری ڕۆشنبیری مەخمــوور دەری دەکات، بــە قەبارە(A٤) بە هەشــت لاپــەرە دەرچووە،خاوەنــی ئیمتیازی(ئــاراز عەلــی ئەمیــن)، ســەرنووســەری(محەمەد زرار بلبــاس)، دەســتەی نووســەرانی (ســەدرەدین قەراجی،نیاز مستەفا،مەهران سیان)، دواتر ژمارە(١)ی لە ئایاری ٢٠٠٦ دا دەرچــووە، بــەڵام ئەمجارەیــان بەقەبارە (A٣)بە چــوار لاپەرەبــووە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەیەی ڕاگیراوە، دەست بەسەر سەرجەم ژمارەکانی داگیراوە، هەرچەندە خاوەنی ئیمتیازی ئــەو بڵاوکراوەیــە پێیوایــە بەهــۆی نەبوونــی ئیمکانیەت ڕاگیــراوە، بــەڵام بەهەرحــاڵ ئــەم بڵاوکراوەیــەش وەک بڵاوکراوەکانی دیکە پەکی کەوتووەو وەستاوە.




### ٤- نویَ ڕۆژ

بڵاوکــراوەی (نــویَ ڕۆژ)، بڵاوکراوەیەکــی مانگانەی ڕۆشــنبیری گشتیە، دەستەیەک لە ڕۆشنبیری مەخموور دەریدەکەن، ژمارە (١)ی لە ١١ی گوڵانی ٢٧٠٧ کوردی بەرانبەر ١ی ئایاری ٢٠٠٧ بووە، بەڕێوەبەری نووسین ( وڵات مەخمــووری). وەکو بڵاکراوەیەکی ســەربەخۆ تەنیا یەک ژمارەی لیَ بڵاوکراوەتەوە، بەقەبارە (A3) چوار لاپەرە بەزمانی کوردی دەرچووە.

ئــەم بڵاوکراوەیــە تەنیا ژمــارەی لەناو شــاری مەخموور بەشێوەیەکی فۆتۆکۆپی لیَ بڵاوکراوەتەوە، هەروەک خاوەنی ئەو بڵاوکراوەیە باسی لێوە دەکات ئەو ویســتویەتی وەک سەرەتایەک بڵاوکراوەکەی بناســێنیَ دواتــر پەرەی پــیَ بدات، بــەڵام دواتر لەکار کەوتووە.




پەیامی خوشکان
یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(د.خ) پیرۆزبێت

## ٥- پەیامی خوشکان

ژمارە(١)ی ئەم بڵاوکراوەیە لە نیسانی ٢٠٠٧ دا دەرچووە، ژمارە(٢)ی لە ئایاری ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم بڵاوکراوەیەش لەلایەن (موحسین شوانی) سەرپەرشتی کراوەو دەرچووە، هەروەک سەریەشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لەیەکەمین ژمارەی دەڵێت: پەیامی خوشکان بۆ رۆشنبیری ئافرەتان و ژنانە، یەکەم بڵاوکراوەیە لەمەخموور دەربچێت کە تایبەتە بە لایەنی ئافرەتان. تەنیا دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.


Roşinbîrî Qereçûx
Hengawêke berew yekxistinî rênûsî kurdî
Dû xull komplyuter û xulêkî rênûsî latînî bo gencanî mexmûr dekatewe
Sîleman qereçûxî berherî (2008) î bilaw dekatewe
Pexşî Radiyoy Dengî Lawanî Mexmûr hate weşandin

## ٦- رۆشنبیری قەرەچووغ

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتیە، یەکەمین بڵاوکراوەیە لە دەڤەری مەخموور بەزمانی کوردی رێنوسی لاتینی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (سفر)ی لە نەورۆزی ٢٧٠٧ی کوردی (٢٠٠٧) بە چوار لاپەرە لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرنووسەری (خەلیل پاڵانی) بووە، خاوەنی ئیمتیازی تێدا نووسراوە (سەنتەری رۆشنبیری وهونەری قەرەچووغ)، تەنیا یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە دوای ئەنجامدانی چەند خولێک لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری وهونەری قەرەچووغ تایبەت بە رێنوسی لاتینی دەرچووە، کە تێیدا چەند کەسێک لەو خولە فێری ئەو شێوازە کراون و دواتریش بڵاوکراوەیەکیان دەکردووە.


فیستڤاڵنامە
ئەمرۆ مەخموور یەکەمین فیستڤاڵی رۆشنبیری و هونەر لە خۆ دەگرێت

## ٧- فیستیڤاڵنامە

بە بۆنەی ئەنجامدانی یەکەمین فیستڤاڵی رۆشنبیری وهونەری لە مەخموور دەرچووە، تەنیا یەک ژمارەی بەناوی (ژمارە تایبەت) لە ٢٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، ستاڤی نووسینی بریتی بووە لە (سامان قەرەچووغی، جەمیل سنجاوی، خەلیل پاڵانی، سالار سیامەند، یوسف خالید، عەدنان عوسمان)، بە چوار لاپەرە دەرچووە، شایەنی باسە لە رۆژی ئەنجامدانی ئەو ڤیستڤاڵە کە لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری وهونەری پارێزگای هەولێر بەرێوەچووە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورتیش بێت بە کەمپی ئاوارەکانی مەخموور بکەم کە لەساڵی ١٩٩٧ لەو کەمپە گیرساونەتەوە، کە تێدا زیاتر لە ١١ هەزار هاوڵاتی نیشتەجێن، هاوڵاتیانی ئەم کەمپەش بێ بەش نین لە دەرکردنی بڵاوکراوەو رۆژنامە تائێستا زیاتر لە ٥ رۆژنامەو بڵاوکراوەیان دەرکردووە هەوڵدەدەین لە دەرفەتێکی دیکە تەواوی بڵاوکراوەکانی کەمپی مەخموور بەسەر بکەینەوە.

رۆژو بەرواری بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی دەڤەری مەخموور لەم خشتەیە دیاریکراوە

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | جۆری بڵاوکراوە | یەکەمین ژمارە | دوا ژمارە | سەرجەم ژمارەکان | سەرنووسەر | خاوەنی ئیمتیاز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | [illegible] | گۆڤار | [illegible] | [illegible] | ١ | [illegible] | — |
| ٢ | [illegible] | گۆڤار | بەهاری ١٩٩٩ | زستانی ٢٠٠٣ | ٩ | [illegible] | شاخەوان خالید |
| ٣ | مەخموور | رۆژنامە | [illegible] | [illegible] | — | [illegible] | [illegible] |
| ٤ | [illegible] | بڵاوکراوە | ئەیلول ٢٠٠٣ | ئەیلول ٢٠٠٤ | ١١ | مامۆستا خالید | مامۆستا خالید |
| ٥ | [illegible] | رۆژنامە | [illegible] | [illegible] | ٢ | [illegible] | شۆڕش خدر ئیبراهیم |
| ٦ | [illegible] | رۆژنامە | [illegible] | ٢٠٠٨/٤/١٠ | ٥ | [illegible] | شاخەوان خالید |
| ٧ | [illegible] | بڵاوکراوە | [illegible] | [illegible] | ٣٠ | موحسین شوانی | موحسین شوانی |
| ٨ | [illegible] | بڵاوکراوە | ٢٠٠٦/٤/١١ | ئایاری ٢٠٠٦ | ٢ | [illegible] | [illegible] |
| ٩ | [illegible] | رۆژنامە | [illegible] | [illegible] | ١ | [illegible] | [illegible] |
| ١٠ | [illegible] | بڵاوکراوە | نیسانی ٢٠٠٧ | ئایاری ٢٠٠٧ | ٢ | موحسین شوانی | موحسین شوانی |
| ١١ | [illegible] | بڵاوکراوە | [illegible] | [illegible] | ١ | [illegible] | [illegible] |
| ١٢ | [illegible] | گۆڤار/رۆژنامە | ٢٠٠٧/٤/٩ | [illegible] | ٢ | [illegible] | — |
| ١٣ | [illegible] | بڵاوکراوە | | [illegible] | ١ | [illegible] | سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچوغ |
| ١٤ | دەنگی مەخموور | رۆژنامە | ٢٠٠٨/١٠/١٠ | ٢٠٠٩/٢/١٠ | ٦ | [illegible] | [illegible] |
| ١٥ | [illegible] | بڵاوکراوە | ٢٠٠٨/١٠/١٠ | [illegible] | ١ | / | سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچوغ |

**سەرچاوەکان:**

١– خەلیل ئیبراهیم عەزیز، ئاماژەیەکی کورت بۆ گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەڤەری مەخموور، ئازادی قەرەچووغ (رۆژنامە)، ژمارە (١) ی لە (١٠–نیسانی–٢٠٠٤) ل ٤.
٢– گۆڤاری (قەرەچوغ)، ژمارە(١)ی بەهاری ١٩٩١ دا.
٣– چاوپێکەوتن لە گەڵ هەریەک لە رۆژنامەنووسان (جەمیل سنجاوی، خالید مەلاسەعدی) لەشاری مەخموور، لە رێکەوتی ١٦ی نیسانی٢٠٠٧ دا.
٤–چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرو سیاسەتمەدار (غەفوور مەخمووری) لە شاری هەولێر، لە رێکەوتی ١٥–مارتی ٢٠٠٨ دا.
٥– ئەرشیفی هەریەک لە رۆژنامەنووسان (موحسین شوانی، بایەزید رەحمان).
٦– سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (قەرەچووغ)، ژمارە (١ تا ٩).
٧–ماڵپەری (www.palany.kurdblogger.com).
٨– بەختیار پاڵانی، بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەری دەڤەری مەخموور (١٩٩١–٢٠٠٨)، ئازادی قەرەچووغ(رۆژنامە)، ژمارە (٥)ی بەرواری (١٠–نیسانی ٢٠٠٨).

# «یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان» لە نێوان ئاکار و ئازادیدا

## (خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ «یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧»)



هێرش رەسوڵ*

هەواڵنامەی کتێب

یاسا، بوارێکی گرنگ و پێویستی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانێتی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رێکخستنی جوڵانەوە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، بۆیە هەموو کار و پیشەیەکیش بەیاسای تایبەت بەخۆی رێکدەخرێت، لەو ئاستانەدا میدیا و رۆژنامەنووسیش وەکو پیشەیەکی هەستیار و جێبایەخی کۆمەڵگە خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیانن، بەو مەبەستەی پیشەکە رێکبخات و سنوری کاری میدیاکار و رۆژنامەنووسانیش بکێشێت.

بەشێوەیەکی گشتی، یاسای رۆژنامەنووسی هەوڵێک دەبێت بۆ پاراستنی رەوشی وڵات و کۆمەڵگە لەپشێوی و بەزاندنی سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین و خراپ بەکارهێنانی ئەم مافە لەلایەک و دەستەبەرکردنی ئازادیی کار و بەخشینی زانیاری لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە لەلایەکیدیکەوە.

سەرباری ئەمانەیش، لەهەندێ وڵات کە سیستەمی بەڕێوەبردنیان دیکتاتۆری و تۆتالیتاریە، یاسا وەکو ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم ئازادیی رۆژنامەنووسی و کارابوون و بەچاودێربوونی رۆژنامەنووسی دادەنرێت، بۆیە لەگشت هەلومەرجەکاندا یاسا بەتەنیا گونجاو و تەندروست نابێت و بوونی یاسای ناتەندروستیش بەدوورنازانرێت، بەڵام سیستەمی کراوە و دیموکراس خاوەنی یاسای شیاوی رۆژنامەنووسیە.

لەو دەستپێکەی سەرەوەوە دەمەوێت چەند سەرنجێک دەربارەی «یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧» بخەمەڕوو.

پشت بەستن بەحوکمی برگە (١)ی ماددە (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عیراق،

پەرلەمانی کوردستان- عیراق لەدانیشتنی ژمارە (٣٣) ی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ بەهۆی ئیمزانەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عیراق، بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان- عیراق، لەدانیشتنی ژمارە (٤)یدا کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ گرێدرا، بڕیاری دانانی «یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان»دا، ئەمەیش دوای ئەوە هات کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی گەڵاڵەکرد و رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد و لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان نێردرا.

هەرچەند رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و یاساناسان، پێش ناردنی پڕۆژەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و دوای ناردنیشی بۆ ئەنجوومەن و کاتێکیش لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەردەکرا و پەسەندکرا و پاش ئیمزانەکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان، سەرنجی خۆیان دەربڕی و داوای پێداچوونەوەیان کرد، بەتایبەت بەو بەند و بڕگانەی پەیوەندیی بەئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی و مافی زانین و دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاریی رۆژنامەنووسانەوە هەیە، بەڵام ئێستایش کە پەسەندکراوە و یاسایەکی بەرکارە لەهەرێمی کوردستاندا، دەکرێت لەلایەن توێژەر و رۆژنامەنووسان خوێنانەوە خوێندنەوەی جیدیی بۆ بکرێت، تاوەکو لەهەموارکردنەوەیدا سوودی لێ ببینرێت.

بەر لەهەر شتێک پێویستە دان بەوەدا بنێین، ئەم یاسا نوێیە لەهەندێک روەوە جیاوازیی لەگەڵ «**یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣**»دا هەیە، بەتایبەت سەبارەت بەشێوازی دەرکردنی رۆژنامە کە لەسیستمی مۆڵەت وەرگرتن **(الاجازة)** ەوە بۆ سیستمی ئاگاکاری **(الاخطار)** گۆڕدرا، هەندێ دەستەواژەی لاستیکی و تەمومژاوی وەکو: ئادابی گشتی، سیستمی گشتی.. نەخراونەتە دەقی یاساکەوە، زیندانیکردن وەک سزادانی رۆژنامەنووس نەما وە و تەنیا سزای پێبژاردن **(الغرامة)** بەکاردێت، دەقنووسکردنی کۆمەڵێک ماف و ئیمتیازات بۆ رۆژنامەنووس لەیاساکەدا.

بەڵام ئەم یاسا تازەیە، رۆژنامەنووس رووبەڕووی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، بەجۆرێک ئەو خاڵە بەهێزانەی سەرەوە دەسڕێتەوە، چونکە دەقی یاساکە لەهەندێ رووەوە ناتەواوی و کەموکوڕی هەیە، لەکاتی بوونی کێشەی پەیوەست بەکاروباری رۆژنامەنووسییە وە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەیش دادوەران ناچاردەکات

**"ئەم یاسا تازەیە، رۆژنامەنووس رووبەڕووی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، بەجۆرێک خاڵە بەهێزەکانی دەسڕێتەوە، چونکە دەقی یاساکە لەهەندێ رووەوە ناتەواوی و کەموکوڕیی هەیە، لەکاتی بوونی کێشەی پەیوەست بەکاروباری رۆژنامەنووسییە وە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەیش دادوەران ناچاردەکات بۆ یاسای دیکە بگەڕێنەوە.."**

بۆ یاسای دیکە بگەڕێنەوە، وەکو: یاسای سزادانی عیراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو، یاسای سندوقی خانەنشینی هەرێمی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١.

سەرەتا لەناوی یاساکەوە دەست پێدەکەم، بەبڕوای من لەڕووی یاسایی و دەستووری و واقیعی و بەبەراورد بە «ناو»ی یاساکانی دیکەی هەرێم دروست نییە، دەبوایە لەبری «**یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان**»، «**یاسای ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان**» بوایە، چونکە ئەمە لایەنی یاساییە و ناکرێ لێکدانەوەی دیکەی بۆ بکرێت و پاساوی نەتەوەیی بۆ بهێنرێتەوە، وشەی «**کوردستان**»یش بەگشتی هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، لەکاتێکدا یاساکە تەنیا بۆ ئەم پارچەیەی کوردستانە، لەمادەی یەکەمی یاساکەیشدا (**کە تایبەتە بەپێناسە و پرەنسیپەکان**) بڕگەی یەکەم بۆ خستنەڕووی مەبەستی زاراوەی «**هەرێم**» تەرخانکراوە، وەک چۆن لەمادەی ١١٣ی دەستووری هەمیشەیی عیراقیشدا ساڵی ٢٠٠٥ پێناسەی «**هەرێمی کوردستان**» کراوە بەوەی: «**ناوچەیەکی جوگرافییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە لەچوارچێوەی کۆماری عیراق و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، بەپشتبەستن بەدەقی دەستووری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە**».

یەکێکیتر لەسەرنجە گرنگەکان تایبەتمەندبوونی یاساکەیە تەنیا بەبواری ڕاگەیاندنی نووسراو «**ڕۆژنامە**»، لەکاتێکدا لەگەڵ زۆربوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی گرفتێکی زۆر بۆ ڕاگەیاندن بەگشتی بوایە باشتر و شیاوتر بوو، وەک لەوەی بەتەنیا بۆ بوارێک، ئەمەیش بەهەرحاڵ ڕەنگە پاساوی گەڵاڵەکردنی یاسای تایبەت بۆ بوارەکانی تریش بهێنرێتەوە، بەڵام دەبینین بڕگەی چوارەمی مادەی یەکەمی یاساکە لەپێناسەی «**ڕۆژنامەگەری**»دا دەڵێت: «**پیشەی ڕۆژنامەگەرییە لەکەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا**»، ئەمەیش هەڵەیەکی یاساییە، چونکە یاساکە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ناگرێتەوە. هەروەک هەمان هەڵە لەبڕگەی دوای ئەو (**پێنجەم**)یش دووبارە بوەتەوە: «**<u>ڕۆژنامەنووس</u>: هەرکەسێک کە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لەهەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کاردەکات**».

> **بەخوێندنەوەیەکی وردی یاساکە دەگەینە ئەوەی، لەڕووی فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەو دەستڕاگەیشتن بەزانیاری، «یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان» ڕەوشی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی هەنگاوێکی ئەوتۆ نەبردۆتە پێشەوە. ئەگەر مادەیەکی ئازادی تێدابێت، لەچەند مادەیەکیتردا وەریدەگرێتەوە!**

لەهەمان بڕگەدا وشەی **«کاردەکات»** هاتووە، بەڵام نادیارە و روووننەکراوەتەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا کێشەیەکی یاساییمان دێتە ڕێگا و دیسانەوە دەبێت بۆ یاسای تر بگەڕێینەوە، وەکو یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە رۆژنامەنووس بە ئەندامیەتی بۆ سەندیکا و پابەندبوون پێیەوە دەبەستنەوە، ئەمەیش خۆی دژی ئازادیی پیشەیی و ڕێکخراوبوونی مەدەنییە.

وەکو لەمادە و بڕگەکانی دەردەکەوێت، یاساکە بۆ ڕێکخستنی چاپکراوی خوولەکی **(دەوری)**یە، بۆیە دەبوایە لەبڕگەی شەشەمی مادەی یەکەمدا لەبری **«رۆژنامە»** مەبەستی **«چاپکراوی خوولەکی»** خستبایەتەڕوو، چونکە بەو پێیە یاساکە گۆڤار و بڵاوکراوە و مانگنامە و وەرزنامە و.. ناگرێتەوە، خۆ ناشکرێت بۆ هەریەکێک لەمانە یاسایەکی تایبەت دابنرێت؟ بۆیە، بۆ ڕێکخستنی ئەمانە و تەنانەت چاپکراوی ناخوولەکی **(نادەوری)**یش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یاساکانی تر. **(یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان مادەی یەکەم/ شەشەم: «رۆژنامە: هەر چاپکراوێک کە بەشێوەیەکی خوولی و بەناوێکی دیاریکراو و بەژمارەی ریزبەندو بەرێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ»، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان مادەی یەکەم/ ٤-: «چاپکراوی خولەکی (دەوری): هەر چاپکراوێک کە بەردەوام بەژمارەی زنجیرەیی و لەکاتێکی دیاریکراودا دەربچێت، وەک رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و هەرچییەکی لەم بابەتە بێت».)**.

لەبڕگەی دوەمی مادەی دوەمی یاساکەدا هاتووە: **«رۆژنامەنووس بۆی هەیە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاووڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بەبەرژەوەندی گشتییەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێی یاسا»**.

پێش هەموو شتێک هەردوو دەستەواژەی **«بایەخی بۆ هاووڵاتیان هەبێ»**، **«پەیوەندییان بەبەرژەوەندیی گشتییەوە بێ»** روووننەکراونەتەوە و پێوەرەکانیان دیارینەکراوە و لاستیکین، لەو حاڵەتەیشدا گەر زانیارییەک بایەخیشی بۆ هاووڵاتیان هەبێت، یان پەیوەندیشی بەبەرژەوەندیی گشتییەوە بێ، دەکرێ لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت و بەپاساوی دیکە ڕێگەی بەدەستهێنانی بگیرێت. یاخود دەبێت دیسانەوە بۆ یاسای بەرکاری تر لەهەرێم بگەڕێینەوە، بۆ نموونە: مادەکانی ١٧٦ تاکو ١٨٩ لەیاسای سزادانی عیراق ئەو مافە بەرۆژنامەنووس نادەن.

**"ناکرێت پەیماننامەیەکی شەرەف بکرێتە پاشکۆی یاسایەک و پێشێلکردنیشی، بەسەرپێچی یاسایی حسێب بکرێت و سزای هەبێت. ئەمەیش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی یاسادانەری هەرێم لەدانانی ئەم یاسایە تێیکەوتووە."**

جگە لەوەی، پێویست بوو برگەکە مافی بەرۆژنامەنووس بدایە و بنووسرایە: «**ئەگەر لایەنی بەرپرس زانیارییەکە نەدات، مافی رۆژنامەنووسەکەیە پەنابەرێتەبەر داواکاری گشتی، یان دادگای تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنی بەرپرس**»، وەکچۆن لەیاسای هەندێ لەوڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسدا ئەو مافە دەستەبەرکراوە.

لەبڕگەی سێیەمی هەمان مادەدا هاتووە: «**سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا رۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی ئەو زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بەپێچەوانە بڕیار بدا**». بەڵام روونی نەکردۆتەوە ئەگەر رۆژنامەنووسەکە لەسەر پاراستنی سەرچاوەی زانیاری یان هەواڵەکەی سووربوو، ئەوا بەمافێکی خۆی، یاخود بەتاوان دادەنرێت و بەپێی مادەکانی ٢٤١ و ٢٤٢ی یاسای سزادانی عیراق تۆمەتباردەکرێت و سزا دەدرێت؟!.

برگەی پێنجەمیش نووسراوە: «**رۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ**». لەکاتێکدا رێگەی تریش بۆ سنووردانان بۆ گەیشتنی پەیامی رۆژنامەنووس بەخوێنەر هەیە و لەیاسا بەرکارەکانی دیکەدا ئاماژەیان پێدراوە، وەک: قەدەغەکردنی دابەشکردن، داخستن.. تاد و دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت لەکاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێتەوە و ئازادیی رۆژنامەنووسی بەیاسا قۆرخ بکات.

بەشی دووەمی یاساکە تایبەتە بە «**مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لەرۆژنامە**»، لەبرگەی یەکەمی مادەی سێیەمدا بۆ بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەرکردنی رۆژنامە ئاماژە بەنووسینی «**نازناو**»ی خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەر دەکات، لەکاتێکدا لەیاسای باری شارستانیی عیراقدا مەرج نیە هەموو هاووڵاتیەک نازناوی هەبێت. سەرەڕای ئەوەی روونی نەکردۆتەوە مەبەستی نازناوی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی، یان زانستی.. تادیە.

لەبرگەی سێیەمی مادەی حەوتەمی بەشی چوارەمی یاساکە «ماف و ئیمتیازەکانی رۆژنامەنووس»دا هاتووە: «**رۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات، تەنها بەبڕیاری دادوەری نەبێ**». بەڵام کاتێک بەبڕیاری دادوەرییش ئەو سەرچاوانەی ئاشکرانەکرد، دیسانەوە یاسای سزادانی بۆ دەکەوێتەکار و بەگوێرەی مادەکانی ٤٣٧ و ٤٣٨ تۆمەتباردەکرێت.

ئەم برگەیە و برگەی سێیەمی مادەی دووەمیش کە بۆ یاسای سزادان دەگەڕێنەوە، پانتایی ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری بەرتەسکدەکەنەوە و سەرچاوەکانی زانیاری

> **لەبرگەی یەکەمی مادەی نۆیەمدا، رۆژنامەنووس و سەرنووسەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە، لەکاتی بڵاوکردنەوەی چەند خاڵێکدا بەبڕێک پارە سزا دەدرێن، بەڵام زۆربەی خاڵەکان پێناسەنەکراو و تەمومژاوی و لاستیکین و دەرفەت بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆشدەکات لێکدانەوەی تری بۆ بکات و تۆمەتباری بکات، لەبارێکدا بابەتە بڵاوکراوەکە ئەو مانایەش نەگەیەنێت.**



هەواڵنامەی کتێب

دەترسێن و وایان لێدەکەن سڵ لەپێدانی زانیاری بەرۆژنامەنووس بکەنەوە.

لەبڕگەی پێنجەمی مادەکەدا، کە دەڵێت: **«هەر کەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بەرۆژنامەنووس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لەکاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە»**. چوارچێوەی مافی رۆژنامەنووس فراوان نییە، چونکە جگە لە **«سووکایەتیپێکردن و دەستدرێژیکردنەسەر»** بەپێی مادەکانی ٢٢٩ تا ٢٣٣ لەیاسای سزادانی عیراق چەند کردەوەیەکی تریش هەن کە تاوان پێکدێنن، وەکو: **«رێگرتن لەکارەکەی، رێوشوێن بۆ دانان، هەڕەشەلێکردن...تاد»**.

لەبڕگەی یەکەمی مادەی نۆیەمدا، رۆژنامەنووس و سەرنووسەر لەوە ئاگاداردەکاتەوە، لەکاتی بڵاوکردنەوەی چەند خاڵێکدا بەبڕێک پارە سزا دەدرێن، بەڵام زۆربەی خاڵەکان پێناسەنەکراو و تەمومژاوی و لاستیکین و دەرفەت بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆشدەکات لێکدانەوەی تری بۆ بکات و تۆمەتباری بکات، لەبارێکدا بابەتە بڵاوکراوەکە ئەو مانایەش نەگەیەنێت. بۆ نموونە دەستەواژەکانی: **«چاندنی تۆی رق و کینەو لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ، سوکایەتیکردن بەبیروباوەڕ و رێورەسمە ئایینیەکان، سوکایەتیکردن بەسیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەک و لەکەدارکردنیان...تاد»**.

لەخاڵی ٧ ی هەمان برگەیشدا، کە وەکو تەواوکردنی خاڵەکانی تر هاتووە: **«پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (میثاق شرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە»**. ئەمەیش تێکەڵییەکی لەنێوان یاسا و ئاکاردا دروستکردووە، چونکە وەک لەپێناسەی رێساکانی ئاکاردا هاتووە، سزای ئەوەی لەپەیماننامە ئاکارییەکان لادەدات خۆی لەسەرزەنشتکردنی ویژدان و قینی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە، بەمشێوەیە سزاکە سزایەکی ئەدەبییە و لەرووی مادییەوە جێبەجێناکرێ، لەکاتێکدا سروشتی سزادان لەکاتی لادان لەرێسا یاساییەکاندا سروشتێکی بەرجەستەیە، جا ئەمە مەدەنی، یان سزایی، یان کارگێڕی بێت، دەسەڵاتی گشتی و دامودەزگاکانی جێبەجێی دەکەن، بەپێچەوانەی سزای رێسا ئاکارییەکان کە ویژدانی تاکی گوناهبار لەوێنەی سزادانی خۆی و سەرزەنشتکردنی ویژدانی کۆمەڵێک لەوێنەی تانەدان لێی جێبەجێی دەکات.

گشت پیشەکان بەگوێرەی چەند بنەمایەکی ئاکاری رێکدەخرێن، ئەم رێکخستنە بەشێک نیە لەرێکخستنی یاسایی و سیفەتی سەپاوە (إلـزام)ی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەن نییە، بەڵام کاتێک سەندیکایەکی دیاریکراو پەیماننامەیەکی شەرەفی پیشەیی خۆی هەبوو، یان پابەندیی خۆی بۆ پەیماننامەیەک دەربڕیبوو، ئەندامانی سەندیکاکە، لەکاتی لادان لەو بنەمایانە رووبەڕووی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە کە سەندیکاکەیان ئەنجامیدەدات، قورسی و سووکی ئەو سزایانەیش بەپێی گەورەیی و بچووکی ئەو سەرپێچیە دەگۆڕێت کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لەمیانی کارەکەیدا دەیکات. بۆیە ناکرێت پەیماننامەیەکی شەرەف بکرێتە پاشکۆی یاسایەک و پێشێلکردنیشی، بەسەرپێچی یاسایی حسێب بکرێت و سزای هەبێت. ئەمەیش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی یاسادانەری هەرێم لەدانانی ئەم یاسایە تێیکەوتووە.

بەخوێندنەوەیەکی وردی یاساکە دەگەینە ئەوەی، لەرووی فەراهەمکردنی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەو دەستڕاگەیشتن بەزانیاری، **«یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان»** رەوشی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی هەنگاوێکی ئەوتۆ نەبردۆتە پێشەوە. ئەگەر مادەیەکی ئازادی تێدابێت، لەچەند مادەیەکیتردا وەریدەگرێتەوە!.

سەربارى ئەوەی ئاكار و ئازادی هەمیشە پێچەوانە دەگۆڕێن، واتە بەفراوانبوونی رووبەری ئازادی، پانتایی ئاكار بەرتەسكدەبێتەوە. راستە، ئاكار رۆژنامەنووسی هەوڵدانێكە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئازادیی رۆژنامەنووسی و ئازادیی تاک، بەو پێیەی ئازادیی رەها زۆرجار زیان بەكۆمەڵگە و تاكەكانی دەگەیەنێت و وەكو لەراگەیاندراو و پەیماننامە نێودەوڵەتیەكانیشدا جەختی لەسەركراوەتەوە، ئازادییش سنووری خۆی هەیە، بەڵام ئەمەیش مانای ئەوە ناگەیەنێت بەپاساوی جیاواز و گوزارشتی ناڕۆشن و لەرێگەی یاساوە بەر بەئازادییەكان بگیرێت و بەلایەنی ئاكارەوە ببەسترێتەوە.

* خوێندكاری دكتۆرا لەراگەیاندن herish82@yahoo.com

هەولنامەی کتێب

سەرچاوەكان:

١. د. ابراهيم الداقوقي: قانون الاعلام- نظرية جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، ( ب. م، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد، مطبعة وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية، ب. س).
٢. د. حسن عماد مكاوي: أخلاقيات العمل الاعلامي- دراسة مقارنة، ط٣ (القاهرة: الدار المصرية البنانية، ٢٠٠٣).
٣. دەقی هەموو ئەو یاسایانەی لەبابەتەكەدا ئاماژەیان پێدراوە.
٤. دەستووری هەمیشەیی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.
٥. سامان فوزي عمر: مسؤولية الصحفي المدنية الناتجة عن اخطائه المهنية - دراسة المقارنة، رسالة ماجستير، جامعة سليمانية، كلية القانون، ٢٠٠٣.
٦. فتحي حسين احمد عامر: أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم- دراسة تحليلية مقارنة، ط١ (القاهرة: ايتراك للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦).
٧. كەمال رەزا: چەند سەرنجێک لەسەر یاسای رۆژنامەگەری لەكوردستان، بەشی یەكەم و دووەم، چاودێر (رۆژنامە)، ژمارە ٢١٦ و ٢١٧، دووشەممە ٢ و ٢٠٠٩/٣/٩.
٨. د. كەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا -توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە-، چ١ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦).
٩. د. ماجد راغب الحلو: حرية الاعلام و القانون، (الاسكندرية: منشأة المعارف، ٢٠٠٦).
١٠. هێرش رەسوڵ: ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی كوردیدا (١٩٩٣ - ٢٠٠٧)، ماستەرنامە، زانكۆی سلێمانی- بەشی راگەیاندن- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، چاپنەكراوە.
١١. هێرش رەسوڵ (كۆدیدار): میدیا و دەسەڵات، چ١ (سلێمانی: لەكتێبە چاپكراوەكانی رۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٨).

# ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی



تاڤان دڵشاد*

**پێشەکی**

توێژینەوەی زانستی لەبارەی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە بەزمانی کوردی، خۆی هەنگاوێکی گرنگ و بەجێیە، چونکە تائێستا کتێبخانەی کوردی بەرامبەر نووسین و شرۆڤەکردنی ئەکادیمی میدیا و ڕۆژنامەنووسی لەدۆخێکی هەژاردایە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێویستیی بەوجۆرە هەوڵانەیە، تاوەکو بتوانێت بەتەواوەتی ئەرکە گرنگەکانی خۆی لەزانیاریگەیاندن، پەروەردەکردن، چاودێریکردن... تاد ببینێت و لەرووی پیشەییشەوە بچێتە پێشەوە.

ئەم توێژینەوەیە، یەکێکە لەو هەوڵە سەرەتاییانە، بەئاراستەی تاووتوێکردنی ژانرێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی، کە توێژەر پێیوایە تاڕادەیەک لەرووی زانستییەوە فەرامۆشکراوە، وەک چۆن لەرووی پیشەی ڕۆژنامەنووسییشەوە بایەخی ئەوتۆی پێنادرێت و زۆرجار لەگەڵ ژانرەکانی تردا تێکەڵدەکرێت.

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی، یەکێکە لەژانرە گرنگ و بەرچاوەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی و خاوەن تایبەتمەندی و جۆر و پێکهاتە و قاڵبی نووسین و شێوازی خۆیەتی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لەمیانی باس و تەوەرەکانیدا تیشک بخاتە سەر لایەنە جیاوازەکانی.

توێژینەوەکە لەچەند باس و تەوەرێک پێکهاتووە، لەوانە: (**چەمک و پێناسەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی، جۆرەکانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی، هەنگاوەکانی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی، شێوازی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی، پەیوەندی نێوان ڕاپۆرت و هەواڵ، ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ، ڕاپۆرت و بەدواداچوون، هەروەها سەرچاوەکانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی**).

هەروەها توێژەر بڕوای وایە، پێویست بوو باسێک لەبارەی مێژووی ئەو ژانرەوە لەدووتوێی توێژینەوەکەدا هەبوایە، بەڵام لەبەرئەوەی لەهیچ کام لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەو بابەتە نەدرابوو، نەتوانرا جێبەجێ بکرێت.

### چەمک و پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی

وشەی راپۆرت کە لەزمانی کوردیدا هەروەکو وشە لاتینی یان ئینگلیزییەکە بەکاردێت (Report) و لەزمانی عەرەبیدا (**تقرير**)ی پێدەوترێت، لەلایەن پسپۆڕو شارەزایانی بواری میدیا و رۆژنامەنووسییەوە، بەچەندین مانا و لەچەند رەهەندێکی جیاوازەوە پێناسەی بۆکراوە، توێژەر لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدات، چەند پێناسەیەک لەوانە بخاتە روو.

لە (**معجم المصطلحات الإعلامية**) پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی هاتووە بەوەی: «**گێڕانەوەی سەرنج و تێبینی و وردەکارییەکانی رووداوێکی دیاریکراوە، کە لەسەر بنچینەی بابەتیی کۆدەکرێنەوەو دادەڕێژرێن**»[١].

فەرهەنگی رۆژنامەنووسیی بەمجۆرە پێناسەی راپۆرت دەکات: «**رومالکردنی هەمەلایەنە و دوور و درێژە لەبارەی هەر هەواڵێک بنووسرێ و گشت وردەکارییەکان لەخۆبگرێت و هۆکارەکانی و چۆنێتیی رووداو و پێشکەوتنی و کاریگەرییەکانی روونبکرێتەوە، پاشان هەواڵ و بەدواداچوون پێکەوە دەبەستێتەوە. راپۆرتی سەرەکی تایبەتە بەهەواڵی گرنگ و پڕ بایەخ، رۆژنامە بەتەنها خۆی لەلاپەرە یەکەمیدا بلاویدەکاتەوە و رووبەرێکی فراوان یان چەند لاپەرەیەکی گۆڤاری بۆ تەرخان دەکات**»[٢].

فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن-یش ئەم ژانرەی پێناسە کردووە بەواتای، باسکردن یان خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە پەیامنێر دەستیکەوتوون و شایانی رووماڵکردنن[٣].

راپۆرتی رۆژنامەنووسیی هونەرێکە دەکەوێتە نێوان هەواڵ و بەدواداچوونی رۆژنامەنووسییەوە و تێیدا کۆمەڵێک زانیاریی سەبارەت بە رووداوێک پێشکەشدەکرێن و سەلیقەی راپۆرتنووسەکە رۆڵی لەسەرکەوتنی راپۆرتەکەدا دەبێت[٤].

«**راپۆرت، وێنەی ساتە مێژوویی-بابەتییەکان و رەنگدانەوەی رووداوی شیکاری وئاشکراکردن و بەرهەمی قەڵەمی تیژی و وردبینی رۆژنامەنووسێکە کە ئەودیوی لەرووداوەکانی رۆژانە و ئاسایی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوری و ...تاد، دەبینی.**»[٥].

پسپۆڕی بەناوبانگ (**سرجي لوكاچ**) بۆ پێناسەی راپۆرت نووسیویەتی «**ئەستەمە بەشێوەیەک لەراپۆرتی رۆژنامەنووسیی وەک شێوەیەکی جیا، لەهەواڵ، بڕوانین، چونکە بەشێوەیەکی پراکتیکی راپۆرت هەواڵێکە زۆرێک لەوردەکارییەکان لەخۆدەگرێت یان بەگوزارشتکردنێکی دیکە، هەواڵێکی زیاتر تێر و تەواوە، چونکە هەواڵ و راپۆرتی رۆژنامەنووسیی هەردووکیان پشت بەبناغەی جەوهەریی هاوبەش دەبەستن و نووسینی هەریەکەیان بەهەمان یاسا رێکدەخرێن**»[٦].

راپۆرت، تەکنیکی گەیاندنی پەیامێکە لەشتێک، رووداوێک یان رووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و ...تاد، و خاوەن رەگەزگەلێکە لەهەواڵ، راڤەکردن، شیکاری، چاوپێکەوتن و وەسفکردنە و بەمەبەستی دەرکێشان و وەدەستهێنانی راستییەکان و پێشکەشکردنی رێگەچارەن مەسەلەکان تاووتوێ دەکات[٧].

سلافكوفيچ پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی دەکات، هەمان پێناسەش لەئەنسیکلۆپیدیای رۆژنامەنووسیی یۆگسلافیدا هاتووە، دەڵێت: «**شێوەیەکە لەشێوەکانی گوزارشتکردنی رۆژنامەنووسیی، جەماوەر لەرەوتی رووداوێک ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش بەهۆی وشە، یان وێنەوە یان هەردووکیانەوە و بەمشێوەیە وردەکاریی زیاتری رووداوەکە دەخاتەڕوو، وەسفی رووداوەکەش دەکات، تەنیا راستییە سەرەکییەکان ناگوێزێتەوە، بەڵکو وردەکاریی راستییەکانیش دەخاتە روو**»[٨].

راپۆرت، بریتییە لە: «**هونەری خستنەڕووی ناڕاستەوخۆیانەی راستییەکان**»[٩].

راپۆرت، «**ئاوێتەکردنی هەواڵ، بنیاتنانەوەیەکی هونەرمەندانەی بوارەکان، بابەتەکان، رووداوەکان و فاکتەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە**»[١٠].

**جۆرەکانی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی**

بەگوێرەی پۆلێنکردنی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری میدیا و رۆژنامەنووسی، راپۆرتی رۆژنامەنووسی دەکرێت بەچەند بەشێکەوە، یان لەچەند لقێک پێکهاتووە، کەوا لێرەدا، بەپشتبەستن بەچەند سەرچاوەیەکی زانستی، گرنگترینیان دەخەینەروو:

یەکەم: **راپۆرتە هەواڵ: پرۆگرامی نووسین لەم جۆرە راپۆرتەدا کە سادەترین جۆرەکانییەتی پشت بە بەدواداچونی رووداو و گۆڕنکارییەکان بەهەمان زنجیرەی روودانییان دەبەستێت، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین راستییەکانی رووداوەکە، ئەم جۆرە راپۆرتە بەشێوەیەکی سروشتی دەربارەی روودا و و رەوتی روودانی رووداوە ئاساییەکانی رۆژانە دەنووسرێت**(11).

دووەم: **راپۆرتە بابەت:** لایەنێکی رووداوەکە بەشێوەیەکی وردەکاری و سەراپاگیری باسدەکات، لەکاتێکدا لایەنەکانی دیکە لەم جۆرە راپۆرتەدا بەشێوەیەکی پەراوێزی باسدەکرێن، ئەم جۆرە راپۆرتە نەک بەدواداچوون بەدوای چۆنێتی روودانی رووداوەکان وەک خۆیان ناکات، بەڵکو لەبناغەدا بەرامبەر ئەم جۆرە بەدواداچوونە شکستە و هەموو راستییەکانی دیکەی ناو رووداوەکە بۆ تیشک خستنەسەر ئەو لایەنەی باسی دەکات، بەکاردەهێنرێت(12).

سێیەم: **راپۆرتی شیکاری:** ئەو راپۆرتەیە لەسەر بناغەی شیکردنەوەیی سەرتاپای راستییەکان لەچوارچێوەی رووداوەکەدا، هەڵسەنگاندنی تایبەتی لەخۆی دەگرێت، ئەم جۆرە راپۆرتانە زۆر ئاڵۆزن، واپێویست دەکات نووسەرەکە ئەوپەڕی شارەزایی و لێزانینی دەربارەی تەکنیکی رۆژنامەنووسی بەکاربهێنێت، سنووری نێوان راپۆرتی شیکاری و وتار و تەنانەت توانجیش سنوورێکی زۆر بەرتەسکە پێویستە نووسەر لێی تێناپەڕێت، رۆژنامەنووس لێرەشدا لەشیکردنەوەی راستییەکان قووڵنابێتەوە، بەڵکو کۆیان دەکاتەوە و لەقاڵبێکدا پێکەوەیان دەنێت بەشێوازێک هەریەکەیان وەسفی ئەوی دیکەیان بکات، لەگەڵیدا کۆک بێت یان لەدژی بوەستێتەوە، ببێتە پاڵپشتی ئەو راستییانە یان گومان لەسەریان دروست بکات، هەروەها لەنووسینی راپۆرتی شیکاریدا رووداوەکە هەڵناسەنگێنێت و توانجیش لەسەری نانووسێت، بەڵکو وادەکات راستییەکانی ناو رووداوەکە و چۆنێتی و پێگەیان لەناو رووداوەکە خۆیان توانج لەسەر رووداوەکە بدەن و تەنانەت هەڵسەنگاندنیشی بۆ بکات(13).

چوارەم: **راپۆرتی کۆمەڵایەتی:** ئەم جۆرە راپۆرتە کە دەربارەی کۆمەڵگا و مەسەلە و کێشەکانی خەڵکە، ئامار و ژمارەی ئەنجامدرا و زانیاری وەدەستهاتووی بەدواداچونەکانی راپۆرتنووس بەمەبەستی خستنەڕوو و ئاشکراکردنی راستییە نوێیەکان بۆ پەیام وەرگر(14).

پێنجەم: **راپۆرت لەشوێنێکەوە:** کە بەهەمان شێوەی کە لەناوەکەیەوە دێت، بابەتی سەرەکی راپۆرتەکە بۆ ناساندنی شوێنێک یان ناوچەیەکی تایبەتییە بەتایبەتمەندییە هەرێمی یان جوگرافی و کلتوری و دابونەریتەکانییەوە(15).

شەشەم: **راپۆرت لەکەسێکەوە:** کە بەهەمان شێوەی راپۆرت لەشوێنێکەوەیە. بابەت و بۆنەی ئەم راپۆرتە، دەربارەی ناسینی زیاتری کەسێکی ناسراو و جێگەی بایەخێکی گشتییە. بێگومان هەندێک کاتیش، هەندێک کەسی گومناو کە خاوەنی تایبەتمەندی بەرجەستەن دەکرێت بابەتی ئەم جۆرە راپۆرتە بن.

حەوتەم: **راپۆرتی گەشت و سەفەر:** گواستنەوەی زانیاری وەدەستهاتوو و سەرنجراکێشەکانی هەواڵنێر لەگەشتە جۆربەجۆرە سیاسییەکان، بەسەرکردنەوەی یاخود گەشت و گوزارییەکاندا بۆ پەیام وەرگر، بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە راپۆرتەیە کە هەر لەکۆنەوە لەئەدەبیاتی دێرینی ئەم وڵاتانەدا هەبووە.

هەشتەم: **یادداشتنووسین:** لێکچوون لەنێوان ئەم راپۆرتە و راپۆرتی گەشت و سەفەردا هەیە، بەڵام لەراستیدا یادداشت نووسین

نووسینی بینین و ئەزموونە رۆژانەییەکانی نووسەرە. بەمانایەکی تر دەکرێ بڵێین یادداشت نووسین، لەهەندێک رووەوە هاوشێوەی راپۆرتە و لەهەندێ رووی ترەوە هاوشێوەی وتارە. لەوێدا کە نووسەر بەشێوەیەکی گشتی ئارەزوو و بیروباوەڕەکانی خۆی دەخاتە روو، دەکرێ بڵێین یادداشت نووسینەکە لەوتارەوە نزیکە، بەڵام زۆرینەی کات لەیادداشت نووسیندا، نووسەر رووداوەکانی دەوروبەری و هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا یا رابردوو دەخاتە روو لەم رووەوە دەکرێ بڵێین: ئەم جۆرە دارشتنە جۆرێکە لەشێوازەکانی راپۆرت.

**<u>نۆیەم:</u> راپۆرتە زانستی- پسپۆرییەکان:** لەم جۆرە راپۆرتەدا هەواڵنێر رووداوێکی زانستی لە بوارێکی تایبەندا شیدەکاتەوە، تا لەم رێگەیەوە چالاکی و سەرکەوتنەکانی توێژەرەوە یاخود دامەزراوەیەکی زانستی دەربخات. بێگومان هەندێک کاتیش ئەم راپۆرتە بەزمانێکی سادەتریش بۆ بڵاوکراوە گشتییەکانیش ئامادەدەکرێت، بەشێوەیەک کە پەیاموەرگری سادەش تا ئەندازەیەکی زۆر بتوانێت لەبابەتی راپۆرتەکە بگات. ئەو هەواڵنێرەی ئەم جۆرە راپۆرتە ئامادە دەکات، پێویستە خۆی شارەزابێت بەجۆرێک کە بتوانێت لەچەمک و زاراوەکان بگات و سادەیان بکات بۆ پەیاموەرگر. هونەری راپۆرتنووسین لەم بارەدا ئەوەیە کە بەجۆرێک بچێتە ناو باسەکەوە، تا بابەتەکە بۆ خوێنەر سادە و تەنانەت هەستیاریش بکات.

**<u>دەیەم:</u> راپۆرتی وێنەیی:** بەهەمان شێوەی لەناوی ئەم راپۆرتەوە هاتووە، لەم جۆرە راپۆرتەدا زانیاری و هۆکارەکان لەرێگەی وێنەکانەوە بۆ پەیاموەرگر دەگوێزرێتەوە. خاڵی بنچینەی بۆ ئەم راپۆرتە ئەوەیە کە هەواڵنێر، پێویستە ئەوە بزانێت هەر لەبنەڕەتدا تەواوی رووداوەکان توانای گۆڕینیان بۆ وێنە و راپۆرتی وێنەیی نییە. بۆ نمونە راپۆرت لەبارەی دانیشتنێ کارناسانە، توانای بەوێنە کردن نییە، بەڵام رووداوی وەک بومەلەرزە، لافاو، رێپێوان، مەراسیمی پێشوازی و ...هتد ئەم توانای هەیە. خاڵکی تر ئەوەیە کە وێنەگر پێویستە خاوەنی دیدی رۆژنامەنووسی و راپۆرتنووسی بێت، بەجۆرێک بتوانێت هەمان ئەو کارەی راپۆرتنووس بەپێنووسەکەی ئەنجامی دەدات، ئەو بەزوومی کامێرا ئەنجامی بدات. نووسینی رونکردنەوەی وێنە لەراپۆرتەکانی وێنەگردا، یەکێکە لەپێداویستییەکانی کاری رۆژنامەنووسی. بەمشێوەیە خوێنەر یاخود بینەری وێنەکە بەتەواوی دەچێتە ناو ناوەرۆک و کرۆکی راپۆرتەکەوە و هەندێکیش لەرووداوە سروشتییەکانی وەک لافاو بوومەلەرزە لەقوڵی کارەساتەکە گەیشتووە و بەوێنە پەیوەندی دروست دەکات(١٦).

**<u>یانزەیەم:</u> راپۆرتی رۆژ:** پەرچەکرداری نین و دەتوانن لەپێشدا چالاک بن. لەمجۆرە راپۆرتانەدا، راپۆرتنووس بابەتی دڵخوازی خۆی بەلەبەرچاو گرتنی مەسەلە و بابەتەکانی رۆژ پەیدا دەکات(١٧).

هەروەها راپۆرت لەشێوەدا دابەشدەبێ بۆ ئەم لقانەی خوارەوە:

**<u>یەکەم:</u> راپۆرت دەربارەی وتاردان:** مەبەست لەوەیە ئەو راپۆرتەی رۆژنامەنووس دەینووسێت، دەربارەی وتارێکی گرنگ کە لێپرسراوێک لەبۆنەیەکدا داویەتی، رۆژنامەنووس پەنا دەباتە بەر نووسینی راپۆرتێک لەبەر درێژی وتارەکە کە ماوەی بڵاوکردنەوەی نییە، یان وتارەکە چەند برگەیەکی وای تێدایە کەوا سوودێکی گرنگی نییە بۆ خوێنەران یان بۆ رۆژنامەکە یان پەیامنێرەکە رێگایەک یان کاتێکی تەواوی نەبوو دەقەکە بۆ رۆژنامەکە بنێرێت لەبارێکی ئاوادا رۆژنامەنووس دەست دەکات بەنووسینی پێشەکییەک بۆ راپۆرتەکە. چی گرنگی تیا بێ روونی دەکاتەوە، پاشان دەست دەکات بەدابەشکردنی وتارەکە بەگوێرەی گرنگییەتی بەشەکانی رامیاری، ئابووری، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووسەکە بۆ کۆنگرەیەک بانگکراو پێشتر وتارەکەی بەدەست گەیشت، پێویستە لەسەری پەلە نەکات لەکارەکە و لەخێرا ناردنی، بەڵکو لەناو کۆنگرەکە دەمێنێتەوە

گوێ لەخوێندنەوەکـەی رادەگرێت، زۆر جار وا دەبێت لێپرسراو هەندێ رستە و بڕگەی لێ دەگۆڕێ یان دەسـڕێتەوە یان دیکەی دەخاتە سەر.

**<u>دووەم:</u> راپۆرت دەربارەی دیدار و چاوپێکەوتن:** مەبەسـت لەو راپۆرتەیە کەوا رۆژنامەنووس دەینووسێ پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکا، لـەم بـارەدا رۆژنامەنـووس پابەنـد دەبێـت بەنووسـینی تەواوی گفتوگۆیەکە یان کورت کردنەوەی بەشێوەیەک کە بیر و رای کەسەکە نەشـێوێنێ پێویستە لەسـەر رۆژنامەنووس هیچ شـتێک لەخۆیـەوە زیاد نـەکات، ئەگەر چاوپێکەوتنەکـە لەگـەڵ کەسـێکی سیاسـی ناسراو بوو، پرسـیارکردنی رۆژنامەنووسی زیـرەک بەسـە بـۆ ئاشـکراکردنی هەمـوو لایەنـە گرنگەکان بێ پەنا بردنـە بەر لێدوان، جا پێویستە لەسەری شـارەزاییەکی تەواوی هەبێ لەو بابەتەی کە بەدوایە دەگەڕێ.

**<u>سـێیەم:</u> راپۆرتـی ناوخـۆ:** مەبەسـت لـەو راپۆرتەیـە کـە دەربـارەی دیاردەیەکـی ناوخۆ دەنووسـرێت،ئەم جـۆرە راپۆرتانەش پشـت دەبەسـتن بەکۆمەڵێ لەو راسـتیانەی لەبەردەسـتدان زۆر لەراپۆرتنووسـەکانی لای ئێمـە لەکاتـی نووسـینی راپۆرتەکانیاندا دەکەونە هەڵەی گەورەوە، ئەویش بەنووسینی پێشـەکییەک بـۆی، یان پاڵپشـتی دەکات یان دژایەتـی، وەکـو لێدوانێـک هەڵسـوکەوتی لەگەڵ دەکەن، راپۆرتی ناوخۆ وەکو باوە بێ پێشەکی دەنووسرێت، بیروڕای راستەوخۆی لەسەر نادرێت[18].

### هەنگاوەکانی نووسینی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی

رۆژنامەنووس ئەگـەر بیەوێت راپۆرتێک ئامـادە بـکات پێویسـتی بەچەنـد هەنگاوێک هەیە بۆئەوەی راپۆرتێکی بەسـوود و جوان پێشکەش بەخوێنەرانی بکات.

**<u>یەکەم:</u> هەڵبژاردنی بابەت:** بۆ هەموو شـتێک تۆ وەک رۆژنامەنووسـێک پێویسـتە بزانیت دەربـارەی چـی راپـۆرت ئامـادە دەکەیـت. هەڵبژاردنی بابەت بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی میدیـای گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە، دوای هەڵبژاردنـی بابەتەکـە بیرۆکـەی راپۆرتەکە دەردەکەوێت.

**<u>دووەم:</u> پەیـام:** هەڵبژاردنی هەر بابەت یاخود بیرۆکەی راپۆرت لەلایەن رۆژنامەنووسەوە، بێ هۆنییە و رۆژنامەنـووس لەبەرامبەر ئەم بابەتەدا، دیدگاگەلێکت هەیە.

**<u>سـێیەم:</u> دیدگای هەواڵنێر:** لەبارەی بیرۆکەی راپـۆرت بەپەیامەکەی دەوترێـت، بۆ نموونە ئەگەر لەدیدی رۆژنامەنووسـییەوە هۆکاری سـەرەکی نابـاوە کۆمەڵایەتیـەکان، دووری لەئاییـن و رەسـەنایەتییە کلتورییـەکان بێت، ئەم مەسـەلەیە و تێڕوانینـی رۆژنامەنووس، لەڕاسـتیدا پەیامـی راپۆرتەکەیە. هەندێ کات دوای ئامادەکردنـی زانیارییـەکان و خسـتنە روویـان، رەنگـە بگەیتـە ئەنجامێکـی بەدەر لەگریمانەی یەکەمت.

**<u>چوارەم:</u> لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری:** هەواڵنێری شـارەزا بەمەبەستی دەستکەوتنی دەوڵەمەندییەکی زیاتر و شیاوی بەرگریبوونی راپۆرتەکـەی خـۆی، پێویسـتە زانیـاری و دەرئەنجامی ئاماری ورد کۆبکاتەوە لەرێگەی کۆکردنـەوەی زانیـاری، کتێب و سـەرچاوە جیاوازەکانەوە. رێگەکانیتریش بریتین لەبینین، هەڤپەیڤیـن، خوێندنـەوە، سـوود وەرگرتـن لەپێگەی میدیای ئینتەرنێت، ...هتد. هەرکامیان لەشـوێنی خۆیاندا دەتوانن رێگاوالاکەربن بۆ رۆژنامەنووسێکی شارەزا.

**<u>پێنجـەم:</u> خسـتنەرووی زانیارییـەکان:** لـەم قۆناغـەدا هەواڵنێر تـەواوی زانیاری و ماددە خـاوە ئامادەکراوەکانی خـۆی بەهاریکاریی کارناسان و هەروا تەکنیکە بەراوردکارییەکانی زانیـاری، دیاری کردنی خالەبەرجەسـتەکان، بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان «ئامارو زانیاری»دا دەخاتەڕوو.

لێرەدایـە کـە وەک وتارنووسـێک یـان هەواڵنێرێـک بەنووسـینی مانشـێتە لاوکییـە جۆربەجـۆرەکان، چوارچێـوەی راپۆرتەکەی خۆی دادەڕێژێت.

**<u>شەشـەم:</u> هەڵبژاردنـی نـاو:** رەنگـە بتوانین بڵێیـن کە هەڵبژاردنی نـاو و ترۆپکی گونجاو بـۆ راپۆرتەکـە، وەک هەڵبژاردنی مانشـێتی

یەکەمی ڕۆژنامەیەکی پرتیراژ، گرنگە. چونکە لەڕێی مانشێتی گونجاوەوەیە کە دەتوانیت پەیام وەرگرەکانی خۆت ڕاکێش بکەیت.

مانشێتی ڕاپۆرت نابێ بەجۆرێک بێت کە هێڵی گشتی و پەیامی ڕاپۆرتەکە ئاشکرا بکات.

**حەوتەم: نووسینی ڕاپۆرت:** بۆ نووسینی ڕاپۆرت ڕۆژنامەنووس پێویستە ئاشنای سەرجەم تەکنیکە ڕۆژنامەنووسییەکان بێت، وەک و هەواڵنووسین، هەڤپەیڤین، وتارنووسینیش،...هتد. بەم شێوەیە ئاسانتر بڕیار لەوە دەدەیت کە ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەنووس خۆی لەچ چوارچێوەیەکدا بنووسێت»[19].

### شێوازی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی

**لایەنی یەکەم:** ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی وەک هەواڵ لەسەرەتادا پێویستە بەپرەنسیپی پێنج پرسیارەکەوە پابەند بێت، پاشان بەڕیسای کرۆکی هەواڵ و هەرەمی هەڵگەڕاوە.

**لەلایەنی دووەمدا:** ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی هەروەک هەواڵ، بەشێوەیەکی وێنەیی-هەواڵی لەشێوەکانی گوزارشتکردنی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت.

**پاشان لایەنی سێیەم:** هەموو ڕووداوێک کە بۆ ماددەیەکی هەواڵ دەبێت، دەشێت ماددەیەکیش بۆ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی ببێت، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

**لایەنی چوارەم:** ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی نییە بەئاسانی نەکرێتە هەواڵ، ئەوەی پێویست دەکات لابردنی هەندێک وردەکاری و ڕستەی وەسفکردنە کە کارناکەنە سەر بەهای سەرەکی ڕاگەیاندن و دەربارەی ئەو ڕووداوە، بەهەمان شێوەش بەنزیکی هیچ هەواڵێک نییە بۆ دارشتنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی نەشێت، ئەویش لەڕێگەی زیادکردنی هەندێک وردەکاری تایبەت بەراددەی هەواڵەکە جێبەجێدەکرێت.

**لەلایەنی پێنجەمدا:** هەر وەک هەواڵ دەبێت بەنوێبوون و ئامادەبوون و بایەخ و وردەکاری بناسرێت، بەڵام بناغە سەرەکی و جەوهەرییەکان وەک تێبینی دەکرێن ئەو زنجیرە هۆکارە دەنوێنن کە کۆمەڵەی یەکەم لەبیریاران بۆ دانان و پێناسەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی وەک هەواڵ لەگەڵ کۆمەڵێک وردەکاری دیکەدا، پشتییان پێبەستووە»[20].

### پەیوەندیی نێوان ڕاپۆرت و هەواڵ

نووسەر و ڕۆشنبیران دەڵێن ڕاپۆرت درێژکراوەی هەواڵە، وردەکارییەکانی هەواڵ لەخۆ دەگرێت، کوانێ دەتوانین بڵێین پەیوەندی لەنێواندا ڕاپۆرت و هەواڵدا هەیە، لێرەدا چەند پەیوەندییەکی نێوانیان وەردەگرین:

**یەکەم:** هەواڵ ئەنجامەکانی هەر هەواڵێکی دیاریکراو دەگەیەنێ، لەکاتێکدا ڕاپۆرت بەدوور و درێژی وەسفی ڕووداو دەکات و وێنەی دەگرێ و لەهۆکار و چۆنیەتی ڕوودان و قەوماندنی بەو شێوەیەی بەو ئەنجامانەی گەیاندووە دەکۆڵێتەوە.

**دووەم:** هەواڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی دیاریکراوە، لەکاتێکدا ڕاپۆرت لێکدانەوەی خودی هەواڵەکەیە و ڕێنیشاندانی لەخۆگرتووە.

**سێیەم:** پێدەچێ ڕاپۆرت ڕا یان حوکمدانێک بەسەر ڕووداوەکەی تێدابێ، ئەمە لەهەواڵدا گونجاو نییە.

**چوارەم:** دەکرێ نووسەرێکی کەم ئەزموون هەواڵ بنووسێتەوە، بەڵام ڕاپۆرت مەرجە ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموونی دوور و درێژ و ڕۆشنبیرییەکی بەر فراوان بینووسێ و ئاسۆی سیاسی ڕوون بێ و سەرباری هەردوو توخمی گێڕانەوە و ئەندێشەی چیرۆک توانای زمانەوانی زۆرباشی هەبێت.

**پێنجەم:** هەواڵ هەر ئەنجامەکانی ڕووداوی بەلاوە مەبەستە و، ڕاپۆرتیش ئامار و زانیاری وەرگیراو لەچەندین سەرچاوەی جیاجیاوە لەخۆ دەگرێ و لەوانەشە ڕای کەسانی پەیوەست بەڕووداوەکە لەخۆبگرێت.

**شەشەم:** هەندێک جیاوازی لەشێوەدا هەن وەک پێویستی هەبوونی ناوونیشانێکی کورت بۆ هەواڵ و بۆ ڕاپۆرت

ناوونیشانی درێژ پێدەچێ چەند

ناوونیشانێکیش پێویست بێت.

**حەوتـــەم:** راپۆرتــی رۆژنامەنووســیی بەچاوپۆشــی کــردن لــەو قاڵبــەی تێیــدا نووســراوە بەزۆری مۆرکی چیرۆکە هەواڵی پێوەیــە، لەکاتێکدا هەواڵ مەرج نییە بەوجۆرە بێت»[٢١].

**هەشتەم:** لەنووسینی هەواڵدا نابێت کەسایەتی نووســەر هەبێت واتە (**کەســایەتی نووســەر دەبێت شاراوەبێت، رەنگدانەوەی لەنووسینی هەواڵدا نەبێــت**)، بۆ ئەوەی بابەتی هەواڵ ون نەبێت، بەڵام لەراپۆرتدا پێویســتە کەســایەتی نووسەر هەبێت[٢٢].

**پەیوەندیی نێوان راپۆرت و ریپۆرتاژ**

لــە رۆژنامــەی کوردیــدا و هەندێــک لەنووســەرەکان راپــۆرت بەریپۆرتــاژ لەقەڵــەم دەدەن هەروەک لەکتێبــی «**نەریتی رۆژنامەوانی**» (**فریبا سەیاد و د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی**) دا هاتووە، بەڵام هەندێکیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە راپۆرت بەریپۆرتاژ دابنێن، دەڵێن راپۆرت درێژکــراوەی هەواڵە، دەکرێ بڵێیــن پەیوەندیان لەنێواندا هەیە، لێرەدا چەند پەیوەندییەکی نێوانیان وەردەگرین:

**یەکەم:** راپۆرت لەبارەی هەواڵێکی گەرماوگەرم یا کێشــەیەکی گــەورەوە دەنووســرێ، بەڵام ریپۆرتــاژ لەبارەی فیکرەیەک یا گیروگرفتێک یا کێشەیەکەوە دەنووسرێ.

**دووەم:** راپــۆرت بەدرێــژی لەبــارەی وردەکارییەکانــی هــەواڵ یــا کێشــەیەکەوە دەنووســرێ، بەڵام ریپۆرتاژ سەرباری ئەوە بایەخ بەدۆزینەوە یا پێشــنیازی چارەسەری کێشەکەش دەدات.

**ســێیەم:** لەوانەیــە راپۆرت هەر یــەک وێنەی تێــدا بێت، بــەڵام لەریپۆرتــاژدا چەندین وێنە پێویســتن، لەوانەیــە وێنــەی ئەو کەســانەی لەریپۆرتاژەکەدا بەشدارن.

**چوارەم:** راپۆرت بەیەکێک لەقاڵبەکانی هەواڵ دادەڕژرێت، لەکاتێکدا ریپۆرتاژ بەپێی بنەمای پێشەکی و پاشان دەق و دواتر کۆتایی باسەکە و بەکورتی دەنووســرێت، ســەرباری ئەوەی ریپۆرتاژی نوێ مۆرکی چیرۆکی پێوەیە.

**پێنجەم:** لەوانەیە ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی پێویستی بەماوەیەکی دوور و درێژ و هەوڵی زۆر و چەند قۆناغ بێت، بەڵام راپۆرت بەپشت بەستن بەو ســەرچاوانەی لەبەر دەستدان یا هەر بەسەردانێکی شوێنی رووداوەکە دەکرێ هەر لەبارەگای رۆژنامەکەدا بنوسرێ.

**شەشــەم:** ســەرکەوتنی ریپۆرتــاژ لەســەر ئەوە وەســتاوە تــا چەند بــەلای خوێنەرەوە مایــەی بایــەخ پێدانــەو هەروەهــا لەســەر توانای رۆژنامەنووس دەوەســتێتەوە و چۆن بەشــارەزاییەوە دەینووســێ، بــەڵام دەبینین گەرماوگەرمــی هەواڵەکــە یا کێشــەکە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی.

**حەوتــەم:** بایەخــی ریپۆرتــاژ بەشــێوەیەکی ئاسایی لەســەر ئەو کۆمەڵگایە دەوەستێتەوە کە رۆژنامەکــەی تێدا دەردەچێــت، لەکاتێکدا زۆرجــار پێوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان و رووداوە سیاســی و ئابوورییــە جیهانییەکان تەوەرێکی راپۆرت دەبن.

**هەشــتــەم:** یەک رۆژنامەنووســی یــان زیاتر لەنووســینی ریپۆرتــاژی رۆژنامەنووســیدا بەشدار دەبن لەکاتێکدا نووسەر بەپشت بەستن بەزۆر ســەرچاوەی جیاجیای وەک هەواڵ و ئاژانسی هەواڵ، بەیاننامەی حکومەت و دەستە جیاوازەکان و کۆنگرەی رۆژنامەنووسییەکان و تۆڕی پەیامنێرەکانەوە دەنووسێ.

**نۆیــەم:** ریپۆرتــاژ مەرجــە ناوونیشــانێکی سەرەکی و چەند ناوونیشانێکی لاوەکی هەبن، بەڵام بۆ راپۆرت یەک ناوونیشان بەسە.

**دەیەم:** ئەرکی ســەرەکی راپۆرت لێکدانەوەی هەواڵــە، لەکاتێکــدا ئەرکــی ســەرەکی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووســی ئاراستەکردن و رۆشنبیرکردنە»[٢٣].

**پەیوەندیی نێوان راپۆرت و بەدواداچوون**

**یەکــەم:** بەدواداچوونــی رۆژنامەنووســی بەقوڵبوونــەوە لەگــەڕان و توێژینــەوەی رەهەندە جیاوازەکان جیادەکرێتەوە، لەکاتێکدا راپــۆرت بەپێشکەشــکردنی وێنەیەکی خێرای رووداوەکــە یــان جەختکردنــەوە لەســەر لایەنێکی رووداوەکە تەواودەبێت بەبێ چوونە

ناو وردەکاری و گەڕان و پشکنین. ڕاپۆرت وردەکاری پێشکەشدەکات زیاتر لەهەواڵ و کەمتر لەبەدواداچوون.

**دووەم:** ئامانجی بەدواداچوون قەناعەت پێنانی خوێنەرە بەگرنگی و مەترسی پرس یان کێشەکە یان ئەو بیرۆکەیەی کە نووسەری بەدواداچوون دەیخاتەروو، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕایگشتی بۆ بەرژەوەندیی کێشەکە یان چارەسەرکردنی. بەڵام ئامانجی نووسەر لەڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیدا کورتدەکرێتەوە لەوروژاندنی گرنگیپێدانی خوێنەر بەبابەت، ئەوەش بەپێشکەشکردنی زانیاریی نوێ و ناوازە و سەیر و خۆش لەڕووداوەکە.

**سێیەم:** شێوازی نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بەشێوازێکی سادەی ڕوون، ڕستەی کورتی تەلەگرافییە، زۆرترین زانیاری لەکەمترین وشەدا کۆدەکاتەوە. بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی بەپێچەوانەی ڕاپۆرتەوە، پێویستیی بەشێوازێکی سادە، بەڵام قووڵ، هەروا پێویستیی بەقەناعەتپێکردنی خوێنەر بەپرس یان کێشە هەیە، کە پێشنیاری کردووە.

**چوارەم:** بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی هەوڵدەدا ئەو کێشەیەی دەریخستوە، ڕوونیدەکاتەوە و لێکیداتەوە و شیکردنەوەی بۆ هەبێت و بەدوای هۆ و هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هزرییەکاندا بگەڕێت، بەڵام ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بەلایەنێ یان دوو لایەن لەلایەنەکانی هەواڵ یان بیر یان پرس تەواو دەبێت، لەوانەیە لایەنەکە لایەنی مرۆڤایەتی یان سیاسی یان هزری یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بێت»[٢٤].

### سەرچاوەکانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی لەڕێی چەند سەرچاوەیەکەوە دەستدەکەوێت:

**یەکەم:** نێردراوی ڕۆژنامەنووسی.

**دووەم:** پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی.

**سێیەم:** ئاژانسی هەواڵ.

**چوارەم:** ئێزگەی ناوخۆیی و بیانی.

**پێنجەم:** خزمەتگوزاری تایبەتی هەواڵ.

**شەشەم:** ڕۆژنامەی ناوخۆ و دەرەوە.

**حەوتەم:** بڵاوکراوە.

**هەشتەم:** بەڵگەنامە و دۆکیومێنت.

**نۆیەم:** کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی.

**دەیەم:** وەزارەت و دەستەی ڕەسمی و میللی.

**یانزەیەم:** ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسی.

**دوانزەیەم:** ڕۆشنبیری تایبەتی ڕاپۆرتنووس و بەدواداچونی.

**سیانزەیەم:** پەیوەندی ڕاپۆرتنووس بەکەسانی ڕەسمی و میللی و دیپلۆماسی و ڕێکخرا و دەستە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە.

**چواردەیەم:** ئەو بەیانانەی لەکاتی ڕاپۆرت نووسیندا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕووداوەکانەوە دەرچن[٢٥].

### ئەنجام

توێژەر لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بەڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی، گەیشتە ئەوەی:

* ڕاپۆرت، لەڕاگەیاندنی نووسراو، واتە ڕۆژنامەنووسییدا، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و دەکرێ بەدەر لەژانرەکانی دیکە، وەکو ژانرێکی سەربەخۆ تەماشابکرێت.

* ڕاپۆرت، وەکو هەر ژانرێکی تری ڕۆژنامەنووسی چەند جۆرێکی هەیە و هەریەک لەو جۆرانەش خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن.

* ڕاپۆرت، وەکو هەر ژانرێکی تری ڕۆژنامەنووسی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دارشتن و نووسینی و ڕیپۆرتەر پێویستە ڕەچاویان بکات.

* ڕاپۆرت، پەیوەندییەکی بەهێزی بەژانرەکانی ترەوە هەیە بەتایبەت: هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، بەدواداچوون، بەڵام سنوورێکیش هەیە بۆ جیاکردنەوە لێیان.

* بۆ نووسین و دارشتنی ڕاپۆرت سوود لەچەند سەرچاوەیەک دەبینرێت و دەکرێنە هەنگاوی یەکەمی کارەکە.

* خوێنـــدكاری قۆناغـــی ســـێیەمی بەشـــی راگەیاندن- لقـــی رۆژنامە لەكۆلێژی زانســـتە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی.


پەراوێزەكان:

١. د. كرم شلبي: معجم المصطلحات الاعلامية، ط٢ (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٤) ص٣٢٠.
٢. د. فـــاروق علي عمر: مفاتيح الســـلطة الرابعـــة- كيف تصبح صحفيا في عالم متحـــول؟-، (بغداد: ٢٠٠٢)، ص١٣.
٣. بـــەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن ئینگلیزی- كوردی- عەرەبی، چ١ (هەولێر: كۆڕی زانیاری كوردستان، ٢٠٠٥) ل١٤٨.
٤. د. فـــاروق ابو زيد، د. ليلى عبدالمجيد: فن التحرير الصحفي (القاهرە: مداخلات تكنولوجيا التعليم،٢٠٠٠)، ص٢٠٥.
٥. ئەحمەد تەوەكولی: چۆنییەتی راپۆرت نوســـین لەراگەیاندندا، وەرگێڕانی: جوامێر مارابی، چ١ (ســـلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧) ل١٢.
٦. د. محەمـــەد ئەلدروبی: رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووســـی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: ســـۆزان جەمال و لوقمان غەفور، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦) ل ل١٨٥ -١٨٦. وەرگیراوە لە:
SERGIJELUKAAC، EORIJA ITEHNIKA NOVINAR STVO. BEOGRAD 1979، P 70.
٧. ئەحمەد تەوەكولی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
٨. د. محەمەد ئەلدروبی: سەرچاوەی پێشوو، ل ل٨٧-٨٨. وەرگیراوە لە:
Dusan SLAVKOVIC، BIII Novinar، BEOGAD 1981، p 102.
٩. رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووســـی، وەرگێڕانی: كارزان محەمەد، (ســـلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥) ل٥٦.
١٠. هەمان سەرچاوە، ل٥٦.
١١. د. محەمەد ئەلدروبی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.
١٢. هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.
١٣. هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.
١٤. رەزا حاجی ئابادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.
١٥. هەمان سەرچاوە، ل٦٣.
١٦. هەمان سەرچاوە، ل ل٦٣-٦٨.
١٧. ئەحمەد تەوەكولی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.
١٨. جەمال گردەسۆری: كایەكانی رۆژنامەنووسی، (هەولێر: رۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٧) ل ل٣٥-٣٧.
١٩. رەزا حاجی ئابادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٧- ٦٢.
٢٠. محەمەد ئەلدروبی: هەمان سەرچاوە، ل١٨٦.
٢١. د. فاروق علی عمر: سەرچاوەی پێشوو، ص ص١٩-٢٠.
٢٢. د. سميه سعدالدين: أنت رئيس تحرير، مساعد باحپ: مروه عگيه، گ١ (القاهرە: ٢٠٠٤)، ص٧٣.
٢٣. د. فاروق علی عمر: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٢٠- ٢١.
٢٤. د. سمیه سعدالین: سەرچاوەی پێشوو، ص ص٧٣-٧٤.
٢٥. د. فاروق علی عمر: سەرچاوەی پێشوو، ص ص١٨- ١٩.

هەواڵنامەی کتێب

## ليستی سەرچاوەكان


- ئەحمەد تەوەكولی: چۆنييەتی راپۆرت نوســين لەراگەياندندا، وەرگێڕانی: جوامێر مارابی، چ١ (ســلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧).
- بــەدران ئەحمەد حەبيب: فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەياندن ئينگليزی- كوردی- عەرەبی، چ١ (هەولێر: كۆڕی زانياری كوردستان، ٢٠٠٥).
- جەمال گردەسۆری: كايەكانی رۆژنامەنووسی، (هەولێر: رۆشنبيری هەولێر، ٢٠٠٧).
- چاودێر (رۆژنامە)، ژمارەكانی (١٣٥، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٧).
- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووســی، وەرگێڕانی: كارزان محەمەد، (ســلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥).
- سمية سعدالدين (الدكتورة): أنت رئيس تحرير، مساعد باحث: مروة عطية، ط١ (القاهرة: ٢٠٠٤).
- فاروق ابو زيد (الدكتــور)، ليلى عبدالمجيد (الدكتورة): فن التحرير الصحفي (القاهرة: مداخلات تكنولوجيا التعليم، ٢٠٠٠).
- فــاروق علي عمر (الدكتور): مفاتيح الســلطة الرابعــة- كيف تصبح صحفيا في عالــم متحول؟-، (بغداد: ٢٠٠٢).
- كرم شلبي (الدكتور): معجم المصطلحات الاعلامية، ط٢ (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٤).
- محەمەد ئەلدروبی (دكتۆر): رۆژنامەگەريی و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: سۆزان جەمال و لوقمان غەفور، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦).

# پێشمەرگە

**پاشکۆی گۆڤاری «ڕاپەڕین» ی هەولێر**

**باوکی شامەم**

سەرنجێک:
**لە ژمارە (١٤) ی ئەم گۆڤارەدا بابەتێکم لە ژێر ناوونیشـــانی «ڕاپەڕیـــن گۆڤـــاری هەولێر» کـــە تیایە بە وردی لـــە گۆڤاری ناوبـــراو دواوم و لەویَ ئاماژەم بـــەوە داوە کە گۆڤاری ڕاپەڕین پاشکۆیەکیشی دەرکردووە بە ناوی «پێشمەرگە» کە لەم بابەتەدا لەو پاشکۆیە دەدوێین.**

**پێشەکی**

لەبەر ئەوەی لە بابەتەکەی ڕابردوومان‌دا بە وردی لە پێکهاتەی مەڵبەندەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چۆنیەتی کارکردن و بەرهەمهێنانی ئەو دەزگایە دواوم بـە تایبەتیـش پێکهاتـەی ڕاگەیاندنـی مەڵبەنـدی (٣) کە سـنووری چالاکییەکانـی هەولێـر و دەوروبەری بـووە، ئەمەو لێدوان لـە چاپخانەی شـەهید جەعفەر کە سـەر بـە مەڵبەنـدی (٣) بووە و گۆڤـاری ڕاپەڕین و چەندان بڵاوکراوە و کتێبی لیَ چاپکراوە، هەروەها گۆڤاری «**پێشمەرگە**»ش لەویَ چاپکراوە، بۆیە بە پێویستم نەزانی زانیارییەکان دووبارە بکەمەوە.
هـەر لە بابەتەکەی ژمارە (١٤)ی گۆڤاری «**ڕۆژنامەنووس**» دا لە تەکنیکی نووسین و تەکنیکی چاپ و چاپکردنی گۆڤاری ڕاپەرین دواوم، لەم بابەتەدا ئـەو زانیارییانە دووبـارە ناکەمەوە، چونکە گۆڤاری «**پێشـمەرگە**» ش بە هەمان شـێوە و تەکنیک و قەبارە و شـێوە چاپکردن چاپکراوە، تا سـتافی کارکردن و نووسینی هەردوو گۆڤارەکە هەمان ستاف بووە.
لەم بابەتەدا بێجگە لە پێناسـەکردنی گۆڤاری پێشـمەرگە، ناوی بابەتەکانی دوو تویَی هەر (٥) ژمارەکە دەنووسـمەوە و بۆ زانینی ئاستی ناوەرۆکی گۆڤارەکە چەند بابەتێکیش جارێکی تر دەنووسمەوە. هیوادارم ئەم بابەتەش ببێتـە سـەرچاوەیەک بۆ بەسـەرکردنەوەی ئاسـتی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی و چاپەمەنییەکانی شۆڕشی کوردستان.




**ناساندن**

گۆڤاری «**پێشمەرگە**» لە لایەن ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی وەرتێ دەرچووە، کە ئەوسا بارەگای مەڵبەند لەو گوندە بوو، تا ژمارە (٣) وەک گۆڤارێکی تایبەت بە پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگایەتی دەرچووە، بەڵام لە ژمارە (٤ و ٥) دا بۆتە پاشکۆی گۆڤاری «**ڕاپەڕین**» کە لە بنەڕەتدا هەر (٥) ژمارەکە پاشکۆی گۆڤاری «**ڕاپەڕین**» بووە.

گۆڤاری «**پێشمەرگە**» بە قەبارەی نیو فۆلسکاب دەرچووە و ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان (٣٦) لاپەرە تا (٥٨) لاپەڕە دایە.

بەرگی هەر (٥) ژمارەکەی گۆڤاری پێشمەرگە بەم شێوەیە دیزاین کراوە بە لای بەشی سەرەوەدا ناوی گۆڤارەکە نووسراوە، لە تەک ناوی گۆڤارەکە لۆگۆی مەڵبەندی(٣) داندراوە، لە ژێر ئەمانەدا نووسراوە «**گۆڤارێکە تایبەت بە پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگایەتی**»، ئەمەو زۆربەی فەزای بەرگی پێشەوە بۆ تابلۆ و هێلکاری تەرخانکراوە، کە لە هەر ژمارەیەکدا شێوەی ئیشە هونەرییەکان گۆڕاون و ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە کە زۆربەی کارەکان لە لایەن هونەرمەندان گارا، کاکە عەبە، سیار کراون، لە ژێر تابلۆکاندا یاخود بە تەزمین لە ناو بەشی خوارەوەی تابلۆ یان هێلکارییەکاندا ژمارە و مێژووی هەر ژمارەییک نووسراوە، لە ژمارە (٤ و ٥)دا ئەم دەستەواژەیە «**گۆڤارێکە تایبەت بە پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگایەتی**» لادراوە و ئەم دەستەواژەیە نووسراوە (**پاشکۆی گۆڤاری «ڕاپەڕین» (٥) دوو مانگ جارێک دەردەچێت**). لە بەرگدا تەنیا ڕەنگی ڕەش بەکارهێنراوە.

دیزاینی لاپەڕەکانی ناوەوە هیچ تەکنیکێکی تێدا بەکارنەهێنراوە و بابەتەکان وەک چۆن تایپکراون بەسەر لاپەڕەکاندا دابەش کراون، ناونیشانی بابەتەکان پیتچنین کراون یاخود کەسێکی خۆشنووس نووسیویەتی، هەموو بابەتەکان بە تایپێکی سادەی ئای بی ئێم تایپ کراون.


**گۆڤاری «پێشمەرگە» بۆچی؟**

بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی دەرکردنی گۆڤاری پێشمەرگە

وا دەقی ئەو نووسینە دەگوازمەوە کە لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا، وەک سەروتاری ژمارەکەدا بڵاوکراوەتەوە کە روونکراوەتەوە بۆچی دەست بەدەرکردنی گۆڤاری ناوبراو کراوە و ئەمەش دەقی نووسینەکەیە:

(دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگەدا هەنگاوی یەکەم و نۆبەرەی چالاکی مەڵبەندی سێیە لە رووی ئیعلامیەوە و هەر لە ئێستاوە ئەوە دەخەینە بەردەستان کە ئەم بڵاوکراوە تایبەتی دەبێت بە ژیانی پێشمەرگە، جەنگی پێشمەرگە، «**پێشمەرگە**» لەم ژمارەیەدا هەوڵ دەدات دەنگ و رەنگی راستەقینەی پێشمەرگە بێت.

لەوەتەی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان لەسەردەستی ی. ن. ک لە خاکی کوردستانی خوێناوی بەرچنگی فاشستەکان دەستی پێکراوە، سەرەڕای بارودۆخی ناهەموار و پڕ لە دەردەسەری رۆژانی خەباتی چەکدارانە و دەست کورتی شۆڕش لە رووی ئامرازەکانی چاپکردن لە پێشەوە و دوایی ژمارە کەمی کادیری نووسین و چاپ و هاتوچۆی ئێرە و ئەوێ، شۆڕش تارادەیەک زۆر بایەخی بە لایەنی ئیعلام و دەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤاری مانگانە داوە بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە کۆمەڵانی خەڵک لە لایەک و ئینجا هۆشیارکردنەوەی فەلسەفەی خەبات و ئامادەکردن و تێرکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە رووی فەرهەنگی شۆڕشەوە.




راستە وەک گوتمان لەلایەن شۆڕشەوە چەندان گۆڤار و بڵاوکراوەی یەک بە دوای یەکی هەمە جۆرە دەرچووە و کەم و زۆر توانراوە بۆشایی پڕ بکرێتەوە و ئەم بڵاوکراوانە توانیویانە رۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی زۆرتر جێگای سەرنج بێت هەتا ئێستا وەک پێویست بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بە پێشمەرگە و تاقیکردنەوە و کاروباری پێشمەرگەیی دەرنەچووە. جا وەنەبێت ئەمەش هۆ و ئەنجامی خۆی نەبێت بەم رەنگە ئێمە لێرەوە ئەو دەرگایەمان خستە سەر گازی پشت و بە پشتیوانی برا پێشمەرگە نووسەر و رۆشنبیرەکانمان کەوتینە خۆمان، تا بتوانین لەم شوێنەوە لە ژێر ناونیشانی خۆشەویستی

«**پێشــمەرگە**» دوە نەختێک لەم کەلەبەرە کەم بکەینەوە و لاپەڕەیەکی تر بخەینە سەر خەرمانی ئەدەبیات و ئیعلام و بڵاوکراوە و چاپەمەنیەکانی شۆڕش.

دیارە هەموو هەنگاوێکی ســەرەتاش بێ کەم و کوڕی نابێت و دڵنیاین لە لایەن و دڵسۆز و دۆستە راستەقینەکانی پێشمەرگەوە پشتگیریمان دەکرێ و بەرهەمی سودبەخش و ناوەڕۆک بە پێز بۆ پێشمەرگە دەوڵەمەند و سەرفرازمان دەکەن.

دووبــارە «**پێشــمەرگە**» بڵاوکــراوەی هەمــوو پێشــمەرگەیەکی بــەرەی گەلــە، دەنگــی زوڵاڵــی ئــەو پێشــمەرگانەیە کــە گیانــی خۆیــان لــە پێنــاوی وڵات و گەلەکەیان خستۆتە سەردەســت، دەنگی پێشمەرگەکانی ( ی. ن. ک) ە.

**وێنەکان**

لــەو (٥) ژمارەیەی گۆڤارەکــەدا تەنیا ئەم چەند وێنەیە بڵاوکراوەتەوە:

وێنەی شــەهید دڵشــاد محەمەد قادر، ژمــارە (١)، بەرگی دواوە.

وێنەی شەهید عوسمان عەبدلرەحمان «**وریا**»، ژمارە (٢)، بەرگی دواوە.

وێنەی شەهید خالید سابیر عوسمان» نەبەز» ، ژمارە (٣)، بەرگی دواوە.

وێنەی شــەهید محەمەد عەجــەم، ژمارە (٤)، بەرگی دواوە.

وێنەی شەهید عەبدوڵڵا عەزیز مەجید، ژمارە (٤)، بەرگی دواوە.


وێنەی شەهید عیزەدین ئەحمەد ئیسماعیل، ژمارە (٥)، بەرگی دواوە.

وێنــەی شــەهید حەمــەد ئەمیــن حەمەد قادر «**حەمە کــەژە**»، ژمارە (٥)، بەرگی دواوە.

**ناوونیشانی بابەتەکان**

ئەمــەی خــوارەوەی ناوونیشــانی ئەو بابەتانەیــە کــە لــە هــەر (٥) ژمارەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، بابەتەکان بریتین لە هەواڵی چالاکییەکانی هێزی پێشــمەرگە، وتاری سیاســی، شیعر، چیرۆک، هونەر، زانستی سەربازی، بەسەرکردنەوە، یادی شەهیدان:





**ژمارە (١)، خولی (١)، کانونی دووەمی ١٩٨٣، بەفرانباری ٢٦٨٢، ٣٦ لاپەڕە**

سـاڵی نوێتـان پیرۆزبێـت، بەرگـی یەکەم بە دیوی ناوەوە.
سەروتار... ل١ و ل٢
هەواڵێک.. ل٢
ڕێنوێنی شــەڕی پارتیزانی، بەشی یەکەم... ل٣ تا ل٧
بۆ چوار پێشمەرگەی شــەهید، نووسینی پێشمەرگەیەک.... ل٨ تا ل١٢.
چـۆن پێشـمەرگە لـە سـەنگەری پێشـمەرگایەتی دا دەدۆزینـەوە؟ سەرهەنگ، ل١٣ تا ل١٨.
دوا هەناسە، شیعر، هاوڕێ گەرمیانی، ل١٩ و ل٢٠
ئاشـی ئاولێبـڕاو، چیـڕۆک، مـەلا خورشید، ل٢١ تا ل٢٤.
هەواڵێک.... ل٢٤.
داسـتانی قارەمانێتـی دەشـتێو، ئامادەکردنی م، ل٢٥ تا ل٣٠.
هەواڵێک... ل٣٠.
پێناسی چەک، تفەنگی ژ- ٣، ئامادەکردنی م، ل٣١ و ٣٢.
چالاکی پێشمەرگە، ل٣٣ تا ٣٦..
دوا وشــە، کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشــە! بەرگی دواوە بە دیوی ناوەوەدا.

**ژمارە (٢)، خولی (١)، شوباتی ١٩٨٣، ڕەشەمێ ی ٢٦٨٢، ٤٠ لاپەڕەیە**

ئەرکە ســەرەکیەکانی هێزی پێشــمەرگەی کوردستان لەم قۆناغەدا، سەروتار، ل١ تا ل٣.
ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی، بەشی دووەم، ل٤ تا ل٩.
پێشــمەرگە کێیە لە شــەڕی پارتیزانی دا، نوســینی گیڤارا، ل١٠ تا ل١٤.
چەند کۆپلە شــیعرێکی شــاعیران: پیرەمێرد، گۆران، مەلا عەلی... ل١٤.
چەنـد زانیاریـەک لەســەر هێلیکۆپتـەرو چۆنیەتـی بەرەنگاربوونەوەی، ئامادەکردنی م، ل١٥ تا ل١٨.
داســتانەکەی گەرەوان، ئامادەکردنی پێشــمەرگە، ل١٩ تا ل٢١.
شۆڕشــی گەلان، شــۆڕش لە بەلجیـکا، وەرگێرانی ئارام، ل٢٢ تا ل٢٨.




بەســەرکردنەوەی دوو شــەهیدی قارەمــان، کاکــە عزیــز رابی و کاکە واحد رســول، ل٢٩ تا ل٣١.

پێشــمەرگە لە ســەنگەری پێشمەرگەدا، ل٣٢ و ل٣٣.

پێشــمەرگەیەکی نوێ، چیرۆک، کاکە باس، ل٣٤ تا ل٣٨.

چالاکی پێشمەرگە، ل٣٩ و ل٤٠.

شەهید پەســاپۆرتی شۆڕش و گەلە، دوا بەرگ بە دیوی ناوەوەدا.

**ژمارە (٣)، خولی (١)، نەورۆزی ٢٦٨٢، ئازاری ١٩٨٣، ٤٦ لاپەڕەیە**

لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە، سەروتار، ل٣ تا ل٥.

ڕەوشتی پێشمەرگە، هەڵگورد، ل٦ تا ل١١.

ڕێنوێنی پێشمەرگە، بەشی سێ یەم، ل١٢ تا ١٩.

نەخۆشی کۆسمۆپۆلیتی، ل٢٠ تا ل٢٢.

وانەی فەرهەنگی **«شۆڕش»** ، مەریوان، ل٢٣ تا ل٢٦.

داستانەکەی کەڵەک، ئامادەکردنی هێدی، ل٢٧ تا ل٣٠.

پێناسی چەک **«بۆمبی هێشویی عنقودی»**، ل٣١ تا ل٣٣.

بروســکەیەکی بە پەلە بۆ حاکمێکی دەبەنگ، جەمال، ل٣٤ و ل٣٥.

کاروانی شەهیدان، ل٣٦ تا ل٣٨.

پێشمەرگە لە سەنگەری پێشمەرگەدا، پاڵەوانێکی نەناسراو **«حەلیمە»**ی دایک و پێشمەرگە، ل٣٩ تا ٤٣.

چالاکی پێشمەرگە، ل٤٤ و ل٤٥.

پیرۆزبایــی بــۆ هــەردوو تیپــی ٥٧ ی ســەگرمەو ٥١ ی گەرمیان، ل٤٦.

ساڵی ئافرەتان لە ژێر سێبەری تفەنگ دا، بەرگی دواوە بە دیوی ناوەوەدا.

**ســەرنج: لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا لە قەبارەی فۆلسکابدا تابلۆیەکــی شــێوەکاری بڵاوکراوەتــەوە، لــە ژێر ناونیشانی قازانی خوێناوی کە گوازارشت لە داستانی پێشمەرگە دەکات لە گوندی قازاندا.**

**ژمارە (٤)، خولی (١)، ئایاری ١٩٨٣، ٥٨ لاپەڕەیە**

ئەســتێرەیەکی تریش کشــا، کرێکارانی چاپخانەی شەهید

جەعفەر، بەرگی پێشەوە بە دیوی ناوەوەدا.
چارەنوسی ئامرازەکانی شۆڕشی چەواشە هەر سەرنگون بوونە.. ل ١ تا ل٤.
ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی، بەشی چوارەم، ل ٥ تا ل١١.
ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر تیپی هونەری چەوساوەکان، وەرزێر، ل١٢ تا ل١٤.
شارەکەمان تاوانبار کراوە دەبێ سزا بدرێ، سەرهەنگ، ل١٥ تا ل ٢٧.
پێناسی چەک **«نارنجۆک»**، نوسینی م، ل٢٨ تا ل٣٠.
داستانی **«فەقێ یان و ئاکۆیان»**، ل ٣١ تا ل٣٣.
وانەی فەرهەنگی **«سۆسیالیزم»**، ئامادەکردنی: مەریوان، ٣٤ تا ل٤٠.
کاروانی شەهیدان **«شەهید فوئاد سابیر قەشقەیی»**، ل٤١ تا ل٤٤.
دیاریەک بۆ باوکم، چیرۆک، سەلاح سەربەنی، ل٤٥ تا ل٥٠.
پێشمەرگە لە سەنگەری پێشمەرگەدا، ل٥١ تا ل٥٤.
ئەوە دیسان هەگبەی پشکۆی ئەم شارە خۆی لە رووباری خەم دەشوات، شیعر، شەماڵ، ل٥٥ تا ل٥٨.
دوا وشە... بەرگی دواوە بە لای ناوەوەدا.

**ژمارە (٥)، خولی (١)، تەمموزی ١٩٨٣، ٤٠ لاپەڕەیە**

کۆستێکی گەورە، کرێکارانی چاپخانەی شەهید جەعفەر، بەرگی پێشەوە بە لای ناوەوەدا.
لە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تری چەپکێک شەهیدی قارەمان و نەمردا، ل١ تا ل٣.
ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی، ل٤ تا ل٨.
پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و جەماوەر، فرمێسک، ل٩ تا ١١.
ڕاپەڕینی سپارتاکۆس، سەرهەنگ، ل١٢ تا ١٦.
ئەم مەسیحەش لە خاچ مەدەن، بڕوا، ل١٧ و ل١٨.
وانەی فەرهەنگی: دیموکراسیەت، مەریوان، ل١٩ تا ل٢٣.
ئەو وشانەی نابنە پرد، شیعر، ئەحمەد عارف، ل٢٣ و ل٢٦.
ئەستێرەیەکی تری داڕژاو، شیعر، هەڵۆ، ل٢٧ و ل٢٨.
داستانی قارەمانێتی ساوێن، ل٢٩ تا ل٣٢.
کاروانی شەهیدان **«شەهید حەمید قادر»**، ل٣٣ تا ل٣٦.
پێشمەرگە لە سەنگەری پێشمەرگەدا، ل٣٧ تا ل٤٠.
دوا وشە، بەرگی دواوە بە لای ناوەوەدا.

**بابەتی هەڵبژاردە**

لە دوو توێی هەر (٥) ژمارەکەی گۆڤاری پێشمەرگەدا دەیان بابەت بڵاوکراونەتەوە کە شایان بە نووسینەوەن، بەڵام وەک دەزانرێت ناکرێت زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان بنووسینەوە، وا ئەم سێ بابەتە هەمە جۆر و هەمە رەنگە وەک نموونە دەگوازمەوە:
شیعری:
ئەو وشانەی نابنە پرد
**«بۆ شەهید جەواد شەفیق»**
دەڵێم گەڕێن
چی دی دەست مەخەنە ئەوکی ووشەکانم
سێدارەیان بۆ هەڵ مەخەن
مەیان تاسێنن
شۆخی سۆزی من بۆ لاوی دزێوی ئێوە
نایەتە ژوانێ
چی دی کۆتری سپی بڕوام
لانە وێران مەکەن باسەری نامۆیی هەڵ نەگرێ
بە ئاوازی پوچی ئێوە ناگمێنێ
سەنگەری بڕوام
چەکداری بیرتان لە ئامێز ناگرێ..
رنووی ترۆپکە سەربەرزەکانی ژینم
ئۆخژن و ورینگەی شەوی زاواییم..
کەسێ ناتوانێ پۆلوی ووشەکانم سارد کاتەوە و
دەست بە رووی هەتیووی بێنەوای بوونما بنێ..
دەڵێم گەڕێن..
نەخۆم، نە ووشەی رەوەندم

به ئێوەی ئەلقە لە گوێ ڕام ناکرێین..
من چیایەکی سەربەرزم و ووشەی ڕەوەز..
مـن مرۆڤێکی ڕەندم و ووشـەی پۆلە کەوی ڕەوەکی
زۆزانێکی سەخت..
من چۆکی ترسنۆکی دانادەم و
ووشەکانیشـم نابنـە پـردی پەڕینـەوەی زۆڵەکان..
بە ئازادی هاتوومەتە کۆڕی ژیانەوە و
دەسـرازەی ئینتیمـاش نانێمە سـەر سـنگی ووشەوە..
هەر دەجەنگم..
تا ووشەم نەبنە جواناوی ڕووم و بەرکۆژەی
شەهید بوون نەترازێنم
دەس لەم خاکە هەڵناگرم
هاوڕێکانم
ئەگەر هات و پۆلوی ووشەم
هەستی تەزیوی گەرم نەکردنەوە
یا خۆش و خرۆشی نەبەخشیە سۆزتان
ئامێـزی مێشـکتان بـۆ سـاوای ووشـەکانم
مەکەنە ئارامگا و
ئاورگی بوونم کوێر کەنەوە..

ئەحمەد عارف
زینۆ ٢/١٩٨٣

**سەرنج: ئەم شیعرە لە ژمارە (٥) ، خولی (١) بڵاوکراوەتەوە.**

**بابەتی:**
شەهید پەساپۆرتی شۆڕش و گەلە
هـەر ڕۆژەی کـە خـۆر هەڵدێ، لەسـەر هەموو بسـتێکی ئـەم خاکە پیـرۆزە خوێنی شەهید دەبریسکێتەوە.. هەر تاوە و کە هەتاو بەسـەر زەوی دا دەڕوانێ، خەرمانی خوێنی شـەهیدان لە کوردستانی داگیرکراودا سوور سوور هەڵدەگەڕێ...
شـەهید گوڵێکی سـوورە و بەدەم هەموو سـەرکەوتنێکەوە دەڕوانـێ و بـۆی پـێ دەکەنـێ. شـەهید خەم و ژانـی کوڵی هەموو پێشمەرگەیەکە و داوای تۆڵە سەندنەوە دەکا. شـەهید ئەستێرەیەکی پڕشـنگدارە و بەسەر کاروانی خەباتـی گەلەکەمانەوە بۆ هەڵهێنانی ئاسۆی ئازادی و سەرفرازی دەبریسکێتەوە..
دیـداری شـەهید.. یادکردنەوەیـە.. لـە بیرنەکردنـە.. درێژەپێدانـی خەباتە تا ڕۆژی سەرکەوتن.
دیداری شەهید وەفایە بەرانبەر بەو خوێنە بێ گەردەی کە لەسەر خاکی کوردستان ڕژاوە. شانازییە بەو گیانە پاکەی بۆ ڕزگارکردن و لەناوبردنی چەوساندنەوەی گەلی کوردستان سپێردراوە.
پێشـمەرگە دلێـرەکان.. ئەو ناونیشـانەی سەرەوە لەسەر بەرگی یەکەمی ئەو نامیلکەیە دەبینـرێ کـە لـەم زوانـە دەکەوێتـە بـەر دەستتانەوە کە بریتی یە لە زنجیرە ووتارێک و پەخشـانێک دەربـارەی چەنـدان چەپکـە پێشمەرگەی شەهید.

**سـەرنج: ئەم بابەتە لە ژمارە (٢)، خولی (١) بڵاوکراوەتەوە.**

**هەواڵێک**
لـە شـەوی ١٩٨٢/١٢/٢٥ دا مەفرەزەیەک لە پێشـمەرگەکانی کەرتی (٢)ی تیپی (٧٧) ی هەڵگورد چونە سەر ڕەبایەی قۆپی دیلمان لە قەسرێ و بە ئاڕ پی چی و چەکی سوک ئاگر بارانیان کرد، زیانی دوژمن:
١. کوژرانی ئەفسەرێک کە ملازم بوو
٢. کوژرانی سەربازێک
٣. تێک شکاندنی دۆشکایەک
٤. ڕوخاندنی ڕەبایەکە
مەفرەزەکـەش بە سـەلامەتی و بێ زیان گەڕایەوە بنکەکەی خۆی.
**سـەرنج: ئەم هەواڵە لە ژمارە (١)، خولی (١)، ل٢ بڵاوکراوەتەوە.**

### چەند سەرنج و تێبنییەک لەسەر کتێبی:

# بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا ١٩٠٨-١٩٨٨



**ڕێناس نەورۆزی - برۆکسل**
newrozi@journalist.com


کتێبی بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا ١٩٠٨-١٩٨٨ لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەرەوە جوتیار تۆفیق نووسراوە و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بنکەی ژین لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە لە ١٨٢ لاپەڕە پێکهاتووە. لاپەڕە ٣-٩ گوتەیەکی سەرەتا، چەند سەرنجێک. لاپەڕە ١٠-٧٧: ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨-١٩٨٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا دەرکراون. لاپەڕە ٨١-١٤١ پاشکۆی یەکەم: ژیاننامەی چەند کەسایەتییەکی کورد کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریانکردووە. لاپەڕە ١٤٢-١٨٠ پاشکۆی دووەم: خوێندنەوەی کتێبی **«ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧»**. لاپەڕە ١٨١-١٨٢ پاشکۆی سێیەم: گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە.

دیارە کتێبەکە ماندووبوونی زۆری پێوە دیارە و ئەمە یەکەمین هەوڵی سەرانسەرییە دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا، بەڵام ئەو پەڕەی کە کتێبەکەی لەسەر چاپکراوە، بەهیچ شێوەیەک پەڕی کتێبێکی لەو جۆرە نییە، چونکە پەڕێکە بۆ کاروباری کۆپیکردن بەکاردێت، نەوەک بۆ کتێبی تایبەت بە ئەرشیف و مێژوو. ئەگەر کتێبێک تایبەت بێت بەلایەنی دیرۆک و وێنەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کۆن و وێنەی کەسایەتیەکانی کورد

لە خۆ بگرێت و کتێبێکی ئەرشـیفی و وێنەداربێت پێویستە دەزگا چاپەمەنییەکانی کوردستان لەسەر پەڕەیەکی تایبەت بـە فۆتۆ و لــە چاپخانەی تایبــەت بە پــەڕەی فۆتۆگرافی چاپیان بکـەن. لە کتێبەکەدا چەند هەڵەیەکی چاپی و چەند هەڵەیەکــی زمانەوانی هەیــە، رەنگە خــودی کاک جوتیار تۆفیــق بەو جۆرە رێنووس و دەنگانە بینووســێت، چونکە ئێمە تا ئێستا زمان و رێنووسی یەکگرتوومان نییە، بۆیەکە هەر یەکەمان بە شـێوازێکی تایبەت بە خۆی دەنووسـێت، ئەوەی لێرەدا مەبەسـتمە زیاتر هەڵوەسـتەی لەسەر بکەم ناوەڕۆکــی کتێبەکەیە بــە تایبەتیش بەشــی بیبلۆگرافیای رۆژنامە و گۆڤارەکانی نێوان ١٩٠٨-١٩٨٨.

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە چەند هەلەیەکی ناو کتێبەکە بکەم و هەندێک لە زانیارییەکان راستبکەمەوە و لەسەریان زیــاد بکەم، لە دوایشــدا دەمەوێت ئاماژە بــە ناوی چەند رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەم کــە لەم کتێبەی کاک جووتیــار تۆفیق ئاماژەیان پێ نەکراوە.

لــەم کتێبەدا نــاوی (١٠٣) رۆژنامــە و گۆڤار ریزبەند کراون کە لە نێوان ١٩٠٨-١٩٨٨ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیــدا ریزبەند کــراون. بێگومــان دانانی مێژووی (١٩٠٨-١٩٨٨) هەڵەیە، چونکە یەکەم بڵاوکراوە کــە لــە کتێبەکەدا ئامــاژەی پێکــراوە گۆڤاری The Kurdistan Missionary یە، کە کاک جووتیار نووسـیویەتی یەکــەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٠٨ دەرچووە. ئەمەیان بە بۆچوونی من هەڵەیە، چونکە بەپێی چەندین بەڵگە و سـەرچاوەی دیرۆکی ژمارە (١)ی بەرگی یەکەمی ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩١٠دا بڵاوکراوەتەوە نەک ١٩٠٨، بۆیەش دەکرا لە جیاتی ١٩٠٨ سـاڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی **(کرمانشاه)** کە ساڵی ١٩٠٩بڵاوکراوەتــەوە، بکرابووایە یەکەم ساڵی دەسـتپێکردنی بیبلۆگرافیاکە واتا (١٩٠٩-١٩٨٨) راستتر دەبوو.




کاک جووتیــار بە پشــت بەسـتن بــە ژمــارە (١٠)ی بەرگــی پازدەیەم گەیشــتۆتە ئەو بــاوەڕەی کە یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی ئەم گۆڤارە لە ١٩٠٨دا دەرچووبێت! کاک جووتیار ئــەو زانیارییانەی لە وێنەی بەرگی گۆڤــاری (The Kurdistan Missionary)

هەواڵنامەی کتێب




وەرگرتـووە کـە لـە لاپـەڕە ١١٣ی کتێبـی (کوردسـتان لـە سـێبەری مێـژوو)ی خاتوو (سوسـان میسـیلاس)ی ئەمرکییەوە وەریگرتووە. لەسەر بەرگی گۆڤاری (The Kurdistan Missionary) بـە زمانی ئینگلیـزی نووسـراوە: (Volume 15. OC-TOBER، 1923، No. 10.) واتـا (**بەرگـی پازدە، ئۆکتۆبەر ١٩٢٣، ژمارە ١٠**). بەڵام کاک جووتیار لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی (**ژمارە ١٠ی سـاڵی پازدەهەمینـی لـە ئۆکتۆبەری ١٩٢٣**) دەرچـووە. (Volume) واتا بەرگ، نەک ساڵ! بەڵام مەرج نییە بەرگی هەموو رۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکراوەیـەک لە جیهانـدا یـەک سـاڵی پڕ بێـت، هەندێک بڵاوکراوە هەن لە ساڵێکدا دوو بەرگیان لێدەردەچێـت، هەشـیانە بە دوو سـاڵ بەرگێکـی لێدەردەچێت، هی واش هەیە بە هـۆی گرفتی ئابـووری و تەکینکی ماوەی چەند ساڵێک وەستاوە و پاشان لەسـەر هەمان زنجیـری بەرگەکانی خۆی دەستیکردۆتەوە بە دەرچوون. بۆیەکە بەکارهێنانی (Year سـاڵ) لـە بەرامبـەر (Volume بـەرگ) هەڵەیە.

ئەوەی زیاتر جێگەی سـەرنجی منە کە کاک جووتیار هـەر لە لاپـەڕەی ٩ی کتێبەکەیـدا دەڵێت: (**دکتـۆر ئەمیر حەسەنپوور دەربارەی ئەم گۆڤارە نووسیویەتی: گۆڤاری کوردسـتان میشـنێری، مانگە بوو و هـەوەڵ ژمارەی لە ئۆکتۆبەری ١٩١٠ لە شـاری شـیکاگۆ لە هەشت لاپەڕەدا دەردەچـوو و دوایە ژمارەکانی گەیشـتە ١٦ لاپـەڕە.....**). بـەڵام وەکو ئاماژەم پێکرد هەڵەکە لە بەرکاهێنانی سـاڵی پـازدە بـووە لە بری بەرگی پازدە، چونکە سـاڵی پازدەی گۆڤارەکـە لـە ١٩٢٣دا، دەمانگەیەنەتـە ئەوەی کە سـاڵی ١٩٠٨ یەکەم ساڵی گۆڤارەکە بووبێت!

**هەندێک لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە (The Kurdistan Missionary) بەو جۆرە دەرچوونە:**

بەرگی یەک، ژمارە (١)ی لە مانگی ١٩١٠/١٠ دەرچووە.
بەرگی سێ، ژمارە (١١)ی لە ساڵی ١٩١٣ دەرچووە.
بەرگی پێنج، ژمارە (٢)ی لە مانگی ١٩١٥/١١ دەرچووە.
بەرگی نۆ، ژمارە (١٢)ی لە مانگی ١٩١٧/١٢ دەرچووە.
بەرگی دوازدە، ژمارە (٤)ی لە مانگی ١٩٢٠/٤ دەرچووە.

بەرگی سێزدە، ژمارە (٢)ی لە مانگی ١٩٢١/٢ دەرچووە.
بەرگی چواردە، ژمارە (١٠) لە مانگی ١٩٢٢/٨ دەرچووە.
بەرگی پازدە، ژمارە (١٠) لە مانگی ١٩٢٣/١٠ دەرچووە.

دەربارەی ئەم گۆڤارە و چالاکی مەسیحییە ئەمریکییەکانی ئەو سەردەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانە:

International Journal of Kurdish Studies Vol. 20، no. 1&2 (2006) pp. 215-233.

**دەربارەی زنجیرەی (٣٠) ڕاوێژ**

کاک جووتیار لە لاپەڕە ٣٨ی کتێبەکەیدا و لە زنجیرەی (٣٠)ی بڵاوکراوەکاندا بە پشت بەستن بە کتێبەکەی جەمال خەزنەدار **«ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ١٩٧٣، بەغدا»** نووسیویەتی: (**بڵاوکراوەی ڕاوێژ ١٩٤٨؟، لە سنە دەرکراوە**).

من دڵنیام لەوەی کە ڕاوێژ لە ساڵی ١٩٤٨ دەرنەچووە، بەڵکو گۆڤارێکە لە ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دەرچووە، بەڵام شوێنی دەرچوونەکەی شاری سنە بووە، ئەگەرچی ئەوکاتە شاری سنە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەبووە، بەڵام ئەم گۆڤارە بەپشتگیری و دەسەڵاتداریێتی (**کۆماری کوردستان**) دەرچووە. زمان: کوردی **«کورمانجی ناوین»** و فارسی. ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٤٦ دەرچووە و، لەگەڵ ڕووخانی کۆماری کورد لە مەهاباد ئەم گۆڤارەی شاری سنە-ش لە دەرچوون وەستاوە. لەوە دەچێت، تەنیا یەک ژمارە یاخود چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووبێت. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە چاپی سێیەمی کتێبەکەیدا چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی لە لاپەڕە ١٤٤ دەڵێت: **«دیتمان کە پێشەوا قازی و هەندێک لە بەڕێوەبەرانی حزب هەوڵیاندا کە ناوچەی سنە و کرماشانیش ڕزگار بکەن و بە تایبەتی بۆ ناوچەی سنە بەرنامەی زۆر ڕوون و دیاریکراویان هەبوو»**. ئەمەیان بەڵگەیەکی گرنگە کە بەرنامە و پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان بە شاری سنە دەخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر. دووەمینیش بڵاوکراوەی ڕێگا کە تاکە ژمارەکەی لە کۆتایی مانگی ١٠- سەرەتای مانگی ١٩٤٨/١١ دەرچووە، ئاماژەی بە ناوی بەشێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە کردووە کە لە ماوەی یەک ساڵەی تەمەنی کۆماری کوردستان دەرچوونە. (**ڕێگا**) دەربارەی ڕاوێژ وەک (**مجلە = گۆڤار**)ی ناساندووە و شوێنی دەرچوونیشی وەک (**سنە**) ئاماژە پێکردووە، کاتی دەرچوونیشی (**ماوەی یەک ساڵەی تەمەنی کۆمار**) نووسیوە. ناشێ و ناکرێ ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووبێت، کە بڵاوکراوەی (**ڕێگا**)ی تێدا دەرچووە. چونکە ماوەی نێوان ١٩٤٦ لەگەڵ ١٩٤٨ ئەوەندە زۆر دوورنین، بۆیە کە حەسەنی قزلجی لە ساڵی ١٩٤٨ ئەو وتارەی بە زمانی فارسی لە (**ڕێگا**)دا نووسیوە باشتر ئاگای لە دوو ساڵی بەر لە خۆی هەبووە و ئاگای لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی کورد هەبووە، بەتایبەتی کە بۆ خۆیشی لە سەردەمی کۆماردا نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی چالاک بووە. ئێستا کە ساڵی (٢٠٠٩)ە و ئێمە باشتر ئاگاداری ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەیوەست بە کوردستان و کوردین، ناتوانین گۆڤارێک کە لە ٢٠٠٧ دەرچووبێت و ئێمە بە ئێستا ٢٠٠٩ی بینووسین.

**دەربارەی زنجیرەی (٤١) بەغستان**

زانیارییەکان لەلای من بەوجۆرەن: بەغستان = بێستوون: (**گۆڤارێکی مانگانەی مێژوویی خوێندەواری**). (**بڵاوکراوەی: ئیدارەی گشتی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن**). شوێنی دەرچوون: تاران. زمان: کوردی **«هەورامی و کورمانجی ناوین»** و فارسی. ڕێنووس: ئارامی. سەرپەرشتی: دکتۆر محەممەد موکری (**کرماشان ١٩٢١-٢٠٠٧**). ژمارە: (١)ی لە مانگی ازرماه ساڵی ١٣٣١ی

هەتاوی، ٢٥٦٤ی مادی بەرامبەر (١٩٥٢)ی زایینی دەرچووە. هەر ئەو تاکە ژمارەی لێدەرچووە، پێوانە: ناوەندی و وێنەدارە.

**دەربارەی زنجیرەی (٥٩) چوارچرا**

لە لاپەڕە ٦٠ی کتێبەکەیدا کاک جووتیار نووسیویەتی: (**بڵاوکراوەی کوردی زمانی کۆنفیدراسیۆنی کوردی جیهانی خوێندکارانی ئێرانە**). من پێم وایە ئەمە هەڵەی چاپییە و ڕاستییەکەی بەوجۆرەیە (**بڵاوکراوەی کوردی زمانی کۆنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێرانە**). شوێنی دەرچوونیشی شاری کیل – ئەڵمانیا بووە. زمان: کوردی «**کورمانجی ناوین**». ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی ساڵی یەکەم لە مانگی ١٩٧٨/٢ دەرچووە، ژمارە: (٢)ی ساڵی یەکەم لە مانگی ١٩٧٨/٥ دەرچووە.

**دەربارەی زنجیرەی (٦٦) ڕاستی**

لە لاپەڕە ٦٢-٦٣ی کتێبەکەیدا کاک جووتیار نووسیویەتی: «**ڕاستی ١٩٧٨-١٩٧٩ لە تاران لەلایەن دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردەوە دەرچووە. حەسەن قزڵجی سەرپەرشتیکردووە**». کە سەرچاوەکەشی نامە و دەستنووسێکی ئەحمەدی شەریفی بووە. دواتر نووسیویەتی «**لەلایەن ڕێکخراوەی لاوان و خوێندکارانی ئێران لە خاکەلێوەی ١٣٥٧، وەک پاشکۆی (ئارمان-فارسی)... دەرچووە**». (**ڕاستی**) کە (بڵاوکراوەی ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی ئێرانە) لە تاران دەرنەچووە، بەڵکو لە شاری بەرلین – ئەڵمانیا دەرچووە. زمان: کوردی «**کورمانجی ناوین**». ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی لە نەورۆزی ١٣٥٧ی هەتاوی (کۆتایی مانگی ١٩٧٨/٣- سەرەتای مانگی ١٩٧٨/٤) دەرچووە، ژمارە: (٣)ی لە جۆزەردانی ١٣٥٧ (کۆتایی ١٩٧٨/٥-سەرەتای ١٩٧٨/٦) دەرچووە، ژمارە: (٥-٦)ی لە خەرمانان-گەلاوێژی ١٣٥٨ (٧-١٩٧٨/٩) دەرچووە.

بەشێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە لەکتێبی (**بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا**) ئاماژەیان پێ نەکراوە.

**کرماشان**

**١٩٧٩-کرماشان**

ڕۆژنامە؛ ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کرماشان دەرچووە. زمان: فارسی و کوردی «**کورمانجی خوارووو و کورمانجی ناوین**». ڕێنووس: ئارامی.

**ئیتیحادی چەپ**

**١٩٧٩-سنە**

(**هەفتەنامەی یەکێتی چەپ، بڵاوکراوەی هەفتانەی ڕێکخراوی یەکێتی چەپ**). لە شاری سنە دەرچووە. زمان: کوردی «**کورمانجی ناوین**». ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی لە ڕۆژی /١٩٧٩/٦ دەرچووە، ژمارە: (١٠)ی لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١١ دەرچووە، ژمارە: (١١)ی لە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١٨ دەرچووە. پاش داگیرکردنەوەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە، ئەم بڵاوکراوەیە لە دەرچوون وەستاوە. هەر لەو سەردەمەدا لەلایەن هەمان ڕێکخراوی یەکێتی چەپ، هەفتەنامەیەکیتر بە ناوی (**اتحاد چپ**) بە زمانی فارسی لە ئێران دەرچووە.

**خبرنامە کوردستان**

**١٩٧٩-سوێد**

هەواڵنامەیەکی تایبەتە بە هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات – لقی سوێد AKSA**) بە زمانی فارسی دەریکردووە. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە، ژمارە: (٥)ی لە ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٩ی هەتاوی (١٩٧٩/٩/١٠)ی زایینی

دەرچووە، ژمارە: (٦)ی لـە رۆژی ١٣٥٨/٦/٢١ی هەتاوی (١٩٧٩/٩/١٢)ی زایینی دەرچووە.

**رزگاری**
**١٩٧٩-رۆژهەڵاتی کوردستان**




(ئۆرگانی سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیست). لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە. زمان: کوردی **«کورمانجی ناوین»**. رێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە، ژمارە: (١٦)ی لە رۆژی ٤ی بەفرانباری ١٣٥٨ (١٩٧٩/١٢/٢٥) دەرچووە، تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوامبووە لە دەرچوون.

**بولتەنی خەبەری کوردستان**
**١٩٧٩-فرەنسا**

(بولتەنی خەبەری کوردستانی ئێرانە)، هەواڵنامە، رامیاری: (**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران / تەشکیلاتی ئەوروپا**) لە پاریسی پایتەختی فرەنسا دەریکردووە و هەندێک لە ژمارەکانی دووبارە لە ستۆکهۆلمی پایتەختی سوید چاپکردۆتەوە. زمان: کوردی **«کورمانجی ناوین»**. رێنووس: ئارامی. ژمارە: (١)ی لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە، ژمارە: (٤٢)ی لە رۆژی ١٩٨٣/١٠/١٣ دەرچووە، ژمارە: (٥٤)ی لە رۆژی ١٩٨٤/٢/١٧ دەرچووە، ژمارە: (١٥٥)ی لە رۆژی ١٩٨٦/٥/٣٠ دەرچووە و پاش ماوەیەک ئەم بڵاوکراوەیە لە دەرچوون وەستاوە. پێوانە: A4.

**بولتن خبری کوردستان**
**١٩٧٩- فرەنسا**

هەواڵنامە، رامیاری، مانگانە: (**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران / تەشکیلاتی ئەوروپا**) لە پاریسی پایتەختی فرەنسا دەریکردووە. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە: (١٨٠)ی لە ساڵی ١٩٨٧



دەرچـووە، ژمـارە: (٢٠٨)ی لە سـاڵی ١٩٨٨ دەرچـووە، ژمـارە: (٢٦٥)ی لە سـاڵی ١٩٩٣ دەرچووە. پێوانە: A4.

**تاڤگەی کوردستان**

**١٩٧٩-سنە**

گۆڤار، رۆشـنبیری، گشـتی: دەسـتەیەک رۆشنبیری کورد لە شاری سنە دەریانکردووە. زمان: کوردی «کورمانجی ناوین» و فارسی. رێنـووس: ئارامـی. یەکەم ژمارەی لە سـاڵی ١٩٧٩ و بەگشـتی زیاتـر لـە (٣) ژمـارەی لێدەرچووە و وێنەدارە.

**Kurdistan du Iran**

**١٩٧٩-فەرەنسا**

هەواڵنامـە، وەرزیـی ناڕێـک (**حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران**). لـە پاریس دەریکردووە. زمان: فەرەنسی. یەکەم ژمارەی لە سـاڵی ١٩٧٩ دەرچووە و تا ساڵانی ١٩٩٠ ناو بەناو بەردەوام بووە لە دەرچوون.

**رێگای کرێکار**

**١٩٧٩-رۆژهەڵاتی کوردستان**

رۆژنامـە، رامیـاری، مانگانـە: (**ئۆرگانـی ناوەندی سـازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران - کۆمیتەی کوردسـتان**). شوێنی دەرچوون: رۆژهەڵاتـی کوردسـتان. زمـان: کـوردی «**کورمانجـی ناویـن**». رێنـووس: عەرەبـی. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە: (٢٢)ی لە جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی (**کۆتایی مانگی ٥ و سەرەتای مانگی ١٩٨٥/٦**) دەرچووە، ژمارە: (٢٩)ی لە مانگی بەفرانباری ١٣٦٤ (**کۆتایـی ١٩٨٥/١٢ - سـەرەتای ١٩٨٦/١**) دەرچووە. ئەم رۆژنامەیە تا کۆتایی سـاڵەکانی ١٩٨٠یش ژمارەیتری لێدەرچووە. پێوانـە: شـێوە رۆژنامەی بچووکـە. (**رێگای کرێکار**) پاشکۆی سەربەخۆی رۆژنامەی (**راه کارگر**)ی فارسـی زمانی ئۆرگانی (**سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران**) بوو.

**کوردستان**

**١٩٨٠-مەهاباد**

رۆژنامـە؛ رامیـاری. (ئۆرگانـی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێـران - پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم). زمان: فارسـی و کوردی «کورمانجـی ناویـن» رێنـووس: ئارامـی. ژمـارە: (١)ی لە سـاڵی ١٩٨٠ دەرچووە. ئەم رۆژنامەیە چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووە و پاشـان وەسـتاوە. ئەم رۆژنامەیە لەلایەن دەسـتەیەک لە ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەندی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە کە لـە دوای سـازدانی کۆنگـرەی چوارەمی حزبەکە لە شـاری مەهاباد جیابوونەوە ناوی (پەیڕەوانـی کۆنگـرەی چوارەم)یـان لـە خۆ نابوو دەریاندەکرد.

**پێشڕەو**

**١٩٨٦-ئەوروپا**

گۆڤـار؛ تیـۆری، رامیـاری. (**سـازمانی کوردسـتانی حزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران - کۆمەڵـە / دەرەوەی وڵات**) بە زمانی فارسـی لـە ئەورووپـا دەریکـردووە. یەکـەم ژمارەی لـە سـاڵی ١٩٨٦ دەرچووە، ژمـارە: (٣)ی لە سەرەتای ١٩٨٧ دەرچووە.

**اصحاب انقلاب**

**١٩٨٦-تاران**

گۆڤار، گشتییە. (**سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران - ناوچەی کوردنشـین**) دەریکرووە. زمان: فارسـی و کوردی «**کورمانجی ناویـن**». ڕێنووس: ئارامی. یەکەم ژمـارەی لە سـاڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە، ژمـارە: (٣٧)ی ساڵی شەشەمی لە ١٩٩٢ دەرچووە.

**ئاڵا**

**١٩٨٦-سوێد / نەرویج**



گۆڤار، رامیاری، گشـتی. لە سـەرەتاوە لە ساڵی ١٩٨٦ وەک (**ئۆرگانی بەرەی یەکگرتووی کوردستان**) دەرچووە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٠ بـەدوا وەک (**ئۆرگانی پارتی سـەربەخۆیی کوردسـتان**) درێژەی بـە دەرچوونی داوە. شـوێنی دەرچـوون: سـەرەتا لـە شـاری ئوپسالا / سوێد دەرچووە. لە ساڵی ١٩٩٠ بـەدوا لـە ئۆسـلۆی پایتەختـی نەرویـج درێـژەی بـە دەرچوونـی داوە. زمـان: کـوردی «**کورمانجی ناوین**». ڕێنووس: ئارامـی. ژمارە: (١)ی لە سـەرماوەز - مانگـی ١٩٨٦/١٠ دەرچـووە. ژمـارە: (٢١)ی سـاڵی حەوتەم لـە بەفرانباری ١٩٩٣ دەرچـووە، ژمـارە: (٢٨)ی لـە خەزەڵوەری ١٩٩٦ دەرچووە و ئێستا وەسـتاوە. پێوانـە: شـێوە گۆڤـاری بچووکە.

# یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان

**دوا بە دوای پەسەندکردنی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە (٢٠٠٨/٩/٢٢) و بەهۆی گرنگی یاساکە لە بواری چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رۆژنامەنووسان لە مەیدانی کاری رۆژنامەنووسیدا رووبەڕووی دەبنەوە و جگە لەمەش ئەم یاسایە لە نێوەندە رۆژنامەنووسییە جیهانییەکانیش، چ لەلایەن (ئایدان وایت) سکرتێری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ)و چ لەلایەن سەرۆکی رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنوور بە یاسایەکی پێشکەوتوو لە قەڵەم دراوە. بۆیە پێمان باشە دووبارە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئەم یاسایەو دەقی یاساکە بڵاوبکەینەوە، بەو مەبەستەی هەوڵ و کۆششەکانی سەندیکا و ئەرک و ماندووبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی بخرێتە بەرچاوو رۆژنامەنووسانی کوردستان لە نزیکەوە ئاگاداری بن.**
**وا لە خوارەوە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پڕۆژە یاساکەو دەقەکەی دەخەینەڕوو، کە لەژمارەی پێشوو دەقی یاساکە لەبەر چەند هۆیەکی هونەری بڵاونەکرابۆوە.**

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی (پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان)

**دەسپێک:**
لەبەر رۆشنایی یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی یەکەم کە لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، کە بریتی بوو لە پێکهێنانی لێژنەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکاو دەرەوەی ئەنجوومەن بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ (**رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان**)، هەروەها پاش هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی تەواو لە رووی یاساییەوە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، چونکە هەر کارو پیشەیەک ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی نەبێت، بەتایبەت کاری رۆژنامەنووسیی، دەبێتە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەو ئاستەنگی جۆراوجۆر، وەک ئاشکرایە پاش راپەڕینی ١٩٩١ کاری رۆژنامەنووسی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، چ لە رووی چەندایەتی و چ لە رووی چۆنایەتییەوە، سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی چاپەمەنی ساڵی (١٩٩٣)ی پەرلەمان، کە تا رادەیەکی گەورە بواری کاری رۆژنامەنووسی فراوان و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێویستی ئەوەی دەکرد ئەو ئازادییەی بەدەست هاتووە بە یاسایەکی شارستانی و سەردەمیانە رێکبخرێت. ئەوەبوو لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە لە کۆتایی مانگی (مایسی ٢٠٠٥) لە هەولێر ئەنجامدرا، بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەکە وەک ئەرکێکی پیشەیی و مێژوویی سەندیکا کە پێشتریش لە ساڵی (١٩٩٨ و ٢٠٠١) هەردوو پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستانی ئامادەو پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، کە هەردووکیان لەلایەن پەرلەمانەوە بە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨) و ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) پەسەندکران. لێژنەکەش پێکهاتبوو لەم پەرلەمانتارو رۆژنامەنووس و یاساناس و مامۆستایانەی زانکۆی لای خوارەوە:

**١. خوالێخۆشبوو فیکرەت عیزەت/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٢. ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٣. تاریق جامباز/** پەرلەمانتارو یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٤. حوسامەدین سەرداری/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٥. د. کەمال سەعدی/** مامۆستای زانکۆ لە بواری یاسای رۆژنامەنووسیی.
**٦.خالید بەکر ئەیوب/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**٧. حامید محەمەد عەلی/** ئەندامی ئەنجوومەن **(سکرتێری سەندیکا)**.
**٨. زیرەک کەمال/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**٩. ئەکەد موراد/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**١٠. فەرهاد عەونی/** نەقیبی رۆژنامەنووسان.
**١١. ئازاد حەمەدئەمین/** یاساناس، تەنها لە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربووە..
**١٢. مەسعود مستەفا/** یاساناس، بەڕێوەبەری یاسایی وەزارەتی رۆشنبیری، تەنها لە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربووە..

## قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆژەکە تاکو گەیشتنی بە پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکردنی

**یەکەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥ یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکار، بە بەشداری سەرجەم ئەوانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە ئەنجامدرا. کە تێیدا رەشنووسی ئەو پرۆژەیە کە پێشتر لەلایەن (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە سلێمانی ئامادەکرابوو، لەرێگای بەرێز جێگری نەقیب (مستەفا ساڵح کەریم) پێشکەش بە لیژنەکە کرا، وەکو بنەمایەک بۆ سوود وەرگرتن لە ماددەو بڕگەکانی ئەو پرۆژەیە..

**دووەم/**

لەنێوان کۆبوونەوەی یەکەم تاکو (٢٠٠٥/٦/٢٣) لیژنەی ئامادەکار چوار کۆبوونەوەی چڕو پڕی ئەنجامدا، بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاساکە.

**سێیەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٢) لیژنەی ئامادەکار پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دوا رەشنووسی پرۆژەی ئامادەکراو کە بریتی بوو لە (٢١) مادەو (٥) بەش. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی رەشنووسەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە کەناڵەکانی راگەیاندن و سایتی سەندیکا، بۆ ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران لە پرۆژەکەو وەرگرتنی راو سەرنج و پێشنیازەکانیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، کە تاکو ٢٠٠٦/٢/١٥ ماوەی بۆ دیاری کرابوو..

**چوارەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١١/٨) پرۆژە یاساکە بەزمانی (کوردی و عەرەبی) لەرۆژنامەی (الصحفی) بڵاوکرایەوە. هەروەها لە چەند سایت و رۆژنامەیەک..

**پێنجەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی بۆ کەناڵەکانی

راگەیاندن سازکرد، بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن..

لە کۆنگرەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان پاش راگەیاندنی تەواوبوونی پرۆژەکە ئاماژەی بە گرنگی پرۆژە یاساکە کردو داوای لەسەرجەم رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کوردستان کرد کە بەشداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە بە سەرنج و پێشنیارەکانیان. هەروەها رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ی دیاری کرد کە دوا ماوەیە بۆ وەرگرتنی راو سەرنجەکان لەسەر پرۆژەکە. لە کۆنگرەکەدا رەشنووسی پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دابەشکرا بەسەر کەناڵەکانی راگەیاندندا، هەروەها راگەیەندرا کە بۆ ئەو مەبەستە کۆڕو سیمیناری تایبەت و فراوان لەلایەن لقەکانی سەندیکاوە سازدەکرێت..

**شەشەم/**

پاش راگەیاندنی رەشنووسی پرۆژەکە لە رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ تاکو ٢٠٠٦/٩/١٦ لەسەرجەم لقەکانی سەندیکا (کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، موسڵ، بەغدا) هەروەها لە هەردوو دەڤەری (سۆران و گەرمیان) و لەلایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە شاری (لەندەن) چەندین کۆڕو سیمینار بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە سازکراوە، راو سەرنج و پێشنیازی بەشداربووان وەرگیران بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە.

سەرەڕای دەیان دیمانەو میزگردو بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتی تایبەت دەربارەی ئەو پرۆژەیە.

**حەوتەم/**

رۆژی (٢٠٠٦/٤/٢٢) لەیادی (١٠٨)ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا، لەچوارچێوەی (فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان) کە لە هەولێر سازکرا، تێیدا رۆژی ٤/٢٢ بە تەواوی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە تەرخانکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو و زۆر لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران بەشدارییان تێدا کرد، لەنێوان دوو دانیشتن دا کەماوەی (٨) سەعاتی خایاند، راو سەرنجی ئامادەبووان وەرگیرا، کە تا رادەیەکی زۆر پرۆژە یاساکەی دەوڵەمەندکرد، لەسەر رۆشنایی سیمینارەکە لیژنەی ئامادەکار دوو کۆبوونەوەی تێروتەسەلی ئەنجامداو جارێکی دیکە پرۆژەکەی دارشتەوە..

**هەشتەم/**

لە سەرەتای مانگی (تەمووزی ٢٠٠٦) بۆ جاری دووەم رەشنووسی پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) لە چەندین رۆژنامەو سایتی سەندیکاو لە رۆژنامەی (الصحفی) بڵاوکرایەوە، دیسان بە مەبەستی ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و دەربڕینی راو سەرنجیان لەسەری..

**نۆیەم/**

رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٦ بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا، لیژنەی ئامادەکار کۆنفرانسێکی بەرفراوانی لەهۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر سازکرد، کە تێیدا زیاتر لە (١٥٠) رۆژنامەنووس و رۆشنبیرو پەرلەمانتارو مامۆستای زانکۆ ئامادەو بەشداربوون، تیایدا بەشێوازی وۆرک شۆپ (١٥) گروپ پێکهێنرا بە گوێرەی ژمارەی ماددەکانی پرۆژەکەو بەوردی و تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە کرا. لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا راو سەرنجی زۆربەی بەشداربووانی لەسەر وەرگیرا..

کۆنفرانسەکە رۆژێکی تەواوی خایاند و بڕیاردرا جارێکی دیکە پاش دارشتنەوەی لەبەر رۆشنایی راو سەرنجی بەشداربووانی

کۆنفرانسەکە، پرۆژەکە بڵاوبکرێتەوە.

**دەیەم/**

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بۆ جاری سێیەم، پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو سایتی سەندیکاش بڵاوکرایەوە. ئەویش دیسانەوە هەر بە مەبەستی ئاشنابوون و ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و دەربڕینی راوسەرنجیان لەسەری..

**یازدەیەم/**

بۆ دواجار لیژنەی ئامادەکار لە ٢٠٠٦/١٠/١٠ دوا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو بڕیاریدا پرۆژەکە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکرێ..

**دوازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ وەفدی ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کردو بە رەسمی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشی بەڕێزیان کردو، هیوایان خواست کە بەڕێزیان هاوکارو پشتیوانی سەندیکا بێ لە پەسندکردنی پرۆژە یاساکە..

**سێزدەیەم/**

لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری کە دەبوایە پرۆژە یاساکە لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، یاخود (١٠) پەرلەمانتار ئیمزای لەسەر بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیکا راستەوخۆ پرۆژەکەی دایە دەست بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە لە پەرلەمان.

**چواردەیەم/**

ئەوەبوو جارێکی دیکە ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (١٣٤٧) لە ٢٠٠٧/٧/٢٤ پرۆژەکەی پێشکەشی وەزارەتی رۆشنبیری کرد بۆ ئەوەی لە رێگەی وەزارەتەوە بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**پازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٤ شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەت کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو کارە پێکهاتبوو، کۆبووەوە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ماددەو بڕگەکانی پرۆژەکە کە تێیدا لیژنەی ناوبراو هەندێ راوسەرنجی ئاسایی هەبوو، بەڵام بەگشتی لێک تێگەیشتنێکی تەواو هەبوو، دەربارەی زۆربەی ماددەو بڕگەکان..

**شازدەیەم/**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٢٤٤٧) لە ٢٠٠٧/٩/٢٧ بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی حکومەت پرۆژە یاساکەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد.

**حەڤدەیەم/**

پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری بەجیا دوو دانیشتنی تێرو تەسەلی لەرۆژانی ٢٠٠٧/١٠/٢٨ و ٢٠٠٧/١١/٢٥ لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەنجامدا، هەروەها دانیشتنێکی فراوانی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ناوبراوی پەرلەمان و شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا، بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بە بەشداری بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١ بەڕێوەچوو، کە تێیدا سەرتاپای بڕگەو ماددەکانی پرۆژەکە

عەوالنامەی کتێب

گفتوگۆیان لەسەر كراو تێیدا هەندێ رای جیاواز لەسەر هەندێ ماددەو بڕگە هەبوو..

**هەژدەیەم/**

پەرلەمانی كوردستان لە رۆژانی ٤، ٥، ١١، ٢٠٠٧/١٢/١٢ لە چەند دانیشتنێكدا كە (١٧) سەعاتی خایاند بەدرێژی و تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر پرۆژە یاساكە كرد، كە تێیدا راوبۆچوونی جیاواز لەسەر زۆرێك لە ماددەو بڕگەكان هەبوو، ئەوەبوو لە ئاكامدا لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پاش دەستكارییەكی زۆری دەقی پرۆژەكەی سەندیكا، لەژێر یاسای ژمارە (٣٥)دا پەسەند كرا..

**نۆزدەیەم/**

دەرچوونی یاساكە بەو شێوەیەی كە پەرلەمان بڕیاری لەسەردا، بووە جێگای نارەزایی و نیگەرانی ئەنجوومەنی سەندیكاو رۆژنامەنووسان، هەر بۆیە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣ شاندێكی سەندیكا سەردانی سەرۆكایەتی دیوانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانی كرد، سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی سەندیكا بەرامبەر یاساكە، لە هەمان كاتیشدا داوای دیدارێكی بەڕێز كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانی كرد..

**بیستەم/**

رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٧ بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەبارەگای تایبەتی خۆی لەهاوینەهەواری سەلاحەدین كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسان كرد، بە مەبەستی روونكردنەوەی هەڵوێستی سەندیكاو ئەو ماددەو بڕگانەی كە بوونەتە جێی نارەزایی، شاندی ئەنجوومەنی سەندیكا بە تێرو تەسەلی باسیان لەو خاڵ و بڕگانە كرد كە بوونەتە مایەی نیگەرانی رۆژنامەنووسان..
ئەوەبوو بەڕێزیان لەو دانیشتنەدا گوتی: (من بەهیچ شێوەیەك ئیمزا لەسەر یاسایەك ناكەم كە پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسیی لە كوردستان كەم بكاتەوە)، بۆیە بەشاندەكەی راگەیاند كە ئەو یاساكە دەگەڕێنێتەوە پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی جارێكی دیكە گفتوگۆی لەسەر بكرێ و هەموار بكرێتەوە.. ئەوەبوو لە ٢٠٠٨/١/٣ بەڕێزیان یاساكەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان.

**بیست و یەكەم/**

لەرۆژانی ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩ كۆنگرەی دووەمی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بە بەشداری (٣٦٣) رۆژنامەنووس لە هەولێر بەسترا، كە تێیدا (٦) لێژنەی جیاجیا بۆ گفتوگۆكردن و ئامادەكردنی راپۆرت بۆ كۆنگرە پێكهاتن، كە گرنگترینیان لێژنەی هەمواركردنی یاسای كاری رۆژنامەنووسی، بوو كە زیاتر لە (٢٥) رۆژنامەنووس بەشدارییان لەو لێژنەیە كردو راپۆرتێكی تێرو تەسەلیان لەسەر دەقی یاساكە ئامادەكردو پێشنیازی ئەوەش كرا كە ئەنجوومەنی تازەی سەندیكا ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگرێت لەگەڵ بەدواداچوونی دا.

**بیست و دووەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/١/١٥ ئەنجوومەنی نوێی سەندیكا یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی لە هەولێر گرێداو خاڵی سەرەكی ئامادەكردنی یاداشتێك بوو بۆ پەرلەمانی كوردستان دەربارەی هەمواركردنی هەندێ بڕگەو ماددەی یاساكە، لەبەر رۆشنایی بڕیاری كۆنگرە كە ئەویش بەپێی دەقی راپۆرتەكەی لێژنەی هەمواركردنی یاسای ناوبراو ئامادەكرا. لەهەمان كاتیشدا بڕیاری ئەوە درا كە رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ كۆبوونەوەیەكی فراوان لەگەڵ زۆربەی سەرنووسەرو بەڕێوەبەری رۆژنامەو كەناڵە حیزبی و ئەهلییەكان سازبكرێت بە مەبەستی وەرگرتنی راوبۆچوونییان لەسەر یاساكە...

**بیست و سێیەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لەبارەگای مەکتەبی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداری ئەنجوومەنی سەندیکاو ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری رۆژنامەو کەناڵەکان، ئەنجامدرا..

کە تێیدا دوا راوسەرنج و پێشنیازەکان وەرگیران و دواتر بە یاداشتێک بەنووسراوی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٠٨/٢/١١ پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا..

**بیستم و چوارەم/**

بە مەبەستی کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ راوبۆچوونەکانی سەندیکاو ئەو یاداشتەی کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کرد، ئەنجوومەنی سەندیکا بە پلانێکی دارێژراو لەنێوان شوبات و ئازاری ٢٠٠٨دا سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی کرد کە فراکسیۆن و ئەندامیان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، بەو ئومێدەی هەموو لایەکیان پشتگیری هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسان بکەن، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی وا پەسەند بکات کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان..

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لە نزیکەوە بەشدارییان لەو هەموو کۆڕو سیمینارانە کردووە کە لەلایەن هەندێ رێکخراوەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر یاساکە سازدەکرا. کە هەندێکیان یاداشتی پێشنیازکراوی ئەنجوومەنی سەندیکایان کردە بناغەی هەمووارکردنی یاساکە..

**بیست و پێنجەم/**

ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (٢٥١) لەرۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ یاداشتنامەیەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو لێژنەی یاسایی و رۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان کرد، سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە لە ئارادایە بەتێکەڵکردنی پرۆژەکەی سەندیکا لەگەڵ پرۆژە یاسایەکی دیکەدا بەناوی (پرۆژە یاسای راگەیاندن)، تیایدا نارەزایی سەندیکای دەربڕیوە بەرامبەر هەرجۆرە تێکەڵکردنێک کە هەوڵی بۆ دەدرێت بە مەبەستی پەراوێزخستن و لەباربردنی، هەروەها جەختی کرد لەسەر دانانی پرۆژەکە لە ئەولەویات پەرلەمان لە خولی نوێیدا.

**بیست و شەشەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢١ ئەنجوومەنی سەندیکا جارێکی دیکە یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و هەردوو لێژنەی یاسایی و رۆشنبیری کرد، کە تیایدا جەختی لەسەر پێشنیارو سەرنجەکانی پێشووی کردەوە، کە رۆژی ٢٠٠٨/٢/١١ بە نووسراوی ژمارە (٥٣) پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردبوو.

**بیست و حەوتەم/**

سەر لەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢١ ئەنجوومەنی سەندیکا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی لەبارەگای خۆی لە هەولێر بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سازکرد، بە مەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێستی سەندیکا لەسەروبەندی گفتوگۆکردنی کۆتایی پەرلەمانی کوردستان لەسەر یاسای ناوبراو.

**بیست و هەشتەم/**

رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەرلەمانی کوردستان پاش گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنێکی تێرو تەسەلی یاساکەو خوێندنەوەی راپۆرتی هەردوو لێژنەی یاسایی و رۆشنبیری، بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگ یاسای ژمارە (٣٥)ی پاش هەمووارکردنی پەسەند کرد.

**بیست و نۆیەم/**

ئەنجوومەنی سەندیکا بەبۆنەی پەسەندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٣ بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا سەرەڕای هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤانەی یاساکە، کە بە دەستکەوتێکی نیشتمانی و مێژوویی وەسف کرد، ئەویش بە لادانی ئەو بڕگەو خاڵانەی کە پێشووتر ببووە جێگای نیگەرانی و ناڕەزایی سەندیکاو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەرەڕای پیرۆزبایی کردن لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبۆنەی پەسەندکردنی ئەو یاسایەی کە دەبێتە بنەماو مەرجەعییەتی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان، ئەمەش دەقەکەیەتی:

## بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
## بەبۆنەی پەسەندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان

ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنێکی ورد یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان پەسەند کردو بوو بە بنەمایەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان.

دیارە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە پێشتر پرۆژەی ئەو یاسایە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لەپسپۆڕانی یاسایی ئامادەکرابوو، ئەویش پاش هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی یاسایی لەم بوارەدا، ئامانجی سەندیکاش ئەوەبوو کە پانتایی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی بە یاسا زیاتر بەرفراوان بکرێت و لە ئاستێکدا بێت، کە هاوشانی یاسایەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بێت، هەڵبەت سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەم بوارەدا ئەرکێکی پیشەیی و مێژوویی خۆی، بە پاڵپشتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەنجامدا.

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وای دەبینێت کە لەم یاسایەدا بەشی هەرەزۆری ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسان بەدی هاتوون، کە بەرای ئێمە دیارترین دەستکەوت و جوانترین و پڕ ماناترین ماددەی نێو ئەم یاسایە ئەوەیە کە جارێکی تر ڕۆژنامەنووس بە هیچ شێوەیەک لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیی و پیشەکەی دەستگیر ناکرێت، هەروەها جگە لە نەهێشتنی ئاداب و سیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و قەدەغکردنی داخستنی ڕۆژنامە.

جێی خۆشحاڵییە کە بەم هەنگاوە، کوردستان دەبێتە وڵاتێکی کەم وێنە لەناوچەکەدا کە تیایدا ڕۆژنامەنووس لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیی دەستگیرناکرێت، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بە دەستکەوتێکی نیشتمانی گرنگی دەزانێت بۆ توێژی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەی کوردستانیش، چونکە ئەو یاسایە دەبێتە ژێرخانێک بۆ زیاتر بەرفراوانکردنی پانتاییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی و بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنی دروشمی ناوەندی سەندیکا کە بریتییە لە (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان)، لەڕاستیدا ئەگەرچی ئەو یاسایە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە تایبەتە بە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا، کە ئەویش ڕۆژنامەنووسانن، بەڵام بێگومانین هەنگاوێکی گرنگ و چڵۆنایەتیشە لەسەر ڕێگای گەشەپێکردن و قوڵکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراسیکردن و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگای

کوردستان.
سەرەڕای هەڵسەنگاندنی پۆزەتیڤانەمان بۆ یاساکە بەگشتی دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە بڕی ئەو پارەیەی بۆ سـزادانی رۆژنامەنووس و رۆژنامە لەو یاسـایەدا دانراوە زۆرەو لەگەڵ ئاستی گوزەران و باری بژێوی توێژی رۆژنامەنووسان ناگونجێت، بەڵام دەکرێت لە داهاتوودا لە رێی خەباتی دیموکراسـییانەو مەدەنییانـەوە کاری جدی لەپێناو هەموارکردنی ئەو دوو بڕگەیەدا بکرێت.
ئەنجوومەنی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بەبۆنەی دەرچوونی یاسای کاری رۆژنامەنووسـییەوە، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات و هیواخـوازە کـە هاندەرێکـی ئیجابـی بێت لەپێناو زیاتر رێکخسـتن و چەسـپاندن و بەرفراوانکردنـی ئـازادی رۆژنامەنووسـی، لەهەمان کاتیشـدا پێی وایە ئەم دەسـتکەوتە بەرپرسیارییەتییەکی پیشەیی و ئەخلاقییە بەرەو چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم.
لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەم بۆنەیەوە سوپاسی خۆمان ئاراستەی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین، کە پاڵپشتی راستەوخۆی لەسەندیکای رۆژنامەنوسان و سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد بۆ دەرچوونی یاساکە بەو شێوەیە.
هەروەهـا دەستخۆشـیش لـە ئەنجوومەنی نیشـتمانی کوردسـتان دەکەین، کە یاسـاکەیان هەموارو پەسەندکرد.
لەهەمانکاتدا سوپاسـی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە پشـتگیری سـەندیکایان لەم کارەدا کرد..
لەکۆتاییشـدا رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان دڵنیـا دەکەینەوە کـە بـەردەوام داکۆکیکاری مافەکانیان و پاڵپشـتی راستەوخۆیان دەبین لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٩/٢٣**

**تێبینی:/**
- شایانی باسە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسـتان تێیدا ئەندامە، لە چەندین بۆنەدا دەستخۆشـی لە سەندیکا کردووە، بۆ ئەو هەوڵ و کۆششـانەی کە بە بەردەوامی خەریکی چەسـپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسانە لە کوردستان، سەرەڕای بایەخی سەندیکا لە بەیاسا کردنی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی..
- لەهەمـان کاتیشـدا رێکخـراوی (**پەیامنێرانی بێ سـنوور**) لەسـەر زاری (**رۆبێـرت مینارد**) سـکرتێری رێکخراوەکە، بەم شـێوەیە (**پرۆژە یاسـای کاری رۆژنامەنووسیی لە کوردستان**) هەڵسەنگاند: (**ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسا پەسەند بکرێت، ئەوا کوردستان بەچەند هەنگاو پێش فەرەنسا دەکەوێت**)...
- سـەرەڕای هەڵسـەنگاندنی ئیجابـی (**ئەنجومەنی صنفـی رۆژنامەگەرانی ئێـران**) و چەندین رێکخـراو و سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی دیکە، کە لـە کۆنگـرەو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ئـازادی رۆژنامەنووسـیی و بارودۆخـی رۆژنامەنووسـانی عێراق ئەنجام دەدرێـت، کە تێیدا رۆڵی سـەندیکا، بەرز دەنرخێنن، کەوا تاکو ئێسـتاکە دوو پرۆژەی ئامادەکراوی لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا دەرچووە..

## ئەمەش دەقی یاساکەیە، کە پەرلەمانی کوردستانی لە رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەسەندی کرد:

### بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆک

### بەناوی گەل
### بڕیاری ژمارە (٢٤)ساڵی ٢٠٠٨

### یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان

**بە پێی برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارەی (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

### یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧
### یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان

### بەشی یەکەم
### پێناسەو پرەنسیپەکان

**ماددەی یەکەم:**

بۆ مەبەستی ئەم یاسایە زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان لە بەرامبەردا هاتووە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم: سەندیکا:** سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

**سێیەم: نەقیب:** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

**چوارەم: رۆژنامەگەری:** پیشەی رۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندندا.

**پێنجەم: رۆژنامەنووس:** هەرکەسێک کە لەبواری رۆژنامەگەرییدا لە هەر کەناڵێکی راگەیاندندا کار دەکا.

**شەشەم: رۆژنامە:** هەر چاپکراوێک کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ریز بەندو بەرێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** رۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستە بەرە، لە چوارچێوەی رێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێ ی یاساو پابەند بوون بە ئیتیکی رۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان (**ساڵی ١٩٥٤ هەموارکراو**).

**دووەم:** رۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ

بەپێ ی یاسا.

سێیەم: سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا رۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا.

چوارەم : هەر کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی مافی خاوەندارێتیی رۆژنامەی هەیە و دەتوانێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری بکا.

پێنجەم: رۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ.

## بەشی دووەم
## مەرجەکانی دەرکردن ودەستبەرداربوون لە رۆژنامە

**ماددەی سێیەم:**

دەرکردنی رۆژنامە پێویستی بەم مەرج و رێکارانەی خوارەوە هەیە:

**یەکەم:** خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی راگەیاندنێک لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو و نازناو و رەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود، دامەزرێنەر و ناوی رۆژنامەکە وئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ناوی سەرنووسەر وماوەی دەرچوونی تێدا بنووسرێ. راگەیاندنەکەش بە بەیانی دەرکردنی رۆژنامە دادەنرێ.

**دووەم:** دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەک لە دەرکردنی رۆژنامەکە ناڕازی بێ و بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی راگەیاندنەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە هەرێم بە سیفەتی پێداچوونەوە نارەزایی تۆمار بکات و بە پێچەوانەوەش دەرکردنی رۆژنامەکە بە پەسندکراو دادەنرێ.

**سێیەم:** پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای رۆژنامەنووسان تۆماری بکا، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەکەی لێ دابین دەکا و سەندیکاش وەزارەتی رۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**چوارەم:** ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی رۆژنامەی هەیە، دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی (**ئەهلیەت**)ی تەواوی هەبێ.

**پێنجەم:** نابێ لە هەرێمدا دوو رۆژنامە بەیەک ناو دەربچن.

**شەشەم:** پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکە لە شوێنێکی دیاری رۆژنامەکە بەشێوەیەکی روون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکە و ناوی ئەو چاپخانەیەی کە لێی چاپ دەکرێ بڵاو بکاتەوەو راگەیاندنێک لە هەر گۆڕانکارییەک، یان هەموارکردنێک لەسەر ناوەرۆکی بەیانی دامەزراندن رووبدات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی گۆرانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاوبکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەر رۆژنامەیەک سەرنووسەرێکی دەبێ و سەرپەرشتیی ئەو بابەتانە دەکا کە تیایدا بڵاودەکرێنەوە:

**یەکەم:** دەبێ رۆژنامەنووس بێ و زمانی رۆژنامەکە بەخوێندنەوەو نووسین بزانێ.

**دووەم:** سەرنووسەرونووسەربەرپرسیارێتیی مەدەنی و سزایی ئەو بابەتانەیان لە ئەستۆدایە کە بڵاو دەکرێنەوە، هەرچی خاوەن ئیمتیازە بەرپرسیارێتیی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەشداریی لە نووسینی رۆژنامەدا کرد ئەوا هەمان بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر هەڵدەگرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

لەگەڵ رەچاو کردنی ئەو رێکارانەی کە دەقەکەیان لەم یاسایەدا هاتووە، خاوەن ئیمتیاز مافی ئەوەی هەیە واز لە هەموو، یان هەندێک خاوەندارێتی خۆی بۆ کەسێکی دیکە

بێنی، بەمەرجێک وازهێنەر پێش (٣٠) سی رۆژ لە مێژووی دیاریکراو لە وازهێنانەکەی ئاگادارییەک لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکاتەوە.

## بەشی سێیەم
## وەڵامدانەوەو راستکردنەوە

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم**: ئەگەر رۆژنامە زانیاریی نادروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە، یاخود یەکێک لە میراتگرانی، یان ئەوەی لە رووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای راستکردنەوەی بکا و وەڵامی هەواڵ، یان وتارەکە بداتەوە. پێویستە سەرنووسەریش راستکردنەوە، یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێک لە دوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە لە هەمان جێ و بە هەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاو کراوەتەوە بڵاو بکاتەوە.

**دووەم:** پێویستە رۆژنامە وەڵامدانەوە یان راستکردنەوە بڵاوبکاتەوە، بە پێچەوانەوە بە برێک پارە کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیون دینار کەمترو لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دیناریش پتر نەبێ غەرامە دەکرێ.

**سێیەم:** سەرنووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوەکە یان ئەو راستکردنەوەیەی بە پێی برگەی یەکەم و دووەمی سەرەوە بۆی دێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەکاتەوە:

١. ئەگەر رۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەڵام، یان راستکردنەوەکە، بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردو تەواو راستکردبووەوە.

٢. ئەگەر وەڵامدانەوە، یان راستکردنەوەکە بە ناوێکی خوازراوەوە بێ، یان بە زمانێکی جیا لە زمانی بابەتە بڵاوکراوەکە نووسرابوو.

٣.ئەگەر ناوەرۆکی وەڵامدانەوەو راستکردنەوە پێچەوانەی یاسا بێ.

٤. ئەگەر وەڵامدانەوە، یان راستکردنەوە دوای (٩٠) نەوەد رۆژ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، یان وتارە وەڵامدراوەکە گەیشت.

## بەشی چوارەم
## ماف و ئیمتیازەکانی رۆژنامەنووس

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم**: رۆژنامەنووس سەربەخۆیە و لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە دەسەڵاتی یاسا.

**دووەم**: نابێ ئەو راو بۆچوونەی کە لە لای رۆژنامەنووس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیەنێ.

**سێیەم**: رۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکا، تەنها بەبڕیاری دادوەری نەبێ.

**چوارەم**: رۆژنامەنووس مافی ئامادە بوونی لە کۆنگرەو چالاکییە گشتییەکاندا هەیە.

**پێنجەم**: هەر کەسێکێک بەهۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە رۆژنامەنووس بکا، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەوا هەمان ئەو سزا یە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

**شەشەم**: ئەگەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو رۆژنامەیە روویدا کە رۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکا، یان بارودۆخی گرێبەستییەکەی گۆڕا، رۆژنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەک لایەنە هەڵبووەشێنێتەوە، بە مەرجێک(٣٠) سی رۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری رۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی رۆژنامەنووسەکە لە قەرەبوو کردنەوەدا بفەوتێ.

**حەوتەم**: پێویستە دەزگاکانی رۆژنامەگەری و بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەومافانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رۆژنامەنووسان دیاریکراون.

**هەشتەم:** لە بارێکدا ئەگەر رۆژنامەنووس هەموو مۆڵەتە ئاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتایی ساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ بە مەرجێک لە مووچەی مانگێکی پتر نەبێ.

**نۆیەم:** لە کاتی تووشبوونی رۆژنامەنووس بە نەخۆشی وپێکان لە کاتی راپەراندنی ئەرکەکەی، یان لە پێناویدا ئەو دەزگا راگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکا، خەرجی چارەسەر کردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

**دەیەم:** ئەگەر رۆژنامەنووس لە رۆژانی پشووی فەرمیدا کاری کرد، پێویستە ئەو دەزگا رۆژنامەگەرییەی کاری تێدا دەکا قەرەبووی ماددی ئەو رۆژانەی بۆ بکاتەوە بە بڕی کرێی دوو رۆژ بۆ هەر رۆژێک.

## بەشی پێنجەم
## پشتەوانە (حەسانە)

### ماددەی هەشتەم:

**یەکەم:** لەکاتی گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەر بە رۆژنامەنووس کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

**دووەم:** نابێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ رۆژنامەنووس بکرێ، یا شوێنی کارو ماڵەکەی بپشکنرێ لەبەر ئەو هۆیەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە مەگەر بە بڕیاری دادوەریی نەبێ و نەقیب یان ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە بۆی هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێ.

**سێیەم:** لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی سزاییدا، نابێ دیکۆمێنت و زانیاری و بەیاننامەو پەڕاوگەکانی رۆژنامەنووس بە بەڵگەی تۆمەتبارکردن لە دژی بەکاربهێنرێ، تەنیا مەگەر پەیوەندییان بە بابەتی سکاڵای تۆمارکراو لە دژی رۆژنامەنووسەوە هەبێت.

**چوارەم:** نووسین و بلاوکردنەوە لەسەر کارەکانی فەرمانبەر یان کەسێکی ڕاسپێردراو بۆ خزمەتگوزاری گشتی یان، سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێ تاوان نی یە ئەگەر هاتو بڵاوکردنەوەکە لە چوارچێوەی ئەرکی فەرمانبەری و خزمەتی گشتی و نوێنەرایەتی دەرنەچێ بەو مەرجەی بەڵگەی سەلمێنەری دانە پالییان لەسەر هەبێ.

**پێنجەم:** نابێ دوای تێپەڕبوونی(٩٠)نەوەد رۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوە هیچ جۆرە رێکارێکی یاسایی لە بەرامبەر رۆژنامەنووس بگیرێتەبەر.

### ماددەی نۆیەم:

**یەکەم:** رۆژنامەنووس و سەرنووسەر، بەبڕێک پارە غەرامە دەکرێن کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر و لە (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار پتر نەبێ. کاتێک یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

١. چاندنی تۆی رق و کینەو لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.

٢. سوکایەتیکردن بە بیرو باوەڕە و ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکان.

٣. سوکایەتیکردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەک و لەکەدارکردنیان.

٤. هەربابەتێک پەیوەندی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەر چەندە راستیش بێ، بەلام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی.

٥. جنێودان وتوانجی نارەواو ناوزڕاندن.

٦. هەر بابەتێک زیان بە رێکاری لێکۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێ تەنیا مەگەر دادگا رێگای بە بڵاوکردنەوەی دابێ.

٧. پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێننامەی (**میثاق شرف**)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو کە پاشکۆی ئەم یاسایە.

**دووەم:** رۆژنامەی بڵاوکەرەوە بە بڕێک پارە غەرامە دەکرێت کە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمترو لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار پتر نەبێت، ئەگەر یەکێک لەوانەی لە بڕگەی (**یەکەم**)دا هاتووە بڵاو کردەوە.

هەواڵنامەی دیبێت

سێیەم: لەکاتی دووبارەکردنەوەدا دادگا بۆی هەیە سزا داراییەکەی زیاد بکا، بە مەرجێک لە دوو هێندەی پارەی سزاکە کە لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم)ی سەرەوەدا هاتوون پتر نەبێ.

چوارەم: داواکاری گشتی و زیان پێ گەیشتوو بۆیان هەیە بەپێی یاسا داوا تۆمار بکەن.

**ماددەی دەیەم:**
حوکمەکانی ماددەی (نۆیەم) ئەو رۆژنامەو چاپکراوانە ناگرێتەوە کە بەمەبەستی زانستی تەواو لەلایەن دەزگا حکومی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی تۆژینەوەی زانستی دەهێنرێن.

**ماددەی یازدەم:**
هەر بابەتێک لەسەرچاوەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیرابێ یاخود وەرگێڕدرابێ لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە نابووردرێ.

**ماددەی دوازدەم:**
کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.

**(حوکمە کۆتاییەکان)**

**ماددەی سیازدەم:**
لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چواردەم:
ئەم یاسایە، لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (**وەقائیعی کوردستان**)ەوە جێبەجی دەکرێ.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئەم یاسایە لە ١٧ی رەزبەری ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ١٠ی شەوالی ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووو.

## هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

ئەمرۆ رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگای کوردستانی و نێودەوڵەتدا گرنگیەکی زۆری هەیە و، ئاسۆییەکی فراوانی لە ئازادی لەبەردەمدایە و، ئەمەش وای خواستووە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت تاکو کاری رۆژنامەگەری بە جۆرێکی وا رێک بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەم و گەشەسەندنەکانیدا بگونجێ و وابکات هاووڵاتی ئاگاداری راستیی رووداوەکان بێ و لە پێناو دابین کردنی پێداویستیەکانی ئازادی رۆژنامەگەری بە روونی و پیشەیی و دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر لە دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی پرانسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەم یاسایە دانرا.

# ئایا (بەلاغ)ەکان دەچنە خانەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە؟

## بەلاغەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک نموونە

**باوکی شانوو**

به دامەزراندن و جاڕدانی گروپ و دەستە و ڕێکخراو و حزبی کوردی و کوردستانی، هەوڵیانداوە لە ڕێگای بەچاپگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەنگ و پەیامی خۆیان بە جەماوەر بگەیەنن، زۆرجار هەوڵەکان بە ئاکام نەگەیشتوون، ئەگەر بە ئەنجامیش گەیشتبن نەپارێزراون و فەوتاون، ئەو چەند بڵاوکراوەیەش کە پارێزراون بەشێک نین لە مەبەستی ئەم نووسینەم، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم و باسی بکەم، ئەو بڵاوکراوانەن کە لە ژێر ناوی «بەلاغ» لە کاتی شەڕ و خەباتی پارتیزانی و پێشمەرگایەتیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی حزبەکان، ئەو جۆرە بڵاوکراوەیان هەبووە، بە تایبەتیش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژگاری شۆڕشی نوێدا ١٩٧٥ تا ١٩٩١.

**بەلاغ چییە؟**

بەلاغ وشەیەکی عەرەبییە، ئەگەرچی رەنگە زیاتر لە کاتی هێرشەکانی ئیسلام یاخود پێشتر بەکارهاتبێت، بەڵام سەرکردایەتی بزووتنەوەی چەکداری خەڵکی کوردستانیش بۆ تەبلیغکردنی کار و چالاکییەکانی سوودی لەو وشەیە بینیووە، لە زمانی کوردیدا ناکرێت وشەیەک دابتاشرێ و بەرامبەر بە وشەی بەلاغ دابندرێت، بەڵام رەنگە نزیکترین واتا ئاگادار کردنەوەی کەسی بەرامبەر بێت، کە دەکرێت وشەی **«پەیام»** یان **«هەواڵ»** یاخود **«راگەیاندن»** گونجاوترین وشە بن بۆ (**بەلاغ**)، بە وردکردنەوەی هەر سێ وشەی پەیام، هەواڵ، راگەیاندن، دەگەینە دەرئەنجامێک کە سەرکردایەتی بزووتنەوەکە ئەو وشەیەی لە بری گەیاندنی هەواڵەکانی داناوە.

**مێژووی بەلاغەکان!**

تا ئێستا بۆم ساغ نەبۆتەوە کە بۆ یەکەمینجار کەی؟ لە کوێ؟ چۆن؟ بە چ شێوەیەک یەکەمین بەلاغ لە لایەن حزبی کوردی بەکارهێنراوە و بە چاپگەیەنراوە. بەلاغ لە کتێبی « مادێنا » دا، کە

لە نووسین و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی رەحمەتییە، ئەوەی بزانم تا ئێستا یەکەمین سەرچاوەیەی کوردییە کە ئاماژەی بە بەلاغ لە شۆڕشی نوێدا کردبێت و چەند زانیارییەکی وردی کۆکردبێتەوە، هەوڵ دەدەم دوو پەرەگراف لەو زانیارییانە بنووسمەوە و بە زانیاری تر دەوڵەمەندیان بکەم، لە پەرەگرافێکی نووسینەکەیدا **«ئازاد»** ی رەحمەتی نووسیویەتی: **«یەکەمین بەلاغی عەسکەری چاپ کراو لە لایەن شەهید عەلی عەسکەرییەوە نوسراوە و کاک حەمە سعید لە تەمووزی ١٩٧٧ دا لە کانی کنێری ناوزەنگ چاپی کردووە»**، بەڵام ئەوەی من بینیومە پێش ئەو مێژووەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری تایپکراوی هەیە و لە ژێر ناوی **«راپۆرتێک سەبارەت بە بارودۆخی عەسکەری کوردستانی عێراق»** بە زمانی عەرەبی بڵاویکردۆتەوە و بریتیە لە (٥) لاپەڕە، هەروەها یەکەمین بەلاغیش پێش تەمووزی ١٩٧٧ دەرچووە بۆ نموونە من **«بەلاغی عەسکەری ژمارە (٣)»**م لە لایە کە باس لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەکات لە ١٩٧٧/٤/١٥ تا ١٩٧٧/٦/١٤، کەواتە یەکەمین بەلاغ پێش مێژووی ئاماژە بۆ کراو دەرچووە، لە پەرەگرافێکیتری کتێبی مادێنادا هاتووە: **«بە دامەزراندنی رادیۆ و پەخش کردنی هەواڵەکان، لە کۆتایی ١٩٨٠ ئیدی بەلاغی عەسکەری دەرنەچوو»**، بەڵام من چەندان بەلاغم لایە کە لە ١٩٨٠/١٢/٢ تا ١٩٨١/١/٢٧ دەرچوونە.

**چەند بەلاغێک**

بەلاغی عەسکەری ژمارە (٣)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لیژنەی راگەیاندنی ناوەندی، چالاکییەکانی ١٩٧٧/٤/١٥ تا ١٩٧٧/٦/١٤ ی لە خۆوە گرتووە، بریتیە لە (٢) لاپەڕەی فۆلسکاب، بە زمانی عەرەبییە.

بەلاغ **«راپۆرت»**، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لیژنەی راگەیاندنی ناوەندی، لە ئەیلوولی ١٩٧٧ دەرچووە،(٧) لاپەڕەی فۆلسکابە و بە زمانی عەرەبییە، چالاکییەکانی ١٩٧٧/٤/٢٣ تا ١٩٧٧/٧/٢٨ی لە خۆوە گرتووە.

هەواڵەکان لە کوردستانەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بریتیە لە (٢) لاپەڕەی قەبارە ئەی فۆر، بە زمانی عەرەبییە، لەوە دەچێت مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧ دەرچوو بێت، کۆمەڵێک هەواڵی ناو شارەکانی کوردستانی مانگەکانی نیسان و مایسی ساڵی ١٩٧٧ لە خۆوە گرتووە.

راپۆرتی عەسکەری ژمارە (٤)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لیژنەی راگەیاندن، لە نیسانی ١٩٧٨ دەرچووە و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ١٩٧٧/١٠/١٩ تا ١٩٧٨/٢/٢٤ لە خۆوە گرتووەو بریتیە لە (٨) لاپەڕەی ئەی فۆڕ، بە زمانی عەرەبییە.

راپۆرتی عەسکەری ژمارە (٥)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لیژنەی راگەیاندن،

لـە ئەیلوولـی ١٩٧٨ دەرچـووەو بریتیـە لە (٥) لاپـەڕەی ئەی فۆڕ، بە زمانـی عەرەبییە، چالاکییەکانـی ١٩٧٨/٦/٤ تا ١٩٧٨/٧/٢١ ی لە خۆوە گرتووە.

بەلاغێـک دەربـارەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی مانگی ئاب و ئەیلوولـی رابردوودا، یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، لە سـەرەتای تشـرینی یەکەمی ١٩٧٩ دەرچووە، بە زمانی کوردیییە، هەروەها هەمـان دەق بە زمانـی عەرەبیش دەرچووە، (٤) لاپەڕەی قەبارە ئەی فۆڕە.

بەلاغ، ژمارە (١)، تشـرینی ١٩٧٩، یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، لە قەبـارەی گۆڤار دایـە، واتە نیو ئەی فۆڕە، بە زمانی عەرەبییە چالاکییەکانی هێزی پێشـمەرگەی کوردستان لە مانگەکانی حوزەیران تا ئەیلوولی ١٩٧٩ ی لە خۆوە گرتووە، بریتییە لە ٢٧ لاپەڕە.

هەروەهـا مەکتەبـی عەسـکەری یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان ئـەم بەلاغانـەی دەرکردووە:

بەلاغـی ژمـارە ٤٦، لـە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٤٨، لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/١٢ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٤٩، لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/١٥ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٠-٥١، لە مانگـی کانوونی یەکەم ١٩٨٠ دەرچووە.

بەلاغـی ژمارە٥٢، لـە مانگـی کانوونی یەکەم ١٩٨٠ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٣، لە مانگـی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٤، لە مانگـی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٥، لە مانگـی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٥، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٢ دەرچووە.

بەلاغی ژمارە ٥٧، لە ڕۆژی.......

بەلاغـی ژمـارە ٥٨، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٨ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٥٩، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/١٣ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٦٠، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٢ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٦١، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٣ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٦٢، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٥ دەرچووە.

بەلاغـی ژمـارە ٦٣، لـە ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٧ دەرچووە.

ئەمـە و لە ژمارە (١١)ی مانگی تشـرینی یەکـەی سـاڵی ١٩٨٠، لـە لاپـەڕە (٢٦)دا بەمجۆرە لە چەند بەلاغیک دەدوێت **«مەکتەبی عەسـکەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (١٠)ی نیسانی ١٩٨٠ تا (٢٠)ی تشرنی یەکەم (٢٤) بەلاغی عەسـکەری دەرکردووە لەسەر ئەو چالاکیانەی کە پێشـمەرگە نەبەردەکانی یەکێتیمان لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا نواندویانـە کـە بریتیـە لـە ٤٢٧ چالاکـی شۆڕشگێڕانە».**

سـەرتاپای ئـەو هەمـوو بەلاغانـە بریتیـن لـە جۆرێک لـە هەواڵ بـە تایبەتیش هەواڵەکانی هێزی پێشـمەرگەی کوردستان و هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبـەر بە ڕووداوەکانـی ڕۆژ و هەڵس و کەوتـە دیکتاتۆریـی و دڕندەییەکانی ڕژێمی ئەوسـای بەغدا، بە هەرجۆر و شێوەیەک ئەو بەلاغانە لێک بدرێنەوە هەر تەنیا بەشـێکن لە گەیاندنی ڕووداوەکان بە بە بەرامبەر.

# زانیارییەکی کورت دەربارەی ڕۆژنامەی

# دەنگی کورد

**جووتیار تۆفیق هەورامی - سوید**

**سەرەتا:**

شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ وەرچەرخانێک بوو لە ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خەڵکی عیراقدا. لەوەتەی دەوڵەتی عیراق لە ١٩٢١ەوە دامەزرێنرابوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە کورد لە عیراقدا بە هەندێک لە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆی شاد ببێت. یەکەم جار بوو لە دەستووری حکومەتی عیراقدا دان بە بوونی کورددا بنرێت و بە خاوەن ماف بناسێنرێت. ئەم دەسکەوتانە بە کورد نەبەخشران، بەڵکو بە خەبات و تێکۆشانی نەپساوەی نەتەوەی کورد خۆی وەدەست هاتن. یەکێک لەو دەسکەوتانەی کە لەو ڕۆژگارەدا وەدیهات و پەیوەندیی بەم بابەتەی ئێمەوە هەیە، ئەو نیمچە ئازادییە بوو کە لە بواری چاپەمەنیدا ڕەنگی دابووەوە. ئەویش بەوەی کە کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان بەپێی هەندێک شەرت و مەرج بۆیان هەبوو کە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەربکەن. لەو سەردەمەدا دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبی لە لایەن ڕووناکبیرانی کوردەوە دەرکران، وەک گۆڤارەکانی: هیوا، پێشکەوتن، ڕۆژی نوێ، ئافرەت، بڵێسە، هیوای کوردستان، ڕووناهی، ڕزگاری، شەفەق و گەلێکی دیکە، هەروەها دەیان ڕۆژنامەی وەک: ئازادی، خەبات، بڕوا، ڕاستی، ڕای گەل، کوردستان، نەورۆز، دەنگی کورد و چەندی دیکە. بەڵام ئەو هەلومەرجە ئازاد و دیموکراتە تەمەن درێژ نەبوو. نزیکی دوو ساڵ پاش بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموز، بەهۆی ئەوەی کە کەسانی شۆڤێنی لە دەوروبەری عەبدولکەریم قاسم کۆبوونەوە و بوونە خاوەن دەسەڵات، هاوکات لە دەرەوەی عیراقیش هەندێک سەرکردە و کەسایەتی عەرەب لە دیدێکی شۆڤێنییانەوە کاریان کردە سەر خودی عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی. هەروەها پیلانگێڕیی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکانی وەک تورکیا و ئێران لە لایەک و ڕەفتاری دژی نەتەوەیی کۆنەپەرستانی کورد لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەریی خراپیان کردە سەر حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و لەو ڕێبازە دیموکراتی و پێشکەوتووەی کە پێشتر گرتبوویە بەر، دوور کەوتەوە و مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی کوردی بەرتەسک کردەوە. تەنانەت ڕەفتاری درندانەی حکومەت دەرهەق بە کورد، بە ئاستێک گەیشت، کە خەڵک ئاوات بە دەورانی حکومەتی پادشایی بخوازن.

**چی دەربارەی ڕۆژنامەی «دەنگی کورد» نووسراوە:**

* لـە چاپی دووەمی کتێبی «مێـژووی ئەدەبی کوردی»دا عەلادین سجادی نووسیویەتی: «**دەنگی کورد ڕۆژنامەیەکی پیلانـی ڕۆژانــە و خاوەنەکەی عمر جـلال حەویزی بوو، یەکـەم ژمـارەی لـە ١٩٦٠/٨/١٧ لــە بەغدا دەرچـوو، تا ١٩٦١ ژیا و پاشــان پێوەدرا، ســێ لاپەڕەی بە عەرەبی و لاپەڕەیەکی بە کوردی بوو**»[٢].

* جەمــال خەزنەدار لە کتێبـی «**ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کـوردی**»دا نووسـیویەتی: «**دەنگی کـورد ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانــەی سیاسـی بـووە، هەفتەی جارێـک دەرچووە بە زمانی عەرەبـی و کوردی لە بەغدا، خاوەنی و سەرەک نووسینی و لێپرسراو پارێزەر عومەر جــەلال حەویزی بــووە، ژمــارە یەکی ڕۆژی ٩ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٠ و ژمارە ٦٩ی لە ڕۆژی ٢٣ی تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە**»[٣].




* دوکتــۆر کەمــال مەزهــەر ئەحمــەد لە کتێبی «**تێگەیشــتنی ڕاســتی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا**» نووسیوتەتی: «**دەنگـی کـورد – صـوت الاکـراد**»، بەغدا، ژمـارە یەکـی: ١٧ی ئابی ١٩٦٠ (؟) خـاوەن و سەرنوسـەری: عومـەر جەلال حەوێزی. سەرەتا بە کوردی و دوایی بە کـوردی و عەرەبی دەرچو. دەوروبەری ساڵێک ژیا»[٤].

**ڕۆژنامەی «دەنگی کورد»:**

لە ژمـارە (١)ی‌یەوە هەتاکـو ژمارە (٥)ی لـە ژێر نـاوی ڕۆژنامەکەدا نووسـراوە: «لەپێناوی کۆمـاری نەمـرا، دیموکراسـی ڕاسـتەقینەدا، یەکیەتـی گەلـی عیراقی نەبەزا»، بـەڵام لە ژمارە (٦)یـەوە هەتاکو دوا ژمـارەی لــە ژێـر نـاوی ڕۆژنامەکـەدا نووسـراوە: «**ڕۆژنامەیەکی سیاسـی سـەربەخۆیە، بۆ خزمەتی گەلی کورد و بوژانەوەی ادبی کوردیە**»، «**<u>خاوەن و سەرۆکی کارگێری</u>: عومەر جەلال حوێزی پارێزەر**». هەر ژمارەیەکی ئـەم ڕۆژنامەیـە چوار لاپەڕە بووە. لە یەکـەم ژمارەیەوە هەتاکـو دوا ژمارەی بە عەرەبی و کـوردی دەرچووە. لە ژمارە (١)ی هەتاکو ژمارە (٥)ی یەک وتاری دوا لاپەڕەی

نەبێـت کە بە کوردی بـووە، ئیدی هەمـوو بابەتەکانی بە زمانــی عەرەبی بووە. لە ژمارە (٦)یەوە دوا لاپەڕەی هەر ژمارەیەکــی بۆ بابەتی کــوردی تەرخان کراوە.

لــە هەندێک ژمارەیدا لە لاپەڕەکانی دیکەشــیدا بابەتــی کوردی بڵاوکراوەتەوە. وەک لە یەکەم ژمارەیدا بە زمانــی عەرەبی ڕوونکراوەتەوە، هەر لە سەرەتاوە نیاز وابووە کە ڕۆژنامەکە بــە عەرەبی و کــوردی دەربچێت و هەردوو بەشــەکەی وەک یــەک بــن، بــەڵام بەهۆی هەندێـک کێشــەی چاپــەوە (**وەک نەبوونی پیتــی کــوردی گونجاو**) نەتوانراوە بەشــە کوردییەکــەی بەقــەدەر پێویســت بێت، تا پاش چەنــد مانگ وەســتان توانراوە دوا لاپــەڕەی هــەر ژمارەیەکی بــە کوردی دەربکرێت.


دەنگی کورد

یەکــەم ژمارەی دەنگی کورد ڕۆژی سێشــەممە ١٩٦٠/٢/٩ دەرچــووە. دوا ژمــارەی کە من دیومە ژمــارە (٧١)ە کە لــە ڕۆژی شــەممە ١٩٦٠/١١/٥دا دەرچووە.

ئــەم ڕۆژنامەیــە ســەرەتا پێنــج ژمارەی لێدەرکراوە، پاشــان وەســتاوە. لە ڕۆژی شەممە ١٩٦٠/٧/٢٣دا بە درووشــم و شێوازێکی نوێوە دەست بە دەرکردنی کراوەتەوە و بەردەوام بووە هەتاکو سەرەتای مانگــی نۆڤێمبــەری ١٩٦٠. ئەگەرچــی لێــی نووســراوە: «**ڕۆژنامەیەکــی سیاســی ســەربەخۆیە**» بــەڵام بــە دوو ڕۆژ جارێـک دەرکــراوە. دیارە ئەو کەســانەی کاریان تیا کردووە، زۆر بە دڵسۆزانە و بە گەرم و گوڕی کارەکانیان ڕاپەڕانــدووە، ئەگینــا دەرکردنــی ڕۆژنامەیەکــی چــوار لاپەڕەیــی بە دوو ڕۆژ جارێک، بۆ ئــەو ڕۆژگارە کارێکی ئاسان نەبووە.

پێوانــەی ڕۆژنامەکە لە ژمارە (١) هەتاکو ژمارە (٥)ی (٤٤،٥ + ٥٩ ســم) بووە. لە ژمارە (٦) هەتاکو دوا ژمارەی پێوانەکەی (٤٤ + ٥٧ سم) بووە.

ڕۆژنامــەی دەنگــی کورد لەســەرەتادا لــە چاپخانەی «**الحديث**»، پاشــان لــە چاپخانەی «**الأســواق التجارية**» و لــە ژمارە (٦)ی‌یەوە هەتاکــو دوا ژمارەی لە چاپخانەی «**مەهاباد**» چاپکراوە. ئەو چاپخانانە هەرسێکیان لە شاری بەغداد بوون.

<u>**نووســەرەکانی بەشــە عەرەبییەکەی بریتی بوون لەم**</u>

کەسانە: عومەر جەلال حەویزی، ڕەمزی قەزاز، کەریم مەتی، محەمەد بەدری، نەبەز (جەمال نەبەز)، سەلیم سەیدۆک، محەمەد تۆفیق وردی، حسێن فەیلی و چەند کەسی دیکە. ئەوانەش کە لە بەشە کوردییەکەیدا نووسیویانە ئەمانە بوون: عومەر جەلال حەویزی، ڕەمزی قەزاز، محەمەد بەدری، نەبەز (جەمال نەبەز)، محەمەد تۆفیق وردی، عەبدولعەزیم ماوەتی، سەلاح سەرباز، بەشیر موشیر، ب. ئەلوەندی (بەکر عەبدولکەریم حەویزی)، ع. تینو، قادر شەریف کوردە، جیهان عومەر، ئەحمەد شوکری، ناجی عەباس ئەحمەد و چەند کەسی دیکە.

**سەرنجێکی گشتی:**

بە بەراورد لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سالانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦١دا ڕۆژنامەی دەنگی کورد ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەند و ڕێکوپێک بووە، کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیر بەرهەمی خۆیان تیا بڵاوکردووەتەوە کە زیاتر لەسەر ڕێبازی کوردستانی بوون. لە سەر لاپەڕەکانی دەنگی کورد گەلێک بابەتی ئەدەبی، زمانەوانی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری بڵاوکراونەتەوە. هەروەها گەلێک لێکۆڵینەوە و بیرەوەریی بەنرخ بڵاوکراونەتەوە کە پاشتر گەلێک نووسەر و لێکۆڵەر لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانیاندا سوودیان لێ وەرگرتوون.

ئومێدەوارم لە داهاتوودا دەزگایەک بتوانێت سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی دەنگی کورد دەست بخات و هەمووی پێکەوە چاپ بکاتەوە.

کتێبخانەی هەولێر

پەراوێزەکان:

(١) جووتیار تۆفیق هەورامی، ڕۆشنایییەک بۆ سەر ڕۆژنامەی دەنگی کورد، هاوکاری (هەفتەنامە)، ژمارە ١٠٤٢، ١٩٨٩/١/١٦،

(٢) علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٧١، ل٦٢٠.

(٣) جمال خزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەغداد، ١٩٧٣، چاپخانەی جمهوری، ل٨٤.

(٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٢٥.

# ڕۆژنامەگەریی بێ بەرامبەر

## سەرەتا و گەشەسەندن*



**پێشەکی و وەرگێڕانی**
**خالید بەکر ئەییوب**

(وەک نەریتێک واباوە، هەر تێبینییەک یا ڕوون کردنەوەیەک یاخود ئاماژەپێکردنێک، کە نووسەر یا وەرگێڕ، مەبەستییەتی بیانخاتە ڕوو، ئەوا لە پەراوێزی یاکۆتایی بابەتەکە تۆماریان دەکات.

بەڵام بەهۆی گرنگی ئەم سەرنجانەی پەیوەستن بە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە وەرگێڕدراوە، بەپێویستم زانی لە پێشەوە ئاماژەیان پێ بکەم.

ئەم بابەتە وەرگێڕدراوە، باس لەوە دەکات کەوا ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٩٥)، لە وڵاتی (سوید)دا، بە دەرچوونی ڕۆژنامەی (میترۆ) سەریهەڵداوە، ئەمەش بێگومان لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیادا بە ئەزموونێکی تازە دەژمێردرێت.

لەم بوارەدا. ئاماژە بەشتێکی تازە ناکەین گەر بڵێین: ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایک، کە لە (٢٢)ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دا، واتا لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لەلایەن پێشەنگانی ڕۆژنامەگەری کوردی (میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمانی برای..)، لەدووره وڵات و لە شاری (قاهیرە)ی پایتەختی میسردا دەرچووە، (٢٠٠٠) دوو هەزار دانەی بۆ کوردستان نێردراوە، بۆ ئەوەی بێبەرامبەر و بەخۆڕایی دابەشبکرێن.

ئاشکراشە. ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایک، بە هەوڵ و کۆششی تاکە کەسی بەبێ پشتیوانی هیچ لایەنێک و حزبێک و ڕێکخراوێک دەرچووە و بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ڕۆژنامەگەری کوردی، بەسەرەتایەکی بێلایەنی یاخود ئەهلی هاتۆتە مەیدانەوە، ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی لە خزمەتکردنی بیری نەتەوایەتی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن بەرجەستە دەبن، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە.. لەو

سەردەمەی (کوردستان)ی دایک دەرچووە.. بڵاوکردنەوەی (ئـاگاداری و ریکلام) لە ڕۆژنامەکاندا، ئەو باوەی نەبووە، گەر هەشبووبێ...، ئەوا بەهیچ جۆرێک ریکلام و ئاگاداری لەم ڕۆژنامە نۆبەرەیەدا .. بڵاونەکراوەتەوە.

بـە کورتـی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)ی دایـک بە بێ پشتیوانی و پشتگیری هیچ لایەنێک و بە بێ بڵاوکردنەوەی ئـاگاداری و ریکلامـەکان، (٢٠٠٠) دوو هـەزار دانـەی بەخۆڕایی لەلایەن (میقداد مەدحەت و براکەی) بۆ کوردستان نێردراوە و بڵاوکراوەتەوە.

جـا وەک چـۆن (میقـداد مەدحـەت و براکـەی عەبدولڕەحمان) رابەر و پێشـەنگی ڕۆژنامەگەری کوردی بوونـە، ئەوا لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری بێبەرامبەر و بە خۆڕایشـدا. نەک لەسەر ئاستی کوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاسـتی جیهانیشدا پێشـەنگ بوونە.. هەزار سڵاو لە گیانی پاک و بێگەردیان.

هەروەها ناشکرێت، کە باس لە ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر دەکرێـت، ئامـاژە بە ڕۆژنامەی (هەولێـر) کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەردەچێت. نەکەین.



کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەم ڕۆژنامەیە بە درێژەپێدەری ڕۆژنامەی (هەولێر)ی سـاڵی ١٩٥٠ کە شارەوانی هەولێر دەریکردووە. دەژمێردرێت.

ئەم ڕۆژنامەیە. ئێسـتا بێبەرامبەر بەسەر دەزگا ڕاگەیاندنەکان و لە شوێنە گشتییەکاندا دابەش دەکرێت، ژمـارەی لاپەڕەکانی (٢٤) لاپەڕەیـە و (٢٥٠٠٠) بیسـت و پێنج هەزار دانـەی لێ دابـەش دەکرێت، بەم شـێوەیە (١١٠٠٠) یانـزە هەزار لەهەولێر.. (٥٠٠٠) پێنج هـەزار لـە سـلێمانی، (٥٠٠٠) پێنج هەزار لە کەرکووک، لە سیروان (٤٠٠٠) چوار هەزار لەشـاری دهۆکیش (١٠٠٠) دانە.

هەرچەندە ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەنی داراییەوە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەبەسـتێت، بـەڵام لایەنێکی دیکـەی داراییەکەی لـە بڵاوکردنـەوەی ئـاگاداری و ریکلامـەکان، دابیـن دەکات و بـە ئەزموونێکی تازە لەسەر ئاستی عیراق و هەرێمی کوردسـتان دەژمێردرێـت). دوای خسـتنە رووی ئـەم سـەرنجە کورتانە کە بەپێویسـتمان زانی وا لەخوارەوەی

بابەتە وەرگێڕدراوەکە دەخەینە ڕوو:

تێبینی دەکرێت کەوا ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر، بەمانای ئەو ڕۆژنامە و چاپکراوانەی بە خۆڕایی دابەش دەکرێن، لە بازاڕەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیادا، بایەخێکی فرە فراوانی پێدراوە، بەپێچەوانەی بازاڕەکانی ئەمریکایی کە تیایاندا ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی لە کایە میللییەکاندا بایەخی پێبدرێت، یاخود لەلایەن دامەزراوەکاندا سەرنجڕاکێش بێت.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە کەشی گونجاوی بۆ پەرەسەندنی بە میللیبوونی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەی بە خۆڕایی دابەش دەکرێن هێناوەتەدی، بزووتنەوەی خەڵکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەهۆی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی لە نێوان شارە گەورەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیادا، بەپێچەوانەوە، زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا لە بزووتنەوەکانیاندا پشت بە هۆیەکانی گواستنەوەی کەسێیەتی دەبەستن، ئەمەش وایکردووە کەوا هاووڵاتیانی ئەمریکا لەزۆربەی شارەکاندا کەمتر بایەخ بەم ڕۆژنامانە بدەن.

لە ئاڕاستە نوێکانی ڕۆژنامەگەری نێودەوڵەتییدا، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەرە (Free press) لە ئەوروپادا لە نێوان ئەم (١٠) ساڵەی دواییدا.

ئەم دیاردەیە لە لایەن بڵاوکەرەوە تەقلیدییەکان کە بەڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر ناڕازین.. سەرنجڕاکێش نییە، تەنانەت یەکێک لەو بڵاوکەرەوانە کە ڕۆژنامەی (Bild Zeitung)ی ئەڵمانی بڵاودەکاتەوە، دەڵێت: (ئەو ڕۆژەی **کە ڕۆژنامەی بێبەرامبەری تیا دەرناچێت بەرۆژێکی باش دەژمێردرێت..**).

ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر، لە کاتێکدا سەریهەڵدا، کە چوار ڕۆژنامەنووس ڕێککەوتن و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بە خۆڕاییان لە وڵاتی سوید لەساڵی (١٩٩٥)دا دەرچوواند، ناوی ڕۆژنامەکەش (میترۆ) بوو، بەسەر هاتووچۆکەرانی نێو میترۆدا دابەش کرا و کورتەی هەواڵەکانی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و سوودبەخش بڵاودەکردەوە، جگە لەمە ڕۆژنامەکە توانی خوێنەری تازە لە دانیشتووانی شارەکاندا پەیدا بکات، بەتایبەتی لەوانەی کە بایەخێکی ئەوتۆ بەناوەڕۆکی ڕۆژنامە نادەن.

دوای چەند ساڵێک.. هەزارەها لە هاتووچۆکەرانی نێو میترۆکانی شاری (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی سوید، لەسەر بەدواداچوونی ڕۆژانەی ئەو ڕۆژنامانەی بایەخ بە دۆزە خۆجێییەکان و نێودەوڵەتییەکان دەدەن. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی گوتار و هەواڵەکان. ڕاهاتن.

**"**

**- ڕۆژنامەی «میترۆ» لەسوید. یەکەم ڕۆژنامەی بێبەرامبەر بوو لە ئەوروپادا..**

**- دوای (٨) ساڵ.. لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی (٢٠٠٢)دا.. ڕۆژنامەی «میترۆ». گەیشتە شاری (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا..**

**"**

لەناوڕاستی مانگی شوباتی (٢٠٠٢)دا، واتا دوای هەشت ساڵ، چاپی فەڕەنسی ڕۆژنامەی (میترۆ) گەیشتە شاری (**پاریس**)ی پایتەختی فەڕەنسا، هەروەها ئەم ئەزموونە لەچەندین وڵاتی دیکەی ئەورووپا بڵاوبۆوە.

بێگومان دابەشکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە (**ملیۆنێک**) دانەو بە خۆڕایی، بوارێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ ئاگاداری و ڕیکلامەکان کە لە نێوان ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە خوێنەران بڵاوببنەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئاگادارییانەی لە ڕۆژنامە فرۆشراوەکاندا بڵاودەبنەوە.

لێرەدا.. پرسیارێک دێتە پێش. ئەویش ئەوەیە: چۆن دارایی ڕۆژنامەی بێبەرامبەر دابین دەکرێت...؟ گومانی تێدا نییە، کەوا بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و ڕیکلامەکان سەرچاوەی سەرەکی ئەم داریین، ئەم گوتارە هەوڵدانێکە بۆ ڕاکێشانی وێنەیەکی سادە سەبارەت ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر، ئەویش بەبەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی پەیوەندن بەم ئەزموونەوە.

**ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر لە ئەورووپادا**

ڕۆژنامەگەری بە خۆڕایی لە دەوڵەتەکانی کیشوەری ئەورووپادا، بایەخێکی فرە فراوانی پێدراوە، دوای ئەوەی جوولەی خەڵک فراوانتر و خێراتر بوو، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی لە شارەکانی ئەم کیشوەرەدا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا جوولەی خەڵک هۆکارێکی کاریگەربووە لە پێشکەوتنی ئەم ڕۆژنامانە.

بەپێی ئەو ئامارانە لەنێوان (٢٠٠٠- ٢٠٠٥)دا ئامادەکراون، دەردەکەوێت کەوا ژمارەی ڕۆژنامەی بێبەرامبەر لە ئەورووپادا لە ساڵی (٢٠٠٠) گەیشتۆتە (٤٠) ڕۆژنامە، لە ساڵانی داهاتووشدا رووی لە زێدە بوون کردووە، تا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا گەیشتۆتە زێدەتر لە (١٠٠) ڕۆژنامە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ڕێژەی زێدەبوون بۆ (**دووهەندە**) لەماوەی (٥) پێنج ساڵدا پتر بووە.

هەروەها تیکرای (**دابەش کردن**)یش لەماوەی دیاریکراودا زیادی کردووە، لە (٨) ملیۆن دانەوە گەیشتۆتە (٢٣) ملیۆن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت.. کە ئەم ئەزموونە لە پێشکەوتنێکی بەردەوام دایە.

ئەم ژمارانەش بە ڕێژەی (٢٠٪) زێدەترن لە کۆی ئەم ڕۆژنامانەی کە لە دەوڵەتانی ئەورووپی وەک (**سوید، ئەسپانیا، سویسرا، فەڕەنسا، ئیتالیا، دانیمارک، سەنگافورە، پورتوگال، یۆنان، چیک، ئایسلەندە، مەجرستان..**) دەردەچن.

**- ژمارەی ڕۆژنامەکانی بێبەرامبەر لە ئەورووپادا لە ساڵی (٢٠٠٠)، گەیشتۆتە (٤٠)ڕۆژنامە، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا زێدەتر بووە و گەیشتۆتە (١٠٠) ڕۆژنامە..**

**- لە وڵاتی مەغریبدا یەکەم ڕۆژنامەی بێبەرامبەر، ڕۆژنامەی (ئۆفیت).ە، کە بە زمانی فەڕەنسی دەردەچێت.**

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نموونەش ڕۆژنامەی (**میترۆ**) کە بە خۆڕایی دابەش دەکرێت و بارەگاکەشی لە وڵاتی (**سوید**)ـە، نموونەیەکی زیندووی ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەرە، دابەشکردنی ئەم ڕۆژنامەیە سنووری دەوڵەتەکەی خۆی بەزاندووە و (٦) شەش ملیۆن دانەی لە (٨١) شاردا کە کەوتوونەتە (١٨) دەوڵەتی جیا جیا لێ دابەش دەکرێت و (٥٧) پەنجاو حەوت چاپی هەیە.

ئەم ڕۆژنامەیە لەنێوان ڕۆژنامەکانی جیهاندا لەرووی دابەشکردنەوە، دوای هەردوو ڕۆژنامەی ژاپۆنی (**یومیوری**) و (**ئاساهی**) کە ڕۆژانە (١٠) دە ملیۆن دانەیان لێ دابەش دەکرێت، بەپلەی سێیەم دێت.

**ڕۆژنامە بێبەرامبەرەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا**

وڵاتانی عەرەبی لەم دووساڵەی دواییدا، ئەزموونێکی تازەیان لە بواری ڕاگەیاندنەوە بەخۆوە بینیوە، ئەویش بە لەدایک بوونی ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر لە (**مەغریب**) دواتر لە (**میسر**)، پاشان لە (**سودان**) بەرجەستە دەبێت.

لە وڵاتی مەغریبدا، لەسەرەتای مانگی ئاداری /٢٠٠٧ دا ڕۆژنامەی (**ئۆفیت**) کە یەکەم ڕۆژنامەی بێبەرامبەرەو ڕۆژانە بە زمانی فەرەنسی دەردەچێ، لەم وڵاتەدا دابەش کراو سەرنووسەرکەشی (**ئیبراهیم سەدراتی**) یە و دەستەی نووسەرانیشی لە (٧) ڕۆژنامەنووسی گەنج پێکدێت، ڕۆژنامەی (**ئۆفیت**) کە زانیارییەکانی لە (**ئینتەرنێت**) وەردەگرێت، لە شارەکانی (**ڕەبات و مەراکیش و فاس و تەنجە و دارلبەیزا**)دابەشدەکرێت، بارەگاکەشی لە شاری (**دارلبەیزا**)یە و ڕۆژانە (٢٥) بیست و پێنج هەزار دانەی لێ دابەش دەکرێت و لەسەر تۆڕی (**ئینتەرنێت**)یش (**سایتی**) خۆی هەیە.

ئەم ڕۆژنامەیە لە (١٨) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بەقەبارەی (**تابلوید**) پێکدێت و ئامانجەکەشی دواندنی توێژی گەنجە کە تەمەنیان لە نێوان (٢٥- ٤٥) ساڵە، بەتایبەتی ئەوانەی زمانی فەرەنسی دەزانن.

لە (**قاهیرە**)ی پایتەختی (**میسر**)یشدا، لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی /٢٠٠٧ دا، ڕۆژنامەی (**٢٤ ساعە**) وەک یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بێبەرامبەر کە (**بەزمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە**) دابەش کرا.

ئەم ڕۆژنامەیەش سەرەڕای نووسینە ڕۆژنامەگەرییەکان، پانتاییەکی بۆ (**ئاگاداری و ریکلام**) تەرخان کردووە، سەرنووسەرەکەی (**سەمیر ڕەجەب**)ـە و ژمارەی کارمەندانیشی لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ زێدەترە.

**- ڕۆژنامەی (٢٤ ساعە) کە بەزمانی عەرەبی دەردەچێت.. یەکەم ڕۆژنامەی بێبەرامبەرە لە وولاتی میسر...، (٣٠٠,٠٠٠) سێسەد هەزار دانەی لێ دابەشدەکرێت.**

**- لە(خەرتووم)ی پایتەختی سودانیشدا لەمانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨دا ڕۆژنامەی (الاحداث) وەک یەکەم ڕۆژنامەی سیاسی بێبەرامبەر سەریهەڵدا.**

ئەم ڕۆژنامەیە (٣٠٠٠٠٠) سێسەد هەزار دانەی لێ دابەش دەکرێت، ئەمەش تەنیا لەشاری (**قاهیرە**)دا، لە ڕێگەی تۆڕەکانی دابەشکردن و گۆڕەپانە سەرەکییەکان و یانەکان و شوێنە گەشتوگوزارییەکان، هەروەها ڕۆژنامەکە سایتی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی (**ئینتەرنێت**)یش هەیە

هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە . لەبەر گرنگی (ئاگاداری و ریکلام)، ڕێژەی لە (٢٥٪) لە کۆی پانتایی ڕۆژنامەکە بۆ تەرخانکردووە و کۆمپانیایەکی پسپۆڕ لە ئاگاداری و دابەشکردن کە لە دەستەی نووسین جیایە، بەرپرسیاریەتی (**ئاگاداری و ریکلام**) لە ڕۆژنامەکەدا گرتۆتە ئەستۆ.

لە (**خەرتووم**)ی پایتەختی وڵاتی (**سودان**)یشدا، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨دا ڕۆژنامەی (**الاحداث**) وەک یەکەم ڕۆژنامەی سیاسی بێبەرامبەر کە بە زمانی عەرەبییە، سەریهەڵداو سەرنووسەرەکەشی (**عادل باز**)ـە.

ئاشکراشە. ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر لە وڵاتانی عەرەبیدا تاکو ئێستاش لە مەیدانی کێبڕکێدا بە دوورە و ئاستی ڕازیبوون و هەستکردن بەگرنگی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، کەمی ژمارەی دەرچوونی ئەم جۆرە ڕۆژنامانەش بەڵگەیەکی سەلمێنەرە لەم بوارەدا و ئەم ئەزموونەش لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەزموونێکی تازەیە.

### ڕۆژنامە بێبەرامبەرەکان و ڕۆژنامە تایبەتەکان بە (ئاگاداری و ریکلام) - (بەراووردکاری)

ئەو ڕۆژنامانەی بە خۆڕایی دابەشدەکرێن بەمانای ڕۆژنامە بێبەرامبەرەکان، دەستەی نووسینیان هەیە و لاپەڕەی پۆلێنکراو بەپێی خەسڵەتە ڕۆژنامەگەرییەکان وەک (**سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، وەرزشی. هتد**) لەخۆ دەگرن، هەروەها ئەم ڕۆژنامانە هونەری نووسینی ڕۆژنامەگەری لە (**هەواڵ و راپۆرت و ڕیپۆرتاژ و گفتوگۆ و ئەنجامدانی دیدار..**) تیایاندا پیادەکرێت، ئەمە و جگە لەوەی رووبەرێکی تایبەت بۆ خزمەتگوزاری ڕۆژنامەگەری و ئاگاداری و ریکلام لەم ڕۆژنامانەدا تەرخان دەکرێت.

کەچی ڕۆژنامەکانی (**ئاگاداری و ریکلام**)، تەنیا بانگەشە بۆ بازاڕ پەیداکردن لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند پارچە کاغەزێکی قەبارەی جیاواز وەک پۆستەر، کە بۆ ئاگاداری و ڕێکلامکردن بۆ پێشانگا و چێشتخانەکان. هتد بەکار دەهێنرێن.

هەڵبەتە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە بێبەرامبەرەکان لە وڵاتانی جیهاندا، بە چارەسەرێک بۆ مەسەلەی

**"- وا چاوەڕوان دەکرێت. ڕۆژنامەگەری بەخۆڕایی، توێژێکی نوێ لە خوێنەران بەتایبەتی لەنێوان توێژە کەمدەرامەتەکان. بۆ لای خۆی رابکێشێت..**

**- ڕۆژنامەگەری چاپکراو بەرانبەر پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە چەرخی تەکنەلۆژیا و زانیارییەکاندا پاشەکشە دەکات."**

پەیوەستبوونی نووسین (**تەحریر**) بە ئاگاداری و ریکلام دەژمێردرێت، بەو مانایەی (**ئاگادارییەکان و ریکلامەکان**) روو لەو (**رۆژنامانەی کە زۆرترین ژمارەیان لێ بڵاودەبێتەوە، بەچاوپۆشین لە ئاستی پیشەییان**) بکەن.

لەم بوارەشدا پێویستە درک بەوە بکەین. کەوا بەهای داهاتی رۆژنامە کە لە ئەنجامی فرۆشتنییەوە بەدەست دێ، ناگاتە (٤\١) چوار یەکی تێچووەکەی، بەم پێیە رێژەی هەرە زۆری داهاتەکەی لە رێگەی (**ئاگاداری و ریکلام**) بەدەست دێت.

بۆیە لەم بارودۆخەدا، پێویستە رۆژنامەگەری باو (**تەقلیدی**) کار بۆ پەرەپێدانی پەیامەکەی بکات، بۆ ئەوەی لەلایەک خوێنەر لە دەست نەدات، لەلایەکی ترەوە بتوانێ رووبەڕووی کەناڵە ئاسمانییەکان و رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی ببێتەوە..


هەولێر
حکوومەت سەرکردایەتیی هەرێم دەکات نەک حیزب
(تاڵەبانی) لە کاری سیاسی ناکشێتەوە
خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار کاندید ناکاتەوە

هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێت رۆژنامەگەری بێبەرامبەر توێژێکی نوێ لە خوێنەران بە تایبەتی لە نێوان توێژە کەمدەرامەتەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆکاری فراوانبوونی بنکەی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک.

زۆربەی توێژەرەکان دیاردەی کەم خوێندنەوەی رۆژنامەکان و سایتە هەواڵییەکانی ئەلکترۆنی و کەم گوێگرتن لە رادیۆ و وێستگەکان بۆ زاڵبوونی بەها تاکییەکان بەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەرتەوازەبوونی بیرو باوەڕە هاوبەشەکان دەگەڕێننەوە.

جگە لەمەش دیاردەی نزمبوونەوەی رێژەی خوێندنەوە و گوێگرتن و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەگەری بێبەرامبەر کە پێداویستییە راستەقینەکانی خوێنەران زیدەتر لە چاپکراوە فرۆشراوەکان دابین دەکات، کە ئەمەش لە رێگەی پێشکەش کردنی کورتەی هەواڵەکان و بەخێرایی و تەرکیزکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە ناوەڕۆکێکی روونیان هەیە و بەشێوازێکی سادە و دوور لە شیکردنەوەی فراوان بۆ هەواڵەکان دەخرێنە روو، ئەمانە هەموو کاریگەرییان بەسەر پانتایی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەگەری باودا (**تەقلیدی**) دەبێت.

بێگومان رۆژنامەگەری چاپکراو بەرانبەر پەرەسەندنی رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە چەرخی تەکنەلۆژیا و

زانیارییەکانـدا پاشەکشـە دەکات، لەبەر ئـەوەی کرداری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەکان و دابەشکردنیان ئەم ڕۆژنامانە دەکاتە دامەزراوەیەکی فەرمانبەرایەتی و لەلایەن داراییەوە تێچوویکی زۆری دەوێت.

لەبەرانبـەر ئەمانەشـدا ڕۆژنامەگـەری ئەلکترۆنـی **(ئینتەرنێـت)**، وێنـە و دەنـگ و فیلـم بەکاردەهێنێـت و دەرفـەت بۆ خوێنـەر دەرەخسـێنێت بۆ ئـەوەی لێدوانی هەبێت و بیروبـاوەڕی دەربڕێت دەربارەی ئەم بابەتانەی دەیانخوێنێتەوە و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ نووسەر و کارمەندانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەبێت، ئەم کـردارەش بە ڕۆژنامەگەری کارلێک **(الصحافة التفاعلية)** ناسراوە.

سـەبارەت چۆنیەتـی دابەشـکردنی ڕۆژنامـە بەخۆڕاییەکان، ئەوا لە ئێستگەی شەمەفەندەر و پاسەکاندا دابەشـدەکرێت، ئەم جۆرە دابەشـکردنە لە فەرەنسا پیادە دەکرێـت، ئەمـەش ڕێگەیەکـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی بە زووتریـن کات ئەم ڕۆژنامانە بگەنە دەسـت خوێنەر، واتا ئەو خوێنەرانەی ڕۆژانە هۆیەکانی گواسـتنەوەی گشـتی بەکاردەهێنن، هەروەها لە شـوێنە گشـتییەکان و شـوێنی فرۆشتنی ڕۆژنامەکانیش ئەم ڕۆژنامانە دابەش دەکرێن.

سـەرەڕای ئەمانەش بـە ڕێگەی دابەشـکردنی خودی **(التوزيع الذاتي)** دابەش دەکرێن، ئەمەش ڕێگەیەکی تازەیە بـۆ نزیکبوونـەوەی لـە خوێنەر کە پشـت بـە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دەبەستێت، ئەویش بە ڕێگەی گەڕانی ڕۆژنامە بەدوای خوێنەردا.

لەئەنجامـی ئەزموونـە مەیدانییەکانـدا لەبـواری ڕۆژنامەگەرییـدا بەدیارکەوتووە کە ئـەو ڕۆژنامانەی بە خۆڕایی دابەش دەکرێن، نابنە هەڕەشە بۆ ئەو ڕۆژنامانەی دەفرۆشـرێن، بەڵکـو وایـان لێـدەکات کە خۆیـان لەگەڵ بارودۆخـی تـازەدا بگونجێنن و پانتاییەک لـە خوێنەرانی نوێ سـەرەڕای خوێنەرانی ڕۆژنامەکانی دیکە پەیدابکەن، ئـەم خوێنەرانەی دوایش زانیاری بەدەسـتدێنن، بەڕێگەی بەدواداچوونیان بۆ گۆڤارە شیکارییەکان کە مانا و واتا بە زانیارییە خێرا و سـادەکان کـە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک دەبەخشن.

ئەزموونـی ڕۆژنامەگـەری بێبەرامبـەر، لەکۆمەڵـگا ئەورووپاییەکانـدا وەک وەڵامدانەوەیـەک بۆ پاشەکشـەی ڕۆژنامەگـەری باو **(تەقلیـدی)**، بەشـێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە.

سـەرەڕای ئەمـەش بیروبۆچوونـی واهەیـە، کە پێی وایە پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان لەبوارەکانی گەیاندن و

**- ڕۆژنامە بێبەرامبەرەکان لە کرداری دابەشکردندا، پشـت بـە پەیـوەنـدی ڕاسـتەوخـۆ دەبەستن، ئەویش بەڕێگەی گەڕان بەدوای خوێنەردا..**

**- ئـەو ڕۆژنـامـانـەی بـەقـەبـارە بچـووکـن و بەئاسانی دەخوێندرێنەوە لەو ڕۆژنامانەی بە قەبارە گەورەن. سەرکەوتووترن.. واتـا خـوێـنـەریـان زێدەترە..**

زانیارییەکاندا بوونەتە هۆکاری پاشەکشەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان، لەبەرامبەر ئەمەشدا زۆربەی خەڵک، زۆربەی کاتیان لەڕێگاوبانەکان و هۆیەکانی گواستنەوە، دوور لەهۆیەکانی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان دەبەنە سەر.

هەر لەبەر ئەمەش تێبینی دەکرێت کەوا ئەو ڕۆژنامانەی بەقەبارە بچووکن و بەئاسانی دەخوێندرێنەوە، لەو ڕۆژنامانەی بەقەبارە گەورەن سەرکەوتووترن، واتا خوێنەریان زێدەترە.

گشت ئەو بابەتانەی باسیان لێوەکرا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بەکورتی بڵێین: سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری بێبەرامبەر خۆی لە چارەسەرکردنی پاشەکشەی ئاستی خوێندنەوە و ئاستی هۆشیاری جەماوەر بەرجەستە دەکات، ئەم ڕەوشەش بەدۆزینەوەی توێژێک لەخوێنەرانی نوێ و سەوداکردنی ڕۆژنامە لەگەڵ خەڵکدا چارەسەردەبێت، وێڕای ئەمەش پێویستە خزمەتگوزاری بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵە گشتییەکان، کە توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا بایەخی پێدەدەن. پێشکەش بکرێت و هەر تەنیا ئاگاداری و ڕێکلام بەشێوەیەکی سەرەکی بڵاونەکەنەوە، بەبیانووی ئەوەی سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەیە، یاخود هەر بەتەنیا بانگەشە بۆ چالاکییەکانی کەرتی حکومی و غەیرە حکومی یا بازاڕ پەیداکردن بۆ خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمەکانی دامەزراوەیەکی دیاریکراو بکەن.

*** نووسینی: محەمەد وەلید ساڵح، گۆڤاری (تواصل)، ژمارە ـ ٢٨ـ تشرینی دووەم/ ٢٠٠٨، ساڵی سێیەم دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن، لەبەغداد دەریدەکات.**

### ژ پێتڤیێن راهێنەری د بوارێ رۆژنامەڤانیی دا

# ساخلەتێن نڤیسینێن باش د رۆژنامەڤانیێ دا*

خدر دوملی - دهوک

هەوالنامەی کتێب

وەک هەر کارەکێ نوو و دگوهورینا بەردەوام دا کارێ رۆژنامەڤانییێ و بتایبەت نڤیسینا تێکستا چ بۆ گوڤاران یان رۆژنامە وئاژانس و سایتێن ئەلکترونی، ئەڤی کاری گەلەک گوهورین بخو ڤە دیتینە و دبینیت، داکو دارشتنا نووچەیان و راپۆرتا پتر وەک پێتڤیێن خواندەڤانی بن، لەورا فەرە لسەر کارمەندێن رۆژنامەڤانییێ وب تایبەتی نڤیسکارێن نووچە وراپورت ودیدارێن رۆژنامەڤانی، هەردەم گرنگییێ بدەنە تەکنیکێن نڤیسینێ یێت هاریکار بۆ دەرهێنانا چیرۆکێن نووچەیی، کو پتر بکێر خویندەڤانا بێن وداخازییێت وان بگەهینیت.

ل سەر ڤی بنیاتی پسپور پێک تێن و دبێژن هندەک کارێن پراکتیک هەنە بەری دەست پێکرنا نڤیسینێ، دڤیت گرنگی پێ بێتە دان، برەنگەکی بەردەوام ئەگەر دبوارێ نڤیسینا راپورتادە بت یان تویژاندن یان نووچەیێ رۆژنامەڤانی خۆ ب خۆ، و دەمێ بەری نهو کار لسەر شێوازی **(سێ گوشەیا راست – الهرم المعتدل)** بوو، نهو ئەو شێواز هاتیە گوهورین وچەندین خالێن دی بخۆ ڤە گرتینە ول ڤێرێ پویتەکەرێن رۆژنەماڤی ساخلەتێت نووچەیا باش دیار دکەن ودبێژن کو دڤێت :

١. دڤێت نووچە بەرسڤدەربت ل سەر پرسێن نووچەیی **(کی، کەنگی، چاوا، ل کیری، بۆچی و ژ بەرچی)** ب رەنگەکی دروست دیاربن تێدا توخمێن شاراندنێ و هویرییێ و بێ لایەنی ودیار وگشتی دگەل هوکارێن روودانێ.

٢. نووچە پێک بێت ژ رژدیێ و نێزیکیا جهی وکاریگەری کرن ل سەر خویندەڤانان.

٣. گرنگی داربت بۆ ژمارەکا مەزن ژ خویندەڤانان، ئانکو چینەکا مەزن ژ کومەلگەهی چ ژبوارێ قەبارەی یان سوودبەخشییێ بخۆ ڤە بگریت.

٤. ناڤداری یا پتر گرێدایی ناڤدار ژ هەموو چینێت کومەلگەهی بیت.

٥. دگەل بەرچاڤ وەرگرتنا خالێن ل سەری دیار کرین، فەرە هەردەم ل گۆر پێچێبوونا کو نووچە پێک بێت ژ ئاخفتنێ ل سەر ئێک ژوان لایەنا یێ نووچە گرێدایی وان بیت بۆ باوەری پێکرنێ ل جەم خویندەڤانان.

٦. دویرکەفتن ژنڤیسینا نووچەیان ژ بیروراییێن کەسایەتی وپێگیریێ بکەت ب بێ لایەنی و دەمی و بالکێشیێ و سەرنجراکێشیێ ل گۆر جورێ نووچەیی.

٧. پێگیری کرن ب بێ لایەنیێ بێ ی بناڤ کرن و ب رەنگەکی مەزنتر ژوان نووچێن کەسایەتی.

٨. دەست پێکرن بەهرا پتر ب نڤیسینا نووچەیێ ب ناڤەرۆکا وێ نە ب ناڤێ سەرەکی تێدا یان کو ئەو تشتێ گرنگ بێی نڤیسەرێ نووچەیێ رایا خو دناڤ بکەت چ ل پێشیێ یان دناڤ بەشێن دی یێن نڤیسینێ و ئەڤ ساخلەتە نەک تنێ بۆ نووچەیان بەلکو بۆ راپورتێن نووچەیی وراپورتێن جودا جودا و ڤەکولینێن رۆژنامەڤانی.

هەر د بوارێ نڤیسینا باش و پێتڤی کو تێکستێن رۆژنامەڤانی، یێن وەکو پێتڤی بن ل سەر بنەماییێن زوربەی دەزگەهێن رۆژنامەڤانی کاری پێدکەن و ل گور تایبەتمەندیێ فەرە ل سەر نڤیسەرێ نووچەیان وپەیامنێران چاڤدێریا هندەک خالێن سەرەکی بکەن بەری بەلافکرنا نووچەیان پێک بینیت، ژ وانا:

١. دڤێت بابەتێ بێتە نڤیسین راستی یەک بیت، روودابیت وناڤ د دروست بن ومێژو و ژمارە وەکی خو بن، گەلەک پشتراستی ل سەر هاتبیتە کرن.

٢. دڤێت نووچە ب زمانەکی سادە بێتە نڤیسین دوور بت ژ زاراڤێن نەتێگەه یان وەکی دبێژن زمانێ گشتی.

٣. دڤێت نووچە یێ دوور بت ژ نەوەیی، وگوهۆرین ژ کەتواری، لێ یی راست وبێ لایەن بت.

٤. دڤێت نڤیسین یا رۆهن وئاشکەرا بت نەتێگەهشتنی تێدا نەبت، و وەسا هاتبیتە نڤیسین بۆ هەرکەسێ بخوینیت تێبگەهیت و پێزانینا ژێرە پێشکێش بکەت.

ل سەر ڤێ بنیاتی و گوهورینێن کارێ رۆژنامەڤانیێ بخۆ ڤە گرتی وپێشکەفتنا دبوارێ نڤیسینا نووچەییێن جورا و جور نهو وەسا لێهاتیە کو رۆژنامەڤان یان نڤیسەرێ نووچەیان وراپورتان ئێکەم پێنگاڤ گرێدایی ناڤ ونیشانێن (**عنوان – تایتلێ خەبەری**) نووچەیانە یێ کۆ گەلەک جورا ڤەدگریت، ژوانا پرس و شاراندن وگەلەک یان پشکەک ژ نووچەیێ خۆ ب خۆ.

بەلێ بەهرا پتر یا باشتر دڤێت ناڤ ونیشان (**تایتلێ خەبەری**) یێ کورتکری وتێگەه بیت، سەرنجا خویندەڤانی بکێشیت بۆ رۆژنامێ یان گوڤارێ، هەر وەسا سەرنج راکێش بیت بۆ گوهداری یان بینەری.

خالا دی یا گەلەک گرنگ ئەوە ل بوارێ هویربینیێ و دویر کەفتن ژ ژمارێن مەزن ل گۆر پێچێبوونا .

لێ هەروەسا دمینیت چەندی نڤیسەرێ نووچەیان وراپورتا دێ شێت بابەتێ خۆ بنڤیسیت لسەر شێوازێ (**سێ گوشەیا سەرنشیڤ – بەروڤاژی بۆ خوارێ – الهرم المقلوب**) کو پێتڤیە چاڤدێریا شێوازی بهێتە کرن، کو تشتێ گرنگ هەردەم لپێشیێ بیت و لدویڤ دا و هەر وەسا نووچە بهێتە دارشتن کو هەردەم بیر وبوچونێن هەموو ئالیان تێدە بن.

دیسان یا پێتڤیە وفەرە ل سەر رۆژنامەڤانی جوداهیێ بکەت دناڤبەرا بیرو رایا و پێزانینێن نووچەیێ.

دهێتە زانین کو نڤیسینا نووچەیان رەنگڤەدانەکا راستەقینە یە بۆ روودانا، بەلێ شێکار روون کرنە بۆ رووداننێ ودیار کرنا گرنگیا وێ یە، ژبەر کو ل ڤی سەردەمی نووچە نیشانا گوهورین وبەردەوام بوونا ژیانێ نە ودەلیڤەنە کو خەلک ئاگەهداری گوهورینا بت کانێ چ ل کومەلگەهێ روو ددەت.

ل ڤێرێ فەرە ل سەر نڤیسەرێ نووچەیان دویرکەڤیت ژ دانا رایا خۆ یا کەسایەتی هەروەسا شیکارکرنێ، ژبەر کو وی ماف نینە ژ دەقی دەرکەڤیت، یان تێکستێ وەکی تێگەهشتنا خۆ بەلاف بکەت.

### تێبینیێن سەرەکی ل دۆر نڤیسینا چیرۆکا رۆژنامەڤانیا سەرکەفتی

وەک کارەکێ داهینان وهونەری یێ جوان و دروست دارشتی یا فەرە ل سەر نڤیسەری

بەری چیرۆکا خۆ یا نووچەی بنڤیسیت ئەڤان خالێن خارێ ل بەرچاڤ وەربگرت:

### قوناغا ئێکێ
### بەری نڤیسینا چیرۆکا نووچەیی

- دوبارە داریێتنا چیرۆکێ ل گۆر وان پێزانین و تێبینێن بەردەستێ وی ل دور بابەتی کومکرین.
- پشتراستبوون ژتێگەهشتنا کەتواری وبیرورایێن کەسانێن وی دیتین پشتی تویژاندنێ ژ هەموو لایانڤە.
- شێوەرکرنا نڤیسەری یان سەرنڤیسەری یان هەڤالەکی دکاری دا دەربارەی وەرنەگرتن وتێنەگەهشتنا رۆژنامەڤانی ل دور هەر خالەکێ تێدە هاتبتە نڤیسین یان جهێ دوو دلیا وی ل دور چیرۆکا نووچەیی.
- هەلبژارتنا شێوازەکێ هەژی بۆ دیار کرنا پێشەکیی وگرنگی پێدانا چیرۆکێ بۆ چارەسەرکرنا بابەتێ ب شێوەکێ پروفیشنال و سەرنج راکێش کۆ بخوشی (لەزەت) بهێتە خواندن.

### قوناغا دووێ
### د دەمێ نڤیسینێ دا

یافەرە لسەر مللێن رۆژنامەڤانی د دەمێ نڤیسینێدا گرنگی دابیتە هندەک خالێن پێتڤی داکو بشێت چیرۆکا خو بدروستی وپشت راستی بنڤیسیت، و د دەمەکیدا هیچ یاسا یان بنەماییێن یەکگرتی نینن لێ تایبەتمەند ل سەر چەند خالێن گرنگ رێککەفتینە و ژ وانا ئەڤ خالێن گرنگن کو دڤێن هەر حال د نووچەیان دا یان راپورتا دا هەبن:

- نەراوستیانەکا درێژ بۆ هەلبژارتنا شێوازەکی ئێکسەر لێ راکێشانا خویندەڤانی بهزرەکا گشتی ب دەروازەکی تژی راستیێن سەرەکی.
- نەپشت بەستن ب شێوازێ دەستکرد چونکی خویندەڤان دشێن ڤێ چەند ب ئاسانی خۆیا کەن.
- نە سەپاندن کو هەموو خویندەڤان دزانن و تێدگەهن یا رۆژنامەڤان ژی دبێت، ژبەرهندێ فەرە ل سەر رۆژنامەڤانی دانە ناسینا زاراڤێن نەتێگەه و ئاسانکرنا وان بۆ خویندەڤانان.
- پشت بەستن ب هوویری و رۆنکرنێ و وژدان پاکیێ دڤەگێرانا چێرۆکێدە وسەرەدەری و کەتوارێ وێدا برەنگەکی زنجیری یان ل گۆر گرنگی یێ.
- لێ ڤێرێ خالەکا گرنگ هەیە دبیت هندەک جاران یا فەرە هەبیت وجاران نەمەرجە ئەو ژی باگراوندێ نووچەیی، کو دڤێت هندەک جاران رۆژنامەڤان باگراوندی دروست بکەت بوو نووچەیی داکوو پتر یان تێگەه بیت وخواندەڤان ل دور چاوانیا رووداني یا بابەتی پتر پێزانینا وەربگرت وبدەستڤە بینیت.

### قوناغا سیێ
### پشتی نڤیسینێ

وەک تشتەکی رەوا پتریا رۆژنامەڤانا دویفچوون و گرنگی ب چیرۆکا نووچەیی دان دسەر گوهرە دهاڤێتن پشتی نڤیسینا وێ، ژبەر هندێ ئەڤ خالێن بێن دسوودبەخشن بۆ چیرۆکێ خۆ بخۆ، وبۆ رۆژنامەڤانی تاکو چیرۆک یا تمام و یەکگرتی بت، لەورا ئەڤ خالێن هەنێ دگرنگن نەک تنێ بۆ نڤیسینا چیرۆکا نووچەیی، بەلکو هەر نڤیسینەکا رۆژنامەڤانی:

- ل سەر رۆژنامەڤانی فەرە چیرۆکا خو پتر ژ جارەکێ بخوینت وئەگەر دەست بدەت جاران بدەنگەکێ بلند، دێ خالێن لاواز دیار بن و کانێ یا هەژی یە یان نە.
- ئەرێ پێشەکی یا رێکوپێکە وپێزانینێن دروست بخۆ ڤەگرتینە ژ جهێ رویدانێ و کەسانێن گرنگ و هوکارا و پوختەیا بوویەرێ.
- رۆژنامەڤان خۆ بدانت ل جهێ خویندەڤانی داکو بەرسڤێ بزانت ژ هوندەرێ وێدە دشارییێت ژ تشتێ سەرنجراکێش.

دیسان و ل گەل گرنگی دان ب نڤیسینا چیرۆکێ ب رەنگەکی بکێرهاتی توخمێ هویربینیێ گرنگی یەکا مەزن دلەیزت دڤی بواریدا ژ بەر هندێ ل سەر رۆژنامەڤانی فەرە ل بیر بینت گرنگیا هویریێ د دەمێ :

١. ئەگـەر سروشـتێ چیرۆکێ یـێ چاوابیت هویری پێتڤی یە دهەموو رونکرنادە، د دەمێ نڤیسـینا هەمـوو ناڤـا برنگەکی دروسـت و ڤەگوهاسـتنا هەموو پێکهاتی یا ل سەر زارێ هەر کەسـی ب رنگەکی هویربینی وهەروەسا ئەڤ مەرجا بۆ ژمارا.

٢. چەخت کرن لسـەر هەمـوو ناڤا برەنگەکی دروست و ئاماژەپێدانا نڤیسەری.

٣. دڤێت نڤیسـینا نووچان دروست بت وەکی خۆ سـەد ژ سـەدێ هەتا کـو بخوازتە هندێ پێچەوانەی راسپاردە وهزرێ نەبن.

٤. گرنگـی دان ب ژمارا و شاشـی نەکرن ب تایبەتی د ناڤ ونیشانێن جها وبەرپرساتیا.

ل گـور ڤـان خالێـن هەنێ دیـار دبت کو کارێ رۆژنامەڤانیـێ و ب تایبـەت نووچەیان بەرپرسیارەتیەکا مەزنە و پێتڤی یە رۆژنامەڤان هــەر دەم ب وی شـێوازی چیـرۆکا خوو یا نووچەیی بنڤیسیت یا کو راست و دروست، و هندی دشیان دا بیت هەردوو لایەنێن چیرۆکێ تێدە د دیار بن، داکو خواندەڤان یێ ئازاد بیت پشـتەڤانیا کیژ لایەنی بکەت وکیژ پێزانینێ ب یا دروست دانت و بزانت.

<u>تێبینی:/</u>

**ژێدەرێــن ڤی بابەتی چەندێن خولێن رۆژنامەڤانــی نە ژ لایێ رێکخراوا (پرێس ناو) یاهولەندی هاتبوونە رێکخستن ل هەرێما کوردستانێ و سەنتەرێ میدیایێ یێ سەربخو ل کوردستانێ، هەروەسا (رێبەرێ نڤیسینێ یێ ئاژانسا رویتەرز) بزمانێ عەربی چاپا ٢٠٠٧ و رێبەرێ نڤیسینێ بۆ ئاژانسا (اصوات العراق)ن.**

*** راهێنەرێ رۆژنامەڤانی**

# ببە خانمە ڕاگەیاندنکار، یان!!

ئامادەکردنی: علیا فیاض
وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید*

پێوەری پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەستە بە هەڵوێستی ئەو کۆمەڵگایە بەرامبەر کێشەکانی ئافرەت، دەشتوانم بڵێم کە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕاگەیاندنیش دەکەوێتە نێو چوارچێوەی هەمان هاوکێشەوە، واتە بە هەڵوێستی ڕاگەیاندن بەرامبەر خانمە ڕاگەیاندنکاری مێینەو ڕۆڵی ڕاگەیاندنکاری خانمانیش لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی ڕاگەیاندن و کردنی بە دەسەڵاتی چوارەم، دەسەڵاتێک کە نوێنەری خواست و ئیرادەی تێکڕای کۆمەڵگا بێت، هەروەها چالاککردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنکاری خانمان لە چارەسەرکردنی پرس و گرفتە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی، ئەوەش لە میانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە نووسراوو بیستراوو بینراوەوە.

هەنووکە ڕاگەیاندن بۆتە یەکێک لە هەرە پێداویستییە سەرەکییەکان کە هیچ کەس و کۆمەڵگایەک ناتوانێ دەسبەرداری ببێت، وەکو سێبەری مرۆڤی لێهاتووە، هەر لە سبەینێوە لە گەڵیدایە تا دوا ساتەکانی ئەو ڕۆژەی، چونکە ڕاگەیاندن بریتییە لەو بەرنامەیەی کە سبەینان لەکاتی چوونی مرۆڤ بۆ سەر کارەکەی لەنێو ئۆتۆمبیلدا گوێی لێدەگرێ، یان ئەو ڕۆژنامەیەیە کە لەسەر مێزی شوێنی کارکردنەکەی چاوەڕێی دەکات، یاخود ئەو شاشەی تەلەفزیۆنەیە کە لەشەودا بە ئارامی لەگەڵ تێکڕای ئەندامەکانی خێزانەکەیدا تەماشای دەکات و سەرنجی دەداتێ. کەواتە ڕاگەیاندن لەسەرجەم گۆشەکانی ژیاندا لەگەڵماندایە. هەر لێرەشەوەیە کە بایەخەکەی دەردەکەوێ و هەرگیز ناتوانین دەسبەرداری ببین، بۆیە ڕاگەیاندنکار بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە –نێرو مێ– ڕۆڵێکی کارا لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیدا دەگێڕێت، ڕاستییەکەیشی ئەم پیشەیە لەگەڵ پیشەکانی دیکەدا جیاوازە.

سەبارەت بەو چەمکەی کە دەڵێ: تەنیا ئافرەتە کە بۆ ئافرەت و لەسەریشی دەنووسێ، من ڕاوبۆچوونێکی دیکەم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز نابێ ئافرەت گۆشەگیر بێت، بەڵکو دەبێ ئاوێتەی ژینگەو دەوروبەرەکەی بێت و لەنێو کێشەو گرفتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاکەیدا بتوێتەوە. هۆکاری سەرەکیش لە دژایەتیکردن و شەڕفرۆشتنی پیاو بە ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەقە هێرش ئامێزانەی کە ژنان دەینووسن و تیایدا داوای مافەکانی خۆیان و بەرگری لەخۆیان دەکەن و بەهای ڕاستەقینەی پیاویان بەرامبەر خۆیان

لەبیرچۆتـــەوە. هەندێ لـــە دەقەکان توندڕەویـــی ژنانەیان تێدایەو بەشداری خەراپ لە سەر پرسی ئافرەت و هەڵوێستی کۆمەڵگا بەرامبەر ئافرەت دەکەن. هەروەها بە شـــێوەیەکی گشـــتیش کاریگەری خەراپیان کردۆتەســـەر کاری خانمە ڕاگەیاندنـــکارەکان، هـــەر بەهۆی ئەم تووندڕەوییەشـــەوە پەرچەکرداری جۆراوجۆر لەو بوارەدا ســـەریانهەڵداوە کە هەندێکیان مۆرکێکی ئایینییان وەرگرتووەو دژایەتی بوونی ئافرەت لە هەموو شـــوێنێکی گشـــتی و ئاشـــکرادا دەکەن، بێگومـــان ڕاگەیانـــدن یەکێکە لەو پیشـــانەی کـــە زۆرترین ئاشـــکرایی و دەرچوونـــی بۆ شـــوێنە گشـــتییەکان تێدایە، بۆیـــە ئـــەو ئافرەتەی پیشـــەی ڕاگەیاندنـــکاری هەڵبژێرێت و بچێتـــە نێـــو ئـــەو چوارچێوەیـــەوە، ئەوا بـــە دەرچوو لە دابونەریـــت و بەها ڕەوشـــتییەکان نـــاوزەد دەکرێت. هەر لەم سۆنگەیەشـــەوە خانمە ڕاگەیاندنکارەکان لە سەرەتادا دووچاری هەڵمەتێکی ناڕەواو سەرشێتانە بوونەتەوە، بەڵام خانمە پێشـــەنگەکانی ئەم بوارە بەرەنگاری ئەو هەڵمەتانە بوونەوەو توانییان دەرگای بواری ڕاگەیاندن بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بخەنە سەرپشت و بەرپرسیارێتیی ڕازیکردن کۆمەڵگایان بخەنە ئەستۆ، چونکە خانمە ڕاگەیاندنکارەکان ئەو هێماو ڕەگەزە بەتواناو بەهێزەیە کە خەمی پەرەپێدان و پێشـــکەوتنی کۆمەڵـــگاو بەشـــداریکردنی لـــە پرۆســـەی بونیاتنانـــی ڕامیـــاری و کۆمەڵایەتی و ئابـــووری لە ناخی خۆیدا هەڵگرتـــووە. ئەمڕۆ خانمە ڕاگەیاندنکارەکان دەنگی ئەو کەســـانەیە کە توانای نووسین و دەربڕینی خەمەکانی ڕۆژانەی خۆیان نییە، هەروەها دەنگی ئەوانەیە کە توانای بەرەنگاربوونەوەی گرفت و سەرئێشەکانیان نییەو ناتوانن چارەســـەری کێشـــەو گرفتە هەڵپەســـاردراوەکانیان بکەن و وەک دەڵێـــن: **«ئـــەو مەلەوانـــەی دژی تەوژمی ئاو مەلە دەکات، دەبێ گۆڕەپانەکە بۆ کەسانیتر چۆڵ بکات».**

وەکـــو دەرئەنجامی ئەو پێشـــکەوتن و پەرەســـەندنەی کـــە کۆمەڵگاکانمـــان پێیـــدا تێپەڕیـــون و ڕەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنەش لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، ڕاگەیاندنیش پەرەیســـەندووەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دیکەدا شێوازو ڕێگاکانـــی جۆراوجـــۆر بـــوون و پرســـی ئامادەبوونـــی خانمـــە ڕاگەیاندنکارەکانیـــش لـــە کۆنگـــرەو چالاکییـــە ڕاگەیاندنە عەرەبییەکاندا کارێکی ئاماژە بۆکراوەو حاشـــا هەڵنەگریشە.

ڕێکخـــراوو بزووتنەوەکانـــی ئافرەتـــان لـــە ڕێـــگای چالاکییەکانیانـــەوە تەکانێکـــی باشـــیان بـــە زۆرێـــک لـــە ئافرەتاندا کە سەرەتا دەست بە نووسین بکەن و دواتریش لەبواری ڕاگەیاندندا قوول ببنەوەو تایبەتمەندی وەربگرن،

**- هەندێ لە دەقەکان توندڕەویـی ژنانەیان تێدایەو بەشداری خەراپ لە سەر پرسی ئافرەت و هەڵوێستی کۆمەڵگا بەرامبەر ئافرەت دەکەن.**

**- ئـەو ئافرەتـەی پیشەی ڕاگەیاندنکاری هەڵبژێرێت و بچێتە نێو ئەو چوارچێوەیەوە، ئەوا بە دەرچوو لە دابونەریت و بەها ڕەوشتییەکان ناوزەد دەکرێت.**

هەرچەندە لەسەرەتاوە بەنووسین لەسەر دۆزی ئافرەتان دەستییان پێکرد، ئەمەش تەکانێکی باش بوو بۆ چوونە نێو جیهانی ڕاگەیاندنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕێکخراوانە پێویستییان بە کەسانێک هەبوو بۆ پشتگیری کردنی پرۆسەی بوون و بەردەوامبوونیان و هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دامەزراون، هێنانەدی ئەوەش بەبێ کردنەوەی دەرگای ئەو ڕێکخراوانە و گرێدانی پردێکی هاوکاری لەگەڵ ڕاگەیاندنی وڵاتەکانیاندا جۆرێک بوو لە مەحاڵ، پرسی ئافرەتیش بەوەی کە لە کۆمەڵگاکانماندا ڕەگەزێکی وروژێنەرەو ڕاگەیاندنیش بەدوای وروژاندنی ئەو پرسانەدا دەگەڕێت کە ختووکەی خوێنەر دەدەن، بۆیە هەردوولا پێویستیان بەبوونی یەکتری هەبوو، ئەمەش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چالاککردنی بوونی خانمی ڕاگەیاندنکار، چ وەکو ڕەگەزێکی کاراو چ وەکو بابەتێکی وروژێنەر لەنێو خوێنەراندا، بینی.

ئێستاش دوای ئەو هەموو ئاماژەو سەرنجانەی سەرەوە، دەمانەوێ لە خۆمان بپرسین: چ خانمە ڕاگەیاندنکارێکمان دەوێت؟

هەرچەندە وەسف و پێناسەیەکی ئامادەکراوو ڕێژەیەکی دیاریکراو بە ژمارەو خاڵبەندی هونەرییانە بۆ خانمە ڕاگەیاندنکار نموونەیی نییە، بەڵام ژمارەیەک خاڵی نەگۆڕو باو هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی پێویستە لە ڕاگەیاندنکاردا هەبن، وێڕای زاڵبوونی چەمکی ئیستعمارییانە بەسەر ڕاگەیاندنەکانماندا، من بۆ خۆم لایەنگیری بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەم کە بەهەموو نامۆیی و ناپاکییەکیشەوە چۆتە نێو هزرمانەوە، لەبەرئەوەی زۆرێک لە ئامرازی ڕاگەیاندنەکانمان ئەمڕۆکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هێزە ئیستعمارییە ناوخۆیی، یان دەرەکییەکانەوە کە هەوڵ دەدات ئەم دەسەڵاتە **(ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەکانییەوە)** بکاتە ئامرازێکی سەرکردنی سەرانسەری کۆمەڵگاو سەرقاڵکردنی بە کاری لابەلا بۆ ئەوەی نەخشەو پیلانەکانی کە مەترسییان لە مەترسی ئیستعماری سەربازی کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت، بەسەرماندا تێپەڕ بکات، چونکە لەوانەیە سوپای داگیرکەر بڕوات و وڵات بەجێبهێڵێ، بەڵام ئیستعماری فیکری درێژخایەنەو لەوانەیە کاریگەری بۆ سەر نەوەکانی ئاییندەش جێبهێڵێ، هەر بۆیەش ئەرکی بونیاتنانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کەوتۆتە ئەستۆی ڕاگەیاندن کە لەسەر بنەمایەکی پتەو بونیادی بنێت و بەو بەهاو بیروبۆچوونانەی کە ڕاگەیاندن پەخش و بڵاویان دەکاتەوە بەتین و پتەوتر دەبێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێت کە پێش کەمێک کردمان،


> **پرسی ئافرەتیش بەوەی کە لە کۆمەڵگاکانماندا ڕەگەزێکی وروژێنەرەو ڕاگەیاندنیش بەدوای وروژاندنی ئەو پرسانەدا دەگەڕێت کە ختووکەی خوێنەر دەدەن، بۆیە هەردوولا پێویستیان بەبوونی یەکتری هەبوو، ئەمەش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چالاککردنی بوونی خانمی ڕاگەیاندنکار، چ وەکو ڕەگەزێکی کاراو چ وەکو بابەتێکی وروژێنەر لەنێو خوێنەراندا، بینی.**
>
> **- ژمارەیەک خاڵی نەگۆڕو باو هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی پێویستە لە ڕاگەیاندنکاردا هەبن.**

چ خانمە راگەیاندنکارێکمان مێیینەمان دەوێت؟
خانمــە راگەیاندنکارێکــی وامــان دەوێــت کــە توانای بەرەنگاربوونــەوەی ئــەو هەڵمەتانەی هەبێــت کە هەوڵی بە نەزانی و گەمژەیی هێشــتنەوەی کۆمەڵگاکانمان دەدەن لــە ڕێگای ئەو جەســتانەی لەژێر ئاودا پێــچ دەخۆن، یان بــە جلی ســوورەوە لەنێو گوڵزارێکدا ڕاکشــاوەو بە جلی ئاڵووالاوە ســەرجەم هەستەکانی بینەر دەسڕێتەوەو تەنیا غەریزە ئاژەڵییەکانی دەهێڵێتەوەو غەریزە مرۆییەکانیشــی زیندەبەچــاڵ دەکات، ڕاگەیاندنێــک لاپــەڕەکان بەڕەنگــی ســاختە ڕەنگڕێــژ دەکات و بیــرو هــزرو وشــەکان لــە ناوەڕۆکــی ڕاســتەقینەی خــۆی دادەشــۆرێ و بەگوێــی بیســەراندا دەچرپێنــێ و غەریزەکانــی دەبزوێنــێ، نــەک بیروبۆچوونەکانــی. وەک دەبینیــن ئەمــڕۆ هەنــدێ لــە خانمە ڕاگەیاندنکارەکانمــان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و نیمچە ڕووت و مێشــکێکی بەتاڵەوە لەســەر شاشەکانەوە دەردەکــەون، گوایە قژ زەردن، چونکە ئەوان وایان دەوێ، نەک وەک ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە خانمە ڕاگەیاندنکارەکانمان دەوێ کە لەو ڕاســتییە تێبگەن کارەکەیان پیشــەو پەیامە، نەک گرێبەســتی ڕەوشــتییانە کە شەوانە هەندێ لە خانمە ڕاگەیاندنــکارە قیتوقۆزەکانمان خۆیانی پێ نمایش دەکەن، ئەوانەی کە بەپێی شــێوەو ڕەنگوڕوو هەڵدەســەنگێندرێن، نەک بەپێی تواناو لێهاتوویێتییان. (**ئەمە لەوانەیە لای خۆمان لە کوردستان بەو شــێوەیەی نووسەر ئاماژەی پێدەکات، بوونی نەبێ- وەرگێڕ**). خانمە ڕاگەیاندنکارەکانی ئەمڕۆمان دەبــێ بــە پیرۆزییەوە مامەڵــە لەگەڵ پیشــەکەیاندا بکەن، پێویستە لەســەریان کە پابەندی ڕێککەوتننامەی شەرەفی پیشــەیی بن و بەر لەهەر شــتێک لەگەڵ خۆیاندا ڕاســتگۆ بن و لەوەش گرنگتر لەکاتی چارەســەرکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی کارەکانیان لەگەڵ خەڵکیشدا ڕاستگۆبن.
لــە هەمبەر تێکــڕای ئەوانەدا، خانمــە ڕاگەیاندنکارێکی وامــان دەوێ کە توانای گۆڕینی ئەو بووکەشووشــەیەی هەبێت بە نموونەگەلێکی شــیاوی ئەوتۆ کە ســەبارەت بە گرنگترین پرسە فیکری و ڕامیارییەکان گفتوگۆو مشتومڕ هەڵبگرێــت و خــاوەن زەخیرەیەکــی زانیــاری بــاش و هەمەلایەنە بێت و زاراوەو بۆچوونەکانی جێگای سەرجەم لایــەن و ڕەگەزەکانــی کۆمەڵگایــان لێببێتــەوە، چونکــە ڕاگەیاندن ڕێڕەوی پێشــکەوتن و پەرەسەندنە، بۆیە دەبێ خانمــە ڕاگەیاندنکار لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانــدا نموونەی بەردەوامبوونی کاروانی پەرەســەندنەکانی سەردەمەکەی بێــت و زاراوەو ڕێــگاو شــێوازی کارکردنیشــی بەپێــی گۆڕانکارییە شارستانێتییەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدا بێت

"

**خــــــانــــــمــــــە ڕاگەیاندنکارێکی وامان دەوێ کە توانای گۆڕینی ئــەو بووکەشووشەیەی هەبێت بە نموونەگەلێکی شیاوی ئەوتۆ کە سەبارەت بە گرنگترین پرسە فیکری و ڕامیارییەکان گفتوگۆو مشتومڕ هەڵبگرێت و خاوەن زەخیرەیەکی زانیاری باش و هەمەلایەنە بێت و زاراوەو بۆچوونەکانی جێگای سەرجەم لایەن و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگایان لێببێتەوە.**

"

و وشەکانیشی هێندە فراوان و واتادار بن کە بگەنە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا بە جیاوازی رەگەزو ئارەزوو خولیاو ئاراستەکانیانەوە. خانمە راگەیاندنکارێکی ئەوتۆ کە خۆی بە سوورو سپیاوی خۆجوانکردن نەڕازێنێتەوە، بەڵکو بە هەمەڕەنگی فیکرو خۆگونجاندن و رێکردن و خۆ پڕچەک کردن بە پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیای راگەیاندن، کە بۆتە قەڵەم و کاغەزی راگەیاندنی هاوچەرخ، لەبەرئەوەی بەبێ تەکنەلۆژیاو بنەماو خەسڵەتی راگەیاندنکارێکی سەرکەوتووو لێهاتوو دەستەبەر نابێ.

هەڵبەتە هەمەچەشنەیی و دەوڵەمەندی راگەیاندنکار لەڕووی زانیارییەوە کار ئاسانییەکی زۆری دەخاتە بەردەست بۆ چوونەناو هەر بابەتێکەوە، لەبەرئەوەی هەمەچەشنەیی زانیاری دەبێتە هۆی فراوانکردنی زەمینەی جوگرافی راگەیاندنکارو کەشوهەواو رووبەری کارەکەیشی هەمەلایەن دەکات و لە دەنکە تۆوێکی بچووکەوە دەیکاتە چڵێک و ئینجا درەختێک، خانمە راگەیاندنکاری وا هەبوون، سەرەتا وەکو تۆوێک بوون، وێڕای چەندین کۆسپ و تەگەرەی کۆمەڵایەتی و لەمپەرە زۆروزەبەندەکانی بوارەکانیتر کە لە هەوڵی لەباربردنی پرۆسەی نەشونماکردنیان بوون، کەچی توانییان ببنە درەختی بەردارو دونیای راگەیاندن بە شانازییەوە پەنجەی گەواهییان بۆ درێژ بکات.

خانمە راگەیاندنکاری ئەمڕۆ لەوپەری پێویستیدایە بۆ کارکردن لە کێڵگەیەک کە رووەکەکانی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایەو وای لە خانمە راگەیاندنکار دەوێ کەلەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا رێبکات، یەکێک لە گرنگترین ئەو پێداویستییانەش بۆ بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە فێربوونی زمانەکانە. من پێم وایە پرۆسەی گۆڕینەوەی شوێنەکان لەنێوان راگەیاندنکارە خانمە عەرەبییەکان و خانمە راگەیاندنکارەکانی وڵاتانیتر کارێکی زۆر گرنگە، چونکە لەسەردەمی پێشکەوتنی بێئەندازەی تەکنەلۆژیادا پێویستە بەوپەڕی تواناماں بە بابەت و زاراوەو باری سەرنجمان بۆ رووداوەکان خۆمان بخەینەڕوو، نەک بە ئامرازگەلێک کە وامان پیشان بدات، جگە لە پینەوپەڕۆو چارشێوو کەنیزە بەولاوە شتێکیتر نین. ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، وێڕای سڕینەوەی سنوورەکان و نەمانی جوگرافیاو وێکچوونی نیشانەکان، کەچی هێشتا مێژوو جیاوازی خۆی لەدەست نەداوە، بۆ نموونە لە ئەوروپا چارەسەرکردنی پرسی یەکسانی لەڕووی راگەیاندنەوە بە شێوازگەلێکە لە هەموو رووییەکەوە جیاوازە لەگەڵ چارەسەرکردنی هەمان پرس لای خانمە راگەیاندنکارە

**"هەمەچەشنەیی و دەوڵەمەندی راگەیاندنکار لەڕووی زانیارییەوە کار ئاسانییەکی زۆری دەخاتە بەردەست بۆ چوونەناو هەر بابەتێکەوە، لەبەرئەوەی هەمەچەشنەیی زانیاری دەبێتە هۆی فراوانکردنی زەمینەی جوگرافی راگەیاندنکارو کەشوهەواو رووبەری کارەکەیشی هەمەلایەن دەکات.**

**- خانمە راگەیاندنکاری ئەمڕۆ لەوپەڕی پێویستیدایە بۆ کارکردن لە کێڵگەیەک کە رووەکەکانی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایەو وای لە خانمە راگەیاندنکار دەوێ کەلەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا رێبکات."**

خۆمان لــە جیهانــی عەرەبیــدا. لەبەرئەوەی ئەو کۆتوبەندانەی لای خۆمــان ڕاگەیاندنیان جڵەوکێــش و لغاو کردووە، وەهای لێکردووە کە لەژێر بەزەیی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت و ئایینــدا بێــت، کەچــی لــەوێ بەجۆرێکیترە و چارەســەرکردنی کێشــە کۆمەڵایەتییەکان و ختووکەدانەکانــی ڕاگەیانــدن تێکــڕای ئــەو ســنوورانەی بەزانــدووە، چونکە لەوێ ڕاگەیاندن باڵادەستەو دەســەڵاتێکی ئەوتۆیە کە دەوڵەت هەترەشــی لێچووەو ئایینیش هیچ پەیوەندییەکی پێوە نییە، وەلێ لێرە لای خۆمان دەســەڵات دەتوانێت دامــەزراوەی ڕاگەیاندن دابخــات و بەرنامەیەکــی تەلەفزیۆنیــش لــە چرکەیەکــدا ڕابگرێــت، جیاوازییەکە لەوەدایە کە لە ئەوروپا بــە پێچەوانەی لای خۆمانەوە ڕاگەیانــدن دەتوانــێ ڕژێمێکــی سیاســی بڕووخێنــێ و بەرنامەیەکــی تەلەفزیۆنیــش دەتوانێ کەســایەتییەکی گــەورەو بەناوبانگی وڵات ڕیسوا بکات، یاخود بەگرتنی بدات، خۆ هەر ڕاگەیاندن بــوو توانی ئابڕووبەرییەکانی وۆتەرگێــت و مۆنیــکاو کلینتــۆن و ئەوانیتر ئاشکرا بکات.

کەواتــە ئــەو خانمــە ڕاگەیاندنکارەیــەی مێیینەیەی ئەمڕۆکە دەمانەوێ، ئەوەیە کە لەنێو مندالدانی ململانێکان و ناخی جەنگە سیاســی و کۆمەڵایەتییــەکان لەدایک ببــێ و بوێرانەو بــەڕوون و ڕەوانــی شــتەکان بخاتــەڕوو، وشــەکانی بەتــرس و دڵەڕاوکــێ پینەوپەڕۆ نــەکات، دەبــێ بــاش بزانێــت کــە بەرامبەر لوولــەی تفەنگــی لایەکــەی دیکەیــە، چونکە ڕاگەیاندن جەنگە، ئەگەر لە جەنگیشدا دۆڕایت و شکســتت خوارد، ئەوا پێویستە دەسبەجێ گۆڕەپــان بــۆ ئەوانە چۆڵ بکەیــت کە توانای بەرەنگاربوونــەوەو ڕووبەڕووبوونەوەیــان هەیە.

ڕاگەیاندنــکاری ئازاد، ئەوەیــە کە لەکاتی خســتنەڕووو چارەســەرکردنی کێشــەکاندا خۆی لە ترس دەربــاز بکات و بوێرانە بڕیار بــدات، هەرچەنــدە خانمــە ڕاگەیاندنــکاری پابەندترو جیاوازترە لە هاوڕێ ڕاگەیاندنکارە نێرینەکەی. ئەمەش هێندە ڕوون و ئاشــکرایە پێویســت بــە شــیکردنەوەو شــرۆڤە ناکات، چونکــە ئەو پێــوەرە کۆمەڵایەتییانــەی کە لە کۆمەڵــگای خۆمانــدا ئافرەتــی پێدەپێورێــت، لەهــەر شــوێنێک و بگاتــە هــەر قۆناغێک بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە لەو پێوەرانەی کە پیاویان پێدەپێورێت. لە کۆتاییشــدا بەوپەڕی سووربوونەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کــە ئێمــە قوربانــی کۆمەڵــە کۆتوبەندێکــی ترســناکین و وزەو توانایەکی زۆری لێزەوت کردووین. هەرچەندە تا ڕادەیەک لای خۆمان ڕاگەیانــدن پەرەســەندنی بەخۆیــەوە دیــوە، کەچی هێشتا کۆیلەی سانسۆرێکین کەبەسەر هەمــوو دەق و بەرنامەکانمانــەوە زاڵــەو بە ناخیانــدا ڕۆچووە، بۆیە دڵنیــام کاتێک خانمە ڕاگەیاندنکار ببینێ هیچ مەرج و چاودێرییەکی بەســەرەوە نییە لەوەی کە دەینووسێت و بە گوێی گوێرەکانیدا دەدات و لەســەر شاشەوە پێشــانی بینەرانــی دەدات و هەســت بــەوە نەکات کە کەســانێک لە پەناوە چاودێری هەر وشــەیەکی دەکــەن کــە دەیڵــێ، ئەوکاتە ئەو خانمە ڕاگەیاندنکارە بەرپرسیارێتی شەرەفی پیشــەکەی لە ئەســتۆ دەگرێــت و دەبێتە ئەو ڕاگەیاندکارەی کە ئێمە دەمانەوێت.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الدیار)ی لوبنانی ژ٧٠٧٤ لە ٢٠٠٨/٩/٧

* ڕابەر ڕەشید: ئەندامی لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# دواڕۆژ بۆ کامەیانە؟

## ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، یان کاغەز



**محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری**

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی پاشەڕۆژی ڕۆژنامەی کاغەزەو شێوازێکی نوێی ڕۆژنامەیە، گەرچی هۆکارەکەشی سادەیە، بەڵام گەوهەرییە، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەش دەکەن کە جیاوازە لە وەدەستهێنانی ڕۆژنامەیەکی کاغەزی، بۆیە ڕۆژنامە کاغەزییەکان ماڵپەری تایبەت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە بە هەردوو شێوەکەی ئامادە بێ بۆ وەرگرانی، شێوازە ئەلیکترۆنییەکە ئاسانتر دەست دەکەوێ و لە زۆربەی کاتەکاندا کارلێک لەگەڵیدا دروست دەبێ لەڕێگەی تۆمارکردنی تێبینی و بەدواداچوونەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەپێچەوانەی شێوە کاغەزییەکەی، ئەوە بەدەر لە سوودبینین لە خزمەتگوزارییەکانی ئەرشیف و گەڕان بەدوای بابەت و زانیاری دیکە.

ئەم پێشکەوتنە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لایەنە باوەی ڕۆژنامەیە کە دامەزراوەکان زیاتر هەست بەو گەشەکردنە دەکەن، هەر ئەوانیش زیاتر گرنگی بە شێوە ئەلیکترۆنییەکە دەدەن بەشێوەیەکی هاوسەنگ کە لەداهاتوودا پێی دەگوترێ شێوازی کلاسیکی، بەهۆی ڕاکێشان و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لەڕێگەی کۆمەڵێک ئاسانکاری و داهێنان لە ڕۆژنامەکەیاندا. ئەمە جگە لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی یەدەگی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی تەواو کە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تێکنەلۆژییەدا بگونجێ کە هەیە، لەگەڵ پاراستنی کەلەپووری هەمیشەیی ڕۆژنامەی کاغەزی.

تا ئێستا ڕۆژنامەی کاغەزی ماوەو پێداویستییەکانی خوێنەرانی خۆی تێر دەکات، کەشوهەوایەکی تایبەت لەکاتی خوێندنەوەدا دروست دەکات، بەجۆرێک هەست بە جۆری لاپەڕەکە و پیت و مەرەکەبەکەی و بۆن و بەرامی ڕۆژنامەکە دەکرێ کە ئەمە لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا بەدی ناکرێ، تەنها ئەوە نەبێ کە لەڕێگەی ئامێرێکەوە خوێنەر بەدوای ئەو بابەتانەی کە مەبەستێتی

دەگـەڕێ و هەسـت بە هیچکام لەو هەسـتانە نـاکات کە لەگـەڵ ڕۆژنامەیەکی کاغەزدا هەیەتـی، بەڵام دەبێ گوێ بۆ ریتم و پێداویسـتییەکانی سەردەم رابگرین و هاوشان لەگەڵیدا بڕۆین و سـەرجەم کۆن و نوێکان تێکەڵاو بکەین و ئامـادە بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێگرییانەی دێتە بەردەممان، لەگەڵ ئەوەشـدا نـەوەی نوێ جگە لە ئامرازە تازەکانــی پەیوەندیکردن، بڕوا بە هیچ ئامرازو ڕێگەیەکیتر ناکات کە بەو شـێوەیە هونەرو خزمەتگوزاری پێشـکەش بـکات. دوای ئەوەی تەلەفزیۆن بە بەرنامە هەواڵییەکانەوە کە بە وێنەوە بەشـێوەیەکی بـەردەوام بارودۆخی جیهان یـەک لەدوای یەک و بەتوانایەکی زۆر باش دەگواسـتەوە بـۆ بینەران، لەهەر کوێیەک بن، بەرادەیەک بەشـێکی زۆر لە خوێنەرانی ڕۆژنامـەکان بوونە بینەری تەلەفزیۆنەکان، بەمەش ڕۆژنامەکان تووشی زیانێکی گەورە هاتن و ڕێژەی بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامەکان زۆر کەم بـووەوەو زیانێکی ماددی زۆریان بەرکـەوت. خەمڵاندنەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامـە ڕۆژانەییـەکان لـە ئەمەریـکا، دەریدەخـەن کە لەسـاڵی ١٩٨٥ دا تیراژەکەی دەگەیشتە نزیکەی ٦٢ ملیۆن و ٨٠٠ هـەزار، بـەڵام لەسـاڵی ٢٠٠٢ دا بـۆ ٥٥ ملیۆن و ٢٠٠ هـەزاری کەمیکردووە، ئەمـەش نیگەرانییەکی زۆری دروسـت کردووە سـەبارەت بە بارودۆخـی ڕۆژنامە لە ئایندەدا.

لـەم سـاڵانەی دواییەشـدا تـۆڕی ئینتەرنێـت بۆتـە ئامرازێکی فەراهەمبووی ئاسـان بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوون و زانیـاری و هەسـتەکان و میکانیزمێکی گەیاندن و کارلێک لەنێـوان خەڵکدا، بەڵام هەندێ جـار ئەوانەی لە ڕووپەڕی ئـەم تۆڕە بـڵاو دەکرێنـەوە مایەی هەڵوەسـتەن، بەهۆی ئـەوەی دەزگاگەلی چاودێری و دەسـتەی هەڵسـەنگاندن بۆ شـیاوی و نەشـیاوی بابەتـەکان نین، ئـەم تۆڕە بۆتە سـەکۆیەکی ئازاد بۆ ڕادەربڕینی نووسەران بەبێ ترسی بڕین یان بڵاونەبوونەوەی بابەتەکانیان.

**لـەم سـاڵانەی دواییەشدا تـۆڕی ئینتەرنێت بۆتە ئامرازێکی فەراهەمبووی ئـاسـان بـۆ ئاڵوگۆڕی بـۆچـوون و زانـیـاری و هەستەکان و میکانیزمێکی گەیاندن و کارلێک لەنێوان خەڵکدا، بـەڵام هەندێ جار ئەوانەی لە ڕووپەڕی ئەم تۆڕە بڵاو دەکرێنەوە مایەی هەڵوەستەن...**

چەندیـن هۆکار هەن وایانکردووە نووسـەران پەنا بۆ ئینتەرنێت ببەن بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان لەوانە:

١. ئاسـتەمیی بڵاوکردنـەوە لە سـەکۆ کاغەزییـەکان لەو وڵاتانەی کە نووسەران لێی دەژین، جا لەبەر کەمیی ژمارەی ڕۆژنامەکان بێ یان لەبەر ئاستەنگە ئایدۆلۆژییەکان.
٢. سـەختیی لە بڵاوکردنەوەو چاپکردنـدا لەبەر هۆکاری ماددی، نەخاسمە کە ڕۆشنبیران داهاتیان دیاریکراوە.
٣. ڕزگاربوون لە توندوتۆڵی چاودێری و ئاراسـتەکردن و بیرۆکراتیەتی هەڵسـەنگاندن کە زۆر لە ڕۆشـنبیران لە تاموچێژی چاپ و بڵاوکردنەوە بێبەش دەکات.

٤. ئارەزوومەنـدی ناوبانگ دەرکـردن لەنێو خوێنەران لە جیهانـدا، کە چاپکراوە کاغەزییـە دیاریکراوەکان لەرووی دابەشکردنەوە ناتوانن وەدەستی بێنن، کەچی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بەخێرایی ناوبانگ دەبەخشنێ بەو نووسەرانەی کـە کەڵەکەبوونێکـی چۆنێتـی و چەندێتـی پێکهێنـاوەو بەهۆیەوە خۆی دەگەیەنێتە خوێنەران لەهەموو شـوێنێکی جیهاندا.

٥. خێرایی لەرادەبەدەر لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی رۆشنبیر دەینووسێ، کە دەکرێ لەچەند ماڵپەڕێکدا یان یەک ماڵپەڕدا لـە هەفتەیەکـدا دەیـان وتاری بـڵاو ببێتەوە، بـێ ئەوەی ماڵپەڕەکان قۆرخ بکرێن بۆ چەند نووسـەرێکی دیاریکراو، لەکاتێکـدا چاپکراوە کاغەزییـەکان مەرجی توندوتۆڵییان داناوە کە زەحمەتە بۆ نووسـەر پابەنـدی هەموویان بێ، هەروەهـا لەکاتـی بڵاوبوونەوەی نووسـینێک لە رۆژنامە نابێ لە سـەکۆیەکی دیکە بڵاوی بکاتـەوە، بۆیە خەڵکێکی دیاریکراو ئاگاداری نووسینەکەی دەبن.

٦. بڵاوبونـەوەی دەق و هـەواڵ و بابەتـەکان لەکاتـی دیاریکراو و گونجاوی خۆیدا، بەڵام لە رۆژنامەو گۆڤار و کتێبەکاندا ئەمە بەخێرایی وەدی نایەت و هەموو پێداویستی و ئارەزووە خواستراوەکانی خاوەنەکانیان ناهێنێتە دی.

٧. بڵاوکراوە کاغەزییەکان زۆرجار کارلێکی راسـتەقینەی خواسـتراو لەنێـوان نووسـەرو خوێنـەر ناهێنێتـە دی، کەچـی لە ماڵپەڕەکاندا ئەم پەیوەندییە چالاکترە، لەمیانەی خستنەڕووی هەڵوێستی خوێنەران لەبارەی هەر بابەتێکی بڵاوکراوە یان، زانینی ژمارەی خوێنەرانی بابەتێک.

دەکرێ بڵێین دواڕۆژ بۆ کلتووری دیجیتاڵی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، بمانەوێ یان نا رۆژنامەو کتێبی دیجیتاڵی جێگـەی چاپکـراوە کاغەزیـی و کتێبـەکان دەگرنەوە کە مێژوو و زەمەنی خێـرا بەهەنگاوی گەورە بەرێی دەکات، بـەڵام کتێـب و گۆڤاری کاغـەزی هەر پێگـەی کلتووری خۆیان دەبێ، گەرچی بەو چۆنێتی و شـێوازو بەهایە نابێ کـە هەیانبـووە، کلتوورەکەمـان لەداهاتـوودا کلتوورێکی تێکەڵ دەبێ لەنێوان دیجیتاڵی و کاغەزیی، بەڵام کلتووری دیجیتاڵی زاڵ دەبێ لەبەر ئاسـانی و خێراییەکەی و گەشە میدیایی و تەکنیکییەکەی و تێچوونە کەمەکەی، سەرەڕای ئەوەش کتێب هەر ئامادەیی دەبێ و خوێنەر دەستبەرداری نابێ.

لـە سـەرەتای دەیـەی نـۆوەدەکان کـە رۆژنامـەی ئینتەرنێتی تازە پەیدابـوو، رۆژنامە چاپییەکان چاویان لە رۆژنامەگـەری ئینتەرنێتی دەکرد. لـە چاوی ئەو دوو دڵ و بەگومانانـەی کە خوویان بە کاغەزو مەرەکەب گرتبوو،

**کتێب و گۆڤاری کاغەزی هەر پێگەی کلتووری خۆیان دەبێ، گەرچی بەو چۆنێتی و شێوازو بەهایە نابێ کە هەیانبووە، کلتوورەکەمان لەداهاتوودا کلتوورێکی تێکەڵ دەبێ لەنێوان دیجیتاڵی و کاغەزیی، بەڵام کلتووری دیجیتاڵی زاڵ دەبێ لەبەر ئاسانی و خێراییەکەی و گەشە میدیایی و تەکنیکییەکەی و تێچوونە کەمەکەی...**



هەوالنامەی کتێب

ئینتەرنێـت جگە لـەوەی هەڵگـری هەمـوو تایبەتمەندییە نەرێنییـەکان تەلەفزیۆنی بوو وەک ئاڵـۆزی، لاوەکیبوون و سـاندیمانتاڵ بوون، جگە لەمانەش زۆری پێویست بوو بتوانـێ ببێتـە جێگەی متمانـەی وەرگر. ئەمـڕۆ دۆخەکە بـە تـەواوی گـۆڕاوە، (**نیکـۆلاس کریسـتۆف**) یەکێک لە گۆشەنووسـە نـاودارەکان، نیویۆرک تایمـزی ئینتەرنێتی وەک ئامرازێکـی کاریگـەر دەزانێ بۆ راکێشـانی وەرگر. ماڵپـەڕی ئینتەرنێتـی ئـەم رۆژنامەیە زۆرتریـن ژمارەی میوانی هەیە، لە رۆژێکدا پێنج ملیۆن و سـەد هەزار کەس سـەردانی دەکەن، لـە کاتێکدا لەباشـترین حاڵەتدا واتە لە کۆتایی هەفتەدا ژمارەی فرۆشراوی ئەم رۆژنامەیە دەگاتە ملیۆنێـک و سـەد هەزار کـەس. لەسـاڵی ٢٠٠٣دا گەڕانی ئابووری بەشی دیجیتاڵی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز زیاتر لـە ٨٨ ملیۆن دۆلار بوو، کە لە چاو سـاڵی ٢٠٠٢دا نزیک بە ٢٢٪ گەشـەی سـەندبوو، ئەم گەڕانـە ئابوورییە چوار ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار سوودی ئابووری لێ کەوتەوە، کە ١٤٧٪ سـوودی ئابووری زیاتری هەبوو لە چاو ساڵی پێشتر.

خاڵـی زۆر گرنگـی ئەم ماڵپەڕە ئەوەیە کە سـەرەڕای ئەوەی هەڵگری ناوی نیویۆرک تایمزە، بەڵام بەهیچ جۆرێک هەمان ئەو هەواڵ و زانیارییانە ناخاتە سەر ئینتەرنێت، کە لـە کۆپییە چاپکراوەکاندا دەخرێتە بەردەسـتی خوێنەران، وێرای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ەوە تا ئێستا خزمەتگوزاریی بێ وێنە، بەتایبـەت بە بەردەوامی بەم ماڵپەڕە زیاد بووە. (**مارتین نیسنهۆلتێز**) بەرپرسی نیویۆرک تایمزی دیجیتاڵی دەڵـێ: «**دەبـێ هەمـوو خاڵـە بەهێزەکانـی ئینتەرنێت بۆ دەسـتەبەرکردنی رەزامەندیـی بەکاربـەر بەکاربێنیـن و بە شـەپۆلەکانی ئاشـنا بکەین، بۆیە دەبێ لەسەر بنەمای خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ خۆمان رێکبخەین، نەک ئەو بابەتانە بخەینە سـەر ئینتەرنێت کە لە رۆژنامەدا چاپ دەکرێن، ئەمە گرنگترین وانەیە کە دەبێ رۆژنامەکان لێی تێبگەن**». نیویۆرک تایمز هەر ساڵێک زۆر باشتر لە ساڵی پێشتر کار دەکات، ئەمەشی لە مێژووی خۆیدا نیشانیداوە. لەرووی پێکهاتەو خستنەڕووەوە رۆژنامەگەرێتی کلاسیکی لەگـەڵ رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا جیاوازە، لە رۆژگاری ئەمـڕۆدا رۆژنامەگـەری ئەلیکترۆنی تەنیا گواسـتنەوەی دەق و هـەواڵ نییە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بۆ سـەر شاشەکان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێک باس و خواس و کارلێککاری چڕوپـڕی تێدایە. بازنەی پێکهاتەی بابەتەکان وا لە خوێنەر دەکات بە ئارەزووی خۆی بەسـەر شاشەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بگەڕێ و دەرەنجامی گۆڕانکارییەکان

**لـەرووی پێکهاتەو خسـتـنـەڕووەوە رۆژنامەگەرێتی کلاسیکی لەگەڵ رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا جیاوازە، لە رۆژگـاری ئـەمـڕۆدا رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی تەنیا گواستنەوەی دەق و هەواڵ نییە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بۆ سەر شاشەکان، بەڵکو لەگەڵ ئـەوەدا کۆمەڵێک باس و خواس و کارلێککاری چڕوپڕی تێدایە.**

تەماشا بکات، هەروەها ئینتەرنێت ماوەو هەلێکی باش فەراهەم دەکات بۆ بەدەست گەیشتنی زانیاری زیاتر بۆ خوێنەران، ئەمەش جیاوازە لە جۆرە کلاسیکییەکە.

کارلێکاری خوێنەر لەگەڵ دیاردەکاندا هاندەرو گەشەپێدەری تواناکانی خوێنەران بوو بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری نەک تەنیا لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵکو لە چەندین ناوچەو هەرێمی جیاجیادا. لەرووی گەرموگوڕی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و خێراییەوە، چەرخی دیجیتاڵ توانی ئەو بوارە برەخسێنێ کە لەهەر کات و ساتێکدا خوێنەر بتوانێ بەدوای هەواڵەکاندا بچێ ئەمەش بواری کارلێکی رۆژنامەنووس و خوێنەر بەهێزتر دەکات، لەمبارەشەوە چەند لێکۆڵینەوەیەک راستی سەرکەوتنی ئینتەرنێتیان وەکو باشترین هۆکاری میدیای هەواڵی بۆ باشتر ئاشناکردنی خوێنەر بە هەواڵەکان و یارمەتیدانی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکان سەلماندووە. سەرباری ئەوەی چەندین گۆڕانکاری جۆری و بابەتی لە شێوازی رۆژنامەگەرێتی کلاسیکیدا هەیە، بەڵام لەرووی جۆری سانسۆرو بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، خوێنەر زۆر ئازادانە هەواڵ و زانیاری وەرناگرێ وەک ئەوەی کە لەسەر شاشەکاندا بەدەستی دێنێ، بۆ نموونە: خوێنەر لەرووی کات بەفیرۆدانەوە دەتوانێ تەنیا کات لەگەڵ چاوپیاخشاندنی ئەو بابەتانەدا سەرف بکات کە دەیەوێ زانیاری لەسەر هەبێ بۆیە لە ئینتەرنێتدا سانسۆری خودی و حکومی کەمتر بەدی دەکرێ، مەگەر ئەوە نەبێ کە جاروبار هەندێ وێبسایت هاک دەکرێ.

هاتنە کایەی ئینتەرنێت و رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، بەجۆرێک دەرفەتی بۆ مرۆڤ رەخساند کە ئەگەر مرۆڤ توانای لە هەر بابەتێکدا هەبێ بتوانێ لەو سەکۆیە وێبسایت و رۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەبێ، زۆرجار بەناوبانگترین ماڵپەرو رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە چەندەها هەزار کەس رۆژانە تەماشایان دەکات، لەلایەن تەنیا کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێ. وەرگێڕانی زمانەوانی دیسانەوە جموجوڵێکی تری جیوگرافی و کۆمەڵایەتی میدیاو رۆژنامەگەرێتی ئەلیکترۆنی بوو، کە لەگەڵ ئەوەی جاران رۆژنامەکان تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەردەچوون و سانسۆرێکی جۆریی لەسەر بوو، بەڵام وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تری بیانی و هەمەجۆر بوونی ماڵپەری بڵاوکردنەوە وایکرد سنوورەکان بەرفراوانترو بەجیهانیی بێ.

زۆر لە رۆژنامە ئەمەریکییەکان خەریکن بایەخمەند دەبن بە رۆژنامەی دیجیتاڵی بەرامبەر دابەزینی دابەشکردنی

**سەرباری ئەوەی چەندین گۆڕانکاری جۆری و بابەتی لە شێوازی رۆژنامەگەرێتی کلاسیکیدا هەیە، بەڵام لەرووی جۆری سانسۆرو بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، خوێنەر زۆر ئازادانە هەواڵ و زانیاری وەرناگرێ وەک ئەوەی کە لەسەر شاشەکاندا بەدەستی دێنێ**

ڕۆژنامەی نووسراو، هەردوو ئامرازی ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی بەراوردکردنیان لەرووی پرەنسیپەوە، نا ئینسافانە و ناهاوتایانە. ڕۆژنامە لە هەر ئان و ساتێکدا لەبەردەم مەترسی ئەگەری کۆنبوون و نەماندایە، تیراژی تا ڕادەیەک کەم، بێتاقەتی، ماندوویێتی و نەبوونی بوارێک بۆ ئەوەی خەڵک بەدوایان بکەون و بیانخوێننەوە یان زۆر شتی دیکەی وەک هێڵە سووره کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ڕۆژنامە بەردەوام لە بارودۆخێکی نائاسایی و پڕ لە ململانێ و هەڵپە هەڵپدا دەژی، لە هەندێ وڵاتدا ئەم نائاسایی بوونە ڕەنگدەرەوەی قەیران و نائاساییبوونی خودی کۆمەڵگەشە. قەیرانی نووسراوەکانی ڕۆژنامە دەشێ ڕەنگدەرەوە یان دیوی ئەودیوی قەیرانی راستەقینەی کۆمەڵگە بێ. ڕۆژنامەگەریی چاپکراو کە بە درێژایی سەدەی بیستەم شاژنێکی تاج لەسەرنراو بوو هەزار حیسابی بۆ دەکراو جارێک بە خاوەنشکۆو هەندێ جار بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرا، پێدەچێ ئێستا هەڕەشەی راستەقینە بۆ سەر تەختی ئەم ڕۆژنامەگەرییە هەبێ، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پاشەکشەی سەنگی دنیا کە بووە بە گوندێکی بچووک، فەزای ئەلیکترۆنی ئەگەر بەڕەکەشی لەژێر پێی ڕۆژنامەکان دەرنەهێنابێ ئەوا بەلایەنی کەم بەشداریکردووە لە کاریگەرییەکەی بەسەر مێشک و دڵ و دەروونی خوێنەراندا.

**ڕۆژنامەگەریی چاپکراو کە بە درێژایی سەدەی بیستەم شاژنێکی تاج لەسەرنراو بوو هەزار حیسابی بۆ دەکراو جارێک بە خاوەنشکۆو هەندێ جار بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرا...**

زۆر لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەوەی نوێ پتر گرێدراوی تۆڕی ئینتەرنێتن لەسەر حیسابی ڕۆژنامەکان، بگرە چەندین توێژی نەوەی کۆنیش ڕوویان لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان کردووەو وازیان لەنەریتی کڕینی ئەو ڕۆژنامە کلاسیکیانە هێناوە کە لەسەردەمی خۆیاندا چووبووە نێو خوێنەوە، چونکە ئینتەرنێت هەرزانترو ساناترو خێراترە لە گەیاندنی ڕووداودا، ئێستا یەک ڕۆژ بووە بە زەمەنێکی دوورو درێژو ئیدی ئەوەی بەدوای دەنگوباسدا بگەڕێ، ناتوانێ تا ڕۆژی ئایندە چاوەڕێ بکات تاکو وردەکارییەکان بزانێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکان هەر بەهای خۆیان دەمێنێتەوەو هەرگیز شکست ناخۆن، بگرە کەناڵەکانی پەیوەندی ئاوێزانی یەک دەبن و کتێب و ڕۆژنامەو رادیۆ و کەناڵەکانی سەتەلایت و ئینتەرنێت شانبەشانی یەکتر دەمێننەوەو بەشێوەیەکی هارمۆنی بایەخی ئێمەیان لەنێو خۆیاندا هەریەکەو بەگوێرەی چێژو جیاوازی کلتوورەکان دابەشکردووە.

ئەگەر چاپکراوەکان بەشێکی گرنگ بن لەبواری میدیادا، ئەوا ڕۆژنامە گرنگترین لایەنی چاپکراوی بواری میدیایە، ڕۆژنامە وەک یەکەم هەنگاوی بواری میدیا لە دیرۆکی



مرۆڤایەتـی دا رۆژنامـە لـە بایەخ و گرنگـی نەکەوتووە، بەهۆی خێرایی و زۆری رووداوەکان و تامەزرۆیی مرۆڤ بۆ بیسـتن و بینینیەکان ئەمـرۆ ململانێیەکـی توونـد لەبواری راگەیاندندا لەئارادایە و هەریەک لە رادیۆو تەلەفزیۆن و ماڵپـەرە ئینتەرنێتیەکان و رۆژنامـەکان لـە هەوڵدانـن بـۆ گەیاندنـی تازەتریـن و سەرنجراکێشـترین هەواڵ، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی بەهـۆی تێکەڵبوونـی شا ر ستا نێتییە کا ن و بەواقیعبوونـی شـەپۆلی جیهانگیریـی و بەنێودەوڵەتیبوونـی سـەرجەم کەناڵەکانی میدیا خواسـتی زانینـی هـەواڵ و گۆڕانکارییەکان لەسـەر ئاسـتی دنیادا بەڕادەیەکـە دوورترین و نزیکترین هـەواڵ لە وەرگرەوە یەک بایەخ و کاریگەرییان هەیە، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونی چارەنـووس و نزیکبوونەوەی گرفتەکانە لەسـەر ئاسـتی دنیـادا، بۆیـە زۆربوون و قورسـبوونی ئەرکـی میدیا لە دەسـتکەوتن و بڵاوکردنەوەی تازەتریـن هەواڵ، هاوکاتە لەگـەڵ زۆربوونی خواسـتی وەرگر بۆ زانینـی تازەترین هەواڵ و گۆڕانکاری لە دونیادا.

لـەم ململانـێ و گۆڕانکارییـە گەورانـەدا کەناڵـە بینـراوو بیسـتراوەکان لەپێشـەوەن بۆ خێراتـر گەیاندن و بڵاوکردنـەوەی تازەتریـن هـەواڵ و گۆڕانکارییـەکان، بەمجـۆرەش خاوەنـی زۆرتریـن وەرگـرن و زۆرتریـن کاریگەریـش بەجێدێڵـن، سـەرەڕای ئـەوەش تـا ئەمـرۆ کەناڵە بینراوو بیسـتراوەکان نەیانتوانیوە رۆژنامە بخەنە دەرەوەی پرۆسـەی میدیـا، ئەمـە لەکاتێکـدا هەندێ جار رۆژنامـە دەبێتـە تاکە کەناڵـی میدیا بەتایبـەت لە حاڵەتە نائاساییەکانی وەک جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان کە دەبنـە هۆی نەمانی کارەباو پچڕانـی پەیوەندییەکان. جگە لەمەش بەهۆی هەنـدێ تایبەتمەندی رۆژنامەوە، رۆژنامە بـەردەوام وەک سـەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و زانیاری دەبینرێ و بەردەوامیش لە بەرەوپێشچوون ایە.

ئـەو تایبەتمەندییانەی کـە رۆژنامە لە کەناڵەکانی تری میدیا جیا دەکاتەوە بریتیە لە:

١. رۆژنامـە لە چەند لاپەڕەیەکـی کاغەز پێکدێ و وەرگر

**"ئەمرۆ ململانێیەکی توونـد لـەبـواری راگەیاندندا لـەئـارادایـە و هەریەک لە رادیـۆو تەلەفزیۆن و ماڵپەرە ئینتەرنێتیەکان و رۆژنامەکان لە هەوڵدانن بۆ گەیاندنی تازەترین و سەرنجراکێشترین هەواڵ.."**

دەتوانـێ بۆ هەمـوو شـوێنێک بیگوێزێتەوە، بەپێچەوانـەی کەناڵەکانـی تـری بینـراوو بیستراوو ئینتەرنێت.
٢. رۆژنامــە هــەواڵ و زانیارییەکانــی چــاپ دەکرێـن و لەسـەر لاپـەڕەکان دەمێننـەوە، وەرگر کاتێکی دیاریکراوی ناوێ بۆ بیستنیان وەک لە کەناڵە بیستراوو بینراوەکاندا هەیە کە لەکاتی دیاریکراودا هەواڵەکان پەخش دەکرێن، ئەگەر وەرگر لەو ساتەدا ئامادە نەبوو ناتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ، بەپێچەوانەوە وەرگر چ کاتێک بیەوێ دەتوانێ رۆژنامە بخوێنێتەوەو سوودی لێوەربگرێ.
٣. وەرگر لەکاتی پێویستدا دەتوانێ بە هەواڵ و زانیارییەکانـی رۆژنامـەدا بچێتـەوە لەبەر ئـەوەی لەبەردەسـتیدایە و دەتوانـێ لـەلای خۆی ئەرشیفی بکات، بەڵام بۆ کەناڵی بینراوو بیستراو ئەمە ئاسان نییە.
٤. رۆژنامە سەرچاوەیەکی هەواڵ و زانیاری هەرزانـە، ئەمـڕۆ لە زۆربـەی وڵاتانی دنیادا نرخی رۆژنامەکان بە کەمترین پارەی وڵاتە.

بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە تا ئەمڕۆش رۆژنامـە لەبرەودایـەو زۆرکات دەبینـرێ کەناڵەکانـی تری میدیا پشـت بە رۆژنامەکان دەبەسـتن و دەیانکەنـە سـەرچاوەیەکی بەردەوامـی هـەواڵ. ئاینـدەی رۆژنامـە لەم رۆژگاری پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی میدیا بەگشـتی، بەندە بەو شێوازی کارکردنەی کە رۆژنامـە بۆ خـۆی هەڵیدەبژێرێ، باشـترین شـێوازو پـلان بـۆ رۆژنامـەش هەڵبژاردنی رێچکـەی رەخنەیـی و ئـازادی بیـروڕا قوڵبوونەوەیـە لەناو خەڵکدا، خۆپاراسـتنە لە چـاو نوقاندن لە کەموکوڕییەکانی دەسـەڵات و شـاردنەوەیان لـە خەڵـک، ئامادەبوونـی رۆژنامەنووسـان لەهەموو گۆڕانێکی یاسایی و کۆمەڵایەتیـدا وەک دەسـەڵاتی چـوارەم و سـەپاندنی رای گشـتی بەسـەر دەسەڵاتداو سەرخستنی خواست و ویستی خەڵک.


<u>سەرچاوەکان:</u>

**– د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، العولمة الأعلامية و الأمن القومي العربي، ط١، الدار الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤.**

**– د. حنان يوسـف، تكنلوجيا الأتصال و مجتمع المعلوماتية، ط٢، اطلس للنشـر والأنتاج الأعلامي، القاهرة، ٢٠٠٦.**

## گۆڤاری

# ܢܓܡ ܒܝܬ ܢܗܪܝܢ
# نجم بيث نهرين

### ئەستێرەیەکی پڕشنگدارو درەوشاوەی ئاسمانی رۆژنامەگەریمانە


هەواڵنامەی کتێب



◢ ولیم تیودۆر*

رۆژنامە کۆمەڵگەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی هــزری و روناکبیــری کۆمــەڵ و ئاوێنــەی رەنگدەرەوەی زانست و زانیاریەتی و چالاکی سیاســی و شارستانی دەخاتە ڕوو و هەواڵی ململانێــی رووداوەکانی دنیــا دەگوازێتەوە و هزر و رۆشــنبیری و بیــروڕای نێوان گەلان ئاڵو گۆڕدەکات، بۆیە دەبینین بەو پەرەسەندن و بەرەو پێشــچوونی شارستانییەتی وولاتان رۆژنامەش زێــدە دەبێت و بەئەنــدازەی ئەو ڕادەربڕینــی هەیەتــی بــۆ بیروبۆچــوون و قەوارەی و خۆی.

هەرچەنــدە ئاســوورییەکانیان دەرفەتــی تەواوی ســەقامگیری و ئاسایشی و سیاسی لەســەدەکانی دواییــدا بەخــۆوە نەبینیــوە، بــەلام لەگەڵ ئەوەش لە ژیان و پەرەســەندن دوانەکەوتــوون و لەگەڵ زانســت و زانیاری بــەردەوام بوو لــە قوتابخانــە و دێرەکانیان کــە دەورێکــی پێشــرەوانەیان بینیــوە وەک خانــەی پەیمانگا زانســتییەکانی ئەمڕۆ، ئینجا لەبەرئەوەی رۆژنامە دوو مەرجی ســەرەکی پێویســتە کە ئەویــش نووســەر و خوێنەرە، کــە دەبینیــن ئەمــڕۆ هــەن، بۆیــە دەبینیــن کــەوا رۆژنامەکەمــان کــەش و هەوایەکــی گونجــاوی بــۆ رەخســاوە بــێ وەســتان بە کەناڵی جۆراوجۆرەکانییەوە سەدان رۆژنامە و گۆڤــار و کەناڵــی تەلەفزیۆنــەکان و پێگــە ئەلکترۆنییــەکان لــە گۆڕەپانــی راگەیاندن و روناکبیرییانــدا هــەن ئەوەتــا گۆڤــاری (نجم




**بیث نهرین)** یەکێکە لەو وێستگانە کە شازدە ساڵە بەبەردەوامی دەردەچێت، بەپێشەنگی ڕۆژنامە و گۆڤارانە دادەنرێت کە لەهەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ دەرچوونە کە تێیدا کوردستانی خۆشەویستمان لە جەنگامی دیکتاتۆرییەت ڕزگار بوو، کە سەرەتاکەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لەسەر دەستی دەستەیەک نووسەر و ڕوناکبیر دەرچوو، ئەو هەڵەیان قۆزتەوە بۆ دامەزراندنی سەکۆیەکی ڕاگەیاندن بۆ تۆمارکردنی ئێش و ئازار و هیوا و مێژوو و کەلەپوری ئەو گەلە دێرینە کە زۆربەشیان ئەزموونێکی نایاب و باشیان لەگەڵ گۆڤارەکاندا هەبوو، تایبەت ئەوانەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەردەچوون لەوانەش گۆڤاری **(المثوق الاشوري)** کە یانەی ڕووناکبیری ئاشووری دەریان دەکرد.

گۆڤاری **(بیث نهرین)** بابەتی دەوڵەمەند و زانستی و زمانەوانی و توێژینەوەی پڕ بایەخی لەکەلەپووری ئاسووری بە هەموو بوارەکانی هەبووە. گۆڤارێکی بابەتییانەو کراوە بوو بە زۆری داوای چاکسازی کارگێڕی لەدام و دەزگا ئایینی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلەکەمان و تەواوی گەلی عیراق هاندەدا کە دەوری چالاکانەی خۆی لە ژیاندا ببینێ بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاکەمان وەک پێویستە و ڕابەری کردنی نیشتمان و کۆمەڵ بۆ کەناری ئاشتی ببات بەجوانترین شێوە ئەوەی لەبابەتە بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە هەر لە ژمارەی سەرەتاوە و تائێستا کە (١٥) بەرگی لێ دەرچووە کەهەر بەرگێکی چوار ژمارەیە.




بایەخ دان بە بواری نەتەوایەتی بەباسکردنی بابەتی کەلەپوری و ڕووناکبیری و مێژوویی و تەنانەت سیاسیش گەلەکەمان، لاپەڕەکانی بابەتی ڕووناکبیری و داب و نەریتی گەلەکەمان و ئێش و

ئازاری و کارەسات و نسکۆکانی دووچاری دەبوون گرتۆتە خۆ، بەمەش هەمان ڕێچکەی ڕۆژنامەوانی ئاسووری سەرەتایی (**زهریری دبهرا**) دەڕوات کە هەموو بایەخی خۆی لەسەر بەردەوامی مێژوویی و شارستانی گەلەکەمان و کەلەپووری گەشی گەلەکەمان بەند کردبوو. ڕۆژنامەنووسی ئیتەی بە هەموو توانەیەکان دەوڵەمەند کرابوو، هەمان ئەو ئەرکەی زهریری دبهری لەپێناوەدا لەدایک بوو، چونکە هەردووکیان لەیەک قۆناغی گرنگ و هەستیاری مێژووی گەلەکەمان لەدایک بوون، گۆڤاری (**بيث نهرين**)یش گۆڤایکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاوچەرخی یەکەمە و پاڵپشتی گەلەکەمان و هیوا و کێشەکانییەتی لەووڵات.




هەر لەدایک بوونییەوە بەر لە (١٦) شازدە ساڵ (**نجم بيث نهرين**) بووە گۆڤارێکی ڕووناکبیری و بایەخ بە بواری ڕووناکبیری دەدات بەهەموو کەناڵەکانییەوە و لەدایک بوونیشی بەسەختی بوو، بەڵام وێڕای بارودۆخی سەختیش بەڵام توانی پەیامە پیرۆزەکەی بگەیەنێتە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و برایەکانمان لە وڵات، شانبەشانی ڕۆژنامە و گۆڤارە نەتەوەییەکانی دیکە کە بەر لەو دوای ئەو دامەزراندن ئەرکی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و بارودۆخیان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو ململانێی ڕووناکبیری و سیاسیانەی کە دەوری داوە و ئەو مەیدانخوازییە مەترسیدارەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەمەبەستی سنووردارکردنی و نەهێشتنی و ڕەشکردنەوەی بوونیشی، هەروەها دەوری پێشەنگی هەبووە لە وەڵامدانەوە و وەستان بەرەو ڕووی هەر هەوڵێک مەبەستمان شێواندن و لەکەدارکردنی ڕووخساری نەتەوەیی و ڕووناکبیری و کەلەپوریی و مێژووی گەلەکەمان.




بەلێکۆڵینەوەیەکی لەسەرەخۆی ئەو بابەتانەی لەو (٥٩) ژمارەی گۆڤاری (**نجم**







**بیـث نهریـن)** تێبینـی دەکرێـت کـەوا بایەخی پتـر بەبـواری نەتەوەیـی و ڕووناکبیری داوە بەتایبەتیش لەبـواری مێژووی و کەلەپوور و زمانەکـەی کە بە کۆڵگەیە نەتەوەیە، هەروەها پێشتر و ئێستاش هێڵێکی نەتوەیی پێگەیشتوو و ڕوونی هەیە، بایەخ بەو پرسە چارەنووس سازانە داوە کە گەلەکەمان بەخاکی مێژوویی و کەلەپووری دێرینی.

بەدەرچوونـی ژمـارەی پەنجـا و نـۆ گۆڤـاری **(نجـم بيث نهرين)** کـە وەرزانە بنکەی ڕووناکبیری ئاسـووری لە دهۆک دەری دەکات، مۆمـی پـازدە سـاڵەی کوژانـدەوە بۆ ئـەوەی بـەردەوام بێت لە بەخششـی و بەردەوامی ئەگەر چی لەدایکبوونیشـی زۆر سـەخت بووە و توانای دارایـی زۆر کەم بووە، بەڵام ڕێگاکـەی بەسـەرکەوتوویی بـڕی و شـوێنی گرنگـی خۆی لـە بواری ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنی نەتوەیی و هەرێمی و تەنانەت نیشتمانیشـی گرتووە، ئەوەتا بەشێوەیەکی فراوان و ئاسایی دەکەوێتـە بەر دەسـتی خوێنـەران لە تەواوی ووڵات و ووڵاتانـی کـۆچ بۆ کـراو ئیدی ئەو گۆڤارە لەدەرخسـتنی سـیمای ڕووناکبیری ئاسـووری و زیندووکرانـەوەی کەلەپووری گەلەکەمان بەشداربووە و بەشداری دەکات و دڵنیای واقیعی ئێمە و ئەو ڕووداوانەی کە گۆڕەپانـی عیراق بەخۆیەوە بینیوە لەوەتی دەرچووە و تا ئەمڕۆکەش.

هەروەهـا گۆڤارەکـە دەورێکـی گـەورە و گرنگـی لـە ڕێکخسـتنەوەی ماڵـی ڕووناکبیری، مێـژووی دوواوانی **(النهرين)** بینیوە و هێز و گوڕی بەخشی بـە نووسـەرانی بـۆ بڵاوکردنـەوە و دەرکردنـی بەرهەمـی ڕووناکبیـری بەگیانێکـی بەرپرسـانەی نەتەوەیـی بـەرزو خۆشەویسـتانە و هـەردوو زمانی سریانی و عەرەبی. گرنگترین جیاوازی گۆڤاری **(نجم بيث نهرين)** کرانەوەیەتـی لەسـەر ڕووناکبیری گەلانی برا شانبەشانی تایبەتمەندی نەتەوەیی کە توانی

مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ئەو رووداوە گڕگرتووانە بکات کە تەواوی وولاتی پێدا تێدەپەڕێ. تایبەتمەندییەکی دیکەی (**نجم بیث نهرین**)، بەوە ناسراوە کە گۆڤارێکی ئازاد و پاکە، بەدەر لە کۆت و پێوەندی خەڵکانی دیکە دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە، قەڵەمەکان بە ڕاستگۆیی لەبارەی کێشەکان دەنووسن بەبێ هیچ شڵەژان وترسێک، بەو جۆرە ڕێبازێکی روون و هێڵێکی روونگکردنەوەی گرتۆتە بەر، بەئامانجی پێشکەوتنی و بەرز ڕاگرتن و زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەهرینی رەسەن بەهەموو لکەکانییەوە، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (**نجم بیث نهرین**) شانازی بەوەوە دەکات کە داراییەکەی پشت بە باربووی خوێنەرانی دەبەستێت، هەروەها ئەوەی بنکەی رووناکبیری ئاسووری لە دهۆک گەل تەرخانی ئەو ڕێژەیەی لە داهاتی هۆڵی بنکە و پشتگیری یارمەتیدان بەمەبەستی دوورکەوتنەوەی لەهەر کارتێکردنێک لەهێڵی نەتەوەیی و رووناکبیری رەسەن، هەرچەندە بۆ ئەمەش باجی داوە لەبواری پشتگیری مادی بەڵام بەرامبەرەکەش لەوە کەمتر نەبووە وەک سەکۆیەکی ئازادی دەنگی نەتەوە جەژن و بۆنە زۆرن کە لەسەری بوەستێنی بۆ تۆمارکردنی هەڵوێست و مەبەستەکانی ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە ئاهەنگی تایبەتی لەدایک بوونی گۆڤاری (**نجم بیث نهرین**) کە ڕێگای لەبەردەم نەوەیەکی توێژە جۆراوجۆرەکانی رۆڵەکانی گەلەکەمان رووناک کردەوە، ئێستا و رابردووش ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی رۆژنامەوانیمان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای نیشمانی و نەتەوەی و چکەکانی دیموکراتی و فرەییو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و تایبەتمەندی نەتەوایەتی گشت عیراقییەکان.

سڵاو بۆ **نجم بیث نهرین** کە هەر لە ژمارەی یەکەمەوە، واقیعانە رووداو و پەرەسەندنەکانی سەر گۆڕەپانی نیشتمانی و نەتەوەیی شی کردۆتەوە و بە باشترین شێوە هەڵیسەنگاندووە. سڵا بۆ هەموو دەستەی نووسەرانەکانی (**نجم بیث نهرین**) کە رێککەوتی و بەردەوام بوون لەدەرکردنی بۆ ئەوەی بیینە سەکۆیەکی ئازادی راگەیاندنی رۆڵەکانی گەلەکەمان و بۆ ئەوە پەیامێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە رێباز و کارەکەی رەنگ بداتەوە بۆ بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری و کەلەپوور و رەسەنایەتیمان.

سڵا بۆ ئەوانەی لە گۆڤاری **نجم بیث نهرین** کارییان کردووە و پابەندی بنەماو بیر و رێباز و ئەو گۆڤارە چاکە بوونە و هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی بەشدارییان لەدەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانی کردووە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتووانە رێگاکە ببڕێ.

هەزاران سڵاو بۆ جەماوەر و خوێنەرانی (**نجم بیث نهرین**) بەبۆنەی (١٦) ساڵەی دەرچوونی و ئەوانەی لەدەوری کۆبوونەتەوە و بەشدارییان کردووە لەبەردەوام بوون و بیروڕا و بۆچوونی چاکیانبۆ پەرەسەندن و دەرچوونی بە چاکترین شێوە، دەربڕیوە و هەر وەک ئێستاکە. هەزار سڵاو بۆ (**نجم بیث نهرین**) کە لە کەش و هەوایەکی زۆر ئاڵۆز و سەخت لەدایک بوو و پێگەیشت و بەسەرکەوتوانە ڕێگاکەی بڕی بۆ پاراستنی سیمای مێژووی و کەلەپووری و زمانە جوانەکەمانی زۆر پێش خست و بووە سەکۆیەکی راگەیاندنی ئازاد کە دام و دەزگا رووناکبیری و راگەیاندن کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش چاویان لێ کرد و بەشدارییان کرد لە زیندوو کردنەوەی بەردەوامی خوێندنی سریانی بەسەرکەوتووی لە کوردستان و نشتمان. سڵاو لە ئەستێرە پرشنگدارەکەمان لە کاتێکدا بە هەنگاوی پتەو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی لە پیناوی دامەزراوە، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ (**نجم بیث نهرین**) و هەموو ئەوانەی دەوریان لە دەرچوونی و پشتگیری مادی و مەعنەوی ئەوانەدا هەیە لەبیرەوەری (١٦) ساڵەی لەدایک بوونی.

---

* **ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی دهۆک.**

# له ساڵیادی رۆژنامەنووسیی تورکمانیدا



◪ **ئیسماعیل عەلی**

لـه سـاڵیادی (٩٨)ەمینـی رۆژی رۆژنامەنووسـیی تورکمانیـدا، هـەر لەگـەڵ ئەو بۆنەیەشـدا هەموو ئەو رۆژە سـەخت و دژوارانەمان بیرکەوتەوە کە رۆژنامەنووسیی تورکمـان بـە درێژایـی ئـەو تەمەنـە پڕ لە جەزرەبەیەی ژێر سانسـۆرو جەورو ستەمی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق بەخۆیەوە بینیوویـەو ئـەو قوربانیانـەی کـە لەپێناوی ئازادی وشـە و بیـروڕای ئـازاددا داویەتی، بەڵام وێڕای هەموو ئەو تەنگژە سـەختانەش خەباتی وشـەی تورکمانی بـەردەوام بووەو لەهیـچ لـەو رۆژە تاریکانەدا مۆمی وشـەی ئازاد نەکوژاوەتەوە...

ئێمە لـەو یـادەدا، ئـەو پۆلـە پێشـەنگە رۆژنامەنووسانەمان دێتەوە یاد لە سەرووی هەمووشـیانەوە (ئەحمـەد مەدەنی قودسـی زادە و عەبدوللەتیـف بەنـدەر ئۆغلـو و دکتـۆر ئیبراهیم داقوقلی پارێـزەر عەتاترزی باشـی محەمـەد خورشـید داقوقلـی) کـە پرسـی رۆژنامەنووسـیی خۆیـان لەگـەڵ پرسـی نەتەوەیی و نیشـتمانپەروەری جودا نەکردۆتەوە، بۆیە خەباتی رۆژنامەنووسـیی لـە خەباتی چەکداری و خەباتی شـاخ کەمتر نەبووە بۆ پاراسـتنی ناسـنامەی نەتەوەیی و بەرگری کردن لە راستی.

لە کەشـوهەوای ئەمڕۆکەشـدا لە ئێراقی فیـدراڵ، کـە بـەرەو پتەوکردنـی بنەماکانی دیموکراسـییەت هەنگاو دەنییـن و پەرلەمان و حکومەتێکـی یەکگرتوومان هەیە کە دەنگی هـەر هەموومانەو هەموو چین و توێژو ئایین

و حزب و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەمڕۆکەی ئێراق دەنوێنن، درک بەوە دەکرێت کە تورکمان شوێن و پایەو دەنگی تایبەتی خۆی هەیەو هەموو زەمینێکیشی بۆ رەخساندراوە کە وەک نەتەوەیەک خزمەت بە گەل و نیشتمانە یەک خاک و یەک چارەنووس و یەک مێژوویەکەی خۆی بکات و بەوپەڕی ئازادی پەرە بەبواری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی خۆی بدات، بۆ ئەم ئامانجەش هەموو پشتگیرییەکی بۆ کراوەو هەموو دەرگاکانی بۆ خراوەتە سەرپشت.



لەبواری رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیشدا ئەمڕۆکە چەندین رۆژنامەو گۆڤاری قەشەنگ بە زمانی تورکمانی دەردەچن و ئەو کاروانە دووررودرێژە پڕ لە خەباتەی پێشەنگەکانی رۆژنامەنووسیی تورکمانی تەواو دەکەن. ئێمە بەو یادە پیرۆزە دەتوانین زیاتر بچینە نێو مێژووی رۆژنامەنووسی تورکماتی مێژوویەکی دووررودرێژە و خۆی لە نزیکی سەدەیەک دەدات، لەو ماوەیەدا رۆژنامەنووسی تورکمانی رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی بینیووە لە ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی تورکمان بەشێوەیەکی تایبەتی و گەلانی ئێراق بەگشتی، چونکە هەمیشە شان بە شانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە، هاو خەبات بووە، بۆ دەربڕینی بیروڕای جەماوەرو گەیاندنی ڕاستییەکان بەرەو ئەو ئاقارەی کە بەرژەوەندی باڵای گەل دەردەخات، لە ژیانی ئازاد و بیرو باوەڕی سەربەست. شاری کەرکووکیش یەکێک بووە لەو شارانەی کە سەرچاوەو هەوارگەی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی بوونی زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسی تورکمانی بووە، لەوێ چەندین قەڵەمی بەپێزی



ڕۆژنامەنووســی چەکەرەیان کردووە. ڕۆڵی کاریگەرو بەرچــاوی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا بینیووەو مێژوویەکیان لە قەڵەمی چاونەترس و بوێرانەو بیری ئازادیخوازانەو شارستانیانە بۆ گەلەکەیان تۆمار کردووە، لەلایەکی دیکەوە بەگیانێکــی نیشــتمانپەروەرانە، خزمەتێکــی گەورەیان پێشکەش بە کولتوورو کەلەپووری نەتەوەکەی خۆیــان کردووەو گوزارشــتیان لە خواســتی خەڵکی کردووە، لــەوەی ئاواتی بــۆ دەخــوازن و خەونی پێــوە دەبینن، ئینجا بەهــەر شــێوازو ڕێچکەیــەک بــوو بێــت کە توانرابێــت بەهۆیەوە ئەو ئامانجانە بپێکێن و پەیامــی پیرۆزی خۆیــان بگەیەنن. ڕەنگە ئەو هەلومەرجەش کە ڕۆژنامەنووسی تورکمانی تێیدا ژیاوە، هەلومەرجێکی لەبار نەبووبێت، لە ڕابوردوودا، لەڕووی سیاســی و کۆمەڵایەتی و ئابووریــیــەوە، گەلێــک کێشــەو گیروگرفتی گــەورە هەبووبن، لەوانــەی کە بوونەتە ڕێگر لەبــەردەم بەدیهێنانــی زۆر ئاواتــی گــەورە کە ڕۆژنامەنووســانی تورکمانــی ئاواتیان بۆ خواســتبێت، بەڵام ئەمەش هەمدیسان نەبۆتە هۆکارێــک بۆ دەســتەپاچەیی و دۆش دامانی قەڵەمــی ڕۆژنامەنووســی تورکمانــی، بەڵکو جەوهــەری خەباتی ئــەوان لــەوەدا بووە کە لەو هەلومەرجە تەنگەتاوەدا توانیویانە بوونی خۆیــان لە گۆڕەپانەکەدا بســەلمێنن و دەنگی خۆیــان هەڵبڕێــنن و بڵێــن ئێمە هەیــن و ئەو بەر بەســتانەش ناتوانن ببنــە ڕێگر لەبەردەم ئیرادەی ڕۆژنامەنووسی ئێمە.

بۆیە ئەگەر زۆر لە ڕۆژنامە سەرەتاییەکانی تورکمــان هەڵدەینەوە، ئەوە بە ئاســانی درک بەوە دەکەین، کە ئەو ڕۆژنامانە، دەست کورتی و نەداریــان پێوە دیارە، لەڕووی دەســەڵاتی مــاددی و هونەرییــەوە، هەتــا هەندێکیــان ڕەنگە بۆ شــێوەیەکی زۆر ســەرەتایی وەک فۆتۆکۆپی دەرچووبــن، بەڵام وێڕای ئەوەش ئــەو ڕۆژنامانە بــەو ســاکارییەی خۆیانەوە چوونەتە ناو مێژوو، تەمەنی ڕۆژنامەنووسیان پڕ کردووە لە بیر و وشەی جوان.

مێژوویەکــی شــکۆداری دێریــن و پــڕ لە کۆشــش و بەرهەم، ســەرەتا ئەم مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ١٩١١، کە لە پێشەنگی ئەو بوارەدا چاپخانــەی حوادپ دامەزراوە و یەکەمیــن ڕۆژنامــەی تورکمانی بــەو ناوەوە لە ٢٤ ی شــوباتی ١٩١١ چاپکرا. ســەرەتای کاروانی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی نەتەوەیی تورکمانــی لەم وڵاتەدا دەســتیپێکرد، ئەمەش بــۆ خۆی ئومێدێکی گــەورەو وەرچەرخانێک بوو مێژووی تورکمان. کە پێشتر هەنگاوێکی لــەو بابەتەو دەروازەیەکی وا بەرووودا نەبوو. ســەبارەت بۆ تۆمارکردن و هەڵســەنگاندنی مێــژووی ڕۆژنامەنووســی تورکمانیــش، ئەوانەی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەپێی بارودۆخی تورکمان، هاتوونەتەدی بوو هەنگاوی بۆ نراوە، ئــەو هەموو هــەوراز و نشــێوەی بەخۆیەوە بینیــووە، تــا ڕادەیەک لە قۆناغێکی باشــداین گرنــگ ئەوەیە، ئەو هەنگاوە زیاتر برەوی پێ بدرێت و وردترو ژیرانە تر موتربە بکرێت.

لێــرەدا ئێمــە ناتوانین بە چەند نووســین و بابەتێــک بــاس لــە هەموو ئــەو ڕۆژنامەو گۆڤارانــە بکەین کە ژمارەیان زیاتر لە (١٠٠) ڕۆژنامــەو گۆڤار و بڵاوکــراوەی تورکمانییە و بــە درێژی ماوەی تەمەنی ئەم (٩٨) ســاڵە دەرچوون، بەڵام ئێمــە دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە (٥) قۆناغ دابەش دەکەین.

* قۆناغی یەکەم لەســاڵی١٩١١ تابەر لەسەر هەڵدانی شۆرشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨.
* قۆناقــی دووەم لە ســاڵی ١٩٥٨ تا ســاڵی ١٩٧٠.
* قۆناغی ســێیەم لە ســاڵی ١٩٧١ تا ســاڵی ١٩٩٠.
* قۆناغی چوارەم لە ســاڵی ١٩٩١ تا ســاڵی ٢٠٠٣.
* قۆناغی پێنجەم لە ساڵی ٢٠٠٣ تا گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٧ باسکردووە.

تورکمــان وەک نەتەوە، ســاڵانێکی زۆرە

قۆناغی یەکەم: ١٩١١–١٩٥٨

| ژ | ڕۆژنامە | گۆڤار | بڵاوکراوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حوادث | معارف | صدى الشباب | ١٤ |
| ٢ | تاژانس | كوكب المعارف | | |
| ٣ | نجمه | صدى الشباب | | |
| ٤ | كركوك | الثقافة الحديث | | |
| ٥ | تجدد | | | |
| ٦ | ایلەر | | | |
| ٧ | الوحدە | | | |
| ٨ | صدى الشباب | | | |
| ٩ | آفاق | | | |

قۆناغی دووەم ١٩٥٨–١٩٧٠

| ژ | ڕۆژنامە | گۆڤار | بڵاوکراوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بشير | الطليعة | | ٩ |
| ٢ | گاوریاغی | قارداشلق | | |
| ٣ | العراق | | | |
| ٤ | أبناء الرياضة والشباب | | | |
| ٥ | كرچوك قارداشلق | | | |
| ٦ | سسلر | | | |
| ٧ | يورد | | | |

قۆناغی سێیەم ١٩٧١–١٩٩٠

| ژ | ڕۆژنامە | گۆڤار | بڵاوکراوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | صوت الاتحاد – بيرليك سەسى | | ٣ |
| ٢ | | فضولى | | |
| ٣ | | كركوك | | |

هەواڵنامەی کتێب

لــە کوردســـتاندا، لەپــاش بــرا کوردەکانیان ژیــان دەگوزەرێنــن و لــە تالی و شــیرینیدا لەگــەڵ یەکتــر ڕووبــەڕووی ڕووداوەکان دەبنــەوە، بەهاتنــی ڕژێمــە یــەک لــەدوای یەکەکانی ئێراق لەزۆربەی زۆری مافەکانیان بێبــەش کرابوون نەیانتوانیوە بە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ گوزارشــت لە داخوازی و ئاواتە نەتەوایەتییــەکان بکــەن بەتایبەتــی لە ڕووی ڕۆشــنبیری و ڕۆژنامەگــەری، بۆیە سســتی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری تورکمانی درێژەی کێشــا تــا ڕاپەرینی بەهــاری ١٩٩١. هەر بۆیە مێژوو گەواهی لەســەر ئەوە دەدات کــە میللەتی کــوردو پەرلەمــان و حکومەتی هەرێمــی کوردســتان، پــاش ئازادکردنــی شــارەکانی کوردستان، چۆن باسی لە دۆزی تورکمان و مافی تورکمان کردووە کە چەندین ســاڵ بوو لێی بێبــەری کرابــوون، پاش ئەم ئازادییەی لە هەرێمەکە دروست بوو، چەندین پارتی سیاسی تورکمانی دامەزرا، هەوڵیان دا کــە دەزگای ڕاگەیانــدن و ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت.بــۆ ئەوەی بــەو پەڕی ئــازادی کارو چالاکییەکانــی خۆیان ئەنجام بدەن، هەر بۆیە چەندیــن ڕۆژنامــەو گۆڤــاری تورکمانی، بە زمانی تورکمانی و عەرەبی تورکی و کوردی، کە لەلایەن پارتە سیاســییەکانی تورکمانی لە شــاری هەولێر دەردەچــوون، بەڕای من ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە هەندێ لایەنی حیزبی، کاری ڕۆژنامەنووسیی دەریان دەکەن و کەم و کورپەکــی بەرچــاو لــە کارەکانیاندا بەدی دەکرێت، چونکە لایەنی سیاســی تێدا بەسەر کاری ڕۆژنامەنووســی، زاڵە مەبەست ئەوەیە کە لایەنــی کەم لە قۆناغی دەســتپێکردندا بۆ ئەوە دروســت بوون کە خزمەتــی ئەم پارتە سیاســییە بــکات. یەکێــک لــەو لایەنانەی کە لێرەدا تەوەری باسە، پەیامی ڕۆژنامەنووسی تورکمانــی دوای ئــازاد کردنــی شــارەکانی کوردســتانە کە بە دەیەها ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکمانــی لە دایک بــوون، دەکرێ ناوزەندی بکەین بە قۆناغی پێگەیشــتن و ســەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووســی دوای ڕاپەریــن لــە ســاڵی ١٩٩١-٢٠٠٢ بــە قۆناغی دەوڵەمەندی بواری ڕۆژنامەگەری تورکمــان دادەنرێت کە دەیان ناوونیشــان تێیدا ســەری هەڵدا، لێــرەدا ئێمە تەنیــا ناوی هەنــدێ لەو ڕۆژنامــەو گۆڤارانە دەهێنین لەوانە:

**قوناغی دوای ئازادکردنی ئێراق**

**قۆناغی چوارەم ١٩٩١-٢٠٠٣**

| ز | ڕۆژنامە | گۆڤار | بڵاوکراوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دوغوش | الاديب التركمان | الينبوع | ١٨ |
| ٢ | تورکمن ایلی | یەنی قوشاق | قدرەت | |
| ٣ | الدليل | قارداشلق | | |
| ٤ | قارداشلق یولو | بیرلیك یولو | | |
| ٥ | قارداشلق | چیچك | | |
| ٦ | گوکبورو | باریش | | |
| ٧ | الحقيقه | دۆغرو | | |
| ٨ | باغیمیز | تورکمن ایلی | | |




پاش ئازادکردنی ئێراق لە دەستی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا رۆژنامەنووسی تورکمانی بەردەوامیە باشی بەدەست هێنا، کە هەرگیز بەو بەربڵاوییە نەبوو لە راگەیاندندا بە تایبەتی لە شاری کەرکووک کە چەندین رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی نوێی تێدا دەرچوو، هەندێکیان تاکو ئێستا بەردەوامن، بەڵام هەندێکیان چەند دانەیەکی لێ دەرچوو وەستا. ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەش بە زمانی عەرەبی و تورکمانی تورکی بوون، بەڵام ئەگەر باسی ئەوە بکەین کەوا کام رۆژنامەو گۆڤار لە سەرەتای لەناوچوونی رژێم گەیشتە کەرکووک ئەوا دەبێت گۆڤاری باریش بەسەر قافلە دابنێین، کە یەکەم گۆڤاری تورکمانییە لەنێو ئەدیب و رۆشنبیرانی تورکمانی دابەش کرا. بەڵام وەک رۆژنامە رۆژنامەی **(تورکمن ایلی)** یەکەم رۆژنامە بوو خۆی خزاندە ناو شاری کەرکووک، هەردووکیان لە شاری هەولێر دەردەچوون. هەرچەند ئەم رۆژنامەو گۆڤارە تاکو ئێستاش بەردەوامن، گەرچی چەندین ژمارەیەکیان لێ دەرچووە خزمەتێکی ئەوتۆیان بە مێژووی رۆژنامەنووسیی تورکمانی نەکردووە، هەندێ لەوانە کە چەند ژمارەیان لێ دەرچوو وەستان لەوان **(صوت تلعفر، دیالا، صلاح الدین، بشیر)**...




هەندێ لەو رۆژنامەو گۆڤارانە بەشێوەی فۆتۆکۆپی دەردەچن، ئەمەیان شێوەیەکی کۆنی رۆژنامەنووسییە، ئەمڕۆ باوی ئەوە نەماوە رۆژنامەو گۆڤار بەشێوەی فۆتۆکۆپی **(استنساخ)** بڵاو ببێتەوە. دونیای رۆژنامەنووسی هەنگاوی خێرا و تەکنیکی هونەری پێشکەوتوو جوان و رەنگاو رەنگ و ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر هاتۆتە گۆڕێ.
ئەگەر سەیری ئەم قۆناغە بکەین،

قۆناغــی دوای ئازادکردنــی ئێــراق کە پتــر لە (٥٢) ڕۆژنامــەو گۆڤارو بڵاوکــراوە دەرچوونە لەوانە:

## قۆناغی پێنجەم   ٢٠٠٣ تا گەلاوێژی ٢٠٠٧

| ز | ڕۆژنامە | گۆڤار | بڵاوکراوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | صوت التركمان | پنار | تورکمن | ٥٢ |
| ٢ | صدى الحقيقه | قارداشلق– الاخاء | صوت كركوك | |
| ٣ | توركمن يولو | توركمن شانى | صوت التركمان | |
| ٤ | الاتجاه | توركمان بازارى | هدف | |
| ٥ | كركوك | ئالتون كوپرو | صوت ايلان | |
| ٦ | المصير | توركمان بوغچاسى | بابا گرگر | |
| ٧ | الوفاء | توركمان ئيلى | | |
| ٨ | حوادث | صارى كهيه | | |
| ٩ | الميزان | آل كركوك | | |
| ١٠ | بابا گورگور | الفلكه | | |
| ١١ | التون كوپرى | التحرير | | |
| ١٢ | اق صو | اليشق | | |
| ١٣ | بابا گورگور | كركوك | | |
| ١٤ | الفنار | آتابك | | |
| ١٥ | الصادق | سومر | | |
| ١٦ | السبوره | يورد | | |
| ١٧ | الجوهر | صوت المصلى | | |
| ١٨ | الترجمان | | | |
| ١٩ | القلعه | | | |
| ٢٠ | تلعفر | | | |
| ٢١ | الشعب | | | |
| ٢٢ | عدالت | | | |
| ٢٣ | المجلس | | | |
| ٢٤ | القرار | | | |
| ٢٥ | أينا | | | |
| ٢٦ | توركمن تايمز | | | |
| ٢٧ | التركمان | | | |
| ٢٨ | أفق | | | |
| ٢٩ | راى توركمان | | | |


كركوك

افتتاح مجلس النواب الجديد

٥٠ طالبا للتخصص بالنفط


معارف

جگـە لـەو رۆژنامـەو گۆڤارانـەی کـە ئاماژەمـان پێدا کە چەندین رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکـراوەی تریش لە شـاری کەرکووک یا لە شـوێنێکی دیکە لەو ماوەیەدا دەرچوونە، بەڵام بۆمـان روون نەبۆتەوە ئایا ئەمانەش پەیوەسـتن بە مێژووی رۆژنامەنووسـیی تورکمانـی یا رۆژنامەنووسـی کوردی و عەرەبی لەبەر ئەوەی ناوی هیچ لایەنێکی لەسـەر رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکان بـەدی ناکەیـن بۆیە لێـرەدا تەنها ناوی هەندێکیان بەنموونە دەهێنینەوە لەوانە: (**گۆڤـاری الرحیـق، التاجـر، المحامي، المحاماة، التضاون، شار، أفاق، تربوية**) رۆژنامە (**الصداقـة، المحارب، الديار، التصوير، حقوق الانسان**).

ئەزموونـی نۆهـەت و هەشـت ساڵەی رۆژنامەنووسیی تورکمانی، تەمەنێکی کورت نییە، لەم ماوەیەدا بـە دەیـان رۆژنامەو گۆڤـار و بڵاوکراوەی تورکمان دەرچـووە، ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەش کـەم و زۆر هەمـوو لایەنەکانی رۆشـنبیری و سیاسـی و کۆمەڵایەتی و هونەری گرتۆتەوەو زۆربـەی شـاعیرو نووسـەرو رۆشـنبیرانی تورکمانـی هاوبەشـی دەرهێنانیـان کردووە و بەسـەدان بابەتـی هەمەجۆریـان تێدا بڵاوکردۆتـەوەو بـە دەیـان رووناکبیریش زۆربەی ژیانی خۆی بۆ رۆژنامەنووسـیی تەرخـان کـردووەو هەر لەم پێناوەشـەدا زۆر تەنگ و چەڵەمەو گیروگرفتی هاتۆتە پێش، ئینجـا رۆژنامەنووسـێک ئاوا بێت هێندە بابـەت و لایەنـی هەمەجۆری لێ جودابێتـەوە پێویسـتە بە دەیـان باس و لێکۆڵینـەوەی دەربـارەی بکرێـت و پوختەی ئەم کاروانە سـەخت و درێژە بخرێتە بەرچاو من ناڵێم هیچ هەنگاوی لەم بـارەوە نەنـراوە، بەڵکو چەندین بەرهەمـی بـە پێزو سـەرکەوتوو تا ئێستا لەسەر رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکاندا

بڵاوکراونەتەوە.

بەڵام مێژووی رۆژنامەنووسیی تورکمانی زۆر لەمــە پتــر هەڵدەگرێ کە ئێســتا من لەم بابەتەدا بــە پەیڤێک ئاماژەم پێکــردووە، بەو هیوایەم کە رووناکبیرانی تورکمانی و ئێوەی بەرێــز لێمانی قبوول بفەرموون، کە من وەک نووســەرو رۆژنامەنووسێکی کورد گرنگی و بایەخ بە بــواری رۆژنامەنووســی تورکمانی دەدەم، لەبەر ئەوەی نووســەرو رۆشنبیرانی کــوردو تورکمان لە شــارەکانی کوردســتان هــەردوو نەتەوەیــی ســەرەکی بــە درێژایی مێژوو هاوبەش بوونە لە خۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوە ژیاون. دوژمنان هەمیشــە هەوڵیان داوە کورد و تورکمان نەخوێندەوارو دابڕاوبن لە هەموو پێشــکەوتنێک، بەڵام رۆشــنبیرانی تورکمــان و کوردیش لە هەمبــەردا زانیویانە کە دەرمانی کوردو تورکمان خوێندەوارییە و تەنیــا قەڵەم ئەو چەکەیە کە تورکمان و کورد بە جیهان بناسێنێت.

رۆڵی رۆشــنبیرانی کوردیــش هەبووە لە بەشداری کردنیان لە رووپەری رۆژنامەڤانی تورکمانــی لــە ماوەی ئەم (٩٨) ســاڵەدا بۆیە دەڵێــم هــەر کەناڵێــک کە مــرۆڤ خزمەتێکی ڕاســتەقینەی تێدا پێشــکەش بکات و شــوێن پەنجــەی خۆی تێدا دیار دەکات، لەدەرنجامدا بــۆ بەرژەوەنــدی گشــتی هەڵدەکەوێتــەوە. نەخاســمە بۆ ئێمــەی مانان کە ســەرچاوەی هەموو کەناڵەکان هەر دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتی کەرکووک.

ئێمە لەو ســنووورە جوگرافییە ســنوور بۆ کێشراوەدا، هەرێمی کوردستاندا یەک مێژوو، یەک ئایین و یــەک خاک و یەک چارەنووس، کە بەیەکەوەمان دەبەســتێتەوە، دوور لەهەر تێڕوانینێکــی ڕەگــەزی و نــەژادی و ئایینی، بۆیە ئەگەر لەهەر گۆشــەیەک لە گۆشــەکاندا هەوڵ و تەقەللای دڵسۆزانەی خۆمان بخەینە گەڕ لــە ڕۆڵــی نیشــتمان پەروەرانەمان کەم ناکاتەوە. ئێمە لەو ســنووورە جوگرافییەی کە ناوی کوردســتانە، هەمووومان پێویستیمان بە هەماهەنگــی یەکتــر هەیە، بۆ ئــەوەی ڕەوتی ژیــان بــە شــێوەیەکی هاوســەنگانە بــڕوات بەڕێوە، وەک گیڤارا گوتەنی:

هەر پارچەیەک پێویســتی بــە من هەبێت ئەویش نیشتمانی منە.

لەو شــارە ئازیزەدا کوردو تورکمان، دوو جەســتەن لەیەک گیاندا بۆیە ئــەو کوردانەی کە بە هەموو فاکتەرە بەردەســتەکانی خۆیان خزمــەت بە رۆشــنبیری و هونەری تورکمان دەکــەن، لــە ڕەســەندا خزمــەت لــە خۆیــان دەکەن، ئەو تورکمانانەش کە بوونە بەشــێک لــە گیانی کورد لــە دەرەنجامــدا، خزمەت بە خۆیــان دەکەن، چونکە ئێمە لــە هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی ژیاندا نەبووینەتە دوو پارچەی لێکتر جودا..

شــتێکی ئاســاییە رۆشــنبیرێک خزمەتــی بــاری رۆشــنبیری نەتەوەکەی خــۆی بکات، بــەڵام دوو کــەڕەت جوانتــرو شــیرنترە، کە کەســێکی غەیــرە نەتەوەکــەی خــۆت بە قەد دڵســۆزی و خۆشەویستی تۆ، بۆتۆ بسووتێ بۆیە ئێمە جەواهیری شاعیر دەکەینە هێمایەک بۆ ئــەو مرۆڤە بەرزانەی کە بــە تێڕوانینێکی مرۆییانەی فرەوان تەماشای ژیانیان کردووە، بۆیە عەشق و سووتان و خزمەتی جەواهیری بــۆ کــورد رەنگە لە کوردێک بــۆ نەتەوەکەی پیرۆزتر بێت.

بەبــێ دوو دڵی دەکرێ بووتــرێ (**رەفیق حیلمــی**) یەکێکە لــەو کەســایەتییە کوردانەی کە نموونەی دڵســۆزی و خۆڕاگری بووە، لە رۆژنامــەی (**حوادث و نجمة**) جگە لە شــیعر بابەتــی وتــاری بــە پێــزی بــڵاو کردۆتەوە،

بــە هزرێکــی تــەواو راســتگۆیانە بــووە، لە نووســینەکانی بەهیچ شێوەیەک راستییەکانی نەشاردۆتەوە، هەروەها لە کتێبەکانی بە دیار دەکەوێــت، دەتوانرێ بوتــرێ رووناکبیرێکی ســەردەمی خــۆی بــووە لەنێــو کــوردو کوردســتانییەتی درێغــی نەکــردووە تــا ئەو رۆژەی کۆچی دوای کردووە.

بۆیە شــاعیرو رووناکبیر رەفیق حیلمی بە نموونە هێنایەوە لەبەر ئەوەی خۆشــم کورە کوردێکــم خزمەت بە بــواری رۆژنامەگەری تورکمانی دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب


سەرچاوەکان:

- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الاول، مطبعة العرفان صيدا لبنان ١٩٧١.
- اعداد احمد قوشضو اوغلو، بهجت بعمطين، عصمت كهية، دليل الصحافة في كركوك.
- دكتور عطا ترزي باشي، كركوك شاعرلري، دورد نجي جلد - كركوك ٢٠٠٠.
- ئیسماعیل عەلی، مێژووی رۆژنامەنووسیی تورکمان چاپی یەکەم ٢٠٠٧ چاپخانەی اربخا کرکوک.

# رۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی هەڵبژاردن دا



دوکتۆر سەپان
sapanov@hotmail.com

ڕاگەیاندن لەوەتەی بەوشێوە کلاسیکەی خۆی هەیە، ڕۆڵی گرنگ و چالاک لەکۆمەڵ دەگێڕێ و بەتایبەتیش لەسەردەمی هەڵبژاردندا. ئەم هەڵبژاردنەش چ لەوڵاتانی دیموکرات و ئاشتیخواز بێت یان لە وڵاتانی دیکتاتۆر و دواکەتوو بێت، لە هەردووک جۆریش ڕاگەیاندن بایەخی زۆری لەلایەن پارتە سیاسییەکان پێدەدرێ، جا ئەگەر ئەو ڕاگەیاندنە حیزبی بێ یان حیزبی نەبێت. ڕاگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردن لە وڵاتی دیموکرات، زیاتر لە سیاسییەکان نزیکە و ڕۆژنامەنووسان لەگەڵیان بۆ کۆڕو وکۆبوونەکان دەچن و پرسیارە گرنگەکان بۆ جەماوەر شیدەکەنەوە. ئەم شیکردنەوەش هەندێک جار لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسانی سەر بە دەزگای خۆیان، کە لە پارتی سیاسی جیا جیا بوونەتە پسپۆر و وردەکارییەکان باش دەزانن، هەندێک جاری دیکەش لە ڕێگای کەسانی پسپۆری دەرەوەی دەزگای ڕاگەیاندنیانە. ڕاگەیاندن لەو وڵاتە ئازادانە، ئاڕاستەکراو نییە و نووسین یان بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەمەلایەنە وتار و شیعارەکان هەڵدەسەنگێنن و شی دەکەنەوە. ئەگەر ئەوان ببینن، ئەو بەڵێنانەی سیاسییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بە جەماوەری دەدەن، هەمووی ناتواندرێ جێبەجێ بکرێ، زۆری لەسەر دەوەستن و باشتر ڕوونی دەکەنەوە. لەو وڵاتانەدا لەکاتی خوێندنەوەی نووسینەکان یان سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن یان گوێگرتنی بەرنامەی ڕادیۆ بەهیچ شێوەیەک جەماوەر هەستی پێناکات، ڕۆژنامەنووس ئەندامی چ حیزبێکە یان دەنگ بۆ چ پارتێک یان بەرەیەکی سیاسی دەدات. ئەمەیان زۆر بەنهێنی دەیهێڵنەوە و ئەخلاقی ڕاگەیاندنیش بەهیچ شێوەیە ڕێگایان پێنادات، دەستەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار

بهێنن. ئەوان زۆر بەپاکی کار و ئەرکیان جێبەجێ دەکەن و بە ئەرکی نیشتیمانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن. هەڵبژاردنی ئاوەها پاکم لە وڵاتی سوێد و ڕوسیا چەند جارێک بینیوە و لەوێندەر ڕۆژنامەنووس بە ئاشکرا بیروڕای سیاسی خۆی ئاشکرا نەکردووە.

لە وڵاتانی دواکەتووش بێشک هەڵبژاردن بەجۆری دیکەیە. ئەوانەی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، زیاتر ئەو کەسانەن، کە دڵسۆزی پارتە دیکتاتۆرەکەن و دیارە تەنیا یەک پارتی سیاسیش بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات. ئەگەر هەڵبژاردن بۆ سەرۆک کۆماری وڵاتیش بێت، دیسان تەنیا یەک کەس بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندیت دەکرێ و ئەویش خۆی پێشتریش سەرۆک کۆمارە و تەنیا بۆ چەند ساڵی دیکە و بەزۆر بۆ چەند ساڵی داهاتووش هەڵیدەبژێرنەوە. هەڵبژاردن لە ولاتانی دیکتاتۆر، زیاتر لە شانۆ دەکات و بینەریش هەست دەکات، ئەو هەڵبژاردنە دەکرێ، تەنیا بۆ ئەوەی لە چەند مانگی داهاتووش باس تەنیا باسی سەرۆککۆمار بێت و زۆرتریش لە تەلەفزیۆنەکان پیشانی بدەن و بە بەژن و باڵایدا هەڵبڵێن، چونکە لەو وڵاتانە، ڕاگەیاندن ئاراستەکراوە و کەس بۆی نییە بەهیچ شێوەیەک بچووکترین ڕەخنە لە سەرۆکی دەوڵەت بگرێ. نموونەی ئەو دەوڵەتانەش، زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی دراوسێ و دوور لە ئێمەن. ڕاگەیاندن لەو ولاتە دیکتاتۆرانە کاری تەنیا درۆ کردن و پیشاندانی لایەنی گەشی سەرۆک کۆمارە. لەوێندەر بەهیچ شێوەیەک شوێنی ڕەخنە نابێتەوە. جەماوەریش لەو ماوەیە، زۆرتر گوشاری دەکرێتە سەر و بەزۆر بۆ سندوقی دەنگدان دەیانبەن. ئەگەر یەکێک بۆ دەنگدان نەچێ، بەدوور نازاندرێ لە کار دەربکرێ یان بۆ بەندیخانە ڕاکێش بکرێ و ئەزیەتی بدەن. ئەنجامی ئەو جۆرە هەڵبژاردنەش زۆربەی جار لەلایەن دانیشتوان و پێش دەنگدان زۆر ئاشکرایە، بەوەی بە ڕێژەی ٩٩,٩٩٪ جەماوەر دەنگی بە جەنابی سەرۆک داوە و ئەمجارەش ئاهەنگ دەستپێدەکاتەوە. لەو سیستێمانە ڕاگەیاندن ناتوانێ ڕۆلی خۆی بگێڕێ، چونکە خۆیان ئازاد نین و بەزۆر کاری پروپاگەندەیان پێ دەکەن.

ڕاگەیاندن لە کوردستان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن تەواو جیایە و ناکەوێتە هیچ لەو خانانەی پێشتر باسمان کرد. لێرە زۆرجار هەندێک نووسین بڵاودەکرێنەوە و تێیدا ئامۆژگاری جەماوەر دەکرێ، کە بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن. ئەمەیان مۆدیلێکی زۆر نوێی ڕاگەیاندنە و لە تەواوی جیهان دەگمەنە. لە کاتی هەڵبژاردن تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی دیکتاتۆر یان دیموکرات کار دەکەن،

**- هەڵبژاردن لە ولاتانی دیکتاتۆر، زیاتر لە شانۆ دەکات و بینەریش هەست دەکات، ئەو هەڵبژاردنە دەکرێ، تەنیا بۆ ئەوەی لە چەند مانگی داهاتووش باس تەنیا باسی سەرۆککۆمار بێت و زۆرتریش لە تەلەفزیۆنەکان پیشانی بدەن و بە بەژن و باڵایدا هەڵبڵێن.**

**- ڕاگەیاندن لە کوردستان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن تەواو جیایە و ناکەوێتە هیچ لەو خانانەی پێشتر باسمان کرد. لێرە زۆرجار هەندێک نووسین بڵاودەکرێنەوە و تێیدا ئامۆژگاری جەماوەر دەکرێ، کە بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن. ئەمەیان مۆدیلێکی زۆر نوێی ڕاگەیاندنە و لە تەواوی جیهان دەگمەنە.**

بۆ ئەوەی زۆرترین کەس بەشداری لە هەلبژاردن بکەن، لە کوردستانیش بە پێچەوانە هەندێ ڕۆژنامەنووس نایانەوێ خەڵک بەشـداری لـە هەڵبژاردن بـکات و هەوڵدەدەن لەو مافەی خۆیان بێ بەشیان بکەن.

ڕاگەیانـدن لە کوردسـتان بەتایبەتیش پـاش دابەزینی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بە یەک لیسـت، ڕاگەیاندنی هـەردووک لایان دەبێتـە ڕاگەیاندنێکـی ئاڕاسـتە کراو. مەکتەبـی ناوەندی ڕاگەیاندنی هـەردووک لا کار دەکەن بۆ ئەوەی زۆرترین تاکی کۆمەڵ بەشـداری لە هەڵبژاردن بکەن و بێشک لەناو ئەوانیـش دەنگ بە لیسـتی ئەوان بدەن. ئـەو دوو حیزبە گـەورەی کوردسـتان، لەبەر ئـەوەی خۆیـان بڕوایان بە دیموکراتییەت هەیە و کار بۆ دروسـتبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسـان دەکـەن، ڕێگایان بـە پارتی دیکەی کوردسـتان و ڕێکخراوەکانیش داوە بە لیسـتی خۆیـان دابەزن. ئەمە ئازادییێکـی زۆر گەورەیە و ئەو دوو حیزبە بە جەماوەری کوردسـتانیان بەخشـیوە، بـەڵام لەهەر کاتێـک بیانەوێ دەتوانـن مەرجی زۆر گەورە لەسـەر پارتـە بچووکەکان دابنێن، کە ڕێژەی پێویسـت نەهێنن یان هەر لە سەرەتاوە لە بەشـداربوونی هەڵبژاردن قەدەغەیـان بکەن و مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرایان لێ بسەننەوە. لەو چەند هەڵبژاردنەی ڕابـردووی کوردسـتان، هـەردووک حیزبی گـەورە هیچ جارێک کۆسپیشیان نەخسـتۆتە بەردەم ڕاگەیاندنی پارت و حیزبەکانی دیکەی کوردسـتان و ئـازادی تەواویان پێ داون، ئەگەرچـی لـە هەڵمەتـی هەڵبـژاردن بە ئەنقەسـت و بـە بەرنامـە درۆش بەرامبەر بـە دوو حیزبە گەورەی کوردستان کراوە.

دیموکراتییـەت لە وڵاتانی وەک کوردسـتان بۆ ئەوەی بەباشـی بچەسپێ، پێویسـتی بە زیاتر لە سەد ساڵ هەیە، لەگەڵ ئەوەش گرنگە بزانین، بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەمێکە بەردی بناغە دانراوە و کاری باش کراوە و هەنگاوی باش نراوە. ڕۆژنامەنووسـان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبـژاردن لـە کوردسـتان بەرپرسـێتی زۆر گەروەیان لە ئەسـتۆ دایـە و پێویسـتە زۆر بە جوانی و پسـپۆڕانە کاری بـۆ بکەن. پێش ئەوەی ڕای خۆیان لەسـەر شـتێک بـدەن، دەبێ بەوردی بیـر لەو ڕا یان بۆچوونە کرابێتەوە، تاوەکو نەبێتە هۆی بێزارکردنی خەڵک و دوورخستەوەیان لـە هەڵبژاردن. ئێسـتا لە کوردسـتان ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسـان ئەندامی هیچ حیـزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نین، ئەوان پێویستە لەسەریان بڕیار و بەڵێنەکانی حیزبەکان پسـپۆڕانە هەڵبسـەنگێنن و ویژدانیش پشتگوێ

> **دیموکراتییەت لە وڵاتانی وەک کوردستان بۆ ئەوەی بەباشی بچەسپێ، پێویستی بە زیاتر لە سەد ساڵ هەیە، لەگەڵ ئەوەش گرنگە بزانین، بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەمێکە بەردی بناغە دانراوە و کاری باش کراوە و هەنگاوی باش نراوە.**

نەخەن. ڕۆژنامەنوسانی حیزبی، لەوانەیە کاریان ئاسانتر بێت، بەوەی ئەوان باشتر دەزانن حیزب چی دەوێت و بەرنامەی بۆ دوای هەڵبژاردن چییە، هەڵسەنگاندنی ئەوانیش زۆربەی جار حیزبیانە و بۆ خوێنەر یان جەماوەر ڕوونە و شاراوە نییە.

لە وڵاتی ئەمریکا و ڕوسیا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی دیموکراتیش هەڵبژاردن زیاتر لە بۆنە و ئاهەنگێکی میللی و نەتەوەیی دەچێت، لەوەی تەنها خەڵک بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بچن. ئەو ئاهەنگەش زۆر بەجوانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدەداتەوە.

ئەگەر لەو وڵاتانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، ژمارەی بەشداربووان زۆر نەبێت، لەوانەیە ئاسایی بێت، چونکە زۆر دەمێکە وڵاتەکەیان ئازادە و بەهیچ شێوەیەک هەڕەشەی لەناوبردن یان داگیرکردنی لەسەر نییە. بۆیەش لەلایەن ئەوانەی بەشداری لە دەنگدان ناکەن، زۆرجار گرنگ نییە، چ پارتێک یان بەرەیەک هەڵبژاردنەکان دەباتەوە. لە ڕاستیشدا لە زۆر پرسیاری گرنگ و چارەنووسساز زۆر گرنگ نییە کێ دەباتەوە، چونکە جەماوەر باش دەزانێ، ئەوان بەرژەوەندی وڵات و دانیشتوان لەسەرووی بەرژەوەندی حیزبی خۆیان دادەنێن. ئەو بەشداری نەکردنەش لە ئامارەکانی پێش دەنگدان زۆرجار لەلایەن حیزبەکانیشەوە ڕوون و ئاشکرایە. ئەو بەشدارنەکردنەی ئەوان، وەرگرتنی هەڵوێست لە حیزب و حکومەت نییە، بەڵکو لەبەر کاری تایبەتی خۆی یان هیلاکی خۆی لە سیاسەتە و لەوانەیە سەیرکردنی تەلەفزیۆنی لا باشتر بێت لە چوون بۆ هەڵبژردن. ئەوان فێر کراون بە ئاشتی بنوون بە ئاشتیش لەخەو هەڵبستن، بەڵام لە کوردستان ژیان و دیموکراتییەت و ڕاگەیاندن بە شێوەی دیکەیە. لەو نووسینانەی تکا لە جەماوەر دەکرێ، بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن، نووسەرەکان خۆیان پێ دیموکراتە و لەهەمان کاتیش داوا لە جەماوەر دەکەن، واز لە مافی خۆیان بهێنن و بۆ دەنگدان نەچن. ئەم هەڵس و کەوتەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە زۆر نادیموکراتیانەیە و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت چ لە کوردستان چ لە وڵاتانی دیکەی جیهان ناگونجێ. ئەگەر کەسانی ئاسایی کۆمەڵ داوا بکەن، خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان نەکات، مرۆڤ کەم تا زۆر تێ دەگات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کاری ڕۆژنامەنووس نییە ئەو تکایە گەورەیە لە جەماوەر بکات.

دەبێ ئەوەمان زۆر لا ڕوون بێت، بەوەی باوک و باپیرانی ئێمە، دیارە بەردەوام بەرگرییان لەخۆیان

**- بەڵام لە کوردستان ژیان و دیموکراتییەت و ڕاگەیاندن بە شێوەی دیکەیە. لەو نووسینانەی تکا لە جەماوەر دەکرێ، بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن، نووسەرەکان خۆیان پێ دیموکراتە و لەهەمان کاتیش داوا لە جەماوەر دەکەن، واز لە مافی خۆیان بهێنن و بۆ دەنگدان نەچن. ئەم هەڵس و کەوتەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە زۆر نادیموکراتیانەیە و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت چ لە کوردستان چ لە وڵاتانی دیکەی جیهان ناگونجێ.**

کـردووە، بـەڵام ئـەو بەرگریکردنـە بەشـی نەکردووە و ئەوان بەختەوەر نەبوون بەوەی وڵاتی خۆیان بە ئازادی ببینن، ئەوان مردن و ئازادی گەلەکەیان نەبینی.. بە هەوڵ و خەباتی ئێمە، کۆتایی بە چەوسـانەوەی سەدان ساڵی هـات و ئـاڵای ئازادی هەڵکـرا و پەرلەمان و حکومەتی کوردی دروسـت کـرا. ئەوە خۆی لەخۆیـدا شـەرەفێکی زۆر گەورەیـە و بـەر ئێمە کەوتووە. بۆیە ئێمە، دەبێ شـانازی زۆر بـە خۆمـان و سـەرکردەکان و حکومەت و پەرلەمان و ئاڵای شەکاوەی خۆمان بکەین.

ئێسـتا پەرلەمـان و حکوومەتمـان هەیە، بۆیـە ئەرکمـان لەجیاتی ئاسـانتر بێت، زۆر گرانتـر بووە. گرانتر بووە، چونکە پاراسـتنی لـە ئەسـتۆی ئێمەیـە. لەوانەیە پاراسـتنی لە ئازادکردنـی گرانتر بێت، بەڵام دەبێ لەسـەر خەباتکـردن بـەردەوام بیـن و نەڕوخێین و ورەمان هەر بەرز بێ.. ئەوانەش لە بەرهەمی ڕۆژنامەنووسان دەبێ زۆر بە ڕوونی شوێنی بۆ بکرێتەوە.

ئەرکـی ڕگەیاندنـی کـوردی لە ئێسـتاوە تـا کۆتایـی هەڵبـژاردن، دەبێ ئاراسـتەکراو بێت. مەبەست لە ئاراسـتەکراو، کارکردنە بە بەرنامـە و پـلان، لەسـەر وردتریـن هەنگاو و مامەڵـە کردنی وشـە و پیتـی بڵاوکراوەیە لەگـەڵ هەوڵـدان بـۆ ڕازیکردنـی خەڵـک و ئاگادارکردنەوەیـان لە گرنگی بەشـداربوون. هەمـوو نووسـینێک دەبـێ دە جـار بیـری لێبکرێتەوە، ئینجا بنووسـرێ یان باس بکرێ یـان پیشـان بـدرێ. ئـەم شـێوە ڕاگەیاندنە لەکاتی هەڵبژاردن زۆر ئاساییە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و بەتایبەتیش لەکاتی هەبوونی ئەزمەکانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابوری پەیڕەو دەکرێ.

**نموونەیەک بۆ ئێوە باس دەکەم:**

لـە ناوەڕاسـتی نەوەدەکانـی سـەدەی ڕابردوو، لەو کاتەی لە ڕوسیا هەڵبژاردن دەکرا و کۆمۆنیسـتەکان زۆر بەهێـز بوون و وڵات بەدەسـت گەندەڵی و هەراجکردن دەیناڵاند و خواردن و دەرمانی باش دەست نەدەکەوت و گرانییەکی زۆر گەورە هەبوو، کۆمۆنیستەکان گەورەتریـن شانسـی بردنەوەیـان هەبـوو. ئەمەش بۆریس یەلسن و حیزبە دیموکراتەکان زۆرچـاک دەیانزانی. ئەگەر کۆمۆنیسـتەکان یەکجـاری دیکە حکومەتیان بکەوتبا دەسـت، دیموکراتییەت لەگـۆڕ دەنرا و جارێکی دیکە، جیهان بەسـەر دوو سیستێم و ڕژێم دابەش دەبۆوە. بۆ چارەسـەری ئەم دۆخە، گروپێک لە ئەمریکا بۆ یارمەتی بۆریس یەڵسن هاتن و ئەنجامیش چاک دەزانین، ئەو بردییەوە.

لـە کاتی هەڵبـژاردن زۆر گرنگە ئەخلاقی پیشـە پشـتگوێ نەخـرێ و ئـەو کەسـانەی ناویان لە نووسینێک دێت، پرسیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی جەماوەر چەواشە نەبێ و لە نێوان ڕاستی و درۆ لێیان تێک نەچێت.

کاتـی هەڵبژاردن بـۆ ڕۆژنامەنووسـانی ناحیزبی یان ئەهلی سـەردەمێکی زێڕینە، بۆ ئەوەی بە پرسیار و بەرهەمیان نیشانی بدەن ئەوان لە بەرەی گەلن و بەتەنگ چارەسـەری کێشـەی هاوڵاتیانـن. ئـەم نووسـینانە یـان بەرهەمـان دەبـێ لـە دەزگاکانیـان ڕەنـگ بداتەوە، نەک ڕەخنە بگرن، تەنیا لەبەر ئەوەی ئارەزوویـان لە ڕەخنە گرتنـەو بەو ڕەخنەیە دەیانـەوێ خۆیـان لەنـاو جەمـاوەر پێـی خۆشەویسـت بکـەن، لەهەمان کات باشـیش بزانـن ڕەخنەکانیان درۆیە و کاری پێویسـت و بەدواداچوون لەسـەر پرسـەکە نەکراوە و لە ڕەخنەکانیشیان مافی کەسان یان حیزب و ڕێکخراو خورا بێت.

ئەگـەر ڕۆژنامەنـووس مافـی هاوڵاتیان بخـوات، دیارە ئەو ڕۆژنامەنووسـە خۆی لە دیموکراتییەت نەگەیشـتووە یان نایەوێ تێی بگات. ڕۆژنامەنووس لە هەموو سەردەمەکان دەبـێ، کاری گەیاندنـی زانیـاری ڕاسـت و دروسـت و هەمە لایەنە بێت، نەک ڕوخاندنی ورەی خەڵک و داواکردنیان بە بەشدار نەبوون لە دروستکردنی بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی یەکسان بۆ کوردستانی هەمووان.

# نوێترین بنەمای ئاکاری رۆژنامەنووسیی

و: پشدەر قەڵادزەیی

رۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، نوێترین پرەنسیپی (ئاکاری رۆژنامەوانی)ی بڵاوکردەوە، کە دەکرێت بەسەرمەشقی کاری رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکە. ئەم بنەمایە کە لە (١٧) خاڵ پێکهاتووە، ئێستا لەلایەن سەندیکاو رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکانی ئەوروپاشەوە پەسەند کراوە، کە ببێتە پرۆگرامێکی ئەخلاقیانەی سەرجەم ئەو رۆژنامەنووس و کارمەندانەی کار لەدەزگاکانی راگەیاندندا دەکەن. ئەمەش (١٧) خاڵە پەسەند کراوەکەیە:

١. رۆژنامەوانان نابێ هیچ بەیاننامەیەک ئیمزا بکەن، رادەربڕین و رەخنەکان تەنیا لەرێگەی یادداشتەوە دەگوێزرێنەوە.

٢. هەر تۆمەت و رەخنەیەک پێویستە بەر لەبڵاوبوونەوەی، لەگەڵ ناوەندە پەیوەندیدارەکەدا باس و خواسی لەبارەیەوە بکرێت و وەڵامەکەشی لەهەمان ستووندا بڵاوبکرێتەوە.

٣. هەر دیارییەک کە بەهاکەی پتر لە (٧٠) یۆرۆ بێت، پێویستە بگەڕێندرێتەوە، بەهەمان شێوەش رۆژنامەوانان پێویستە خۆپارێز بن لە بەرانبەر بانهێشتەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکان بۆ خواردن و خواردنەوە.

٤. تەنیا هەڤپەیڤینە باڵاکان بۆ پێداچوونەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ پەیڤدەر، بەڵام ئەگەر کەسەکە هەوڵی لابردنی بابەتە رەخنەییەکان بدات، رۆژنامەکە مافی خۆیەتی بابەتەکە بڵاونەکاتەوە.

٥.رۆژنامەوانان مافی ئەوەیان نییە ببنە پاڵیوراو لەهەڵبژاردنە خۆجێیی پارلەمانییەکاندا.

٦. سەروتار پێویستە لەلایەن یەکێک لە دەستەی نووسەران بنووسرێت و بەبێ ناو بڵاوبکرێتەوە.

٧. لۆمۆند هیچ نامەیەکی واڵا بڵاوناکاتەوە.

٨. رۆژنامەوانان مافی ئەوەیان نییە ئەو گەشتانە قبوڵ بکەن کە بودجەکەی لەئەستۆی رێکخراو و ناوەندێکی تایبەتەوەیە، تەنیا بەمۆڵەتی رۆژنامەکەو لەکاتی گرنگبوونی ئەو زانیاریانەدا نەبێت کە بڕیارە لە گەشتەکەدا کۆبکرێتەوە.

٩. خزمەتگوزاری (BVP)ی لۆمۆند، راستی و دروستی ریکلامە بازرگانییەکان شرۆڤە دەکات بۆ ئەوەی بانگەشەی هەڵخەڵەتێنەرو نادروستی تیادا نەبێت.

١٠. رۆژنامەوان تەنانەت لەدادگای رۆژنامەوانیدا نابێ ناچاربێت سەرچاوەی هەواڵەی خۆی ئاشکرا بکات.

هەواڵنامەی کتێب

## پاشبەندی دیاریی ژمارە

# باوەگڕگڕ

نەوزاد عەلی ئەحمەد - سوید
nawzad.ali@hotmail.com

سەرەتاکانی خەباتی خوێندکارانی کورد، لەو کاتە چەکەرەی کردووە، کە خوێندەوارانی کورد دەرکیان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی کردووە، بە تایبەتیش دوای ئەمە دەستیان بە دامەزراندنی کۆمەڵە و یانە و گروپی بچووک بچووک لە پێناوی بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا کردووە، بە گوێرەی زانیاری من خوێندەوارانی کورد پێش ئەوەی بیریان لە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کاری حزبی کردبێتەوە بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵە و گروپی ناحزبی کردۆتەوە.

ئەگەر سەرەتاکانی سەدەی رابردوو، لە کوردستاندا بە تایبەتیش لەکوردستانی باکوور، زۆر بە تایبەتیش لە شاری ئەستەنبوڵی تورکیا بە کوانوو و ئاگردانی سەرەتای بیرۆکەی کۆمەڵە و دەستەی کوردی و کوردستانی لەسەر بنەمایەکی ڕێکخراوەیی بدەینە قەڵەم، ئەوە لە هەمان شوێن و چەند ساڵێک بەرەو ژوورتر بە مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی تایبەت بە خوێندکارانی کورد لە ژێر ناوی» هێوی» واتە «هێڤی» دێتە ئەژماردکردن، هەروەهاله کۆماری کوردستانیشدا گرنگی بە کاری پیشەیی خوێندکاریی دراوە، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٣، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکێتی قوتابیانی کوردستان- ی دامەزراند، ئەگەرچی، پێش ئەم ڕێکخراوە، هەر لە کوردستانی خواروو لە لایەن کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق چەند هەوڵێک دراوە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە قوتابیان، بەڵام وەک یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نەیتوانی هەر زوو جێگەو ڕێگەی خۆی بە هێز و پتەو بکات، کە لێرەدا بوار نیە ئاماژە بەو هۆکارانە بدەم.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی ئەندامێکی زۆر و بنکە فراوان بوو، بەڵام تا دوای دواییەکانی شۆڕشی ئەیلول گرنگی بە بواری ڕۆژنامەگەریی نەداوە، بە داخەوە ئەو یەکێتییە لەگەڵ دوولەتبوونی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ دا، ئەویش دوو لەت بوو، ئەگەر بەراوردی چالاکی بواری ڕۆژنامەگەریی قوتابیانی هەردوو باڵەکەی پارتی بکەین، بە گوێرەی سەرچاوە دۆزراوەکان، یەکێتی قوتابیانەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی پڕ بەرهەمترن.

لەم کورتە نوسینەدا ناکرێت، ئاماژەی ورد بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی خوێندکاران «**قوتابیان**» بدرێت، بەڵام ناتوانرێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای ساڵی ١٩٧٠ بە گوڕو تینێکی ڕێکخراو گرنگی بە بواری ڕۆژنامەگەریی داوە، نەک هەر لە ڕاگەیاندنی ناوەندییان، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری لقەکان دەستیان بە دەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤار کرد، بە تایبەتیش لقەکانی کەرکووک و هەولێر لە هەموو لقەکانی تر چالاکتر بوون.

«**باوەگڕگڕ**» گۆڤارێک بووە، لە لایەن

یەکێتی قوتابیانی کوردستان- لقی کەرکووک دەرچووە و ژمارە ١ لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٧٣ دەرچووە و نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە و من ئەمڕۆ وەک دیارییەک بۆ گۆشەی «**دیاری ژمارە**» ی گۆڤاری «**ڕۆژنامەنووس**» وا ژمارە «٣» تان پێشکەش دەکەم، کە هیوادارم هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بدۆزرێنەوە و جارێکی تر چاپبکرێنەوە.

ژمارە ٣ ی باوەگڕگڕ، بریتیە لە ١٨ لاپەڕە و لە قەبارەی ٣٣ سم بە ٢١ سم دایە و زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی بە تایپێکی سادە تایپکراون پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون، تەنیا چەند بابەتێک نەبێت، کە بە دەستخەت لەسەر ستێنسل نووسراون و پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون، بابەتەکان بە زمانی کوردی و عەرەبین، وا هەست دەکەم، ئەم ژمارەیە جارێکی تر لە ئەورووپا بە چەند دانەیەک چاپکراوەتەوە، چونکە لە دوا بەرگی گۆڤارەکەدا وێنەیەک دانراوە و بە چەند زمانێک داوای کۆمەک و پشتیوانی بۆ شۆڕشی کورد دەکات.

ئەوەی سەرنجم داوە، کە لە نێوان ژمارە ١ و ژمارە ٣ دا گۆڕانکاری لە ناوی گۆڤارەکەدا کراوە، لە ژمارە ١ دا، کە ئۆرگیناڵەکەی لە ژمارە ١٥ ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا نووسراوە «**گۆڤاری باباگورگور**» بەڵام لە ژمارە ٣ دا، کە وەک دەیبینن ناوی گۆڤارەکە کراوەتە «**باوەگڕگڕ**» کە نازانم لە ژمارە ٢ دا چۆن ناوی گۆڤارەکە نووسراوە!، ئەمەو مرۆ دەتوانێت جیاوازی تر لە نێوان ژمارە ١ و ٣ بدۆزێتەوە، بە تایبەتیش لە میتۆدی کارکردن و بڵاوکردنەوە و ئاراستەی ئیشکردندا، بەڵام ئەم کورتە نووسینە شوێنی ئەو جۆرە لێکدانەوانە نیە، بە هەر حاڵ هیوادارم ئەم ژمارەیە بەشێک بێت لە زنجیرە ژمارەکانی گۆڤاری باباگوڕگوڕ، نەک دوو گۆڤاری جیاوازبن!

دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات، وەک ئۆرگان « **دەنگ**» ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەسەر ئەم قۆناغانەدا دابەش دەکرێت:

- **قۆناغی یەکەم**، قۆناغی سەرەتای دەرچووە.١٩٥٩ تا ١٩٦١، لەم قۆناغدا ٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچووە، لەم قۆناغەدا بە ئاشکرا دەرچووە.
- **قۆناغی دووەم**، بە نهێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە « قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول» ١٩٦٢ تا ١٩٦٤، تەنیا ٩ ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە ٤٦٥ تا ٤٧٣ دۆزراوەتەوە، من ساڵی ٢٠٠٨ هەر ٩ ژمارەکەم جارێکی تر لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکردۆتەوە، کتێبی ناوبراو یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین لە سلێمانی.
- **قۆناغی سێیەم**: قۆناغی دووکەرتبوونی پارتی ١٩٦٤ تا ١٩٧٠، هەردوو باڵەکەی پارتی لە ژمارە ٤٧٤ دەستیان بە دەرچوونی خەبات کردووە، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ باڵی بارزانی تێکەڵاو بووەوە، خەبات- ە کەی باڵی مەکتەبی سیاسی وەستا و درێژە بە زنجیرەی ژمارەکانی خەبات- ەکەی باڵی بارزانی درا، دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە بریتیە لە ژمارە ٥١٦
- **قۆناغی چوارەم**: قۆناغی دوا مانگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، مانگی ئازاری ١٩٧٤ تا مانگی شوباتی ١٩٧٥ بەردەوام بووە و ١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، کە ژمارە ٥٢٦ دوا ژمارەیە.
- **قۆناغی پێنجەم**، قۆناغی سەرکردایەتی کاتی «**القيادة المؤقة**» و پاشان لە کۆنگرەی ٩ دا دیسان پارتی سەرکردایەتی تری هەڵبژارد و ئەو قۆناغەش تا ڕاپەڕین بەردەوام بوو، یەکەمین ژمارەی خەبات لەم قۆناغەدا لە ١٩٧٦/٧/١ دەرچووە، کە ژمارە ٥٢٧ — ەیەو دوا ژمارەش ژمارە ٦٠٩- یە.
- **قۆناغی شەشەم**، قۆناغی ڕاپەڕین: کە بەداخەوە لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەکە زنجیرەی ژمارەکانی لە نێوان ناوی «**برایەتی**» و ناوی «**خەبات**» دا لە دەست داوە، بۆ نموونە

زنجیرەی ئەو ژمارانەی کە ئێستا لەسەر ڕۆژنامەی خەبات داندراون، لە نێوان «برایەتی و خەبات تێکەڵ و ئاڵۆز کراون، ئەمەش جۆرێکە لە گرێ ی بوونی کام ڕۆژنامەی کوردی زۆرترین ژمارەی لێ دەرچووە!

- **قۆناغی حەوتەم:** قۆناغی رووخانی دەسەلاتی حزبی بەعسی سەددام حوسێن: ئێستا پارتی ڕۆژنامەی خەبات بە زمانی کوردی لە هەولێر دەردەکات و لە بەغداش بە زمانی عەرەبی **«التآخي»** دەردەکات، بەڵام پێویستە لێکۆڵەران، لە دیراسەکردنی ڕۆژنامەی خەبات دا، ئەو ژمارانەی ئەمڕۆ لەسەر ژمارەکە داندراون بە نەزەری ئیعتبار وەرنەگرن و بۆ ساغکردنەوەی ئەو ژمارانە پێویستە لێکۆڵینەوەی وردی بکەن.

ئەوەی لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم و باسی بکەم، بریتیە لە قۆناغی چوارەمی ڕۆژنامەکە کە بریتیە لەو ژمارانەی کە لە دوا مانگەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەرچوونە و ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە، لەو قۆناغەدا خەبات ١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام ئەوەی نارۆشنی بەو ژمارانە داوە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژە بە دۆزینەوەیان نەدراوە و من لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە ئەوروپا چەند ژمارەیەکم دۆزیوەتەوە و لە هەوڵدانم تەواوی ژمارەکان بدۆزمەوە و جارێکی تر چاپیان بکەمەوە، بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران وا ژمارە ٥١٩ بڵاودەکەمەوە کە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٧٤ دەرچووە و ئەو دانەیەی لەبەردەستمە لە لایەن ڕێکخراوی ئەورووپای پارتی جارێکی تر چاپکراوەتەوە و لە قەبارەی فۆڵسکاپ دایە، ئەگەرچی ساڵی چاپکردنەکەی کە بریتیە لە ١٩٧٤ لەسەر ژمارەکە نەنووسراوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە بابەتەکان ساڵی ١٩٧٤ دەرچووە.


لە پەراوێزی ئەم نووسینەدا بە پێویستی دەزانم، کە چەند دێرێک لەسەر کۆمیدیا ئاسای ئەو مەلەفە بنووسم کە مانگی مارت و نیسانی ئەمساڵ لە لاپەڕە ٧ ی ڕۆژنامەی خەبات بە بۆنەی یۆبێلی زێڕینی خەبات بڵاوکراوەتەوە، لەو مەلەفەدا زیاترین کەس خەڵکە حزبی و میلیتیاریست و خەڵکی ناپسپۆر و نا ئەکادیمی و ناڕۆژنامەنووس قسەیان کردووە، ئەو بۆچوونانەی لەو مەلەفەدا خراونەتە ڕوو بریتین لە بۆچوونی ئاسایی و نامەنتیقی و خۆیان لە چەند رستەیەکی پەخشان ئاسا کۆکردۆتەوە و زۆر بەداخەوە دیراسەیەکی مێژوویی یاخود پەیوەست بە هونەری ڕۆژنامەنووسیم سەبارەت بە ڕۆژنامەکە نەبینی، یادی ڕۆژنامەکە دەکرێتەوە، کەچی کتێب سەبارەت بە گەنج و گەندەڵی و.. هتد بڵاودەکرێتەوە، بۆ نموونە دەکرا چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەکە دەربکرێت و هەوڵیش بدرابایە ئەو ژمارانە بدۆزرێنەوە، کە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، ئەمەو قسەی تریش ماوە، بەڵام ناکرێت لەم کورتە نووسینەدا ئاماژە بە زۆربەی هەرە زۆری هەڵەو کەموکوڕییەکانی ئەو مەلەفە بدەم.

بە هەرحاڵ هیوادارم ئەم ژمارەیەی کە ئەمڕۆ بڵاوی دەکەمەوە ببێتە سەرەتای هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی تەواوی ژمارە ونبووەکانی **«خەبات»** بە تایبەتیش ئەو ١٠ ژمارەیەی کە لە ماوەی مانگی ئازاری ١٩٧٤ تا مانگی شوباتی ١٩٧٥ چاپ و بڵاوکراونەتەوە، من خەریکی کۆکردنەوەی ئەو ژمارانەم، هیوادارم هەر بەڕێزێک دەتوانێت لەو ڕووەوە یارمەتیم بدات دەتوانێت بەم ئێمایلە پەیوەندیم پێوە بکات.

سەرنجێک:

**بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەی ئۆریژناڵەکانیان لەم چەند لاپەڕەی دواتر بڵاوکراوەتەوە، پێشەکی دیاریی ژمارە لە لاپەڕە (٣–٨)ی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان بخوێننەوە.**

ڕۆژنامەنووس



الاستجابة لمطاليب الثـــورة الكرديـــة هى حجر الزاويـــة
لتحقيق أهـــداف الشعب

لاضمان لصيانة الاستقلال الوطنى والاستقرار والازدهار البلاد الا بالديمقراطية .

ولاديمقراطية بغير الحيـــاة البرلمانية والحريات العامة وبـدون حل عادل للقضية الكردية على أساس الحكم الذاتى .

خەبات

لسان الحزب الديمقراطى الكردستانى

يا جماهير شعبنا ناضلى من أجل : —

× تصفية الحكم العسكرى وأنهاء فترة الأنتقال واقامة نظام ديمقراطى برلمانى سليم .

× لتمتين الروابط الأخوية والنضالية بين الشعبين العربى والكردى بشكل يضمن لهما مطامحهما القومية المشروعه .

× لتمتع الشعب الكردى بحقوقه القومية بما فيها الحكم الذاتى لكردستان العراق

العدد « ٤٧٤ » ** تشرين الثانى ١٩٦٤ ** طبعت بمطبعة خەبات ** الثمن « ١٠٠ فلس »

**دوو ژمارە جیاوازی (٤٧٤)ی (خەبات)ی سەردەمی دەردە کورد**



الأتحـــاد الوطـــــــــنى يضمن للعراق استقلالـــه وازدهاره

وحدة قوى الثـورة الكـردية شـــــــرط لأنتصارها

لاضمان لصيانة الأستقلال الوطنى والأستقرار والازدهار البلاد وتقدمها الا بالديموقراطية . ولاديموقراطية بغير الحياة البرلمانية والحريات العامة ... حرية الاحزاب والنقابات والمنظمات والصحافة والراي وبغير حل عادل للقضيه الكردية على اساس الحكم الذاتي

خەبات

لسان الحزب الديموقراطي الكرد...

ياجماهير شعبنا ناضلي من أجل جبهة اتحاد وطني يقود النضال الوطني .

ضد الاستعمار ... ضد الدكتاتورية المعادية للشعب واهدافه الديموقراطية

لاقامة نظام ديموقراطي برلماني سليم .

... الاخوية والنضالية بين الشعبين العربي والكردي .

... الذاتي لكردستان العراق

العـــدد ( ٤٧٤ ) شـــباط ١٩٦٦ ( السنة الثام...



بەرەی رزگاری کوردستان و بەرەی یەکگرتنی نشتمانی عیراق
دیموکراسی بو عیراق و ئوتونومی بو کوردستان ئەهێنێتەدی

خەباتی کوردستان

خەباتی کوردستان دەر ئەچێتەوە

وای بو ئەو کەسەی پشت ئەکاتە گەل

پێشمەرگە

یەکێتی هێزەکانی شورشی کورد

وحدة القوى الوطنية ضمانة كبرى لحل المسألة الكردية
ومشكلات الشعب الاساسية الاخرى

# خەبات

لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني

لا ضمان لصيانة الاستقلال الوطني والاستقرار وازدهار البلاد الا بالديمقراطية، ولا ديمقراطية بغير الحياة البرلمانية والحريات العامة وبدون حل عادل للقضية الكردية على أساس الحكم الذاتي

أهدافنا هي تحقيق أماني شعبنا في صيانة الجمهورية وتعزيز أواصر الوحدة الوطنية وإقامة نظام ديمقراطي برلماني سليم وتوطيد الروابط الأخوية والنضالية بين الشعبين العربي والكردي بشكل يضمن تحقيق مطامحنا القومية المشروعة والحكم الذاتي لكردستان العراق

العدد ٤٧٧ — نيسان ١٩٦٥ — الثمن (١٠٠ فلس)

وحدة القوى الوطنية في العراق ضمانة كبرى لحل المسألة الكردية ولمشكلات الشعب الاساسية الاخرى

من اهم المشاكل التي طرحت نفسها على بساط البحث في العراق بعد ثورة الرابع عشر من تموز • مشاكل رئيسية ثلاث في نظرنا، ويقف على رأس هذه المشاكل مشكلة الحكم، وتليها القضية الكردية ومضاعفاتها ومن ثم مسألة تحديد علاقات العراق الخارجية مع الدول العربية الاخرى •

ولسنا الآن في معرض الحديث عن الاسباب والظروف الذاتية والموضوعية التي كانت منبعا لهذه المشاكل الخطيرة التي تضخمت واستفحلت بمرور الزمان حتى اصبحت بمثابة عقبات وعراقيل كأداء لا يمكن بدون وضع الحلول العملية الصائبة لها انقاذ البلاد من حالة التخبط التي اصبحت احدى سماتها البارزة منذ حوالي سبع سنوات عجاف، والانتقال بهذا الشعب الذي تحمل الكثير من الويلات والنكبات الى ظروف اخرى جديدة تتهيأ فيها فرص الاستقرار والديمقراطية والتقدم في مختلف المجالات •

ان لمشكلة الحكم في العراق تأريخا قديما يمتد الى بدء تأسيس الدولة العراقية في اوائل العشرينات من هذا القرن حيث دأبت الحكومات العراقية المتعاقبة على تزييف ارادة الشعب في انتخاب ممثليه الحقيقيين ومحاربة حركته الوطنية والديمقراطية، وبقيت تلك الحكومات لهذا السبب حكومات معزولة عن الشعب ومفروضة عليه من قبل الرجعية المتحالفة مع الدوائر الاجنبية، وبدلا من ان تبادر قيادة الثورة بعد عام ١٩٥٨ الى معالجة هذا الوضع الشاذ وتطلق للشعب حرياته الديمقراطية والدستورية الا انها كانت اشد طغيانا واكثر امعانا في الاستبداد والدكتاتورية وأتت حتى على الحقوق والحريات الشكلية التي كان يتمتع بها الشعب بين آونة واخرى خلال سنوات الحكم الملكي السابق •• وقد سار الحكم على هذا النهج الفاشستي خلال العهد العهدي المندثر وحتى يومنا هذا، ولم تفشل حكومات ما بعد ثورة تموز في معالجة مشكلة الحكم فحسب بل انها اوجدت عمداً مفاهيم جديدة بهذا الخصوص وشكلت لهذا الغرض مجالس ليس لها مثيل في المفاهيم والنظم الديمقراطية واودعت اليها السلطتين التشريعية والتنفيذية في آن واحد وحاولت حصر حق ممارسة النشاط السياسي بمنظمات مصطنعة •

ومن الطبيعي ان اي حكم لا يستند على الشعب وعلى ارادته الحرة يبقى عرضة للزوال الحتمي السريع كما

(ص٣)

علمتنا تجارب قاسم والبعث واية حكومة اخرى تسير على ذات النهج السياسي •

وكان من الطبيعي ان تسير امثال هذه الحكومات على خط معاد للحركة القومية الكردية التحررية ايضا نظرا لكون الشعب الكردي جزء من الشعب العراقي المغلوب على امره من جهة ولان حركته التحررية هي جزء من الحركة الديمقراطية التي تعرضت للانتهاك والتجاوز – والقمع من قبل هؤلاء الحكام الرجعيين • ولما كانت القضية الكردية في العراق مرتبطة ارتباطا عضويا – بالديمقراطية فهي لهذا السبب ستبقى ( بصورة عامة ) قضية مرتبطة بحل ازمة الحكم في البلاد • ان القضية الكردية في العراق هي من حيث الجوهر قضية طموح وتطلعات القومية الكردية الى ممارسة حقوقها المشروعة في هذا العصر ، عصر يقظة القوميات ونموها ،

واصطدام هذا الطموح المشروع العادل بالحكم العربي الرجعي الشوفيني الذي لا يمثل الارادة الحقيقية للشعب العربي في العراق هذا الحكم البعيد عن مفاهيم حضارة القرن العشرين الذي يصر على ان يجعل من نفسه وكيلا عن الشعب الكردي ويريد عن طريق النار والحديد وضع قوالب معينة لاماني واهداف الشعب الكردي القومية مستوحاة من عقلية الحكم المتخلفة ، ذلك لان تحديد حقوق القوميات منوط بارادة ورغبات تلك القوميات نفسها بالدرجة الاولى تبعا لمبادئ حق الامم في تقرير مصيرها التي اصبحت شريعة معترفا بها على الصعيد الدولي بعد الحرب العالمية الاولى ، لا ان يجعل البعض من انفسهم اوصياء على القوميات الاخرى •

اما العامل الثالث من عوامل الاضطراب السياسي في العراق والذي هو نتيجة للعامل الاول ومتمم له فهو عدم تحديد علاقات العراق العربية على قواعد واسس متينة ومدروسة وقائمة على معرفة راي الشعب الحقيقي في هذا الموضوع الذي كان عرضة للاخذ والرد والسلبية والايجابية اكثر من مرة على ايدي الحكام ونظرا لكون هذه المسألة هي من اختصاص ابناء – القومية العربية في العراق بصورة اساسية وجزء من حقهم في تقرير مصيرهم بالشكل الذي يرتضونه لانفسهم لذا فان التفصيلات المتعلقة بها نتركها لاخواننا العرب لاننا بصفتنا ابناء قومية اخرى لانملك الا ان نقف موقفا ايجابيا من الحركة القومية العربية ونؤيد جميع الخطوات

التي يخطونها نحو استكمال وتحقيق اهداف امتهم القومية التحررية وفقا لارادتهم ومشيئتهم هذه في نظرنا هي اهم المشاكل التي سوف تتحطم على صخرتها اية حكومة في العراق ما دامت قائمة دون حلول جذرية •

لقد اثبتت تجارب السنوات الماضية بما لا يدع مجالا للشك بان طريق الانقلابات العسكرية واستئثار فئة دون غيرها بمقاليد السلطة في البلاد واعلان الحرب على كل الفئات والقوى السياسية الاخرى مهما كانت الاسباب والدوافع ، لم تجلب للشعب العراقي بصورة عامة ولا لتلك الفئات التي حاولت التسلط بصورة خاصة غير الكوارث التي تتابعت على مسرح السياسة في العراق •

وعلى الرغم من الجراح العميقة التي تركتها هذه الاحداث في جسم الوحدة الوطنية والحماسة وضيق الافق السياسي الذي خلفته لدى معظم الاوساط السياسية الآن ضرورات الواقع ومستلزمات شعور الجميع بالمسؤولية الوطنية والتاريخية تفرض على مختلف اجنحة الحركة الوطنية وعلى جميع القوى والاوساط والشخصيات الاجتماعية التي يهمها مصير العراق ديموقراطيا حر مزدهر ضرورة رص صفوفها وتوحيد قواها وامكانياتها والنضال يدا بيد وجنبا الى جنب من اجل انقاذ الشعب من حالة التخلف والاقتتال والفوضى •

ان حزبنا الديمقراطي الكردستاني وثورتنا الكردية وقائدها مصطفى البارزاني يدعون الجميع الى ان يقروا بمشاكل الماضي الثانوية خلف ظهورهم وان يوجهوا كل طاقاتهم نحو قضايا الشعب الملحة واننا نرحب باي لقاء يتم بيننا وبين الاطراف ذات العلاقة من وطنية وقومية وديموقراطية بغية دراسة النقاط المتقدمة اعلاه بمزيد من التفصيل والوضوح – والاتفاق على نقاط الالتقاء المشتركة والنضال من اجل وضعها موضع التطبيق الحازم وفق مصلحة الشعب والوطن •

---

( السلطة المطلقة تؤدي الى الفساد المطلق )

نيرو

( ص ٣ )

من المسؤول عن فرض الحرب في كوردستان ؟

تلقت كافة الاوساط الشعبية والوطنية اتفاقية ١٠/٢/٦٤ بارتياح وتفاؤل كبيرين ، لما كانت تنطوي على التحسس بوجوب وقف القتال الاخوة ، ووجوب حل المشكلة الكردية بالطرق السلمية . وانتظر الكل ان تخطو الحكومة العراقية خطوات ايجابية ، فورية لوضع الاتفاقية موضع التنفيذ . لكنها لم تكن محتجة ، وكمن تعوزه الحجة بل النية السلمية بضرورة المناقشة والتباحث والتفاوض لتوضيح كل [illegible] والتماس في مطاليب الثورة ، ثم الوصول الى اتفاق واضح محدد . ونحن لم نجد غضاضة في ذلك ، باعتبار ان مثل ذلك الطلب من حقوق المفاوض كما وانه يجهض اية محاولة تخريبية يقوم بها المتصيدون في الماء العكر وكذلك يحول دون اندلاع نار الحرب مرة اخرى فجرت المفاوضات والمباحثات على فترات مختلفة حتى استوعبت اكثر من سنة ، كنا خلالها نثبت بسلوكنا المرن وحسن نيتنا للرأي العام العراقي ، العربي ، العالمي ، اننا نلزم انفسنا بما التزمنا به ونتيح الفرصة للحكومة للقيام بما تعهدت به في اتفاقية وقف القتال . لكن اتضح خلال المفاوضات ، ان الحكومة كانت تكشف عن نواياها يوما بعد يوم . وبسلوك يدل على التحجر وضحالة التفكير في طرح ومعالجة القضايا والمشكلات السياسية ، الخاصة بالقضية الكردية ، اذ لم تكن تؤمن — على سبيل المثال — باستعمال اللغة الكردية كلغة رسمية في المنطقة الكردية الى جانب اللغة العربية بل كانت تعتبر هذا الامر ، شيئا غير منطقي ، لا يأتلف مع سياستها كما وانه ليس جزءا من الحقوق القومية التي اتفق على تثبيتها في الدستور ، بالاضافة الى كونه من اسباب تصدع الوحدة الوطنية .. وعلى الرغم من هذه العنصرية العقيمة التي جعلها حكام العراق منطلقا — ونفس المنطق — لطرح وجهات نظرهم وحلولهم المبتسرة لم نغلق الباب في وجوههم لعل المصلحة الوطنية العليا تدفعهم الى التراجع عن مبادراتهم العقيمة والى ان يسلكوا سلوكا سياسيا مرنا ، ينطوي على الشهامة والادراك السليم . لكنها بدأت تتراجع عن الايفاء بالالتزاماتها وتتجاهل روح اتفاقية ١٠/شباط ١٩٦٤ ومضت الى حصر المشكلة الكردية .. في اطار اعمار الشمال على وضوح مقوماتها السياسية وعمق جذورها . واقترن بتراجعها هذا ، تعزيز المرتزقة من خونة الشعب ( الجاش ) وتزويدهم بالمزيد من الاسلحة ، وابقاء العشائر العربية في الاراضي الكردية المغتصبة في لوائي كركوك واربيل ، والقيام بتحركات عسكرية واجراءات استفزازية ومرابطة قواتها في مناطق كردستان ، الى جانب الاستمرار في تطبيق ( خطط هزيلة ) بشراء الذمم وخلق ( الطابور الخامس ) بهدف تصفية الثورة الكردية الصامدة . ومع ذلك ، صممنا على عدم افساح المجال لبذر الخلاف في قرنه ، قصد تلمس موقف متطور نهائي من جانب الحكومة ، لوثوقنا من ان حل القضية حلا صحيحا سيقضي على كل هذه العراقيل والمشاكل ، ولوثوقنا ايضا من ان اية محاولة تستهدف ضرب الثورة انما لايكون مصيرها بافضل من مصير قاسم والبعثيين .

وللاسف الشديد بدأت الحكومة تخطو خطواتها الاولى نحو تأزيم الموقف ، بشن حملة دعائية رخيصة ، مسخرة كل طاقاتها الاعلامية والصحف المشبوهة محاولة منها القاء ظلال من الشكوك والريبة على الثورة وقياداتها واهدافها ومضت دعايتها الغوغائية تمارس الدس والتشويه والتأليب بكل وقاحة ممهدة بكل هذه الاساليب التافهة ، لحرب اهلية مدمرة لايجني منها الشعب العربي والكردي ، سوى الخراب والدمار . ورافقت حملتها الدعائية ، محاولات للسيطرة على المناطق المحررة من كردستان ، بسوق قطعاتها العسكرية و( الجاش ) اليها ، حتى باشرت بالقتال الفعلي . في مناطق عديدة . مثل دهوك — والشيخان ودربندي خان وخانقين والسليمانية ،

فاصبحت هذه القوات على تماس من قوات فصائل الانصار ، وراحت قواتها تستفز قوات الفصائل ، في محاولة يائسة منها ، لاندلاع الحرب . ومع ذلك ، تميز افراد الفصائل ، بالحرص على تجنب استفزازات القطعات الحكومية والوقوف موقف الدفاع وضبط النفس الى اقصى حد ممكن ، كل ذلك في سبيل انقاذ ما يمكن انقاذه من سبل التفاهم ووضع حد للتوتر الذي يسود البلاد ، والمضي نحو حل القضية — بالوسائل السلمية . لكن كما اتضح شق التيار الشوفيني الذي يشد بعض عناصر المجلس الوطني الى بعض طريقه نحو فرض النهج المعادي لحقوق الشعب الكردي والديمقراطية ، ونحو ( عسكرة ) البلاد والسير نحو التحكم في مقدرات الشعب وتثبيت الديكتاتورية بحكم المدفع والرصاص ودماء ابناء الشعب . ولم يتوقفوا عند هذا الحد ، بل مضوا ردون ان تعلنوا

( ص ٤ )

الحرب ، الى القيام بالحركات العسكرية الفعلية الواسعة في كردستان ، بقوات هائلة تساندها الدبابات والمدافع والطائرات وبضرب المدن – كما حدث في السليمانية وقتل المواطنين الآمنين ، والابادة الوحشية ، بسل مضوا وبشراسة ووحشية يخضون المعارك ، دون ان يعيروا اية اهمية ، للقيم الانسانية وقواعد الحرب .

وهم الآن في سبيل توسيع نطاق الحرب التي شنوها على الشعب الكردي ، ومن البداهة بمكان ، ان الشعب الكردي ، لايمكن ان يقف مكتوفي اليدين ازاء هذه – العمليات العسكرية البربرية ، بل انه سيظل يدافع عن نفسه ، بما له من امكانية ووسائل متوفرة . لذالك اضطرت قوات فصائل الانصار الى رد اعتداآت الحكومة الوحشية دفاعا عن قضية شعبهم العادله ، وتأديبا الحكام الفاشست ، وقهرا للفاشية التي تحكم العراق منذ اكثر من سنتين وتحقيقا للديمقراطية .

وحكم هذه مقوماته وسماته ، لايمكن ان يؤمن بالديمقراطية ، وبالحقوق القومية لشعبنا الكردي ، وبداهة انه لا يعرف سبيلا لحل مشاكل البلاد ومخرجا للازمة التي يعانيها الآن في الحرب كوسيلة للسيطرة ثم الدكتاتورية ، والبقاء في الحكم . لكن شعبنا الكردي والشعب العربي في العراق ، يدركان ان مصيرهم ليس بافضل من مصير اسلافهم ، وان عزلة الحكام ستطيح بهم قريبا . وان مصيرهم انما قضية ايام فحسب .

ومع ذلك لازال هناك ، مايدعو ضميرنا الى مناشدة حكام العراق ، لايقاف الحركات العسكرية والحرب الفعلية – الدائرة الآن ، للحيلولة دون اراقة المزيد من الدماء ، من دماء الاخوة ، دماء ابناء وطن واحد . وكفى ياحكام العراق . سفك الدماء ، والقلاقل والفوضى . ان الشعب العراقي ، بل العالم يدينكم باقامة المجازر التي شهدها العراق عربا واكرادا منذ ٨ شباط . يدينكم بالهستيرية المخبورة فهلا فكرتم قليـــلا ؟

---

**عيد مخضب بالدماء !!!**

العيد مناسبة لادخال الفرحة الى كل قلب وازالة الدمعة من كل عين وارسال السرور الى كل بيت ، والحكام اقدر على ذلك من غيرهم حيث يعيدون الجنود الى اقربائهم واحبائهم ويمنحون العون للمحتاجين ويعلنون العفو عن المسجونين . ولكن حكام العراق اختاروا مناسبة العيد لسوق مئات الالوف من الجنود والضباط ليقاتلوا اخوانا لهم في الدين والموطنة فبذلك جعلوا من العيد مناسبة لادماء قلوب الاباء وابكاء عيون الامهات ومنع الابتسامة على ثغور الاطفال .

نشكركم الى الله يا والله نشكو حكام العراق !!!!

---

**( حول المادة الاولى من الدستور المؤقت )**

لقد نص الدستور المؤقت الصادر في مايس ٩٦٤ في مادته الاولى على ان الشعب العراقي جزء من الامة العربية . ونظرا لعدم انسجام هذا النص مع الواقع ومخالفته للحقائق التأريخية طالبت قيادة الثورة الكردية حينذاك بتعديل النص المذكور بحيث يصبح كما يلي ( الشعب العربي في العراق جزء من الامة العربية ويقر هذا الدستور حقوق الشعب الكردي القومية ضمن الوحدة العراقية )

كما وكررت طلبها العادل هذا في مذكرة ١٠/١١ /٩٦٤ وفي مناسبات اخرى . اننا لسنا بحاجة للدفاع عن احقية وعدالة هذا المطلب ( حيث هو حق طبيعي وحقيقة تأريخية ) لولا الضجيج المفتعل حوله في هذه الايام من قبل اجهزة الدعاية الحكومية واعتبارها اياه جريمة وخروجا عن ارادة مجموع الشعب وعن الوحدة الوطنية ؟ !!!! .

مما لاشك فيه ان العراق يتكون من قوميتين رئيسيتين هما القومية العربية والقومية الكردية واقليات اخرى ولكل قومية مقوماتها ومميزاتها الخاصه ، فالشعب الكردي في العراق له ارضه – كردستان – ولغته الخاصه وله ثقافه وعادات وتقاليد مشتركه وغيرها من الشروط التي تجعله قوميه قائمة بذاتها ، وهو لهذا ليس جزءا من امة او قومية اخرى وان الذين يدعون خلاف هذا زورا وبهتانا انما يفترون على الواقع – ويحاولون بالمستحيل قلب الحقائق التأريخية وانهم بادعائهم هذا انما يعبرون عن افكار عنصرية بغيضة تدعو الى دمج وتذويب القوميات الصغيرة في بودقة القوميات الكبيرة ، هذه الافكار التي لعنها التأريخ والضمير الانساني وقبرت مع الفاشية السوداء .

ان ادعاء فلاسفة جريدة الجمهورية المشبوهين والمسؤولين الحكوميين بان عدم اعتبار الشعب الكردي جزء من الامة العربية هو جريمة لا تغتفر انما يبين بوضوح اجرامهم بحق هذا الشعب ومحاولاتهم البائسة لطمس معالم القومية الكردية وابادتها ناسين او متناسين ان كثيرا من الطغاة والفاشست من قبلهم حاولوا ابادة الشعب الكردي ولكنهم فشلوا وتحطمت جماجمهم على صخرة النضال والتضحيات الجسيمة التي قدمها هذا الشعب على مد الزمن دفاعا عن وجوده وللحفاظ على كيانه القومي الخالد .

اما ادعاؤهم الباطل بان ذكر هذه الحقيقه هو خروج عن ارادة مجموع الشعب فان هؤلاء لاحق لهـــم

( تتمة المادة الاولى من الدستور المؤقت )

بالتكلم باسم المجموع مطلقا لانهم لا يمثلون ارادة الشعب ولم يكن للشعب رأي في تخويلهم الحكم بل انهم اتوا الى دست الحكم في غفلة من الزمن وبواسطة المؤامرات والدبابات التي لازالوا يستندون اليها في فرض انفسهم على الشعب العراقي المبتلى بهم

اما حديثهم عن الوحدة الوطنية وكيف ان هذا المطلب يقتضيها فاننا نقول لهم ان الوحدة الوطنية في البلدان التي فيها اكثر من قومية واحدة لا تترسخ بمحاولة تذويب او دمج القوميات الصغيرة في بودقة القومية الكبيرة بل بالاعتراف الكامل بحقوق كل قومية وكيانها وبتكوين علاقات راسخة بين هذه القوميات على اساس الاحترام المتبادل واقرار حقوقها القومية ضمن الوحدة الوطنية والامثلة على ذلك كثيرة كاتحاد السويسري والاتحاد السوفياتي ويوغوسلافيا وغيرها.

ان الافكار العنصرية السوداء اوصلت فلاسفة اجهزة الدعاية الحكومية الى درجة اعتبارها المطالبة بجعل اللغة الكردية لغة الشعب الكردي الرسمية جريمة ودعوة الى الانفصال. ان لكل قوم حق استعمال لغته الخاصة ضمن كيانه القومي وان هذا الحق طبيعي. وقد اعترف به للشعب الكردي قبل حوالي النصف قرن عند تشكيل الكيان العراقي. فهناك توصيات من عصبة الامم حول ضرورة حل المشكلة الكردية بشكل يرضي الشعب الكردي في العراق وهناك قانون اللغات المحلية الذي اعترف باستعمال اللغة الكردية كلغة رسمية ضمن المنطقة الكردية وغيرها من الوقائع التي تثبت الاعتراف بوجود القومية الكردية في العراق. اما الذين يريدون قلب الحقائق وتكوين نظريات جديدة تقضي بتذويب القومية الكردية وجعلها تنمحي في مزبلة التاريخ وبالرغم منهم ومن جميع الاعداء سوف تبقى القومية الكردية خالدة لان تعدد القوميات غير قابل للانصهار.

ان شعبنا الكردي في العراق هو جزء من الامة الكردية تلك الامة التي لها جميع المقومات والخصائص كغيرها من الامم. ولقد دافع شعبنا عن هذه الحقيقة ببسالة خلال تاريخه الطويل الدامي وقدم الالوف من التضحيات بشرف ضد المعتدين الذين كانوا يريدون طمس هذه الحقيقة التاريخية وعدم الاعتراف بوجود قومية كردية في العراق ولنفس السبب اندلعت ثورتنا الكردية في ايلول ١٩٦١ وقدم شعبنا فيها خلال السنوات الثلاث الماضية الكثير من التضحيات ولانزال وبشرف نمضي على ذات الطريق الى ان تتحقق اهداف ثورتنا المجيدة

اما الانتهازيون والادعياء الذين يريدون دمج وتذويب القومية الكردية في العراق باسم الاخوة الاسلامية تارة واخرى تحت شعار الاحتفاظ على الوحدة الوطنية وغيرها فانما يعبرون ذلك عن افكار عنصرية متعفنة يريدون بها خلق عداء مصطنع بين الشعبين الشقيقين العربي والكردي واضعاف الاخوة العربية الكردية التي ترعرعت وتعززت في خضم النضالات الثورية المشتركة للشعبين الشقيقين ضد العدو المشترك، كما وان هذه المحاولات الاجرامية سوف لن تجلب لهم غير الخيبة والخسران والخزي والعار لان الحقائق التاريخية والوقائع المادية اقوى من ان تستطيع فئة خارجة عن ارادة الشعب العراقي تحريفها او تشويهها.

---

مدينة السليمانية الباسلة تتعرض للعدوان مرة ثانية

---

في الساعة السابعة من مساء ٢/٤/١٩٦٥ خرجت قوات الجيش والشرطة من ثكناتها الى داخل مدينة السليمانية وطوقت المدينة الصامدة بالمصفحات والدبابات وفتحت نيران اسلحتها الفتاكة على السكان الآمنين واستمرت هذه الاعمال البربرية الانتقامية الصافرة عدة ساعات سقط بسببها حوالي ( ٣٨ ) شهيدا من الرجال والنساء والاطفال والشيوخ وبعضهم عدد من اخواننا العرب من موظفي الحكومة فضلا عن عشرات من الجرحى. هذا مع العلم ان متصرف السليمانية كان قد اصدر قبل بضعة ايام من هذه الفضائع الهمجية بيانا طمن فيه اهالي السليمانية على ارواحهم وممتلكاتهم واعلن فيه ان الحكومة الوطنية لا تحارب اهالي السليمانية بل تحميهم من العصابات وقطاع الطرق. هكذا شرفت الحكومة عهدها. وبهذا الاسلوب حمت مواطنيها وراعت حرمة موظفيها. ولا شك انها ذكرت اهالي السليمانية ان عهد تشرين اشرس خلق لا وحش سلف !

شيئا من الرجولة يا حكام العراق !!!!!!

---

( اريد ان امسح كل دمعة من كل عين )

غاندي

( ص٦ )

كتب جديدة حول الثورة الكردية :

ـالحرب الكردية ـ

بقلم دافد ادمسون

زار كردستان منذ نشوب الثورة عدد كبير من مراسلي كبريات الصحف والمجلات العالمية فضلا عن ممثلي دور الاذاعة ومصوري محطات التلفزيون وكان من اوائل هؤلاء المراسلين المستر دافد ادمسون مراسل (الصنداي تلغراف) البريطانية الذي دخل الاراضي المحررة في نهاية عام ١٩٦٢ وعاد الكرة في نهاية العام التالي. يمتاز اسلوب المستر ادمسون بالوصف الدقيق والملاحظة السريعة للاشخاص والاماكن التي مر بها خلال رحلته المتعبة وهذه الانطباعات عن عالم مجهول بالنسبة الى الكاتب تكون القسم الاعظم من كتابه الذي يقع في اكثر من مائتي صفحة . وبالرغم من ان محتوى الكتاب لا يتسع لاكثر من ثلاثة او اربعة مقالات صحفية الا ان الكتاب شيق بسبب اسلوبه الجميل والساخر احيانا . ومن الممكن تصنيف هذا السفر ضمن كتب الرحلات بدلا من وضعه بين الكتب السياسية وبالرغم من ذلك توصل الكاتب الى استنتاجات حول الثورة واهدافها وهي اقرب ما تكون الى الصحة والحقيقة . واما موقف الدول المجاورة ابان رحلته الاولى فقد خبره بنفسه خلال محاولاته للدخول الى ارض الثورة والتي استغرقت منه خمسة اسابيع مليئة بالمتاعب والصعوبات كادت ان تحول دون دخوله

وفي رأيي اقترف ادمسون خطأ واحدا وهو حكمه السريع على الاشخاص الذين قابلهم خلال رحلته .

يتعرض الكاتب الى صفحة من التعاون العراقي ـ الانكليزي في لحظة عابرة في الواقع في هامش قصير ، ولكنها توضح بجلاء الخطط العراقية البريطانية المشتركة في المنطقة ومدى الاسناد الذي حظي به حكام البعث من بريطانيا التي ارادت ان تحتفظ بنفوذها على المنطقة بعيدا ومن خلال الحكم البعثي ، فقد جاء في صفحة ٩٦٤ من الكتاب ( وافق البريطانيون على اسناد البعثيين ضد الاكراد بعد مقتل قاسم . اذ تم الاتفاق مبدئيا على تزويد العراق بالطائرات والاسلحة ومنها ـ المدرعات . واخذ البريطانيون على عاتقهم مهمة عقد اتفاقية سرية مع الدول المجاورة تتخذ بموجبها هذه الدول اجراءات حازمة لعزل الاكراد العراقيين ..... ورفضت السلطات البريطانية منح تأشيرات الدخول الى ممثلي الثورة في مسعاهم لشرح وجهة نظر الاكراد في اوربا وذلك في عام ١٩٦٣ لان ـ البريطانيين ارادوا ان يستقر حكم البعث بعد اعترافهم بالكويت) .

ويتعاطف الكاتب مع مجمع الانتفاضات والوثبات والثورات في المناطق الكردية المختلفة على انها تعبير عن رغبة الشعب الكردي في رفع الظلم والاضطهاد عن كاهله ، وهو يرتفع بنفس رغباتها

اتهامات اعداء الشعب الكردي من شوفينيين وعنصريين ورجعيين في وسم هذه الحركات باعمال الشغب والفوضى . ومن ناحية اخرى يستغرب مؤلف كتاب الحرب الكردية من ازدواج المقاييس لدى البعثيين وبقية القوميين الرجعيين في العراق الذين يقيمون الدنيا ويقعدونها ازاء اي انتقاد ، مهما كان صغيرا من سيادتهم او اغتصاب لحقوقهم وفي ذات الوقت يقترفون جرائم لا تقل بشاعة عن تلك التي اقترفتها الكولنيالية في اظلم عهودها ففي مقابلة مع وزير خارجية البعث طالب شبيب في لندن قبيل اخراجه من الوزارة قال الوزير البعثي ( كيف نستطيع منح الاكراد ما يطلبون )

ويرد المستر ادمسون على هذا النص بحرف فيقول للاكراد عموما ما لبقية الشعوب من حق السيادة والاستقلال ولكن الحل الاني لمشكلتهم يكمن بالضبط في الحكم الذاتي ويضيف ان ليس بوسع احد الادعاء بان دولة العراق ـ العسكرية التي خلقتها بريطانيا بعد الحرب العالمية الاولى تعتبر نجاحا ، اذ لم يتمتع العراق بالاستقرار ابدا حيث ان المجموعات المتنازعة فيه قوية ، وقد اتت حكومات وذهبت بالسرعة التي تبدل فيها المسارح تمثيلياتها ولا شك ان تمتع الاكراد بالحكم الذاتي سيضفي الاستقرار على البلاد ، وليس العكس كما يدعي البعث . ومن ناحية الاخرى فان تحرر عرب العراق من الفكرة الخاطئة القائلة بأن العراق باجمعه جزء من الامة العربية سيدفعهم الى التفكير بصورة خلاقة واقعية . ومن جهة ثالثة فان جميع الحروب التي خاضها الاكراد حتى يومنا هذا كانت دفاعية وليست هجومية مما يزيل اية مخاوف تراود البعث

واما بخصوص واردات النفط فيقول الكاتب استطاعت الشعوب والامم حل مشاكل اعقد منها وان توزيعا عادلا لواردات النفط بين القوميتين العربية والكردية في العراق سيكون بمثابة عامل توحيد بينهما وليس بعامل ـ تفريق اذ سيرى كلاهما ان من مصلحتهما استمرار تدفق البترول الى سوقه الوحيد وهي اوربا الغربية .

الى التقيه لتنية طريص ٨٠)

اسحب امردر

( ص٢ )

## اخبار من كردستان

× رفعت حملات الدعاية الحكومية الرخيصة مؤخراً ونسبتها منتسبي جيش كردستان وشعبنا الكردي بصورة عامة الى اعلى المستويات ، فقد انهالت على قيادة ثورتنا الوف الطلبات من ابناء الشعب يطالبون فيها الانخراط في صفوف قوات البيشمركه الباسلة كما التحق بقطعاتنا اعداد غفيرة من قواتنا المسلحة لاحتياطية وعقدت اجتماعات متعددة في كل مكان لتنظيم مساهمة قوات العشائر الوطنية في الدفاع عن عدد من القواطع العسكرية في كردستان .

× على الرغم من رائحة البارود واجواء الحرب التي بدأت تنشر ظلالها السوداء على البلاد من جديد فقد احتفل شعبنا الكردي في ارجاء كردستان كافة بعيد نوروز المجيد وسط الحماس العظيم واندفاع الجماهير للذود عن ارض الوطن العزيز .

× لجأت السلطات الحكومية مؤخرا الى الاسلوب الشعبي القديم الذي سبق واتبعه قاسم والمعثيين في اجبار المواطنين على ارسال برقيات الاستنكار للمذكرة الانفصالية !!!!!! ان مواطني كردستان يعرفون جيدا هوية الجانب الاكبر من مرسليها من رؤساء الجاش والاسلوب المتبع في انتزاعها من قسم اخر من المواطنين ؛ ولو اجرينا احصائية بما اذيع من برقيات باسم الشعب الكردي ايام قاسم والمعثيين وشركاء هم الخائنين في الحكم لبلغ عدد الاكراد في العراق اكثر من خمسين مليون نسمة .

× زار كردستان في اواخر شباط الماضي اثنان من الصحفيين من مراسلي مجلة ( كويك ) الالمانية الاسبوعية وقد اجرينا عدة لقاءات مع قائد الثورة مصطفى البارزاني ومع قادة الحزب وجيش كردستان الثوري وابناء الشعب ، وقد ابديا اعجابهما الشديد وتأثرهما البالغ بما شاهداه في كردستان .

× بلغ مجموع القطعات العسكرية التي سيرتها الحكومة الى كردستان مؤخرا الاربع فرق . وتفيد المعلومات الواردة الينا ان بعض هذه القطعات في طريقها الى التبعثر نظرا لحوادث الهروب الكثيرة التي تكاد ان تحدث فيها يوميا ، وللجوء قسم اخر منهم الينا نظرا لكراهيتهم الشديدة للحرب العدوانية التي فرضها حكام العراق على شعبنا منذ حوالي الاربع سنوات .

× تذكرنا قصة مجلس الشورى بحكاية "فروة السبع" التي يتحدثون عنها في الامثال العراقية ؛ فعلى الرغم من عشرات الاجتماعات التي عقدها مجلس قيادة الثورة العراقي لهذا الغرض واجتماعات مجلس الوزراء المتكررة والمقالات الطويلة والعريضة التي دبجتها الصحافة العراقية حول قرب انبثاقه ومن مهماته التاريخية العظمى ، الا ان الناس ( وخصوصا منهم على وجه التحديد ) لازالوا ينتظرون ميلاد هذا المجلس الكسيح . ان قصة هذا المجلس تكشف بصراحة ووضوح عن مستوى الحكم التافه في العراق وعجزه حتى عن تعيين خمسة وسبعين — او مائة من المواطنين لكي يصبحوا اعضاء في المجلس — المذكور . وما على القارئ الا ان يقيس مستوى الحكام في معالجاتهم لقضايا الشعب العراقي الاساسية الاخرى . اننا ندعو باخلاص اعضاء المجلس الوطني لقيادة الثورة في العراق الى الانصراف الى واجباتهم الاصلية وترك مسؤولية الحكم الى الشعب المسكين لكي ينتخب ممثليه الحقيقيين في ظل نظام برلماني ديموقراطي سليم لادارة شؤون هذا البلد المنكوب بالحكام والمتحكمين الذين ما لبثوا يتقافزون الى كراسي الحكم في غفلة من الزمن ومن الشعب عن طريق تدبير المؤامرات والانقلابات العسكرية التي ضج منها شعبنا الابي الصابر .

× منذ مدة وطائرات القوة الجوية العراقية تحلق — وباعداد كبيرة في سماء كردستان وتمطر المواطنين بنيران رشاشاتها تارة وبالمنشورات التي ( ترجو ) فيها الحكومة من ابناء الشعب ان يتعاونوا معها تارة اخرى وقد اعتاد الاطفال في مدن وقصبات كردستان وخاصة في مدينة — السليمانية على استقبال هذه الطائرات بقرع التنكات وبكلمات ارجوك ارجوك !!!! للتنكيت على مضمون المنشورات . وقد سألنا احد كبار المسؤولين في اربيل عن السر في هذه التحليقات غير الاعتيادية فقال بان الحكومة اقدمت على هذا الاجراء لتثبت للاكراد ( ان الحكومة قوية وعندها طائرات !!!!!! ) .

× لازالت الالتحاقات مستمرة بقوات جيش كردستان الثوري من قبل الفرسان المغرر بهم ومن قوات الجيش والشرطة العراقية ومن بين هؤلاء من الجحوش الذين سبق وسلموا انفسهم الى الحكومة ، وقد ندموا وعادوا الى طريق الرشاد مرة اخرى ( بعد استماعهم الى المحاضرات الذي

(صراعات في كردستان)

القيمة التي القاها عليهم رئيس الوزراء خلال زيارته الى مدينة الموصل يوم ٨/ ٣) .

× يؤكد المسؤولون دوما بمناسبة وبدون مناسبة على ان الحكومة خصصت عشرة ملايين دينار لاعمار الشمال !!! من الجائز ان تكون الحكومة قد خصصتها من هذا القبيل في الخيال ، لان الوقائع تنطق بخلاف ذلك تماما واننا نعتقد بل ونجزم ان الحكومة لم تصرف لحد الآن حتى ولا عشرة آلاف دينار (بضمنها رواتب موظفي وزارة اعمار الشمال الثلاثة فقط) . اننا نتحدى المسؤولين ان يعلنوا عن اوجه صرف هذه الملايين العشرة ونضع الى وزارة اعمار الشمال التي هزت العراق بمنجزاتها الضخمة !!!!!!!! ان تتحف المواطنين بقائمة بمشاريعها العمرانية وتخصيصاتها لكي تسود وجوه هؤلاء المسؤولين الذين لا يشعرون بالمسؤولية فيما يقولون ويكتبون . هذا مع العلم ان الخبراء يقدرون الاضرار المباشرة وغير المباشرة التي حلت بكردستان لحد الآن بمائة مليون دينار ولازال الحبل على الجرار بفضل الحكومات العسكرية الدكتاتورية المتوالية الخير اليقين .

× يباع في الاسواق في الوقت الحاضر كتاب (ضوء على شمال العراق) اصدره "شاعر البلاط" سابقا والقومي العربي الشهير حاليا نعمان ماهر الكنعاني ، والكتاب مشحون بمجموعة لا تحصى من المفتريات والاكاذيب التي مل الناس سماعها حول المسألة الكردية في العراق الى درجة كان يجدر معها بالمؤلف ان يسميه "اكذوبة على شمال العراق" هذا وسننشر تعليقا حول الكتاب في العدد القادم من خه بات .

× اصدر حزب البعث العربي الاشتراكي (اليساري) قطر العراق بتاريخ ٢٥/٣/١٩٦٥ بيانا حول المسألة الكردية . ويعكس البيان وجهة نظر تقدمية وثورية حول الموضوع تتناقض على خط مستقيم مع سياسة البعثيين عندما تربعوا على كراسي الحكم في العراق ومع سياسة اخوانهم الحاكمين في سوريا من ابناء الشعب الكردي هناك ايضا ، وتتعارض مع ماترددها اذاعة دمشق في كل ليلة من اباطيل حول الثورة الكردية وقائدها البطل مصطفى البارزاني وعلى الرغم من ماتقدم اعلاه فاننا نرحب باي خطوة او موقف ايجابي يقفه الآخرون من شعبنا الكردي وندعوهم الى ان يقرنوا الاقوال بالافعال .

(تتمة كتب جديدة)

الحرب الكردية .

هكذا يرى كل متتبع محايد للقضية الكردية ان السبيل الوحيد لتقوية الوحدة الوطنية وتعزيز الاخوة العربية الكردية هو الاستجابة لحقوق الشعب الكردي القومية التي بلورتها قيادة الثورة لان الشراكة التي لا تحظى برضى احد الطرفين مهددة بالمخاطر دوما بينما الشراكة التي تستجيب لمصلحة الجانبين هي التي تنمو وتزدهر باستمرار . وفي استنتاجه الاخير يعرب الكاتب عن اعتقاده من ان القومية الكردية قد اخذت مكانة ثابتة راسخة بين القوى السياسية في الشرق الاوسط فهي لم تعد مجرد زهرة جبلية (اي حركة عشائرية) بل — انها اضحت تضم سكان المدن والارياف سواء . وهي في الاساس عميقة الجذور متماسكة قوية ولذلك فان — الاستجابة لمطاليبها في الحكم الذاتي حري بان يوفر للعراق الكثير من اسباب الاستقرار .

صدر هذا العدد من (خه بات) بالرونيو لخلل فني طارئ في المطبعة ، آملين التغلب عليه في وقت قريب .

تهاني قيادة الثورة بمناسبة عيد الاضحى المبارك

من خلال الاحداث المؤلمة ، نزجي التهاني بمناسبة عيد الاضحى ، الى ابطالنا البواسل (بيشمه ركه) والشعبين الكردي والعربي وكافة المسلمين . واننا اذ نزجي هذه التهاني والظلام يسدل ستاره على بلادنا ، وتطفو الكآبة على الوجوه ، نرجو ان نلتقي في العيد المقبل ، سعداء ، في ظل اخوة حقيقية والديمقراطية والحكم الذاتي — لكردستاننا الغالي .

قيادة الثورة الكردية

## نداء الى ضباط الشرطة في الجمهورية العراقية

## موقف البعث من القضية الكردية : بين الدجل الرخيص والممارسات العنصرية

## مهزلة برقيات التأييد

**لايختلف مواطنان عراقيان على حقيقة برقيات التأييد المزعومة التي تذيعها وتطبل لها اجهزة الاعلام الحكومية ، ويقوم مسؤولو البعث الكبار بطرق مختلف السبل للحصول على هذه التأييدات وتزييف ارادة المواطنين في المناطق الواقعة تحت سيطرة الارهاب البعثي .**

**ان المثل الذي نقدمه ، يلقي بعض الضوء على الدرك الذي وصل اليه مسؤولو البعث واجهزته الاعلامية الخبيرة بالدجل والافتراء ، حيث لم يتورع محافظ السليمانية عن استغلال اسم علماء الدين الاسلامي في مدينة السليمانية ، في حديث له لوكالة الانباء العراقية .**


✿ ✿ ✿

السليمانية ٧ / ٥ / ١٩٧٤

## الى ليلى

### الفتاة الكردية المحكومة بالموت في زنزانة الفاشست

القيت هذه الكلمات من اذاعة صوت كوردستان العراق مساء يوم الاحد ١٣ / ٥ / ٩٧٤ ، أي قبل ليلة واحدة من قيام فاشيو البعث بتنفيذ حكم الاعدام برفاقنا الخمسة .


شەهید لەیلا
ژمارە: ١
ساڵی یەکەم
بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری یە..
ئۆردوگای شەهید لەیلا دەری ئەکات

# قوتابیانی کوردستان هەرگیز لە ریزەکانی پێشەوەی خەبات دان

ئاشکرایە کە جەماوەری قوتابیان بەشێکی روشنبیرو شۆڕشگێڕی گەلی کوردن ، وە هەمیشە ئەبێت لە ریزەکانی پێشەوەی خەبات دا بن بۆ گۆڕینی باری کۆمەڵگای کوردەواری لە دۆخێکی دوا کەوتووەوە بۆ دۆخێکی پێشکەوتوتر لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە .

یەکێتیمان . یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە بەو گیانەوە جەماوەری قوتابیانی پەروەردە کردوە کە قوتابی ئەبێت لە هەموو ئەشکەنجەو ئێش و ئازارێکی گەلی کورد بزانن و گیانی خۆیان لا ئەمرزان بێ، لە پێناوی دەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد و قوتابیانی کوردستاندا .

بۆ ئێمان یەکێتیمان جگە لە ئامانجە پیشەییەکانی ئامانجی نیشتمانیشی هەیە کە هەتا ئەو ئامانجە نیشتمانیا نە نەیەتە دی ناتوانری قوتابیانی کوردستان شاد بێت بە ئامانجە پیشەییەکانی ، وە بەدی هێنانی ئامانجی نیشتمانی بەستراوە بە خەباتی گەلی کوردەوە شۆڕشە پیروزە چەکداریەکەیەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرزانی قارەمان پێشڕەوایەتی ئەکات .

گومان لەوەدا نیە هەر مەترسیەک لەسەر گەلی کورد و شۆڕشەکەی بێت مەترسیە لەسەر قوتابیانی کوردستانیش لەوەی چارەنوسی هەموو رۆڵەیەکی کوردی دڵسوز بەستراوە بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەیەوە ئەخوازە قوتابی کە وەک بەشێکی روشنبیر هەست بە مسئولیەت ئەکەن .

قوتابیانی کوردستان بەدەیان قوربانیان داوە وگیانی خۆیان کردوە بە سوتەمەنی بۆ بڵێسەی پێدانی شۆڕشەکەمان و پاراستنی مافی گەلی کوردمان ، مێژووی چەند ساڵەی رابردوی شۆڕش و دەوری یەکێتی مان باشترین و زیندوترین بەڵگەی زیندون بۆ ئەو راستیەمان ، بۆیە لەدەست پێکردنەوەی شۆڕشی ئەم جارەمان قوتابیانی کوردستان هەستیان بەوەکرد کە دوژمنی ئەم جارەمان چەندە دڕندەیە وچۆن هەرەشە لەمان و گیانی گەلی کوردمان ئەکات ، وە ئەو کەسەی توشقاڵێک ووزەی دڵسوزی تیابێت بۆگەل و نیشتمانەکەی ، ئەبێت بەو پەری توانایەوە بەشداری بکات لە شۆڕشی گەلی کوردا . . . لەدەوری کوبێتەوەو خەباتی بێ وچان بکات شان بەشانی هەموو کورد پەروەرێک .

قوتابیانی کوردستان لە پێناوی بەرگری کردن لە ماف و کەرامەتی گەلەکەیان بەشداری شۆڕش ئەکەن بۆ موتوربە کردنی ریزەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانمان بە پێشمەرگەی روشنبیرو پێشمەرگەی بیرو باوەر ، بۆ ئەم مەبەستەبو قوتابیان لەیەکەم رۆژی دەست پێ کردنەوەی شۆڕشی ئەم جارەمان وازی لە هەموو بەرژەوەند یەکی خۆی هێنا و کتێب و قەلەم و هەموو ئەرسەیەکی خویندنیان بەجێ هێشت بەلبشا و هاتنە ناو رێزی شۆڕشەوە .

قوتابیانی کوردستان پێویستە وەک روشنبیرێکی شۆڕشگێڕی راستەقینە رەفتار بکەن و کارەکانیان ئەنجام بدەن بێ کەڵاوی هەمو ئێش و ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەل و شۆڕش بێن بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە شۆڕشە پیروزەکەمان بەپلەیەکی زور ناسک داتێپەر ئەبێت و دوژمنە فاشستەکان هەرەشە لە مافی گەلەکەمان ئەکەن وە ماوەی حەموت مانگە شەرێکی ئابادیان بەرپا کردوە بەرامبەر میللەتە چەوسـاوەکەمان ..

بۆیە ئەبێت قوتابیانی کوردستانیش لە ئاستی پێویست دا بن وە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هاوکاری بکەن و دەوری کاریگەری خۆیان ببینن لە هەموو کایەکانی خەبات دا .

ئاشکرایە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سەرکەوتنی هەر پارتیەک و هەر دەستەو تاقمێک ریکخستنە

(١)

وە ئەوا چەند ڕێنمایی بە هێزتر بێت ئەوەندە زووتر و باشتر سەرکەوتن مسۆگەر ئەکرێت و ماوەکورت ئەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج ، ئێوەی قوتابیانی ئۆرد وگای شەهید لەیلا پێویستە ئەو ڕاستیانەی زۆر بە باشی بزانن و هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن کە زیاتر و پتەوتر ڕیزەکانتان یەک بخەن ٠ یەکێتیەکەتان داواتان لێ ئەکات کە سەرگێژ بیباکی شەهید لەیلا و ٠٠٠٠ شەهید ٠٠٠٠٠٠٠٠ ڕوون نەکەن ، وە لە هیچ جۆرە قوربانیەک سڵ نەکەنەوە شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانتان بە رامبەر دوژمنی داگیرکەر بوەستن ، چونکە شتێکی حەتمیە کە سەرکەوتن هەر بۆ گەلی کوردمان و شۆرشە پیرۆزەکەیەتی بەرابەرایەتی پارتیمان و سەرکردایەتی بەرزانی ٠٠٠ هەرچەندە دوژمنەکەمان درندەتر و بە هێزتر بێت و چەکی پێشکەوتووی هەبێ هەرچەکی میللەت لە سەرکەوتندا ئەبێت ، سەبارەت بەوەی چەکی ئیمە چەکی بیروباوەڕ و چەکی شەرەف و کەرامەتە ٠٠ چەکی میللەتی زۆر لێ کراوە ٠٠

دەبا قوتابیانی کوردستان ئۆردوگای شەهید لەیلا بکەنە ئاگر لە جەرگی دوژمنی درندەی بەرەدین

## شەهید لەیلا

پەلامار و کراوەیەکی ڕۆشنبیری بە ئۆردوگای شەهید لەیلا بەشێوەیەکی دەوری دەری ئەکات لە خزمەتی جەماوەری قوتابیانی کوردستاندا ٠ کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری قوتابیانە بۆ ئامادەکردنیان لە خزمەتی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ، وە بڵاو کراوان کردنی ئاستی بیریان ٠

پێویستە داوای قوتابیان و ڕۆشنبیران لە ناردنی نوسین و داواکردنی یەکتری دا بە نووسینەکانیان لە بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕۆشنبیری و زانستی لە کوردستاندا ٠

## سوپاس

لیژنەی بەرزی ئۆردوگای شەهید لەیلا سوپاسی بێ پایانی لقی سلیمانی ـ یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەکات بۆ هاوکاری و یارمەتی دانیان لە ئامادەکردن و بەرهەم هێنانی ئەم گۆڤارەدا لە یەکەمیندا ، هیوادارین هەر لە سەرکەوتندا بن لە خزمەتی جەماوەری قوتابیانی کوردستاندا ٠



# چاک کردنی کشتوکاڵ | ناوەڕۆکی | ئامانجەکانی

چاککردنی کشتوکاڵ بەتایبەتی لە دوای جەنگی گێتی دووەمەوە بوبە بە شێکی بناغەیی بەشەکانی رامیاری شیناوەردی و لە زۆربەی وولاتەکاندا زیاتر بایەخی پێ ئەدرێ وە بە تەنگەوە هاتنی زۆرترە چونکە هۆیەکی کاریگەرە بۆ دروست بونی چەند ئاڵ وگۆڕێکی ڕەگ و ریشەیی باری کومەلایەتی ئابوری جوتیاران و باشترین رێگا بۆ بەدی هاتنی چەندین ئەنجامی سود بەخشی بۆگەشەپێدانی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ وە پەرە پێدانیان بە شێوەیەکی گشتی .

وە چاککردنی کشتوکاڵ دەرچوە لەو جێی تەسکەی تیا بووە و لەو ناوەڕۆکە کونەی بوویەتی کە تەنها بریتی بوو لە دروست بوونی چەند ئاڵ وگۆڕ لە موڵکداری شیناوەردیدا و چاک بوونی کەمێک لە باری کومەلایەتی جووتیاران و ناوەڕۆکی کۆنی کشتوکاڵ و ئەو موڵکە گەورە شیناوەردیانەی کە بە خاوەن بوون لیکی نە ئەکرانەوەو سەر لە نوێ بیان کاتە چەند پارچەیەکی بچووک بەشیان بکات بە سەر کۆمەڵانی جوتیاراندا . وە ئەم ناوەڕۆکە تەسکەی چاککردنی کشتوکاڵ لە چەند دەوڵەتی گێتیدا جێبەجێ کراوە لەو ماوەیەدا کە ئەکەوێتە نێوان هەردوو جەنگی گێتیەوە وەکو دەوڵەتانی وەکوو : مەکسیک و چیکوسلوڤاکیا و هەنگاریا و یوگوسلاڤیا وهی تر . وە چاککردنی کشتوکاڵ بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ناو ئەم دەوڵەتانەدا ئاراستەکردنێکی کومەلایەتی ئاراستە ئەکرا زیاتر لەوەی ئاراستەکردنێکی ئابووری ئاراستە بکرێت ، وە مەبەستیشی دابەش بوونی موڵکایەتی زەوی و مافەکانی بەکاربردنی بوو بە سەر ئەوانەی بەڕاستی بەکاری ئەبەن بێ ئەوەی هەنگاوێ وا بنرێت کە ئەو جووتیارانەی زەویان پێ دراوە پێویستیەکانی بناغەی بەرهەمیان بۆ بدرێ وبارەی ئابووری و کۆمەلایەتی جووتیاران بەرزتر و لەبار تر و خۆشتر بکرێ و ئاڵوگۆڕی ڕەگو ریشەی لە گوندەکاندا بکرێ و بەرەبەرێ بە پێشکەوتنی باری ژیانی گوندەکان . لە بەر ئەوە ئەم چاککردنانە ئاکاریان تەنها لەسەر باری سیاسی و کومەلایەتی بووە و ئەویش بەوەی هەندێك ئاسایشتی کومەلایەتی و سیاسی بەدەی هێناوە بەبێ ئەوەی ئاکارێکی ئابووری ئەوتۆی هەبێ کە شیاوی باسکردنی بێ .

مانەوەی چاککردنی کشتوکاڵ لەم قوارە تەسکەدا و لە ماوەی پێش جەنگی گێتی دووەمدا زۆرتر بە هۆی زووفت زوەرعی ئەو سەردەمە بووە کە زۆربەی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی گرتبووەوە کە چاککردنەکانی کشتوکاڵیان پێ سپیاند بوو وە دەیسان بە هۆی ئەو پەیرەوە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیانەوە بووە کە باو بوون لەو وولاتانەدا . رژێمی حوکم کردن لە زۆربەی ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەدا بەڕاستی ئارەزومەند نەبوون بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕیە پەیدا ببێ بە باشی بو دانیشتوانی گوندەکان لە روو کۆمەلایەتی و ئابوریانەوە هەروەها ئارەزویان نەبووە لەسەر لێدانی رژێمی دەرەبەگایەتی لەو وولاتانەدا وە چەسپاندنی چاککردنی کشتوکاڵ بەو شێوە تەسکە لەلایەن رژێمی حوکمی ئەو وولاتانەوە لەبەر ئەوەبوتە هۆی ئەوەی ناڕەزایی و ئاڵۆزی و جولاندنەوەی ئازادیخوازی پەیدا ببن لەناو رێزی ئەو جوتیارانە داکە تووڕەو ناڕەزابون لەو بارە ناخۆشەی تیایا ئەژین بەهۆی دامەزراندنی رژێمی نوێی ئابوری و کومەلایەتیەوە وەبە هۆی ئاڵوگۆڕی زوری کومەلایەتی و ئابوری سیاسی کە پەیدا بو بو لەناو چەند دەوڵەتێکدا لەدوای جەنگی گێتی دووەم و زور بونی هەست کردن بە پێویستی هەنگاونانی دروست و چاک بۆ چاککردنی باری ژیانی جوتیاران و گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرەو پەرەپێدانی کشتوکاڵ بەرەو پێشتر چوو بە رادەیەک کە ناوەڕۆک و نشونماکردنی و دامەزراندنی گۆڕرا و و قەوارەی تواندنی تراران تیر کرا ،پاش ئەوەی چاککردنی کشتوکاڵ تەنها نریتی بو لە جیا کردنەوەی موڵکە گەورەکان وە دابەش کردنەوەیان بەسەر جوتیاران دا هەمو ئەوانە بون بە قوناغێک لەو قوناغە زۆرانەی کە جێ بەجێ ئەنان . ...

ـ و بە شێوەیەکی باش و عادیلانە دابەش ئەکرێن ، هەولیش ئەدرێ بۆ ئەوەی جوتیارەکان بە باشــی زەوی یەکانیان دا بچێنــن و هەروەها کۆمەڵــی هەرەوەزی دامەزراون بۆ ئەوەی کۆمەك و قەرزیــان پێ بـدرێ و ئامۆژگـاری و ئاراستــە بکــرێــن و بەرهەمیان بفــرۆشــرێ بە نرخێکی باش و لە هەمان کاتیشــدا جێی پێویســتە بکرێت بۆ بەرە پێدانــی رێگای بەرهەم هێنان و دامەزراندنــی رێگـای نــوێ بــۆ کشتوکاڵ و ســازکــردنــی ئاڵوگۆری چاك و لە بار لــە ناو گــوندەکــان دا بەمە ـــستی پێش خستن و خۆش کردنیان •

چاککردنی کشتوکاڵ بە ناوەرۆکی تازەیەوە بێجگە لەوەی کە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی یە بە سیاسەتێکــی ئابوری کشتوکاڵیش دائەنرێــت • وە هەر ئەم هەوڵ و تەقەلایانە زامن بــۆ دوزینەوەی ئەو رێگایانــەی کە باش و لە بارن بۆ ئەوەی زەوی بدرێ بە ئەوانــەی ئەی چێنن و بەرهەمی دێنێ و بەکاری مانی بـە کاربردن ئەکاو پەیوەندی نێوان خاوەند مڵك و جوتیار لە سەر بناغەیەکی عادیلانە و زەمینەی باش و لە بــار خۆش ئەکــات بۆ بەرهەم هێنانی زەویەکــان و دامەزراندنی کۆمەڵانی هەرەوەزی کشتوکاڵ بە هەموو جــۆرەکانیەوە و بڵاوبــونەوەی دامەزراوەکانی قەرز و کۆمەك کە یاریکاری جوتیاران ئەکــەن ، وە دیــاری کــردنی سیاســەتی دوور و درێژ بۆ بایەخ پێدان بە خاك و باراســتنی پیتی و رێك خستن و باشکردنی ئاودێری و بڵاوبونەوەی دامەزراندنی پیشەسازی لادێ کە بە هۆی بەرهەمەکانی کشتوکاڵەوە ئەکرێن • وە ئەبــێ ئەوەمان بیرنەچێت بێجگە لەوەی چاککردنی کشتوکاڵ چەند ئامانجی کۆمەڵایەتــی و ئابوری هەیە چەند ئامانج و کاری سیاسی گرنگیشــی هەیە چونکە بە باشــی دامەزراندن و چەســپاندنی چاککردنی کشتوکاڵە واتە بە تەواوی لە ناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی و فراوانی دەرەبەگەکان و خاوەنە مڵکە گەورەکــان کــە بە هۆی مڵکایەتی کشتوکاڵی فراوانیانەوە پەیدایان کردووە و خۆیان سەپاندووە بە ســەر کۆمەڵانــی جوتیاران دا •

لە واتە هیچ کومانی تێدا نیە کە مڵکایەتی زەوی دەسەڵاتێکی ئابوری و هێزێکی سیاسی تێدایەو کەسیش ناتوانێ بەرپەرچی ئەم راستی یە بداتەوە • وە ئاشــکرایــە ئەگەر دەستەیەکی کەم لە دەرەبەگ و خاوەـــنــد مڵکی گەورە دەست بگــرن بەسەر تواناو داهاتی گوندەکان و دانیشتووانیان دا دیموکراتیــی وجــودی نــی یــە •

یــاســای چاکردنی کشتوکاڵ بە ناوەرۆکی تازەیەوە و بەو ئامانجەی فراوانەیەوە کەلە رووی ئابووری و کۆمەڵا ـ یەتی و تەنانــەت ســیاســی شــەوە ئەدوێــن وەك ئاشکرامان کــرد گرنگی یەکــی تەواو بەتەنگەوە هاتنــ ـ یکی باشــی بۆ پەیــدا بووە لە دوای جەنگــی گیتی دووەمەوە و بووە بە کارێکی گرنگ ، پێویســتی ئەوتــو کــەر دەــەبی بکــرێ [illegible] ئەگەر بەراســتی رەیاوی باشکردنی باری ژیانــی جــوتیاران بکــرێ لە هەموو رویەکــەوە و بەراســتی رەیاوی گەشە پێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی بە خێرایی بکــــرێ •

لەبەر ئەوەی شــورشــی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ گۆرکەری رژێمی زورداری و دامەزرێنەری دەستەڵاتدار ـ یــتی گەل بوو ، شتێکی ســروشــتی بــوو کە بایەخ بدات بە چینی زەحمەتکێشــی جووتیارەوە کــە گــەورە تــرین بەشــی ئەم گــەلەن ئەویش بە لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی و هەڵوەشاندنەوەی کاری دابەش کــردنی مڵکە گەورەکان کە ئاتی خــۆی بە ناشەرعی کــرابوو ، وە ئەمیش یاسای چاککــردنی کشتوکــاڵ دەری ـــو وەزارەتی چاککردنی کشتوکاڵیش دامەزرا •

وە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە دامەزراندنی یاساکەیان پێــادا هاتووە دەرکەوتووە کە ئەو یاسایانەی تواتــ ـ یــویە ئەو ئامانجانەی دروســت بووە بۆیان بەدی بهێــنی تەنها لە قەوارەیەکی تەســکی دیاریــدا نەبــــێ ئەویش لەبەر چــەند هــۆی تایبەتی کە هەندێکیان ئەچنەوە ســەر چۆنیەتی یاساکە خۆی چونکە بنەرەتی و فراوان رەوی نەبــووەو هەندێك لەو هۆیانە ش ئەگەرێــنەوە بۆ ئەو زروفە سیاسی و کومەڵایەتــی یانــەی کە هەبون لە ســالانی جێ بەجــێ کــردنــی یاساکەدا ، وە ئاکــاری باشــی ئەو یاسایــــە ئاوازوو بووەوە بێجگە لەو تەنگ و چەڵمە زورانەی هاتبونە بەر قۆناغەکانی دامەزراندنــی ، لەبەرئــەوە

پێویسـت بوو کە یاسایەکی تری ئەوتۆ دابنرێت کە دوور بێ لەکەلێن و کەم و کورتییانەی هەبـ ـوون لە یاسـای پێشـوودا و یاسایەش بێـت کە سەرەتای نوێی وای تیابێ کە چاک کـردنێکی بنەرەتی بەدی بهێنێ و بۆ ئەوەش یاسای چاکـردنـی کـشتوکاڵی ژمارە ٩٧ سـاڵی ١٩٧٠ دەرچـوو کەلە دوایی دا باسـی ئەکەین ، وە دەرچوونی ئەو یاسایەش زۆری بە هۆی یارمەتیمان ( پارتـیـی دیموکـراتـی کـوردسـتان ) ەوە بوو کە دوای بەیاننامەی ئازاری مێژوویی ١٩٧٠ تێ کۆشا بۆ دەرچوونی و پشتگیری کـردنـی تەواو بـو دامەزراندنـی خـستنە گەڕ یەوە ٠

یاسای چاک کـردنی کشتوکاڵـی ژمارە ٣٠ ی سـاڵی ١٩٥٨ لە ١٩٥٨/٩/٣٠ دا دەرچـوو وە پەنجا و یەک بەندی تیابوو کە ئێستا باسـی گرنگترینی ئەو بەنـدانـە ئەکـەین ٠٠٠٠

دیـاری کـردنی موڵـکایەتـی کشـتوکاڵ :

شـتێکی سـروشـتییە کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکـی یەکانی چاک کـردنی کشـتوکاڵی بریتییە لە لەناوبردنی جیاوازی گەورە لە موڵکایەتی کشتوکاڵ دا و دابەش کـردنـەوەی ئەو موڵکانـە بەشـێوەیەك کە عەدالەت بەدی بهێنێ لە ناو جوتیاران دا و ئەوە مسۆگەر بکات کە بەباشـی زەوی زاری کشتوکاڵ بەکار بهێنن ، لەبەر ئەوە دیاری کـردنـی موڵکایەتـی زەوی زاری کشتوکاڵ بە گرنگترین هەنگاو ئەژمێر ئەکرێت لە بنچینەکانی پاش دائەنرێت کە بە زۆری پلەی بنەرەتی و خۆشرەوی چاك کـردنی کشتوکاڵ پێوەبەستـراوە ٠ وە یاسای ناوبراو لەبەندی یەکەمی دا سـنوری تەواوی دیاری کـردوە بۆ موڵکایەتـی زەوی و زاری کشتوکاڵ کە بەپێی ئەو بەنـدە ١٠٠٠ هەزار دۆنم زەوی بەراو و ٢٠٠٠ دوو هەزار دۆنم زەوی دێمی داوە بە هەریەکـی لەوانەی خاوەن موڵکی گەورەن و ئەگەر زەوی زاری ئەو خاوەند موڵکانـە بەشتی کەمی بووبێ لە بەراو و لە دێم دیـسـان بەپێی ئەو نیسـبەتە بـە شـیان ئەدرێ وجـی زیاد بێ لەو نیسـبەتە لێیان ئەسـتێنرێ و دابەش ئەکـرێ بەسـەر جوتیـاراندا ، وە دیاری کـردنـی سـنور بەو جـۆرە ( بۆ زەوی خاوەند موڵکە گەورەکان و ئەو زەویانـە دراون بە تـوجـار و ئەو زەویـانەی هەموو دراون بەپێی پێویست ) وە کـوو بەکـە بەپێـی کتومتی بەنـدی دووەمی یـاسـاکـە ٠ هەروەهـا یاساکـە زۆری گەیاندووە بە خاوەند موڵکان و زەوی بەکاربەر کە ئەگـەر زیاتـر لەو نیسـبەتەی بەدەسـتەوەیە ئاگاداری لیژنەی بەرزی چاککردنـی کشـتوکاڵ بکات و باشـان میری دەسـت ئەگـرێت بەسەر ئەوەی زیادە لەو نیسـبەتە و خاوەنـد زەویش کام زەوی خۆی هەڵبژێـرێ هەڵـی ئەگـرێ بۆ خـۆی بەقەدەر ئەوەندەی یاساکـە بۆی دیاری کردوە ، بەڵام مافی هەڵبژاردنی زەوی بە هەیـلـی خاوەن زەوی لا براوە لە یاسای ژمارە ٩٧ ی ساڵی ١٩٧٠ ٠ وە هەروەها بەنـدی پێنجەمی یاساکـە ئەوەی تیایە کـە میری لە ماوەی ٥ پێنج ساڵی دوای دەرچوونـی ئەم یاسایە دا دەسـت ئەگـرێت بە سەر ئەوەی زیادە لەو نیسـبەتەی بەنـدی یەکەمی یاساکە کردووە ٠

+++++++++++++++++++++++++++++++++++++

++++++++++++++++++++++

+++++++++++++++++++++++++++++++++++++

ئـاگـاداری ٠٠٠

چـاوەڕوان بکـەن بەم زووانە ژمـارە ( ٧ ) ی گـۆڤـاری ڕێبـازی قوتابیان دێتە بەرچـاو لـەلایەن لـقی سـلێمانی یـەکـێتیی قوتابییانی کـوردسـتانەوە ، دوابەدوای ژمـارە ( ٦ ) ی ڕێبـاز کـە کـۆمەڵێك وتاری سـود بەخـش و هـەمەجـۆری تـیابـوو هیوادارین ژمـارەی داهـاتوشـیان جـێگـەی ڕەزامـەنـدی خـوێنەرە بەڕێزەکـانی بێـت ٠

شـیـعـاری لەئالا

چەند خۆپیشاندانێکی نارەزایی لە ئەورووپا ـ

* لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە شاری ئینگلتەرەوە خۆپیشاندانێکی گەورەی رێکخست دژی ئەو تاوانانەی کە لە شەڕی کوردستان بەرامبەر کوردەکان دەکرێت زۆری قوتابی بێگانە بەشداریان کرد وکە گشت شەقامەکانی شاری لەندەنی ئاخنی بوو تا بەردەمی باڵوێزخانەی عیراق دروشمیان هەڵگرتبو کە کردەوەی فاشستەکانی ریسوا دەکرد و ئەمەو چەندین رۆژنامەکانی ئینگلیزی لە لاپەرەکانی یەکەمیان دا هەواڵی ئەم خۆپیشاندانەیان نوسیوە ...

* هەروەها لە ئەڵمانیای فیدراڵی بە هەمان شێوە لقی کۆمەڵە شاری بۆن هەڵسا بە خۆپیشاندانێکی نارەزایی دژی سیاسەتی فاشستانەی بەعس .

لە سەر داوای لقی کۆمەڵەی ناوبراو هەزاران قوتابی کورد و برادەرانی ئەڵمانی بەشداریان کرد و وێنەی سەرۆک بارزانی و زۆر شیعار دژی تاقمە تکریتیەکەی بەغداد و دەیان وێنەی کارەساتەکانی کوردستانیان بەرز کردبووە کە تاوانەکانی فاشستەکانی نیشان ئەدا .

* هاوکاریمان لەگەڵ گەلی کورد ....

لەژێر دروشمی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد لە پایتەختی ایتالیا لەم دواییەدا نەوەیەکی دا ـ ریبەشی لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ایتالیا و چەند کەسانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرزی ایتالی بەسترا ، تیایا باسی جۆربەجۆر دەربارەی کورد و شۆڕشەکەی کرا وە لە کۆتایی کۆڕەکەدا بڕیاردرا کە لیژنەیەکی دۆستایەتی ایتالی ـ کوردی پێک بهێنرێ .

* لە رۆمانیاش ـ ١٨ ـ هەژدە رێکخراوی قوتابی کە نوێنەری قوتابیانی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی بوون لەسەر داواکاری کۆمەڵەی لقی رۆمانیا بروسکەیەکی نارەزاییان مۆر کرد و ناردیان بۆ میری عیراق سەبارەت بە وەزعی ئێستای کوردستان .

* دەیان بەیان و بیرخەرەوە و بروسکەی نارەزایی ـ

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بە هەموو لقەکانیەوە لەم دواییەدا هەڵسان بە دەرکردنی دەیان بڵاوکراوە و بیرخەرەوە و بروسکەی نارەزایی دژی سیاسەتی حکومەتی عیراق کە بریتییە لە شۆڤێنیەت و دوژمنایەتی کردنی گەلی کورد و بێ بەش کردنی مافەکانی ..

هەروەها بیروی سکرتاریەتی کۆمەڵە چەند نوسراو و بروسکەیەکی نارد بۆ ژمارەیەک لە رێکخراو و خێرخوازەکانی جیهانی تیایا بە گەرمی یەوە داوای لێ کرد بوون کەوا شەڕی زاڵمانە لە سەر کورد رابگیرێت ئەوەی شایانی باسە بێت کۆمەڵە گەلێک وەڵام و نوسراو و بروسکەی نارەزایی لەم رێکخراو و لایەنە ئاشتی خوازانەوە پێ گەیشتووە ....

لە سەرو هەموویانەوە رێکخراوی خاچی سووری دەولەتان .

دیسان سکرتاریەتی کۆمەڵە لە لایەکی ترەوە بۆ رای گشتی جیهانی بەیانێکی بەزمانی ئینگلیزی لە ژێر ناونیشانی (( هێرشێکی سوپایی نوێ دژی گەلی کورد دەکرێت )) . ئەمەو سەرەرای دەرچونی بڵاوکراوەی دەوری کۆمەڵە بەناوی ( هەواڵەکانی کوردستان ) دیسان لە نمسا لقی کۆمەڵە سەدان نامەی نارەزایی ئاراستەی سەفارەتی عیراق کرد وە لقی ئینگلترەش بانگەوازێکی بە زمانی عەرەبی ئاراستەی قوتابیە عەرەبەکان کرد وە بۆ هەمان مەبەست و داوای لێ کردون کە پشت گیری شۆڕشی کورد بکەن . تا ئیستاش بڵاوکراوەی لقی ناوبراو بە ناوی یانزەی ئەیلول دەردەچێ و تیا واقیعیەتی شۆڕش لە خەڵک دەگەیەنێ .

(٦) پاشماوەکەی بۆ لاپەڕە ـ ١٣ ـ

# دەوری ئافرەت لە جیهانی ئەمرودا

لەم سەدەیەدا . لە جیهانێکدا ئەژین کە گۆڕان و گەشەکردنی خێرا خێرا لە کۆمەڵگاکان و پەیوەندی نێوان کەسانیاندا روو ئەدات ، هەروەها لە پەیوەندی نێوان ولاتان دا ..

بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە چاوێك بەو پلەیەدا بگێڕینەوە کە ئافرەتی تیایە ، وەئەو دەورە پیروزو گرنگەی ئەبێ بیبینێت لەم جیهانە گەشەدارەدا .

پێشکەوتنی تەکنیکی بوتە هۆی یارمەتی بۆ ئاسان کردنی کارەکانی مرۆڤ ، وە ئەمرۆ ژمارەیەکی زوری مرۆڤ سوود لەو پێشکەوتنە وەرئەگرن ...

وە لەبەر بەدی هێنانی ئەو دەستکەوتانەدا مرۆڤی ئەم سەردەمە بە ئافرەت و پیاوەوە بایەخێکی تەواویان بە دەستکەوت و خورگەو چالاکیەکانی کۆمەلایەتیان داوە ، وایان لێ هاتووە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەست بەوە ئەکەن کە دوا روژی خۆیان و وولاتیان ، وە دوا روژی هەموو جیهان بەگشتی بەستراوە بە هەوڵ و چالاکیەکانیانەوە . هەر ئەمەش بوتە هۆی ئەوەی بە ملیونەها پیاو و ئافرەت بجوڵێن و لە ڕێکخراو و نقابە پیشەییەکان و سیاسیەکان و .. لە یەکێتی لاوان و ئافرەتان و قوتابیاندا خەبات بکەن . بە ئامانجی دەستەبەری پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و بەدەست هێنانی سەربەخویی و نیشتمانی و دیموکراسی و ئاشتی لە جیهانێکدا کە دوستایەتی نێوان گەلان باڵی بەسەرا کێشابێ ، ئارەزوی گەلان بۆ پارێزگاری پەیوەندی دوستانە و هاوکاری نێوان وولاتانیان خواستی هەموو گەلێکی سەر رووی زەمینە .

بەڵام هێزە زۆر داری هەمیشە پیشەی چەوساندنەوە و داگیرکردنی وولاتان بوە ، لەگەڵ رەگەز پەرستی و دەست بەسەرا گرتنی کاری مرۆڤ و زەوتکردنی بەروبومی وولاتیان . ئەو هێزە کۆنە پەرستانە کەرەکیانە نەخشەو پیلانی ئیمپریالیزم ( ؟ ) بهێنن . بۆیە هەر کیز بەرهەڵستی تووندی گەلان ئەکەن . لەبەکارهێنانی سیاسەتی دوژمنانەیان دا هەڵئەستن بە نەخشە کێشانی کودەتا ( انقلاب ) دژی هەموو بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانە ، وە هەمیشە ئاگری ئاژاوەی ناوخو و شەڕ خوش ئەکەن ، ئەو هێزانە وا ئەزانن مافی ئەوەیان هەیە دەسەلات و یاسای خۆیان بەسەر گەلانی تردا بسەپێنن کە بو ئەو مەبەستە هەموو سیاسەتێکی توندوتیژی و درندانە بەکار ئەهێنن ، بو نمونە هێرشی سهیونیەکان بو سەر وولاتە عەرەبەکان و هی دوژمنانە بو سەر گەلی کوردمان نمونەیەکی بەرچاوی ئەو هێزە رەشە زوردارانەن .

سەربەستی و پێشکەوتنی ئافرەت بەلای هەمو کومەڵەوە گرنگە :
ئەوەی زیاتر یارمەتی مان ئەدات بۆ دانانی چارەسەر بو رزگاری و پێشکەوتنی ئافرەت ، رون کردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەم سەردەمەیە کە گیروگرفتەکانمان لەچوارچیوەیدا دارێژراوە ، وە ناتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین بەبێ هاوکاری و یارمەتی ئافرەت و پیاو ..

بەتەواوەتی رون بوتەوە کە پێشکەوتنی هەر کومەڵگایەك بەپلەی پێشکەوتنی ئافرەتیانەوە ئەبەسترێ لە لایەکانی ژیانی ئابوری و روشنبیری و سیاسیدا ، وە ئاشکراشە کە تێکوشانی تەنهای ئافرەتان بوچارەسەر کردنی کێشەکانیان بەبێ هاوکاری کومەڵ هیچ سودێکی نابێ .

لە هەندێك کومەڵگادا هەتا رادەیەك یەکسانی دروست بوە لە میان ئافرەت و پیاودا ، وە جەسەوساندنەوەی

(١٧)

هەواڵنامەی کتێب

ئافرەت کەم بۆتەوە دامودەزگای ئەو وڵاتانە هەموو پێویستییەکیان ئامادە کردوە بۆ دارشتنی ئەو بیروباوەڕانەی کە لە ناوەڕۆکیدا مافی ئافرەت ئەپارێزێ ، لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەسەرا گرتنی بیروباوەڕو یاسا کۆنەکان پێویستی بە تێکۆشانێکی زۆر هەیە بۆ ڕەخساندنی بارێکی باش کە ڕێگە بدات بەوەی ئافرەت سوودی تەواو لەو مافانەی وەربگری .

لە هەندێک وڵاتدا یاساکانیان یەکسانی ئافرەت و پیاویان دارشتوە و بناغەیەکی باشیان بۆ داناوە . بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە و هەر بە سەرکراوی ماوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەدا هێشتا لە زۆر وڵاتاندا مافی ئافرەت هەر پێ شێل کراوە .

یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٤٥دا دامەزراوە لە بەڵێن نامەکەیدا پەنجەی بۆ گیروگرفتەکانی ئافرەتان ڕاکێشاوە وە ڕێگەی چارەکردنیانی داناوە ، هەروەها ڕێکخراوی ئافرەتانی وڵاتانی تر ڕزگاری ئافرەتیان کردوەتە دروشمێکی گرنگ ، وە بە هۆی هەموو ئەو ڕێکخراوانەوە بە هاوکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتوخوازەکان بە خەباتی بەردەوامی ئێن بو ئەوە ئەکەن کە لە یاسای وڵاتاندا مافی ئافرەت بچەسپێنن .

بەڵێن نامەی دەولی :

دەستوری مافی مرۆڤ ( لائحة حقوق الانسان ) وە ( بەیانی مافی منداڵ ) و بەڵێن نامەی ( لە ناوبردنی جەوساندنەوەی ئافرەت ) .... وە هەموو ئەو بەڵێن نامەو دان پیانانەی کە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان و دامەزراوەکانیان لە یونسکو و مەکتەبی کاری دەولی دانران بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی ئافرەت و پیاو و هێزە پێشکەوتوخوازەکان بوە .

بۆیە جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێن نامانە لە لایەن هەموو دەوڵەتەکانەوە یارمەتی ئەوە ئەدات کە باری ئافرەت و باری گەلان بە شێوەیەکی گشتی چاک بێت .

بڕیاردان لەسەر ئەو بەڵێن نامە دەولیانە مانی ئافرەتان ئەدات کە لە خەباتی یەکگرتویاندا هەر بەردەوام بن و داوا لە وڵاتەکانیان بکەن کە ڕێزی پێویستیەکانی سەرشانیان بگرن ، بەوەی ئەو بڕیارانە بچەسپێنن و التزامی پێوە بکەن ، وەکو پەیمانی وا بڕەخسێنن کە هەنگاو هەنگاو جێ بەجێ بکرێ .

پێویستە لەسەر ئەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەندیان بە بنکەی ڕاویژکەری دامەزراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هەیە .. وەکو ئافرەتان و کرێکاران و مامۆستایان و لاوان وقوتابیانی ... جیهانی ئەبێ هێزو داواکاری و خەباتیان یەک بخەن بۆ باڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی سەرکەوتن مافەکانی ئافرەت ئەکات .. وە بە یەکجاری هەوڵ بدەن بو پاراستن و جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانی ئافرەتان لە بەدی هێنانی سەربەستیاندا تێکۆشانی ئافرەتان لە پێناوی ناچارکردنی دەسەڵاتداری وڵاتەکانیان دایە بو هەستانیان بە پێویستی سەرشانیان لە جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێن نامانەی مافی ئافرەت ئەپارێزێ ، کە ئەوەش جێ بەجێ کردنی بەندی ( ١١ ) ی بەیاننامەی لە ناوبردنی چەوساندنەوەی ئافرەتە کە ئەڵێت :

١ ــ پێویستە بیروباوەڕی یەکسانی لە میانی ئافرەت و پیاودا لە هەموو وڵاتێکدا بچەسپێنرێ وجێ بە جێ بکرێ بەپێی بەڵێن نامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەستوری مافی مرۆڤ .

٢ ــ میریە دەسەڵاتدارەکان و ڕێکخراوەکان و پارتیە پێشکەوتوخوازەکان ئەبێ لەپەی ڕیزی خەباتدا یەکگرن لە پێناوی جێ بەجێ کردنی ئەو بیروباوەڕانەی لەو دەستورانەدا هەیە .....

دەوری ڕێکخراوی ئافرەتان :

ڕێکخراوی ئافرەتان ئەو بۆتەیەیە کە هەموو ماف و داوا و کێشەی ئافرەتانی تیا ئەتوێتەوە ، ڕێکخراوی ئافرەتانی جیهانیش لە ماوەی خەباتی بیست و نۆ ساڵەیاندا ئەمەیان چەسپاندوە کە تێکۆشانیان چەند گرنگە بو ڕێکخستنی ئێن وکاریان و لە بۆهاری کاری لەگەڵ هەر بزوتنەوەیەکی ڕزگاری خوازی و نیشتمانی دا لە پێناوی بەدەست هێنانی ئاواتەکانیاندا .

بزوتنەوەی ئافرەتان ، جیهانی و نیشتمانی گەشەی کردوە و ناتە گنگ [illegible]

هێزی ڕێکخراوی نوێ وە لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دا لە گەڵ ئەوروپادا ئەمەکەم ڕێکخراوە ئافرەتانی تیا دروست بووە.

یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی، هەروەها ئەندامەکانی لە ڕێکخراوە نیشتیمانیەکاندا ڕێکخراوێکی ئەوانە کە هەموو ئافرەتێک ئەگرێتە خۆی بەبێ جیاوازی پلەی کۆمەڵایەتی یان ئایین و بیروباوەڕی سیاسی جیا جیایان، ئەو ئافرەتانەی لە جەرگەی ئیش و کاری کۆمەڵایەتیان .. یان ئەو ئافرەتانەی سەر لە سنووری ماڵەوەدان .. فێریان ئەکات و پەروەردەیان ئەکات و هوشمەندیان پتر ئەکات لە پێناوی بەدی هێنانی بەختیاری و دیموکراتیدا، کە ئاشتی و ئاسایش باڵی خۆی بە سەر وڵاتدا بکێشێ و لە سایەیدا ئافرەت و پیاو بە سەربەستی و سەربەرزی بژین. بەبێ ئەوەی وڵاتیان و گەلیان بچەوسێنەوە ... یان یەکتری بچەوسێننەوە.

ئەمەیە ئامانج و بیروباوەڕی زۆربەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە خەباتی بۆ ئەکەن.

ئافرەت و خێزان :

سروشت ئافرەتی کردوە بە دایک .... کە ژیان ببەخشێ بو بەردەوامی ژیان، وە لەسەر بنچینەی ئەم ڕاستییە ئافرەت داوای ئیمتیازی تایبەتی ناکات .. تەنها داوای ئەوە ئەکات کە کۆمەڵ دان بەوەدا بنێ لە وەی (دایکایەتی) پێویستییەکی کۆمەڵایەتیە کە ئافرەت لێپرسراوێتی. ئەمەش کارێکی پاکە ئەگەر پێشکەوتنی ئافرەت و پیاومان بوێ بەبێ ئەوەی ئافرەت ئونوثەتی وون بکات.

پێویستە ئاوڕێک بگێڕینەوە بە باری ئافرەتدا لە خێزاندا بەو مەرجەی مسۆگەری مافی ئافرەت بکات لە هەموو مافێک کە پیاو هەیەتی لە ڕووی خێزان و منداڵ و سامانەوە، وە پێویستە شووکردن و ژن هێنان لە ئەنجامی هەڵبژاردن و دەستنیشان کردن و ڕێکەوتنی تەواوی ژن و مێردەوە بێت، نەک لەسەر بنچینەی بازرگانی پێوەکردن لە لایەن کەس و کاریانەوە.

وە طەلاق‌دان لە سەر بنچینەی بەرژەوەندی و ماف و وەک یەکی هەردوکیانەوە بێت، لەگەڵ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی و داوڕۆژی منداڵەکانیاندا. ئەبێ دەسەڵاتی (باوکایەتی) بە خۆ سەپاندن و زەبرکردن بەسەر ئافرەتدا نەمێنێ و بگۆڕدرێ بۆ هەست کردن بە لێپرسراوی باوکایەتی وە پەیوەندیەکی هاوڕێیەتی و هاوبەشی ژیانی پیاو و ئافرەت پێکەوە ببەستێتەوە لەسەر ئەساسی ڕێزگرتنی هەست و بیروڕا و بیرکردنەوەی جیاجیایان.

دایکایەتی مافێکە لە مافەکانی ئافرەت، بۆیە پێویستە کۆمەڵ لە مەترسی خراپی ئابووری و بژێوی و ڕۆشنبیری بیپارێزێ، بەوەی مسۆگەری ژیان و پەروەردەو فێربون بکات بۆ منداڵەکانی وە لە پاشەڕۆژیشدا ئیشیان بۆ بدۆزێتەوە.

دیسان پێویستە کۆمەڵ ئیشکردن بو دایک و باوک مسۆگەر بکات لە گەڵ خانو و ... پێویستیەکانی تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، تەواو بو هەموو خێزانێک، لەو ڕووەوە کە خێزان بنچینەی سەرەکی هەموو کۆمەڵگایەکە.

ئافرەت و ئیش :

مافی ئیش کردن یەکێکە لە داواکاریە سەرەکیەکانی ئافرەت کە پێویستە کۆمەڵ ئەو مافەیان بۆ مسۆگەر بکات.

بەردەوامی ئافرەت لە ئیشدا یارمەتی ئەوە ئەدات کە شەخصیەتی پێ گەشە بکات و ئاستی ڕوشنبیری و زانیاری بەرز بکاتەوە، ئەمەش بەدەوری خۆی ئەبێتە هۆی بەتین کردنی ڕێکەوتن و لەیەک گەیشتنی ئافرەت و پیاو وە بەشێوەیەکی پاک کار ئەکاتە سەر پەروەردەو ڕۆشنبیری منداڵ.

خواست لە چاودێری منداڵ و پەروەردەی کەمی و زۆری ئەو ماوەیە نییە کە ئافرەت لە منداڵدا سەرفی ئەکات، بەڵکو خواست لەوە جۆری پەروەردەو چاودێریەتە.

[illegible]

هەواڵنامەی کتێب

لە ڕووی هەوڵ و کاری مادی و مەعنەوییەوە لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا . هەروەها ئیشکردنی ئافرەت کارێکی چاک ئەکاتە سەر بەختیاری و گوزەرانی مادی خێزان .

ئافرەت و کۆمەڵ و دیموکراسی :

لە کاتێکدا کە ئافرەت بۆتە عونصرێکی کاریگەر لە کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ، بەڵام ژمارەی ئافرەت هێشتا هەر کەمە لە دام و دەزگاکانی تەخشە دانانی گەشەکردنی کۆمەڵدا ، بەدەگمەن ئەبینین لە پلەی سەرکردایەتی دا بەشدار بێ لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دا . ئەم ڕاستییەش بەندە بە بیروباوەری سەرەکی دیموکراسی ئابووری و سیاسییەوە ، هەموو هاونیشتمانیەک پێویستە بتوانێت بەشداری کاریگەرانە بکات لە ڕۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی دا ، وە مافی هەڵبژاردن و خۆ باڵاوتنی هەبێ ، کە هەتا ئێستا زۆربەی زۆری ئافرەتان ئەو مافەیان بۆ ڕەوا نەبینراوە ، کە مەرجێکی سەرەکیشە بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن دەوری خۆیە وەربگرنەوە شان بە شانی پیاو ، پێویستە کۆمەڵ ئایەتی ڕا دروست بکات کە ئافرەت بتوانێ مافەکانی تیا بەکار بهێنێت .

هەروەها مافی دیموکراسی هەر لەم کایەدا ئافرەتانی لێ بێ بەش نەبووە بەڵکو لە کایەکانی ئیشکردن و قوتابخانە و زانکۆ و دام و دەزگا گشتیەکاندا هەر بێ بەشن ، لەم سەدەیەشدا ئەبینین کە ڕێکخراو تاقمی دژ بە دیموکراسی و ڕێکخراوەکانی فاشیەت لە زۆر شوێنی جیهاندا وەکو یونان ئەسپانیا و برازیل و ئەندەنوسیا و کۆریای خوارو ئەبینین ئافرەت تەنانەت لە مافە بچکۆلەکانیشی بێ بەش کراوە ، لەو وڵاتانەدا پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان حەل ئەکەن ، یان ڕێگەی چالاکیان لێ ئەگرن ، هەروەها ڕێگە لە ڕێکخراوە پێشکەوتوخوازو دیموکراسیەکان ئەگرن و ئەندامەکانی ڕاو ئەنێن و لە قوڵایی بەندیخانە ڕەشەکانیاندا توندیان ئەکەن ، گەلێک ئافرەت لە گرتوخانەکانی جیهاندا توند کراون و سزایان ئەدرێ و ڕاهاتە ئەکرێن هەر لەبەر ئەوەی داوای ژیان و ڕۆشنبیری و زانستی و ئیشکردن ئەکەن بۆ خۆیان و منداڵەکانیان .

ئافرەت و ڕزگاری نیشتمانی :

بە کێلە لە هۆکانی دروست بوونی ڕێکخراوی ئافرەتان لە وڵاتان دا ، ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە ڕزگاریان نەبوو ، بەوەی سامانی نیشتمانی دەست بەسەرا گیرا بوو لە لایەن دەستەیەکی ئەو وڵاتانە خۆیەوە ، یان لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیەکانەوە کە هەمیشە هەوڵی ئەومیان دا وە وڵاتە داگیرکراوەکە هەر دوا کەوتوو بێ لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە ئەوەش لە ژێر سەرپەرشتی ( یارمەتی ) دا بە ڕێگەی قەرزدان بە سودێکی زۆر .

لە نارەزایی ئەم پەرەساندنەوەیەش هەڵچوون و نارەزایی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە تەشەنە ئەکات لە ریزەکانی جەماوەری گەلدا . کە هەموو مافەکانی پێشێل کراوە و برسێتی و نەزانی و نەخۆشی بەسەرا سەپێنراوە . ئەو بارەش کاریە خۆی ئەکات و هاندەر ئەبێ بۆ دارشتنی بیرکردنەوە لە ڕزگاری گەلان بە شێوەیەکی ڕاست و ڕوون . . ئەپرسین . . ! چۆن وڵاتێکی داگیرکراو ئەتوانێ ماف و داواکاریەکانی ئافرەتانی بەدی بهێنێ . . !! چۆن گەلێکی ژێر دەستە ئەتوانێ سەربەستی نیوەی خۆی بدات بە ( ئافرەتە ) . . !!

بۆیە ئەڵێین کە سەربەستی ئافرەت بەندە بە سەربەستی گەل و وڵاتەوە . . لێرەدا دەوری گرنگی ئافرەت دەر ئەکەوێ کە ئەبێ هەمیشە پشتگیری بزوتنەوەی شۆرشی ڕزگاریخوازانەی وڵاتەکەی بکات و بەشداری لە خەباتی سەختی بێ ووچانیدا بکات .

ئافرەت و ئاشتی :

ڕێکخراوی ئافرەتانی جیهانی پشتگیری خەباتی ئافرەت و گەلان ئەکەن لەو وڵاتانەدا کە دووچاری شەڕی دوژمنانەی داگیرکەر ئەبێ ، ئەوەش لەو باوەڕەوە — وەک نمونەیەک — ( کە چۆن گەلی کوردمان ئەتوانێ مافی ئافرەت و منداڵ بدات و بپارێزێ کە کوردستان

# چینە کۆمەلایەتیەکان

چینە ، بریتی یە لە کۆمەلی گەورەی مەردم ، کە جیابیان لەوی تریان ناچێ لە بارەی جێگای ئەو کۆمەلە وە یاسای بەرھەم ھێنانی کۆمەلایەتی یەوە ، کە مێژوو دیاری کرد وە بەپێی پەیوەندیان ھەر یەکێکانی بەرھەم ھێنانە یان تنا ؟ .. ، وئەو پەیوەندییە لە زۆر کاتا بەپێی یاسا ( قانون ) رێگای وتیان خراوە ، ھەروەھا لە دەوری ئەو کۆمەلە مەردمانە لە رێکخستنی کۆمەلی ئیش وکاردا یەکێکی ترە لەو پێوانانە ، واتە زانینی شێوەو بڕ ( مقدار ) ی ئەو سامانە کۆمەلایەتیانانەی کە ئەو کۆمەلە مەردمانە دەستیان ئەکەوێت .. دابەش کردنی کۆمەلی ئیش وکار و دەرکەوتنی بەخاوەن بونی تایبەتی ھۆیەکانی بەرھەم ھێنان بوە ھۆی دەرکەوتنی چینە کۆمەلایەتیەکان .

ھەر رژێمێکی کۆمەلایەتی کراوە بە چەند چینێکەوە کە دروست بونی چینایەتی تایبەتی خۆی ھەیە و لە رژێمێکی کۆمەلایەتی تری جوی ئەکاتەوە بەپێی چینە سەرەکیەکان تیای دا چینە سەرەکییەکانی کۆمەلێکی بەندەگی ( مجتمع عبودیة ) بریتییە لە چینی کویلەو چینی خاوەن کویلە لە کۆمەلێکی دەرەبەگی دا جوتیار و رەنجدەر لە لایەک و دەرەبەگ لە لایەکی ترەوە چونکە چینی سەرەکین بەلام لە کۆمەلی سەرمایەداری دا بورژوازی و کریکارێک ھەنەری بنچینەی ، چینایەتی ئەو کۆمەلەن بوە لەگەل گوران ( تطور ) ی سەرمایەداریتی دا بەشێکی زۆری جوتیارەکان ئەبنە کریکار و دەرەبەگەکانیش بە بورجوازی لە مەش ئەوە ناگەینی کە کۆمەل لەو رژێمە کۆمەلایەتیانەدا تەنھا لەو دوو چینە پێک دێت بەلکو پاشماوەی چینە لە ناوچوکان و تاوان ( نراة ) ی چینە نوێکانیشی تیایە کە لە قوناغی داھاتودا دەرئەکەون ، بۆ وێنە لە کۆمەلی دەرەبەگی دا جوتیار و دەرەبەگ دوو چینی سەرەکی پێک ئەھێنن بەلام لەگەل ئەو دوو چینەش دا پاشماوەی قوناغی رابرد و ھەر ماوە - پاشماوەی بەندایەتی و خاوەن بەندی یەو لەگەل گورانی دەرەبەگێتی دا تاوان و سەرەتای چینی بورژوازی دیاری ئەدا لە پێش دا لە شێوەی سەرمایەداری بازرگانی دا ، ئینجا وردە وردە لەبێتە چینێکی جیاواز و دیاری خاوەن دەسەلاتێکی ئابوری گەورەو لەوەو دواش دەست ئەکێشی بەسەر دەسەلاتی سیاسی دا و رژێمی دەرەبەگایەتی لەناو ئەبات بەجۆرێک کە لەگەل بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دا بگونجێ ....

وە لەبەر ناکۆکی بەرژەوەندی ( المصالح المتضادە ) ئەو چینانەوە خەباتی چینایەتی پەیدا ئەبێ ، کە ھێزی بزوێنەری ئەو کۆمەلانەیە کە ناکۆکی چینایەتی یان تیایەو چینی کریکار لەناو ھەمو چینەکانی تردا دەورێکی گرنگ و مێژویی ھەیە بۆ تەفرو تونا کردنی رژێمی سەرمایەداری و جۆرەکانی چەوساندنەوە و پێک ھێنانی کۆمەلێکی سوشیالیستی .

کەواتە چینی کریکار بە ھاوپەیمانی لەگەل جوتیار و روشنبیرە شۆرشگێرەکان خەبات ئەکات بۆ لەناوبردنی چینە بورژوازی و چینە دەرەبەگەکان و تەفروتوناکردنی رژێمی سەرمایەداری و دامەزراندنی رژێمێکی سوشیالیستی لە شوێنە واری دا ...

× × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × ×
× × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × × ×
× × × × × × × × × × × × × ×
× × × × × ×

ژیان خەباتە خەباتیش مایەی رزگاری و بەختیاریە ..
ژیان لە دلی گەل دا نرخەکەی خۆبەخت کردنە لە پێناوی خاک و نیشتمان دا
ژیان .. نەوتی لامپای ژیان خوێنی گەلی تێکۆشەرانە چەند زۆرتر بێت تیشکەکەی گەش ترە .

# ئۆردوگای شەهید لەیلا

لەو ڕۆژەوە کە جەماوەری قوتابیانی کوردستان لە سنوری ئۆردوگای شەهید لەیلی کۆبونەتەوە هەتا هێزی بزورگی و کاریگەریان یەک بخەن لە خزمەتی شۆڕشە مەزنەکەماندا . توانیویانە گەلێک پێویستی گرنگ بەجێ بهێنن بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی شۆڕش .

قوتابیانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی دەستیان خستە ناو دەستی یەکەوە یەک ڕیزی پۆلایین ڕاوەستان بۆ بەرهەڵستی دوژمنی داگیرکەر وە بۆو زیاتر تاڵ بون و گوێش کردنیان ، وە کایەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان کردوە بە قوتابخانەیەکی شۆڕشگێڕانە بو خو پەروەرد ەکردن و چەسپاندنی بیری تیوری بە کردار .. کە لێرەدا هەندێک لە چالاکیەکانی ئۆردوگا ئەخەینە ڕوو :

* سەبارەت بەوەی زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستان پشتگوێ خراون لەڕوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە وە لەبەر ڕژێمی یەک لەدوای یەکی دیکتاتوری عێراقدا هەرگیز ڕای ڕوشنبیری و زانست و ئاوەدان کردنەوە و نەخۆشخانە .... نەیگەیشتوتێ وە بۆ شارەزا بونمان لەو کێشەیە و گیروگرفتەکانی زۆربەی گوندەکانی کوردستان تیا ئەژی ( ١٠٠ ) سەد قوتابی ئۆردوگا هەستان بە پێک هێنانی دراسە کردنیکی زانستیانە لە صەد و سێ گوندی ناوچەیەکی کوردستاندا لەڕوی سەرژمێری دانیشتوانی و ڕاژەی ئافرەت و پیاو منداڵ و جۆری کشتوکاڵ و دارستان و ئاژەڵ و بون و نەبونی قوتابخانە و نەخوشخانەو پزیشک و کەرما و سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاودانی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی ئامرازی بەرهەم هێنانی و جۆری خانو .... هتد لەگەڵ جۆری خوو نەریت کەلەپوری نەتەوایەتی و نیشی دەست و آثاری کۆن .

قوتابیەکان بە شێوەی پەل ڕێکخران کە هەر ( ١٠ ) قوتابی ئەچونە دە گوندەوەو لە هەرگوندێکدا ( ١ ــ ٣ ) ڕۆژ ئەمانەوە .

ئەوەی شایانی باسە بەم زوانە ئەو سەرژمێرانە بە نامیلکەیەکی تایبەتی دەرئەچێ .

* لەورووەوە کە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەبێ موتوربە بکرێ بە پێشمەرگەی ڕۆشنبیر ... پێشمەرگەی بیروباوەڕ ، وە لەو باوەڕەوە کە قوتابی وەک کەرتێکی ڕۆشنبیر ئەبێ دەوری پێشڕەوی خۆی ببینێ لە شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەماندا ، بۆیە دوو صەد قوتابی ئۆردوگامان بەوپەری سەربەرزی و گیان فیداکاریەوە لەدەورەیەکی بەرزی فێربون و بەکارهێنانی چەکی قورسدا بەشداریان کرد و لە ماوەیەکی کەم بە سەرکەوتویی دەرچون و بونە پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک کە سەنگەرەکانی ڕیزی پێشەوەی خەباتیان پڕکردەوە و وەک شێر ڕووبەڕووی دوژمنی فاشست وەستانەوە . بەم کارە قوتابیانی کوردستان چەسپاندیانەوە کە بزوتنەوەی قوتابیانی کوردستان زنجیرەیەکی لەیەک نەپچڕاوە بە بزوتنەوەی کوردایەتیەوە .

* بۆ خزمەتی پێشمەرگە قارەمانەکانمان و بو خزمەتی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەوری ( ٤٥ ) قوتابی ئۆردوگامان بەشداری دەورەی ( اسعافاتی اولیان ) کرد بۆ ماوەی ( ٣٠ ) سی ڕۆژ کە تیایا فێری سەرەتاییەکانی پزیشکی و برینپێچی بون . وە کارامە کەوتنە خزمەتکردنی نەخۆش و بریندارەکان و لەو کایەیەدا دەورێکی بەرز ئەبینن .

* دەستەیەک لە قوتابیانی ئۆردوگامان بەشداری لیژنەی ( دفاع مەدەنی ) یان کرد بو فریاگوزاری ڕوداوی بوردومان و سوتاندنی ناوچەکانی کوردستان ، وە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی بێ تاوان لە ئافرەت و منداڵ و پیر لەدەست درندەیی بەعث لە کاتی سوتان و بۆردومانی شارو گوندەکانی

(١٧)

کوردستاندا وە بۆ فێرکردن و ڕاهۆزگاریکردنی جەماوەر لە جۆری خۆپاراستن و خۆ ڕزگار کردنیان لەو هێرشە درندانە .

* لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەوری (٥٠) قوتابیمان بەشداریان کرد لە کاری گەلیدا بۆ کردنەوەی شەقامێك هەتا خەڵکی ناوچەیەکی کوردستان لە ڕێگرتنی زستان و بەفر و باران ڕزگار بکات .

* (٣٠) قوتابی بەشداری دەورەی دورەمی (اسعافاتی اولی) یان کرد کە هەتا کاتی نوسینی ئەم ڕاپۆرتە هەر خەریکی خوێندنن بەبەردەوامی یەوە لە ... هەفتەی ئایندەدا تاقیکردنەوەی قوتابیان دەست پێ ئەکات .

* لە پێناوی بەرزکردنەوەی هونەرو موسیقا لە کوردستان دەستەیەك لە گۆرانی بێژو هونەرمەندانی ئۆردوگامان بەشداری تیپی هونەری بەرزی شۆڕشیان کرد بۆ ئامادەکردنی چەند ئاهەنگێکی قەشەنگ لە ناوچەکانی کوردستاندا .

* دەوری (٤٠) چل قوتابی ئۆردوگامان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ بەشداری لە دەورەی (مەدەنی) دا بۆ ماوەی (٢) مانگ لە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان .

* دیسان دەوری (٧٠) حەفتا قوتابیمان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ دەورەی دووەمی فێربون و بەکارهێنانی چەکی قورس هەتا بتوانن بەشداری فعلی جەبهەکانی شەڕ بکەن، شان بەشانی پێشمەرگەی ئازاکانی کوردستان .

هەواڵنامەی کتێب

پاشماوەی خەباتی قوتابیان .....

چالاکیەکانی یەکێتیمان لە دەرەوەی وڵات ....

* وەفدێکی یەکێتیمان بەناوی بەشی ... لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەشداری کۆنگرەی پانزەهەمینی یەکێتی قوتابیانی جیهانیی کرد کە لە شاری بوداپێست لە نێوانی ڕۆژانی ٧ـ ١٤ ئایارا بەسترا ، وەفدەکە توانی لە ڕێگای لێژنەکانی کۆنگرەوە گەلێك پیا و پێکەوتن و بەیەك گەیشتن پێك بهێنی کەتیا باری ئێستای کوردستان و سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکەی بەعسی تکریتی و کلکەکانی ڕون بکاتەوە بۆ بەشداربوانی کۆنگرە، وە ئەم ڕێکخراوە ئەمەوانەش تارادەیەکی باش سەرنجی وەفدەکانیان ڕاکێشا وە بوە هۆی ناڕەزایی دەربڕینی ئیارەیەکی زۆر لە وەفدەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتە فاشیەکەی بەغدا لەگەڵ ئەوەشدا کە نوێنەری کومەڵەی لایەرەکانی لێژنەی مەرکەزی جرت و فرتی بۆ ئەوە ئەکرد کە ڕووی ڕاستی مەسەلەکە لە بەشداربوانی کۆنگرە بشارێتەوە .

* دیسان توانرا مەسەلەی ... دادەکانی خوشکە لەیلا و برادەرەکانی لە ڕای جیهانی بگەیەنرێت و تاوانەکانی بەعسە ڕوون بکرێتەوە ... بەرەو ئەمە ڕوویان ڕامالرێت .

* ڕێکخراوە کوردستانیەکان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بانگەوازێکی ئاراستەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی دۆست و هەمو ئاشتی خوازەکانی جیهان کرد سەبارەت بە باری ئێستای کوردستان .
وەفدێکی بەرزی سکرتاریەت ــ یەکێتمان ــ سەردانی یوگسلافیای کرد بۆ بەشداری سمینار (کونگرێس) ی جیهانی ... لە نێوان (٢١ــ٢٥) ئابدا بەسترا . وەفدەکە چەند ... چالاکی نواند نیازیش وایە وەفدی یەکێتیمان سەردانی هەندێ وڵاتی ... بکات بۆ ... کردنی سیاسەتی بەعث . جگە لەوە وەفدەکە سەردان ئەکات بۆ هەندێ وڵاتی عەرەبیەکان بۆ ڕوون کردنەوەی جەوهەری بزوتنەوەی ئازادی خوازەکەی گەلی کورد

# تۆ ئەناسین دوژمن

ڕاستە دوژمن
بەدەها برای تۆتا بیت لێ شەهید کردین
تاوانی درندەت کاری تێ کردین
بەڵام .. هەرگیز ناگرین
ئێمە فرمێسك ناناسین
ئێمە کوڵ نادەین
بەزیین ناناسین
ترس ناناسین
ئێمە کوڕی مەردین .. ڕۆڵەی خەباتین
شۆڕش ئەناسین ..
سەربەرزی ئەناسین
تێکۆشان ئەناسین
تۆ ئەناسین دوژمن
جاشە پڵنگ و خۆڕوپیاوەکانت ئەناسین
درندەیی و بێ شەرمی و زۆرداریت ئەناسین

* * *

ئەزانم دوژمن ڕەنگە تاوانی درندانەت
منیش بکوژی
باوکم .. دایکم .. کەسوکارم بکوژی
بەڵام دوژمن ..
سوور بزانە
هەرگیز فرمێسك لەڕوما نابینی
هەرگیز نابەزین و کوڵ نادەین
ئێمە ڕۆڵەی خەباتین و کوڕی مەردین

کڕنۆش ناناسین
بێزاری ناناسین
ڕزگاری ئەناسین
کورد .. کوردستان ئەناسین
برسێتی ئەناسین
هەژاری و چەوساندنەوە ئەناسین
تۆ ئەناسین دوژمن

* * *

دوژمن . . . . . . .
ئێمە ڕۆڵەی کوردین
لەبەر ڕوتا کێوێکی ناگرین
سەربەستی ئەناسین
باوەڕمان بە خۆمان زۆرە
سەر ئەکەوین ..
باوەڕمان بە پارتی و سەرۆکمان زۆرە
سەر ئەکەوین
باوەڕمان بە تفەنگ و پێشمەرگە زۆرە
سەر ئەکەوین
تۆش ئەناسین دوژمن
سەر شۆڕشەکەی ژێر ئەکەوی
سەر ئەزانین دوژمن ..
سەر ئەکەوین .. سەر ئەکەوین

پاشماوەی دەوری ئافرەت لە جیهانی ....

بە شار و گوند و کێڵگە و باخ و قوتابخانە ..... یەوە بەدەست دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە بۆردومان ئەکرێ، و ئەسوتێنرێ و وێران ئەکرێ ...

بۆ ئەڵێن شەڕی دوژمنی مرۆڤایەتیەکە وڵاتە ئیمپریالیەکان و تاقمە طماع کارەکان بەزۆر بەسەر گەلانی ئاشتی پەروەردا ئەی سەپێنن لە بەرژەوەندی خۆیان دا .

ئافرەت دەورێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ئاشتی دا ، هەموو دایکێك گەرەکیتی کە ڕۆڵەکانی لە باوەشی ئاشتی و بەختیاری دا پەروەردە بن بە سەربەستی و سەربەرزی .. وە ببنە پیاوی دوا ڕۆژی گەلەکەیان و سوود بەخشن بۆ خۆیان و نیشتمانیان ، وە لەوەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە بۆیە دەورێکی پیرۆز و کاریگەری ئەبێ لەو کایەدا ئەگەر یەك بگرن و دەنگ و هێزیان بکەن بەیەك لە پێناوی پاراستنی ئاشتی دا .

## بۆ قوتابییە خۆشەویستەکان

# ئامۆژگاری لیژنەی دفاعی مەدەنی

لیژنەی دفاعی مەدەنی چەند ئامۆژگارییەکی دەرکردووە بۆ شناوە خۆشەویستەکانمان بۆ خۆپاراستن لە فڕۆکەکانی بەرەی نیشتمانی کە هێرش ئەبەنە سەر ناوچە مەدەنییەکان لە ئەنجامی تێ شکانی هێزەکانی و خۆ ڕانەگرتنیان لەبەر دەم پێشمەرگە قارەمانەکانمانا بۆیە زۆر بێ شەرمانە بەرئەبەنە گیانی بێ دەسەلاتان و بۆردومانی شار و گوندەکانی کوردستان ئەکەن، کە گەلێ تاوانی وا بێ شەرمیان کرد ــ ووە وەک تاوانەکانی شاری قەلادزە، شەهید و حەلەبجــــە .....

وە بۆ سوود وەرگرتن لەو ئامۆژگاریانە بە پێویستی ئەزانین کە کاکلەی ئامۆژگارییەکەیان بلاوبکەینەوە، هیوادارین کە قوتابییە تێکۆشەرەکانمان پەیڕەوی بکەن و هانی هەموو هاو وولاتیانیش بدەن بۆ پەیڕەوکر ــ دنــــی :ــ

١ ــ لە کاتی هاتنی فڕۆکە بۆ سەر شارەکەمان صفارەی ئینذار لێ ئەدرێت و هەر کە گوێتان لە دەنگــــی صفارەکە بوو کە بە شێوەیەکی دوور و درێژ لێ ئەدرێت . ئەوە دەست بەجێ خۆتان بگەیەننە ئــــەو پەناگانەی کە هەڵکەندراوە یا ئەو شوێنانەی پارێزراوە، ئەلە بالنی هەلاوە بێ بکــەن .

٢ ــ لە کاتی ڕۆیشتنی فڕۆکە لە سەر ئاسمانی شارەکەمان چەند صفارەیەکی کورت لێ ئەدرێت ئەمە ئەوە ئەگەیەنــــێ کە فڕۆکــە ڕۆیشتووە و مەترســـی نەمـــا .

٣ ــ لە کاتێکدا گوێت لە دەنگی صفارە ئەبێت دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکان بکەرەوە و ڕادیۆکەت کز بکە .

٤ ــ پێویســـتە لەسەر هەموو ماڵێک لەیەک چرا زیاتر بەکار نەهێنێ، وە نابێت ئەو چرایەش لە حەوشەدا هەڵواسرابێت بەڵکو لە ژوورا بێت وە بۆ ئەم ژوورەی چراکەی لێ دائەنرێت پێویستە پــــەردە بدرێتە بە ڕووی دەرگا و پەنجەرەدا بۆ ئەوەی ڕووناکی بەدەر نەکەوێ .

٥ ــ هەر کە گوێت لە دەنگــی صفارە بوو لە حەوشەدا دەست بەجێ چراکانتان بکوژێننەوە .

٦ ــ نەوت و بەنزین لە ژوورا دامەنێ لەنزیک گڵ و بەپێی پێویست، بەڵکو لە حەوشەدا لە شوێنێکی تایبەتی دا دای بنێ بۆ ئەوەی لە کاتی بۆردومان دا نەبێتە هۆی پەرپوونەوەی ئاگــــر .

٧ ــ لە کاتی هاتنی فڕۆکەدا بە پێوە ڕامەوەســـــتە وە لە سەر سك خۆت بدە بە زەویدا وە بە هەردوو دەســـت دەم و چاوت بپارێزە و دەمت کــــراوە بێــــت .

٨ ــ لە هەر شوێنێکا قنبلەی نەتەقیوت بینی دەستی لێ مەدە و بە دوریا مەچو و دوری بکەرەوە لێی و دەست بەجێ ئاگاداری لیژنەی دفاعی مەدەنی بکە بۆ ئەوەی ئەوێش پەیوەندی بکات بە تیپی ئەندازیـــار بــۆ هەڵگــرتنی .

٩ ــ لە کاتێکدا ئەبینی فڕۆکە شت فڕێ ئەدات لە وێنەی پاندان و سەعات و شتی تر، منالانە دەستی لێ مەدەن چونکە مەترســی تەقینەوەی لێ ئەکرێت وە ئامۆژگاری منداڵەکانتان بکەن کە ئەو جۆرە شـــتانە هەڵنەگرن و ئاگاداری لیژنەی دفاعی مەدەنــــی بکـــەن .

١٠ ــ لە کاتێکدا بۆردومان ئەکرێت پێویستە هەموولایەك هاوکاری بکەن بۆ ڕزگارکردنی ئەوکەسانــــەی بریندار ئەبن دەست بەجێ بیان گەیەننە لیژنەی اسعافاتی ئەوەلی کەلەوکاتەدا لە کۆڵانەکاندا کارئەکەن .

١١ ــ لە کاتی هاتنی فڕۆکەدا خۆتان مەشلەژێنن و لەسەر خۆبن و بە کۆمەل ڕامەکەن بەڵکو بە شێنەیی و لەبن پاسارا خۆتان بگەیەننە پالو شوێنە پارێزراوەکان .

ــ لە کاتی لێدانی صفارەی انذار هیچ کەسێك بۆی نییە تەقە بکات تا ئەوکاتەی فڕۆکە دێتە ســـەر ئاســـمانی شارەکەمان و دەست ئەکات بە دەوران ئەوکاتە ئەو کەسانەی کە ڕێزیان بۆیە لـــــە بەرزەوە ئەتــوانن تەقەی لێ بکــەن بە مەرجێك ئەو تەقانەی کە ئەی کەن بە زیان نەگەڕێتەوە بۆ هاو وولاتیان وە بۆ چەکەکانی دژی ئاسمانی چونکە لەم کاتە لە هەر کاتێکی تردا هەرکەسێك تەقە بکات

لە کوڵان دا و لە ماڵان دا توشی سزا ئەبێت •

١ـ ئەو چاڵانەی کە لەلایەن مقاولەوە ، تایبەتیەوە لە کوڵان و شەقامەکان دا ـ هەڵ ئەکەنریّ داوا لە هاوڵاتیان ئەکەین کە هاوکاری بکەن بو ئەوەی چاڵەکان زوو بەزوو تەواو بێت •

١ـ شوێنی تایبەتی دانراوە بو راوەستانی ئەو ئوتومبیلانەی کە هاتوچوی ناوەکان ئەکەن شوێنی تایبەتیان بو دانراوە بو راوەستانی وەهەڵگرتنی ئەمە ، پێویستە جگە لەو شوێنە لە هیچ شوێنێکی تر ئوتومبیل رانەگیرێ •

١٥ـ وەکو پێویستیەکی مرۆڤایەتی و نیشتمانی ، پێویستە خاوەن ئوتومبیلەکان لە کاتی بوردومان دا ئوتومبیلەکانیان بخەنە کار بو خزمەت لەو کاتەدا ، بەتایبەتی بو گواستنەوەی بریندارەکان •

١٦ـ دەربارەی چرا و لوکس بەشەو لەناو بازاردا پێویستە جگە لە دلالی و ••• خاوەن چێشتخانەکان هیچ دوکانێکی تر لوکس نەسوتێنی ، ئەوانیش پەردە بو دوکانەکانیان بگێڕن وە دوکانەکانی تریش چرا بسوتێنن بەمەرجێ چراکە لە ناو دوکانەکەدا دابنرێ ، بێگومان کە گوێتان لە دەنگی صفارەی ئاگادار کردنەوە ئەبێت دەست بەجێ لوکس و چرا ئەکوژێننەوە لەناو بازار دا •

١٧ـ لەکاتی نوستن دا لە ماڵان وئوتیل پێویست ناکات چرا داگیرسێت ، وە هەر ماڵێک کە ئەنوێت ئەبێت چراکەی بکوژێنێتەوە •

٨١ـ لەکاتی هاتنی فرۆکەدا ئوتومبیلەکەت لە کەنار شەقام دا راوەستێنە وە ئەگەر شەو بو لایتی ئوتومبیلەکەت دەست بەجێ بکوژێنەوە ،

١٩ـ لەکاتی هاتنی فرۆکەدا بەشەو قەدەغەیە لایتی دەستی یان چرای ـ دەستی بەکاربێت ، وەئەم رووە سزای توندی سەرپێچی کەر ئەدەین •


٢٠ـ بێگومان بڕوامان بەمەیە کە هەموولایەکتان هاوکاری ئەوەمان ئەکەن بو چەسپاندنی ئەم ئاموژگاریانە چونکە پارێزگاری ژیان و ماڵتانی تیایە وە ئەم کارە پیروزەش کارێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانیە و پێویستی سەرشانی هەموولایەکمانە •

## دایە



دایە ئەزانم منت خۆش ئەوێ
ئەزانم رەنگە بەلاوی بمرم ••
رەنگە نەگەمە شەوێ ، سبەینێ
کاتێ شاخ بیدەنگ ئەبم

بەڵام چارچیە •• دایەی شیرینم
دڵی مەردێکی وەهات بەمن دا
پێم سەرشۆڕی بێت دوژمن ببینم ••
نیشتمانەکەم لێ زەوت بکات





# باوەگرگر

ژمارە ٣ . . تشرینی دووهەم . ١٩٧٣

یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق - لقی کەرکووک -

لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن

- ٢ -

# رسالة البارزانى الى مؤتمر دول عدم الانحياز

ارسل المناضل مصطفى البارزانى رئيس الحزب الديمقراطى الكردستانى وقائد شعبنا الكردى برسالة الى مؤتمر دول عدم الانحياز الذى عقد فى العاصمة الجزائريه فى اب الماضى ،وادناه نص ترجمه الرساله :

رئاسة مؤتمر القمه الرابع لدول عدم الانحيـــــاز

تتجه انظار شعوب العالم بما فيها شعبنا الكردى نحو العاصمه الجزائريه حيث يعقد مؤتمر القمه الرابع لدول عدم الانحياز فى ظروف دوليه مهمه للغاية والتى تتطلب تعبئة الجهود لمعالجة المسائل الدوليه والوطنيه الملحه التى تواجه شعوب هذه الدول حسب مصالحهم الوطنيه المشتركه .

اننا نتوجه الى مؤتمركم على وجه الخصوص نحو انظار الشعوب المظلومه والمغلوبه على امرها حيث انكم بانفسكم تمثلون شعوبا كانت قد عاشت وتعيش فى ظل ظروف مشابهه تمربها هذه الشعوب المضطهده اليـــوم .

لقد انجزت حركة عدم الانحياز مكاسب مهمه لصالح شعوب العالم خلال مؤتمراتها السابقه والتى عقدت فى بلغراد والقاهره ولوساكا ثم انها تتمتع بمسؤولية كبيره فى العالم وفى مقدرتها تحقيق انفراج دولى وتمكين شعوب عديده فى الحصول على طموحاتها القوميه وحريتها واستقلالها .

ان الشعوب العالم تتجه انظارها الى المؤتمر وتامل ان تترجم المبادئ النبيله فى محاربة الاستعمار والتهديدات الموجهه الى امن الشعوب والاستقلال والاضطهاد ،ومن اجل التعاون الدولى لحل القضايا الاقتصاديه والسياسيه والاجتماعيه ولكى يقدم العون الى الشعوب لتحقيق طموحاتها المشروعه المتمثله فى حريتها واستقلالها الى الواقع وذلك لخلق جو يمكن من خلاله وضع اسس جديده للعلاقات الدوليه .. وتعاون الشعوب النامية فيما بينها فى العالم وعلى مستويات الدوله الواحده نفسها والتى تتواجد فيها اكثر من قومية واحده .

ان العديد من الاقطار غير المنحازه يعيش فيها اكثر من قوميه واحده . ولقد عانت القوميات الصغيره من بينها من اضطهاد ( مزدوج ) وذلك فى العهود الاستعماريه . ولاتزال هذه الشعوب الصغيرة تعانى من الاضطهاد القوى الذى استمر بالنسبه لها بعد تحرر البلاد التى يعيش فيهـــا من الاضطهاد الاستعمارى . وليس هذا فحسب بل وبسبب ضيق افق الحكام وفشلهم فى الاستجابه لمتطلبات الحياة العصريه وظهور المساله الوطنيه على مسرح الحياة السياسيه كمساله ملحه وعاجلـــه فلقد اتخذ هذا الاضطهاد فى بعض من هذه الاقطار اشكالا اكثر خطورة مما كانت عليه اثناء السيطره الاستعماريه ان هذا ادى ويؤدى الى بعثرة الجهود فى هذه البلدان فى اتجاه المعالجه الخاطئه للمسائل الوطنيه بدلا عن الاتجاه نحو ايجاد حلول راسخه وسليمه لهذه القضايا وعلى الاخص المساله القوميه .

ان شعبنا الكردى الذى يشكل واحدا من شعوب منطقة الشرق الاوسط الرئيسيه والذى عانـــى طويلا من الاضطهاد الاجنبى والذى كان دوما فى حالة ثورة مستمرة ونضال دؤوب فى سبيل حقوقه القوميه والديمقراطيه ،فتتجه اليوم بانظاره نحو شعوب العالم وبالاخص نحو دولكم وشعوبكم لمد يد العون اليه من اجل تحقيق طموحاته والتى هى طموحات مشتركه بين جميع هذه الشعوب .

# كلمة العدد

نهديكم اطيب تحيات فرع كركوك لاتحاد طلبة كردستان العراق ونتمنى لكم
عاما حافلا بالنجاح والانتصارات
بعد غياب طويل نضع بين ايديكم العدد الثالث من مجلة باوه كركر التي هي
باكورة نتاجاتنا وبهذه المناسبه نعتذر عن تاخير صدور هذا العدد بسبب
الظروف الطارئه التي حالت دون صدورها ولكي نضمن استمرارية صدورها نرجوا منكم ان
ترسلو لنا نتاجاتكم الادبيه والثقافيه من مقالات سياسة وقصص قصيده وشعر. نحن
بانتظار نتاجاتكم والى هذا الامل الكبير نتطلع.

والى الامام لخدمة طلبة كردستان
والعلم والنضال من اجل تثبيت الحكم الذاتي
لكردستان العراق

لجنة الثقافه والاعلام
فرع كركوك

- ٤ -

# بيــان
# اتحاد طلبة كردستان - العراق
## بمناسبة العام الدراسي الجديد ٧٣ - ٧٤

ايتها الزميلات
ايها الزملاء
ايتها الجماهير المناضلة

ينتهز اتحادنا ، اتحاد طلبة كردستان العراق حلول العام الدراسي الجديد ٧٣-٧٤ فيتقدم احر التحيات الرفاقيه الى طلبة كردستان والى عموم طلبة العراق والى اخواننا الطلبة الكردستانيين في اوربا ويتقدم بالتحيات النضاليه الى المنظمات الطلابيه العربيه والعالميه الصديقه التي وقفت دوما الى جانب النضال العادل لشعبنا الكردي ويتمنى لهم النجاح والتقدم ويتطلع نحو تحقيق مكاسب وانتصارات للحركه الطلابيه المناضله وانتصارات جديده للشعوب المكافحه من اجل حريتها وتقرير مصيرها بنفسها ان اتحادنا المناضل الطليعه الديمقراطيه المنظمه لجماهير الطلبه في كردستان العراق يتطلع بتفاؤل الى ان يكون هذا العام عام خير لمسيرة حركتنا الوطنيه الكرديه التحرريه بقيادة الحزب الديمقراطي الكردستاني وعلى راسه المناضل مصطفى البارزانـــــــــــــــي .

عام تحقيق الحكم الذاتي لكردستان العراق وانتصارات ظافره لجماهير الشعب العراقي .. عام دحر للقوى الامبرياليه والاستعماريه في العالم .. عام انتصارات الشعب الفلسطيني ~~البطل ... المتضامنة~~ ولكافة الشعوب التي تناضل من اجل حريتها وعام نصر لقوى السلم والحريه والتقدم الاجتماعي والديمقراطيه

ايتها الزميلات .. ايها الزمـــــــلاء ..

ان عامنا الدراسي الجديد تحيق به اخطار كبيره تهدد حركة شعب كردستان التحرريه فالقوى الشوفينيه والرجعيه وعناصر الارتزاق والجشع تخطط بحقد ولؤم لضرب الوحده الوطنيه والثوره الكرديه بالمعاصره حزبها المقدام الحزب الديمقراطي الكردستاني فتثير الشغب والفتن والشكوك وتلغم وحدة شعب كردستان بالغام الشقاق والانقسام . وتعمل على شل او في الاقل اضعاف الحركه الجماهيريه الكردستانيه والمنظمات الكردستانيه وتشن غارات غادرة بالسر والعلن على القرى والقصبات الامنه في ريف كركوك وسنجار وخانقين ومندلي لتنفيذ الاهداف التي تكمن وراء سياسة تغيير الواقع القومي في تلك المناطق فتقوم هذه القوى المعاديه على شق وحدة الكادحين العرب والاكراد في هذه المناطق بما يخدم ركائز الانطاع والقوى الشوفينيه ان الهدف البعيد لهذه المخططات والاعتداءات والانتهاكات لنسف مكتسبات شعبنا العراقي وافراغ اتفاقية اذار من محتواها التقدمي والوطني وتفسير هذا المحتوى بشكل لا ينسجم ولا يخدم مسيرة الحل السلمي الديمقراطي للمساله القوميه الكرديه .

ايتها الجماهير الطلابيه الواعيــــــــــــــــه :

ان سلاحنا الامضى لمواجهة هذه المؤامرات والمخططات الشوفينيه والرجعيه الحاقده هو شحذ اليقظه والحذر والوعي وتشديد النضال الثوري ضمن الالتزام الواعي المنظم بحركة شعبنا والمساهمه بنشاط في مختلف اشكال النضال من اجل تنفيذ كافة بنود اتفاقية اذار وحصول الشعب الكردي على حقه الطبيعي وصولا الى تحقيق الحكم الذاتي لكردستان ضمن الجمهوريه العراقيه في موعده المحدد بموجب اتفاقية اذار ومن اجل اشاعة الديمقراطيه وخلق مؤسساتها الدستوريه والمؤسسات التشريعيه والقضائيه والتنفيذيه المنتخبه من قبل الشعب والتي يساهم فيها شعبنا بنسبة عادله وبهذا يتم حل المشاكل المختلفه المعلقه لشعبنا العراقي ومنها المشاكل الخاصه بطلبة كردستان وعموم طلبة العراق .

لذا يعتقد اتحادنا ان الحركه الطلابيه العراقيه ملزمه بمناقشة واستيعاب مضامين المسائل التاليه :

١) يسعى اتحادنا من اجل تقوية اواصر التعاون مع الاتحاد الوطني لطلبة العراق على كافة المستويات من اجل ... لحل معضلات الطلبة الدراسيه

-٥-

٢) يطالب اتحادنا بالاسراع في تنفيذ كافة بنود اتفاقية اذار بما فيها حصول شعب كردستان على حقه الطبيعي في الحكم الذاتي . ان الحرص على تحقيق ذلك يستلزم اقلاع السلطات المسؤولة عن سياسة تغيير الواقع القومي في مناطق كركوك وسنجار وخانقين وغيرها من مناطق كردستان والكف عن احتضان العناصر المرتزقة واشباه الحرب وعن سياسة الالتفاف على اتفاقية اذار التاريخية ان الطريق الطبيعي لتحقيق هذه المهمات يتم بالتعاون الصادق والمخلص مع قيادة الحركة الوطنية الكردية والحزب الديمقراطي الكردستاني بقيادة المناضل مصطفى البرزاني واية محاولة لتجاوز هذه الحقيقة ستجلب على البلاد كوارث واضرار نحن وكل الشعب العراقي في غنى عنها .

٣) ان الطلبة الكردستانيين في مناطق خانقين وسنجار وبعشيقه ومندلي وبدره وجلولاء وسعديه وتلكيف وكركوك يعانون من المضايقات والاعتداءات المستمرة مما يؤثر على مستقبلهم الدراسي ايضا بالاضافة الى تاثير ذلك على الوحدة الطلابية العراقية المنشودة ان بعض السلطات المسؤولة وبعض ادارات المدارس ماتزال ماضية في تلفيق التهم الباطلة ضد طلبتنا من اجل شل نشاطهما الطلابي والوطني والديمقراطي وتجري كذلك محاولات دائبة لافشال الدراسة الكردية في المدارس الكردية في هذه المناطق ولاتزال كثير من الكتب المدرسية بعيدة عن ان تعبر عن واقع الشعب الكردي ونضالاته وثورته الوطنية الديمقراطية . ان طلبتنا يقاومون هذه المحاولات ويصدونها بصبر ووعي ويقظه ونطالب بتوفير الاجواء الدراسية الملائمة لهم واجتثاث جذور هذه الظواهر السلبية المضرة بوحدة الجماهير الطلابية وبالوحدة الوطنية ونطالب كذلك بتوسيع الافاق امام مديرية الدراسات الكردية لتنجز مهامها بشكل طبيعي لما فيه التقدم والتطور لعملية تربوية في البلاد ونطالب بالاسراع في سد كافة الشواغر في المدارس الكردية ولاننسى ان نثمن قرار السيد رئيس الجمهورية المهيب احمد حسن البكر حول تعيين خريجات الفنون المؤهلات وخريجي القسم الكردي بجامعة بغداد كمعلمات ومعلمين لسد الشواغر في المدارس المشمولة بالدراسة الكردية ونطالب بشمول قضاء خانقين بهذا القرار الايجابي ايضا ونثمن قرار سيادته بتعيين خريجي ثانويات الزراعة كمعلمين لسد بعض الشواغر وان اتحادنا يرى بان تاجيل خريجي معاهد المعلمين من الخدمة العسكرية سيشكل مساهمة جادة في معالجة الشواغر وسيسهم عملية التطور التربوي في البلد .

٤) نطالب بالتنفيذ الجدي والكامل للبند الثالث ـ الفقرة (ج) من اتفاقية اذار التي تنص ما يلي :
( نظرا للتخلف الذي لحق بالقومية الكردية في الماضي من الناحيتين الثقافية والتربوية توضع خطة لمعالجة هذا التخلف عن طريق (ج) الاكثار من فتح المدارس في المنطقة الكردية ورفع مستويات التربية والتعليم وقبول الطلبة الاكراد في الجامعات والكليات العسكرية والبعثات والزمالات الدراسية بنسبة عادلة ) ففي الوقت الذي نقر بان مدارس كثيرة قد فتحت في كردستان بعد اعلان اتفاقية اذار فقد بقيت مشكلة الشواغر هي المزمنة فنطالب بوضع حد نهائي لهذه المشكلة واما بخصوص الزمالات والبعثات فلا توجد اي عدالة في التوزيع وحرم الكثير من الطلبة من البعثات والزمالات والمنح الدراسية واما بخصوص كليتي الشرطة والعسكرية فان نسبة قبول الطلبة الاكراد في هاتين الكليتين فلم تتجاوز الثلاثة بالمئة من مجموع الطلبة المقبولين واما كلية الطيران فهي كلية محرومة على الطلبة الاكراد منذ سنوات وحول معاملة المسؤولين في تلك الكليات للطلبة الاكراد فهي معاملة مواطنين من الدرجة الثانية والثالثة حيث يلاقي الطلبة الاكراد شتى صنوف الاضطهاد والقسر من قبل المسؤولين لذا نطالب بوضع حد نهائي لهذا الغبن المفضوح .

٥) ان القبول في الجامعات العراقية على اساس تسلسل الدرجات فقط وعبر المكتب المركزي للقبول كما هو معمول به حاليا سيحرم طلبة كردستان وطلبة بعض المحافظات ميسان مثنى والقادسيه مثلا من القبول في بعض الكليات العلمية كالطب والهندسه والصيدله والاسنان نظرا لانعدام فرص التعليم الجيده امامهم شانهم شان زملائهم ببغداد .
ومن اجل الا تظل كردستان والمحافظات في الجنوب والوسط محرومة من الكوادر العلمية من ابنائها ينبغي وضع مخطط علمي لتطور العراق ككل وتوزيع الطلبة على الكليات توزيعا اقليميا عادلا مع مراعاة الدرجات اسوة بمعظم الدول النامية التي كانت تمر بظروف مماثلة لظروف العراق .

٦) في هذا العام كما في الاعوام السابقة حرم عشرات من الطلبة الاكراد في الدخول الى الجامعات العراقية بسبب عدم حصولهم على وثائق شهادة الجنسية العراقية علما انهم من مواليد العراق ابا

(٦)

ايتها الزميلات .. ايها الزملاء الاعزاء...
اننا في الوقت الذي نرحب بكم ترحيبا صادقا نطرح امامكم هذه الامور ونطالبكم بالالتفاف حول راية اتحادكم المجاهد (اتحاد طلبة كردستان العراق) والعمل لصالح قضية شعبكم العراقي والنضال من اجل تعميق الوحدة الوطنية الصادقة المفعمة بالحب والتفاني والمثابرة في تحصيل العلمي ومواصلة النضال الدؤوب من اجل رفع المستوى العلمي والالتزام بكل متطلبات هذا الشعار.

والى الامـــــــــــام

مكتب سكرتاريــــة
اتحاد طلبة كردستان العــــراق
اواسط تشريـــــــن الاول ــ ١٩٧٢

[وانەیەکی تر بۆ منداڵان]

منداڵەکان
سەر لە خەوما ڕێبوارێک بووم
بۆ بارەگای بۆستانت دەچووم!
کە دەروازەکەی قوتی دام
یەکەم بینی ئاڵای هەبوو
سێیەم بینی ئاڵای هەبوو
هەزارەم بینی ئاڵای هەبوو
فێرا ندیان...
ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە ؟!
منیش وتم:
- مە فێرێنن!!
کە ئەچمەوە
ئەم چیرۆکە، بۆ منداڵان دەگێڕمەوە!

عبداللە پەشێو...

(٧)

# ئۆردوگاو قوتابیان

بێ گومان قوتابیان هەردەم وەکو بەشێکن لە رۆشنبیران چرابەکی بەجۆشی داون لە ناوکۆمەڵدا بەهۆی گرنگیەتی بەشێکی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ کە رێگە ئەچێتیان. بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردەواریماندا بەهۆی ئەو هەلومەرجە تەماشایەی ئەگیرکەوتی نیشتمانیی جیهانی بەتایبەتی کۆنەپەرستانی کوردستانەوە داپیانەوە ئەیدەن وە هەروەهابان بە هەموو جۆرێک و هەموو کاتێک بەیەکی دەرپتانە بو تاوندنەوەی وە هێشتنەوەی لە تاریکی نەخوێندەواریو هەژاری بۆیە وەی ئەرای ئەچن بە جۆرێک هەست ئەکات بە راستی ژیانی دواکەوتوی. بۆیە ئەم پێویستیە ئەکەوێتە ئەستۆی قوتابیانی کوردستان بەتایبەتی لە پێشیانەوە یەکەتی قوتابیانی کوردستان کە سەرکردەی کۆمەڵگای قوتابیانی کوردستانە. ئەک بۆ ئەستۆ لە جێگای خۆیەوە ئەوەسەیری چینە کانی زەحمەت کێش کوردستان بکات، ئەکەی کار جوتیارو هەژارانی کوردستانن بەڵکو پێویستە خۆی تێکەڵیان بکات وە دوا رۆژی خۆی بەدەستێت بە دوا رۆژیانەوە لەبەر ئەوەی ئەوان (زحمەت کیشات) زۆربەی زۆرن لە کۆمەڵگاکەماندا وە باشترین ڕێگەی مرۆڤانەیەتی ژیانی جوتیارانی کوردستانیو چونیەتی بەرێوە چونیان ئەو ئۆردوگایانە یە کە بەکرە تیمان بەدەوام بوە لە دامەزرانتنی لەم دوو سێ ساڵەی دوایدا وەکە هەردەم تێ ئەکۆشێ لە پێناوی فیروان کردنی بونی وەی بیکات بە جێگای یەکتر گرتنی قوتابیانمان و هەمو رۆشنبیرانی شۆرشگێڕو جوتیارانی کوردستان.

مەبەستی سەرەکی بەگشتی لە ئۆردوگاکانمان تێکەڵ بونی قوتابیانانە بە شێوەیەکی گرتلەگەڵ نەمن دا بو فێربونی راستی ژیانی رۆژانەی جوتیارانی هەژارو لەم تێکەڵ بونە شدا ئەنجامی گرنگ دەست ئەکەوێ ئەویش پاریەتی دانی جوتیارو هاوکاری کردن لە کێڵدا ئەبێتە هۆی بەتین بونی پەیوەندی نێوانیانەوە بیرو باوەڕیان ئەگۆرنەوە وە ئاگاداری و گفتوگۆ گرتنە کانی یەکتر ئەبن و چارە سەری تەواوی بۆ دائەنێن ئەمەو جوتیار بە چەند کێشەیەک ئەناسێنێت کە پەیوەندی گرنگو راستەو خۆی هەیە بەگەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەڵەوە هەیە. وە لە راستی خەباتی نەتەوایەتیو چینایەتی تێ ئەگەیەندری وە باسی مافە کانیو دواندنی لە چەند کێشەی گرنگ لەگەڵ ئەکرێ وەکو کێشەی نەتەوایەتی و چارە سەرکردنی کشتوکاڵ. هەرکە توانرا جوتیارو رۆشنبیرانی شۆرشگێڕ یەکە وە لە هەمو ئەم راستیانە بکەن کۆمەڵگایەک پێک ئەهێنێت هێزو خوێن بارانی دوژمن نە توانێ کاری تێ بکات وە قوتابی لە کاتی هەڵچونیا وەکو رۆشنبیرێک بۆی هەیە ببێتە رۆشنبیرێکی خۆ دورە پەرێز گرلە زەحمەتکێشان وە هیچ سودێکی نەبێت وە ئەشتوانێ ببێتە رۆشنبیرێکی شۆرشگێری لێ هاتوو هەردەم هەڵکوتێت بۆ ریزەکانی جوتیارانو زەحمەتکێشان وە کومەشخەڵێک بەشداری تێکۆشانەکانیان بکات. رونە لای هەموان کە جوتیارانمان پێویستیەکی زۆریان هەیە بە رۆشنبیرانی شۆرشگێر بۆ پیشاندانی ڕێگای راستی خەباتیان.

رۆشنبیر ناتوانێ سود بگەیەنێ بە جوتیاران تەنها بە خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارو لەبەرکردنی چەند وتەیەکی زانا بە ناوبانگەکان ئەگەر تێکەڵی ژیانیان نەبێتو نەتوانێ وە لە هاوکاری کردنیانا لە ئیشو کاری رۆژانەیان دا وە هەست بە ئیشو ئازاریان نەکات. بێگومان ژیانی ناو جوتیارانی زەحمەت کێش باشترین قوتابخانەیە بۆ پەروەردە کردنی رۆشنبیری شۆرشگێر لادێکانی کوردستانمان باشترین فێرگایە بۆ مەشق کردنی رۆشنبیری شۆرشگێر بۆ خەبات کردن بۆیە تێکەڵ بونی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ جوتیارانا لەم رووەوە هاتوە بۆ پەروەردەکردنیان بە بیروباوەڕێکی شۆرشگێری بۆ ئەوەی بتوانن تیوری پێشکەوتوانە شۆرشگێری (النظرية التقدمية الثورية) بچەسپێنن بە گوێرەی کاربکەن ... وە لەلایەکی تریشەوە سود ئەبەخشێت بۆ دیاری کردنی قوتابیانی بێ سود ئەو قوتابیانەی نەک تەنها بە دۆستی جوتیار ناژمێردرێن بەڵکو بۆیان هەیە دوژمن کەواتە ئۆردوگای قوتابیان سودێکی زۆر ئەبەخشێت بۆ پێشکەوتن دەبا ئێمەی قوتابیش دەنگو توانای خۆمان تێکەڵ بە ئەو دەنگو توانایە نەبکەن کە لە ئۆردوگاکانی یەکەتی قوتابیانی کوردستانە وە ئەڵێین کە سوتە مەنی شۆرشی (١١) ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ کن وە ئەوڵ بدەین بو سەرکەوتنیاز بۆبەدەست هێنانی کە لکی زیاتر کە لەژێر سەرپەرشتی یەکەتی قوتابیانی کوردستاندا ئەبەستێن.

(٨)

# ظــواهــر ســلبية

في يوم الاحد المصادف ٧/١٠/١٩٧٣ نظم اتحاد طلبة كردستان العراق فرع (كركوك) مسيرة اشترك فيها عدد كبير من الطلبه الكردستانيين عربا واكرادا وتركمانا معبرين عن تأييدهم ومساندتهم للنضال الذي يخوضه الشعب العربي الشقيق ضد اسرائيل وعدوانها الغادر الاخير على مصر وسوريا وتصدر المسيره الشعار الذي رفعه اتحادنا (الطلبه الكردستانيين يساندون الشعب العربي لاسترجاع حقوقهم المشروعه) والطلبه كانوا يهتفون بحياة الثوره الفلسطينيه ونضال الامه العربيه والاخوه العربيه الكرديه ومنددين بالعدوان الاسرائيلي الاخير ولاقت المسيره التأييد من المواطنين اهالــــي كركوك عربا واكرادا وتركمانا ان هذه الصوره النضاليه الرائعه والتي تعبر عن ... وقوة الاخوة العربيه الكرديه وعن تضامن ومساندة الحركه الطلابيه الكردستانيه لنضال الامه العربيه والثوره الفلسطينيه ... اثار ... حقد الحاقدين على الاخوه العربيه الكرديه والاواصر النضاليه التي تربط الحركتين التحرريه العربيه والكرديه مما دفع بهم الى اتباع اساليب وحشيه ولا ديمقراطيه بهدف افشال المسيره واستعملوا اخماس البنادق لاسكات الطلبه ووصل الى حد ضرب الطالبات واستخدام السيارات لتفريق المشتركين في المسيره وعلى اثر هذا جرح احد زملائنا واسمه (جبار ابراهيم) وهؤلاء كانوا يطالبون ايضا بانزال صورة قائد شعبنا الكردي المناضل مصطفى البارزاني والذي رفعها الطلبه مع صورة الرئيس المهيب احمد حسن البكر ...

ان هذه الحادثه ماهي الا صوره علنيه بشعه لتلك السياسات التي تمارس ضد شعبنا الكردي وحركته التحرريه وضد اتحادنا وما غرض ما حدث بالامس في كركوك الا محاولة لمنع اعلان تأييدنا ومساندتنا لنضال الشعوب المضطهده ومنها الشعب العربي المناضل بهدف تطويق وعزل حركتنا التحرريه والا فماذا تعني مهاجمة مسيرة معبره عن تأييدها وتضامنها مع الشعب العربي والثوره الفلسطينيه فماذا يعني منع الطلاب واستعمال القوه والضرب والدفع بحقهم وهم يعبرون عن دعمهم للشعب العربي بابسط الاشكال النضاليه ....؟

ان اتحادنا في الوقت الذي يؤيد كل خطوه وموقف تدعم وتساند نضال الامه العربيه وخاصة في هذه الايام العصيبه مسانده حقيقيه ومشروعه نؤكد على ان المعركه الراهنه التي تخوضها الامه العربيه لتدفعنا الى ان نؤكد مرة اخرى ان اتحادنا يمثل الحركه الطلابيه الكردستانيه وفصيله ثوريه في الحركه التحرريه الكرديه كان ولايزال الى جانب الامه العربيه في محنها ونضالاتها ويعبر عن اقصى صور التضامن ان اتحادنا يستنكر ما ارتكبت واستخدمت من اساليب لا ديمقراطيه بحق مسيرة كركوك لاتحادنا والذي قام بها رجال من بعض اجهزة الحكومه ليؤكد ان مثل هذه الممارسات لن تخدم الاخوه العربيه الكرديه ولا نضالهما المشروع ضد الاستعمار والرجعيه واعداء الشعوب وفي الوقت نفسه يهيب بـ كل المفاهيم الثوريه ... والديمقراطيه وما هي الا حلقه اخرى لخدمة اعداء شعبنا العراقي ومكاسبه وتخدم من لايرضى ويجهل للنضال المشروع الذي تخوضه الامه العربيه وخاصة الشعب الفلسطيني لاسترجاع حقوقه المشروعه وتقرير مصيره بنفسه .

مكتب سكرتارية
اتحاد طلبة كردســــــــتان
١٩٧٣/١٠/٨

(٩١)

# تحرر المرأة

( تسيطر على الرجال ثلاثة انظمة من السلطان فالسلطان السياسي ، السلطان العشائري والسلطان الديني فاما النساء فالى جانب خضوعهن لسيطرة الانظمه الثلاث السالفه الذكر يخضعن كذلك لسيطرة الرجال – سلطان الزواج – )[١] وهذه الانواع الاربعه من السلطان السياسي والديني والعشائري والزواج تمثل عقلية ونظام الابوه الاقطاعي ) فما هو اصل هذا الاستغلال والى اي عامل يرجع ؟ ( ان تخلف المرأة اقتصاديا وعدم مشاركتها في الانتاج الاجتماعي هو اساس كل استغلال تعانيها )[١] فهل يتغير هذا الاستغلال في تغير اساسها الاقتصادي ؟ لقد اثبتت نضال المرأة في مختلف البلدان ( وخاصة البلدان الرأسماليه ) في ظل اتحادات او جمعيات النساء والتي قطعت شوطا بعيدا في مجال الدفاع عن حقوق المرأة . انه لا طائل وراء هذا النوع من النضال في ظل الجمعيات او الاتحادات النسائيه لانه لم يغير من الوضع اي شيء (المرأة تمثل البروليتاريه والرجل يمثل البرجوازي في ظل الاسره ) باقية ببقاء هذه الجمعيات لان الفصل بين مسالة تحرر المرأة والصراع الطبقي والتي تربطها علاقة جدليه التي لايمكن الفصل بينهما باي حال من الاحوال ولن تغير من الوضع وان غيرتها فالمظهر فقط لاكن جوهر الخضوع التام للرجال تبقى كما هي .

لو درسنا تاريخ المجتمعات القديمه حيث كانت المرأة تلعب دورا مهما فيها وما السطاليه ذلك الوضع . ان العشيرة البدائيه كانت يشكل وجود المجتمعات القديمه وفيها كانت ادوات الانتاج مشاع لبساطتها وبساطة الحياة الاجتماعيه ان ذلك . حيث كان التعاون المطلق بعضهم مع البعض ضرورية جدا نتيجة الاخطار والكوارث الطبيعيه والحيوانات المفترسه لذلك كان دور المرأة كدور الرجل تماما حيث كانت تقوم بمهمات جمع الطعام وتدجين الحيوانات والزراعه البدائيه وصناعة الملابس والاوعيه وبناء البيوت وهي التي تخلق ادوات المجتمع وتطور مهاراتها وكانت المرأة وسيلة نقل هذا التراث للجيل الجديد هذا في مرحلة الاموميه حيث كانت النساء في تلك الفترة من التاريخ مستقلات اقتصاديا واجتماعيا . لكن تطور وسائل الانتاج بادخال تربية الماشيه وصقل المعادن ثم الزراعه وانتقال ملكية القطعان احدث هذا التطور نمو في ثروات العوائل بسرعه فاخذت العشيرة تخضع تدريجيا للعائله بحكم هذه التغيرات الاقتصاديه بدات العشيره تتفكك وتسود عائلة الرئيس الابويه الرعويه . ونلاحظ بعد ذلك ما ان تعقدت الحياة الاجتماعيه قليلا ودخل الصيد كمورد هام للرزق حتى مونيت المرأة بالهزيمه لعدم استطاعتها بالقيام بالصيد كالرجال لاسباب الحمل والمرض وغير ذلك وهنا ظهرت العائله الابويه حيث كانت سيطرة الاب سائدة واصبحت العائله منذ ذلك (صورة مصغرة عن تلك التنافورات والتناقضات التي يتحرك في داخلها المجتمع المنقسم الى عدة طبقات منذ بداية عصر الحضارة )[٢] تختلف وضع المرأة في القرى عن وضعها في المدينه وذلك لمشاركة الاولى ( ولو جزئيا ) في الانتاج الزراعي والتي اعطتها نوع من التحرر الظاهري في ظل مجتمع شبه اقطاعي مازالت الثقافات الاقطاعيه ومخلفات القرون الوسطى والخرافات الدينيه تعمل عملها . اي ان جوهر الاستغلال والخضوع التام للرجال مازالت باقيه اما اكثريه المرأة (المثقفه ) في المدينه ( الطالبات والمعلمات ) والتي بدات تتطلع الى حياة جديدة بحكم عملها والتحرر من القيود العائليه لاتجد غير التقاليد الاعمى للموديلات والفخفه البرجوازيه الفارغه منفذا لها بل ان كلمة التحرر لاتعني لديهم الا لبس فستان جديد او قراءة مجلة دائمه وبالطبع هذه فكرة روجتها البرجوازيه (لسيطرتها على الحياة الاجتماعيه لاكن هذه الحريه لاقيمة عملية لها من انها اخرجت المرأة من الحجاب الاقطاعي واعطتها حق ارتداء الازياء الاوروبيه ومرد ذلك هو رغبة البرجوازيه في توسيع ارباحها ببيع المنتجات الاستهلاكيه المحليه والمستوردة )[٤]

بعد ان تبين لنا وبشكل واضح الاساس الاقتصادي لاستغلال المرأة نتسائل هل بالامكان تحرر المرأة بدون ثورة اجتماعيه شامله وبدون تغير العلاقات الاقتصاديه القائمه في الوقت الحاضر ؟

ان كلمة الحريه غير واردة الا في ظل الثورة الاجتماعيه ( ان تجارب اكثر الشعوب اثبتت بان نجاح اية ثورة تتوقف على درجة مشاركة المرأة فيها )[٥] اذ لاثورة بدون تحرر المرأة ولن تتحرر المرأة بدون ثورة .

المصادر

( ١ ) [illegible] ( ٢ ) [illegible]

(١٠)

# کاروانی شەهیدان

شەهید یاسین ئەنوەر عوسمان

خەباتی خویناوی و کاروانی بەرەوپێشکەوتنی یەکێتیمان بەوەیان کوسپوتەگەرەی هاتۆتە بێت بەڵام هەرگیز لە ڕێ لای نەداوە وەگێری نەخواردووە . چونکە هەموو ختێک ریزەکانی قوتابخانەیەکی بوە بۆ پەروەردە کردنی رۆشەنبیری شورشگێرو لانکەیەک بووە بوکۆش کردنی تێکوشەران وە خۆبەختکران کە هەمیشە خوێنی خۆیان کردوە بەسوتەمەنی مەشخەڵی گڕگرتوی خەبات . وە گیانی خۆیان زۆر بەهەرزان زانیوە لەبەرەو بێش بردنی رەورەوەی شۆرشی رزگاری خوازی گەلی کوردمان .

لەکاتێکا گەلی کوردی نەبەزمان یادی شەهیدە نەمرەکانی ئەکردەوە وەبەلێن بۆتازە ئەکردنەوە کە هەرگیز رێگای خەبات وتێکوشان بەرنەدات تا ئەواوی مافەکانی خۆی بەدی نەهێنێ . ئەو کاتەدا لە مانگی حزیرانی رەش پێشمەشوری سوارێکی کەی ڕێی ئازادی گیانی خۆی بەخت کرد لە ڕێی نیشتمان و نەتەوەی کوردا ئەویش برادەر شەهید یاسین انور بـــو .

شەهید لە شاری کرکوکی کەلەبەرلەساڵی ١٩٤٥ لەدایک بوە . ئەو شارەی کەشەهید بەخوێنی سوری خۆی خاکە بیرۆزەکەی ئاودا وە ئەو ژینە دلسۆزبوە گرتیە باوەش . هوشیاری کە بەکۆڵ فرمێسکی بۆ شەهید رشتووە بۆی خوێن ئەدایەوە . شەهید قوتابخانەی سەرەتای وناوندی وئامادەی هەرلە شاری کرکوک تەواو کردوە لە ساڵی ١٩٦٠ هاتۆتە ریزی یەکێتیمانەوە وە لە ریزەکانی بـــی وچان خەباتی کردوە وە بەبەرزی رونشو چالاکی ناوبانگی دەرکردبو وەلە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیمانا کە لە ساڵی ١٩٧٢ بەسترا شەهید بە ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبەرایەتی گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەلبژێردرا وەبوبە لێپرسراوی کاروباری رێکخستن لەسنوری لقی بغدادی یەکێتیمان شەهیدی ئەمرچوار رۆژێـــــو بەشی کوردی کولیجی ئادابی بغدادی تەواوکردبو چەند کاروباری رێکخستن چوبو بۆ خوارەوەی وولات بۆ سەردانی ناوچەکانی یەکێتی لەکاتی گەرانەوەیا لە ئەنجامی لە یەکدانی دوو ئوتومبێل لە رۆژی (چوار دەی حزیرانی ساڵی ١٩٧٢) گیانی پاکی سپارد و بوو بەنمونەی خۆبەختکردنێ وە چالاکی بۆ قوتابیانی کوردستان .

عەزارسەد و لە گیانی پاکی شەهید یاسین انوەر

عەزارسڵو لە گیانی پاکی شەهیدان بزوتنەوەی قوتابیانی کوردستان وە بزوتنەوەی قوتابیانی عێـــــــــــراق

لە بیرمە وەک شتێ مەعلوم...
منداڵ بوم عاشق تۆ بوم...
گەرامۆ ستام....
لە ریز دابنام...
مێتێ ئەی خام
بنۆسە جوان
« فیدات بم خاکی کوردستان »

- بەختیار زێوەر -

• گەرچی تۆشی رەنجە رۆی وەدەسیرەیت وەرەم ئەمن
چەند لەدەستە ئەم چە رخە سپڵە نابەزم مەردم بەمن •

- هێمن کوردستانی -

(١١)

# قصة عذراء

في جوف الشـــــتاء
كانوا يحدثون لنا عن ورود هنـاء
وفي عز النهار
كانو يعدون لنا انجم السماء
يحاكمون الاشباح
لاجل من ؟ من اجل حسناء
يظنون انها سراب
يظنون انها عذراء.....
سراب ... ولكـــــــن
ولكن لها حقيقه
حقيقة انسان
حقيقة ايمان
حقيقة مشردين عن الاوطان
بل وحقيقة احياء في الاكفان ... !
عـــــذراء ...
عذراء لكنها اصبحت ثكلى الاخفاق
ثكلى يميض لها الوف المشاق
وساثبين بلا موعد ... بلا لقاء
فيا حسنائي الثكلى ... مكـانك
ولك ان تقولـــــي
ان لكم اعين ولكن بها
لاتـــــرون
واجساد بلا قلوب
تعيشــــون
ولنا ان نقول لك
انهم جراثيم الحرب ... جراثيم السلام
انهم مغول المقام
انهم عشاق (( بنيلـــوب )) الصلفون
انهم اموات قبل ان يموتوا
ويحفرون رموسهم باللذة
لذة الانسان الميت
واشباح الحقيقه

* * *

حسناء ... عذراء اغتصب
ومفاتنها لكهف السبعين برزت
فاين عاشقها ... !
انا مواضع الشمس
اهرقدوا في الرمس
ام اشتروا المنيه بلذة النفس ... !!
فمن امواتك ياحسنائي ميلاد
ومن ثلالمك ياعذرائي نماء

(١٢)

ومن محاكمة الاشباح هباء
ومن سرابك ...
تضية احياء
حتيقة انسان
حقيقة ايمان
حقيقة مشردين عن الاوطان
بل وحقيقة احياء في الاكفان
قصتك .... بدايتهـــــا
لمنة قدر ... جوفاء سور
فراشات محتضرات .... احياء ابولت
وعويل بلا نداء ...
ونهاية قصتك ستكون بقاء
بقاء لاينهر
ربيع احمـــر
انسان اسمر
نهاية قصتك...
عودة الشباب
بعد المشيب
وعرس اشجار ... بعد التسلب
في الخريف
نهاية قصتك ... ضراب حقيقه
حقيقة انســـــان
حقيقة ايمـــــان
حقيقة مشردين عن الاوطان
بل وحقيقة احياء في الاكفان

طارق الجاف

لماذا ----؟

١- توجيه.. بما فظة كركوك ترحب بنقل الطلبة من المدارس الكردية إلى المدارس العربية .. لماذا ؟؟
٢- محاولتهم لافشال الدراسة الكردية في كركوك .. لمصلحة من !؟ ولماذا...... في حين ان الطالب يقدم عشرات العرائض لغرض نقله من الدراسة العربية الى الدراسة الكردية .. ؟؟
٣- ان اية محاولة من هذا النوع ------؟
٤- يحاول الجاهلون قمع نشاطات الاتحاد في المناسبات الوطنية القومية ...

کتێبی هەواڵنامەی

وەخاوەنی تیوری یەکی علمین وەئەو تیورە علمی یە ئەتوانێ ببێتە شتێکی مادی تیا ندا وەری نەدا ڕاستی خەباتی خۆیانی بۆ بدۆزنەوە و سەرکردایەتی نەمانی ئەم و جۆرە چەوساندنەوە یەک بکەن بێ چەوساندنەوەی چینایەتی وەبێ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی .

وە بۆ چاکتر ڕوون کردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری بە چاکی ئەزانین کە ئەم احصائیە بخەینە پێش چاو

| چینەکان | ڕێژەیان لە کۆمەڵدا | مقداری زەوی ( زراعی ) کە هەیانە |
| --- | --- | --- |
| مەلاك | ٩و٠ ٪ | ٧٤ ٪ |
| جوتیاری دەوڵەمەند | ٥و ٪ | ٦ ٪ |
| جوتیاری مامناوەندی | ٣ ٪ | ٢ ٪ |
| جوتیاری هەژار | ٧٢ ٪ | — |
| کرێکاری زراعی | ٢٠ ٪ | — |

## بزوتنەوەی جوتیاران لە کونەوە تا ئەمرو بە داهاتوو

لەدوای لەدایك بونی دەرەبەگایەتی لە نزامی کۆیلەیەتی یەوە ( عبودیة ) مێژوی گەورەی جوتیاران هاتە مەیدان وە لێرەوە جوری چەوسانەوە گۆڕا هەرچەند شەڕو تەلای دەرەبەگەکان بوو لە سەر لاشەی جوتیاران دروست کرا هەرچەند لەم ماوەیەدا جوتیاران هەستان بە چەند ڕاپەڕینێك بەلام هیچ نەیان توانی سەرکەوتنێك بە دەست بهێنن بە هۆی پچڕپچڕی ئێرەکەیانەوە و نایەکسانی جوتیاران وە لەگەڵ بەرپا کردنی شورشی بۆرژوازی فەرەنسا ١٧٨٩ جوتیاران هێزێکی گەورەی ئەم شۆڕشە بون وە شورشەکانی تری ڕۆژئاوای ئەوروپا .

ئەتوانین بڵێین جوتیاران نەبوایە ئەو سەرکەوتنانە بەدەست نەئەهێنران بەلام نەیان توانی خۆیان ئەو شتە بکەن لەبەر ئەوە بوون بە پاشکۆی بورجوازیەکان وە بە هۆی لاوازی چینی کرێکاران لەو سەردەمەدا . وە هەر ئەمە بە ئاواتی چینی بورژوازی کە ئەیەوێ جوتیاران ڕاکێشێتە لای خۆی و نەهێلێ پەیمان ببەستن لەگەڵ دۆستە ڕاستەقینەکەیان کە چینی کرێکارانە . بەلام مێژو بەرەو دواوە نایەت وە لە دوای شورشی ئۆکتوبەرەوە میزانی خۆی بە یەکجاری گۆڕا وە ئەمڕۆ هەناوەڕۆکی شورشەکانی وولاتانی کولونیالی گوری . ئالیرەدا بیری هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران پەیدا بو ( هەرچەند ئەمە هەبو بەلام بۆ ممارسة بو ) لە شورشدا پاشان بە چاکی ڕوون بوەوە و تاقی کردنەوەکانی گەلانی جیهان سەلماندیان کە شۆڕشی دیمکراتی نوێ کە بە سەرکردایەتی چینی کرێکارە وە هاوپەیمانی لەگەڵ جوتیاراندا و وە پاشان دروست کردنی جەبهەیێکی گەلی وە پاشان داواکردنی بەهێنانی بەرەیەك ( الجبهة ) لەگەڵ بورجوازی بچوك بەلام ئەبێ بە سەرکردایەتی چینی کرێکاران بێت وەبیبە سەرکردایەتی چینی کرێکار بێت چونکە ڕوون بوەوەکە بورجوازیەت وەك چینێکی بێ هێز وە لە هەمان کاتا ڕاڕا و ترسنۆك ناتوانێ ئەرکی تەواوی ڕزگارکردنی گەلان وە بەتایبەتی جوتیاران بکات بەلکو بەپێچەوانەوە ئەچەوسێنێتەوە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا .

## دەوری قوتابیان

قوتابیان لە وولاتانی سەرمایەداری لەگەڵ زیاد بوونی دانیشتوان ( السکان ) لەم وولاتانەدا ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی زانیاری و نەهێشتنی نەخوشیە کوشندەکان وە ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە ژمارەی قوتابیان بە یەکجار زۆر ببێت هەروەك لە چەند سەرژمێریك دەرئەکەوێت کە ٥٠ ٪ ای کۆمەڵی چەند وولاتێك تەمەنیان لە ٢٠ ساڵ کەمترە وەبێگومان ئەمە زۆربەیان قوتابین وە لەم چەند ساڵانەی دوایی دا لە چەند وولاتێك وەك ئینگلترا زورتر بوون لە چینی کرێکاران ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە چەند کەسانێك ( المفکرین ) بچنە ئەو قەناعەتەوە کە شۆڕشی داهاتو لە سەردەستی ئەم قوتابیانە ئەبێت یا وە بەبێ ئەوەی ئەم وشتە باس بکەین کە قوتابیان ئەتوانن دەستی بەگورینێکی بنچینەیی لە کۆمەڵدا بهێنن ئەمستین بە شی کردنەوەی کە باسی گورینی بنچینەیی ئەکەین ئەبێ ئەوە بزانین کە ئەساسی گورینی ئابوری یە مانای ئەبێ ئابوری یەکە بگورێتەوە ( ثقافة وغیر ) یەنی ئەم لقولاوی ئەم نزامە ئابوری یە یە . وە ئەم بنچینە ئابوری یە هیچ چینێ یا خود تاقمێك وەک قوتابیان ناتوانن بیگورن ئەتەنها ئەوانە نەبێ کە پەیوەندیان بەم ( علاقات الانتا[illegible] ) ەوە . وە ئەنجەندە نوسەرە بورجوازیەکان ئەڵێن کە قوتابیان چینێکێك دینن بەلام ئایا

ـ ١٥ ـ

گەلانی جیهان ئەمە بە باشی ئەسەلمێنن سەرچاوەی هێزو دەوری ئەم چینە بەندە بە مێژووی ئەرزمەی کە بە دەستیانەوەیە .

## ٢ ـ جوتیاری دەوڵەمەند

هەرچەندە ناتوانین حوکم بدەین بەسەر هێزی ئەمانەدا بە هۆی ئەو مقدارە زەوییەوە کە بەدەستیانەوەیە چونکە یا زەوییەکە ئەکرن وە یا خود بەکرێی ئەگرن لە مالکەکان . بەڵام دەوری ئەم جوتیارانە بەگشتی لە شۆرشدا وەک دەوری بۆرژوازی نیشتمانی وایە لە کاتێکا کە ئەبینێت هێرش ئەبرێتە سەر وڵات لە لایەن بێگانەوە وە لە ترسی زەوییەکانی خۆی و لە دەست چوونیان لە و کاتانەدا لەگەڵ شۆرشدا ئەبێ بەڵام کە بینی لە ناو خودا تێکۆشانی کرێکاران و جوتیارە هەژارەکان بەرەو گەشەکردن ئەڕوات ترسی لێ ئەنیشێ وای لێ دێ ئەچێتە ریزی کۆنەپەرستانەوە و دژی کرێکاران و جوتیارە هەژارەکان ئەوەستێ .

## ٣ ـ جوتیاری مامناوەندی

تا رادەیەک دەوری ئەم جوتیارانە لە شۆرشدا وەک دەوری بۆرژوازی بچووک وایە زۆربەی بەرژەوەندی لەگەڵ شۆرشدایە لەم قوناغەدا جا لەبەر ئەمە زۆر بازیەکی ( الصراع ) تەوا رخەیە لە نیوان بۆرژوازی گەورە و کرێکاراندا بۆ راکێشانی ئەم جوتیارانە هەر یەکە بەلای خۆیدا لەم قوناغەدا . وە بۆرژوازیەکان بە هەموو جۆرێک هەوڵ ئەدەن لە پێناوی راکێشانی ئەم چینە بەلای خۆیاندا تاک و لە رێی تێکۆشانی لابەلادا و دژایەتی ئەو نەکاتەوە روحی تێکۆشانیان تیا بکوژێتەوە بە بەرزکردنەوەی پلەی جوتیارانی دەوڵەمەند بە ریگای ( یارمەتی دانی ) بۆ کڕینی زەوی و تەرپێدانی .

## ٤ ـ جوتیارانی هەژار

ئەمانە زۆربەی جوتیارانی کۆمەڵگای کوردستان پێک دەهێنن وە چەوساندنەوەی زۆری دەرەبەگایەتی ئەکەوێتە سەر شانی ئەمانە ئەمانە خاوەنی پارچە زەوییەکیان نییە تەنها ئەگەر هەندێکیان بێت ناتوانن بەکاری بهێنن لەبەر نەبوونی ئامرازەکانی کشتوکاڵ یا خود دەزگایەکەوە لەبەر نەبوونی ئەو دەواتی بەرهەم هێنان .

بزوتنەوەی کورد یا خود مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هەروەک باسمان کرد بەپلەی یەکەم لە پێناوی ئەمانەدایە وە یا لە ناوەڕۆکدا مەسەلەی ئەمانەیە چونکە گۆرانی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە لادێکاندا و کردنی شۆرشی زەوی و دوشتی بەیەکەوە بەستراوە و راستەوخۆ لە خزمەتی جوتیاراندایە بۆیە جوتیاران کە زەوی بەدەست خۆیانەوە ببێت و هەمیشە پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکان لەبەین ئەبرێت ئالەم کاتانەدا تەنها لەم کاتانەدا بە راستی خۆیان ئەبەستنەوە بە شۆرشەوە چونکە ئەگەر نەئەوەی کە سەرکەوتنی شۆرش سەرکەوتنی ئەوانە و وە لە سەردەستی ئەوانە و لە ناوچوونی شۆرشیش گەڕانەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیە وە جارێکی تر زەوییەکان ئەچێتەوە دەستی بێگانە .

## ٥ ـ کرێکارانی زراعی

ئەمانە کۆمەڵێک پێک دێنن لە کوردستاندا وە ئەمانەش زەوییەکیان نییە بەڵکو هێزی بازووی خۆیان ئەفرۆشن لە پێناوی ئەوەدا کە بژین وە لە پێناوی پارچە نانێکدا ئەمانە لە هەموو جوتیارانی تر خۆیان ئەبەستنەوە بە شۆرشەوە . لە رەچەڵەکدا پێیان ئەڵێن کرێکار بەڵام لەگەڵ کرێکارانی شار ( الصناعی ) دا جیاوازییان هەیە لەبەر ئەوەی کە کرێکارانی شار لە پەیوەندیەکی ... ئەکەونە وەبەرهەم هێنانەوە و ئیش کردنیان بەردەوامە و پچڕپچڕ نیە لەبەر ئەوە گیانی یەک گرتن و رێکخستنیان لە کرێکارانی زراعی زیاترە سەرەڕای ئەوە لەبەر ئەوەی کرێکارانی کارگە لە سەر پێشکەوتووترین ئالەت ئیش


ڕۆژنامەوان

ـ ١٧ ـ

لە جیا کردنەوەی پەیوەندی ئەم کۆمەڵانە بە پەیوەندیەکانی بە رهەم هێنانەوە لە سەر ئەمە ئەتوانین بڵێین کە ئەوانەی هیچ بەشێکیان نیە لە بەرهەم هێنان کەواتە ناتوانین بڵێین چینێکی دیارکراو پێک دێنن لە مە بوومان دەرئەکەوێ کە گەورەکردنی دەوری نوتابیان لە نزامی سەرمایەداری بوئە وەیە کە دەوری کرێکاران کەم کرێتەوە کە سەرمایەدارەکان زۆری لێ ئەترسن.

جا بو ئەوەی لەمەبا تەتێ بگەین ئوسەرە سەرمایەدارەکان هەرچەند خۆیان بە پێشکەوتوخواز (صراع طبقی) خویان ئەدەن لە قەلەم ئەلین کە گوایە زۆرانی چینایەتی بزوێنەری کۆمەل نیە بەلکو رودانی وەچەکان (صراع الاجیال) دەوری سەرەکی هەیە لە گۆرینە بەلام ئەو وەچە یە ئەتوانی هەستی بە کورین کە هەمیشە خەریکی مخدرات هەرچەند ئەمە کەم کردنەوەیە لە دەوری نوتابیانەو لاوان بەلکو شتی راستە لە ولاتە سەرمایەداریەکان.

---

سرودی پێشمەرگە

پێشمەرگەین بەهەڵەتین باز وای میللەتین

نیشتری زۆری زیللەتین

لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان بەخت ئەکەین ژیانمان ماڵ وگیان

---

زۆری سەرکەش هەوڵی داون کورد نەهێڵێت

خاکی کوردستان بە بومباو چەک بگێڵێت

هەڵدێرون لەم کێوانە بونەتە پەندی زەمانە

ئەم وڵاتە کوردستانی دوژمنانە

---

(پێشمەرگەین . . . . )

بێ نێتە خاکمان دوژمنی کافر

داوبەردن هۆلی لێ ئەکەین بە ئاگر


هەر بەوێ ئەبە زێنین

ناسۆرمان ئەی رەوێنین

ماهی کوردو کوردستانی لێ ئەسێنین

(پێشمەرگەین . . . . )

-١٨-



# لەگەڵ خوێنەرەواران

"سەرنجێـــــــــــــــــك"

بڕای توتابی ئەم گۆڤارە لە ئێوەوەیە وە بۆ ئێوەیە . ئێمەش ئامادەین ھەموبابەتێ بڵاو كەینەوە كە ئەكاتە دەستمان بە مەرجێك خزمەتی كێشەی بزوتنەوەی توتابیانو زۆربەی زۆری كۆمەڵانی تەڵكی كوردستان بكات . نابابەتی كلاسیكی كۆن كە ھەردەم فێربووینە لە بڵاوكردنەوەیان . ئەم گۆڤارە كە ئەمرۆ بەبەرگی تازەوە بەڵێن ئەدەین كە ھەردەم لەپێناوی بیشكەوتنیدا ھەوڵ بدەین تاكە بێ بە مەشخەڵی رێی تاریكمان بۆ رون ئەكاتەوە .

+ برادەر (م.ع - بەرزەنجی) : چیرۆكەكەتبە ناو نیشانی (پارە چڵكی دەستە) زۆر ساكارەلە گیرو گرفتێكی دیاری كراو ناكۆڵێتەوە ببورە لە بڵاونەكردنەوەی .

+ بوبرادەران (ع.م) و(ع. جاف) : وتارەكانتان (حزیرانی سور) و (١٩ حزیران روژی خەباتو تربانی) دوو وتاری كلاسیكی لە زور گۆڤاری كوردی بڵاو كراونەتەوە . ھیوادارین شتی تازەو بە نرخمان بوبنێرن ئێمەش ئامادەین بۆ بڵاوكردنەوەی ھەموشتێ تازەو بە نرخ .

+ بو : خوشكە (پەزنگەنە) : ببورە لە بڵاونەكردنەوەی (پەروەردەی بازرگانی لە عراق)

+ بو: برادەر (شاخەوانی) : دوو پارچە ھەڵبەستەكەت (ھەژارم و باشە ھید كرێم) زۆر ساكارە پێویستیت بە خویندنەوە لێكۆڵینەوەیە ھیوای باشترت لێ ئەكەین .

* بوبرادەر (ع. ترەداغی) : (مذكرات والام) لاسایەكی بێ سودی (مذكرات طالب كردستانی) ی كە لە خەباتی توتابیاندا بڵاوكرێتەوە . ھەتاكەی ئێمە بەندی لاسایی بین . وەدەربارەی رەخنەكەت لە ژیر ناونیشانی (متابعة سريعة) یەكە (دفاع) ئەكەی لە ئەدەبی برجوازی لە (توتابخانەی رزانگە كە لەژیرتاقی كردنەوەی ئەدەبی شۆرشگیڕانە وەك گەڵای پایز وەری لە یەكێك ناوەشێتەوە كە خۆی بە شۆرشگێر ئەزانێ .

---

## من اهداف اتحاد طلبة كردستان - العراق

١ ) مساعدة الطلبة المشردين من اجزاء كردستان المختلفة بسبب نضالهم السياسي (كوردايەتی) مساعدة مادية ومعنوية والعمل على ايجاد المقاعد الدراسية لهم

٢ ) دعم ومساندة الحركات التحررية والتطلعات القومية للأمة الكردية في كافة اجزاء كردستان من اجل تحقيق اهدافها المشروعة في تقرير مصيرها .

٢ ) توطيد العلاقة مع المنظمات الكردستانية في بقية اجزاء كردستان والروابط الطلابية الكردية خارج كردستان .

٤ ) اسناد نضال جمعية الطلبة الاكراد في اوربا ماديا ومعنويا باعتبارها الممثل الشرعي لكافة طلبة كردستان في اوربا .

- مجلة باوەگرگر -
- العدد - ٢ -

— ٣ —

عن اعتراف الحكومه العراقيه بحق الشعب الكردى فى تمتعه بالحكم الذاتى ضمن اطار الجمهوريه العراقيه شريطة ان يطبق فى حدود مدة لاتتجاوز الاربع سنوات من تاريخ عقد الاتفاقيه التى تنتهى فـــــى ١١/ اذار ١٩٧٤ • لقد عبر الشعب الكردى بل الشعب العراقى باكمله وجميع الشعوب العربيه عـــن عظيم ابتهاجها بهذه النتيجه كطريق صائب لتعزيز الروابط المشتركه بين الشعبين العربى والكردى حيث ان ذلك من شانه دعم الجبهه الوطنيه وتقوية النضال المشترك للشعبين للوصول الى اهدافهما المشتركه

وفى الوقت الذى نقترب فيه من الذكرى السنويه الرابعه لاتفاقية اذار والموعد النهائى لتطبيق الحكم الذاتى فان قضايا مهمه وعقبات حقيقيه تواجه التطبيق المنشود والتى ربما ستكون مانعا له ومن بين هذه القضايا والعقبات الاكثر خطورة هى المحاولات المدبره لغرض تغيير حقيقة الوجود القومى فى بلادنا لاسباب قوميه ضيقه كذلك اهمال تنمية المنطقه الكرديه ومحاولة اضعاف دور الحركه الكرديه والحزب الديمقراطى الكردستانى فى الحياة السياسيه للبلاد •

اننا فى الوقت الذى نتوجه اليكم بهذه الرساله نود ان نجلب انتباهكم الى هذه المساله ونامل ان تستخدموا تاثيركم ونفوذكم فى دعم ومساندة امال الشعب الكردى المتمثله فى التمتع بالحكم الذاتى ضمن الجمهوريه العراقيه ومن اجل تطوير متكافئ للبلاد ومشاركة فعاله فى ادارتها وخلق امكانية تمتين الاخوه العربيه الكرديه بعيدا عن الدعايات والحملات العنصريه التى هى جزء من سياسات العهد الاستعمارى واستمرارلها ومن اجل توجيه طاقات البلاد نحو تنمية وتحقيق مصالح الشعبين •

اننا نعتقد بان على موتمر دول عدم الانحياز اعادة النظر فى المساله القوميه فى الدول المشاركه ومناقشة اسبابها وتاثيراتها فى سبيل الوصول الى صيغ مناسبه لكل هذه المساله بشكل يوفر على البلدان المعنيه الكثير من الجهود والنفقات التى تحتاجها تلك البلدان الى ابعد حد لصرفها على مشاريع التنميه لاكمال مهمات التحرر الاقتصادى وبناء الدول العصريه من جميع الاوجه •

فى الوقت الذى نتابع فيه اعمال موتمركم باهتمام فاننا نعبر عن ايماننا العميق بان عقده فى هذه الايام ياتى كخطوه كبيره الى الامام نحو توطيد مبادئ عدم الانحياز وتامين حياة افضل فى عالم تهيمن عليه روح الاخوه وترفرف على ربوعه رايات الســــــــــلام •

المخلص

مصطفى البارزانـــــــى

رئيس الحزب الديمقراطى الكردستانـــــــى

ئێمە رۆڵەی کوردین    ئێمە رۆڵەی کوردین

ئێمە رۆڵەی گەلی نەبەردین

دەبا بزانن دوژمنان ئێمە کوڕانی میللەتین

دەبا بزانن [illegible]

[illegible]

دەبا بزانن دەبا بزانن دەبا بزانن

[illegible]

[illegible]

[illegible]

# LIBERATION



SOLIDARITY WITH KURDISH REVOLUTION

التضامن مع الثورة الكردية

SOLIDARITE AVEC LA REVOLUTION KURDE

Published by : KURDISTAN STUDENTS UNION - IRAQ

„16"

# رۆژنامەنووس

گۆڤارێكی وەرزیی تایبەتە بە كولتووری رۆژنامەنووسیی
سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان دەری دەكات

kurdistanjournalists.com govar111@yahoo.com



خاوەن ئیمتیاز

- فەرهاد عەونی

سەرنووسەر

- عەبدوڵڵا زەنگەنە

جێگری سەرنووسەر

- خالید بەكر ئەیوب

سكرتێری نووسین

- دوكتۆر ئازاد عوبێد

دەستەی نووسەران

- رەفیق ساڵح
- موسەددەق تۆڤی
- هەژار حاتەم
- هێرش رەسول

پیتچنین و نەخشەسازی

- ئەیوب محەمەد بابەكر
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- عومەر شەهاب



ناونیشان: هەولێر– شەقامی كوردستان
"شەست مەتری"– گەڕەكی زانیاری

Tel: +964 66 255 8111
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

## بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| – دیاریی ژمارە.................................. | کوردێکی یەکڕەنگ | ٣ |
| – مافی دانەر لە ئینتەرنێتدا....................... | کارزان محەمەد | ١١ |
| – دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەریی ڕەوشتکار........ | ئایدان وایت/ و. تاریق کارێزی | ٢٨ |
| – ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی مەعروف جیاووک........ | دوکتۆر ئازاد عوبێد | ٥١ |
| – ڕیکلام لە گۆڤاری «نزار»دا....................... | عومەری مام ڕەمەزان | ٦٩ |
| – ڕۆژنامەگەریی لە مەخموور....................... | بەختیار پاڵانی | ٩١ |
| – یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان............. | هێرش ڕەسوڵ | ١٠٢ |
| – ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی.......................... | تاژان دڵشاد | ١٠٩ |
| – پێشمەرگە........................................ | باوکی شامەم | ١١٩ |
| – کتێبی: بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی.... | ڕێناس نەورۆزی | ١٢٧ |
| * وێستگەی ڕۆژنامەنووس ........................................................ | | |
| – یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان............. ............................... | | ١٣٧ |
| – ئایا (بەلاغ)ـەکان دەچنە.......................... | باوکی شانوو | ١٥٠ |
| – دەنگی کورد................................... | جووتیار تۆفیق هەورامی | ١٥٣ |
| – ڕۆژنامەگەریی بێ بەرامبەر.......................... | خالید بەکر ئەیوب | ١٥٧ |
| – ساخڵەتێن نڤیسین.............................. | خدر دۆملی | ١٦٦ |
| – ببە خانمە ڕاگەیاندنکار........................... | علیا فیاض/ و. ڕابەر ڕەشید | ١٧٠ |
| – دواڕۆژ بۆ کامەیانە............................. | محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری | ١٧٦ |
| – گۆڤاری (نجم بیث نهرین)........................ | وەلیم تیۆدۆر | ١٨٤ |
| – لە ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی......... | ئیسماعیل عەلی | ١٨٩ |
| – ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا....... | دوکتۆر سەپان | ١٩٩ |
| – نوێترین بنەمای ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی....... | و. پشدەر قەڵادزەیی | ٢٠٤ |
| * پاشبەندی دیاریی ژمارە | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠٥ |
| (خەبات، شەهید لەیلا، باوەگوڕگوڕ)............... | ماوەی لاپەڕە ٣–٩ | |
| * هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا...................................................... | | ٢٦١ |
| – ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی......... ............................... | | ٢٩٥ |
| – (ڕێشمە)کەی زامدار............................. | عەبدوڵڵا زەنگەنە | ٣١٤ |


ڕیزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

# وێستگەی

ڕۆژنامەنووس

هەواڵنامەی کتێب

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

# پاشبەندی
# دیاریی ژمارە

هەواڵنامەی کتێب

# راپۆرتی لیژنەی داکۆکیکردن
# لە رۆژنامەنووسانی کوردستان

## ئەندامانی لقی موسڵ.. سەردانی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەن

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/٣)، ئەندامانی لقی موسڵی سەندیکا، سەردانی بەڕێز د. محەمەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی (هەرێم)یان کرد. لە دیدارێکدا باس لە بارودۆخی شاری موسڵ و ئەو گوتارە ڕاگەیاندنەی کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان پەیڕەوی بکەن.. کرا.

لەم بارەیەوە د.محەمەد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا پێویستە واز لە گوتاری بەکارهێنراوو سۆزدار بهێنرێت، چونکە ئەم جۆرە گوتارانە کێشەکان گەورە دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە کێشەکان کەم بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن. هەروەها سەبارەت بە پێویستییەکانی لق، بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا و بەو پێیەی کە شوێنی کارکردنی لق دەکەوێتە دەرەوەی هەرێم.. بەڕێز وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵێنی ئەوەیدا کە بەگوێرەی توانا پشتیوانی لقی موسڵ بکات.



• • •

## سەردانێک بۆ کەناڵی ئاسمانی (عەشتار)

سەر لە ئێوارەی (٢٠٠٨/١٢/٣)، ئەندامانی لقی موسڵی سەندیکا. سەردانی بارەگای کەناڵی ئاسمانی (عەشتار) لە شارۆچکەی عەنکاوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی پیرۆزبایی بەبۆنەی سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنییەوە کرد.

لە دیدارێکدا سکرتێری لقی موسڵ بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە بەڕێز (ریزماک) بەڕێوەبەری کەناڵەکە و کارمەندانی کرد.

لە بەرامبەردا بەڕێز (ریزماک) سوپاس و پێزانینی خۆی بەرامبەر بەم سەردانە دەربڕی و هیواخواز بوو، کە پەیوەندییەکانی نێوان کەناڵی (عەشتار) و سەندیکا هەر لە پەرەسەندندا بێت.

• • •

## (work shop)ێک لە زاخۆ

لیژنـەی داکۆکیکـردن لـە مافـی ڕۆژنامەنووسـانی مێینـە لـە لقـی دهۆکـی سەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان، لە مانگـی (کانوونی یەکەمـی / ٢٠٠٨)دا (work shop)ێکی لە بواری کارکردن لە ئێسـتگە و تەلەفزیۆندا بـۆ (٢٠) ڕۆژنامەنووسـی مێینە لـە سـەنتەری (گـوڵان) لـە شـاری زاخۆدا ڕێکخست.

ڕۆژنامەنووس (ڤیان عەباس)، لە گوتەیەکیدا تیشکی خستە سەر ئیش و کارەکانی لیژنەکە و دەربـارەی مافەکانـی ڕۆژنامەنووسـانی مێینــە دوا. دواتر بەرنامــەی (work shop) ەکـە بەڕێوەچـوو کـە بریتیبـوو لـە: بابەتی خەسڵەتەکانی بێژەری سـەرکەوتوو لەلایەن (ڤیان عەباس) بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لـە ڕۆژنامەنووسـانی مێینـە پێشکەشـکرا، هەروەها (بەفرین سەلمان) بابەتێکی سەبارەت ئەزموونەکەی لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییدا خستەڕوو.



• • •

## لقی موسڵ. خولێک بۆ چۆنیەتی نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵ دەکاتەوە



لقی موسڵی سەندیکا. بە مەبەستی پەرەپێدانی توانا و بەهرەکانی ڕاگەیاندنکاران لە بواری چۆنیەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی و وێنەگرتن، لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١١) بەهاوکاری گردبوونەوەی (عەشتار)، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، خوولێکی ڕێکخست.

لەم خوولەدا، هەریەک لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئەیاد بەناو دەرهێنەری سینەمایی (سابیر شبلی) وانەیان تیا گوتەوە و بابەتەکانیش دەربارەی (یەکەکانی ڕاگەیاندن، جیاوازی نێوان ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن وەک سەرەتایەک، چۆنیەتی نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی و چۆنیەتی وێنەگرتن و ئامادەکردنی ئەم جۆرە ڕاپۆڕتانە) بوو.

• • •

### بەیاننامەی ناڕەزایی لیژنەی پشتیوانیکردنی ڕۆژنامەنووسانی مێینە

## سەبارەت بە تیرۆرکردنی چالاکوانی بواری ئافرەتانی کەرکووک (گەلاوێژ حوسێن)

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ
جەماوەری ئافرەتانی کەرکووک..
داکۆکیکارانی مافەکانی ئافرەت..

وا جارێکی دیکەش تاریکپەرستان و دوژمنانی پێشکەوتن و یەکسانی لە شاری کەرکووک دەستیان چووە گیانی چالاکوان و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ئافرەتان و بەرپرسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی باڵای کۆمەڵەی ناوبراو و قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ڕاگەیاندن بەشی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی هۆڵەندەی حوڕە (گەلاوێژ حوسێن) و لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە (گەڕەکی قادسیە) بەوپەڕی دڕندایەتییەوە بە چەقۆ تیرۆریان کرد.

تیرۆرکردنی گەلاوێژ حوسێن هەڕەشەیەکی ترسناکە دژی چالاکوانی مافی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی و شاری کەرکووک بەتایبەتی، زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیشە بۆ زیاتر یەکڕیزی و تەبایی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بۆ بەگژداچوونەوەی ئەوانەی دەیانەوێ ڕەگەزی مێینە، وەکو چۆن ویستوویانە دەستەمۆ بێت و لە کایەکانی ژیاندا پەراوێز بخرێت و هەردەم کۆیلەیەکی وابەستەی بیری کۆنەپارێزی و پاشڤەڕۆیی بێت پێویستە سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی یەکڕیزانە لەم کردارە تاوانکارییە ریسواو مەحکوم بکەن و بوێرانەش داوای دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تاوانباران و بکوژانی ئەم شەهیدە بکەن و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش تیرۆکردنی ئەم شەهیدەش وەکو شەهیدەکانی دیکە نەخنە ژێر لیوەوە و دۆسیەکەی تا دۆزینەوەی دەسگیرکردنی تاوانباران بە کراوەیی بمێنێتەوە و بکوژانی بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنرێن. گەلاوێژ حوسێن جگە لەوەی داکۆکیکارێکی بوێری مافی ئافرەتان بوو، لە هەمانکاتیشدا کەسایەتییەکی چەپ و ڕۆشنبیری شاری کەرکووک و قوتابییەکی لێهاتووی کۆلیژی ڕاگەیاندن و خاوەنی دوو منداڵی چاوگەشە.

ئێمە وەکو لیژنەی پشتیوانیکردنی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە کەرکووک ئەوپەڕی ناڕەزایی خۆمان دژی ئەو تاوانە دەردەبڕین و تیرۆرکردنی گەلاوێژ ریسواو مەحکوم دەکەین و بەڵێنیش بەراگەیاندنکارانی مێینە و کەسانی چالاکوان و داکۆکیکاری پرسی ئافرەتان دەدەین، کە هەمیشە بڵندگۆیەکی بوێر بین بۆ لە قاودانی

توندوتیــژی دژی ئافرەتان و ئــەو کردارە نا مرۆڤایەتییانــەی کــە باندە تیرۆریســتییەکان بۆ ترســاندن و دەســەبەرداربوونی کەســانی چالاکــوان لــەو بــوارەدا ئەنجامــی دەدەن. هاوخەمی خۆیشمان بۆ خانەوادەی (گەلاوێژ حوســێن)ی زوڵملێکــراو رادەگەیەنین و داوا لــە لایەنە پەیوەندیدارەکانیــش دەکەین کە لە هەوڵی دڵســۆزانەی خۆیان بەردەوام بن، بۆ دۆزینەوەی بکوژانی. ریســوایی بۆ بکوژان و تیرۆریستان و ئەوانەی چاویان بە پێشکەوتن و ئاسوودەیی مرۆڤەکان هەڵنایەت.

**لیژنەی پشتیوانیکردنی**
**رۆژنامەنووسانی مێینە**
**لە کەرکووک**
**٢٠٠٨/١٢/١٨**

• • •

## لقی بەغدا دووەمین کۆنفرانسی دەبەستێت

لەژێــر دروشــمی (لــە پێناو چەســپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووســان) و بە ئامادەبوونی مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و حامید محەمەد عەلی سکرتێری ســەندیکا و ئەکەر موراد ئەندامی ئەنجومەن و بەشــداربوونی (٤٢) رۆژنامەنــووس، لــە هۆڵــی (یانــەی عەلویە) لە شــاری بەغداد، لە رۆژی (٢٠٠٨/١٢/٢١) دووەمین کۆنفرانســی لقی بەغــدای ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردستان بەسترا.

کۆنفرانــس بــە دەقیقەیــەک وەســتان بۆ رێزگرتن لە گیانی شــەهیدانی کوردســتان و عێراق دەستی پێکرد.

دواتر فریاد رواندزی سکرتێری لقی بەغدا گوتەیەکی پێشــکەش کرد، تیایــا ئاماژەی بە ئاســتنگەکانی چالاککردنــی لقــی بەغــدا کرد و جەختــی لەســەر ئــەوەش کــردەوە، کەوا پشــتیوانی لیژنــەی تــازەی لقی بەغــدا بــۆ دەرخستنی رووی گەشەداری رۆژنامەگەری کوردستانی دەکات.

پاشــان جێگری نەقیب بەناوی ئەنجومەنی ســەندیکاوە، پیرۆزبایــی لــە ئەندامانــی لقی بەغدا بەبۆنەی بەستنی کۆنفراسەکەیان کرد. هەروەها ئامادەگی ئەنجومەنی سەندیکای بۆ پشتیوانکردنی لقی بەغدا دەربڕی.

دواتر رۆژنامەنووس سامی جاف راپۆرتی دارایــی لقــی پێشکەشــکرد، دوای ئەویــش ژمارەیــەک لە ئەندامانــی کۆنفرانس تێبینی و پێشنیارەکانیان خستەڕوو.

لــە دانیشــتنی دووەمــدا، دەرگای پاڵاوتن بــۆ لیســتەکان کرایــەوە و رۆژنامەنــووس عەلــی حوســێن فەیلــی لیســتێکی بەنــاوی (لیســتی چەســپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری لــە کوردســتاندا) ئاشــکرا کــرد و ئامانجــی لیستەکەشــی روونکردەوە کە لە داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووســان و دەستەبەرکردنی ئازادی رۆژنامەگەری و پیادەکردنی یاســای ســەندیکا و وەدیهێنانــی ئامانجەکانــی چــڕ دەبۆوە.

بەهۆی نەبوونی لیســتی رکابەر، لیســتی چەســپاندنی ئــازادی رۆژنامەگــەری بەکۆی دەنــگ لەلایــەن ئەندامانــی کۆنفرانســەوە هەڵبژێــردران، کە ئەم رۆژنامەنووســانەی لە خۆگرتبوو:

١- عەلی حوسێن محەمەد فەیلی.
٢- سامی سەعید قادر.
٣- شێروان سلێمان قادر.
٤- عەبدولهادی مەهدی شاکار.
٥- فازڵ عەباس حوسێن.
٦- ئەیاد عەبدولڕەسول دارا.
٧- عامر پۆلس زیا.

دوای هەڵبژاردنــی لیژنــەی نوێــی لــق، کۆبوونەوەیەکــی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی ســەندیکا و لقی بەغدا بەســترا و ئیــش و کارەکانــی بەســەر ئەندامانی تازە دابەشــکران و رۆژنامەنووس (عەلی حوسێن فەیلی) وەکو سکرتێری لق هەڵبژێردرا.



هەواڵنامەی کتێب

## لقی هەولێر.. دوو خوولی دەربارەی (شەفافیەت) ڕێکخست

لە هۆڵی ئوتێلی (هەورامان).. بە ئامادەبوونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سکرتێرو ئەندامانی لقی هەولێری سەندیکا، ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/٢١)، بڕوانامەی بەشداربوون لە دوو خوولی ڕۆژنامەوانی بەسەر (٢٩) ڕۆژنامەنووس دابەشکرا.

خوولی یەکەم لە نێوان (١٣-٢٠٠٨/١٢/١٦) سازکراو (١٥) ڕۆژنامەنووس تیایا بەشداربوون، ئەم خولەش لەلایەن لقی هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (Kocd)و ڕێکخراوە (imck) کرایەوە.

خوولی دووەمیش لەنێوان (٢٠٠٨/١٢/٢١/١٨) ڕێکخراوە (١٤) ڕۆژنامەنووس تیایا بەشداربوون، بەسەرپەرشتی پارێزەری هۆڵەندی (فرانک فارم هارن) و خاتوو جودیت بەڕێوەچوو، ئەم خوولەش وەکو خولی یەکەم لەلایەن لقی هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (kocd) سازکرا.

هەردوو خوولەکەش سەبارەت بەبابەتی (ڕۆڵ و کاریگەری شەفافیەت لە چاککردنی ژینگەی ڕاگەیاندن و دیموکراسیەت) بوو. هەروەها لقی هەولێر لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٧) سیمینارێکی بۆ (١٠) دادوەر دەربارەی (شەفافیەت) ڕێکخست، پارێزەری هۆڵەندی (فرانک فان هارن) لەم سیمینارەدا بەشداربوو.



• • •

## لقی دهۆک.. (work shop)ێک دەربارەی کارگێڕی ڕاگەیاندن ڕێکدەخا

لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوی (IREK)، لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/٢٥)، (workshop)ێکی سەبارەت بابەتی کارگێڕی ڕاگەیاندن لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی لق ڕێکخست.

لەم (work shop)دا، زیاتر لە (٣٠) ڕۆژنامەنووس لە دەزگا جیاجیاکانی ڕاگەیاندن لە شاری دهۆک تیایا بەشداربوون و پسپۆڕان (سامان عەبدولڕەحمان و عوبەیدوڵلا عەبدولڕەحمان هروری) وانەیان دەربارەی (میکانیزمی کاری ڕاگەیاندن و چەمکەکانی کارگێڕی و چۆنیەتی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسان...) گوتەوە.

لە کۆتایی دانیشتنی یەکەمدا فۆرمی تایبەت بەکارگێڕی ڕاگەیاندن و چەمکەکانی کارگێڕی دابەشکرا، ئەمەش بە مەبەستی



پەرەپێدانی توانای کاری رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکاران و ئەوانەی لە بواری کارگێڕیدا کاردەکەن. رێکخرابوو. سەبارەت بە کارەکانی ئایندەش وانەبێژ (عوبەیدوڵلا هروری) گوتی: ئەم (work shop)ە دەرفەتێک بوو، بۆ ئەوەی ئاگاداری کەموکورتییەکان لە بواری کارگێڕی راگەیاندن لە سنووری پارێزگای دهۆک بین و لە ساڵی نوێشدا (٢٠٠٩) چەندین چالاکی دیکە لە بواری راگەیاندن و کارگێڕیدا بە ئەنجام دەگەیەنین.

• • •

## راگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

کاتژمێر (١٠:٠٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٨ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبوونەوەی گشتی دووەمی خۆی (پلینیۆم) لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، بە ئامادەبوونی نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکاو سکرتێرو ئەندامانی لقەکانی سەندیکا (کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، هەولێر، موسڵ، بەغدا) و هەردوو لێژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن و سکرتێری نووسینگەی سۆران و گەرمیان و سکرتێری هەردوو لێژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینەو رۆژنامەنووسانی وەرزشی گرێدا.

لە سەرەتادا رۆژنامەنووس (حامید محەمەد عەلی) سکرتێری سەندیکا پاش بەخێرهێنانی ئامادەبووان داوای چەند ساتێک راوەستانی کرد وەکو رێزلێنان بۆ گیانی پاکی رۆژنامەنووسانی شەهید، پاشان رۆژنامەنووس (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان باسی لەکاروانی پیشەیی سەندیکا کرد لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، بەخستنەڕووی ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقی بەغدا، کە سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات، سەرەڕای دامەزراندنی چەند لێژنەیەک کە ئەوانیش بریتین لە لێژنەی (پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێیینە) و (لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی) و کاروچالاکییەکانیان، بەتایبەتیش لێژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێیینە، کە تەواوکەری کارەکانی سەندیکاییەو جێگای بایەخدانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانە (IFJ) کە تێدا سەندیکا توانیویەتی لەماوەی تەمەنی ساڵی یەکەمی پاش کۆنگرەی دووەم (٩٥٪)ی بڕیارو



راسپاردەکانی کۆنگرە جێبەجێ بکات.

پاشان باسی لە پلانی سەندیکا کرد بۆ ساڵی (٢٠٠٩) کرد، کە لەپێشیانەوە مەسەلەی گرنگیدان بەیادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی بوو. لەلایەکی دیکەوە رۆڵی ئەنجوومەنی سەندیکا روونکردەوە دەربارەی هەمواركردنی هەندێ لەماددەو برگەکانی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کەپێش ماوەیەک پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ پەسەندکردنی، لەهەمان کاتدا ئاماژەی بە هەوڵ و رۆڵی ئەنجوومەنی سەندیکا کرد لە ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراو دواتریش لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئیمزا کراو رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٠ لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکرایەوە..

هەر لەمیانەی وتەکەیدا نەقیبی رۆژنامەنووسان باسی لەو کۆنفرانسە کرد کە لە نێوان هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق و بە بەشداری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لەهەولێر سازکرا..

پاشتر لە تەوەرێکی دیکەدا باسی لە بەشداری سەندیکا لەو خێوەتگایەی کە وەزارەتی رۆشنبیری بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکادا لە هاوینی رابردوو لە دەربەندیخان سازی کردبوو..

لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بە خولەکانی سەلامەتی پیشەیی کرد کە لەلایەن سەنتەری سەلامەتی پیشەیی هەولێرەوە لەمانگی تشرینی دووەمی بۆ ژمارەیەک رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەرجەم لق و نووسینگەکان سازکران، کە تێیدا سکرتێری پەیوەندییەاکنی دەرەوە، رۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) وانەکانی پێشکەش دەکرد..

دەربارەی رێنماییەکانی ناوخۆی سەندیکا، نەقیبی رۆژنامەنووسان باسی لە گرنگی پابەندبوونی ئەندامانی سەندیکا کرد لەدانی ئابوونەی ساڵانەدا، چونکە وەک ئاشکرایە ئەنجوومەنی سەندیکا ساڵانە ئابوونەی بەشداریکردن لە (IFJ) بۆ هەموو ئەندامانی خاوەنی پێناسەی ئەو رێکخراوە دەداتە ئەوان بەبێ ئەوەی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان وەربگیرێتەوە..

لە بەشێکی تری وتەکانیدا بڕیاری ئەنجوومەنی بە ئامادەبووان راگەیاند کە لە ٢٠٠٩/١/١وە بەهیچ شێوەیەک داواکاری ئەندامیەتی بۆ سەندیکا وەرناگیرێ، تاکو کاتێکە دیکە، بە مەبەستی یەکلابوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی داواکاری ئەندامێتی کە پێشکەشی ئەنجوومەنی سەندیکایان کراوە، هەروەها لق و نووسینگەکانی ئاگادارکردەوە

کە دوا کات بۆ ناردنی فایلی داواکارییەکان کە لەلای ئەوانە و یەکلانەکراوەتەوە تاکو رۆژی ٢٠٠٨/١/١٠ دەبێت بگاتە ئەنجوومەن، لەدوای ئەو کاتە ئەنجوومەن هیچ فایلێکی دیکە وەرناگرێت..

لەبڕگەی دووەمی بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا داوا لە رۆژنامەنووس (زیرەک کەمال) سکرتێری لێژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان کرا، کە راپۆرتی شەش مانگی لێژنەکەیان بۆ بەشداربووان بخوێنێتەوە، کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە لەکۆبوونەوەی خۆی رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٧ پەسەندکراوە، راپۆرتەکە لە پێشەکییەک و چەند تەوەرێک پێکهاتووە، کە لە دووتوێیدا تێکڕای پێشێلکارییەکانی دەرهەق بە رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئازادی رۆژنامەنووسیی لەماوەی شەش مانگی پێشوودا تۆمارکراوە، بە هەمان شێوەی راپۆرتی یەکەم لێژنەی داکۆکی لە سەندیکای رۆژنامەنووسان کە پێش شەش مانگ، لەکۆتایی مانگی شەش بڵاوکرایەوەو ئەویش تێکڕای پێشێلکارییەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨)ی تێدا تۆمارکرابوو. شایانی باسە راپۆرتەکە بەتێرو تەسەلی باسی لە هەموو پێشێلکارییەکان کردووە، ئەگەرچی بچووکیش بێ.

پاش خوێندنەوەی راپۆرتەکە بواردرا بە بەشداربووان کە راو سەرنجی خۆیان لەسەر راپۆرتەکە بخەنەڕوو، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی، بەهەر رووداوێک کە لە راپۆرتەکەدا تۆمارنەکراوە، کە تێیدا ژمارەیەک لە ئامادەبووان پێشنیازو سەرنجی خۆیان دەربڕی و لەلایەن لێژنەکەوە وەرگیرا..

بەو شێوەیە دانیشتنی یەکەمی پلینیۆمەکە تەواوبوو، پاش پشوویەکی کورت دانیشتنی دووەمی کۆبوونەوە گشتییەکە دەستی پێکردەوە، کە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی تێکڕای لق و لێژنەو نووسینگەکان. کە بریتین لە شەش لق: (کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، هەولێر، موسڵ، بەغدا)، لێژنەکانیش: (لێژنەی چاودێری، لێژنەی بەرزەفتکردن، لێژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێیینە، لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی)، لەگەڵ راپۆرتی نووسینگەکانی (گەرمیان و سۆران) و (نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە)، کە لەنێویاندا نەقیبی رۆژنامەنووسان راو سەرنجی ئەنجوومەنی دەربڕی کە لەراپۆرتەکاندا هاتبوو، ئاماژەشی بە ئەرک و رۆڵی ئامادەبووان کرد لە پێشکەوتنی کاروانی پیشەیی سەندیکا بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری پیشەییدا. دواتر رۆژنامەنووس (مستەفا ساڵح کەریم) جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەلاغی کۆتایی پلینیۆمی پێشکەش کرد.

**هەولێر ٢٠٠٨/١٢/٢٨**

• • •

## ئەندامانی لقی سلێمانی سەردانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن

سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/١/٨)، ئەندامانی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سەردانی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی کرد، بەڕێزیان زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی ئەندامانی لقی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن. سکرتێرو ئەندامانی لقیش لەلایەن خۆیانەوە یاداشتێکیان پێشکەش بەڕێزیان کرد، کە ئەم داواکارییانەی خوارەوە لە خۆ گرتبوو:

١- دابەشکردنی پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر ئەندامانی لقی سلێمانی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەم ئەندامانە تائێستا زەوییان وەرنەگرتووە.

٢- بڕە پارەیەک سەرەڕای سولفەی دروستکردنی خانوو، بە ئەندامانی لق بۆ



تەواوکردنی خانووەکانیان بەپێی چەند مەرجێکی تایبەت ببەخشرێت.
٣- بەخششی دارایی بەو ئەندامانەی کە هاوسەرگیریان پێکهێناوە بدرێت.
٤- یارمەتیدانی لقی سلێمانی لە بواری ناردنە دەرەوەی ئەندامانی بۆ دەرەوەی وڵات، بەمەبەستی بەشداربوون لە خولەکانی مەشقکاری.
٥- یارمەتیدانی لق بۆ کردنەوەی خوول و چالاکی دیکەی رۆژنامەگەری.
٦- یارمەتیدانی ئەندامانی تووشبوو بەنەخۆشی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.
٧- دروستکردنی بینایەک بۆ لق لەسەر شێوازێکی ئەندازیاری تازە.
٨- دابینکردنی کەلوپەل و ئامێری کۆمپیوتەر.

بەرێز کۆسرەت رەسول بەڵێنی ئەوەیدا کە بەگوێرەی توانا داواکارییەکان جێبەجێ بکات و جەختیشی لەسەر ئازادی رۆژنامەگەی کردەوە و ئامادەگی خۆی بۆ لابردنی هەر گرفتێک کە دێتە بەردەم سەندیکا و رۆژنامەنووسان نیشاندا.

• • •

## خورماڵ.. ڤیستیڤاڵێکی رێزلێنان بۆ یادی خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح

لە رۆژی (٢٠٠٩/١/٩)، لە ناحیەی خورمال، رۆژنامەی (خورمال) ڤیستیڤاڵێکی بۆ یادی شەهیدی ووشە خوالێخۆشبوو (شاکر فەتاح) سازکرد.

لەم ڤیستیڤاڵەدا رۆژنامەنووس دلێر جەلال بەناوی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسان گوتەیەکی پێشکەشکرد، تیایا سوپاسی کارمەندانی ئەم رۆژنامەیەی کرد، کە ماوەی پێنج ساڵە بەبەردەوامی ئەم رۆژنامەیە دەردەکەن.

لە کۆتایی ڤیستیڤاڵەکەدا، سەرنووسەری رۆژنامەکەو کارمەندانی سوپاسی لقی سلێمانیان بۆ بەشداربوون و هاوکاری بەردەوامی کرد.

• • •

## ڕوونکردنەوەیەک
## لە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

چەند ڕۆژێکە لە هەندێ ڕۆژنامەو سایتەکانی ئینتەرنێت ئاماژە بەوە دەکرێت، کەگوایە برگەی زیندانی نەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی لە «یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان» لابراوە، بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیەش ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندی بەردەوام بە ئەنجومەنی سەندیکاوە دەکەن.

ئەنجومەنی سەندیکا پاش تاوتوێ کردنی ئەو مەسەلەیە لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٠ی خۆیدا بە پێویستی زانی ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە بخاتەڕوو:

__یەکەم__: هیچ برگەو ماددەیەکی یاسای ڕۆژنامەگەریی پاش پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ بەهیچ شێوەیەک لانەدراوە.

__دووەم__: لەماددەی (٩)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی کە تایبەتە بە سزاکانی کاری ڕۆژنامەگەریی بە هیچ شێوەیەک سزای زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووس نەهاتووەو بەڵکو هەموو سزاکان بە «غەرامە» دەستنیشانکراون.

__سێیەم__: ئەنجومەنی سەندیکا پاش دەرچوونی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان لەبەیاننامەیەکدا وێڕای بەرزنرخاندنی پۆزەتیڤانەی یاساکە، سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر هەندێ برگەی یاساکە خستەڕوو ڕاشیگەیاندووە کەلەداهاتوودا هەوڵی بەدواداچوونی هەموارکردنی ئەو برگانە لەپەرلەمانی کوردستان دەدات.

__چوارەم__: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەوام چاودێری وردی پیادەکردنی یاساکە دەکات و لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت کە هەر کەلێنێک لەیاساکەدا بەدیی بکرێت و ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی ڕۆژنامەنووسیدا، بیخاتە چوارچێوەی کارنامەی خۆی بۆ هەموارکردنی لە پەرلەمانی کوردستان.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**سلێمانی ٢٠٠٩/١/١٠**

• • •

## بانگەوازێک
## لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە
## بۆ سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان

بەپێی برگەکانی (١ و ٣) لە ماددەی (٨)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستان ژمارە (٣٥) کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکات کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

یەکەم: ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە پێشتر مۆڵەتیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەو بەردەوامن لە دەرچوون، بە مەبەستی تۆمارکردنی زانیاری پێویست لە تۆماری تایبەت لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لەماوەی سێ مانگدا (٢/١٠ تا ٢٠٠٩/٥/١٠) سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکا لە هەولێر بکەن و ئەم زانیارییانە پێشکەشی سەندیکا بکەن:
١. ناوی رۆژنامە یان گۆڤار.
٢. ناوی سێیانی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر لەگەڵ (هەریەکەو دوو وێنە).
٣. زمانی رۆژنامەکە (کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی.. هتد).
٤. کاتەکانی دەرچوونی (رۆژانە، هەفتانە.. هتد).
٥. مێژووی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی.
٦. شوێنی دەرچوون.
٧. ناوی ئەو چاپخانەیەی کە چاپی دەکات.
دووەم: ئەو رۆژنامەنووسانەی کە دەیانەوێ لەمەودوا رۆژنامە یاخود گۆڤارێکی نوێ دەربکەن رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:
١. بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک لە دوو رۆژنامەی رۆژانە کە ئەم زانیارییانەی تێدا بڵاوبکرێتەوە:
أ. ناوی رۆژنامە، یان گۆڤار.
ب. ناوی سیانی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر.
ج. زمانی نووسینی رۆژنامە، یان گۆڤار (کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی.. هتد).
د. شوێنی دەرچوون.
ه. کاتەکانی دەرچوونی (رۆژانە، هەفتانە، مانگانە.. هتد).
٢. ئەو دوو رۆژنامەیەی کە ئاگادارییەکەیان تێدا بڵاوکراوەتەوە پێشکەشی سەندیکا بکرێت بۆ وەرگرتنی ژمارەی متمانە (رقم الإعتماد).
تێبینی:/
١. داوا لە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەین کە (دوو دانە) لەژمارە سەرەتاییەکانی هەر رۆژنامەو گۆڤارێک کە پێشتر دەرچوونەو بەردەوامن، پێشکەشی ئەرشیفی سەندیکا بکەن.
٢. ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە کە لەمەولا دەردەچن داوا لە خاوەنەکانیان دەکەین کە (دوو دانە) لە ژمارە یەکەمیان پێشکەش ئەرشیفی سەندیکا بکەن..

**ئەنجومەنی سەندیکا**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**

• • •

# سەردانێک بۆ تەلەفزیۆنی عێراقییە

شاندێکی لقی کەرکووک، کە پێکهاتبوو لە لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری لق و سەردار جاف و فاروق نەسرەدین ئەندامانی لق و فوئاد عوسمان لەبەشی کارگێری سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/١/١٠)، سەردانی تەلەفزیۆنی (عێراقییە) یان کرد و لەلایەن نیاز حوسێن بەڕێوبەری نوێ و بەڕێوبەری کارگێری تەلەفزیۆن، پێشوازیان لێکرا.

لە دیدارێکدا. دەربارەی چۆنییەتی کاراکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا گفتوگۆکرا، هەروەها شاندی لقی کەرکووکی سەندیکا پیرۆزبایی لەبەڕێوبەری تازە بەبۆنەی دەست بەکاربوونییەوە کرد.

لەلایەکی دیکەشەوە، شاندێکی تری لق لەرۆژی (٢٠٠٩/١/٢١).. بەشداری لە کۆڕبەندی کەرکووکییەکان کە ڕێکخراوی ((کارگود)) بەهاوبەشی لەگەڵ تەلەفزیۆنی عێراقییە ڕێکیان خستبوو کرد شاندی سەندیکا لە ڕۆژنامەنووسان (سەردار جاف و ڕابەر ڕەشید) پێکهاتبوو.

• • •

## لقی کەرکووک.. کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

لقی کەرکووک، سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/١/٢٢) لە هۆڵی لق، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن سازدا، لەدەستپێکی کۆبوونەوەکە ڕۆژنامەنووس (سەردار جاف) بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و دەربارەی ڕێکخستنی خولێکی وەرزشی بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بەبۆنەی (١١١) ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری بەڕێوەدەچێ.. دوا، دواتر چەندین بابەتی گرنگ سەبارەت ئیش و کارەکانی لق تاوتۆکران.



•••

## شاندێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە کەرکووک سەردانی بارەگای لق دەکات

سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/١/٢٥) شاندێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی لە کەرکووک کە پێکهاتبوو لە (د. سیروان ئەحمەد و سمکۆ بەهرۆز و هاشم عاسی و نەوزاد شێخانی) سەردانی لقی کەرکووکیان کرد و لەلایەن سەردار جاف ئەندامی لق پێشوازیان لێکرا و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن تاوتۆێکران.



## لقی موسڵی سەندیکا.. بەشداری لە کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی دەکات

بەچاودێری ڕێکخراوی پەرەپێدانی مەدەنیەت (c.d.o)ە رابیتەی برایەتی و هاوکاری / ئێزیدی، سەر لە بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٨/١/١٦) لە شارۆچکەی (بەعشیقە)، کۆنگرەیەکی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی ڕێکخست.

لقی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوو و ڕۆژنامەنووس (محەمەد ئاکرەیی) گوتەیەکی پێشکەشکرد تیایدا ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە بواری پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی بەرز نرخاند. هەروەها جەختی کردەوە کەوا لقی موسڵی سەندیکا ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکە بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە.

شایانی باسە ڕۆژنامەنووس (غەسان سالم) سکرتێری لقی موسڵ دانیشتنەکانی کۆنگرەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەڕێوەبرد و ڕۆژنامەنووس (میخائیل بنیامین) ئەندامی لقی دهۆکیش باسێکی پێشکەشکرد. هەروەها بەڕێز (عیدۆ بابەشێخ) راوێژکاری سەرۆک کۆمار و چەندین کەسایەتی حیزبی و حکومی و هەڵبژاردەیەک لە نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی لە پارێزگاری نەینەوا ئامادەی کۆنگرەکە بوون.

• • •

## لەندەن سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا ئامادەی کۆبوونەوەیەک دەبێت

لە (٢٠٠٩/١/١٦)، لەشاری (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیادا و لەبارەگای یەکێتی نیشتمانی ڕۆژنامەنووسانی شانشینی یەکگرتوو و ئێرلەندە، بە ئامادەبوونی (جیم بومیلا) سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و ئایدا وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆن و جۆن ڕید سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسان لە شانشینی یەکگرتوو و نوێنەری ڕێکخراوی (رولی بیک تراست)ی خێرخوازی بەریتانی و شێرکۆ حەبیب سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بەمەبەستی پێشوازیکردن لە (کەسو کاری قوربانیانی



بواری ڕۆژنامەگەری لەڕووسیا و ئیسپانیادا) سازکرا. لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی سەندیکای بەریتانی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو ئەم کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی بواری ڕۆژنامەگەری بەگرنگ زانی. دواتر ئایدن وایت لە گوتەیەکیدا جەختی لەسەر پێویستی کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان کردەوە.

پاشان چەندین پێشنیاز سەبارەت بابەتە پەیوەندیدارەکان بەم بابەتەوە لەلایەن ئامادەبووانەوە خرانە ڕوو.

لە کۆتاییدا ئامادەبووان بڕیاریاندا کەوا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی داوا لەسەندیکا و یەکێتییەکان ئەندام بکات، بۆ ئەوەی هاوکاری زێدەتر لەگەڵ حکومەتەکانیان بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکان بکەن، هەروەها خوولی ڕاهێنان بۆ سەلامەتی پیشەیی بکرێنەوە و لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا لەشاری (برۆکسل) کۆبوونەوەیەکی دیکە ببەسترێت.

• • •

## شاندێکی سەندیکا.. سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات

لەسەر بانگهێشتی سەنتەری ڕۆشنبیری (هیمەت) لە ئێران شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕۆژانی (١٨-٢٠٠٩/١/٢٤) سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد، شاندەکە لە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێری لقەکان پێکهاتبوو.

لە میانی سەردانەکەدا، شاندی سەندیکا جگە لە تارانی پایتەخت، شاری (ئەسفەهان)یشی سەردان کرد و شوێنە گەشتوگوزارییەکان و شوێنەوارییەکانی بەسەر کردەوە، لە میانیاندا مۆزەخانەی (ئەلشوهەدا)، لە شاری (قوم)یشی سەردانی ئەو خانوەی (ئایەتوڵڵا خومەینی) پێشەوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تێدا ژیابوو، کرد.

• • •

## (Work shop)ێک لەئامێدی



لێژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە لقی دهۆکی سەندیکا بە هاوکاری ڕێکخراوی (ئەلەند بۆ دیموکراسیکردن) لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١/١٩) لە هۆڵی ڕۆشنبیری لەشاری ئامێدی،(Work shop)ێکی بۆ (٢٠) ڕۆژنامونووسی ئافرەت ڕێکخست.

لەم (Work shop)ەدا، ڕۆژنامەنووس (ڤیان عەباس) دەربارەی ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەگەری بابەتێکی پێشکەشکرد، هەروەها ڕۆژنامەنووس (فەهیمە ئیبراهیم) سەبارەت ئەزموونەکەی لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا دوا. لە کۆتاییدا بابەتەکان لەلایەن بەشداربووانەوە گفتوگۆیان دەربارە کرا و پێشنیازیان بەهەند وەرگیرا.

• • •

## دەزگای مین و نووسینگەی سۆران خولێکی ڕۆژنامەنووسیان بەڕێوەبرد



ڕۆژانی ٢٧ - ٢٠٠٩/١/٢٨ دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، بەهاوکاری نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خولێکی بەبەشداری ٣٥ ڕۆژنامەوان و پەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کامپی حامیەی ڕواندوز کردەوە.

لەم خولەدا چەندین بابەت سەبارەت ڕۆڵی میدیا لە هوشیار کردنەوەی دانیشتوانی ناوچە مەترسیدار و مین ڕێژکراوەکان و چۆنییەتی کاراکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامەوانان لەم نێوەندەدا پێشکەش کران. ئەمەش لەپێناو بڵاوکردنەوەی زۆرترین زانیاری دەربارەی مین و پاشماوەی تەقەمەنییەکانی سەردەمی شەڕ و ململانێ خوێناوییەکان و ڕووماڵکردنی هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی مینەوە هەیە، نەمازا لەناوچەیەکی وەک سۆران کە چەندین کێڵگە مینی بەجێماوی سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ـ ئیرانی تێدایە.

بەشداربووانی خولەکە، جگە لەوەی ئەم چالاکییەیان بە زەرووری زانی، هاوکات هیوایان خواست خولی زیاتریان لە هەموو بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی بۆ بکرێتەوە، ئەمەش بەو مەبەستەی پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزایی لەسەر هونەری ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕاگەیاندن بەدەست بێنن.

## بەیاننامەیەکی ئیدانەکردن

لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم کردەوە تاوانکارییەی کە لە ئەنجامیدا رۆژنامەنووس (سەلام عەرەب دۆسکی) لەبەردەم ماڵەکەیدا لەگەڕەکی (وادی حەجەر) لە شاری موسڵ، رۆژی پێنشجەممە (٢٠٠٩/٢/٥) شەهید کرا، ئیدانە دەکات.

ئێمە لە کاتێکدا نارەزایی بەرامبەر ئەم کردارە ترسنۆکانە دەردەبڕین، داواکارین دەزگا ئەمنیەکانی پارێزگای نەینەوا زووبەزوو لێکۆڵینەوە، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئالۆزییەکانی ئەم کردارە تاوانکارییە بکەن، بەرپرسیاریەتی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان لە ئەستۆی ئەمانە دایە و پێویستە بەربەستی بەهێز بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسان نەبنە ئامانج پەیدا بکەن.

شەهید (سەلام دۆسکی) پەیامنێری چەند رۆژنامەیەکی شاری موسڵ بووە و ئەندامی لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش بوو. پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهید دەکەین و داواکارین لە خوای گەورە ئارامیان پێببەخشیت.

**لقی موسڵی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٢/٦**

• • •

## خولێکی فوتساڵ لە کەرکووک

سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٢/٢) کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان لقی کەرکووکی سەندیکا و لیژنەی وەرزشی و دەزگاکانی راگەیاندن بەسترا.

لەم کۆبوونەوەیەدا تیروپشک بۆ چۆنیەتی بەشداربوون لە خولی فوتساڵ ئەنجامدرا، کە (١٦) تیپی دەزگاکانی راگەیاندن لەم خولەدا بەشدار دەبن. یاری کۆتاییش لە (٢٠٠٩/٤/٢٢) بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی ئەنجامدەدرێت.

• • •

## کەرکووک. پێشانگایەکی فۆتۆگرافی

بە هاوکاری لەگەڵ سەنتەری رۆشنبیری (پردێ)، لقی کەرکووکی سەندیکا سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بەناونیشانی (کۆمەلکوژی رەوتی ژیان راناگرێت) بۆ نووسەرو رۆژنامەنووس (عوسمان عەسکەری) رێکخست ئەم پێشانگایەش کە لە سەنتەری رۆشنبیری پردێ کرایەوە، بەڕێوەبەری ناحیە و بەرپرسانی حکومی و حیزبی و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ناحیەکە ئامادەی بوون.

• • •



هەواڵنامەی کتێب

# نەقیبی رۆژنامەنووسان پێشوازی لە رۆژنامەنووسێکی ئوسترالی دەکات



نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/٧ پێشوازی لە رۆژنامەنووسی ئوستڕالی (تیم) کرد، ئەم رۆژنامەنووسە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی رۆژنامەنووسی و ئازادی رۆژنامەگەری سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو.
لە دیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کورتە باسێکی دەربارەی رۆژنامەگەری دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێشکەشکرد. هەروەها سەبارەت رۆڵی سەندیکا لەچەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا دوا و وەڵامی چەندین پرسیاری رۆژنامەنووسی مێوان دایەوە.

• • •

# کۆنگرەی دوبەی
# دەستپێشخەری رۆژنامەگەری ئەخلاقی رادەگەیەنێت

سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٢/٨).. کۆنگرەی (دوبەی) تایبەت بەراگەیاندنی (دەستپێشخەری رۆژنامەگەری ئەخلاقی لەسەر ئاستی ئیقلیمیدا)، کە کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئیماراتی بەهاوکاری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە هوتێلی (بیستان روتانا) لە دوبەی رێکخستبوو، دەستی بەکارەکانی کرد.

لەم کۆنگرەیەدا سەرۆکی سەندیکا و کۆمەڵەو فیدراسیۆنییەکانی رۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوای ئاسیا و کیشوەری ئەفریقیا، لە نێوانیاندا رۆژنامەنووسان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و شێرکۆ حەبیب رێکخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا و چەندین پسپۆڕ لە بواری راگەیاندن و سەرنووسەرو نووسەری رۆژنامەنووسی بەشداربوون.

دانیشتنەکانی ئەم کۆنگرەیە چەندین تەوەری جیا- جیای لەخۆ گرتبوو لەمیانیاندا (سەربەخۆی و بەرپرسیایەتی راگەیاندن، بنیاتنانی دیموکراتیەت، رۆژنامەگەری ئەخلاقی لەکاتی جەنگدا، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.. هتد). ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەکرد، کەوا سەردەمی ئێستا پێویستی بە رۆژنامەگەری ئەخلاقی هەیە، چونکە ئەم سەردەمە هەواڵی نادروستی



بەرێژەیەکی بەرز تیا بڵاودەبێتەوە و خوازیاری ئەوەش بوو کە حکومەتەکان میللەتەکانیان ئازاد بکەن و پانتایەکی بەرفراوان بۆ بیرکردنەوە و دەربڕینی بیروڕا برەخسێنن.

شایانی باسە ئەم کۆنگرەیە دوو ڕۆژی خایاند و (٥) دانیشتنی تیا ئەنجامدرا، لەم باسانەی کە لەم کۆنگرەیەدا پێشکەشکران، جەخت لەسەر پێویستی ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی و پەیڕەوکردنی بەها ئەخلاقییەکان کراو لە کۆتایی کۆنگرەشدا دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی لەسەر ئاستی ئیقلیمیدا ئیعلان کرا. ئەم دەستپێشخەرییەش خوازیاری ئەوەیە بەها ئەخلاقییەکان بڵاوببنەوە و لەکاری ڕۆژنامەگەری پیادە بکرێن و پتەو بکرێن و ڕۆژنامەنووسان پابەندی بن.

هەروەها داواکاری ئەوەیە سەربەخۆیی بەمەبەستی پاراستنی ڕاگەیاندن لە کاریگەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دابین بکرێت.

• • •

## وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان چاوی کەوت بەگروپی ڕۆژنامەنووسانی مێینە

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان د. جینان قاسم سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٢/٩) چاوی کەوت بە گروپی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لەشاری هەولێر، لەدانیشتنێکدا بەگشتی باس لە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە کوردستان کرا، پاشان خاتوو حەسیبە بابۆلی سکرتێری لیژنەی داکۆکیکەرانی ڕۆژنامەنووسانی مێینەدا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەزیاتر بایەخدان بە ڕەگەزی مێینەدا لەبواری ڕۆژنامەوانی کردو داوایان لە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان کرد کە پشتیوانی ڕەگەزی مێینە بکات لە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی، دواتر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان پشتیوانی خۆی بۆ گروپ و سەرجەم ڕۆژنامەوانانی ڕەگەزی مێینە خستە ڕوو، داوای لە ستافی داکۆکیکەران کرد کە زیاتر هەوڵی خۆ پێگەیاندن بدەن.

• • •

## موحازەرەیەک لە عەنکاوە

لــە چوارچێوەی پلانــی کارکردنی لیژنەی پشــتیوانی لــە رۆژنامەنووســانی مێینــە کە ســەر بــە ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردستانە، رۆژی (٢٠٠٩/٢/١٣) ئەم لیژنەیە موحازەرەیەکی دەربارەی (**سەلامەتی پیشەیی**) لە شارۆچکەی – عەنکاوە – رێکخست.

ژمارەیەکــی بەرچــاو لــە راگەیاندنکاران ئامادەی موحازەرەکە بوون، کە رۆژنامەنووس (**لیدیا بابا**) پێشکەشی کرد.

موحازەرەکە چەندیــن لایەنی جیا- جیای لــە خۆ گرتبوو، کە پەیوندییان بە ســەلامەتی پیشەییەوە هەبوو، وەک (فریاکەوتنی سەرەتای و چۆنیەتــی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشــی و برینداربوون و شکان و سووتان.. هتد).

لە کۆتایــی موحازەرەکــەدا، وانەبێژ لیدیا وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە.



• • •

## کەرکووک. بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری تورکمانی ڤیستیڤاڵێکی هونەری و ئەدەبی رێکدەخرێت

ســەر لەبەیانــی رۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٢) و لــە ژێــر دروشــمی (**لە پێنــاو پەرەســەندنی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتــی و رۆشــنبیرییەکان لــە نێوان رۆشــنبیرانی شــاری کەرکووکدا**). تــۆری کەرکــووک بــۆ رێکخراوەکانــی کۆمەڵــگای مەدەنــی، ڤیســتڤاڵێکی هونــەری و ئەدەبــی بەبۆنــەی رۆژی رۆژنامەگــەری تورکمانــی لە هۆڵی چالاکــی قوتابخانەکان لە شــاری کەرکووکدا رێکخســت، لە دەستپێکی ڤیســتڤالەکەدا خاتوو سەکینە عەلی سەرۆکی تــۆری ناوبراو گوتەیەکی پێشکەشــکرد، تیایا تیشــکی خســتە ســەر رۆڵ و چالاکییەکانــی تۆرەکــە لە پێناو چەســپاندنی گیانی برایەتی لــە نێــوان پێکهاتەکانــی شــاری کەرکوک. دواتر نووسەرو ئەدیب عەبدولعەزیز سەمین بەیاتی لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بەسەرەتاکانی رۆژنامەگەری لە کەرکوک کرد.

پاشــان جەمــال شــان ســەرۆکی حزبی نیشتمانی تورکمانی، سوپاسی تۆرەکەی کرد و رۆڵی رۆژنامەنووسان و ئەدیبانی کەرکووکی لــە پێنــاو خزمەتکردنــی رۆژنامەگــەری و رۆشنبیری بەرز نرخاند.

دوای ئەویش لەتیف فاتیح ســکرتێری لقی کەرکووکــی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی



کوردستان لە گوتەیەکیدا، پیرۆزبایی پێشکەش ڕۆژنامەنووسانی تورکمان کرد، جەختی لەسەر مانەوەی چەپکە گوڵی پێکهاتەکانی شارەکەش کرد.

شایانی باسە رزگاری حاجی حەمە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری کەرکووک و نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسان ئامادەی ڤیستڤیاڵەکە بوون و چەندین گۆرانی و شایی بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و لەگەڵ شانۆگەرییەک پێشکەشکران.

• • •

## لقی کەرکووک.. ڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمانی پیرۆز دەکات..

لەژێر دروشمی (بوونی چەندین زمان لەکەرکووکدا. بەڵگەی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری ئەم شارەیە). و بە ئامادەبوونی فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و قایمقامی قەزای کەرکووک و سکرتێرو ئەندامانی لقی کەرکووک و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران لقی کەرکووکی سەندیکا، سەر لە بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٤) ئاهەنگێکی بۆ دابەشکردنی بڕوانامەی ڕێزلێنان بەسەر (١٢) ڕۆژنامەنووسی تورکمانی سازکرد.

ئەم ئاهەنگەش بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٩٨) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی ڕێکخراو لە دەستپێکی ئاهەنگەکە لەتیف حامید سکرتێری لق لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی تورکمانی بەرز نرخاند. هەروەها ڕوونیشکردەوە کەوا ئەم ڕۆژناکەگەرییە دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ پێشکەوتنی بەخۆوە بینوە.

دواتر ئیسحان گلی قایمقامی کەرکووک لە گوتەیەکیدا سازدانی ئەم ئاهەنگەی لەلایەن لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەکارێکی پیرۆز لە قەڵەمدا.

پاشان نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی تورکمان کرد و ئاماژەی بەڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمان و کلدو ئاشوورو ڕۆژنامەگەری کوردی و عیراقی کرد، کە سەندیکای کوردستانی هەموو ئەم بۆنانەی بەرز ڕاگرتووە و ئاهەنگی بۆ گێڕاون.

لە کۆتاییدا ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل عەلی تیشکی خستە سەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری تورکمانی، پاشان بڕوانامەی ڕێزلێنان بەسەر (١٢) ڕۆژنامەنووسی تورکمانی دابەشکرا.

## بە بۆنەی یادی (٩٨) ساڵەی ڕۆژنامەگەری تورکمانییەوە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی تورکمان دەکات

بە بۆنەی یادی (٩٨) ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (حوادث)ی تورکمانی لە شاری کەرکووک، کە دەستپێکی کاروانی ڕۆژنامەگەریی تورکمانییە. گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی برایان و هاوکارانمان ڕۆژنامەنووسانی گەلی تورکمان دەکەین..، کە ئامانجی پتەوکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، هیوادارین پێکەوە زیاتر کار بکەین لە پێناو قوڵکردنەوەی پەیوەندی برایانە لە نێوان گەلانی عیراقی فیدراڵ و دیموکراسی نوێ دا..

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ هاوکارانمان ڕۆژنامەنووسانی تورکمان و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانمان دەخوازین..

**ئەنجومەنی سەندیکای**

**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**٢٠٠٩/٢/٢٣**

• • •

## دهۆک دانیشتنێک بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی مێینە

وەک دەستپێشخەرییەکی لقی دهۆکی سەندیکا، دوای نیوەڕۆ ڕۆژی (٢٣)ی شوباتی ٢٠٠٩، دانیشتنێک بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بەرەوشی لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە پارێزگای دهۆک سازکرا. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و هەڵبژاردەیەک لە ڕاگەیاندنکارانی ئافرەت ئامادەی ئەم دانیشتنە بوون، کە لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە زانکۆی دهۆکدا ڕێکخرابوو.

ئەم دانیشتنە لەلایەن **(هودا ئەحمەد سەبری)** بەڕێوەچوو (٣) سێ تەوەری دەربارەی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە خۆگرتبوو، لەلایەن (سوهام عومەو ڤیان عەباس و ئیسماعیل تاهیر) پێشکەشکران. هەروەها ڕۆژنامەنووس (بەهجەت هروری) ئەندام ئەنجومەنی سەندیکا گوتەیەکی پێشکەشکرد، تیایا ئاماژەی بەگرنگی لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە و ئامانجەکانی کرد.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی باسەکان کراو تێبینی و پێشنیارەکان تۆمارکران، بۆ ئەوەی ببنە بەرنامەی کاری لیژنەکە لە ئایندەدا.

• • •

## ئەنجوومەنی سەندیکا سیانزەمین کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەگای خۆی لە شاری هەولێر ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٩/٢/٢٥) سیانزەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، سەردانەکەی شاندی سەندیکای بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوودا هەڵسەنگاند و

رووداوەکانی کۆنگرەی (دوبەی) سەبارەت دەستپێشخەری رۆژنامەگەری ئەخلاقی، کە بەڕێزیان تیایا بەشداری ببوو. خستەڕوو.

هەروەها ئاماژەی بە چالاکییەکانی شاندی سەندیکا لە کۆنگرەکەدا کرد و گرنگی دەستپێشخەرییەی رۆژنامەگەری ئەخلاقی روونکردەوە، کە بڕیارە ئەم دەستپێشخەرییە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوبکرێتەوە و وەکو بەرنامەیەک بۆ چەند مانگی داهاتوو پەیڕەو بکرێت.

دواتر گفتوگۆ دەربارەی پێکهێنانی لێژنەیەکی باڵا بەسەرۆکایەتی جێگری نەقیب مستەفا ساڵح کەریم کرا، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەم چالاکییانەی بەبۆنەی (١١١) ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا. رێکدەخرێ، واش چاوەڕواندەکرێت دەکرێت کەوا لە ئاهەنگەکانی ئەمساڵدا، سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سکرتێری گشتی فیدراسیۆن و ژمارەیەک لە سەرۆک سەندیکاکانی عەرەبی بەشداربن و جگە لەم بابەتانەش بەشداربووانی کۆبوونەوەکە سەبارەت چەندین مەسەلەی پیشەیی و سەندیکایی و چۆنیەتی چارەسەری کێشەکان گفتوگۆیان کرد.

• • •

## وەزیری رۆشنبیری لە کانتۆنی ژنێف لە سویسرا سەردانی سەندیکا دەکات



رێزدار باتریس میونی وەزیری رۆشنبیری لە کانتۆنی ژنێف لە سویسرا، بە یاوەری توێژەرو شاعیر خاتوو نەزەند بەگی خانی، رۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٨) سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد و لەلایەن فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەگەرمی پێشوازییان لێکرا.

لە دەستپێکی سەردانەکەدا، نەقیبی رۆژنامەنووسان دوای بەخێرهێنان، دەربارەی سەندیکا و چۆنیەتی دامەزراندنی و چالاکییەکانی دواو باسی ئەو یاساییانەی کرد کە سەندیکا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، لە نێوانیاندا یاسای رۆژنامەگەری کە لە (٢٠٠٨/٩/٢٢)دا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا.

دواتر رۆژنامەنووس زیرەک کەمال سکرتێری لیژنــەی داکیکۆکردن لــە رۆژنامەنووســان، ســەبارەت بــەکاری لیژنەکــە و چۆنیەتــی ئامادەکردنی راپۆرتە (٦) مانگییەکان دوا.

وەزیری رۆشــنبیری سویسراش لەلایەن خۆیەوە، سوپاســی ئەو پێشــوازییە گەرمەی کردو باســی لە قۆناغەکانــی رێرەوی ئازادی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی ئەوروپا کرد.

شایانی باسە وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لــە گفتوگۆکان بەشــداربوون، لــە کۆتایــی دیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان دروشمی سەندیکای وەکو دیارییەک پێشکەشی وەزیری میوان کرد، لە بەرامبەریشــدا وەزیری بەرێز قەڵەمێکــی بەو پێیەی چەکی رۆژنامەنووســە پێشکەش بە نەقیبی رۆژنامەنووسان کرد.

• • •

## لقی هەولێری سەندیکا. لە (workshop)ێکی سەندیکاکانی بەریتانی بەشدار دەبێت

لــە رۆژانــی (٢/٢٨-٣/٣/٢٠٠٩)، لــە هەولێــری پایتەخــی هەرێمــی کوردســتان، چەنــد ســەندیکایەکی بەریتانی بەهــاوکاری فیدراســیۆنی گشــتی کرێکارانی کوردستان، (workshop)ێکیان سازدا.

لــەم (workshop)دا رۆژنامەنــووس ئازاد حەمەدەمین ســکرتێری لقی سەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان بەشــداربوو، لــە لێدوانێکدا دەربارەی ئــەم چالاکییە گوتی: ئــەم (workshop)ە، لەژێــر دروشــمی (قووڵکردنــەوە و زیاتــر پتەوکردنــی کاری ســەندیکایی لــە کوردســتان – عیراقــدا) کە چواری رۆژی خایاند بەڕێوەچوو، گفتوگۆش ســەبارەت یاســای کارو گیروگرفتــی کاری ســەندیکایی و رێکخراوەکانــی کۆمەڵــگای مەدەنی لە کوردستان و عێراقدا کرا.

هەروەهــا گوتــی: لــەم (workshop) دا بەیاننامەیــەک بــۆ پشــتیوانی لــە یەکێتــی مامۆستایانی عیراق دەرچوو.

شــایانی باســە، لە کۆتایی (workshop) دا بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دابەشکرا و بەیاننامە پشــتگیرییەکەش بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، بەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن دابەشکرا.



• • •

## لە دهۆک. نەقیبی رۆژنامەنووسان خوازیاری ئەوەبوو، تواناکانی رۆژنامەنووسان گەشە بکات

شاندێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا و زیرەک کەمال سەرۆکی لێژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان، رۆژی (٢٠٠٩/٣/٢) سەردانی پارێزگای دهۆکییان کرد و بە ئامادەبوونی یاسا ناس محەمەد ئەمین شەرفانی سەرۆکی دادگای پارێزگای دهۆک و سەعید شەنگالی بەرێوەبەری ئاسایش، کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی لقی دهۆک بەست لە میانی کۆبوونەوەکەدا، نەقیبی رۆژنامەنووسان جەختی لەسەر پێویستیی لێکتێگەیشتن لەنێوان دامەزراوە یاساییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن کردەوە و خوازیاری ئەوەبوو تواناکانی رۆژنامەنووسان لە بواری پیشەییدا پەرەی پێ بدرێت، هەروەها شاندەکە لەگەڵ چەندین بەرپرسی راگەیاندنی حزبەکان و نوێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندن بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان کۆبۆوە. رۆژی دواتریش شاندەکە سەردانی شارۆچکەی زاخۆی کرد و لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن و لایەنە رەسمییەکان کۆبۆوە.



• • •

## نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و دیدارێک لەگەڵ (ستیڤی ئەسکام) و (ریتشارد پیرس)

فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هوتێلی چوارچرا رۆژی (٢٠٠٩/٣/٥) بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئازادیی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ هەردوو بەڕێزان (**ستیڤی ئەسکام**) سکرتێری دووەم لە نووسینگەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە هەولێر، و (**ریتشارد پیرس هنغسان**) رێکخەری دەوڵەتی عیراق، لە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەریتانیا (کۆمۆنولث) – لەندەن کۆبۆوە، لەم کۆبوونەوەیەدا. گرفتی رۆژنامەنووسان و چۆنییەتی چارەسەر کردنی تاوتوێکرا.

نەقیبی رۆژنامەنووسان واقیعی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمدا، دوای راپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ساڵی (١٩٩١) تاوەکو قۆناغی ئێستای خستە روو. هەروەها ئاماژەی بە یاسای کاری رۆژنامەگەری کرد لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە (٢٠٠٨/٩/٢٢) لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە. لە کۆتایی دیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانی هەردوو بەڕێزانی دایەوە.




• • •

## وۆرک شۆپێک لە سلێمانی

لقی سلێمانیی سەندیکای رۆژنامەنووسان. بە هاوکاریی کۆمپانیای ئاسیا سێڵ لە رۆژانی (٤-٢٠٠٩/٣/٥) لە هوتێلی ئاشتی لە شاری سلێمانی، بە بەشدار بوونی (٦٠) رۆژنامەنووس لە هەردوو لقی (سلێمانی و کەرکووک) و رۆژنامەنووسانی رانیە و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و گەرمیان لەژێر ناوونیشانی (ئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەگەری لەبەر تیشکی یاسای رۆژنامەگەری)، وۆرک شۆپێکی رێکخست و د. (سامان فوزی) مامۆستا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی و هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستا لە کۆلێژی رۆژنامەگەری لە زانکۆی ناوبراو، تیایدا بەشدار بوون.

هەوەها لقی سلێمانی. وۆرک شۆپێکی دیکەی لە رۆژی (٢٠٠٩/٣/١١) بۆ رۆژنامەنووسانی (سەید سادق) رێکخست، تیایدا ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان بەشدار بووون و رۆژنامەنووس (هاوڕێ حەمە ساڵح) لە گوتەیەکیدا ئم جۆرە چالاکییانەی بەرز نرخاند.

• • •

# لە كۆیە.. لقی هەولێری سەندیكای رۆژنامەنووسان لەگەڵ نوێنەرانی كەناڵەكانی راگەیاندن كۆبۆوە

بەمەبەستی لەنزیكەوە ئاگاداربوون و ئاشنا بوون بە دەزگاو كەناڵ و بڵاوكراوەكانی ئەو سنوورەو گفتوگۆكردن لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری رۆژی ٢٠٠٩/٣/٥ وەفدێكی لقی هەولێری سەندیكای رۆژنامەنووسان سەردانی كۆیەی كردو لەگەڵ نوێنەرانی كەناڵەكانی راگەیاندن كۆبۆوە .
لەو كۆبوونەوەیدا كە لە بارەگای رێكخراوی كوردستانێكی سەوز بەرێوەچوو گفتوگۆ لەسەر گیروگرفتەكان كراو مەرج و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندام روونكرایەوە .
دوای خستنەرووی راو سەرنجەكان، هەریەك لە نوێنەرانی كەناڵەكان راگەیاندن قسەیانكردو ئەو جۆرە دیدارو كۆبوونەوانەیان بە هەنگاوێكی زۆر باش وەسفكرد لە پێناو لە نزیكەوە ئاگادابوون و یەكتر ناسین، ئاماژەیان بەوەشكرد كە كردنەوەی نووسینگەیەكی سەندیكا لە كۆیە زۆر پێویستە .
لە كۆتاییدا پێشنیازی ئەوە خرایە روو كە كەسێك وەك نوێنەری رۆژنامەنووسانی كۆیە دیاری بكرێ بۆ هەماهەنگی و رای كردنی ئیشوكارەكانی رۆژنامەنووسان لەگەڵ سەندیكای رۆژنامەنووسان.



• • •

## كۆڕێك بۆ د. نازناز محەمەد

بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتان، لە رۆژی (٢٠٠٩/٣/٨) لێژنەی داكۆكی كردن لە رۆژنامەنووسانی مێینە لە هەولێر، كۆڕێكی بۆ د. نازناز محەمەد سەرۆكی لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی كوردستان، لە هوتێلی چوارچرا رێكخست. كۆڕگێر دەربارەی رۆڵی سیستمی پەروەردە لە بەرەوپێش بردنی ئافرەت لە كۆمەڵگادا و بەرز كردنەوەی پێگەكەی دوا و جەختی لەسەر پێویستیی دابینكردنی دەرفەتی سەلماندنی تواناكانی ئافرەت لەبواری پێشخستنی كۆمەڵ كردەوە، لە هەمان رۆژیش شاندێكی لێژنەكە لە فیستیڤاڵێك كە بەم بۆنەیەوە رێكخرابوو، بەشداربوو، هەروەها سەردانی بارەگای یەكێتی ئافرەتانی كوردستان كرد.

## دهۆک
## کۆڕێک دەربارەی توند و تیژی دژی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە

ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٨) و لە چوارچێوەی بەرنامەکانی لیژنەی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە لە لقی دهۆکی سەندیکا و بە هاوکاریی گروپی عیراقی بۆ نا توندوتیژی، ,وۆرک شۆپێک دەربارەی توندوتیژی دژی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە و پیادەکردنی ئیجرائاتی یاسایی دانانی سنوورێک بۆی،. ڕێکخرا.

ئەم وۆرک شۆپە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی دهۆک بەڕێوەچوو و ژمارەیەک لە ئەکادیمی و ڕۆشنبیران، و تیایدا ئامادەبوون و دوو موحازەرە لە لایەن (**هەلز عەلی سەلیم**) و (**سوهام ئەحمەد**) پێشکەش کران و ئامادەبووانیش پێشنیار و تێبینییەکانی خۆیان خستەڕوو، کە هەموویان لە ڕاپۆرتێکی گشتی تۆمار کران، بۆ ئەوەی چاپ بکرێت و بەسەر بەشداربووان و دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار دابەش بکرێت.



• • •

## بە هۆی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە
## چەند خولەکێک وەستان بەبێ دەنگی

ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/١٦)، کاتژمێر یانزەی بەیانی و لەبەردەم بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەبۆنەی یادی کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجەی شەهید، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا و کارمەندانی و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان، چەند ساتێک بەبێ دەنگی بە یادی ئەم کارەساتە گەورەیە وەستان، بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە هەموو ساڵێک دووبارە دەکرێتەوە، مەبەستەکەشی گەیاندنی پەیامە بەگشت میللەتانی جیهان، بۆئەوەی کارەساتی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە، و تاوانە دڕندانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریش بە هیچ جۆرێک لە یاد نەکرێت.

## دیدارێک لەگەڵ لقی بەغداد

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/١٦)، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری سەندیکا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، لە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، چاویان بە سکرتێری لقی بەغداد و ئەندامانی لق کەوت.

لەدیدارەکەدا باس لە ئەرکەکانی لقی بەغداد، بە پێی پێشهاتەکانی ڕۆژنامەگەری عێراقی کرا و گرفتەکانی کاری پیشەیی و سەندیکایی خرانە ڕوو و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان تاوتوکران، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم چارەسەرکردنەش میکانیزمی گونجاو دانرا.



• • •

## خولێک بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە لە سلێمانی بەکۆتا هات



ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/١٦) کە (٣) سێ ڕۆژی خایاند، خولێک بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە لە شاری سلێمانی بەکۆتا هات. ئەم خولە لەژێر دروشمی (لەپێناو پەرەپێدانی قەڵەمی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە) کە لیژنەی پشتیوانی

لە مافەکانی رۆژنامەنووسـانی رێکیخستبوو، لەبـارەگای رێکخـراوی پەرەپێدانـی مەدەنی (CDO) بەڕێوەچـوو. دەسـتپێکی خولەکـە کـە (٢٠) رۆژنامەنووس تێدا بەشـداربوو، بە موحازەرەیەک بە ناوونیشـانی (ئامادەکردنی رێپۆرتاژی رۆژنامەگەری)، لەلایەن مامۆستا هێرش رسول دەستی پێکرد، هەروەها مامۆستا شوان محەمەد موحازەرەیەکی بە ناوونیشانی (سـەلامەتیی پیشـەیی) پێشـکەش کـرد، لەرۆژی دووەمدا مامۆسـتا ئاسۆس هەردی موحـازەرەی (ئەخلاقیاتـی رۆژنامەگـەری) و د. سـامان فـەوزی موحازەرەی (یاسـای رۆژنامەگەری)یان پێشـکەش کرد، لە رۆژی سێیەمیشـدا مامۆسـتا مـەم بورهـان قانیـع موحازەرەی (دارشـتنی هەواڵ)ی پێشـکەش کرد. لەنێـوان موحازەرەکاندا بەشـداربووان راهێنانیان ئەنجام دەدا.

• • •

## سکرتێر و ئەندامانی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی پارێزگار دەکەن



سکرتێر و ئەندامانی لقی سلێمانی سەندیکا، سەرلە بەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٣/٣٠) سەردانی بەڕێز دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی کـرد، لـە میانـی سـەردانەکەدا ئەندامانی لق یاداشـتێکیان پێشکەشی بەڕێز پارێزگار کرد، تیایدا داوای پشـتگیرییان بۆ چالاکییەکانی لق کـە بەبۆنـەی رۆژی رۆژنامەگـەری بەڕێوە دەچێت. کرد.

هەروەها داوای پشتیوانییان بۆ ئەنجامدانی خولێکی رۆژنامەگەری بە مەبەستی ئاشنابوونی رۆژنامەنووسـان بە ئەرک و مافەکانیان کرد. لە بەرامبەردا بەڕێز پارێزگار ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەموو هاوکارییەک لەم بوارانەدا. هەروەها لە هەمان رۆژدا سەردانی بەڕێز قادر حمە جان بەڕێوەبەری ئاسایشـی گشـتییان کرد و دوای پیرۆزبایی بە وەرگرتنی پۆسـتە تازەکەی، داوایان لە بەڕێزیان کرد، کەوا هیچ رۆژنامەنووسـێک بە بێ ئاگاداریی سـەندیکا دەسـتگیر نەکرێـت ویاسـای رۆژنامەگەری پیادە بکرێت. بەڕێزیشـی بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەم کارە جێ بە جێ بکرێت، و لێپرسینەوەش لەگـەڵ هـەر کارمەندێکـی ئاسـایش ئەنجام بدرێت کە لە سـنووری یاسـا و رێنماییەکان دەردەچێت..

## نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی لقی سلێمانیی سەندیکا دەکات
## شاندێکی ئەنجوومەنیش سەردانی لقی کەرکووکی کرد

(فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، و سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان، رۆژی (٢٠٠٩/٣/٢٤)، سەردانی لقی سلێمانیی سەندیکایان کرد.

لە دیدارێکدا لەگەڵ جێگری نەقیب و محەمەد نوری تۆفیق سکرتێری لقی سلێمانی و ئەنوەر حوسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا، باس لە کاروباری لیژنەی داکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسان کرا، و چەندین بابەتی سەر بە کاری سەندیکای رۆژنامەنووسان تاوتوێکرایێ.

لە لایەکی تریش شاندێکی سەندیکا، سەر لە بەیانیی رۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١)، لە بارەگای لقی کەرکووک، چاویان بە سکرتێر و ئەندامانی لق کەوت. لەم دیدارەدا، ئیش و کارەکانی لق و چۆنییەتیی بەرەو پێشبردنی تاوتوێکران.

و هەروەها باس لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی گرفتەکان کرا.



• • •

## خولێک بۆ ئامادە کردنی موعەلیقی وەرزشی
## خوولێکی دیکەش بۆ تۆپی پێ

لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە رۆژانی (١٨-٢٠٠٩/٣/١٩)، خولێکی بۆ ئامادە کردنی موعەلیقی وەرزشی لە هۆڵی سەندیکادا کردەوە، تێیدا (٣٠) رۆژنامەنووس بەشداربوو، ئەمەش یەکەمین خولە لەم چەشنە کە لە هەرێمی کوردستان کرابێتەوە، موحازەرەکانی خولەکەش لە لایەن جەلال پەرێشان و زاگرۆس نانەکەلی پێشکەش کران. هەروەها لە رۆژی (٢٠٠٩/٣/١٤) بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە لیژنەی ناوبراو بە هاوکاریی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوولێکی (فوتساڵ)ی رێکخست، کە (٢٨) تیپ تیایدا بەشدارن، واش بڕیارە یاری کۆتایی لە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی (٢٠٠٩/٤/٢٢) ئەنجام بدرێت، ئەم جۆرە خوولانەش بە مەبەستی یەکتر ناسین و توندوتۆڵ کردنی پەیوەندیی نێوان رۆژنامەنووسانی وەرزشی دەکرێنەوە.

# ڕێزلێنان لە ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی مێیینە

لــە رۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١)، لێژنــەی پەرەپێدانی رۆژنامەنووسانی مێینەی سەر بە لقی دهۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ریۆرەسمێکی تایبەت بە ڕێزلێنان لە ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی مێینە لە هۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ساز کرد.

لەم ریۆرەسمەدا (١٠) رۆژنامەنووسی مێیینە کە سەربە دامەزراوە جیا – جیاکانی راگەیاندن بوون، لە شاری دهۆک و قەزاکانی سەر بەم پارێزگایە، ڕێزیان لێنرا، شایانی باسە لێژنەی پەرەپێدانی رۆژنامەنووسانی مێیینە، لە رۆژی دامەزراندنییەوە لە تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو، چەندین چالاکی وەک کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ سەبارەت بە کاری رۆژنامەگەری ئەنجامداوە.



• • •

# شاندێک لە ئاژانسی هەواڵەکانی عیراق سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات

سەر لە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١)، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشوازیی لە رۆژنامەنووس (حەیدەر حەسون فەزع) بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی هەواڵەکانی عیراقی و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا باس لە توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان سەندیکا و ئاژانسی ناوبراو کرا و نەقیبی رۆژنامەنووسانیش خوازیاری ئەوەبوو شاندی ناوبراو کاتێکی شاد لە هەرێمی کوردستان ببەنە سەر.

• • •

# ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان سوپاسی كۆمپانیای ئاسیا سێڵ دەكات

بە خۆشحاڵییەوە. ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسـان... سوپاس و پێزانینی خۆی پێشكەش بە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی كارگێڕیـی كۆمپانیای ئاسیاسـێڵ دەكات، بۆ ئەو پشتیوانییەی كە لە هەردوو لقی (سلێمانی و دهـۆك)ی كردووە، لەبواری گەشـەپێدانی تواناكانی رۆژنامەنووسـان، ئەم پشـتگیرییە ئاماژەیەكە بۆ رۆشـنبیرییەك لە چەشـنێكی تازە، كە پەیوەندیی نێوان راگەیاندن و گەیاندن بەرجەسـتە دەكات، كۆمپانیـا بـەم كارەی نموونەیەكی جوان لەبواری كارلێكی ئەرێیی لە نێوان كۆمپانیاكان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دەخاتە روو، خوازیارین ئەم كارە لە نێوەندی كۆمپانیاكان و دامەزراوەكانی ئەهلی و حكوومیدا دەنگ بداتەوە.

**ئەنجوومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**

● ● ●

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# راپۆرتی دووەمی
# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان
# ٢٠٠٨/٧/١ – ٢٠٠٨/١٢/٣١

**پێشەکی**

رۆژی ٢٠٠٨/٦/٣٠ لیژنـەی داکۆکـی کـردن لـە ئـازادی رۆژنامەنووسـی و مافی رۆژنامەنووسـان یەکەمیـن راپۆرتی شـەش مانگـی خـۆی بڵاو کردەوە کە لـە دوو توێی خۆیدا کۆی رەوشـی رۆژنامەنووسی و ئەو پێشـێلکارییانەی کە لە ماوەی شـەش مانگدا بەرامبـەر رۆژنامەنووسـان لـە هەرێمـی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی تری هەرێمی کوردسـتان ئەنجـام دراون تۆمارکردبـوو. دیـارە ئەو راپۆرتە لەسـەر ئاسـتی ناوەوەو دەرەوە دەنگدانـەوەی باشـی هەبوو هەموو لایەک ئەو هەنگاوەیان بە هەوڵ و شێوازێکی تـری تێکۆشـانی مەدەنیانـەی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لەقەڵەمـدا رووەو چەسـپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەسـتەبەر کردنـی مـاف و گوزەرانـی رۆژنامەنووسـان لە کوردسـتاندا. هەروەها بەشـی هەرە زۆری رۆژنامەنووسـانیش بە جیـاوازی ناسـنامەی سیاسـی و نەتەوەیـی و جـۆری پیشـەییان ئـەو راپۆرتەیـان وا هەڵسەنگاند کە لەلایەک بێ لایەنی سەندیکای رۆژنامەنووسـان یان لە نێوکایەی سیاسـیدا بەرجەستە کردووەو لەلایەکیش سووربوونی سـەندیکایان لەسەر داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و کارکردن لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەرکی مێژوویی خۆی نیشانداوە.

ئەمـڕۆش ٢٠٠٨/١٢/٣١ لیژنـەی داکۆکـی کـردن لـە ئـازادی رۆژنامەنووسـی و مافـی رۆژنامەنووسـان لـە سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دووەم راپۆرتی خۆی لە دوای دووەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردسـتان بڵاودەکاتەوە، هەڵبـەت لیژنەی داکۆکی کردن و سـەرجەم ئەنجوومەنی سەندیکاش هیواو ئاواتی ئەوەیان دەخواسـت کە لەم شەش مانگەی رابردوو لە هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە پێشێلکارییەک لە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجام نەدرێت و راپۆرتەکەمان بە سپێتی بخەینە بەردەست رای گشـتی نـاوەوەو دەرەوە. چونکە پێمان وابوو راپۆرتەکەی ٣٠-٦-٢٠٠٨ دەبێتە.

پەند و ئەزموون و هاندەرێک بۆ هەموولایەک کـە زیاتـر لە گرنگـی کار و ئەرکی پیشـەی رۆژنامەنووسـی تێبگەن و رۆڵـی ئەو توێژە گرنگە لە قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و پتەوکردنـی بنەماکانـی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرفـراوان کردنـی پانتاییەکانـی ئـازادی رۆژنامەنووسـی دەرک پێبکـەن، چونکـە یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتی و ستراتیژییەکانی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان لە پیکهێنانی لیژنەی داکۆکیکردن و تۆمارکردنی پێشـێلکارییەکان دژی مافی رۆژنامەنووسان جێبەجێکردنی ئەرکێکی سـەرەکی خۆیەتی و لەلایەکی تریشەوە دەرخستن و خستەڕووی مـۆرک و ماهیەتی ئەو سـەردەم و قۆناغەیە کـە بزووتنەوەی رۆژنامەنووسـیی گوزەری پیادا دەکات.

لێـرەدا دەمانەوێـت بەمەبەسـتی تیشـک خستنەسـەر رەوشـی رۆژنامەنووسـی لـە هەرێمی کوردستان دوو خاڵ بخەینەڕوو:

**یەکەم/ یاسای کاری رۆژنامەگەریی**

یاسای کاری رۆژنامەگەریی کە رۆژی (٢٢-٩-٢٠٠٨) ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەنگی لەسەرداو بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی کرد و دواتریش سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای لەسەرکردو رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٠ یش لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کرایەوە ئەنجوومەنی سەندیکا وای بینیوەو قەناعەتی پتەویی بەوە هەبووە کە ئەم یاسایە داینەمۆ و وزەو سەرچاوەیەکە بۆ هێنانەکایەی وەرچەخان و دروست کردنی گۆڕانکاریەکی چلۆنایەتی لە رەوش و ژیانی رۆژنامەنووسی و پاڵنەر و هاندەر و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان کە ئەمەش دروشمی ناوەندی سەندیکایەو ئەنجوومەن هەموو جۆرە شێوازێکی خەباتی مەدەنیانەو دیموکراسیانە دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی لەسەر زەمینی واقیعدا دیارە بەدانپیانانی رۆشنبیرەکانی کوردو غەیرە کوردیش یاسای کاری رۆژنامەگەری بەباشترین پێشکەوتووترین یاسای دەزانن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاشکرایە ئەو یاسایە بەر لە هەموو کەس و لایەنێک بەری رەنجی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی بەردەوامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، کە توانی بەهاوکاری و پاڵپشتی راستەوخۆی ژمارەیەک لە یاساناسان و پسپۆڕان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان پرۆژە یاسایەکی وا گەڵاڵە بکات کە دواتر ببێتە سەرچاوەی قەناعەت پێهێنانی هەموولایەک کە بەم شێوەیە قبوڵ و پەسەندی بکەن کە مایەی رەزامەندی بەشی هەرە زۆری رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت.

ئێمە پێمان وایە کە یاسای کاری رۆژنامەگەری دەکرێت ببێتە بنەمای زیاتر بەهێزکردنی پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زیاتر قوڵکردنەوەو پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی، چونکە ئازادی رۆژنامەنووسی بە مانای بەرفراوان بوونی پانتاییەکانی کارکردن بۆ توێژی رۆژنامەنووسان و بە مانای زیاتر دەست خستنی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریەکان و کارابوونی رۆڵیان لە چاودێری کردنی کایەو دامەزراوەکانی حکومەت، هەڵبەت ئەمەش هاندەر و دەروازەیەکە بۆ ئەوەی هیچ کەس و لایەن و نێوەند و بەرپرسێک پێگەو پۆستی سیاسی و ئیداری و حکومەتی خۆی قۆرخ و کرۆنترۆڵ نەکات و نەیخاتە خزمەتی دەستکەوتە تاکیەکانی خۆی و هەروەها بە پێچەوانەی ئیرادەو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان ئاراستەی ئەو پۆست و بەرپرسیارێتییەی خۆی نەخاتەگەڕ.

دیارە ئەزموون و دەرهاوێشتەو رووداوەکانی شەش مانگی رابردووی تایبەت بە دۆخ و رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان ئەو راستیەی زیاتر سەلماند و بەرجەستەکرد، کە داڕشتن و دواتر پەسەند کردنی یاسایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو چەند هیلاکی و ماندووبوون و کارکردنی بێ پسانەوەی گەرەکە، دەبێت بۆ جێبەجێکردن و پراکتیزە کردنی ئەو یاسایەش لەسەر زەمینی واقیعدا هەمان هیلاکی و ماندووبوونی پێویست بێ، واتە چۆن لە کۆمەڵێک ئاست و پانتایی و بواری جیاجیادا ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کرودستان بێ پەروا کاری کرد تا سەرەنجام دەرچوونی یاسای کاری رۆژنامەگەری لێهاتە بەرهەم دەبێت لە داهاتووشی هەر ئەو ئەنجوومەنە بە هاوکاری و پاڵپشتی سەرجەم رۆژنامەنووسان و داکۆکیکارانی مافی ئازادی و مرۆڤ خەباتی مەدەنیانەو دیموکراسیانە خۆی درێژە پێ بدات لە پێناو پراکتیزە کردن و جێبەجێ کردنی یاسایەکە لەنێو بوارەکانی واقیعی یاسایی و ئیداریدا، واتە گوشاری مەدەنیانەی خۆیان درێژە پێ بدەن بۆ پابەندبوونی هەموو لایەک، نەک هەر دەسەڵاتی ئیداری و دادوەری بەڵکو بۆ خودی رۆژنامەنووسانیش دەبێت ئیلتزام کردن بەو یاسایە هەبێت.

دیارە رۆژنامەنووس کۆمەڵێک خەسڵەت و سیفەتی سەرەکی هەیە کە دەبێت لە میانەی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەییەکانیدا پابەند

بێت پێیانەوە کە ئەویش یاساو ئەتەکێتی پیشەیی خۆی و راستگۆیی و بێ لایەنی بوونیەتی، هەر یەک لە مانە ناسنامەی راستەقینەی رۆژنامەنووس دیاری دەکەن، کە بەداخەوە هەندێک لە رۆژنامەنووسانی ئێمە پابەندی ئەو سیفەت و ئاکارە نابن کە مەرجی سەرەکی رۆژنامەنووسە، ئەمەش خەریکە کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ماهیەت و ناوبانگی پیشەی رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

ئێمە بە نیگەرانیەکی زۆرەوە ئەوە رادەگەێنین کە لەم شەش مانگەی رابردووشدا کۆمەڵێک پێشێلکاری لەبەرامبەر رۆژنامەنووسان هەبووەو لە دووتوێی راپۆرتەکەشمان بە روونی و شەفافانە بەوردی و بە بەڵگە ئەو پێشێلکاریانەمان بڵاوکردۆتەوە، جێگای ئاماژەیە ئەوەی نیگەرانییەکەشی زیاتر کردووین ئەوەیە کە دوای دەرچوون و دواتر بڵاوکردنەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)، ئەو پێشێلکارییانە بەردەوامییان هەبووە.

ئاشکرایەمەبەستی ئێمەش لەبڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە لەلایەک ئەوەیە ئەرکێکی تری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەگشتی و لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسانمان بەشێوەیەکی تایبەت جێبەجێ کردووە، لەلایەکیش دەمانەوێت راپۆرتی نوێمان فاکتەر و هاندەرێک بێت بۆ پابەندبوونی هەموولایەک بەتایبەتیش دادگاکان و نێوەندەکانی تری حکومەت کە پابەندبن بە یاسای کاری رۆژنامەگەری و لەسەر بنەماو بەپێی ماددەو برگەکانی ئەو یاسایە مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکەن، چونکە ئەمە یاسایەکەو بەرزترین و باڵاترین دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووەو بڕیاری لەسەر داوە، بۆیەش هەرجۆرە خۆلادان و پابەند نەبوونێک بەو یاسایەو بەکارهێنانی بەپێی بۆچون و قەناعەتی دوور لە گیانی یاسایەکە، لەلایەک زەبرێکی گەورە لەیەکێک لە پایەکانی ئەزموونی کوردستان دەدات لەلایەکیش دەبێتە مایەی بڵاوکردنەوەی تۆی نائومێدی لەنێو توێژی رۆژنامەنووساندا، چونکە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەرجەم توێژی رۆژنامەنووسان هیواو ئومێدێکی زۆریان لەسەر یاسایەکە هەڵچنیوەو هیوای ئەوەی لێ دەخوازن کە ببێتە مایەو داینەمۆی هێنانەکایەی گۆڕانکاریەکی ریشەیی و بنەڕەتی لە رەوش و کارو پیشەی رۆژنامەنووسی و هەنگاونانی ئەو پیشەیە رووەو زیاتر کردنەوەی ئاسۆی کارکردن و واڵا بوونی دەرگاو دەروازەکان لەبەردەم توێژی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بتوانن قوڵتر و ئازادانەتر بەنێو هەناوی هەواڵ و رووداوەکاندا بچن و لەو رێگایەوە ئەرکی پیشەیی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەر لەم میانەشدا داوا لە رۆژنامەنووسان دەکەین کە ئەوانیش پابەندی یاسای کاری رۆژنامەگەری بن و بەپێی ماددەو برگەکانی یاساکە کاری پیشەیی خۆیان رایی و جێبەجێ بکەن، چونکە یاسایەکە تاڕادەیەکی زۆر و بەرفراوان مافی ئەوانی لە واقیعی ئەمڕۆدا زامن و بەرجەستە کردووەو خودی یاسایەکە هاندەر و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەلماندنی مافەکانی ئەوان لە هەموو روویێکەوە.

ئێمە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە رۆژنامەگەری لە قۆناخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەیەکی درەوشاوە دا گوزەر دەکات و وردەوردە رووەو زیاتر گەشەکردن و پێشکەوتن هەنگاوەکانی خۆی دەبرێت بروای پتەویشمان بەوەهەیە کەلە ئایندەیەکی نزیکدا رۆژنامەگەری دەگاتە ئەو ئاستەی کە پایەکانی دەسەڵاتی ئاسایی خۆی کە دەسەڵاتی چوارەمە دروست بکات و ببێتە چاودێر بەسەر کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و رۆڵێکی گەورەو بنچینەیی ببینێت لە قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و تیشک خستنە سەر ئەو رووبەرە تاریک و نادیارانەی کە چاوی

ئاسایی و ئاگایی هەموو کەسی دەرک و پەی پێ نابات هەڵبەت هێنانەدی ئەو خۆزگەیەو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە لەسەر زەمینی واقیعدا بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەئیلتزام کردنی کایەکانی دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان بە یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییەوە. چونکە ئەو یاسایە سنوورو ڕایەڵەی پەیوەندیەکانی هەردوو لا لەسەر بنەماکانی هاوسەنگی دادەڕێژێت و بەمەش ئەو پەیوەندیە دەخاتە وارو حاڵەتی تەندروستی خۆیەوە.

دیسان دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە داهاتوودا سووردەبێ لەسەر درێژەدان بەهەوڵی مەدەنیانەو دیموکراسیانەی خۆی لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دیارە لێرەشدا سەندیکا پاڵپشتی و هاوکاری ڕۆژنامەنووسان ڕۆشنبیران و داکۆکی کارانی وشە و ڕاستی گەرەکە و دڵنیاشین سووربوونی ئێمە و دڵسۆزی و پابەندی ڕۆژنامەنووسان بەئێتیکی پیشەکەیانەوەو بوێری و بێلایەنیان لە کاری خۆیاندا مەرجی بنەرەتین بۆ گەیاندنی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەو ئاستەی کە قۆناغی ئێستا گەرەکیەتی.

**دووەم/ هەڵوەستەیەک بەرامبەر هەندێک ڕێکخراوی بیانی**

هەندێک ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسی بیانی کە بە ڕووی دەرەوەدا پێناسەی خۆیان وادەکەن کە داکۆکیکاری ئازادی ڕۆژنامەنووسین، بەڵام بەوردبوونەوە لە هێڵە گشتییەکانی کارکردنی خۆیان و ڕاپۆرتەکانیان بێ ئاگاییەکی زۆر لە پشت سەرچاوەی زانیاریەکانیان هەیەو پێدەچێت ئامانجێکی سیاسیش لە پشتیانەوەبێت، چونکە زۆر جار جۆرە زێدەڕۆییەک لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەیە و دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بە جۆرێک دەخەنەڕوو کە دوورە لەواقیع، زۆر جار هەندێک هەواڵ بڵاودەکەنەوە لەسەر زەمینی واقیع ڕووی نەداوەو خۆیشیان لە هەندێک هەواڵی تر بێ دەنگ دەکەن کە پەیوەندی بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، بەڵام پشت گوێی دەخەن بەمەش ڕاستگۆیی و بێلایەنی خۆیان دەخەنەژێر پرسیارەوە بۆ یە دروستر وایە ئەم ڕاپۆرتە بکرێتە، بنەمای ناسینی دۆخ و ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی، نەک ڕاپۆرتی هەندێک ڕێکخراوی بیانی. چونکە ڕاپۆرتەکەی ئێمە پشتی بە زانیاری و بەڵگەنامەو داتای ورد بەستووە.

**پێشێلکارییەکان**

**یەکەم/ تیرۆر کردن**

١. (تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە)

شەوی ٢١-٢٠٠٨/٧/٢٢ ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی گۆڤاری لڤین لەکەرکووک لە شاری کەرکووک لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن کەسانێکی نادیار تیرۆرکرا، ئەنجوومەنی سەندیکا دەست بەجێ ڕاگەیاندنێکی نارەزایی بڵاوکردەوە و ئەو کارە دژی مرۆیی و ئازادییەی بە توندی مەحکوم کرد و داوای لە دەسەڵاتی ئیداری ناوشاری کەرکووکی کرد کە بەپەلە بەدواداچوون بکات و تاوانبارانی ئەنجامدەرانی ئەو کارە سزای یاسایی بدات، جگە لەمەش ئەنجوومەنی سەندیکا و لقی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کەرکووک لە پێناوی دۆزینەوەی بکوژان و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە کۆمەڵێک هەوڵ و چالاکی و سەردان و پەیوەندی کردنیان بەلایەنە بەرپرسەکان ئەنجامدا. جێی باسی شەهید سۆران مامە حەمە بەر لەوەی تیرۆر بکرێت بەشێوەیەکی ڕەسمی بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندبوو کە ٢٠٠٨/٥/١٥ بە ژمارە مۆبایلی ٠٧٧٠٥٩٨٢٠١٥ هەڕەشەی لێکراوە، ئەوەبوو لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە ڕاپۆرتی شەش مانگی خۆیدا ئەمەی بڵاو کردەوە، جێی باسە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت بکوژانی (سۆران مامە حەمە) بزرن.

**راگەیاندنێک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانەی کوردستان**

لەسەر شەهید کردنی رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)

شـەوی ٢١-٢٠٠٨/٧/٢٢ رۆژنامەنـووس (سۆران مامە حەمە) ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لـە ماڵەکەی خۆی لە شاری کەرکووک بانگهێشتی دەرەوە دەکرێت و دواتر هەر لەو شـوێنەدا شەهیدی دەکەن.

دیـارە لیژنـەی داکۆکیکـردن لـە ئـازادی رۆژنامەنووسـی و مافی رۆژنامەنووسـانی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان لە راپۆرتی شەش مانگی خۆیدا کە لە ٢٠٠٨/٦/٣٠ بـڵاوی کـردەوە لە برگـەی (٢)ی تـەوەری هەرەشەکردن لە رۆژنامەنووساندا، ئاماژەی بەوەکردووە کە رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمـە) لە ٢٠٠٨/٥/١٥ بە ژمارە مۆبایلی (١٥ ٢٠ ٥٩٧ ٠٧٧٠) هەڕەشـەی لێکـراوە، ئێمە لە ئەنجومەنی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان ئـەو کارە تیرۆرسـتی و دژە ئینسانییە بە توندی مەحکوم دەکەین و داوا لە حکومەتی عێراق و بە گشتی و کاربەدەستانی ئیداری شاری کەرکووک بەتایبەتی دەکەین کە بەپەلە بە دواداچـوون بکەن و ئەنجامدەرانی ئـەو تاوانە گەورەیـە بدۆزنەوەو بە سـزای یاساییان بگەیێنن.

هەروەهـا بـەم بۆنـە خەمناکـەوە پرسـەو هاوخەمـی خۆمـان ئاراسـتەی خانـەوادە بەرێزەکـەی دەکەیـن و خوازیـاری ئەوەین دواکۆست و ناسۆریان بێت.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٧/٢٢**

٢. رۆژی ٢٠٠٨/٩/١٣ لـە شـاری موسـڵ دەستی تیرۆر سـێ رۆژنامەنووسی سەر بە تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی (الشرقیە) تیرۆر کرد. ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە راگەیێندراوێکی خۆیدا ئەو تاوانە ترسناک و دژی مرۆیی و ئازادیەی بە توندی مەحکوم کرد و داواشی لە حکومەتی عێراق و ئیدارەی شـاری موسڵ کرد کە بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەم بارەیەوە بکەن و تاوانباران بدۆزنەوەو سزای یاساییان بدەن.

٣. ئێـوارەی ٢٠٠٨/١٠/٣ هونەرمەنـدو رۆژنامەنـووس (دیـار عەبـاس) لەبـەردەم لقـی کەرکووکـی یەکێتـی هونەرمەندانـی عێراق لە شـاری کەرکووک تیـرۆر کرا، ئەو رۆژنامەنووسـە لـە کەناڵـی جـۆراو جۆری شاری کەرکووکدا کارو چالاکی رۆژنامەوانی ئەنجـام دەدا، لقـی کەرکووکـی سـەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئەو کارە تیرۆریستییەی مەحکوم کردو داوای لەلایەنە بەرپرسـەکان کرد کـە پەلە بکات لە دۆزینەوەو سزادانی تاوانباران.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**تیرۆرکردنی چوار کارمەندی کەناڵی (الشرقیە) مەحکوم دەکات**

جارێکی دیکـە باندێکی تاوان و تیرۆر رۆژی ٢٠٠٨/٩/١٣ لە شاری موسڵ دەستی چەپەڵی گەیاندە سـێ رۆژنامەنووس و شۆفێری ئەو تاقمـەی کەناڵی (الشـرقیە) کـە بەرنامەیەکی تایبەتیـان بە مانگی رەمەزانـی پیرۆز ئامادە دەکرد.

ئەنجومەنـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان لە کاتێکدا کە پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراسـتەی کەناڵی تەلەفزیۆنی الشرقیە و گشـت رۆژنامەنووسـانی عێـراق دەکات، لەهەمان کاتدا بەتوندی ئەم کارە تیرۆریسـتە ریسـواو مەحکوم دەکات کـە بەرامبەر چەند رۆژنامەنووسێکی بێ تاوان لەکاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی لە گەڕەکی زەنجیلی لە شاری موسڵ ئەنجامدراوە.

ئەنجوومەنـی سـەندیکا داوا لـە حکومەتـی عێراقـی دەکات کـە هەرچی زووە سـنورێک لەبەردەم ئەم تاوانانە دابنێت کە لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە دەرهەق بە رۆژنامەنووسـان دەکرێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا داواکاین کە حکومەتـی ناوەنـدی یاسـاو رێسـای توند

بگرێتەبەر کە ببێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان..

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٩/١٤**

**دووەم/ بریندار بوون**

١. ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١٥ ڕۆژنامەنووس (احسان ابراهیم الدلیمی) ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێو شاری کەرکووک لەلایەن خەڵکانی نەناسراو تەقەی لێکراو بریندار بوو، لقی کەرکووکی سەندیکا دەست بەجێ بەدواداچوونی کرد و داوایان لەنێوەندە بەرپرسەکانی ئەو شارە کرد، کە ڕێ و شوێنی زیاتر بگرنەبەر و زیاتر کار بکەن لەپێناوی پاراستنی ژیان و گیانی ڕۆژنامەنووسان.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦ تاقمێک چەکدار کەجلی سەربازیان پۆشیبوو لەنێو شاری بەغدا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ڕۆژنامەنووسی (سادق جەعفەر بەشیر)ی ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری گۆڤاری (آراء) کە دەزگای شەفەق دەری دەکات، لە ئاکامی ئەو هێرش و پەلامارەدا ئەو ڕۆژنامەنووسەیان بەسەختی بریندار کردوو هەر لەوێشدا خوشکێکی کوژراو دایک و کوڕێکیش بریندار کرا، ئەنجوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکدا ئەو تاوانە گەورەیەیان بەتوندی مەحکوم کرد و داواشی لە حکومەتی عێراق کرد کە تاوانبارانی ئەنجامدەری ئەو کارە تیرۆریستی و ئاشکرابکات و بەسزایان بگەیەنێت.

**بە یاننامەیەک لەئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە**
**بۆ ڕای گشتی**

کاتژمێر(٨)ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦ تاقمێکی چەکدار کەجلوبەرگی سەربازی تایبەتیان پۆشیبوو هەڵیان کوتایە سەرماڵی ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژنامەنووس(صادق جعفر بشیر) سکرتێری نووسینی گۆڤاری(ئاراء) کە لەدەزگای (شەفەق) دەردەچێت لە ئاکامدا ناوبراو بە سەختی بریندارەو خوشکێکیشی گیانی لە دەست داو هەروەها دایک و کوڕێکیشی بە سەختی زامدار بوون.
ئێمە لە کاتێکدا ئەم تاوانە چەپەڵە مەحکوم و ریسوا دەکەین داوا لە حکومەتی عێراقی دەکەین بە جدی هەوڵبدات بۆ بنبرکردنی ئەم جۆرە کارەساتانە کە بەرامبەر هەڵگرانی وشەی ئازاد ئەنجام دەدرێن، هەروەها نابێت حکومەتی عێراق دوورە پەرێز ڕابوەستێ لە بەرپرسیاریەتی یاسایی و پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسیەکان لە جیهاندا دەکەین بە ریسواکردن و مەحکوم کردنی ئەم جۆرە تاوانانە و داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن بە پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەوەی دەست بەجێ بکات و نەهێڵێ تاوانباران لە دەستی عەدالەت دەربازبن.
پاراستنی سەروماڵی هەوڵاتیان لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی دایە و پێویستە بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی لەم ئەرکە نەکات.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٨/٢٦**

**سێیەم/ گرتن (توقیف) و حوکمدان**

١. ٢٠٠٨/٧/٢٥ ڕۆژنامەنووس (جەمال هەمەوەندی) لەبازگەی شارۆچکەی هیران لەکاتی وێنەگرتنیدا، لەلایەن هێزەکانی بازگەو خاڵی پشکنینی ئەو شارۆچکەیە بۆ ماوەی شەش کاتژمێر دەستگیر کرا، دواتر لەلایەن سکرتێری لێژنەی داکۆکیکردنی لە ئازادی ڕۆژنامەنووس و (سمکۆ عەبدولکەریم) ئەندامی لێژنەی لقی هەولێری سەندیکا، پەیوەندی بە لایەنە بەرپرسەکانەوە کراو ئازاد کرا.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٧ لەخاڵی سنووری

باشماخ هەردوو رۆژنامەنووس سامان حەمە کەریم وفەریدون ئیبراهیم بەهۆی ئەنجامدانی ریپۆرتاژێک لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی خاڵی سنووری باشماخ دەستگیر دەکرێن و پاش چەند کاتژمێرێک ئازاد دەکرێن.

٣. ٢٠٠٨/٨/١٧ پۆلیسی پاسەوانی پاشماخ لەسنووری پێنجووێن رۆژنامەنووس (ئارام نەجیم) پەیامنێری رۆژنامەی رۆژنامە کە خەریکی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی بوو بۆ ماوەیەکی کەم دەستگیر دەکرێت و دوای ئازاد کردنیشی سەرجەم ئەو وێنانەی کە گرتوو بوو لەنێو کامیرەکە دەسرنەوە، جێ ی باسە ئەو رۆژنامەنووسە بەمەبەستی ئامادەکردنی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی لەسەر کێشەی هێنانی سوتەمەنی لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان رووی لەوێ کردبوو.

٤. رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٩ بەبریاری دادوەری لێکۆڵینەوەی کەلار رۆژنامەنووس (گەرمیان حەمەخان) پەیامنێری هەفتەنامەی میدیا بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک زیندانی کرا، دوای ئەوەی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەست بەجێ پەیوەندی بەلایەنی پەیوەندی دارەکانەوەکرد و داوای ئازادی ئەو رۆژنامەنووسەی کرد، هەروەها سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە لە پەیوەندی کردنی بەردەوام دابوو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت لە ناوچەکە، دەستگیرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە لەسەر بڵاو کردنەوەی بابەتێک بوو لەسەر بەرێوەبەرایەتی خوێندنگای کچانی قەزای کەلار.

٥. رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٧ بەبریاری دادوەری دادگای سەیدسادق لەسەر بڵاوکردنەوەی تەنزێک. سەرنووسەری رەژنامەی برەو(مەریوان تۆفیق) دەستگیر دەکرێت ورەوانەی گرتوخانە سلێمانی دەکرێت، دادوەر بریار دەدات تا ٢٠٠٨/٩/١٠ زیندانی بکرێت، پاش هەوڵی ئەنوەر حسێن ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەگەڵ دادوەر وپۆلیس دواتر ناوبراو ئازاد کرا.

٦. چەند هونەرمەندێک ٢٠٠٨/٩/٢٧ داوای یاسای لەسەر (عومەر فارس) سەرپەرشتیاری سایت کوردستانێت لەسلێمانی تۆماردەکەن وناوبراو لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت، پاشان بەکەفالەت ئازاد دەکرێت.

٧. رۆژی ٢٠٠٨/١١/٤ لەلایەن دادگای کەتنی سلێمانی (جنح) رۆژنامەنووس (شوان داودی) سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان و ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی بەمانگێک زیندانی و (٣٠٠) سێ سەد هەزار دینار سزادرا، ئەویش لەسەر راپۆرتێک کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە هەفتەنامەی هەواڵ بڵاوبۆتەوە، ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە راگەیێندراوێکدا ئەو بریارەی دادوەری سلێمانی مەحکوم کرد و داوای دەست بەجێ ئازادکردنی رۆژنامەنووس شوان داودی کرد دیارە ئەو بریارەی دادوەر پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەگەریی بوو لە کوردستان. ئەوکاتەی بریاری گرتن و حوکمدانی ئەو رۆژنامەنووسەی دەرکرد لە ٢٠٠٨/١٠/٢٠ یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە (وەقایعی کوردستان) بڵاو کرابووەوە، دوای دە رۆژ مانەوە لە بەندیخانەی سەربازگەی سەلام لە سلێمانی لەرێگای (تمیز) کردنەوەی بریارەکە شوان داودی ئازادکرا.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**زیندانیکردنی رۆژنامەنووس (شوان داودی) بەکارێکی ناڕەوا دادەنێت**

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٤ لەلایەن دادگای (جنح) ی سلێمانییەوە سەرنووسەری هەفتەنامەی (هەواڵ) و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا (شوان داودی) بەمانگێک زیندانی و (٣٠٠) هەزار دینار سزا، حوکم درا، ئەویش لەسەر

راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بڵاوی کردۆتەوەو دادوەرێک داوای لەسەر تۆمار کردووە. ئێمە وەکو ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەم زیندانیکردنە بە پێشێل کردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی دادەنێین، ئەو یاسایەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەسەندکرا و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای کردووەو لەرۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٠دا لە (وەقایعی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە..

دەبوایە دادگا بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووس (داودی) بکردایەو ئەو زیندانی کردنەی بەسەر نەسەپاندبایە، لەکاتێکدا دەتوانرا بە جەزا یان بە (وقف التنفیذ) بڕیارەکە دەربچوبایە، شایانی وتنە کە دادگا خۆی لایەنە (طرف) لەم مەسەلەیەدا..

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر نیگەرانە لەبەکارهێنانی یاسا بەو توندییە بەرامبەر ئەندامێکی ئەنجوومەن و داوا دەکات کە دادگای پێداچوونەوە (تمییز) ئەو حوکمە هەڵبوەشێنێتەوە، هیواشمان وایە کەچیتر بەیاسای کۆن مامەڵە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانی کودستان نەکرێت..

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/١١/٥**

٨. رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ بەبڕیاری دادوەری کەتنی هەولێر (د.عادل حوسێن) ئەندامی بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ حوکمی زیندانی بەسەردا دراو بەبڕی (١٢٥) سەد و بیست و پێنج هەزار دیناریش سزای ماددی درا، ئەو بڕیارەی دادوەر پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەگەری بوو بۆیەش لیژنە داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە راگەیێندراوێکدا نارەزایی خۆی لە بەرامبەر، ئەو بڕیارە نیشانداو داوای دەست بەجێ بەربوونی ئەو رۆژنامەنووسەی کرد. دواتر لیژنەی داکۆکیکردن چەندین جار سەردانی د.عادل حوسێنی کرد لە بەندیخانەی ناوەندی هەولێر، هەروەها بەردەوام خەریکی کارکردن بووە لە رێگای پارێزەری تایبەتەوەو کەناڵی تری جیاجیاوە بۆ ئازاد کردن و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، پاش چەند رۆژێک ئازاد کرا.

**راگەیاندراوێک لە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ بە بڕیاری دادوەری کەتنی هەولێر، (د.عادل حوسێن) ئەندامی بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەسەر بڵاو کردنەوەی نوسینێک کە لە ئاداری ٢٠٠٧ لە هەفتەنامەی هاوڵاتی بڵاوی کردۆتەوە،بە پێی مادەی ٤٠٣ لە یاسایی سزاکانی عێراقی دەستگیرکراو بۆ ماوەی شەش مانگیش حکوم درا لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان نارەزایی بەرامبەر ئەو بڕیارەی دادوەر نیشان دەدات. چونکە پێچەوانەی ئازادی بیرو راو بنەماکانی یاسای کاری رۆژنامەگەرییە لەکوردستان کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ لەلایەن پەرلەمان پەسند کراوەو هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای لەسەر کردووە، ئێمە سەرلەنوێ نیگەرانی قوڵی خۆمان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە رادەگەیەنین کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێت. جێگای سەرسورمانیشە ئەو بڕیارەی دادوەر لەدوای بڵاوکردنەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری کەلە ٢٠٠٨/١٠/٢٠ لە وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە دراوە، چوونکە بنەماکانی ئەو یاسایە دەروازەیەکە رووەو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی نەک پێشێل کردنی مافی رۆژنامەنووسان.

**چوارەم/ رفاندن**

١. (رفاندنی رۆژنامەنووس ئازاد ئەرگوشی) رۆژی ٢٠٠٨/٧/١ چەند کەسێکی نەناسراو لەسەر رێگای گشتی نێوان هەولێر-

سەلاحەدین رۆژنامەنووس (ئازاد ئەرگوشی) ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی نەورۆز بۆ شوێنێکی نادیار رفێندرا، دواتر بەتوندترین شێوە ئازاری جەستەییانداوە، لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان لەم بارەیەوە راگەیێندراوێکی بڵاو کردەوەو مەحکومی ئەو دەست درێژییەی کرد و داواشی لەلایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناوچەکە کرد کە بەدواداچوون بکەن و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدۆزنەوەو سزای یاساییان بدەن، چگەلەمەش لیژنەکە بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بووە لەسەر دۆسیەکەو لە پەیوەندی کردنی بەردەوام لەگەڵ نێوەندەکانی هێزی ناوخۆی حکومەت، شایانی باسە تاکو ئێستا دۆسیەکە کراوەیەوەو ئەنجامدەرانی ئەو کارە دژە مرۆییەش ئاشکرا نەبوونە.

**رفاندنی رۆژنامەنووس (ئازاد ئەرگوشی) مەحکوم دەکەین**

ئێوارەی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٧/١ رۆژنامەنووس (ئازاد ئەرگوشی) ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی نەورۆز لەسەر رێگای گشتی هەولێر-هاوینەهەواری سەلاحەدین لەلایەن دەستەیەک چەکدارەوە رفێندراو بۆ شوێنێکی چۆڵی ئەو دەڤەرە لەوێ بەوپەڕی دڵڕەقی ئازارێکی جەستەیی زۆریان داوە، دواتر بەجێیان هێشتووە، ئێمە لە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان، ئەو کارە دژە ئینسانی و ئازادییە بەتوندی مەحکوم دەکەین و داواش لەلایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سنوورە دەکەین کە بە پەلە بەدواداچوون بکەن و دەستدرێژیکاران و ئەنجامدەرانی ئەو کارە بدۆزنەوەو بەسزای یاساییان بگەیێنن.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان ٢٠٠٨/٧/٣**

**پێنجەم/ لێدان**

١. لە ٢٠٠٨/٧/٢٨ لە خۆپیشاندانی جەماوەرییەکەی کەرکووک (٧) رۆژنامەنووس لەلایەن پۆلیس و هەندێک لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە، بەتوندی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و دواتر ئازارێکی زۆر دەدرێن، هەریەک لە رۆژنامەنووسان (یەحیا بەرزنجی، هونەر عەبدوڵلا، دلشاد فاتح) بریندار دەکرێن و هەروەها رۆژنامەنووسان (ئارام جەمال، سنان الگائی، حەسەن غەفور، هێمن کامل) لێیان دەدرێت و کەلوپەلی رۆژنامەنووسیشیان لێدەسەنرێت.

٢. رۆژنامەنووس (دانا رەزگەیی) پەیامنێری ئەوکاتی رۆژنامەی هاوڵاتی لە دەڤەری سۆران پێیراگەیاندین، رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٧ لەکاتی خۆپیشاندانی جەماوەری سرێشمە لە خەلیفان، لەلایەن پێشمەرگەکانی فەرماندەیی سپیلک بە قۆنداخە دەمانچە لێدراوە وکامێراکەشی شکێندراوە. هەمان رۆژنامەنووس ئەوەشی پێراگەیاندین، کە دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتێکی لە گۆڤاری لڤین دەربارەی (زمانی فارسی لەسۆران) لە رۆژی ٢٠٠٨/٩/١ بە ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراو هەڕەشەی گەورەی لێکراوە.

٣. رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٨ رۆژنامەنووس (ئەحمەد زوبیدی) پەیامنێری ئێزگەی عیراقی ئازاد لەسلێمانی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەبەردەم خۆپیشاندانی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ سەرچنار رووبەڕووی لێدان وسوکایەتی دەبێتەوە.

٤. رۆژی ٢٠٠٨/٩/٨ پۆلیسە پاسەوانەکانی بانکی سەفین لە شاری هەولێر پەلاماری هەردوو رۆژنامەنووس (ئەڵوەند حەمید) و (سامان حەمەد) پەیامنێری تەلەفزیۆنی

یەکگرتوو کەناڵی هەولێر و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان داو بە توندی ئازاری جەستەییان دان. دوای ئەوە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان ئەو دەست درێژی ئاسایشانەی بۆ سەر هەردوو رۆژنامەنووس مەحکوم کرد و بە نووسراوی ژمارە (٢٢٧) لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٨ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانی هەولێری ئاگادار کردەوەو لە دەقی نووسراوەکەشیدا، لیژنەی داکۆکی ناڕەزایی خۆی نیشانداو داوای ئەوەشی لێکردن کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکەن و ئەنجامدەرانی ئەو دەستدرێژییەش سزای یاسایی بدەن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو بەڕێوەبەرایەتییە وەڵامی لیژنەی داکۆکی نەداوەتەوە.

**بۆ بەرێز/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانی هەولێر**
**ب/ ناڕەزایی**

رۆژی یەک شەممە ٢٠٠٨/٩/٨ پۆلیسە پاسەوانەکانی بانکی سەفین پەلاماری هەردوو رۆژنامەنووس (ئەڵوەند حەمید) و (سامان حەمەد) پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی یەکگرتوویان داو جگە لەوەی ئازارێکی جەستەیی زۆریان داون و هەروەها دەمانچەشیان بەرووردا راکێشاون و کامێرای دەستیشیان کە نرخەکەی (٦,٠٠٠$) شەش هەزار دۆلارە شکاندوویانە.
ئێمە ئەوکارە بەتوندی مەحکوم دەکەین و داوای دەستبەجێ لێپرسینەوەتان لەگەڵ ئەو پۆلیسانە لێ دەکەین، چونکە کاری لەم شێوەیە پێچەوانەی ئازادی بیروڕا دەربڕین و بەهاکانی دیموکراسییەت و سەرجەم مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی بوونیشە.
هەروەها داوای قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بۆ هەردوو رۆژنامەنووسەکەش دەکەین.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان**

٥. رۆژی (٢٠٠٨/٩/٢٥) دوو پۆلیسی بنکەی سەنگەسەر هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەنووس (ریباز مام شۆڕش) پەیامنێری ئاڵای ئازادی لەسەنگەسەر لێ دەدەن و لەکاتی وێنەگرتنی شەڕی نێوان دوو تیپی وەرزشی، پاش لێدانی کامێراکەشی لێدەستێنرێت.

٦. رۆژی ٢٠٠٨/٩/٣٠ لەنێوشاری کەرکووک لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی شار پەلاماری هەردوو رۆژنامەنووس (حەسەن غەفور) و (هەمزە شوانی) کەسەر بەتیمی تەلەفزیۆنی باباگوڕ بون دراو زۆر بەتوندی ئازاری جەستەیی و دەروونیاندان، لەکاتێکدا ئەو دوو رۆژنامەنووسە سەرقاڵی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ و هەواڵی رۆژنامەوانی بوون.
لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٢٨٧) رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/٧ کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووکیان کرد ئەو کارە دژی ئازادی و مافی رۆژنامەنووسیەیان بە توندی مەحکوم کرد و داواشیان لەو بەڕێوەبەرایەتییە کرد کەسزای یاسایی دەست درێژی کاران بدەن.

**شەشەم/ دەست درێژی**

١. لە ٢٠٠٨/٧/٦ لە کاتی سەردانی (طارق الهاشمی) جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ کەرکووک لە لایەن پاسەوانیەکانیەوە سوکایەتی بە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسان و راگەیاندکاران کرا.

٢. لە ٢٠٠٨/٧/١٧ لە کاتی ئەنجامدانی کاری پیشەیی خۆیدا رۆژنامەنووس (ئەحمەد جەبار محەمەد) پەیامنێری هەفتەنامەی رێگای کوردستان لەلایەن ئەفسەرێک و پۆلیسێکی پاسەوانی پارێزگای کەرکووک کامیرای لێ دەسێندرێ و سوکایەتی پێ دەکرێ.

٣. لە رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٢ هەردوو رۆژنامەنووس (شەوکەت قادر) و (یوسف



هەواڵنامەی کتێب

خرواتانی) پەیامنێرانی سەتەلایتی گەلی کوردستان و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن ژمارەیەک ئاسایشی شارۆچکەی بەحرکە رێگایا ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیان لەو شوێنەدا لێگیراوەو دواتر بەزۆر دەیانبەنە لای بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکەو ئەو بەڕێوەبەرەش بەشێوەیەکی نامەدەنیانە قسەو رەفتاریان لەگەڵدا دەکات، دواتر لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان بە نووسراوی ژمارە (١١٩) لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٦ بەڕێوەبەری ناحیەی لەو هەڵوێستەی لە بەرامبەر رۆژنامەنووسان نواندویەتی ئاگادار کردەوەو ناڕەزایی خۆی لەم بارەیەوە لە بەرامبەر ئەوەدا خستتەڕوو.

**بەڕێز/ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەحرکە**
**ب/ ناڕەزایی**

بەپێی یاسا رۆژنامەنووسان ئازادن لەهەر کوێیەکی وڵاتەکەمان راپۆرت و کاری رۆژنامەنووسیی لەسەر مەسەلەو کایە جۆرە بەجۆرەکان ئەنجام بدەن، بەپێی نووسراوی ژمارە (٢٥٩)ی راگەیاندنی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نامەی هەردوو رۆژنامەنووس (شەوکەت قادر) و (یوسف خرواتانی) کە هەردوو نامەکە ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسان کراوە، ئێوە رێگای ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیتان لەو دوو رۆژنامەنووسە گرتووە، ئێمە لەم بارەیەوە بەناوی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان ناڕەزایی خۆمان نیشان دەدەین، چونکە هەڵوێستی لەم جۆرە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی رۆژنامەنووسیی ناگونجێ.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسان**

٤. ٢٠٠٨/٩/١٣ رۆژنامەنووس (سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم) پەیامنێری هاوڵاتی لە کاتێکدا خەریکی ئامادەکردنی هەواڵ و ریپۆرتاژ دەبێت لەسەر چۆنیەتی و دەرئەنجامەکانی تەقینەوەکەی شاری خانەقین لەلایەن ژمارەیەکی چەکداری پاسەوانی بەرپرسێکی حیزبی ناوچەکە دارکاریی دەکرێت و کامێرا کەشی لێ دەسەنرێت.

٥. رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٧ لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی لەسەر رێپێوانێک هەردوو رۆژنامەنووس (سەرتیپ ئەحمەد) و (زیرەک حەسەن) لە تیمی پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان کەناڵی هەولێر لەلایەن کارمەندانی ئاسایش لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر رێگەی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانییان لێ گیراو دواتریش کامێراکەیان لێستاندن و تاماوەیەکی زۆر نەیاندانەوە، لیژنەی داکۆکیکردن بە رەسمی بەڕێوەبەراتی ئاسایشی هەولێر لەو هەڵس و کەوتەی ئاسایشەکانی ئاگادار کردەوە و لەم بارەیەشەوە داوای لێپێچینەوەی کرد.

**حەوتەم/ هەڕەشەکردن**

١. دوای ئەوەی رۆژنامەنووس (فریاد ئەحمەد) شەوی ٢٤-٢٠٠٨/٧/٢٥ بەرنامەیەکی تایبەت بە شەهیدکردنی رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) پێشکەش کرد، لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بە مۆبایل هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، دواتر ئەو رۆژنامەنووسە کە هەفتانە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئازادی کەناڵی کەرکووک بەناوی سەکۆ هەبوو، لە ترسی هەڕەشەو پاراستنی گیانی خۆی، شاری کەرکوکی بەجێهێشت.

٢. پێشەوا فەقێ مستەفا وێنەگری کەناڵی کوردسات لە ناوچەی چۆمان پێیراگەیاندین، مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ لەکاتی وێنەگرتنی یارییەکی وەرزشی نێوان دوو تیپی ناوچەکە، کەدواتر شەڕی لێکەوتۆتەوە، لەلایەن هەندێک هاوڵاتی گوندی (ناوەندە) هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئەگەر وێنەی تێکهەڵچوونەکە بڵاو ببێتەوە.

٣. شـــەوی (٢٠٠٨/٧/٢٥) بەچـوار ژمـارە مۆبایلـی (٠٧٥٠٧٩٥٣٣٤٧٩ – ٧٥٠٧٩٤٥٤٨٠ – ٠٧٥٠٧٩٥٣٣٤٢ – ٤٤٢٠٨٦) هەڕەشـــەی کوشـــتنن لەرۆژنامەنووس (سـۆران عومەر) سەرنووسەر گۆڤارە ڕێگا وسایتی کوردستان نیوز دەکرێت. هەڕەشـــەی ئەوەی لێدەکرێت، پاشـــان نوێنـــەری لیژنـــەی داکۆکـــی لەمافی رۆژنامەنووسانی سلێمانی ئاسایشی سلێمانی لەلایــەن پەیوەندیدارەکانــی لەکێشـــەکەی ئاگاداردەکاتەوە.

٤. (ئامانـج خەلیل) بەرپرسـی نووسـینگەی رووداو لــە ســلێمانی پــێ ی راگەیاندیــن شـــەوی (٢٠٠٨/٧/٢٨) بەژمـارە تەلەفۆنـی (٠٩٢٠٠٢٠٠٢٠٠) هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە و دواتــر رۆژی (٢٠٠٨/٨/١) وەکو خۆی پێی راگەیاندین لەلایەن ئۆتۆمبیلێکی جۆری ئۆپڵی رەشی تەقەی لێکراوە، دواتر بەرپرسی لیژنەی داکۆکی لە سلێمانی بەدواداچوونی کردووەو ئاسایشی سلێمانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.

٥. ٢٠٠٨/٩/١ رۆژنامەنــووس (ئیبراهیـم هەورامی) پێی راگەیاندین کە رۆژنامەنووس (حوسـێن محەمـەد) بەتەلەفۆن هەڕەشـــەی کوشـتنی لـێ کـردووم دواتـر لـە رێـگای سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن و بەرپرسی لیژنەکەمان لە سـنووری شـارەزوور شوان هەورامـی پەیوەنـدی بـە هـەردوو لاوەکرا بـۆ ئـەوەی لە چوارچێـوەی گیانـی برایەتی و ئیتیکـی رۆژنامەنووسـی هەردووکیـان بەیەکەوە دابنیشـن و ئاشـت ببنەوە ئیبراهیم هەورامـی داوای ئەوەی کرد کە بەنووسـین حوسـێن محمـد داوای لێبوردنـی لـێ بکات بـەڵام ئـەو ئامادە نەبـوو ئەوە بـکات گوتی چونکە من هەڕەشـەم نەکـردووە. بەداخەوە نەتوانرا چارەســەری ناکۆکیەکەیان بکرێت و کێشەکەیان وەکو خۆی ماوەتەوە.

٦. رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢ لەرێگای نامەی مۆبایلەوە بەژمارە (٠٧٧٠٩٣١٤٨٤٦ – ٠٧٧٠٣٦٩١٧٠٢) هەڕەشــە لەرۆژنامەنووس (سەمیرە محەمەد ئیسماعیل) دەکرێت، دواتر نوێنەری سلێمانی لیژنــەی داکۆکــی لەمافــی رۆژنامەنووســان کێشەکەی دەگەیێنێتە ئاسایشی سلێمانی.

٧. رۆژی ٢٠٠٨/٩/٦ رۆژنامەنـووس (تاهیـر تۆفیق) لەشارۆچکەی دەربەندیخان وئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەقام لەلایەن پاســەوانێکی تایبەتــی بەڕێوەبــەری گشــتی تەندروســتی گەرمیانە وهەڕەشــەی رفاندنی لێکراوەو ســوکایەتی پێدەکرێت، لەبەرئەوەی ناوبراو لەگۆڤاری شــەقام راپۆرتێکی لەسەر تەندروســتی دەربەندیخان کــردووە، دواتر لەلایەن نوێنەری نوسینگەی گەرمیانی لیژنەی داکۆکــی، داکۆکی لە رۆژنامەنووســەکە کراو کێشەکەش وەکو خۆی ماوەتەوەو چارەسەر نەکراوە.

٨. (رزگار کۆچـەر) ئامـادەکارو پێشـکەش کاری بەرنامــەی(زووم ئیـن) لــە کەناڵــی ئاســمانی کوردســتان بــە نووســراوێک پێی راگەیاندیــن کــە رۆژی هەینــی ٢٠٠٨/٨/٢٠ کەسێکی نەناسـراو بەژمارە مۆبایلی (٢٢ ٢١ ٧٠٣ ٠٧٥٠) تەلەفۆنی بۆکردم کە لاشەی دوو منداڵ لــە نزیک کۆمەڵــگای پیرزین فرێدراوە منیش وەکــو تیمی بەرنامەکە دەســت بەجێ گەیشــتینە ئــەوێ، بەڵام کەچوین شــتێکی وا لەئارادانەبوو ئێمەش تەلەفۆنمان بۆ کەسەکە کــردەوەو لێمــان پرســی بۆچــی درۆی وات لەگەڵ ئێمەکرد، لە وەڵام دا گوتی من بەدوای ئێوەدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بتانکوژم.
هەروەها جارێکی تر ئەو رۆژنامەنووسە پێی راگەیاندیــن کە بۆ جاری دووەم هەمان کەس بەژمارە تەلەفۆنی (٣١ ٦٩ ٤٣٠ ٠٧٥٠) هەمان هەرەشەی لێکردم.

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر**

رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٤ رۆژنامەنــووس رزگار کۆچەر ئامادەکارو پێشکەش کاری بەرنامەی زووم ئیـن لە کەناڵی ئاسـمانی کوردســتان پــێ ی راگەیاندین کەوا کەسـێکی نەناسـراو رۆژی ٢٠٠٨/٨/٧ بــە ژمــارە مۆبایلــی ٢٢

٢١ ٧٠٣ ٠٧٥٠ هەرەشەی کوشتنم لێکراوە هەروەها دەڵێت(٣١ ٦٩ ٤٣٠ ٠٧٥٠) سەر لەنوێ هەرەشەی کوشتنی لێکردۆتەوە. بۆ زانیاریی و ئاگاداری بەرێزتان ئەو نوسراوە رەسمیەمان بۆ کردن.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**بۆ/ بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم**

رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٤ رۆژنامەنووس رزگار کۆچەر ئامادەکارو پێشکەش کاری بەرنامەی زووم ئین لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان پێ ی راگەیاندین کەوا کەسێکی نەناسراو رۆژی ٢٠٠٨/٨/٧ بە ژمارە مۆبایلی ٢٢ ٢١ ٧٠٣ ٠٧٥٠ هەرەشەی کوشتنم لێکراوە هەروەها دەڵێت(٣١ ٦٩ ٤٣٠ ٠٧٥٠) سەر لەنوێ هەرەشەی کوشتنی لێکردۆتەوە. بۆ زانیاریی و ئاگاداری بەرێزتان ئەو نوسراوە رسمیەمان بۆ کردن.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

٩. (هونەر رەسول) ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی بەبێ سانسۆر لە رادیۆی نەوا چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ پێیراگەیاندنێن کەوا بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەرێگای تەلەفۆن کۆمەڵێک هەرەشەو قسەی نارێک و ئازاربەخشی پێگوتوومە، بیانووی ئەو قسە نارێکانەشی ئەوەبووە کە من ئەڵقەی ئەو رۆژەی بەرنامەی بەبێ سانسۆرم تەرخان کردبوو بۆ وەرگرتنی سەرنجی خەڵک لەسەر راکردنی فرۆکەوانێک لە نەخۆشخانەی سلێمانی ئەو فرۆکەوانەی کە کاتی خۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کردبوو، دواتر سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لەئازادی رۆژنامەنووسیی پەیوەندی بە بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە کردو لەم بارەیەوە نیگەرانی خۆی نیشاندا، لەوەڵامی نیگەرانی سکرتێری لێژنەی داکۆکیش بەرێوەبەری ئاسایش گوتی: «من ئاگاداری هەڵهاتنی ئەو فرۆکەوانەنیم و کەچی خەڵکێک لە رادیۆکەیان قسەیان بەمن گوتووە»، دواتر بەرێوەبەری رادیۆی نەوا گوتی: «مایکی ئەو بەرنامەیە ئازادەو بێ لایەنەو بۆیەش ئێمە ئامادەین لەم بارەیەوە رای بەرێوەبەری ئاسایشیش وەربگرین»، ئەوەبوو دواتر لەم بارەیەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرد، بەڵام ئەو داوای لێبوردنی لە رۆژنامەنووس (هونەر رەسول) نەکرد، لەکاتێکدا ئەو تەنها پێشکەشکاری بەرنامەکەیە.

١٠. بەپێی نووسراوێک کە ئیمزای سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنەی بەسەرەوەیە، لە ٢٠٠٨/١٠/٢٣ بە تەلەفۆن هەرەشە لە رۆژنامەنووس (شاخەوان مەحمود) پەیامنێری ئەو هەفتەنامەیە دەکرێت، ئەویش لە دادگا داوای لەسەر ئەو کەسە تۆمارکردووە کە گومانی لێی هەیە.

**هەشتەم/ داوا لەسەر تۆمارکردن**

١. ٢٠٠٨/٧/١٦ رۆژنامەی (ئەڤرۆ) کە لەدهۆک دەردەچێت لە ژمارە (٢٤٧) راپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە لەلایەن رۆژنامەنووس (ئازاد مستەفا) پەیامنێری ئەو رۆژنامەیە لە ئاکرێ بڵاوکردەوە. دواتر لەسەر ئەو راپۆرتە لەلایەک کەسێکەوە داوای یاسایی لە دادگا لەسەر (بەهجەت هروری) سەرنووسەری (ئەڤرۆ) و (ئازاد مستەفا)ی پەیامنێر تۆمار کراوە بە پێی ماددەی ٤٣٣ لە یاسای سزاکانی عێراق بەڵام دواتر لە ٢٠٠٨/٨/٨ بەپێ ی ماددەی(١٣٠) فایلی کێشەکە بە قازانجی رۆژنامەکە داخرا.

٢. ٢٠٠٨/٧/٢٠ دادگای لێکۆڵینەوەی سۆران بەنووسراوی ژمارە (٤٠٢) ئاگاداری کردینەوە کە دەبێت رۆژنامەنووس (ئیسماعیل ئیبراهیم) سەرنووسەری (زاری کرمانجی) لەبەردەم دادگای ئامادەبێت چونکە لەلایەن (مەلا مەروان) بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامی لە

سۆران داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار کراوە لـەم رووەشـەوە بە پێـی مـاددەی (٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عێراق تۆمەتبارە.

٣. ٢٠٠٨/٧/٣٠ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێر بەنووسـراوی ژمـارە(١٨٦٩) ئـاگاداری کردینەوە کـە دەبێت رۆژنامەنـووس (نەبەز گـۆران) لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بابەتێک لە ژمارە(٤٠٩)ی هەفتەنامـەی هاوڵاتی لەلایەن کەسێکەوە داوای لەسەر تۆمار کراوەو بەپێ ی ماددەی(٤٣٣) لە یاسـای سـزاکانی عێراق تۆماتبارە.

٤. ٢٠٠٨/٧/٣٠ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێر بەنووسـراوی ژمـارە (٣٤٠٩) ئاگاداریـی کردینـەوە کەدەبێـت (کارزان کەریـم) کـە تۆمەتبارە بە پێ ی ماددەی (٤٣٣) لە یاسـای سـزاکانی عێراق لەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسـی ئیسکان ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی وتەکانی.

٥. ٢٠٠٨/٧/٣١ بەرێوەبەرایـەتـی پۆلیسـی پارێـزگاری هەولێـر بەنووسـراوی ژمارە(١٠٥٥٣) ئـاگاداری کردینەوە کەدەبێت رۆژنامەنـووس (بورهـان قـادر) پەیامنێری رۆژنامـەی رۆژنامە بـۆ وەرگرتنی وتەکانی و دواتریـش دەسـتگیر کردنـی وەک لـە نووسـراوەکەدا هاتووە بەپێ ی نوسـراوەکە ئـەو رۆژنامەنووسـە تۆمەتبـارە بەپـێ ی مـاددەی(٤٣٣) لە یاسـای سـزاکانی عێراق، دوای ئـەوەی سـکرتێری لیژنـەی داکۆکـی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی چەندین جار سـەردانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و کوردسـتانی کـرد بۆ ئـەم مەسـەلەیە دواتر لەسـەر دوای ئەو دۆسـییەکەی راگیرا بەڵام هێشتا هەرکراوەیە.

٦. رۆژی (٢٠٠٨/٨/١٨) بەنووسـراوی ژمارە (١١٧.ج) لـەدادگای کەتنـی چەمچەماڵ داوای یاسـای لەسـەر (دارا مەحمـود) پەیامنێـری رۆژنامەی کوردسـتانی نوێ لەتەکیە لەلایەن سەرۆکی شـارەوانی تەکیەوە تۆماردەکرێت، پاشـان دادگایکردنە بەقازانجی دارا مەحمود تەواو دەبێ.

٧. رۆژی (٢٠٠٨/٨/٢٠) عەمیدی پۆلیس (چەتۆ ساڵح سەعید) بەرێوەبەری پۆلیسی گەرمیان داوا دەکات لەپۆلیسی سلێمانی بەکتابی ژمارە (٧٥٤٧) کەشـوان داوودی سەرنووسـەری رۆژنامەی هەوڵ دەستگیر بکرێت.

٨. ٢٠٠٨/٩/٣ بەرێوەبەرایەتـی پۆلیسـی سۆران بەنووسراوی ژمارە(٨٤٦٧) ئاگاداری کردینەوە کـە دەبێت هەردوو رۆژنامەنووس (تاریـق فاتـح حەسـەن) خاوەنـی ئیمتیازی هەفتەنامـەی هاوڵاتـی و (عەدنان عوسـمان) سەرنووسـەری هەفتەنامـەی رۆژنامـەی رۆژنامە لـە بـارەگای بەرێوەبەرایەتیەکەیان ئامادەبن چونکـە لەلایەن دادگای ئەو دەڤەرە داوایەکی یاساییان لەسەر تۆمار کراوە.

جێـی باسـە تاکـو ئێسـتا دۆسـیەی کێشـە کەچارەسـەر نەبووە وەکو خـۆی ماوەتەوە، هەردوو رۆژنامەنووسیش تۆمەتبارن بە پێی ماددەی (٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عێراق.

٩. ٢٠٠٨/٩/٣ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە (٣٩٩٥) ئاگاداری کردینەوە کەدەبێت رۆژنامەنووس (تاریق فاتح) خاوەنی ئیمتیازی هەفتەنامەی هاوڵاتی لەبەردەم دادگا ئامادەبێـت بـۆ وەرگرتنـی وتەکانی لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بابەتێک لە هەفتەنامەیەکەیان بەناونیشـانی(ملیارەها دینـاری بودجـەی هەرێم) لە ژمارە(٤٤٩)ی هاوڵاتی.

١٠. ٢٠٠٨/٩/٨ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێر بەنووسـراوی ژمـارە(٤٠٦٠) ئـاگاداری کردینەوە کەدەبێت (نەبـەز گۆران) لەبەردەم دادگا ئامادەبێـت چونکە تۆمەتبـارە بەپێ ی ماددەی(٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عێراق.

١١. ٢٠٠٨/٩/٨ دادگای لێکۆڵینـەوەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە(٤٠٢١) ئاگاداری کردین کەدەبێـت رۆژنامەنووس (ئاسـۆس هەردی) سەنووسـەری هەفتەنامـەی ئاوێنە لەبەردەم دادگا ئامادەبێـت، چونکـە داوایەکی یاسـایی لەسەر تۆمار کراوە لەلایەن (نەجات حەسەن) و (دڵشـاد پیرۆت عەزیـز) تۆمەتبارە بە پێی ماددەی(٤٣٣) یاسای سزاکانی عێراق.

١٢. ٢٠٠٨/٩/١١ بەرێوەبەرایەتـی پۆلیسـی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمارە(١٦٦٨٠) ئاگاداری کردینـەوە کەدەبێت رۆژنامەنووس (هێمن کەریم مام رەش) پەیامنێری تەلەفزیۆنی

گەلی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئامادەبێت چونکە داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار کراوە بەپێ ی ماددەی(٤٣٣) لە یاسایی سزاکانی عێراق و تۆمەتبارە.

١٣. رۆژنامەنووس (مستەفا شێخ محەمەد) پەیامنێری رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە چۆمان پێیڕاگەیاندین، کە رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢١ دادگای بەرایی چۆمان سکاڵایەکی لەسەر تۆمار کردووە، دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک سەبارەت بە داواکاری گشتی دادگای ناوبراو.

١٤. ٢٠٠٧/١٠/٢٣ رۆژنامەی ئەڤرۆ لە ژمارە(١٠٩٠) لەسەر زیندانیکردنی کچێک لە لایەن خێزانەکەیەوە بابەتێکی بلاو کردەوە دواتر باوکی کچەکە لە دادگای دهۆک داوایەکی یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس (فەهیم عەبدوڵڵا) خاوەن ئیمتیاز و (بەهجەت هوروری) سەرنووسەری (ئەڤرۆ) تۆمارکرد. دواتر لە ٢٠٠٨/٧/١٠ لە دادگای دهۆک فایلی کێشەکە بە قازانجی هەردوو رۆژنامەنووس داخراو دواتریش دادگای پێداچوونەوەی هەولێر لە ٢٠٠٨/١٠/١٩ پەسەند بڕیاری دادگای دهۆکی کرد.

١٥. رۆژی (٢٠٠٨/١١/٣) بەنووسراوی ژمارە (٢٢٥٥٨) لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانیەوە، داوای یاسایی لەسەر هەردوو رۆژنامەنووسان (حەسەن یاسین) و (باوەڕ کاکە حەمە) تۆمار دەکرێت، داوایان لێدەکرێت کەسەردانی بنکەی پۆلیسی رزگاری بکەن.

١٦. ٢٠٠٨/١١/٢٤ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە نووسراوێک ئاگاداری کردینەوە کە (عیماد کەنعان میکائیل) سکاڵایەکی یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس (تاریق فاتح حەسەن) سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی و (عەدنان عوسمان) سەرنووسەری هەفتەنامەی رۆژنامەی رۆژنامە لەگەڵ رۆژنامەنووس (دانا محمد قادر) پەیامنێر کردووە و داواکراون، لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ئامادەبن، چونکە هەرسێ رۆژنامەنووس تۆمەتبارن بە پێی ماددەی (٤٣٣) لە یاسای سزاکانی عێراق.

١٧. رۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٤) لەسەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەسەر گەندەڵییەکانی لیوای سلێمانی پاسەوانی سنوور لەلایەن (مەلا ئەحمەدی) بەرپرسی لیواوە داوایەکی یاسای لەسەر (ئەحمەد میرە)ی سەرنووسەر لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری تۆمارکردووە.

١٨. رۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٨) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی لەبنکەی پۆلیسی رزگاری. داوایەکی یاسایی لەسەر (ئەنوەر حسێن) سەرنووسەری رۆژنامەی (رێبازی ئازادی) تۆمارکرا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەرۆژنامەکەدا لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکەیان.

**نۆیەم/ سزادان بە بژاردن**

١. ٢٠٠٨/١٢/١٥ دادوەری دوکان سزای یەک ملیۆن دیناری بەسەر رۆژنامەنووس (گۆران غەریب) دا لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەسەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دوکان. لە کاتێکدا ئەو رۆژنامەنووسە لە ٢٠٠٧/١٠/١٠ لە هەمان شارۆچکە و بریاری هەمان دادوەر و لە سەر هەمان کێشە شەوێک خرایە زیندان، (گۆران غەریب) پێی راگەیاندین کە ئەو توانیویەتی بە بەڵگەوە کەموکوریەکەی تەندروستی دوکان بسەلمێنێت بەڵام دادوەر گوێ ی بە بەڵگەکانی من نەداوە و سووربوو لەسەر سزادانم.

٢. رۆژنامەنووس (حەمەسەعید حەسەن) بە نووسین پێی راگەیاندین دوای ئەوەی بابەتێکم لە سایتێکی کوردی بڵاوکردەوە، وەزارەتی رۆشنبیری بە رەسمی گۆشەکەمی لەو گۆڤارە کە هەفتانە بەناوی (دەڵێی دەست بۆ پشکۆ دەبەم) بڵاودەکردەوە، وەستاند.

**دەیەم/ هەوڵی تیرۆر کردن**

بەپێی هەواڵێک کە لە ژمارە (٤٦٧)ی هەفتەنامەی هاووڵاتی بڵاو کرایەوە سەرچاوەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەو هەفتەنامەیەی راگەیاندووە کە چەند کەسێکیان دەستگیر کردووە کە نەخشەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (ئەحمەد میرە) سەرنووسەری گۆڤاری لڤین و ئەندامی کارای سەندیکای

رۆژنامەنووسانی کوردستانیان دارِشتووە.
هەر لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە شاندێکی سەندیکا کە پێک هاتبوو لە نەقیبی رۆژنامەنووسان و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن سەردانی رۆژنامەنووس (ئەحمەد میرە)یان کرد و لە نزیکەوە نیگەرانی و بێزاری خۆیان لە بەرامبەر ئەمە دەربڕی، هەروەها شاندی سەندیکا هەموو جۆرە هاوکاری و پاڵپشتێکیان بۆ رۆژنامەنووسی ناوبراو راگەیاند و ئامادەیی سەندیکایان لە خستنەگەڕی هەموو هەوڵ و توانایەک بۆ رێگرتن لەو نەخشەیە نیشاندا، دواتر ئەنجوومەنی سەندیکا هەر لەم بارەیەوە راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو بەتوندی مەحکومی ئەو هەوڵە تیرۆریستیەی کرد و داواشی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی کرد کە بە دواداچوونی ورد و بەردەوام بکەن بۆ ئاشکراکردنی سەرەداوەکانی ئەو نەخشەیە، دوای ئەمەش سکرتێر و ئەندامانی لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان راستەوخۆ چەندین جار پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانییەوە کردوو راشکاوانە داوای ئاشکراکردن و سزادانی ئەو کەسانەیان کرد کە دارِێژەر و جێ بەجێکاری تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسەن، دوای ئەمەش بە ئیمزای نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان نامەیەک بۆ بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێردراو داوای ئەوەی لە بەڕێزیان کرا کە لەم بارەیەوە چاودێری و بەدواداچوون بکەن، هەر دوای ئەمەش بەڕێز سەرۆکی حکومەت بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان و (ئەحمەد میرە) کرد و پاڵپشتی خۆی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی و هەروەها رۆژنامەنووسی هەرەشە لێکراو نیشانداو گوتی ئەنجامدانی هەر جۆرە تاوانێکی ئاوا بەتەنها لە دژی رۆژنامەنووسان نییە، بەڵکو دژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، بڕیاریشیدا کە دۆسیەی ئەو مەسەلەیە بخاتە ئەستۆی خۆی- جێی باسە تاکو ئێستا دۆسیەکە بەکراوەیی ماوەتەوەو هیچ جۆرە زانیارییەکی ئەوتۆی لە بارەیەوە لەلایەن هیچ ناوەندێک و خودی خۆشییەوە بڵاونەکراوەتەوە.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەوڵی تیرۆر کردنی رۆژنامەنووس «ئەحمەد میرە» مەحکوم دەکات**

هەفتەنامەی هاووڵاتی لە ژمارە ٤٦٧ی خۆیدا کە لەسەر زاری سەرچاوەیەکی تایبەت بە ئاسایش وەریگرتووە هەواڵی دەستگیرکردنی تۆڕێکی تیرۆریستی بڵاو کردۆتەوە کە پرۆژەی کوشتنی رۆژنامەنووس (ئەحمەد میرە)ی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی دارِشتووەو بەپێی هەمان سەرچاوەی هەواڵ، ئاسایشی سلێمانی ئەو کارە تیرۆریستیەی پوچەڵ کردۆتەوەو توانیویشیەتی دارِێژەرانی ئەو پرۆژەیە دەستگیر بکات.
ئێمە لەکاتێکدا بەناوی لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان ئەو هەوڵە ترسناک و دژی مرۆییە بە توندی مەحکوم دەکەین و داواش لە هێزی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ئاسایشی سلێمانیش بەتایبەتی دەکەین کە توێژینەوەو بەدواداچوونی وردتر بکەن بۆ زیاتر روونکردنەوە لەم بارەیەوەو هەروەها ئاشکراکردن و دارِێژەرانی ئەم هەوڵە. داواش دەکەین کە حکومەت زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەو رۆژنامەنووسەو سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بخاتە ئەستۆی خۆی، هەروەها بە ناوی لیژنەکەشمان لەم بارەیەوە سوپاسی ئاسایشی سلێمانی دەکەین لە جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە نیشتیمانیەیان و رێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو کارە ترسناکە.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان**
**٢٠٠٨/١٠/٢٥**

**بەر لە کۆتایی چەند تێبینییەک**

١. لە هەندێک بازگەکانی ناوچەی سۆران، سیدەکان و بناری قەندیل زیاتر لەساڵێکە رێـگا بە هیـچ رۆژنامەنووسـێک نەدراوە سـەردانی ناوچە سـنووریەکان بکەن، چەندین جاریش پەیامنێرانـی کەناڵەکانی راگەیاندن لەلایەن کارمەندانی بازگەکان رووبەڕووی سـوکایەتی پێکـردن بوونەتەوە، لەکاتێکدا رێـگا بەکەناڵە بیانییەکان دەدرێت بۆ ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی بچنە ئەو شوێنانە.

٢. ئەم راپۆرتەهەر شـەش مانگ جارێک لەلایەن لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسـی و مافـی رۆژنامەنووسـان لـە سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان تایبەت بە رەوشی رۆژنامەنووسی بڵاو دەکرێتەوە.

٣. بۆ ئاگاداری هەموولایەک دەقی ئەم راپۆرتە بریتیە لەو زانیاریانەی کەدەسـت لیژنەی داکۆکی کەوتون و یاخود لەلایەن رۆژنامەنووسـانی خاوەن کێشە ئاگادار کراوینەتەوە.

٤. داوا لە رۆژنامەنووسـانی کوردستان دەکەین کە هەرجۆرە کێشەو گرفتێک کە لەسـەر رێـگای جێ بەجێ کردنی ئەرکە پیشـەییەکانیان دێتـە رێگایان با لیژنەی داکۆکی ئاگادار بکەنەوە:.

| | | | |
|---|---|---|---|
| **١. زیرەک کەمال** | **٠٧٥٠ ٤٤٨ ٧٠ ٨٥** | **سکرتێری لیژنە** | |
| **٢. ئەنوەر حوسێن** | **٠٧٧٠ ١٥٣ ٠٥ ٢٩** | **ئەندام** | a_bazgr@yahoo.com |
| **٣. بەهجەت هروری** | **٠٧٥٠ ٤٤٥ ٩٢ ٥٨** | **ئەندام** | behcet.hirori@yahoo.co |
| **٤. شوان داودی** | **٠٧٧٠ ١٥٣ ٣٩ ٢٦** | **ئەندام** | shwandaudi@yahoo.com |
| **٥. شوان هەورامی** | **٠٧٧٠ ١٤٣ ٢١ ١٠** | **ئەندام** | shwan67@yahoo.com |
| **٦. ئاکۆ محەمەد** | **٠٧٥٠ ٤٤٥ ٠٩ ٧٨** | **ئەندام** | akopress74@yahoo.com |

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**٢٠٠٨/١٢/٣١**

# (ڕێشمە)کەی زامدار

عەبدوڵڵا زەنگەنە

من پێم وایە هەر کوردێک، ئەگەر هەل و زروفی لەباری بۆ بڕەخسێنرێ، هیچی لەخەڵکی میللەتانی دیکە کەمتر نییە. لەسەر ئەو بۆچوونەشم دەیان بەڵگە لەبەردەستن. من لەو بڕوایەدام ئەوەندە نابات کە مرۆڤی کورد، ئۆباما ئاسا، شوێنی خۆی لەدەسەڵاتی تایبەتی ئەم وڵاتانە بکاتەوە کەبەم دواییانە تێیدا نیشتەجێ بوونە. ئەوەتا یەکێکی وەکو جەلال بەرزنجی سیتاقانی هاوڕێی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجێتیم، ئەگەر نەچووبایەتە **(کەنەدا)** قەت وەکو نووسەرێکی جیهانی ئاوەها مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرا، بەڵکو بەخەونیش نەدەگەیشتە وڵاتی **(ئالاسکا)**ی قوتبی سەروو. تا لەوێ تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆیمان بۆ بنووسێتەوە. جەلال بەرزنجی لەو وڵاتەی کە تازە تێیدا نیشتەجێ بووە، ئەوەندە ڕێزی لێ گیراوە تەنانەت جارێکیان لەبەردەم مایکرۆفۆن و لەکاتی ڕێزلێنان دەڵێن داوای ئاوی کردووە، پارێزگای شارەکەیان بەدەستی خۆی پەرداخێ ئاوی بۆی بردووە، کەچی جەلال لەتەلەفونێکی نێوانماندا دەڵێ: **((کە لێرەم غەریبی کوردستان دەکەم، کە دێمەوە کوردستانیش غەریبی کەنەدا دەکەم، لەناو پاسیش غەریبی هەردوولایان دەکەم)).**

(١٠) ساڵی ڕێک لەمەوبەر و لەساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەگەڵ **(زامدار)** پێشانگایەکی ڕۆژنامەنووسیمان بەهاوبەشی کردەوە. کارەکە زۆر جوان بوو وادیارە دواتر خەڵکی هەبوو دەیەویست کۆمەڵێک قسە و قسەلۆکمان لە نێواندا لەسەر بکاتە ماڵ. بەڵام پێچەوانەی **(زامدار)** ئەوانە هەمووی لای من پەشم بوون، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ گوڵی ڕێزلێنانم بەبەرۆکی **(زامدار)**ەوە دەکرد تا وای لێ هات جارێکیان لە پشت دیواری حەوشەی ماڵەوەمان بەو گوێیانەی خۆم گوێم لێ بوو **(زامدار)** دوعای وای بۆ دەکردم کەم کەس هەیە ئاوەها باسی نزیکترین کەسی خۆیشی بکات، بۆیە لەم ڕۆژانە کەزانیم **(بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ)** ڕێز لە **(زامدار)** دەنێ، ئەوەبوو لە خۆشییان شاگەشکە بووبووم، بەڵام من پێم باش بوو لەجیاتی پیاهەڵدان هەندێ لاپەڕە، بەسەرکێشەییەکانی ئەو پڕ بکەمەوە، بەداخەوە لەبەر پەلەکردن و ئامادەکردنی گۆڤارەکەمان بۆ ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی شتێکی ئەوتۆم بەبیر نەهاتەوە، وا دیار بوو هەگبەی ئەو ڕۆژەی (١٠) ساڵیش لەمەوبەرم شتێکی ئەوتۆی تێدا تۆمار نەکرابوو تابیکەمە تاجە گوڵینەی ڕێزلێنانی ئەو زاتە بێ غەل و غەشە.

ئەوی ڕاستی بێت سەرەتای کارە ڕۆشنبیرییەکانی من و زامدار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٤ ئەوەبوو لەگەڵ برادەرێکی ئەو بەناوی ڕزگار عەبدوڵڵا کە دانیشتووی سوید بوو بەسێ قۆڵی سەفەرێکی لای بادینانمان کرد ئەوسا من سەیارەیەکی تویوتا کراونی شەش پستۆنم هەبوو، بەنزینیش زۆر گران بوو بەگالۆن لەسەر جادان دەفرۆشرا. بۆیە وایلێهات ڕزگار تا **(زاخۆ)** ببەین و خەرجی تێکردنی بەنزین و شوێنی حەوانەوەی شەوانەمان لەسەر ئەو بێت، سێ ڕۆژێک ماینەوە، قازانجەکەی من لەوێ ئەوەبوو لە ئوتێل (٢٠٠٠) دوو هەزار دیناری سویسریم لێ دزرا کە هاتینەوە ماوەیەک بەم دەردە دەتلامەوە، بەڵام زۆرتر شارەزای کەسێتی **(زامدار)** بووم، ئەویش بەدەست **(ئیزعاج)**ێکی وەکو من زریکەی دەکرد. ئەوەبوو لەوێ سەردانێکی لقی (١)ی (پ.د.ک)مان کرد و سەرمان لە بەرپرسەکەی دا، کە فازیل میرانی بوو، لەناوچەکە بە **(میری بادینان)** ناسرابوو، هەندێ شت هەیە لەژیاندا من زۆر

زوو سەرنجم ڕادەکێشێ، ئەوەبوو لە ناو جامخانەکەی تەنیشت کاک فازیل دروشمێک سەرنجی ڕاکێشام کە لەعەقڵی کەم کەس دایە دروشمی وا لەوێ ببینێ. منیش بەسەر ئاماژەیەکم بۆ (**زامدار**) کرد کە تەماشایەکی ناو جامخانەکە بکات لێی نووسرابوو: (**کەم بژی، کەڵ بژی**) زامداریش دیاربوو ناسیاوی پێشووتری لەگەڵ ناوبراو هەبوو، زۆر بەبێ پەردە لێی پرسی جا ئەوە چییە. ئەو دروشمە لای ئێمە بۆتە: کەم بژی (**کەر**) بژی. بووە پێکەنین و کاک فازیل بەسەرخۆی نەهێنا گووتی: بەخوای پڕ بەدڵ حەزی لێ دەکەم، ئەوەندەی پێ نەچوو شەڕی نێوخۆی بەسەرداهات و ئێستا نازانم ئەو دروشمە خۆشەویستەی ئەو برادەرەمان کەوتە کوێی ئەم شەڕە نەگریسە، بەڵام دەزانم لەو کاتەدا کە (**پارتی**) لە هەولێر چووە دەر (**سیڤەر**)ی کوڕی (**زامدار**) داوای (**مەوقیف**)ی لەباوکی دەکرد، تا دواجار ناچاری کرد بڕیاری چوونە دەرەوە لەهەولێر بدات، ئەوەبوو (**زامدار**) هەموو شتێکی لەماڵەوە جێهێشت تەنیا و تەنیا کیسەیەکی بە قەد دەفتەرێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی پێچابووەوە وادیاربوو لەم دنیایەشدا تەنیا متمانەی بەمن کردبوو، بۆیە ئەو پریسکەیەی هێنایە لای من و گووتی: ئەوە هەموو ئەو بەڵگەنامانەن کە لەسەر بارزانی هەمە. بۆمی بپارێزە، جا نازانم دواتر زانیویە هەموو لایەنەکان، بە (**یەکێتی**) و (**پارتی**) و (**ئیسلامی**) و تەنانەت (**بەعسییەکان**)یش. پێشتر یان دواتر یان خۆیان لە ماڵەکەی من شاردبۆوە و یان کەل و پەلە دانسقەکانیان. دیارە (**زامدار**) ئەوەندە ناسکە هی سەراو و دەراوی ئاوەها نییە، بۆیە ئەوەندەی نەبرد کەوتە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک، دواتر ئەوەندەی نەبرد هاتەوە هەولێر. ماوەیەک دواتر وتاری (یاد و ئاوات و دەردە کوردە)ی کە لە حەفتاکان لە گۆڤاری (**نووسەری کورد**) بڵاویکردبوەوە، جارێکی دیکە بەناوونیشانی (**دەردە کورد**) لەهەولێر چاپ و بڵاوکردەوە، من زوو ڕەخنەم لێی گرت کە نەدەبووایە بابەتەکە بخاتە ژێر ئەم ناوونیشانە، چونکە خەڵک هەر وای دەزانی کتێبەکە لەسەر شەڕی ناوخۆیە.

دەمێکیش بوو ئاگام لێی بوو کە مەراقی بوو (**کۆمیدیای کەرایەتی**)یەکەی چاپ بکات. بەڵام وادیاربوو لەبەر ناوەرۆکەکەی کەس نەیدەوێرا خۆی لێ بدات، ئەوسا من دەمەویست سەرکێشییەک بکەم و بۆی چاپ بکەم. بەڵام نەهاتە ژێر بار، بەڵام دواتر برادەرێکی خۆی لە سوێد بەناوونیشانی (**کەریالیزم**) بۆی چاپ کردبوو و هەندێک دانەی بۆ ناردبووەوە، ئەوسا خەڵک هەموو دەستەنگ بوون، دنیا گرانی بوو و (**زامدار**)یش هیچی نەبوو، بۆیە هەر مەسئولێکی بناسیبایە دانەیەکی بۆ دەنارد و داوای لێ دەکرد پارەی کورتانێکی بۆ بنێرن، جا هی وایان تێدابوو ئەوەندە دەبەنگ بوو حاڵی نەدەبوو کە هەقی کورتانەکەی (**زامدار**) تەنیا (٥٠٠) پێنج سەد دیناری سویسرییە.

بەداخەوە وەکو پێشتر گووتومانە لە هەگبەی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیم شتێکی ئەوتۆ هەڵنەگیراوە، کەیادی ئەو ڕۆژەی تێدا بکەمەوە، دیارە هۆکەشی زامدار خۆی بووە، چونکە ئەوسا لێنەگەرا زۆر لە ڕووداوەکان لای خۆم تۆمار بکەم بۆیە لێرەدا حەزم دەکەم ئەو نامەیەتان بۆ ئەرشیف بکەم و بیخەمە بەردەست کە تۆزێک بە هەڵچوونەوە بۆی نووسیوم، دیارە (**موزعیج**)ێکی وەکو من بە شانازی دەزانم کە ئاوەها وروژاندوومە، هەرچی ئەو وتارەیە کە بۆ یادەکە نووسراوە، پێم وایە ڕۆژانی دواتر بۆچوونەکانمی باشتر سەلماندووە.

ئومێدەوارم ڕۆژانی داهاتوو باروزروفێکی ئاوەها بۆ زامدار بڕەخسێنێ کە ئەو هەزاران ڕووداو و ململانێکانی (٤٠) ساڵی دوایی ژیاننامەی ڕۆژنامەنووسی خۆیمان بۆ بنووسێتەوە، دووبارە پیرۆزە لە (**بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ**) کە ئەو دەستپێشخەرییەی کرد.

پیرۆزیش لە (**زامدار**)ی بێوەی کە دەبووایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زووتر کارێکی وای بۆ بکردایە!؟

بەڕێز کاک عەبدوڵڵا
سەلام
پێم وایە ئەو پارچە گۆڤار و رۆژنامانەی کەلاتدا (پەرش و بڵاو)ن جارێ لەپێشدا ئەوە هەڵگرە، ئەوا ئەو چەند پارچە گۆڤار و رۆژنامانەی کە لای مندایە و و لە لیستەکەی تۆدا هاتووە، هەموو دەپانزە بیستێکە و زۆر ئاسانە ئەویش بخەیتە ناو فایلێکەوە و لە (گێچەڵ) دوور کەویتەوە. ناشزانم ئەو کوڕەی کە (دەنگی کوردستان . پەکەکەی..!!!!!) هێنا لامە یانا؟
کاک عەبدوڵلا: من هەزار و یەک کارم هەیە، دەنا (کەمتەرخەم نیم ـ وەک تۆ گوتەنی!) بۆیە پێم وایە ئەو چەند پارچە کاغەزە شڕە ئەوەندە گرنگ بێ، ئەگەر هەر زۆر زوو نەگاتە دەستت، ئەوە دنیا خرادەبێ و تەیارە لەئاسمان رادەوەستێ و ئاو دەیبەستێ و ئەنتەرنێت لەکاردەکەوێ و بۆمبایەکی تازەی هێرۆشیماش دەتەقێتەوە و هەزاران هەزار پارچە رۆژنامە و گۆڤار دەسوتێنێ..! من بەش بەحاڵی خۆم چ پێویستییەکم بەو چەند شڕە پارچە کاغەزە نییە، تا ئاوا بۆی بسوتێم و شەوورۆژ حەجمانم لێ ببڕێ...! وەک گوتم سەرم زۆر زۆر قاڵە، جگە لەوەش من هەموو کارتۆنەکانم پێچاوەتەوە نزیکەی (٧٠ ـ ٨٠) کارتۆنە. بۆیە حاڵی حازر پێم ناکرێ هەموویان بکەمەوە و یەکە یەکە سەیریان بکەمەوە و ئەو لیستەیەی تۆی لێ وەدەرنێم.. گەر خۆت مەجالت هەیە، فەرموو بە پرۆجکتۆری دەستت یەکە یەکە بیان پشکنە. من خۆم زۆر حەز دەکەم تۆ دڵت ئاو بخواتەوە و بەو شڕە پارچانە شادمان بیت ئەگەرنا دەبێت دەرفەتم بدەی تا خۆم دەرفەتێک دەدۆزمەوە تا ئەوەی هەیە و نییە بیخەمە بەردەستت و بەم (ئومێد و ئارەزوە گەورەیە) شادمانت بکەم..!! سەیرە! بەراستی ئەم دنیایە سەیرە!! تا سەریش بمێنێ شتی لەمەش سەیرتر ئەبینێ!
مەشترسە، ئەمن نەڕادەکەم، نە تەماحم لەو شڕە کاغەزانە هەیە، نە وا زووش دەمرم..! زۆر ڕجاشم ئەوەیە ـ زۆرت کرد و گوت قسە و قسەڵۆک بابەس بێ، چونکە تا ئێستا من لە گوڵ کاڵترم بەتۆ نەگوتوە. بەڵام مخابن ـ من خۆم کابرایەکی دڵساف و سەرەڕۆ و بەوەفام.. زۆر زوو فێڵم لێ دەکرێ، بەڵام زۆر زووش فێڵان کەشف دەکەم. تا خوداش حەزی لێ بێ صەریحم و صەراحەتیش شیعاری رۆژ و شەومە. بۆیەش تا ئێستا کەم گرەوم دۆڕاندوە، (گرەوی خۆشەویستی خەڵکیشم) بردۆتەوە.

**مەحموود زامدار**
**١٩٩٨/٦/٤**

٩٦/ ٧/٤

بەڕێز کاک عبدالله

سڵاو

پێم وایە ئەو پارچە گوتار و ڕۆژنامانەی کە لایاندا (پەرشی و بڵاو)ن جارێ لە پێشدا ئەوە هەڵگرە، ئەوا ئەو چەند پارچە گوتار و ڕۆژنامانەی [illegible] کە لای مندا مان و لە بیستەکانی تۆدا هاتوون، هەموو دەیانترە بیستێک و زۆر شایستانە ئەوەش بخەیتە ناو فایلێکەوە وەک (گەنجینە) دووبارەکەیتەوە... ناشزانم ئەو کورەی کە (دەنگی کوردستان... پێرەکەی... !!!!!!) هیچیا لە لا ماوە یا نا؟

کاک عبدالله: من هەزار و یەک کارم هەیە، دەنا (کە هێشتا خەریکیم — وەک تۆ گوتی!) بۆیە پێم وایە ئەو چەند پارچە کاغەزەی تێئەوەندە گرنگ بێ، ئەگەر هەر زۆر زوو نەگاتە دەستت، ئەوا دنیا خراوە و ئەو پارچە لە ئاسمانە ڕادەوەستێ و ناو دەبیستێ و ئەشتە زێتت لە کار دەکەوێ و بۆمبایەکی تازەی هیرۆشیماتەشی دەتەقێتەوە و هەزاران هەزار پارچە ڕۆژنامە و گوتار دەسووتێنێ... ! منیش بە حاڵی خۆم هەچ پێم بوسەتمل بەو چەند خەرە پارچە کاغەزەشە، تا ئێستا بۆی بسووتێنم ڕەشە و ڕۆژ هەمانم لێ بڕێ... ! وەک گوتم: سەرم زۆر زۆر تاڵە، جگە لەوەش من هەموو کارتۆنەکانم پێچاوەتەوە

٢

نزیکەی (٧٠-٨٠) کارتۆنە .. بۆیە حاڵی حازر پێم ناکرێ
هەموویان بکەمەوە و یەکە یەکە سەیریان بکەمەوە و ئەو
لیستەیەی تۆی لێ دەربهێنم ... گەر خۆش مجالی
هەبێ ، فەرموو بە پرۆجێکتەکەی دەست پێ بکە
بیبات پێشکەوە .. من خۆم زۆر حەز دەکەم تۆ دڵت
ئاو بخواتەوە و بەو شێوەیە پارچەیەک شادمانیت
ئەگەر نا وەک دەرفەتم بدەی تا خۆم دەرفەتێک
وەربگرمەوە .. تێڵێنەوەی هەموویان بخەمە بەردەست و
بەم (ئومێدە بارە زۆر گەورەیە) شادمانت بکەم ..!!
سەیرە ! بەراستی ئەم دونیایە سەیرە !! تا سەرێش
بمێنێ شتی نوێ دەبینی سەیرتر ئەبینی !
مەبەستم ئەمەیە مرۆ دەکەم ئەو دەماغم فرۆشراوە
کاغەزانەی هەیە ئەوەی زۆربەشی دەبەم .. !
زۆر بەداخم ئەوەیە — زۆر شتی کردووە گوت —
قەوەت لۆژ نیە بەمنەی ئەمە چونکە تائێستا
من لە کۆڵی کاتێکم بە نوقم نەکوشتووە .. بەڵام
— مخابن — من خۆم کابرایەکی دڵساف و بەزەرەروو
بووەتەوەم ... زۆر زۆر قێزم لێ دەکرێ ، بەڵام
زۆر زۆریش خەڵکانێ کەشف دەکەم .. تا خوایش
حەزی لێ بێ سەبرم و سەبراحەتیش شعاری
زۆر زۆرمە .. بۆیەش تائێستا کەم گیرۆدەم
دەوڕاندووە ، زگرەوەی خۆش و ستی خەڵکیشم (پێرۆتەوە) .

مەحمود زامدار

# نە (ناو) مەرجە، نە (زۆری و بۆریی)!

مەحموود زامدار

دنیـای بەربڵاو و پڕ لە سـیحر و جوانی و لەززەتـی ڕۆژنامەگەریی تەنیا ئەوانە تێدەگەن، کـە ژان و ژووریـان دیبێ شـەونخوونیان لەبەردەمیا کردبێ و شـەوارەیان بۆ گرتبێ، وەک کۆرپەیەکـی نۆبـەرە و زێدە لەبەر دڵ لە هەمبێزی پڕ لەسـۆز و گۆداز و میهری گۆشـیبێ و گوڵی لاویەتی و ڕۆژان و شـەوانی عەشـقیان لەبەردەم نێڵە نێڵی مۆمیدا بردبێتە سـەرودڵی شـەوگاریان شـەق کردبێ. ئا بەڵێ. هەر ئەو عاشـقە گەورە و دڵمەزنانە دەزانن ئەو دنیایە و دنیای پڕ لە ڕاز و نهێنی ئەو دنیایە چییە و چۆنی بۆ دەچی و چۆنیشـی هەڵدەسـەنگێنن. دەنا هەر هەپڵەگونێکی زڕەخامە و بێ باکگراوند و بێ عەشـق و سـووتان و بێ حەز و گزوفت، یا هـەر مێملێکی نارەسـەن و بـێ بناغە و بێ بنچینە، نازانێ ئەو دنیایـە، چ دنیایەکە و ڕازەکانی چ ڕاز...! بۆیـە نەک هـەر لەنێو ئێمە و بەس، نەک لەنێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی و بەس، بەڵکو بگرە لەنێو هەر هەموو بزاڤی سەرانسـەری جیهاندا، ئەم دیاردە ناهەموارە زۆر زەق و دیارە.. بەڵام چەندیان ڕۆژنامەنووسـی ڕاستەقینەن، کام ڕۆژنامە و گۆڤاریش شوێنی شایانی خۆی لەنێو ئەرشـیفی پڕ لە دەرەنجامی و لێکدانەوەی قووڵ دا دەگرێتەوە. ئەمەیان، تەنیا ئەو لێتۆژینـەوە دەستنیشـانی دەکا، کە زۆر زانسـتییانە و بێ هەڵچوونـی هەرزەکارانە ئەنجامی دەدەن...!

* لە (١٠٠) ساڵەی پیرۆزی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، هەر بەتەواوی و لەگەڵ کردنەوەی حەوتەم پێشـانگەی هاوبەشـم لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا زەنگەنەو کە بەر لەوەش (٦) پێشـانگەی سەربەخۆم لەهەمان بواردا کردۆتەوە، ئەوەم بۆ ساغ و ساغتر بووەوە کە:

* هەرچەنـدە کەڵە پێشـڕەوەکانی ئـەم بزاڤە پیرۆزە و هەموو وەچەکانـی دوای ئەوانیش کە لـەو کاروانـە درێژخایـەن و ماندووەدا هاوپشـک بـوون و هەموو ئەو گۆڤـار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانـەی کە هەر لەو (١٠٠) سـاڵەدا دەرچوون، بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی شـکۆدار، ئەم دوو دەرەنجامەی لێکەوتەوە:

١) مەرج نییە هەموو ئەوانەی لەو کاروانەدا بەشداربوون، هەرهەموویان، هەمان ماندووبوون و هەمان ئاسـت و هەمان هەڵسـەنگاندن و هەمان مەسـئولییەتی مێژوویی و ڕۆژنامەگەریی، بەدەرکەوێ و هەرهەمووشـیان بە **(یەک چاو)** سەیر بکرێن. ڕابەر و بەشدارە مەزنەکانیش بە **(پەنجەی دەست)** دەژمێردرێن..! کە ئەمەش هیچ شوورەییەکی تێدا نییە..!

کێ ڕووبەڕووی گەورەیی و پێشـڕەوایەتی **(میقدادی بەدرخان و عەزیزی بابان و میهری و ئەرواسـی و ئەشـرەف و حەمزە و یاموڵکی و شـێخ نووری و پیرەمێرد و حوزنی و ساڵح قەفتان و عەلائەددین سـەجادی و ئەمینی رواندزی و گیو و ئەنوەر مائی و سـەیدا یووسـفی و حافزی و قازی و هێمن و هەژار و گۆران . تاد.. تاد...تاد)** دەبێتەوە و ڕێز و نوازشـتیان بۆ ناگرێ و ناکا.

٢) مەرج نییە، هەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانەی کەلەو ماوەیەدا دەرچوون، هەر هەموویان وەک یەک لەو بزاڤە پیرۆزە هەڵسەنگێندرێن و لەئەرشیفی یەکجار دەوڵەمەندی ژوورنالیستی کوردیدا، لەهەمان (**ڕەفکە بەرزەکان**) دابندرێن.. بۆ ئەمەش دیسان ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە بەڕاستی (**ترافیک لایت**)ی شەقامەرێی ڕۆژنامەگەرین، هەر بە (**پەنجەی دەست**) دەژمێردرێن.. کە ئەمەش هیچ شوورەیییەکی تێدا نییە..! دە کێ هەیە بەچاوی هەڵۆوە، لاپەڕە گەشەکانی (**کوردستان**)ی دایک و (**هەتاوی کورد**) و (**ڕۆژی کورد**) و (**ژین و کوردستان**)ی ئەستەمبووڵ و (**پێشکەوتن**) و (**تێگەیشتنی ڕاستی**) و (**ئومێدی ئیستقلال**) و(**نیشتمان و هەڵاڵە و گڕوگاڵ و کوردستان**)ی کۆماری خوێناوی کوردستانی مەهاباد و (**هیوا**) و (**هەولێر**) و (**شەفەق**) و (**پێشکەوتن**) و (**خەبات**) و (**برایەتی**) و (**هەتاو**) .. تاد...تاد...تاد، هەڵنەداتەوە و بەسۆزێکی ڕەسەنی کوردانەوە لاپەڕەکانی تێر تێر ماچ نەکا..؟ کێیە، دەزانم و ناشزانم...!!

* وایە. دەبێ ئێمە شانازییەکی تەواو بەو (١٠٠) ساڵە و هەموو ئەو سەدان (**ناوونیشانانە**)ی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شار و شاخ و هەندەران بکەین و بەتوندی لەهەمبەزی گەرمیان بگرین، یا کەرنەڤاڵی مۆزەخانەیەکی بەردەوامی بۆ بکەینەوە، یا بە (**دیسک**)ی کۆمپیوتەر ڕزگاری بکەین و بیپارێزین. بەڵام دەبێ بەوردی زۆر بەوردی ئاوڕێکی ئەکادیمیانە لەو مێژووەو لەو بەرهەمانە و لەو (**ڕۆژنامەگەر**) و (**ڕۆژنامەنووس**)انە بدرێتەوە و نابێ (**تەڕ و وشک**) بەیەکەوە بدرێتە دەم ئاگر و دەشبێ (**شەندە**) وەک (**مەندە**) سەیر نەکرێ. ئاوڕدانەوە. ئاوڕدانەوە. چونکە نە (**ناو**) مەرجە، نە (**زۆری و بۆریی**)..!!!!!!






لەڕاستەوە: کەسە دوورەکە نەناسرایەوە، عەینەک لەچاوەکە ئەنوەر مەسیفی، مەسعود پەرێشان، مەحموود زامدار، ئازاد عەبدولواحید، (منداڵەکەی نێوانیان کوڕی ئەنوەر مەسیفی یە)، نەوزاد ڕەفعەت، (ئەوەی نێوان ئازاد و نەوزاد، ئەحمەد حەیرانە)، ماجید نووری، عەبدوڵڵا زەنگەنە، د. عەبدوڵڵا خدر مەولود.

16

# ROZHNAMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2009